# پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی

# - پاسۆک -

# گۆڤاری

# ئاڵای سووری کوردایەتی

# ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی(پاسۆک)

**بەرگی دووەم، ژمارەکانی (٢٠- ٣٣)**

**ئامادەکردنی**

## هەڵۆ بەرزنجەیی


چاپی یەکەم ٢٠٢٤

کوردستان

لەسەر ئەرکی ( لەعلی خان ) خێزانی کاک

ئازاد مستەفا لە چاپ دراوە

## پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی پاسۆک

ئامادەکردنی: هەڵۆ بەرزنجەیی
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
نۆبەتی چاپ: ٢٠٢٤
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٧٠٠٠ دینار
چاپ: چاپخانەی تاران

# پرۆژەی لە چاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی

# ـ پاسۆک ـ

## گۆڤاری

## ئاڵای سووری کوردایەتی

## ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی(پاسۆک)

بەرگی دووەم، ژمارەکانی (٢٠ـ ٣٣)

ئامادەکردنی

**هەڵۆ بەرزنجەیی**

چاپی یەکەم ٢٠٢٤

کوردستان

لەسەر ئەرکی ( لەعلی خان ) خێزانی کاک
ئازاد مستەفا لە چاپ دراوە

**ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە:**

- گیانی بەرزەفڕی شەهیدانی پاسۆک و گشت ئەوانەی لەپێناوی یەکێتی و سەربەخۆیی و ئازادی کورد و کوردستاندا، گیانیان بەخشیووە..

- بەوانەی لە ڕێی سەربەخۆیی کوردستان بۆ گەیشتن بە (کوردستانێکی ئازاد، گەلێکی یەکسان) تێکۆشاون و ئێستاش لەسەر هەمان باوەڕن و ئامادەن ژیانی خۆیان بۆ هەمان ئامانج تەرخان و بەخت بکەن..

- خەبات و قوربانی گەلانی بندەست و ئازادیخوازانی جیهان.

- هزر و باوەڕ و جیهانبینی گەش و ڕێبازی پیرۆزی کاک (ئازاد مستەفا) و قەڵەمە بەپێز و ڕەنگینەکەی.

## پێڕست


| | |
|---|---|
| - ئاڵای سووری کوردایەتی | ژمارە ٢٠ |
| - ئاڵای سووری کوردایەتی | ژمارە ٢١-٢٢ |
| - ئاڵای سووری کوردایەتی | ژمارە ٢٦ |
| - ئاڵای سووری کوردایەتی | ژمارە ٢٧ |
| - ئاڵای سووری کوردایەتی | ژمارە ٢٨ |
| - ئاڵای سووری کوردایەتی | ژمارە ٢٩ |
| - ئاڵای سووری کوردایەتی | ژمارە ٣٠ |
| - ئاڵای سووری کوردایەتی | ژمارە ٣١ |
| - ئاڵای سووری کوردایەتی | ژمارە ٣٢ |
| - ئاڵای سووری کوردایەتی | ژمارە ٣٣ |

## له بری پێشەکی، وتەیەکی پێویست...

دەڵێن: ئەگەر حیکایەت و بەسەرهات نەبێ، ڕەنگە نووسینیش نەبێت!.. هیچ بەرنامەیەکمان نەبوو بۆ ئەم بەرگە پێشەکی یان پاشەکی بنووسین، کەچی دوای هەوڵ و ماندوونێکی چەندین ساڵە وا ناچارین خوێنەر لە حیکایەتی ئەو هەموو ڕەنجدان و هەوڵدانەی پشت ئەم کارە بێبەش نەکەین!..

ساڵی ٢٠٢٢ بەرگی یەکەم کە ١٦ ژمارەی (گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی) لە خۆ گرتبوو بڵاوبۆوە.. گرفتەکانی ئەودەمی بەردەممان ڕێگەیان نەدا هەر ٣٣ ژمارەکەی ئاڵای سوور لە دووتوێی یەک بەرگدا بڵاو بکەینەوە!.. هەر لەسەرەتاوە ڕامان گەیاندبوو کە ژمارەکانی ١٧,١٨,١٩ ی گۆڤاری ئاڵای سوورمان کەمە و بەو هۆیەوە بڕیارمان دا ژمارەی گۆڤارەکە بە دووبەرگ بڵاو بکەینەوە. وا بۆ چەند ساڵێک زیاتر دەچێ بەرگی دووەممان ڕاگرتووە، بە هیوای ئەوە بووین، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بێ هیوا ناوینەتەوە. بۆئەوەی دەرفەتی باشترمان لەبەردەمدا بێ و بمێنێ زۆرتر لە سۆراخکردنی ژمارە ناتەواوەکاندا بین!. ناچار لەو میانەدا ساڵی ٢٠٢٣ توانیمان بەرهەمێکی تری پرۆژەکەمان ((پرۆژەی لەچاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی پاسۆک) بکەینە ناوکێش و بڵاوبکەینەوە، کە بریتی بوو لە {{خەرمانێ لە بڵاوکراوەکانی پاسۆک, (١٣) کتێب و نامیلکە لە یەک بەرگ دا}}.

مەخابن ئێستا وا بۆ زیاتر لە ٥ ساڵ دەچێ، هەڵمەتی گەڕان و بەدەستهێنانی ئەو سێ ژمارەمان ڕاگەیاندووە و تۆڕێکی پەیوەندیکردن و سۆراخکردنی ئەو گۆڤارەمان پێکهێناوە و خستۆتە گەڕ. ڕووی بانگەواز و داوا و تکامان لە هاوبیران، دۆستان، بنکە و ناوەندەکان، کەسایەتییە بەڕێزەکان ، ئەرشیفی حیزب و زۆر جێگا و ناونیشان لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان کردووە. بەداخەوە هێشتا ئەو ژمارانەمان بۆ بەدەست نەهاتووە.

ئەگەرچی هەتا ئێستا سەرکەوتوو نەبووین لە هەوڵەکانماندا، بەڵام بێهیواش نەبووین لە بەدەستهێنانی ئەو ژمارانە، ئیدی بە چاکمان زانی چیدی چاوەڕوان نەبین و ژمارەکانی تر لە بەرگی دووەم بەهەر شێوەیەک بێت بخەینە بەردەست خوێنەران. ئەگەر بەخت یاوەرمان بوو، هەر ساتەوەختێک ژمارە ناتەواوەکانمان پەیدا کرد، ئەوە بە جیا لە بەرگێکی تری سەربەخۆدا بڵاویان بکەینەوە.. هەڵبەت خواستی ئێمە هەرگیز بەم شێوەیە نەبوو، بەڵگەش ئەو چاوەڕوانییە دوورودرێژە و ئەو هەموو هەوڵە بێوچانەیە کە لەو ماوەیەدا داومانە. لیستی ناو و شوێنەکان دوورودرێژن و ئێرە جێی ئەوە نییە بڵاویان بکەینەوە.

گرفتێکی تری بەردەم ئەم بەرگە ئەوەیە، بۆ خۆی لەبنەڕەتدا ژمارەکانی ٢٣,٢٤,٢٥ یان کەمە. ئەم ژمارانە هێشتا چاویان بە ژیان هەڵنەهێنا بوو و کاتێ بە مەلۆتکەیی گەلاڵەکرابوون بەرێ کرێن بۆ چاپکردن و بڵاوبوونەوە، کەوتنە بەردەم ئاگری شەڕی

کوردکوژی و براکوژی و لەکارەساتە بەدناوەکەی قڕناقاو و پشتئاشاندا شەهیدکران!!. زۆرمان هەوڵدا ئەو بابەتانە لە ئەرشیفی یەکێتی و گۆڕان بەدەست بهێنین و وەک بەڵگەیەکی مێژوویی پێشکەش بە خوێنەران و رۆژنامەگەریی کوردییان بکەین!.. بەداخەوە لەمەشدا تا ئەم چرکەساتە هەوڵەکانمان بێ ئاکام مانەتەوە!..

وەک دەبینن بۆ ئەم سێ ژمارەیەی دوایی پاساوێکی گونجاومان هەیە و ڕەخنە و گلەیی کەسمان نایەتە سەر!. بەڵام بۆ سیانەکەی تر کەوا کەلێنیان دروست کردووە، نە خۆمان بەوە ڕازین پرۆژەکەمان ناتەواوی تیادابێ و نەخوێنەریش پێی خۆشە!..

ئەمە کورتەی ئەو چیرۆکە نەخوازراوەیە کەوا لە پشت ئەم پرۆژە و ژمارانەی گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتییەوەن. کەواتە لە خوێنەران داوای تێگەیشتن دەکەین و لە مێژووش داوای لێبووردن.. متمانەمان بە خوێنەران هەیە، بەتایبەت ئەوانەی دوێنێی سەخت و شپرزە و ئاڵۆزیان لە یادە ، ئەم کێماسییەمان لێمان بەداوێوە نەکەن و پشودرێژ بن لەگەڵمان دا. بەڵێن دەدەین تا ئەوپەڕی توانا و ماندوونەناسانە ، هەموو وزەمان بخەینە گەڕ بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانە و تێهێنانەوەی شایستەیی بۆ گۆڤارەکە و پرۆژەکەمان. ئاخر با ئەوە بزانن، ئێمە لەسەرەتایەکی قورسەوە بەنزیکەیی لە هیچەوە دەستمان بە پرۆژەکە کردووە!!..

ئێستا دوای مشتومڕێکی ناو هاوبیران و وەرگرتنی بیروڕای دڵسۆزانی ئەم پرۆژەیە ، هاتینە سەر باوەڕێک، چیدی لەوە زیاتر چاوەڕێ نەکەین و جارێ ئەو ١١ ژمارەی بەردەست و ئامادەیە چاپ و بڵاو بکەینەوە. گۆڤارەکان بێ دەستکاری وەک خۆیان بە ڕێنووسێکی هاوچەرخ و بەپێی توانا بێ کەموکوڕی تایپ کراونەتەوە!..

بابەتەکان هی رۆژگارێکی سەختی خەباتی شاخ و ململانێی ئاڵۆز و زۆرجار خوێناوی حیزبایەتیشن. خواستی ئێمە لەگەڵ کولانەوەی برین و هەڵدانەوەی لاپەڕە تاریکەکانی مێژوومان‌دا جووت نایەتەوە، بەڵکوو کتومت دەمانەوێ ئەو وێنە راستەقینەیەی ئەو رۆژگارە کە لە م ڕووپەلانەدا تۆمار کراون بۆ ئێوە و بۆ مێژوو وەک خۆی بخەینەوە بەردەست نەوەی ئێستا و ئایندە!..لەوەش زیاتر هیچ مافێک و دەسەڵاتێکمان نییە، گەزومقەستیان لێ بخەینە کار و سانسۆریان بخەینە سەر!..

مێژوو، ئەوەیە کە ڕووی داوە، تازە ناتوانین لەپێناوی جوانکاریدا مکیاجی بکەین و نە دەتوانین لە راستی و هەقیقەتی بشارینەوە!.. نووسەری ئیرلەندی J.Swift دەڵێ: واباشترە لە ژیاندا شتێ بخوازی کە نیتە، لەبری ئەو شتەی هەتە و ناتەوێت!. ئێمەی کوردیش لە تاریکایی مێژوومانەوە هەقیقەت و پەند و وانەی راست و یەکگرتن و لێوەفێربوونمان دەوێ، نەک ناڕاستی و نایەکگرتن و دووبارە کردنەوەی هەڵەکان..

زنجیرەی چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی پاسۆک درێژەی هەیە و بە کۆشش و

خەمخۆری ماندووبوونی هاوبیرە بەئەمەکەکانی ئەم بیر و ڕێبازە، لە پێناوی شادکردنی ڕەوانی پاکی گیانبەختکردووە سەروەرەکان: {{ئازاد مستەفا، محەمەد شەوقی، فەرهاد خەفاف، جەمال حەمەسەعی و بارزانی حەمەی سابیر و بێستون و مەلایادگار و شێرکۆ و مام برایم و بروسک و زانای ئەحمەد دەنگ گەورە و بەختیار ئومێد}} و دەیانی تر ئەو مێژووە دەبێتە بوونێکی زیندووی نێو کتێبخانەی کوردی.

هاوبیرانی بەئەمەک، خوێنەرانی هێژا..
ئەم زنجیرە کتێبەی پرۆژەی لەچاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی پاسۆک،
دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی مێژووی پاسۆک بۆ رۆژنامەنووس و مێژوونووسان،
دەبێتە ناسنامەیەکی زیندووی بەرجەستەبوو لە ستراتیژی پارتێکی کوردی،
دەبێتە مەدالیای سەرسنگی هاوبیرە تێکۆشەرەکان،
دەبێتە مێژووی خەبات و قوربانی پێشمەرگە وتناوەکانی پاسۆک،
دەبێتە لاپەڕەیەکی گەشی مێژووی نوێی بزاڤی کورد،
دەبێتە داستانی گیانبەختکردووانی سەنگەر و شار و گوند و شاخ و زیندان،
دەبێتە کەرەسەی هەڵچنینی کۆشک و تەلاری بیر و هزری کوردی،
دەبێتە بەڵگەی بیر و ڕێبازێکی ڕەسەنی هەڵقوڵاوی ناو واقعی کوردەواری،
دەبێتە تۆمار و گەواهی هەبوونی ئەقڵی کوردی،
دەبێتە سەرچاوەی مێژووی بیری نەتەوەیی و کوردایەتی کردنی پارتێکی کوردی،
دەبێتە سەرچاوەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لە بیروهزر و سیاسەت هەڵوێست،
دەبێتە مێژوویەکی مادی پاسۆک و کۆتایی دەهێنێ گێڕانەوەی ناو گیرفان و سەرسنگ،
دەبێتە کەرەسە و ماتریاڵی بەردەم خوێنکاران بۆ ماستەرنامە و نامەی دکتۆرا..
دەبێتە زۆر ئامرازی تری ئەرێنی نێو کایەی کوردبوون!..

ڕەخنە لە بەرگی یەکەم:
بەرگی یەکەم ڕووبەڕووی هەندێ ورتە و بۆڵە بۆوە و هاوشان ڕووبەڕووی چەند ڕەخنەیەکی دڵسۆزانەی بەجێی و دروستکەر و هاندەر بووەوە:
١-بەرگی کتێبە بە کۆمەڵێ وێنەی زۆر قەرەباڵغ کراوە.. ڕەخنەکە ڕاستە و لەجێی خۆیدایە ، بەڵام لەخۆشی کارەکە و بوونی وێنە و بەڵگەی زۆر وامان بەچاک زانی جێگە بۆ زۆرینە بکەینەوە.
٢- برایەکی بەڕێز کە خوێندکارە و خەریکی نووسینی تێزی ماستەرەکەیەتی لەسەر ئەدەبیاتی شاخ، ناوچەی شارباژێر، نووسیبووی: بۆچی ناوی شوێنی دەرچوونی گۆڤارەکە

نەنووسراوە؟؟.. ئەمەش لەجێی خۆیدایە و هۆکارەکەی بۆ سروشتی خەباتە چەکدارییە دەگەڕێتەوە، کە بەناچاری جێگۆرکێ و گواستنەوەی زۆر لە بنکە و بارەگاکاندا کراوە.. بەڵام لێرەدا ناوی ئەو شوێنانە دەنووسین کە سەرکردایەتی پارتی سۆسیالیستی کورد – پاسۆکی لێ بووە و بەگشتی دەزگەی ڕاگەیاندنیش لێی نزیک بووە: {{شێنێ، مەهاباد، کانی شینکێ، کانی ئەستێران، داوداوێ، ئاشقولکە، سوورێن، مالومە و دوای ڕاپەڕین قەڵاچوالان، سلێمانی، تەوێڵە و بیارە، سلێمانی}}...

٣– بۆ کۆپی نوسخە ئۆرگیناڵەکە بڵاو نەکراوەتەوە؟! هەرچەندە لە پێشەکی بەرگی یەکەمدا ئاماژەمان بەم هۆکارە داوە، بەڵام لێرەشدا ڕایدەگەیەنین کەوا: ژمارە ئۆرگیناڵەکان زۆر نارێکوپێکن و بەزەحمەت دەوێندرێنەوە، کۆپییەکەی زۆر خراپ دەبوو، لە چاپکردنیشدا ناشیرینتر دەبوو نەدەخوێندرایەوە. لە لایەکی ترەوە قەبارەی کتێبە زۆر زۆر ئەستوور دەردەچوو. دەرفەت لەبار بێت ئێمە تەواوی نوسخەی ئۆرگینال لە دەردەتێکدا دەخەینە بەردەست و پێشکەشی کتێبخانە یان بنکەیەکی ئەرشیفی دەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیاتان دەکەینەوە وەک دیکۆمێنتێکی مێژوویی هیچ مافێکمان بەخۆمان نەداوە دەستکاری تاکە وشەیەکیشی بکەین!.. خۆمان بە بەرپرس دەزانین لە ئاست مێژوودا..

٤–یەکێ لە ڕەخنەکانی تر ئەوەیە کەوا تەواوی کتێبەکە لاپەڕەکانی ژمارەی لێ نەدراوە. ئێمە بەس ژمارەمان دابوو لە لاپەڕەی گۆڤارەکان. بۆ نموونە گۆڤاری ئاڵا ژمارە، ١ لاپەڕە ٢٢. کە ژمارەی لاپەرەکانی ژمارەیەک تەواو بووە، ئێمە ڕاستەوخۆ بۆ ژمارە دوو لە لاپەرە یەکەوە دەستمان پێکردۆتەوە. لە کاتێکدا ئاسانتر بوو لاپەڕەی گۆڤارەکە و لاپەڕەی کتێبەکەش بنووسین بۆ نموونە لاپەڕە ٢٢ / ٣٤..

ئێمە بەسنگێکی فراوان و ئەوپەڕی ڕێز و سوپاسەوە وەری دەگرین و چاوەڕێین ڕەخنەی بابەتی تریشمان لێ بگرن، چونکە هەموو کارێک جێی سەرنج و تێبینییە و بێ بەداخەوە کەموکوڕییش نابێت.

چاپکردنی ئەم بەرگەش لە داهاتی فرۆشراوەکانی بەرگی یەکەم و کتێبی: خەرمانێ لەبڵاوکراوەکانی پاسۆک، ١٣ نامیلکە لە یەک بەرگ دا و باربوو و پشتیوانی هاوبیرانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان ئەنجام دەدرێ.. کە هەر هەمووی لەو دەستمایەیە کەوتۆتەوە کە سەرەتا خوشکی هێژا و بەڕێزمان خێزانی کاک ئازاد (لەعلی خان)ئەرکی تێچووی بەرگی یەکەمی گرتە ئەستۆی خۆی.. ئەم دەستمایەی پارەی کۆکراوەی فرۆشتنی بەرهەمەکانە و هەر لەسەرەتاشەوە بیرۆکەی فرۆشتنی بەرهەمەکان لە پێناوی ئەوەدا بوو، بە یەک گوژم بتوانین سەرجەم بڵاوکراوەکان بە چاپ بگەیەنین!..

دیارە چارەکێ یان لە نیوەی تێچوو پارەمان هاتۆتەوە دەست، بەڵام جوامێری هاوکاری هاوبیران و دۆستە ئازیزەکان وای کردووە، کورت نەهێنین و بتوانین بەردەوام بین لەسەر خزمەتەکە. هاوبیر ئومێد عەباس چەندین جار مەردانە ئامادەیی دەربڕیوە سپۆنسەری پرۆژەکەی پاسۆک بکات و خوشکی هاوبیر سۆزان کوردیش ئامادەیی دەربڕیوە تێچووی بەرگێک بگرێتە ئەستۆ، بەسوپاسەوە بۆ ئەم دوو نموونە بەرز و جوانە. هەروەها گەلێ دۆستیش بەگەرمی ئامادەیی خۆیان بۆ هەر شێوە کۆمەکێک دەربڕیوە. بە سوپاسێکی گەرمەوە بۆ هەموو لایەک هێشتا ناچار نەبووین بۆ ئەو پێویستییە..

هاوبیران، خوێنەرانی خۆشەویست..
ئەم بەرگە ژمارەکانی( ١٧,١٨,١٩)ی کەمە ئینجا ژمارەکانی [[٢٠,٢١,٢٢]] تێدایە هەر ٣ ژمارەی (٢٣,٢٤,٢٥) یشی ناتەواوە و کەلێنێکی گەورەی دروست کردووە. ئیدی تەواوی ژمارەکانی [[٢٦,٢٧,٢٨,٢٩,٣٠,٣١,٣٢,٣٣]] لەخۆ گرتووە، واتە بەتێکڕا (١١)ژمارە لەم بەرگەدا کۆبۆتەوە.

ئەم ژمارانەی ئاڵای سوور دەوڵەمەندن بەباسگەلی فیکری و مێژوویی و سیاسی و ئەدەبی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیریی گشتی.بەداخەوە هەندێ ئەدەبیاتی سەردەمی براکوژیشیان تێدایە.

چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی پاسۆک کەوتۆتە گەڕ و بەپێی توانا و گونجان هەوڵ دەدەین پاشماوەی بڵاوکراوەکانی تریش: ڕۆژنامەی سەربەخۆیی و ڕۆژنامەی هاوار و ڕۆژنامەی هاوبیر و گۆڤاری ڕوانگەی ئازاد بخەینە ناو کتێبخانەی کوردی و سەر خەرمانی مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی دەوڵەمەند و ڕازاوەتر بکەین!..

کۆششی دڵسۆزانە و خەمخۆری و ماندووبوونی هاوبیرە بەئەمەکەکانی ئەم بیر و ڕێبازە بەردەوامە، لە پێناوی شادکردنی ڕەوانی پاکی گیانبەختکردووە سەروەرەکان: {{ئازاد مستەفا، محەمەشەوقی، فەرهاد خەفاف، جەمال حەمەسەعی و بارزانی حەمەی سابیر و بێستون و مەلایادگار و شێرکۆ و مام برایم و بروسک و بەختیار ئومێد}} و دەیان و سەدانی تر. ئەم مێژووە بۆ خۆی بەشێکی دانەبڕاوی خەبات و تێکۆشانی هزری بیر و وشە و قەڵەمە و بێ چەندوچوون دەبێتە بوونێکی زیندووی پانتایی ڕۆشنبیریی و نێو کتێبخانەی کوردی.

ئێمە بە هەموو خاکەڕاییەکەوە ڕایدەگەیەنین، توانیومانە بە ساڵان و مانگان، شەووڕۆژمان داوەتە دەم یەک ئەم خزمەتە بچووکەمان پێشکەش بە پاسۆک و هاوبیرە گیانبەختکردووەکانی و ئەوانەی لە ژیاندا ماون و کوردایەتی و بیری نەتەوەیی و مێژووی ڕۆژنامەگەریی و کتێبخانەی کوردی کردووە. ئێستا لە سەرتاسەری کتێبخانە و زانکۆکانی

باشووری کوردستان و ناوەندە کوردییەکانی ئەورووپادا ئەم بەرهەمانە بەردەستن.

لە دیدی ئێمەدا کارەکەمان وەک ئەوە وایە رۆح بکەیتەوە بە بەری بوونەوەرێکدا، کە لە پەلەقاژەی مەرگدا بێت. پاسۆک کۆکردنەوەی داروبەردی زۆری ماوە بۆ هەڵچنینی کۆشکەکەی، دروست هێشتا گەلێ ئەرک و کار ماوە بۆ هەرکەسێ لە خۆی ڕادەپەرمووێ، بابفەرمووێ وەک دەڵێن: « ئەوە ئەرز و ئەوە گەز»..


لێرەدا دەمەوێ جارێکی تر لە ناخی دڵەوە سوپاسێکی بێ پایانی ئەو هاوبیر و ئازیزانە بکەم کە هاوکار و ماندووی دەستی ئەم بەرهەمەن و دڵسۆزانە بە پشوویەکی درێژ و ئاواتێکی بەرزەوە لەخەمی بەئەنجام گەیاندن و سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیەدان. بێ ئەم پۆلە هاوبیرە مەحاڵ بوو، ئەم ئەرکە قورسە راپەڕێندرێت.. بەتایبەت هاوبیر (بەختیار شەمەیی) کە سەرچاوەی بەشێکی هەرە زۆری گۆڤارەکانە و بە تایپکراویش هەندێکیانی بۆ ناردووم ,خۆم بەراوردم کردوونەتەوە و پێیاندا چوومەتەوە و هەڵەچنم کردوون. هەروەها: هاوبیر (ئومێد عەباس) هەر لەسەرەتاوە هەموو ئەرکێکی خستۆتە سەرشانی لەرووی بەچاپگەیاندن و ساخکردنەوە و ناردنی بۆ شارەکانی کوردستان و ئەورووپادا و سەرپەرشی فرۆشراوەکان و کۆکردنەوەی کۆمەکی هاوبیران و دۆستانی کردووە و دەکات و پشتیوانی ماکی و مینۆکی و هاوکار و قەڵایەکی پشت پێبەستنە.بەدڵنیاییەوە جێ پەنجەی هاوبیر ئومێد نەخشینە بەم کارەوە و جێی ئەوپەڕی پێزانینە.

هاوبیر (حەمەهێمن) ڕێکخەری پەیوەندیی و سەراسوێییەکی زۆری بۆ بەدەستهێنان و گەیاندنی بەرهەمەکان کردووە و بەشدار بووە لە ساخکردنەوەیاندا و کۆمەکی دارایشی کۆکردۆتەوە.. بوونی وەک هاوکار و خەمخۆرێکی لێبڕاو لە هەردوو ڕووەکەوە جێی شانازییە. ماندوبوون و پەرۆشەکەی جێی سوپاس و ستایشە.

ئەم هاوبیرانەش :{{ مامۆستا شێرزاد فاتیح ، سۆزان کوردی، هۆشمەند،بێستون ئازاد، ، شاڵاو کاکەلاو،}}..هتد هاوکار و ماندوو و پشتیوانی دڵسۆزی ئەم پرۆژەیە بوون و هیچ ساتێ لە خزمەتکردن درێخییان نەکردووە...

سوپاس بۆ هەموو ئەو هاوبیر و خوشک و برا ئازیزانەی دیکەش کە بەجۆرێ لە جۆرەکان هاندەر و پشتیوانی ماکی و مینۆکیمان بوون و دڵیان بە پرۆژەکە خۆشە. بەرهەمەکانی ئەم پرۆژەیە تۆماری مێژوویەکی پڕ لە شکۆی خەبات و قوربانی و ئاوات و ئامانجی هاوبیرانی سەرەڕێی کاروانی خەباتە بۆ [[کوردستانێکی ئازاد... گەلێکی یەکسان]].

**هەڵۆ بەرزنجەیی          ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢٤ بەرلین**




## {{ ئاڵای سووری کوردایەتی}}
## ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆك

کوردستانێکی ئازاد گەلێکی یەکسان

« پێش ئەوەی هەر شتێ بین دەبێ کوردبین»

ژمارە ٢٠ ڕەزبەری١٥٩٤ ئەیلوولی ١٩٨٢

**بابەتەکان:**


| سەرەباس | ناوەڕۆک | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| + سەروتار | ئەیلوولی سەرەتا و بێ بڕانەوە | |
| + ڕازێکی کوردانە زاتێتی و مەوزوعیەت | | |
| + بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە هاوبیرانی هێژا و تێکۆشەرم | | |
| + برووسکە | | |
| + مشتەی ناو هەمانە: پرسیار و وەڵام | | |
| + شادەمارە سەرەتاکانمان | | |
| + ڕووبەڕووی ڕاستییەکان لەگەڵ هاوبیری بەڕێز و تێکۆشەر کاکە «عەلی» | | |
| + قوتابخانەی پاسۆک / کوردستانە ئازیزەکەم | | |
| + پەریزی ئازاد خۆدوان! | | |
| + لە کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان دا دۆستی نەزان | | |
| + فەرهەنگۆک پەیمانەکان | | |
| + ماڵاوا... مەنجەڵ بۆ سەرقاپی خۆی دەگەڕێ! | | |

# سەروتار:

**کوردستانێکی ئازاد گەکێکی یەکسان**

((**ئەیلوولی سەرەتا و بێبڕانەوە**))

سبەی حیزبمان پێدەنێتە هەشت ساڵان لە تەمەنی پڕشکۆ و شانازی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نوێ بوونەوەی حیزبمان لە یەکەم یادی شۆڕشە هەرەس پێ هێنراوەکەی ئەیلوولی پیرۆز و پاش ١٤ ساڵ لە کڵپەسەندنی بڵێسەی بەرینترین شۆڕشی میللی سەردەمی کورد، ناوەڕۆک و شێوەی دینامیکی و دیالێکتیکی حیزبمان و پەیوەندی جەوهەری و ڕواڵەتیی بە مێژووی کوردەوە گەشترین و قووڵ ترین لایەن و مانای خەباتی نەتەوایەتی سۆشیالیستخوازی لە قەوارەی گونجاوترین و باڵاترین ڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردەواری دەردەخات.

نوێ بوونەوەی حیزبمان لە ١١ی ئەیلوول دا مل نەدان بوو بۆ بارێکی سەخت و دژواری تێ ترێنجراوی گەلەکەمان و وەڵامێک بووە بۆ ئەو بەنگکێشە ،حسێب درشتە، گێلە، شۆڤێنییە، ڕەگەزپەرستانەی پێیان وابووە کورد بە پارچە پەڕەیەکی زەردی ئەو داخ لەدڵ و پێ سوورانەش بووە، کە لە مەرگی شۆڕشی کورد دا سەرچۆپی بێ شەرمانەیان گرتبوو و درێژبوونەوەی داگیرکەرە بوون بۆ ناوخۆ! درێژەدان بووە بە خەباتی ڕەوای ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لە شێوە و ناوەڕۆکێکی نوێ و گونجاودا. سەرباری هەموو ئەمانەش ئاوێتەکردن و ئاوێتەبوونی کورد و پاسۆک بووە. خۆبەستنەوەی بابەتی و زانستییانەی فیکری و سیاسی بووە بەگرێدانی هەموو جەمسەرەکانی بوونی نەتەوایەتیمان بە بوونی حیزبمانەوە.

بۆیە لەو ڕۆژەوە کە یەکەم هەنگاوی "پاسۆک" ی تێدا نراوە ئامانج و کەرەسەی " پاسۆک" جەماوەری زەحمەتکێش و دڵسۆزانی کورد بووە و هەتا ئەوپەڕی هەنگاوی بێ بڕانەوەش هەروا دەبێت. بۆیەش هەژمارد/ حسێبی کورتبینانەی ناحەزان و نەیارانەی حیزبمان کە بەشەوارەی ڕواڵەتی چەند پێشمەرگە و تاکێکەوە لە کەوتوون و پێیان وابوو ئەو چەندێتیە پەنجەژمێرە- گەر و خوا بکا!! – و وەک سەنگی سەخری بدروێ لەسەر کوڵەی گۆڕەشەیتانی دڵیان وەلاکەوێ و وەلاخەن، دەتوانن ئەو دەنگە قاو لێکەرە گەمە تێکدەرە، پاسەوانەی بەرژەوەندی کورد گۆڕەوشار دەن.

پاسۆک چوارچێوەیەک و سلۆگان/ لافیتەیەکی کلاسیکی و ژمارەیەکی زیادی ڕاست یان چەپی ژمارەکانی بوون و دێن و دەچن نییە! پاسۆک ویژدان و بیر و خواست و خوازی کوردە بۆیە بووە و تا بمێنێتەوە و تا تاکە دەمارێ لە گیانی تاکە کوردێکدا لێبدات پاسۆکیش لەسەر دڵی دوژمن و داگیرکەران دەدات و تا هەڵهاتنی خۆری (ئازادی و یەکسانی) پێشەنگ و و پێشڕەوی بیری شۆڕشگێڕانەی نەتەوەیی سۆشیالیستخواز دەبێت.

لەم یادە پڕ شکۆ و پیرۆزەدا هاوبیران و پێشمەرگە قارەمانەکانی حیزبمان بانگ ڕادێڵین بۆ پتر گوڕدانەخۆ و پتەوکردنی ڕیزەکانی ڕێکخستن و ئاوێتەبوون لەگەڵ ژان و خواستەکانی جەماوەردا بۆ زێدە یەکێتی و هاوکاری و قووڵبوونەوە و خۆبەستنەوەی بە گیانی هاوپەیمانی و هاریکاری لەگەڵ سەرجەمی هێزە شۆڕشگێڕ و دڵسۆزەکانی کوردستانی و عێراقی و ناوچەکەش بۆ بەگژاچوونەوەی پیلانە گڵاوە دوژمن چێنەکانی ناحەزان.

لەهەمان کاتدا بانگی ئازادی و یەکسانی داوای یەکێتی و هاوکاری ، تکای دەستبەردابوونی گیانی گومڕایی و ئاژاوەنانەوە، بەگوێی گوێبیستی هەموو لایەکدا دەدەین. داوا لە جەماوەری زەحمەتکێش و خۆڕاگری کورد دەکەین کە مەسەلە بنەڕەتی و ژیانییەکەی خۆی لە چنگی خۆی گرێ و خواست و خواز و داوا ڕەواکانی بسەپێنێ و ڕێگەنەدات کەس و ڕدێن سپێتی / وصایەی بەسەردا داکوتێ.

با لەیادی ئەیلوولەکاندا ڕیزەکانی خۆمان یەکخەین و داوا بنەڕەتی و ستراتیژییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی کە مافی دیاریکردنی چارەنووسمانە و هەڵسانی هەر شێوە و جۆرێکی کاتی ئەو داوە و مافە لەسەر بناغەی ممارەسەکردنی مافی چارەنووس بنکەی پێک گەیشتنمان بێت.

بەلانی کەمەوە چۆن داگیرکەرانی کوردستان چەندە جیاواز و دڕدۆنگ بن لەگەڵ یەکدی لەسەر کوتانی کورد یەک دەگرنەوە. ئێمەی کوردیش لە نیشتمانی بەشبەشکراومان و لەهەر قوژبنێکی ئەم دنیایەدا بین لەسەر بەرژەوەندی نەتەوەکەمان و بەدەوری یەکدیدا کۆوەبین و یەکگرین و خەباتمان یەکخەین و ستراتیژەتی کۆڕ و کۆمەڵ و خەباتەکەمان لەسەر یەکپارچەیی کورد و ئاوێتەیی و پێکەڵپێکی مەسەلەکەی هەڵچنین.

چۆن دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان گەرای یەک ئیمپریالیزم و هەڵقوڵاوی یەک نارەوایی و چەند ڕووی یەک دراون/ عملە، زیاد لەمانە بزووتنەوەی کوردایەتی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا چەند ئەڵقەیەکی نەپساوی یەک زنجیرەن. بۆیە ئەرکی میللی و ڕێچکەی مێژوو و خواستی جەماوەر و لۆژیکی شۆڕشگێڕانە و کوردانە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە داخوازی و تاکە بنکەیە بۆ پتەوکردن و گرێدانی خەباتی نەتەوایەتی کورد بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ناوچەکە و جیهان.

فەرامۆشکردنی ئەم داخوازی و ئەرکە هەرە گرنگ و پێویستە بازدانە بەسەر واقع و ڕاستیدا. ڕێگەش چەندە سەخت و دژوار بێت و چەندە پڕ کۆسپ و دوورەدەست بێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کاری بۆنەکراوە و فەرامۆشکراوە. کەئەمەش بازنەی داخراوی بزووتنەوەی کوردایەتییە و تا نەشکێندرێ و خەباتی میللی لێ دەرباز نەکرێت هەر بە دەوری خۆدا دەخولێتەوە.

بۆ ئەم ئەرکە پیرۆزە میللییە هەموو شۆڕشگێڕانی کورد بانگ ڕادێڵین و هەنگاوی سەرەتا چەندە ساکار و کورت و بێ پشووش بێت، لە چەقین و ڕامین هەر چێترە. ڕۆژێ زووتر، وچانێ زووتر دەمانگەیەنێتە مەڵبەند.

با لەسەرەمەرگی ڕژێمە ڕەگەزپەرستانەکەی بەعسدا یەکگرتوو دەست لە نێو دەستی یەکدا بین، تا بتوانین بەرهەمی نەمامی خوێنی دەیان هەزار شەهیدمان بە ((ئازادی و یەکسانی)) بە ئاکام بگەیەنین.

بەرەو سەرکەوتن و ئاسۆی سەرفرازی هەنگاو هەڵهێنین.
هەر زیندووە یادگاری پیرۆزی ئەیلوولی شۆڕش.
شەکاوەیە یادی مەزنی ئەیلوولی پاسۆک

**مەکتەبی سیاسی پارتی سۆسیالیستی کورد – پاسۆک**
**١١ی ئەیلوولی١٩٨٢ ٢٠ی گەلاوێژی ٢٥٩٤**

ئەی پەری خان
وا فورات نووست
تەنانەت وا ژوورەکەم نووست
پێخەفم نووست
بەڵام پەری
ئەی «پەری خان»ی وڵاتی،
خۆڵەمێش و گوڵەباخم
من نەنووستم
من نەنووستم
من نەنووستم

## ڕازێکی کوردانە:
## « خودێتی و بابەتێتی / زاتێتی و مەوزوعیەت»

لەگەڵ ئەوەشدا کە مرۆڤ لەبنەڕەتەوە گیان لەبەرێکی «زاتی» یە و ئەو زاتییەتەی هەندێ جاران سەر دەکێشێتە ئەوەی بەرژەوەندی ڕووتی خۆی بکات بەژێر گڵەبانی هەوا و نەفەسییەوە، کورد واتەنی لەداخی منداڵی دراوسێی ورگی منداڵی خۆی ڕادات!. ڕووپەڕەی مێژوو مەودایەکی بەربەرین و فراوانی ئەم خەسڵەتە و دیاردەیەی لە ئاستی هەموو واتەکانی ژیان دا، چ کەسی/ شخصی و تایبەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ... هتد گرتۆتەوە. هەندێ جاران هێندە توند و ڕیزپەڕە و بە گوڕ دەبێت کە بە ڕواڵەت و لەبەرچاوی سافیلکان و سەراوبنناندا وا دەردەکەوێ کە دەستووری بنەڕەتی و هەرە سەرەکی بوون و ژیان کە «پەلەی ژیان» ە ناچەمکی تێگەیشتن/ نامفهوم و تێدا دەبات.!.

لەتەک ئەم ڕاستییە بەرچاوەدا دیاردەیەکی سروشتی و زانستیانەش لەگەڵ ڕەوتی ژیاندا چەکەرەی کردووە و تا دێت قەبەتر و فراوانتر و بەربەرینتر دەبێت بەوەی لەگەڵ تێهەڵکشان و فراژوبوونی مرۆڤ و سەقامگیربوونی ژیان و پێویستی کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەی بەنێو هەموو جەمسەرەکانی ژیاندا باری بابەتی "مەوزوعیەت" و پێویستی گونجاندن و بە دوکەوتن و بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ و دابینکردنی پێویستییەکانی ماکی و مینۆکی/ مادی و مەعنەوی ژیانی مرۆڤ و بەدەرخستن و بەدەرکەوتن و "تجسیم" کردنی لانی ڕۆشن و ئەرێنی/ ئیجابی "پەلەی ژیان" خۆی دەخاتە بەرهەستان و تەنگ بە زاتییەتە ڕووتە ناهۆشمەندانە غەریزیە نامفهوم و ناکاراکەی مرۆڤ هەڵدەچنێ..

دیارە ئەمە مانای تیابردنی ئەو زاتیەتەیە، کە یەکێکە لە خەسڵەتە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ، مانای گونجاندن و ڕامکردنی زاتەکەیە لە قەپیلکی بابەتدا یان لە پلە باڵاکانیدا دابینکردنی زاتی مرۆڤەکەیە لە چوارچێوەی بابەتدا و تراشکاری لانی دزێو و هەڵتۆقیوی زاتە..ئەم دیاردە بە ئەندازەیەکی وا ڕەگی داگوتاوە لە قوڵایی بوونی مرۆڤدا کە دەشێ گێچی لەو ڕاژەی پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵایەتی و ڕادەی تێهەڵکشانی بیر و هۆشی مرۆڤیش بێت.

سیاسەت کە گرنگترین و بەربەرینترین چالاکی کۆمەڵایەتی مرۆڤە لەهەر بوار و چەشنێکی دیکەی چالاکی مرۆڤایەتی و کۆمەگیەتی بەندە بە هەموو تاکەکانی مرۆڤەوە و بۆیە دەبێ لـەهەر شتێکی دیکە پتر بابەتی و زانستانە و واقعیانە بێت و دوور بێت لەهەر سرتە و خورتەیەکی زاتی دەروون و هەوا و هەوەسی مرۆڤ . سیاسەتمەداران و ئەوانەی لە بوارت سیاسەتدا کاردەکەن دەبێ ویست و ئارەزووە تایبەتییەکانیان بخەنە سەر بارێک کە لەگەڵ بابەت و واقع دا بسازێ و بگونجێ یان تێکەڵی مەسەلە سیاسییەکانی نەکەن.. دەشزانین کە بە تاکە داوا و ئامۆژگاریانەی دەبێ شتەکانی ناگۆڕین و ڕەوتی پێویستی خۆیان ناگرن.. دووریش نییە هەر ئەوانەی کە لە هەر کەسێک پتر زاتیان دەسەپێنێ و سواری بابەتی دەکەن لە خەڵکی دیکە چاتر ئەم ڕاسیە دەرک پێبکەن و بیشیلێنەوە، بەڵام کاری پێنەکەن!!...

هەرچی نەهامەتی و پشێوی و نامەعقولییەتی سیاسەتی کوردی هەبووە و هەیە لە تاکە ماکی ئەم نەخۆشییەوە سەری هەڵداوە و ئەم زاتییەتە تاکانەیە، کە بۆتە نێرکی زاتییەتێکی سیاسی کە نەتەوەی کورد باجەکەی دەدات..

هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١- دواکەوتوویی و نزمیی ئاستی ڕۆشنبیریی و فیکری کۆمەڵگەی کوردەواری کە لە سەرێکەوە کەرەسەی سیاسی کە پیاوانی سیاسەتمەداری کوردن خۆیان زادە و بەرهەمی ئەو دواکەوتوویەن و بەندی پاشخانی پەروەردە و پێگەیشتنی و بیرو ئەندێشەی ناهەستی/ لاشعوری دواکەوتوویی کۆمەڵەکەن.. لەسەرێکی دیکەوەکۆمەڵانی خەڵکی بەگشتی و لایەنگران و هەواداران و ئەندامانی ئەم کۆمەڵە یان ئەو لایەنە چاترە بڵێین دەروێشەکانی حیزبە سیاسییەکان هۆ و هاندەر و دەسەبەرەی تێپەڕاندن و سەرگرتن و ئەو جۆرە سیاسەتەن...

لەم بارەیەوە دەتوانین نموونەیەکی زۆر مانادار بێنینەوە دەربـارەی ڕۆڵی زەمینەی فیکری و دەورووبەر و بیر و مرۆڤەکەش خۆی پەندێکی عەرەبی کۆن هەبووە دەڵێ: لایەنی براکەت بگرە، چ زوڵملێکراو بێت یان زاڵم!/ ناصر أخاك ظالما أو مظلوما!... دروست ئەمە فەلسەفەی عەشایەرگەرێتی جاهلی بووە و زەمینەی وا هەر ئەم فەلسەفەیەی لێ شیندەبێتەوە. کاتی خۆی پێغەمبەر د. خ لە کۆڕێکی یارانیدا هەمان فەرمایشت دەڵێتەوە... دیارە ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئاین و بنەما فیکرییەکان و ئیسلام دا یەک ناگرنەوە بۆیە یەکێ لە یارانی دەڵێ: کە زاڵم بوو

چۆن لەسەری بکەینەوە؟ وکیف نناصرە یا رسول الله و هو .ظالم .. دەفەرموێ بەری پێ بگرە... فأمنعه!...

لێرەدا ڕۆڵی ئاستی فیکری باوەڕ و ئایدۆلۆجیەت دەردەکەوێت بەوەدا کە لە باری پێشکەوتوودا مەودای تێپەڕاندن و گەپچاڕی نامێنێ..

٢-گەڕەلاوژێی فیکری و سیاسی لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری بۆی نەلواوە بە درێژایی نزیکەی ٣ سەدە کیانی سیاسی خۆی هەبێت هەمیشە لەژێر تینوتاوی بیر و فەلسەفەی داگیرکەر و بێگانەدا بووە. شتێکی زۆر ئاساییە کە توێژە ڕۆشنبیر و دەستە هەڵکشاوەکانی هەر نەتەوەیەکی ژێر دەستە بە ئاگاو بێ ئاگا هەوڵی لاسایی داگیرکەرەکە دەدات لە سەرێکەوە بۆ پڕکردنەوەی هەستی پەستی و کەمێتیەک کە دوو سەرە لە دەروونی خۆی و ڕەفتاری داگیرکەرەکەوە پەیدا دەبێت. لەسەرێکی دیکەشەوە وەکو بەرەنگاربوونەوەی ناڕەوایەتی چەوساندنەوە و ژێردەستیەکە یان خۆ ڕزگارکردن لەو جیاوازی نێوان خۆی و داگیرکەرەکە واتە هاوتاکردنەوەی خۆ لەگەڵ داگیرکەرەکەدا. کە خەسڵەت و تایبەتکاری میللی هەر لە جلوبەرگ و ڕواڵەتی ژیانەوە تا دەگاتە بیر و ئەندێشە و فەلسەفەی ژیانی لەداب و دەستوور و کەلەپوور و فۆلکلۆر و شێوەی گوزەرانی لەنێو چین و دەستە هەرە چەوساوە و دوورە دەست و گوندنشینی و نەخێندەوارەکاندا دەمێنێتەوە و پەنگ دەخواتەوە. لەبەرئەوەی بەرەیەکی فراوان و کارگەر - کە ڕۆشنبیران و هەڵکساوەکانی کۆمەڵن- لە کەلەپوورەدا دەبڕێن و بەشێکی ئاوەکی- زۆرجاران پێچەوانە و دژ - دەنیشنەوە. لە بەشداری و کەڵەکەبوون و فراژوبوون و گەشەپێدانی بیر و فیکری میللی دور دەکەونەوە. بەمە خۆیان تووشی ونبوون و ئاوەکییەتی و تغریب دەکەن.

بیر و فیکری میللیەکەش بەسادەیی و دواکەوتوویی دەمێنێتەوە کە مەترسی ئەوەی هەیە بەرە بەرە بکەوێتە خانە و مەودای پاڵانتە و کۆنینە و "خرافیات"یش!..

هەموو بیرە پێشکەوتوو مرۆڤدۆست و جیهانییەکان کە چەندە زانستی و ڕاست و دروست و خزمەتگوزار بن ئەگەر ئاوێتەی بیری میللی و فەلسەفەی ژیان و فیکری ڕەسەنی کۆمەڵگە نەبن، ئەگەر لەگەڵ واقعی ماکی و مینۆکی / مادی و مەعنەوی نەتەوەکەدا تێکەڵ نەبن و کارلەیەکتر نەکەن / تەفاعل نەکەن! ئەگەر نەگونجێن و لەسەر ئەو بناغە فیکری و ژیاریەی کۆمەڵگە هەڵنەستن شتێکی دزێو و دڕدۆنگ

و نامەعقول دەبن. سەرکەوتنیان یان بەرەنگاربوونەوە و تێ نەهێنانەوەیان لەگەڵ واقیع جووت نەبوونەوە و دەرچونیان – وەکو لە زەمینەیەکی فیکری پتەوی تر دەرچووە– دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بنبۆشیە فیکری و نارەسەنایەتییەی.

تیۆر و فەلسەفەکان چەندە ڕاست و زانستی و سەرکەوتوو بن، چەندە گەشەدار و خزمەتگوزار بن، چەندە بە تاقیکردنەوە سەرکەوتنیان بە ئیسپات گەیشتبێ لەو جۆرە زرمینانەدا گەڕەلاوژێیان لێ دەردەچێت..

رەسوڵی حەمزەتۆڤ، کە لەناخەوە لەژیان گەیشتووە و کەسیش وەکو – کوردێکی بەدبەخت– ناتوانێ لاقی بگرێت لە بابەتێکی نزیک بەم باسەدا دەڵێ:(( ئەوەی پەیوەندی بەخاکی خۆیەوە نەبێ ناتوانێ ببێ بە نوێنەری جیهان. بەلای منەوە ئەو جۆرە کەسە وەکو ئەوە وایە کە لەوڵاتی خۆی باری کردبێ و چووبێ لە الاتێکی دی گیرسابێتەوە و ژنی هێنابێ و بەخەسوی بڵێ: دایە. من دژی خەسوو نیم بەلام لەدایکی ڕاستەقینەم بترازێ هیچ دایکی ترم نی یە)).

هەر لە نموونەیەکی عەنتیکەدا چیرۆکێ دەگێڕێتەوە کە دروست باری ئەم جۆرە گەڕەلاوژێی یەدەردەخات ودەڵێ:

(( شاعیرێکی لاوی داغستانی چووە مۆسکۆ بۆ ئەوەی لە " ئامۆژگای ئەدەب» بخوێنێ. دوای ساڵێک جاڕی دا کە خەریکە ژنەکەی خۆی تەڵاق بدا. ژنەکەی خەڵکی دووری شاخان بوو. ئێمەش ویستمان بزانین مەسەلە چی یە:" بۆچی ژنەکەت تەڵاق دەدەی؟ هێندە لەمێژ نی یە هێناوتە، یەکترتان خۆش دەویست. چ قەوماوە؟.» وامان لێ هاتووە چیتر لە زمانی یەکدی ناگەین. ژنەکەم شکسپیر ناناسێ. هەرگیز « بۆجین ئۆنەگەین" ی نەخوێندۆتەوە، قەت گوێ لە " قوتابخانەی گولەکان» نەبوو. "مێرمیا هەر ناناسێ».

زۆری نەبرد شاعیرە لاوەکە گەڕایەوە محرج قەلا. ژنێکی لە مۆسکۆ هێنابوو شکسپیر و میریمی زۆر باش بیستبوو. ژنە ساڵێک لە شارەکەماندا مایەوە پاشان مێردەکەی تەڵاقی دا و ناچار بوو بچێتەوە مۆسکۆ. لە کابرامان پرسی:" بۆچی ژنەکەت تەڵاق دەدەی؟ هێندە لەمێژ نی یە هێناوتە. یەکترتان خۆش دەویست. چ قەوماوە؟»..

« ئاخر لە زمانی یەکدی ناگەین. ژنەکەم یەک وشەی ئاڤاری نازانێ. شارەزای ڕەوشتی ئاڤاریمان نی یە. لە میزاجی ئەو چیایی یانە ناگات،کە من لێیان وەپاش

کەوتووم و حەز ناکا بێنە سەردانمان. یەک تاقە پەند و مەیل و گۆرانیی ئاڤاری نازانێ».

« ئەدی دەتەوێ چ بکەی؟"-"وابزانم دەبێ بۆ جاری سێیەم ژنێک بێنم».

من دەڵێم پێش ئەوەی ئەو شاعیرە لاوە ژنی سێ یەم بدۆزێتەوە دەبێ خۆی بناسێت و خۆی بدۆزێتەوە». نەتەوەیەکیش پێش ئەوەی دەم لە هیچ بکوتێ پێویستە خۆی بدۆزێتەوە)).

٣- باری نائاسایی کۆمەڵگەی کوردەواری زۆر کەسی " ئەسپ هەڵگرتووی» کردۆتە سوارچاکی مەیدانی سیاسەت! کە هەموو نەخۆشی و ناتەواوی و گرێ کوێرەکانی زاتی و شەخسی خۆیان لە مەسەلە و بابەتە سیاسیەکان ڕەنگ پێ دەدەنەوە. یان سیاسەت لەبری ئەوەی بە پشووی هونەری کارزانی و زانستی کۆمەلاتەتی و بەڕێوەبردن و ڕابەرایەتی کردن بکەن، دەکەنە مەیدانێک بۆ تێ هێنانەوە و ڕاست کردنەوەی بارە دالەنگیوەکەی کۆمەلایەتیان. یان دەیکەنە مەیدانێکی جێبەجێ کردن و بەدەست خستنی خواستەکانی خۆیان.

زۆر جاران هەڵ دەکەوێت کە هەموو دنیا لەچەقی ئارەزووە دەروونی یەکانی خۆیاندا دەبیننەوە. بەمە هەرچی دەستوور و یاسا و پەیڕەوێکی سیاسیە تێدا دەچێت و هەمیشە و هەمیشەش کۆمەڵگە نرخی / فاتورە کەیان دەدات..

+ زاڵ بوونی پەیوەندیە کۆمەلایەتییە دارزیو و دواکەوتووەکانی کۆمەڵگە لەسەرێکەوە و لەلایەکی دیکەوە بازدانێ کوێرانە بەسەر واقعی مادی و مەعنەوی کۆمەڵگەدا، کە لەباری یەکەمیاندا پشوو و بارێکی ڕاست ڕەوی دواکەوتووی کۆسپ پێش دێت و لە دووەم هەرزەییەکی مندالانە شین دەبێتەوە. کە یەکەمیان بەرژەوەندی و خواستی نارەوای دواکەوتوو دەپارێزێ و دووەمیان چەواشەکاری نامەعقولیەت دێنێتە پێش. کە لە هەردوو حاڵەتاندا زات و هەوا و نەفسی زاتی ئەکتەرەکان جڵەوکێشی دەبن و لە نەهامەتی و دواکەوتوویی و هەژاری مادی و مەعنەوی پتری لێ ناکەوێتەوە. کە تاکە چارەی هەموو ئەم کێشانە بە خۆڕاگری و خەباتێکی ئایدۆلۆژی و فکری سیاسی و هەتا هەندێ جار چەکداریش بەلادا دەکەوێ تاکە زامنی سەرکەوتنیش لەم ململانێ یەدا بابەتیتی/ مەزوعیەت و دڵسۆزی و بەردەوامی و پشوودرێژی خەباتە..

# بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە

هاوبیرانی هێژا و تێکۆشەرم..

سڵاوی ئازادی و یەکسانی..

٧ ساڵانی دژوار وبەسەر تەمەنی شەرەفمەندانەی حیزبەکەماندا تێدەپەڕێ، کە نموونەی (سبع سنوات عجاف) ی سەدان کێشە و کۆسپ قووتکراوەی بەردەممان بووە. کە هەنگاوی پتەو و خۆڕاگری لەبەردەم تەوژمی پیلان و نەخشەی دوژمنان و ناحەزاندا لەبەر لێشاوی ڕژد و چاو پێدا هەڵنەهاتوویی بەژنە باڵای پارتە نەتەوەییە سۆشیالیسخوازەکەی کورد دا لە جەنگێکی مان و نەمانی نابەرابەری ناهاوتادا. حیزبەکەمان سەرپێ کەوتووە و سەدان ساڵی بە فەڕ و پیت و بە بەرهەمی لەبەردەمدایە.

لەسەر ڕێی ئەم شانازییە ڕێیەدا خوێنی شەهیدانی حیزبمان و هەموو شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی مەشخەڵ و ڕێنیشاندەری هەمیشەییمان بووە. هەموو ساڵێ لە ئاستی گیان و ڕەوانی پاکی ئەو ئازیزە بەلەش لێوون بوونەمان سەری ڕێز و قەدرزانین دادەنێین. گیانی ئەوانە هەتا دێتەوە بە بەرماندا و گوڕی شەقاوێکی بە گوڕترمان دەداتێ. کە لاش دەکەینەوە بەزەییمان بەو پشووسوارانەدا دێتەوە کە لە کاروانی پڕشکۆی کوردایەتی لاڕێ کەوتوون و کەنەفت بوون!. ئەوانەش کە هەر گوڕ دەدەنە خۆ و وێرای ئەو بازەیان نییە دەبێ هەر بەداخی بێ غیرەتییانەوە سەر بنێنەوە، چونکە لاقی کوڵی ئەوانە ئەگەر چارەکێکی زمانیان درێژکەن دەتوانن بازە عەبەییەکەیان بدەن!...

مەگەر بیروباوەڕ نییە مرۆڤدۆست دەکات ئەگینا چییە و بۆ دەبێ پێشمەرگەی پاسۆک مەرگبەزێن بن و لە هەموو بوارانداا سوارەی هەرە دیار بن؟.

هاوبیرانی تێکۆشەر، سەرمایە و بوونتان بیروباوەڕەکەتانە، نەکەن کەس لەبندەستتان دەربهێنێ. ! شەرەف و سەروەریتان حیزبەکەتانە لەگلێنەی چاوتان پتر پارێزگاری بکەن. لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانی ڕاست ماڵ یەک کەن. لەگەڵ خەنجەری پشتەوەی نامەردی بە مەردایەتی سەری پێشۆڕ کەن.

لەم یادە مەزنەدا یادی جووتە ئەیلوولی کورد و پاسۆک، پتر و پتر ئاوێتەی

ژان و خواست و داواکارییەکانی جەماوەر بن. زەحمەتکێشان و ڕەنجدەرانی کورد تاکە پشت و پەنای هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕییە. ڕەنج و هەوڵ و داواتان لە ((کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان)) دا بۆ ئەوانە و دەبێ هەر بۆ ئەوان بێت.

بەگژ نەخۆشی و دەرد و ماکە شۆڕش شکێنەکاندا بچنەوە. شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە دەبێ لەگەڵ خۆی و جەماوەردا ڕاستگۆ بێت. خۆڕاگر و پشوودرێژ بێت. پێچەقێن ودوژمن بەزێن بێت.. نە بەسەرکەوتن بایی بێت و نە لە شکستیشدا نائومێد بێت.. باوەڕی نەگۆڕ و پتەوی بە بیر و ڕێبازی حیزبەکەی بێت. پێویستە بۆ مرۆڤێکی کورد لەسەرو ئەمانەوە هەمووی " **پێش ئەوەی هەر شتێ بێت.. دەبێ کورد بێت»...**

بەهیوای ئەوەی هەموو ساڵێ لەژێرباڵی ئەو شکۆ و شەرەفەی حیزبدا یادی پیرۆز و هەردەم زیندووی ئەیلوولەکان بکەینەوە...

هەر بژین بۆ کورد

پێشمەرگەیەکی، هێزی پێشمەرگەی پاسۆک

**حیزبی سۆسیالیستی کوردستان - عێراق**
**مەکتەبی سیاسی**
**بۆ/ مەکتەبی سیاسی پارتی سۆشیالیستی کورد «پاسۆک»**
**سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە**

لە حەوتەمین یادی دامەزراندنی حیزبەکەتان حیزبی هاوپەیمان و دۆست خۆمان بە بەختیار دەزانین کە لە جیاتی گشت ئەندام و پێشمەرگەکانی حیزبمان گەرمترین پیرۆزبایی بۆ ئێوە و لە ڕێگای ئێوەشەوە بۆ هەمـوو ئەنداماان و پێشمەرگە و دۆستەکانتان بنێرین. لەگەڵ ئاواتی زۆربەمان بە سەرکەوتنتان لە تێکۆشان لە ڕێگای ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری فاشی و هێنانەدی ئامانجەکانی گەلەکەمان.

دڵنیاین لـەوەی لەگەڵ بەهێزبوونی دۆستایەتی نێوان هەردوو حیزبمان و هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ناو بەرەی نیشتمانی دیموکراسی عێراقی دەبێتە هۆی زیاتر پەرەسەندنی تێکۆشانی گەلەکەمان لە ڕێگای گەیشتن بە تەواوی ئامانجەکانی و دامەزراندنی حکومەتێکی هاوپەیمانی دیموکراتی کە دیموکراسیەت بۆ عێراق و حوکمی زاتی بۆ کوردستان دەستەبەر بکات.

دیسان بەبۆنەی یادی دامەزراندنی حیزبتانەوە بۆتانی دووپات دەکەینەوە کە حیزبمان گشت تواناکانی خۆی بەکاردێنێ لە ڕێگای توندکردنی پەیوەندییەکانی نیشتمانی و کوردستانی وە زیاتر بەهێزکردنی دۆستایەتی نێوان هەردوو حیزبەکەمان لە ڕێگای پەرەپێدانی خەبات و تێکۆشان بۆ هێنانەدی ئامانجە هاوبەشەکانمان.

هەر سەرکەتووبن بۆ خەبات و فیداکاری

**مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆشیالیستی کوردستان– عێراق**
**١١/٩/١٩٨٢**

**الى المكتب السياسى للحزب الاشتراكى الكردى « پاسۆک»**
**تحيه رفاقية**

تتيح لنا فرصة حلول العيد السابع لميلاد حزبكم الصديق ان نتوجه اليكم والى رفاقكم جميعا بالتحيات النضالية والتمنيات القلبية بالنجاحات فى عملكم النبيل.

ان هذه الذكر تطل علينا فى وقت تتصاعد فيه نضالات شعبنا ضد الحكم الدكتاتورى البغيض و تتعزز لحمه الوطنية. و يسرنا ان يسهم حزبكم الصديق فى هذه العملية من خلال مشاركة فى الجبهه الوطنية الديموقراطية العراقية (جود).

واننا لعلى ثقه من ان توطيد تعاوننا فى (جود) و شمول هذا التعاون كل قوى شعبنا الوطنية المعادية للدكتاتورية مستقبلا فى جبهه وطنيةة عريضه هو الكفيل بتصعيد نضالات شعبنا – عربا واكرادا و اقليات قومية– للاجهاز على الطغمة الفاشيه و تخليص وطننا من جرائمها و حكمها الدموى الشوفينى وضمان الحقوق الديمقراطيه للشعب العراقى والحكم الذاتى الحقيقى للشعب الكردى على ايد حكومه الديمقراطيه الائتلافيه التى تمثل كل قوى شعبنا الوطنيه.

نتمنى لكم مزيدا من النجاحات
مع تحياتنا النضاليه.

**سكرتاريه الجبهه الوطنيه الديمقراطيه العراقيه(جود)١٩٨٢/٩/١٠**

## مشتەی ناوەمانە

مانگێ بەسەر ئەو بانگەوازەی لە ژمارە١٨ و ١٩ دا بڵاوکرایەوە ڕانەبوورد کە د
ەیان نامەمان بەدەیان پرسیارەوە لەلایەن هاوبیران وهاوسەنگەران و دۆستان و خە
ڵکیەوە پێگەیشتووە.

کە خۆشبەختانە شێواز و دەمودووی پرسیارەکان لەوەدەچن کە بەڕاستی ئەوت
ەلیسمەشکابێت و خەڵکی زۆر لەوە بەئاگاترن کە دیزە بەدەرخۆنەیان لێ بکرێت. ئ
ەگەرچی تائێستا ئەودەرفەتە دیموکراسیانە بەڕەخساوە و نەدراوەتە ئەو خەڵکەکە
دەردی دڵی خۆی هەڵڕێژێت.بەڵام ئەم تاقیکردنەوە نوێیەی ئێمە ئەوە دەردەخات کە
خەڵکی لە گوێی گادا نەنووستوون و بەئاگان بورکانێ لەناخی جەماوەردا پەنگدەخ
واتەوە و دەهاژێت هاکا تەقییەوە و هەموو تەخت و تاراجە ساختەکانی سیاسی س
ەگۆڕەپانی شێواوی کوردستانی ڕاداو سەردەمی جەماوەر ڕسکا.

پرشکی ئەو ڕەخنە و پرسیارە بەتوێکڵانەی جەماوەر ئەگەر ئێمەش بگرێتەوە
هەرخۆش ئامادەیی لێدەکەین و سوورین لەسەر ئەوەی کە (جەماوەر سەرچاوەی
بوون و دەسەڵاتە) و (جەماوەر لەسەر هەقە،ئەگەر هەڵەش بێت،کە ناشبێ).. بۆیە ئێ
مەش تا ئەو کەوشەنەی توانا و دەرفەتمان بێت لەگەڵیاندا دەڕۆین و ئەم
لاپەڕەیە « هاید پارک» ی کوردی دەبێت...

### دەستەی نووسەران

**+ پرسیارێکمان لە هاوڵاتی» حەمەبۆر» ەوە لەشارۆچکەی (دوکان) ەوە پێگەیشتووە کە دەڵێت:**
**ئەم هەموو حیزبانە بۆ لە کوردستاندا قووت بوونەتەوە؟ ئەگەر بۆ کوردی دەکەن، بۆ**
**پێکەوە بەرە یەک دروست ناکەن؟!. « ئەم هەموو حیزبانە بۆ لە کوردستاندا قووت بوونەتەوە؟ ئەگەر بۆ کوردی دەکەن، بۆ پێکەوە بەرە یەک دروست ناکەن» ؟!.**

**وەڵام** : ئەوە دەستووری ژیان هەڵکەوتی خۆڕسکی مرۆڤە کە جیاوازی و بۆچوونی
جوێجوێ لە هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتیدا هەبووە و دەبێت.. ئەم جیاوازی بیر و
ئەندێشە و بۆچوون و سەرنج و بیرکردنەوە و ویست و خواز و هەڵوێست و ڕایانەش
دەگەڕێنەوە بۆ جیاوازی هەڵکەوت و سروشتی هەر تاکێکی کۆمەڵ و پەروەردە
و کاریگەرێتی دەوروبەر و بارگە و خانەی ئابووری و ڕۆشنبیریی چەندایەتی و

چۆنایەتی ئامادەگی هۆش و دەروونی هەر تاکێک کە ئەم هۆیانە سەرجەمیان کاری گرنگ و تایبەتی خۆیان هەیە و هیچ هۆ و هۆکارێک بە تەنیا و وەکو هۆیەکی سەرەکی و بنجی جەوهەری سیمای ئەو جیاوازییە ناکێشێت و گێڕانەوەی سەرچاوەی ئەو جیاوازییە بۆ سەر هەر تاکە هۆیەک سادە و ئاسانکردن و سەرنجی سەراوییە و دوورە لە ڕاستی و گیانی زانستانەوە.

دەمێنێتەوە ئەوە بڵێین کە هەموو ئەو هۆیانە هۆکاری دەرەکین و مرۆڤ وەکو گیانلەبەرێکی بێ نموونەیی هۆشمەندی خاون هەستوخواز ، خواست و ویستی خۆی لەدەستی خۆیدایە و بە برێ بە پیرەوەچوون و خۆشلکردن و ڕێگەدانی مرۆڤەکە بۆ کاریگەری ئەو هۆوهۆکارانە ئەوانە دەتوانن نەخشیان لە بیر و ئەندێشە و هەڵوێستی مرۆڤدا هەبێت... بە کورتییەکەی (مرۆڤەکە خۆی تاکە هۆکاری ئەرێنییە/ عاملی ئیجابی).

لە هەموو حاڵەتاندا و بەپێی هەموو بۆچوون و قوتابخانە فیکرییە جیاوازەکان ئەم جیاوازی و لێک نەچوونە « تحصيل الحاصل» ی هەڵکەوتی ئیمڕۆی مرۆڤە لە کۆمەڵگەکان دا.. بۆیە شتێکی زۆر سروشتییە بەپێی ئەو جیاوازی و لێکنەچووانە کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراو و دەستگا و پارتی جوێ جوێ وهەمەچەشنە و هەمەچیزە هەبن.. دیارە زۆر جارانیش « باو» و لەبارێکی تایبەتی و « شەپۆل» و مۆدەبازی/ مۆدێلاتی سیاسی چۆن لە مەیدانە کۆمەڵایەتییەکان دا و لە بواری جلک و پۆشاک و شێوەی ژیان دا شەپۆلێک دێت و کۆمەڵێ شتی عەنتیکە و باو لەگەڵ خۆیدا دێنێ و بەسەر گیرفان و زەوق و ویستی خەڵکیدا دەسەپێنێ!.. ئاواش ناوبەناو لەو کۆمەڵگایانەدا کە هێشتا تەواو نەچەسپیون و هێمن و هێور نەبوونەتەوە و لە هەڵچوون و بەرلێشاوی گۆڕانی ناوخۆ و دەرەکیدان دیاردەی سەیروسەمەرە سەر هەڵدەدات و کۆڕوکۆمەڵی وەرزی قووتدەبنەوە. بەڵام لەگەڵ ڕەوینەوەی پاساوەکانی/ مبررات و هۆ و کەشی پەیدا بوونیاندا ئەوانیش دەپووکێنەوە!.

هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول و بەرەنگاربوونەوەی ڕۆژانێکی زۆر سەخت و پڕ مەترس و هەڕەشە لە بوونی نەتەوایەتیمان و دڕندایەتی داگیرکەرەکە و خۆنەشان بەدەستەوەی جەماوەرەکە... بەکورتی« **پەلەی ژیان**» ی کورد لە ڕۆژانی پاش هەرەس، بارێکی وای ڕەخساند کە ئەو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییانەی کوردی لە بارێکی زۆر نا سرووشتیو پەلەپروزێی « **پەلەی ژیان**» دا... هەڵبپروزێن و بڕسکێن. ئەمە وایکردووە کە هەتا زۆر کەسان لە خانە و پێگەی سروشتی خۆیدا نەبێت. لەسەرکردایەتی و

کادره پێشکەوتووەکانەوە تا دەگاتە سەر لایەنگرێکی سادە هەڵبژاردنی ئەو شوێن و خانەیەی ئیمڕۆی بە «ملداکەوتن» و دیفاکتۆی/ امرالواقع و «کوردەناموسی» و پابەندێتی /التزامات و هەندێ چاوچنۆکی/طموحی کەسی و بریقە و نیعمەتی شوێنەکانیان بێت.. ئەگەر ئەو لەدایکبوونانە/ولادەتانە لە بارێکی ئاسایی و سروشتیدا بووینایە و لەژێر تینوتاوی بارە بابەتییەکان و ڕووداوەکاندا نەبووینایە، یان هەر ڕۆژەی ئەو بارە بڕەخسێ، زۆر شوێن و پایەگە و خانە دەگوێزرێتەوە، تا ئەوکاتە ئۆباڵ و هۆی هەرەبنچی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم «واقع» ە. چۆن منداڵێ بە ناچاری نەگاتە کات و ساتی خۆی و لەشەش مانگانەدا بە ناچاری و بۆ ڕزگارکردنی گیانی دایکەکە بە کردەوەیەکی «قەیسەری» لەدایک بکرێتەوە شەل و شەپلە لێدراو و نووقسان دەبێت، ئاواش باری سیاسی کوردی ئاڵۆز و ناتەواوە.

لەگەڵ ئەمەشدا فرەحیزبی بارێکی ئاسایی هەڵکەوتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە و ئەگەر بە نەریت و ئاسایی بێن و بڕۆن و پەیوەندی ئاسایی و سروشتی و دیموکراسیانە پێکیانەوە گرێ بدات و هەریەکەی لە پێگەی خۆیەوە بۆ خزمەتی جەماوەر دەست لەکار بێت، خێروبێرە. دەیان و سەدان نموونەی گەشەداری فرە حیزبی لەکۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی دنیادا هەیە و لەبەرچاوان و تا گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە فرە حیزبی نیشانە و نموونەیەکی پێشکەوتوویی و هەڵکشانی کۆمەڵایەتی و گەشە و فراژووبوونی کۆمەڵگە و زامنی بەختەوەری و ئاسوودەیی و ئازادی مرۆڤ بێت و ئەو کۆمەڵگانەی فرەحیزبیان تێدا یاساغە لێیان بە خەوش و ناتەواوی هەرە گەورە گیراوە!.

دەربارەی ئەوەی (ئەگەر بۆ کوردی دەکەن...) کە بڕگەی دووەمی پرسیارەکەیە و توێکڵدارە! کاک حەمەبۆر دڵنیا دەکەین کە (ئەگەر!!) هەمووشت بۆ "کورد"ی نەکات زۆربەی هەرە زۆری بۆ (کورد!!) ی دەکات و لە ڕووی نیازو خواستەوە - بەلانی کەمەوە- لە سەرکردایەتییەکان بەرەوخوار هەر هەمووی کوڕی کوردن و دڵسۆزن و بێنیازن. بەس مەرج نییە ئەو نیازە لە ڕووی تەرجەمەکردنەوە بۆ لایەنی کردەیی پێویست بێت یان چەواشە دەکرێت. دیسانەوە ئەگەرهەرنا دڵسۆزییەک هەبێت. لەپەنجەی دەست تێپەڕناکات. کە بەداخەوە ئەو کەمە وەکو دەڵێن: أهل الحلوالربط ن بۆیە ئەو بەرە کوردستانیەی تۆ و ملیۆنەها کورد داوای دەکەن و تاکە زامنی سەرکەوتنی خەباتی ڕەوای میللیمانە تا ئیمڕۆ ناهێڵدرێت سەر دەربکات. بەڵام سەرجەم استقراء ی باری شەش ساڵەی شۆڕشی کوردستانی باشوور و بەراوردکردن و پێک

گرتنی ئەمساڵ بە ساڵەکانی پێشوو ئەو تارمایی و دڵەڕاوکێیە دەرەوێنێتەوە و هیوای ئەوەمان دەخاتە بەر کە ئەو داخوازییەی تۆ و هەموو جەماوەر بێتەدی و ئەو " بۆ" و " ئەگەر" انە ببنە خبر کان!.....

پێداچوونەوەی بڵاوکردنەوە و ئۆرگانی حیزبمان پتر ئەم لایەنەت بۆ ڕۆشن دەکاتەوە و قوڵتر لە هۆ و هۆکارەکانی دەگەیت. پرسیارەکەت لێرەدس تەنها ئەوەندە دەرفەت هەڵدەگرێت!..

+ **پێشمەرگەیەک بەناوی کاکەبرا دەپرسێ:** ((**بەڕای حیزبتان چ ڕێباز و بیر و ئایدۆلۆجییەتێک دەتوانێ گەلی کورد بگەیەنێتە ئامانجەکانی**))..؟..

**وەڵام:** ئێمە هەندێ یارمەتی پرسیارەکەی «کاکەبرا» دەدەین بەوەی کە بەجۆرێکی دیکە بۆی دادەڕێژینەوە. ئەگینا بەو داڕشتن و شێوەیەی ئەو تەنها یەک وەڵامی کورتیلەی گردەبڕی دەبێت لای ئێمە ئەویش ئەوەیە بڵێین: کوردایەتی و کوردایەتیش لە چوارچێوەی «پاسۆک» دا.

ئەگەر وا نەڵێین ئەی بۆچی "پاسۆک" ین دیارە ئەم وەڵامەی بەدڵ نابێت چونکە ئەو ئەوەی مەبەست نەبووە. بۆیە پرسیارەکەی بۆ دەکەینە: چ ڕێباز و بیر و ئایدۆلۆجیەتێک دەتوانێ خزمەت بە جەماوەری کورد بکات؟.

لە وەڵامی پرسیارێکی وادا دەڵێین وەکو چەند جارێ دیکە وتوومانە: هەموو ئەو بیر و ئایدۆلۆجیەتانەی ئیمڕۆ پشکیان هەیە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا، ئەگەر بۆ خزمەتی کورد و بەرژەوەندی کورد و لەو سووچ و لایەن و بارووبوارانەی هەن توظیف بکرێن بۆخزمەتی هەریەکەیان دەتوانێ لەبواری خۆیدا و لەسوچێکەوە ئەو خزمەتە بکات. ئەگەر هەر بیرێک تەنها بۆ بیرەکە هەڵنەگیرێ و بیر و ڕێباز و ئایدۆلۆجیەت هۆ و ڕێگەبن بۆ خزمەتی جەماوەر نەک بکرێنە مەبەست و خۆیان لە خۆیاندا جێگەی مەبەست بگرنەوە- کە لە هەموو حاڵەتێکدا خزمەت بە جەماوەر مەبەستە و ئەوانە هۆن- دەتوانرێ بەهەر هەموویان و هەریەکەی لەو کەوشەن و بوار و مەودایەی خۆیدا ئەو خزمەتە بکات.

بۆیە دروشمی سەرەکی حیزبمان ((پێش ئەوەی هەر شتێ بین.. دەبێ کورد بین)) ە کە ئەگەر ئەم دروشمە تەرجەمە کرێت و پێڕەو کرێت ئەوسا چەڵەمەیەک/ "اشکال" ێک نامێنێتەوە هەمووان دەبینە ڕەنجبەری کە جەماوەرە. با لەو بوارەشدا چەندە بینە بڕکێ و کێبەرکێ بکەین هەر سوودی دەبێت و پترخزمەتکردنی لێ شین

دەبێتەوە. بچوکترین لادان لەم سەرەتایە تووشی هەڵدێری گومڕایی و و مێردەزمەیی و لادانمان دەکات. حیکمەت لەناوی زل و دێی وێراندا نییە، لە چەندایەتی و چۆنایەتی خزمەت کردندایە.

**+ پرسیارێکی دیکەمان لە برادەر" ع.ع" ەوە لە سلێمانییەوە پێگەیشتووە کە دەڵێت: ماوەیەکە هاوبیرێکی بەڕێزتان ئۆرگانی حیزبتانم بۆدێنێ. لەدوا ژمارەدا مشتەی ناو هەمانە بانگەوازی ئەوەی تێدایە کە هەموو کەسێ بۆی هەیە پرسیاری تێدا بکات. لەبەر ڕۆشنایی ئەو بانگەوازە دەمێکە دەمویست پرسیاری ئەوە بکەم کەئەو هێزە کوردستانیانەی هەن تا دۆستی یەکتر دەبن سوێند بەسەری یەکتر دەخۆن. کەچی هەر لێک هەڵدەبەزنەوە ئەوە بەیەک دەکەن کە دوژمنەکەشیان پێی نەکردوون. ئەگەر لاپەڕەکانی بڵاوکراوەکانی هەموو لایەک بخوێننیەوە هەموو لایەک بە سیخوڕ و ناپاک و بەکرێگیراو و جاش و میت و موساد و هەزار و یەک تۆمەت تاوانبار کراون. ئایا ئەمە چەندی ڕاستە؟!.ئایا هەموو ڕاست دەکەن؟!. ئەگەر وابێت، گورگ پاسەوان ە و ئەم گەلە هەنا بۆ کوێ بەرێت و چۆن بەم جۆرە سەرانی کورد بۆگەن بوون؟!. یان هەمووی درۆن؟!. ئەگەر وابێت ئێوە هەریەکەی خۆی بە پێشڕەو ێک دەزانێ!. چۆن ڕێگە بەخۆتان دەدەن درۆ لەگەڵ جەماوەردا بکەن؟ درۆی سیاسی هونەرە نەک إفتراء و هەڵبەست و گاڵتە بە کەرامەتی جەماوەرە!.یان چۆن لایەنگرانی خۆتان پێ قەناعەت دەکرێت و بڕواتان پێ دێنێ و لێتان قبوڵ دەکات؟!.**

**وەڵام:** هەست و خواستی جەماوەر دەبێت ئا ئەوا بە بڕشت ورد و گرد و بەربینگر بێت. ئەگەر کۆمەڵگەیەک بگاتە ئەو ئاستەی چواریەکیشی دەیەکیشی وا ڕۆچێت و بە تەنگاو قایل نەبێت هیچ هێزێک نییە چەواشەی بکات.

پرسیارێکی وا دەمی هەمووان دەکاتە تەڵەی تەقیوو. "بسم الله" یەکی وا لە هەر شوێن بوترێت "جنۆکەی" عەوامخەڵەتێن هەموو دەڕەونەوە. پرسیاری ئەو هاووڵاتییە تحدی یە و بەربینگر ئێمە ئەوەندە ڕێزی لێ دەگرین بەڵگەی ئەو ڕێژەش بڵاوکردنەوەیەتی چونکە ئێمە دەمانەوێ شارە ژەنگەسوورەی جەماوەر بووروژێنین. تا کەس وێرای ئەوەی نەبێت لەپەناوە قوڕ بدات بەدەمی شانەی خواست و کەرامەتی جەماوەردا.

کاکە "ع.ع" ڕاستی قەڵایەکی زۆر سەختە گرتنی زۆر گرانە بەڵام لەدەستدانی زۆر سانایە!. کەمن ئەوانەی خوا نیعمەتی وێرا و ئازایەتی ئەدەبی دابنێ. بەرامبەر ئەمە درۆ هێندە بێدەسەڵاتە بەدەست هەموو کەسێکەوە دێت. ئەوەی نەتوانێ چۆن بەدرێژایی خۆیدا دەڕوانێ بەپانی خەڵکیشدا بڕوانێ. ناتوانێ ڕاستگۆ بێت. ئەوەش کە هەموو دنیا لە خۆیدا دەبینێ بێگومان ناتوانێ لەبەر لووتی خۆی دورتر ببینێ و هەمیشە درۆ میوانییەتی و ڕاستیی تۆراندووە.

باری شێواوی ئیمڕۆی کوردستان لەوەوە پەیدا بووە کە ئەوانەی ئەوەی بەخۆیان ڕەوا دەبینن و حەڵاڵی دەکەن، لەخەڵکی تری حەرام دەکەن. بۆیە دۆستایەتییەک پەیوەندییەک هەنگاوێک کارێک فڵانە بیکات شۆڕشگێڕانەیە و نیشتمانپەروەرییە و پێشکەوتووخوازییە. کەچی هەمان کار ئەگەر نەیار و بەرانبەرەکەی بیکات تاوان و سیخوڕێتی و جاشێتییە!!.

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەرچاوە:

**یەکەمیان**: نزمیی ئاستی ڕۆشنبیریی و سیاسی کۆمەڵگەکەمان و سوودوەرگرتن لە نائاگایی سیاسی و فیکری دەرویێشە وڕبووەکانی دەوروبەری ئەو زار قەڵەباڵغانە.!.

**دووەمیان**: بێویژدانی و نیهادپیسی و بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی حیزبایەتی و کەسی کەپتر ناوی «شەڕەتێڵا» و «شەڕەگەڕەک» هەڵدەگرێت وەک لە بینەبڕکێی سیاسی. ئەم دوو هۆیە زەمینەی ئەوەی خۆشکردووە کە بەو جۆرە کڵاو بکرێتە سەر ئەو لایەنگیرانە، کە جارێکی دیکە دەڵێین ئەمانە ناوی دەروێشی حاڵ لێهاتوویی جەزبەگرتوو هەڵدەگرن پتر لە ناوی سیاسی و ڕۆشنبیری بەئاگا!.

ئەگەر ورد سەرنجی شێوە و ناوەڕۆک و شێوازی پەروەردە و گۆشکردن و پێگەیاندنی سیاسی بدەین. لە کردەوەی مێشک شووشتنەوە و مێشک پڕکردن و قووڕمیشکردن دەچێت نەک دروستکردنی تاکی بەئاگای پێگەیشتووی خاوەن هۆش و گۆش. نەقڵەیەکی گاڵتەئامێزی، توێکڵدار هەیە لە کوردەواریدا دەگێڕێتەوە و دەڵێ: " مەلایەک حەز لە ژنی زەلامێک دەکات و هەمیشە بەدووی هەنجەتێکدا دەگەڕێ ژنەکەی لێ زەوت کات. ڕۆژێ دەبینێ کابرا ڕووەو قیبلە وەستاوە و تەنگەتاوی خۆی دەردەکات. مەلا لێی دەکاتە هەرا و دەڵێ: ماڵتکاول بێت وەکو ماڵی خۆتت وێران کرد! کابرا دەحەپەسێ و دەڵێ: خوانەخواستە چم کردووە"؟!.

مەلا دەڵێ: کوڕە چت نەکردووە؟ تۆ چۆن بەرەو قیبلە وەستاوی ! واللەی تەڵاقت کەوتوو ئیمامی شانعیش چاکی ناکاتەوە.

کابرا دەزانێ مەلا لێی بە بەهانەیە و تازە چیشی لەگەڵ مەلادا پێناکرێت، ناچارانە ژنەکەی تەلاق دەدات. مەلاش دیارە لەبەر خوا! ژنەکەی مارە دەکات لەخۆی. کابرا زۆر داخ لە دڵ دەبێ لە مەلا. دەیەوێ ئەو کاسە ئاردەی بەسەرەوە نەیەڵێ. خواڕاستان ڕۆژێ مەلا لەهەمان شێوە و هەڵوێستی خۆیدا دەگرێت و دەڵێ. ئەی ماڵت کاول نەبێ مەلا..واللەی تۆش ماڵی خۆتت کاول کرد، تۆش بە دەردەکەی من چوویت و تەڵاقت کەوت!!.

مەلا، لەسەرخۆدەڵێ: مەترسە، من وەکو تۆ بێئەقڵ نیم«سەرەکە»یم لار کردۆتەوە!!. جا ئەو بەندوباوانەی هەن لە شێوەی نەقلەکەی مەلان! ئەوەی زیرەک بێت، ڕوو لە قیبلەش بێت و بە« جرم الشهود» یشەوە بگیرێ قەناعەت بەخۆی و دەوروبەرەکەی دەکات کە لاری کردۆتەوە!. ئەگەر یەکێکی دیکە لە نائاگایشی و بە نیازی چاک و بێ مەبەستیش کارێکی سەد یەکی ئەو بکات لێی دەکاتە هەڵڵا!. ئەمەش تەنها بەوە چاردەکرێت، کە تۆ و هەزارانی وەکو تۆ پاتاڵە شڕی درۆ و دەلەسەی ئەو مەلایانە وەکو ماڵی قەڵب بدەنەوە بەسەر ساحێبیاندا و دەرگای ئەو هەراجخانەیە مۆر بکەن. ئەوسا قوولی ڕەش و سپی لەبواری کوردایەتی و خزمەتگوزاریدا دەردەکەوێت.

**+ نامەیەکی ترمان لەهاوبیر « حەمەسعید» وە لە کەرکووکەوە پێگەیشتووە کەدەڵێ: دەڵێن شۆڕشی مەلا مستەفا بۆیە شکستی هێنا، چونکە پشتی بە بێگانەچبەستبوو.. ئایا سوود لەم هەڵەیە وەرگیراو؟ بێ یارمەتی دەرەکی تا چ ڕادەیەک دەتوانرێ لەم سەردەمەدا کار بسازێت؟!.**

**وەڵام:** زۆر جێگەی داخ و ئەستەمە کە هەتا لە ڕووی نائاگایی و بێ مەبەستیشەوە بێت، هاوبیرێکی حیزبی بنێشتە بڕسکاوی گوماناوی بجوێتەوە و بۆ هەر مەبەستێ بێ»مفهوم» ی تاوانبار و چەواشەکەر پێدزکە پێ بکاتە ئاخاوتن و نووسینییەوە. شۆڕشی ئەیلوول گەورەترین و ڕەواترین و فراوانترین شۆڕشی میللی ئەم سەردەمەی کورد بووە. شۆڕشی ١٣ ساڵەیگەلێکی ڕاپەڕیوو و نەبەز بووە، کە ٧٠ هەزار شەهیدی پێدا و بەردی هەرە پتەوی بناغەی هەر ڕاپەڕین و شۆڕشێکی دیکەی ئیمڕۆ و داهاتووی کورد دەبێت. ڕاستە ڕابەری ئەو شۆڕشە بارزانی ڕەحمەتی بووە و ڕۆڵی هەرە گرنگ و بەرچاوی لە هەڵگیرسان و بەڕێوەبردن و سەرئەنجامیشدا بووە. ئاوێتەی لایەنی گەش و پرشنگدار و ناتەواوی و کەموکوڕییەکانیشی بووە. بەڵام شۆڕشی « مەلا مستەفا!!» ی ڕووت نەبووە. ئەوانەی کە ئەم مەفهومانەش وەکو ژەهری مار بە کۆمەڵگەکەماندا و لەناو مێژووەکەماندا بڵاو دەکەنەوە، کەسانێکی بەکرێگیراو و دڵ و دەروون ڕەشن. ئەمە سووکایەتیە بە کورد و خوێنی شەهیدان. ئەمە پیلانێکی دیاری و نەخشە بۆکێشراوە بۆ پووتکردنەوەی لایەنی مینۆکی جەماوەری کورد و بن بۆشکردنمان. هیچ شکست هێنانێک بە هیچ جۆرێک و لە هیچ ڕوویەکەوە لە ڕەوایەتی هیچ ڕاپەڕین و شۆڕشێک کەمناکاتەوە. چۆن شکسهێنانی بەرخێک لەبەر کەڵبەی گورگێکی برسیدا چ لە ڕەوایەتی مەسەلەی بەرخ و ناڕەوایەتی گورگە ناگۆڕێ و بگرە پتر قووڵی دەکاتەوە، ئاواش شکستی

هەر بزووتنەوەیەک لە بڵندی و ڕەوایەتی داناڵەنگێنێ. ئەگینا چ دەڵێین بەرانبەر سەرجەمی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی دیکەی کورد؟! دەمێنێتەوە ئەوەی کە هەموو پێداچوونەوە و بەسەرۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنێک لە دیدگای دڵسۆزی و زانستییەوە بێتو بۆ مەبەستی سوود لێوەگرتن و پەند و وانە بێت. ئەگەر بێینە سەر وەڵامی پرسیارەکە دەڵێین: یەکێ لەو چەندین هۆیـەی شکستی شۆڕشی ئەیلوول ئەو پشتبەستنە بێسنوور و ئەندازەیە بووە بە هێزی دەرەکی و کۆمەکی بێگانە. گومانی تێدانییە ئەوەی بەتەمای کاسە درواسێ بێت بێ شێو سەردەنێتەوە. وەکو لە خۆمانی ڕوودا وە.

بەڵام هۆ و هۆکاری شکستی شۆڕش تەنها ئەوەندە سادە و سافیلکانە نییە و دەیان و سەدان هۆ لە خاڵێکدا یەکانگیربوون و کاری خۆیان کرد. پیلانی « الجزائر» ی ڕووڕەش لە کەڵەکەبوونی سەدان ناتەواوی و باروهەلومەرجی سەخت و دژ بە کورد و کورتبینی نێودەوڵەتی بەرانبەر بەعس و سەرجەم بارە بابەتی و خودییەکانی خۆ و دوژمن و دەوروبەر پێکڕا هۆیانێکی ئەو شکستە بوون.

ئێمە پێمانوایە کە کۆمەک و هۆی دەرەکـی گرنگە بۆ مسۆگەرکردن یان نێزیکخستنەوەی هەر بزووتنەوە و شۆڕشێک هیچ ڕووداو و بزووتنەوە و ڕاپەڕین و شۆڕشێکیش – بیشیەوێ و خۆش بکوژێ– ناتوانێ لەژێر تینوتاوی هۆی دەرەکی دەرچێت. گرنگ ئەوەیە چۆن خۆت بسازێنی لەگەڵ ئـەوڕووداو و پێشهاتانەدا و چۆن بۆ بـەرژەوەنـدی و سـوودی مەسەلەکەی خۆتی توظیف بکەیت. بەڵام لە هەمـوو حاڵەتاندا پشت لێکردنەوە و کارت و کاغەزی خۆت خستنە سەربالْی عیفریت و قوماری کۆمەکی دەرەکی و هۆی دەرەکی خۆکوژی و بڕیاری پێشەکی خۆلەناوبردنە. چونکە هەرگیز هۆ دەرەکییەکان وەکو خۆیان ثابت و نەگۆڕ نامێننەوە. تا تۆ لەسەریان تەلاری خۆت هەڵچنی. هەرکەسێ ماڵی خۆی لەسەر ئەرزی کەسێکی تر دروست بکات، ڕۆژێ دێت شارەوانی پێی تێک بداتەوە یان بەسەریدا بتەپێنێ. گرنگی لەمەسەکەدا و بنچینەی ئەوەیە کەخۆت هەبیت و بناغەت پتەوبێت. ئەوساکە هۆ دەرەکییەکان دەتوانێ وەکو هیوا وئاوات وبەرنامە و نەخشەتەکی لەسەر کۆمەک و یارمەتی و پشتگیری وسەرجەم هۆ دەرەکییەکان هەڵدەچنێ وەکو ئەو کوێرە وایە دەستی بداتە دەست چاوساغێک جا ئەوەی لە پێشە بۆ تەماح بیخاتە چاڵێکەوە و کەوڵەکەی بەرێ بۆ دەباغ یان لە باشترین حاڵەتدا کەی کۆن بوو و مەبەستی جێبەجێ بوو لە بیابانێکدا وێڵی دەکات.دەربارەی پەند و وانەوەرگرتن هەرئەوەندە

دەڵێین لە ڕووی تیۆری و قسەی پفەهەڵدراو و بۆ خۆهەڵدانەوە و پروپاگەندە بەڵێ!.. بەڵام لەڕووی وقعی و زانستییەوە « سەد ڕەحمەت لە کفن دزی پێشوو!! ».

**+ برایەک لەخۆشناوەتییەوە دەپرسێ: هەموو حیزبەکان باوەڕیان بە دیموکراسیەت هەیە، کەچی دوو حیزب لە دۆڵێکدا لەسەر مەینەتی و لەبەردەم ترس و هەڕەشەی دوژمندا ڕێکناکەون؟!. حەزدەکەم بزانم مانای ئەو « دیموکراسیەتە چییە؟».**

**وەڵام:** کاکی برا کورد دەڵێ: ئەوەی سمێڵی سووربێت، هەمزەئاغا نییە!. چۆن گوندنشینێکی نەخوێندەوار بە چاکەت و پانتۆڵێک و شەش حەوت قەڵەم و چاویلکەیەک نابێتە شارستانی و خوێندەوارێکی هێژا. لەوانەیە بشبێتە گاڵتەجاڕ و ئەگەر هەڵکەوتی خۆی تێکنەدا و خۆی نەگۆڕێ گونجاوتر و ماقوڵتر بێت. چونکە ئەوکاتە تووشی دوفاقییەتی/ ازدواجیەت نابێت.

دیموکراسیەتیش باوەڕ و ڕەفتار پێکردنیشیەتی تێگەیشتنێکی ژیاری هەڵکشاوی فیری و هەڵوێستە لە بوون و ژیان. باوەڕێکی ڕەوشتییە/مۆڕاڵی وهەست وباوەڕێکی دەروونییە. بۆیە بە پروپاگەندەکردن/ إدعاء کردن و ناولەخۆنان کەس ناتوانێ ببێتە ئەوە مەفهومی دیموکراسیەت دیار و ئاشکرایە و بچووکترین سەرەتاکانی دیموکراسی پێڕەوابینینی هەر شت و کارێکە بە غەیری خۆت کە بەخۆتی ڕەوا دەبینی. ڕێگەدانە بەچاوکردنەوە و هەناسەکێشانی خەڵکی دیکە و وەکو خۆت. باوەڕبوونە بە مرۆڤ و نرخی هەرە باڵا و بێنموونەی کەرامەت و ئازادی هەموو کەسێک کە بەچاوی خۆمان دەبینین ئەم مەفهومە نەک هەر پێڕەوناکرێت بەڵکو ڕۆژانە سەدان جار لەدار دەدرێت. مەفهومی عەنتیکەی "دیموکراسی" لە هۆشی تەسک و چاوچنۆکی هەندێکدا دروست ڕەنگدانەوەی حیکایەتی ئاغا و نۆکەرەکەیە.

دەڵێن ئاغایەک و نۆکەرێ دەچنە ڕاو و کەوێک و سوێسکەیەک ڕاو دەکەن. کە دێتە سەر بەشکردن ئاغا دەڵێ: کوڕم من پیاوێکم لە خوا دەترسم! و بۆئەوەی نەڵێن غەدری لە حەمەد کرد، بۆخۆت سەرپشک بە:

**کەوت دەوێ ئەوە سوێسکە! سوێسکەت دەوێ ئەوە سوێسکە!..**

**دیموکراسێتی ئەم دۆڵانەش" دیموکراسی کەو و سوێسکە"یە.**

## ١٦– دژی هەموو بیر و ڕا و فەلسەفەیەکین لە بڵندی و کەرامەتی مرۆڤ کەمکاتەوە و مرۆڤ بخاتە خانەی سەر بەهەرچییەک بێت..

بیری نەتەوایەتی ڕەسەن و خۆڕسکی خۆرخوایانە بەگشتی کە کوردایەتی وەکو بزووتنەوە و بیر و فەلسەفەی کۆمەڵانی خەڵکی کورد بەشێکی گەشەدار و پێشکەوتووی ئەو بیرەیە. هەڵقوڵاوی ناخ و جەرگەی خواست و هەست و نەست و داواکارییەکانی جەماوەری زەحمەتکێش و چەوساوەی کوردە. مەبەست و ئامانج و داواکانی بۆ مرۆڤی کوردە – کە کوردایەتی مرۆڤی کورد مرۆڤایەتییەتی و مرۆڤایەتی کورد کوردایەتییەکەیەتی – کەرەسە و ئامڕازی جێبەجێکەری ئەو خواست و داوا و خەباتەش بەر لەهەر شتێکی دیکە و زیاد لە هەر بیر و فەلسەفەیەکی دیکە مرۆڤی کورد خۆیەتی . بۆیە بە ڕاشکاوی مرۆڤایەترین بیر و ئەندێشە و بزووتنەوە لەو کۆمەڵگەیەدا کوردایەتی یە بە ناچارانە و بۆ گونجان و لێکچوون و چوونەوە سەریەکی بیر و فەلسەفەکە و ڕێبازە سیاسییەکەی حیزبمان. بۆ ڕێگرتن ڤەهەر لادان و دابڕانێک لەگەڵ سەرچاوەی بوون و ڕسکانماندا بۆ هەمیشە ئەمەکداری و دڵسۆزی و تەرجەمەی بیری کوردایەتیمان دەبێ و پێویستە و ناچارانە لەکاتێکدا کە ئاڵاهەڵگریبیری مرۆڤانەی کوردایەتی دەبین. بەرەنگاری هەر بیر و ڕایەکی چەوتی باری و هوڵتۆقیوی پێچەوانەی سەرەتاکانی بیر و فەلسەفەکەمان بوەستینەوە و بەتوندی دژی هەر فەلسەفە و تیۆرێک ببینەوە کە مرۆڤ بخاتە خانەی دواوە و بیکاتە پاشکۆی هەر هۆکارێکی/ عامل دیکە لە بوون و ژیان دا.

سەروەری و ڕابەرایەتی و پێشەوایەتی و بەرتری و ترۆپکی مرۆڤ یەکەمینایەتی و بێ نموونەیی و تاقانەیی/ تفردی ڕۆڵی مرۆڤ لە ژیان و بوون دا، وابەستەیی و پاشکۆیی هەموو ڕووداو و هۆ و دیاردەکانیدیکەی سەرشانۆی ژیان لە بەرانبەر و ئاستی مرۆڤدا. جگە لەڕووی زانستییەتی و لۆژیکی ئەم واقعە بەچاودا چەقیووە. پاراستمن و و باوەڕهێنان و پەیرۆکردنی ئەم ڕاستییە زانستییە ئەرکێکی ڕەوشتی و مرۆڤانەی مرۆڤە. هەموو بەرەنگاربوونەوەیەک

بەرەنگاربوونەوەی خواستی کردگار و گیانی زانستی و هەڵکەوتی ڕاستەقینەی مرۆڤە. بۆیە ئەرکی نەتەوەیی و زانستی و ڕەوشتیمانە کە دژی بوەستینەوە.

داڵەنگاندنی ڕۆڵی مرۆڤ و سەروەرییەتی لە کردەوەیژیان و بوون دا بە هەر نیاز و بۆ هەر مەبەستێک بێت، لە چاکترین حاڵەت و لە تێخوێندنەوەی نائاگایی پەیڕەوکەرانیدا گێلێتییە و سووربوون لەسەری ملدەنێ بۆ گومڕابوون. کزکردنەوەی ڕۆڵی هۆشمەندانە و زیندووانەی مرۆڤ بۆ پتەوکردن و قەبەکردنی ئەو بەرهەم ە دیاردە مرۆڤانەیەی ژیان- کە مرۆڤەکە خۆی دروستکەریانە- یان دیاردە و سروشتییە بێ گیان و ڕەق و تەقەکان کە بێ دەست تێوەردان و ماملە و ساغکردنەوەی مرۆڤەکە فلسە قەڵبێک نایەنن و چ ناگەیەنن و دارێکیان پێ ناخرێتە سەر بەردێک. یان گێڕانەوەی هاندەر و دینەمۆی مێژوو و ژیان بۆ ماددەی ڕەق و تەقی بێ گیان و خواست و خوایشت نەک هەر خزمەتی مرۆڤ ناکات و پێچەوانەی گیانی زانستی و لۆژیکی یەزدانی و ئەرزییە. تاوانێکە بەرانبەر خودی مرۆڤ و کۆسپ نانەوەی لەسەر ڕەوتی هەردەم بەرەو پێشچووی مرۆڤایەتی مرۆڤ..

بۆیە حیزبمان:-

دژی هەموو بیر و ڕا و فەلسەفەیەکە ، کە لە بڵندی و کەرامەتی مرۆڤ کەم بکاتەوە و مرۆڤ بخاتە خانەی سەر بە هەر چییەک بێت.

# ڕووبەڕووی ڕاستییەکان

بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٧ ساڵان بەسەر ساڵڕۆژی حیزبماند دا، ئەم چاوپێکەوتنەی خوارەوەمان لەگەڵ هاوبیری بەڕێز کاکە « عەلی» سازکرد. کە بە سوپاسەوە ڕێیپێداین سیمیناریکی ئازادانە بێت.

**پ- هاوبیر علی کێ یە ؟.**

**و+** هاوبیریکی چۆک و سەربازیکی حیزب و خزمەتگوزاریکی کورد ناو ناونیشان و پلەی

ناوی ((پاسۆک ))ی علی یە وبێ پاسۆک ناو و قورساییە ، ناونیشانی هاوبیرە و پلەی پێشمەرگەیەکی گوێ لە مستی حیزبەکەی

**پ-ئەم تواضع «ە بۆ ؟**

**و+** کەی ((تواضع))ە ؟ لەوە خۆهەڵدانەوە پتر چی یە کە مرۆ شەرەفی ئەوەی هەبێت پاسۆک بێت. من ئەو شەرەفەم لە هەموو شتی لا گەورەتر و زیاترە تەمەنتان چەندە ؟ تەمەنی راستەقینەی حەوت ساڵانە و چەند ساڵیکی پێشتریش کە بە هەمووی ناکاتە پازدە ساڵان ئەوی دیکە ریش سپی کردن بوو و بەس بۆ بویتە پاسۆک ؟

چونکە کوردم و کەسیشم لە کورد خۆشتر ناوێت ! ئەی مرۆڤایەتی ؟ .

بۆ کورد مرۆڤ نی یە ، من نەم گوتوە ڕقم لە کەسەو وکەسم خۆش ناوێ من دەڵێم کەسم لە کورد خۆشتر ناوێت تۆ منداڵەکەی خۆتت لە هەموو منداڵی خۆشتر دەوێت ، ئەمە مانای ئەوە نی یە رقت لە منداڵە دراوسیکەت بیتەوە تێم ناگەیەنن ناجۆری و تناقچ چی یە و کامەیە لەوەدا کە مرۆ نەتەوەکەی خۆی خۆش بوێت و مرۆڤ پەرستیش بێت ؟ حیزب فێری کردوم کە ((مرۆڤایەتی کورد کوردایەتی یە )) و هەرواشە و هەموو دنیاش هەروا بووە و وادەبێت نازانم بۆ کەسی ئەم ((اعتراض)) ە ساردە ناکوتێ بە دەم وچاوی رەسولی حەمزا تۆفدا کە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سوفیەتیەکانە و دەڵێ من هەموو دنیا لە چاوی داغستانەکەی خۆمەوە دەبینم ؟! هاوبیران مەترسن ، سڵ مەکەنەوە ، خۆشەویستی گەل شانازیە و ئەوەی لەو خۆشەویستی و شانازیە هەڵدەسڵەمێتەوە ، یان عەیبێکی هەیە دەیەوێ

دایپۆشێ ، یان بێ بنچک و بێ ڕیشاڵە !! ئەوەی نەتەوەکەی خۆی لە هەموو شتێ خۆشتر نەوێت ((مسخ)) وسیپاڵە

**پ-ڕاتان بەرانبەر شۆڕشی ئەیلوول ؟**

**و+** شۆڕشی ئەیلوول ، ویست وخواستی جەماوەری زەحمەتکێش و چەوساوەی کورد بووە ، گەورەترین و باڵاترین شۆڕشی سەردەم بووە و هەتا هەتایە وەکو لاپەڕەیەکی کەش وپر شانازی لە مێژووی کورد دا دەمێنێتەوە ، ئەوەی لەمە و دواش دەکرێت و بەدی دێت و بەجێ دەکات ، لەسەر بناغەو سەر ئەستوری ئەو شۆڕشە دەبێت ، ئەم قسانەش هەروا رایە کی حەماسەت ئامێر و دەمارگیرانە نی یە و داخەکەم مەودای ئەوە نی یە وورد وورد دوی قسەکانم کەوم و بە ئیسپاتیان بگەیەنم ، کە خۆیان لە خۆیاندا ئیسپاتیان گەرەک نییە ، ئەگەر هەموو شیواوی و دەستی بێ ویژدانی و خۆ بەکەم گرێ و خوشکانەوە لاسارانە نەبوایە کە هۆشوهەستی خەڵکیان لە گرێژنە بردوە سەیر لە وە دایە زۆر هەن پێ یان وایە ئەگەر عەیب و خەوش لە شۆڕشی ئەیلول نەدوزن ئیدی ((شۆڕشەکەی ئەوان )) یان شۆڕش بە گشتی رەنگ و روخساری نابێت ، یان نەکەونە گیانی شۆڕشگێڕانی ئەیلول ئیدی مەقام و سەروکایەتی ئەوان ناچەسپێ و بەد گومان دەبن لێ ی ! . شۆرشی ئەیلول هەڵقوڵاوی ناو ناخی جەماوەر و پێداویستەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بووە و هەموو ژیانی کورد بووە ، ژیان بووە لە شوێن و کاتیکی دیاریدا بۆیە رەنگدانەوەی ئەو بوون و ژیانە بووە بە خۆشی و ناخۆشی یەوە ، بە قەشەنگیودزێوەیەوە ، بە چاک وخراپییەوە بە پێشکەوتن و پاشکەوتنیەوە دەتوانم بڵێم ((نجلی )) ی سەردەمێک و کۆمەڵێک بووە ، شۆڕشی نێو کتێب و زیندەخەو نەبووە ، بەهەموو ((تناقضات ))و وەڕسکاوە و هاتووە و بەردەوام بوە و بەو سەرئەنجامەی گەیشتووە! .

**پ-زۆر جاران لەم بارەیەوە پێمان دەڵێین ، دەڵێ ی لە ((مەلیک )) مەلەکی ترن ! خاوەنی شۆڕشەکە خۆی بەو کوڵ ودڵەوە باسی شۆڕشەکە ناکات ؟**

**و+** کاکە کورد خاوەنی شۆڕشەکە بووە ، کورد سوتەمەنی و کەرەسەی شۆڕش بووە هەموو چین وتوێژاڵ و بیرکردنەودەستە دڵسۆز و شۆڕشگێرەکانیکورد بەشداری شۆڕشی بوون وهەر هەمووان پشکیان بە شۆڕشەوە بووە راستە ((بارزانی

)) رەحمەتی رۆڵی هەرە گرنگی هەبووە لە شۆڕشەکەدا و ((پارتی )) پێشڕەوایەتی کردووە ، بەڵام هەموان دەزانین ((بارزانی )) ئەو ڕۆژە تجسیدی خواستیکورد بووە ولە حیزبێک گەورە تر بووە ، ئەو رۆژە هی هەموو کورد بووە و حیزبایەتی لای ئەو گرنگێتی و اهتمامی دەرەجە دوی بووە  بۆیە بۆتە سەرۆک ، چۆن ئەو لە سەروک خێڵێکەوە تێ هەڵکشاوە بۆ سەرۆکایەتی حیزبێک ، ئاواش لەو باڵاتر بوە و لەبەر یەک کشاوەتەوە بۆ سەرۆکایەتی هەموو کورد  وانەبوایە هەر سەرۆک خێڵێک و مەلای کوێرە گوندێک دەبوو  ئەوەش بیەوێ لە بنەماڵەکەیدا یان حیزبێکدا ((حصری )) بکات و بیترنجێنێتە قاڵبێکەوە دوژمنایەتی ((متقن))ی راستیدەکات ئێمە ئەگەر بە شۆڕشی هەموو کورد و خۆمانی نەزانین و واش نەبێت راستە بەڵام ئێمە پێمان وایە شۆڕشەکە لە تاک و ڕێکخراوێک باڵاتر و فراوانتر بووەو ئەوانەی وەفادارن بۆ گیانی شۆرشگێڕایەتی و خوێنی شەهیدان و بەردەوامی رەوڕەوەی شۆڕشی میللی ، ئەوانەخاوەنی ڕاستەقینەی شۆرشەکەن ، ئەوانەی خواستی نەتەوە کەیان رەنگ پێ دەدەنەوە  لەبیر و هەڵوێست و ڕێباز یاندا ئەوانە بەروگری ئەیلولی مەزنن  بەشی هەموانیش دەکات و ((حکر)) ی کەسیش نیە ئەوانەی چەوتیش بیر دەکەنەوە سێ دەستەن :

**یەکەمیان** – ئەوانەی روو زەردی لای مێژوون  بێ رووزەرد کردنی حەفتا هەزار شەهیدی کورد و تێ بردنی شۆڕشی سێ زدە ساڵی مێژوویی کورد رەنگیان سوور نابێتەوە !!

**دووەمیان** – ئەوانەی ، بێ کەم بوونەوە و ریسواکردنی شۆڕشگێڕانی ئەیلول مقام و سەرۆکایەتی ئەوان ناچەسپێنێ و لێ یان قەبوڵ ناکرێت !

**سێ یەمیان** – ئەوانەن کە بەشدار و تانباری لایەنە هەرەدزێو و تاریکەکەی شۆرشەکەن و نرخی رەش کردنەوەو دزێو کردنی هەموو لایەنەکانی دیکە رووی سەر مەسرەحی ئیمرۆیان سپی نابێتەوە ، یان بەڕەش دیار بێت  هەر سێ دەستەکەش لە روانگەی زاتی و بەرژەوەندی گلاوی خۆیانەوە هەقیانە چ بڵێن  بەڵام لە دیدگای راستی و زانستی کوردەوە ئەو هەمەیان نی یە + لێ یان ناسەلمیندری  هەشن خەڵکی زۆردڵسۆز و بێ نیازو بریندار وزەربە خوارد وکە لە داخی دڵیان ، یان لەبەرکەوتنە تەوژمی گێرە شێوێنی و تەئسیری تیاری ئەو سێ دەستەیە بنیشتی ئەوان دەجونەوە ئەمانە ساویلکەیی ودڵسۆزیەکەیان پاساوی و بەهەڵە چویان دا دەدات

**پ-باسی لایەنی ((دزێو )) و ((تاریکی )) شۆرشەکەتان کرد  ئایا ئەمە عەیبداری ناکات و قسەی ئەوان بە راست ناگیرێ ؟ .**

**و+** نەخێر ! ئێمە نەمان وتووە و نالێین شۆڕشی هەرە بێ خەوش مەلائیکەتی ئەوانەی وا بە هەر شۆڕشێکی ئەم جیهانە دەڵین شایەرن و هێندەی ناحەزەکە لە ڕاستیەوە دوورن ، ئەوانە قسەی ناو کتێب و ئارایش دراون  شۆڕشێکی سروشتی و خۆرسکی و ڕەسەنی قولایی دەرونی کۆمەڵێک تیشک دانەوەی‌لایەنی چاک و خراپی کۆمەڵەکە دەبێت تناقچات و کەموو کورشیەکانی تێدا رەنگ دەداتەوە  خۆی شۆرش کارێکی مل ملانی یە بۆ بەلادا خستنی ئەو تناقچات وناتەواویانە  بەم پێیە هەر شۆڕشێک لە

لانی تاریک و دزێو خالێ نی یە ! خەڵکی بە پەرۆش و زانستی و دڵسۆز و کورد ئەوەیە ، دڵسۆزانە و علمیانە تەعامول لەگەڵ راستیەکاندا بکات لەم بارەیەوە ئێمە دەڵێین با ((مراجعە )) و بەسەرداچونەوە و تێرامانی شۆڕشەکە بۆ دوو مەبەستی خزمەتگوزاریانەبێت

**یەکەمیان:**  خۆ هەڵبواردن لە هەڵەو ناتەواویەکانی بەر لە خۆمان.

**دووەمیان:** قوول کردنەوەی و برەوپێدانی لایەنە ئیجابی و سەرکەوتوو و رۆشنەکانیان.

پێویستە هەر بەسەردا چوونەوەیەکی ، هەر تاقی کردنەوە و شۆڕشیێک بە شۆڕشی ئەیلولیشەوە ، بە نیازی ئەو دوو مەبەستەی سەرەوە بێت کە ئەمە بۆ ئیدی چ گومان و جۆرێک لە باس کردنی هیچ کەموکوریەک پەیدا نابێت و ترسی لە خۆبایی بونیش بە بەسەردا گوتنی لایەنە چاکەکانی  نایەتە پێش  شۆڕشی ئەیلول تازە لە (زمە ) ی مێژوودا بە راست تێ روانی سوودەکەی بۆ خۆمان دەبێت و چەوت کردنەوەش هەر لەسەر خۆمان دەکەوێت  ئێمە لەبەر خاتری راستی و رەوا و بۆبەرژەوەندی و سودی داهاتوی ئەم شینە دەکەین ، ئەگینا لە ((مەلیک )) مەلەکی ترنین و نابین و پێویستتتیشمان نی یە لەوانەیە لە بارێکی نائاگایی واشدا سوودی تایبەتی حیزبیشی تێدا نەبێت  بەڵام شەرەفلی راستی ورەوا و ئیلتیزام لەسەرو هەمووشتێکەوە دەبینین  بۆیە ورێنە و پلاری شەوکوێران دەرگای وێرای گوتنی راستیمان لەسەر داناخات.

**پ-درشتترین باری سەرنج ، یان هەڵەی شۆڕشی ئەیلوول چی بووە کە  پێویستە دووبارە نەبێتەوە؟**

**و+** بەلای منەوە شکستی شۆڕشەکە ، یان گەورەترین ناتەواوی لەوەدا دەبینم ، کە شۆرش پێویستە قوتابخانەی پیاو بێت سەرکردە و مرۆڤ شۆرشگێر دروست کەر بێت مرۆڤی شۆڕش دروست بکات کەسی خاوەن هەڵوێست و باوەڕ بە خۆبوو بێنێتە بەرهەم نەک مشەخۆر و چاولەدەست خڕکاتەوە و, ژمارە بخاتە پاڵ ژمارە خەڵکی جڵەو خۆش وخۆش روەوو بێ هەڵوێست و بێ شەخسەت لە رۆژانی تەنگانە و ناسک و پێویستدا بە چۆک دا دێی و وەک بەفری ئاخەلێوەی زستان خۆ بە ئەرزەوە ناگرن ، حیزب یان سەرکردە ، یا پێشرەو چەندە بەژنە باڵا و بەرچاو بە توانا و هەڵکەوتو بێت هەر پێویستی بە ((بدیل)) و چەندین ((بدیل )) هەیە پێویستی بە کەسانی زیبک و توکمە و پتەو هەیە ، توغیا نی کەسایەتی رابەر بەسەر کەسایەتی دەوروبەردا مەترسی بو مەسیرەی شۆڕشگێڕی پێش دێنی و وەکو هەڕەمێک دەردە چێت سەروبنی لەسەر لوتکەی وەستابێت کەمترین جوڵە ولاربونەوەی لوتکەی بە پشتا دێنێت دەبێ ئەو هەڕەمە لەسەر باری سروشتی خۆی بوەستێ و بڵندایەتی تروپکەکەی لەسەر بناغەی بەرین و توکمەی خوارتر و خوارتری وەستا بێت هەموو مەوقعێکی لوتکەیەکی خوار لوتکەی خۆی بێت کێشە وگرفت و نوقتەی زوعفی هەموو بزوتنەوە و شۆڕشێک لەمەوە هەڵقولاوە  لە هەموو شۆڕش وڕێکخراو وبزوتنەوەیەکی بەتریاکی و مەرکەزی زۆر خەست و تاک رەوی دا پاشە کشێ و شکستی دوای رابەر ناوەرۆک و مەبەست و ئامانجەکانی دەپوکێنێتەوە  گەورەترین خەسڵەت و بەرهەم و نیعمەتی دیموکراسی ئەوەیە ئەو رێکخراو وبزوتنەوەو شۆرشانە لەو راتڵەکاندن و رۆچون ودانە پاشە بە دور دەگرێت ئەگەر مەسیرەکەش بە هۆی نەمان و بەلاداکەوتنی رابەر ئەگەر خاویش بێتەوە ، بەڵام هەر بەردەوام دەبێت و زۆر نابات کە زەخمی پێشوی دەگرێتەوە  بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتە ((مانگا مرد ودۆ برا)) دەبێت شۆڕشی ئەیلولیش گەورەترین ناتەواوی وماکی هەموو کێشە و نەهامەتی و مەینەتیەکانی ئەو ((بێ پیاویە )) بووەئەوانەی بون چەندە بەرچاو و بەژنە باڵا ودیار و – بە رواڵەت قەبەو گران بوون ، تەنها داوڵ بوون و سێبەری رابەر ، ئەشکەوت بوون دەوریان دەنگ دانەوەی پێشرەو بووە ! خۆیان چ نەبوون  دەریش کەوت و باجەکەش درا لە ئازاری ١٩٧٥ دا کە بارزانی ووتی : هەرنەماڵی خۆ  تاکە یەک کەس لەو تاوسانەی سەر مەیدانەکە نەی ووت : نەء !!! تاکە یەک کەس نەبوو بێ ((بارزانی )) شت بێت

! تاکە یەک کگەسێ ئەژنۆی نەبوو ! تاکە یەک کەس یاخی نەبوو !تاکە یەک کەس نەبوو مل نەدات !!! ئینجا چ لزومە پاش نیشتنەوەی گەرداوەکە مەلەوانی ساختە شۆرت لەپێ کات و شۆڕشگێرایەتی و فلآنایەتی و فیسارایەتیمان پێ بفرۆشێ بڕیاری هەرەس پێ هێنان و هەڕن تا ئیمڕۆ گەورەترین تەلیسم ومەتەڵە ! با بڵێین وا نەبوو ، ئەدی خۆ سیحری لەم خەڵکە نەکرد بوو ؟! دیار بوو کەس نەبوو ئەگەر ئەو بریارە دروست نەبوبێت ئەگەر ئەمە هەڵەی کوشندەی شۆڕش بو بێت ئەگەر ئەمە هەرچی ناودەنێین وا بوو بێت بۆ سەری گرتوو رۆشت و چەسپا ؟؟! یان هەر بڕیار و سەرئەنجام و چارەنوسێکی خراپ و خراپ تریش هەر دەچەسپا ، چونکە نەبوو بلێ : نەء کەسی توکمە و ((بدیل)) وخاوەن کەسایەتی نەبوو ئەوەی هەبوو مشەخۆر بوو هەتا لەسەر مستەوای رێکخراوەکانیش بە ((کاژیک)) یشەوە دیارە مەبەست لەو سەرانەیە کە دەیان توانی گەرداوڵ نەبونایە و شت بونایە و ببونایە نەیان هێشتا یە سەر ئەنجامەکە وا بشکێتەوە ئەگینا دەیان هەزار پێشمەرگە و خەڵکی کورد بەگشتی چاوە چاوی سرتەیە ، ورتەیە ، دەنگێ ، رەنگێ بوون ، چاوەروانی ((مهدی المنتظر)) یێک بوون کە ئەصلا لە دایک نەبوو بوو بە درێژایی ئەو سێزدە ساڵە ئەمە کەلێنی گەورەی شۆرش بووە هۆی دیش زۆر زۆر لەوە زیاترن کە بدرێن بە ملی کەسێکدا ، یان بگێڕ درێتەوە بۆ تاکە هتۆیەک بۆ هێز هەیە بەر بەخۆربگیرێت ، ئەگەر سپێدەی بەیان دەرکەوت ، بەلآم کەسیش ناتوانێ لە نیوە شەودا هەڵی بێنێ ! لەمەش پتر روون کردنەوە و درێژە پێدن سوود بەخش نابێت و پێشم وایە بەس بێت بۆ قووڵ ترین ئیشارەت بۆ ئەو نەهامەتی یە و نەهامەتی تریش ئەگەر بنەبڕ نەکرابێت

**پ-وا دیارە ئەو ناتەواویە هەر وەکو خۆی مابێتەوە چونکە دوا رستەی قسەکە و ئەو ((ئەگەر)) ە خانەگومانە دروست دەکەن ؟!! .**

**و+** نا هەر نەمانی واقعی تاکە حیزبی و تاک رابەریی بەسەر هەڵدان و هاتنە مەیدانی چەند دەستەو رێکخراوێکی جوێ جوێ و پەیدا بوونی چەند کەسانێک و گۆڕانی بارەکە ئەم ناتەواوی و خانە گومانەی نەهێشتووە، بەلآم مەرج نی یە دروست و تەواو کون بر و بنەبری کرد بێت یان ئەصلآ ئەو کەرەسەیەی دروست کرد بێت من لەم خاڵەدا خۆش بیت دەبم ، قەیناکە !! بەس دەمێنێتەوە ئەوەی کە ((بدیل)) ی ئەو بارە یان چارەی ئەو ناتەواوی یە ((گەڕە لاوژێ و ((هەرکەس

بۆ خۆی )) و ((گەندە پیاو دروست بوون )) نی یە ! خۆ هەرچی سمێڵی سوور بوو هەمزاغا نی یە !؟ ئەگەر لەمەش گەرێم کەووتم پێویستە لە پێداچوونەوەی هەر تاقی کردنەوەیەکدا بە نیاز و مەبەستی خۆ هەڵبواردن لە ناتەواوی و کەم و کوریەکانی و قوول کردنەوەی لایەنە رۆشن و ئیجابیەکاندا ئێمە کونێ بگرین و حەفتا کون بەرەڵاکەین ! ئەوە دامان نا کونی گەورەترین ناتەواویمان پەستا بەس مەرج ئەوەیە دەلاقەی دیکە دروست نەکەین ! من بەش بە حاڵی خۆم لە زۆر روەوە پاشەکشێ ورۆچون دەبینم لە چاو ئەیلولدا وەک ئەوەی باری یەکێتی و یەکبوون و پتەوی ریزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی زۆر نشوستی هێناوە و رۆ چووە لە باری کۆمەڵایەتیدا پەیوەندیە گەندەڵ و کۆنەپەرست و دواکەوتووەکانی کۆمەڵایەتی وەکوخۆی ماوەتەوە ولە زۆر رووەوە دواکەوتوو تر بووە ئاغایەتی و بەگایەتی و کوێخایەتی و بنەماڵەیی و هەتا مەحسوبیەتیش کە هەندێکیان لە تەوژمی ئەیلوولدا خنکاوو بێ گیان بوو بوون ئیمرۆ زینو کراونەتەوە لەبەر (ئاغا وبەگ وکوێخا ی) تقدمی !! رێ بەر ناکەوێ !!! سەرباری پێ دزکە پێ کردنی هەموو جۆر و شێوە هەرە دزێوەکانی بێ ئەخلاقی سیاسی بۆ ناو ممارسە و پەیوەندی سەر ساحەکە !! بۆیە دەبێ مرۆ شتەکان وردەکاتەوە و هاشەو هەوشە و قرمەی ((دیعایە )) و گازندە و بانگاشە چاوی بەسەر واقعەکەدا پێ تەتەڵە نەکات جا کە واقعی تاکرەوی ، تاکە حیزبی ، دیکتاتۆریەت و چی ناو دەنێ ی نەماوە بەڵام لە شوێنیدا سەد قوزەڵقورتی تر شین بۆتەوە . تۆ سەرنج بدە جاران لە گوندێکدا یان ناوچەیەکدا (ئاغا) یەک خەڵکەکەی دەچەوسانەوە ، ئێستاش هەر ئەو ئاغایە ، یان بەچکە شێخێک یان کادرێک و عەریفێکی ((متبرجز)) بێ روحمانە تر دەی چەوسێننەوە ئینجا ((مختار)) ((پاشان سەرۆک جاش )) یێک بەولاترەوە ((منزەمەی بەعس )) هەڵکشێ بۆ دائیرەی ئەمن ، بەو لاترەوە ((جمعیەی فلاحی )) و((نقابە)) و الحاصل لە دەست شێرێک بەر دەبێت ودەمی گورگێ دەی قۆزێتەوە و لەو قوتاری بێت سەگێ لاقی دەگرێت و لە میشیان رزگاری بوو پشیلە یەک پێ ی دەوەرێ نەک بۆی بمیاوێنێ !! دەسەد خۆزگەی بە ((ئاغا )) سمێڵ سوورەکەی جارانی !! ئەمە بەراورد بکەو ((اعتراچات)) ی بێ سەر و پێ ی سەر شۆرشی ئەیلولیش بەرە بەر سەرنجی ورد و بە واقعەکەی بگرە تا بزانیت هاواری هەمانەی بۆشمان نی یە و مشتەکەی کۆڵەی کوتاوین !!

**پ-ئەم بێ پەروایی وسەراحەتەی بەرێزتان و حیزبمان دەردی عەرەب دەڵێ ((نشر غسیل الوسخ)) نابێت و زیان نادات ؟ .**

**و+**دیزە بەدەرخۆنە کاری ئەوانەیە کە دەیانەوێ کرِبن بەسەر واقعێکیی بۆگەنەوە سوودی ئەوانەی تێدایە کە لەو زەلکاوەدا مەلە دەکەن و بە قازانجی ئەوانە تەواو دەبێت کە ئەو بارەیان پێش هێناوە ، ئەگەر بە لێفە پێدادان و شاردنەوەو خۆ گێل کردن و ئەو واقعانە چاک دەبێت ، ئێمە ئامادەین نەک بن لی~َفەیان دەین بەڵکو پێشیان هەڵ دەڵێین فایدەی چی یە لە بری ، دەرمان تتلیاک بدەینە نەخۆش ؟ مارکس چ دوژمنایەتی لەگەڵ خوادا نەبووە ، بەلاَم لە باری سەرنجی خۆیەوەپێ ی وا بووە خەڵکەکەی پێ دەخافلێندرێ و بە وەعدەی ئەو دنیا ئەمە یانی لە دەست دەکەنەوە ساکارترین وسەرەتا ترین خەسڵەتی شۆڕشگێر قاوڵی کردنی چەوتی و ناراستی و ووتنی راستی یە ، ئەگەر لەسەر خۆشی داناوە ئێمە ((ئازایەتی ئەدەبی )) مان بە مەرجی ئەندامیەتی حیزب داناوە ئەمەش هەردەم هۆی پێشکەوتن و گەشەمان دەبێت وزانمی دڵسۆزی و بەردەوامی خزمەتمان دەبێت ئەوەمان لێبێتەوە دەبینە ژمارەیەکی ئاسایی سەر ژمارەکانی تری رێکخراوەکانی دیکە و لە ((پاسۆک )) ایەتی دەکەوین نەخۆش تا دەردی دەس نیشان نەکرێت ، چارەسەری چی دەکرێت ؟؟ خۆ نوشتەو ودوعاو حەت حەتۆکەی حەو دەرمانەماننی یە کەڵکی هەموو دەردو دویەک بگرێت !؟ پاشان ((نعامە )) کە سەربەژێر لمەوە دەکات و پاشوی بە دەرەوەیە کێ هەڵ دەخەڵەتێنی ودەخلاَفێنێ لە خۆی بەولاوە ؟ کاتێ دەزانی ڕاوکەرەکە زرمەی لە گازەرەی پشتی هەڵساندوە چ هەیە بڵێین ئاشکرای کەن ، دەری خەن ، قاوی لێ بدەن بانگ هەڵ بەن ئەوەی دۆستە و دڵسۆوە و پیاو چاکە با بە بە ئاگابێتە و خۆی چاکە ،ئەمە بە پەرۆشەوەبوونە ئەوەش ناپاکە و پەیکەری کردوە با رسوا بێت و دەمامکی لەسەر لاکەوێت ئەو ناتەواوی وکەم و کوریانەی هەن ، دوژمنان وداگیر کەران و ناحەزان نەک هەر درکی پێ دەکەن و چاکیدەزانن چونکە زوربەیان دەستکرد ودەست چنی خۆیانە بەڵکو رۆژ بە رۆژ قوڵیشی دەکەنەوە و ((توظیف )) یشی دەکەن بۆ مەبەستی گلاَوی خۆیان ئەوانن کە پەردە و لێفە و جاجمی بەسەردا دەکێشن تا کەس بە ئاگا نەیەتەوە و ، نەخۆشی و ناتەواویەکان سیرایەت بکێشێ و ((مزمن )) بێت و پاشان چاری نەکرێت ئەوەی لە وتنی راستی قاڵس دەبێت یان زیان دێنێ ، کەسانی ناپاک و نادڵسۆزن هەر بۆ ئەو قاڵس بوون و زیانە چاکن مەسەلەش رەخنەی دروستکەر وهەردەم ((بدیل )) مان

داوەوریَ و شوێنی چارەسەرمان دەست نیشان کردوە زۆر جارانیش خۆشمان خستوە ، هەر چ نەبیَ بۆ دروستکردنی گیانی ((باوەریە یەک بوون )) و ((حسن الظن )) .

**پ-بۆ کاژیک بووە( پاسۆک )؟**

**و+** ئەم پرسیارە بەو سیفەتە هەڵەیە یان ئەگەر وەکو دەڵێن هەموو پرسیارێک دەشێ بکرێت و سیفەی هەڵە نی یە وەڵامەکەی ئەوەیە کە ((کاژیک)) نەبۆتە (پاسۆک) دیارە ، مەبەستەکەت ئەوە نی یە و ئەو وەڵامەش روت ناشکێنێ لەوانەیە بوترێت بۆ ((کاژیک)) گۆڕا بۆ (پاسۆک) ؟ هەندیَ لە مەبەستەکەی تۆوە نێزیک بێت و لە واقعەکەش نێزیک ترە ئەگەر ئەم پرسیارەت بۆ ئەو مەبەستە کردوە وەڵامم هەیە ئەگینا خۆت پرسیارەکە بکەرەوە. بڵێ ، هەر ئەوەشم مەبەستە

چاکە ! بەس نەبێتە ((المعنی فی قلب الشاعر !)) یان پرسیارێکت بەسەردا بسەپێنم

کاژیک ئەو رێکخراوە نەتەوەییە بوو کە لە سەرەتای شەستەکاندا – کەم تا کورتێ – تەعبیری لە بیری نەتەوایەتی کورد دەکرد یان چاترە بڵێین چوار چێوەی کوردایەتی بوو بۆ یەکەم جار پاش دووەم جەنگی جیهانی کاژیک بوو کە بە ئاشکرا و گردەبڕ داوا رەوا و ئامانجە ستراتیژیەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی – بێ هیچ ترس و شەرم و لادان وخۆدان بە دەستەوەیەک – بڵند کردبۆوە پێش کاژیک جێ چۆڵی و بە تالاییەکی فیکری لە بزوتنەوەی سیاسی کوردی دا هەستی پێ دەکرا کە هەندیَ جار لە شێوەی مل ملانیَ یەکدا یان باڵ و ((تکتل)) ێک لە ((پارتی دیموکراتی کوردستان ))دا سەری هەڵ دەدا دیارە باری ئەو رۆژەی بزوتنەوەی سیاسی کوردی و نەگەیشتن و سازنەبونی زەمینە ((فرز)) وجیابونەوەی بیرە تێک ئالاوەکان رێگەی نەدەدا کە ئەو مڵ ملانیَ یە بەلادا بکە وێت یان ئەو جێ چۆڵیو بۆشایی یە پڕ بێتەوە کە پاش گەلاوێژی ١٩٨٥ لە کوردستانی باشوردا ئەو باروهەل مەرجە رەخسا بەڵام مل ملانیَ کەی نێو (پارتی ) لە هیچ بەرێکدا سانا پێ نەبوە ، بەڵکو وەزعێکی ((توفیق) ی و نێوەراست رەوێکی نەمەیوو هاتە پێش لێرەدا چ مەودای ئەوە نەما کە رێکخراوێکی نەتەوەیی سەرتاسەری نەرسکی بۆیە لە ساڵی ١٩٥٩ وە کۆمەڵی رۆشنبیر و کۆنە سیاسی کە سەریان نابوو بە یەکەوە بریاری دروست کردنی رێکخراوێکی وایان دا و کەوتنە ئەوەی بەرنامە و پرو گرامی بۆ دانێن و بێنە مەیدان و گۆڕەپانی سیاسەتی کوردیەوە کە لە ساڵی ١٩٦٠ دا رێکخراوەکە کەوتە چالاکی بەڵام کۆمەڵی هۆی

خودی و بابەتی بۆنە هۆی ئەوەی کە ئەو ڕێکخراوە نەتوانتێ ئەوەی لێ چاوەروان دەکرا و دەشیاو دەبوو وابێت و ئەو بەرنامە و ئەرکەی دیاری کرابوو و دەبوایە دەست بەکاربن بۆی سەدەیەکیشی نەیەتەدی و جێ بەجێ نەکرێت نەک تەنها وەکو پارتێکی سەرتاسەری نەی توانی ڕێکخستن و بونی خۆی لە بەر یەک بکێشێتەوە و لە واقعی ناوچەگەرێتی و دابەشی کوردستاندا تێ پەرێ وەکو دەوترێ لەقەفەزی شاری سلێمانی خۆی پێ قوتار نەکرا و لە قلیاسان بەولاوە هەنگـــاوی نەناوە من قسەم لەوە نی‌یە یەکێ دوان پەڕیونەتەوە ئەم شاری کوردستان یان ئەویان ، یا بۆ دەرمان لەم پارچەیە و ئەوی دیان کەسی دوانی کاژیک هەبوون !! بوونی هەر پارتێک بە چەندایەتی و چونایەتی تەئسیری لەسەر روداوەکان دەپێورێ و حسێب دەکرێت زەمانی بانگ لە کولەکەدان و خەیاڵی شاعیرانە و نەخشەی سەر کاغەز دەمێکە لە عالەمدا گۆڕی گوم بووە هۆی خودی وناخودیەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ :-

١- نەبوونی سەرکردایەتیەکی خۆتەرخانکەر و (متفرغ) بۆ کاری سیاسی و ڕاپەڕاندن و بەدوکەوتنی هەنگاووهەڵوێست و چالاکیە سیاسی و ڕێکخستنیەکان کە هۆی هەرە گەورەی دورکەوتنەوە ودابڕانی کاژیک بووە لە ئەرک وپێویستیەکانی ڕێم هەیە بڵێمکاژیک بێ سەر لە دایک بووە ، یان لەگەڵ بوونیدا سەری پەڕیوەو لە لاشەی دابڕاوە ! من پێم وایە هەر زوو بە زوو ئەم نەخۆشیەی کاژیک فرزەی لێ دەبرێ و لە ناوی دەبرد کاژیک دەپوکایەوە ، ئەگەر ئەو تێکەلاوبونەی ڕێکخراوێک بە ناوی ((پارتی گەلی کورد )) لە چەند کەسانێکی بێ فکر و لاواز لە رووی بیر و ئایدۆلۆژیەت و بەهیمەت و بزێو لە رووی عەمەلی و کارەوە تێکەڵاوی ، کاژیک بوون ، ئەمە هەندێ گورو ((زخم )) ی دانێ بە کورتیەکەی رۆحێکی بەبەردا کردنەوە ، بەڵام رۆحێک کە سەد جاران مەرگ لەو چاترە چونکە لە هەندێ روو و لایەنە وە ، هەندێ کار و چالاکیان زیانی گەیاندوە بە بیری نەتەوەایەتی و (انطباع) ێکی خەراپی سیاسی جێ هێشتووە بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ((کارێک)) بەو شەپلەلێدراوی و نیوە گیان وکەم و کوریشیەوە هەمیشە لە سەنگەری کوردایەتی و لە ریزەکانی پێشڕەوی خەباتی رەوای گەلە کەماندا بووە لاپەرەیەکی تاوانی میللی بەرانبەر کورد رەش نەکردۆتەوە و هەتا یەک (( پیت ) یشی لەم روەوە تۆمار نەکردون ئەوەی کردویەتی و هەموو کەم وکوڕی و ناتەواویەکانی وەکو حیزب زیانی بۆ خودی خۆی بووە خۆی پاش کەوتوە و رۆچوە و داوێتیە باریک و بنیشێ و پوکاندنەوە دەیان هەلی زێرین وزۆر لەباری لەدەست چووە

٢- کۆمەڵێ بۆچون و لادانی فیکری ، کە ئەم لایەنەمان ((رد الفعل)) ی روداوەکانی ئەو رۆژە بوە لەوانەیە لە رووی عملی یەوە هەندێ پاساو پۆزش هەبێت بەڵام لە رووی فیکری و فەلسەفی و زانستی یەوە ئەو بیانوانە قەبوڵ نی یە ، بۆیە نمونەی مەسەلەی ((ئەنتی مارکسیزمی)) زیانیزۆری لە کاژیک داوە ، کەئەمە گوایە ((رد الفعل)) ی مارکسیە کوردەکان بووە! بەلای منەوە ئەم جۆرە ((رد الفعل)) انە لە کورت بینیو بەرچاو لیڵی و سەرەوای و ساکاری و قووڵ نەبونەوە چەیدا دەبن و سەرهەڵ دەدەن تێکەڵ کردنی بیر و فەلسەفە و رێبازی هەر بیرو رێکخراوێک و بەندکردن و گرێ دانی بەکار و رەفتاری هەڵگرانی بیرێکی دیکەوە دەیخاتە خانەی ((سلبیەت )) فەرموو ئێستا پاسۆک مارکسی نی یە ، بەڵام لە هەمان کاتدا ((ئەنتی مارکسی )) یش نی یە ئێمە هەقمان نی یە بەسەر ئەم بیر و ئەو فەلسەفەیەوە کە هەڵگرانی چ دەکەن و یان هەتا اصلا بیرەکانیش لە رووی تیئوریەوە چ دەڵێن: ئێمە ئەوەی پێمانە و باوەڕمانە دەیڵێین جا لەوانەیە لە زۆر روو و جەمسەرەوە لەگەڵ ئەم یان ئەو دا یەک بگرێتەوە و لە هەندێ رووشەوە بەرەنگارو هەڵبەزێتەوە یان مەسەلەی دوژمنایەتی کردنی ئەو گەلانەی کوردیان پێوە بەستراوە کە ئەمە لە رووی ((تکتیک)ی

و سیاسیشەوە هەڵەی خۆکوژە و خۆوە تاق خستنەوەیە چ جای کە لە رووی فکریو فەلسەفی و عملی و زانستی یەوە ناراست وچەوتە من خۆم لە بڵاوکراوەیەکدا دیتومە نوسراوە ((عەرەبی تات )) ! جا ئەمە بە هەموو مەزهەبان گێلیەتی سیاسی و لادانی فیکری و چەوتێتی فەلسەفی و بێ هۆشی عەمەلی و کورت بینی زانستی یە ئەمە خۆکردنە ((دیزە)) یەکە ئاکامەکەی تۆپینی خۆی و زیانی خاوەنەکەیەتی ئەمانە و هەندێ شتی دیکە کە دور و نامۆن لە بیرو باوەڕی کوردایەتی رەسەن و تەنها هەڵچون و هەوا و هەوەسی زاتی و هەتا نەخۆشیشە هەر ئەم ناتەواویانە بووە کە لایەن و رووە هەرە گەش و پیرۆز و زانستیەکانی ((کاژیک)) ی وەکو بیریش داپۆشیوە و رەشیش کردۆتەوە بەمە فرسەتێکی بەلاشی داوەتە دەست ناحەزان و دوژمنانی ئەو بیرە و خزمەتێکی خۆرایی ناحەز و داوڵە سیاسیەکانی تری کردوە ، کە خۆیان هەزار و یەک کون و کەلەبەر ناتەواویان بووە بڕندەترین چەک بووە دراوەتە دەست دوژمنانی بۆ شەڕپێ کردنی و بەربەرەکانی زۆر دەرگا و مەیدان و بواری لەسەر داخستون و لەو قاقلە جنۆکە و قەپیلکە تەسکەی ترنجاندون

هۆ دەرەکیەکانیش بە کورتی دەگەڕێتەوە بۆ :

١- هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلول وهاتنە سەر مەسرەحی سیاسی کەسانێک بە ساختە ((کوردایەتی )) یان دەکردو بە ملیاندا کەوتبوو هەروەها ئەو (محاربە )) و دوژمنایەتیەی کاژیک کە لە لایەن هەندێ لە لێپرسراوانی شۆڕشەوە دەکراو تا گەیشتبوە رادەی ئەوەی لە ڕیزەکانی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانیشدا محارەبە بکرێن تازە شۆڕشگێر و تاوسەکانی سەر مەسرەحی کوردالیەتی ، بە هۆی شۆڕشەوە هەموو ناتەواویە سیاسی و فیکـــری و شەخصیەکانیشیان شیودراوە و بە چاکە و باشەش بۆیان شکاوەتەوە بەمە بەنی ((کاژیک ) هەندێ ((مبرر)) ی کەمتر بوو بوەوە خۆ ئەگەر ئەو هۆ خودی یانەی باسم کردن نەبونایە ئەوسا بەو شێوەیە ئەو ((مبرر)) ی بونەی لاواز نەدەبوو و دەیان توانی لە رووی فیکریەوە ساحەکە یان لە بن دەست دەربێنن ، چونکە شۆڕش خواست بروای ، ئەوان بوو نەک خاوەنەساختە و بەملداکەوتووەکانی دەردی دەڵێین: ((ماڵ لە خۆیدا نەبوو میوانیش رووی تێ کرد )) ئەگەر باری ساڵی ١٩٥٩ ، ١٩٦٠ ، ١٩٦١ بمایەو ئەو هۆ زاتیانە چارەربکرانایە کاژیک ئەو رۆژە ، خواست ویژدانی کورد دەبوو

٢) بوونی ((بـارزانـی)) رەحمەتی - لەو رۆژەدا - و پاشان لە سەرتاسەری شۆرشیدا تا ساڵی ١٩٧٥ ، وەکو رابەرێکی میللی مجسدی بزوتنەوەی کوردایەتی کە لەبەر چاوی دۆست ودوژمندا بە هۆی رابردوو ئەوسای خەباتی شۆرشگێرایەتی و سیاسی قورسایی ورەمزی بزوتنەوەکە بووە دیارە دەوری ((تاک)) یش لە کۆمەڵگای وەکو کوردا چەند جار و تا بەرامبەر دەور و قورسایی بیرو فەلسەفەیە بۆیە رەنگ و شەوقی کوردایەتی بەوەوە بوو ، جەماوەرەکە رابەرێکی دەناسی لەگەڵ کێدا بوایە تا پۆی کوردایەتی - لەبەرچاوی جەماوەر -لای ئەو دەبـوو هەر بۆیەش بووە ((پـارت)) ەکانی ئەو رۆژە لە خۆشی و خۆشەویستی ((بارزانی )) نا بەڵکو لەبەر ناو و ناوبانگەکەی و یان خۆیان و تەنی - بۆ ئیستغلال کردنی - لەگەڵ ئەو پەڕ و ئەم پەڕی جیاوازی و لێک نەچوونی هەڵکەوت و فیکر و بیرکردنەوە و رەفتاری لەگەڵیاندا ، هەر پێوەی نوسابوون و لێ ی نەدەبونەوە کە پاشان ((تناقظات )) ەکە گەیشتە شوێنێ یان ئەوانە پێ یان وا بوو خۆیان لە سێبەر و سایەی بارزانی - بۆ راستی ئەم بۆچوونە - ئەو کاتە و دواتریش دەری خست کە ((مجسمە )) یەکی ئەوەندە گەورە و لەبەر چاوە کەوا هەروا بە سانایی و بەقسەی ناو کتێب ناپوکێتەوە ، دیارە هۆی تریش زۆرن بەڵام ئەمانە دیاری ترین هۆکانی خودی و دەرەکی ، زاتی و مەوزوعی ئەو پێ نەگەیشتنی و پوکانەوەیەی کاژیک بوون کاژیک تا کۆتایی

ساڵی ١٩٧٣ هەروا بە شەپڵە لێدراوی مایەوە تا لە کۆتایی ئەو ساڵەدا کۆمەڵی کادر گورێکیان دایە ، بەڵام تازە کار لەوەدا نەمابوو کە بتوانرێ ئەو (درەنگە بە زووە ) دا رابگات هەر چەندە ئەگەر هەرەسی شۆڕشی ئەیلول تەنها ساڵێک دوا بکەوتایە ، یان ئەو کادرانە کەمێ پتر هێمن و بەتەجرەبە بونایە ، یان لەو گۆڕانە ساڵێ دوان پێش ئەو رۆژە رووی بدایە نەک تەنها سەر ئەنجامی کاژیک ، بەڵکو شۆڕش و بزوتنەوەکەش بە بارێکی تردا وەدەچەرخا بە دڵنیاییەوە دەڵێم مێژووی بزوتنەوەی کوردایەتی رێچکەیەکی زۆر پێشکەوتوو رۆشنتری دەگرت بەڵام چمان بە ئەگەرەوە داوە کورد وتوویەتی (ئەگەرمان چاند و نەڕوا )

که هەرەسی شۆڕشیش هات وەک چۆن هەموو شتێکی رادائاواش ((کاژیک ) ی راماڵی بەمە مەسەلەکە بەلادا کەوت و ((حسم)) بوو چونکە هەروا سانا نەبوو لە پاشخان و داروبەردی کاژیک رزگارمان بێت دەبوایە کارێکی زۆر بکرایە تا لەو گەندە وکەم و کوریانەی ناوەوە ودەرەوەی لەو ((انطباع )) و هەستە شێواوانەی –کە زوربەیان وا نەبوون - لەو تۆمەت و گازندانەی دوژمنانی –لە پێهشوشی و نەزانی و فرسەتی بەلاش دانە دەست دوژمن خۆی- بە حیزبمانەوە نوساندبوو ، لە ەو٨ەندێ مشەخۆر و پورتکاوو بێ کەڵک ، لە شێواز و هەڵکەوتی کیسەڵی و بەترياکی ، رزگار بوایە و پاک بوایەتەوە بە کورتیەکەی پێویستی بیناکردنەوەی سەر لەەبەری هەبوو کە هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و هاتنە پێشەوەی قۆناغێکی نوێی سەرجەمی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی باشوردا ئەو هەلەی ڕەخساند کە بە یەک هەنگاو و بە یەک جار لە هەموو لایەنی سلبی خۆ رزگار کەین هەر ئەو گۆڕانە بەو قووڵی و گردە بڕیەوە و لەبار هەل و مەرجەدا بەو کوتوپڕیەی – پاش شەش مانگان لە هەرەسەکە ئەوە دەردەخات کە ناوک وبنە تۆی ئەو گۆڕانە لە ویژدانی هاوبیرانی بەرچاو رون ودڵسۆز و پێشکەوتوی ، کاژیکی و کەسانی دیکەی نەتەوەییشدا هەبووە نیەت و خواست وخوازی گۆران و خۆنوێکردنەوە لە ناخنەوە هەبووە بۆیە دوای هەرەس هاوبیرانی ((پاسۆک)) لەوە بیریان کردەوە خۆگردکردنەوە و جارێکی دیکە بێنەوە مەیدانی خەباتی نەتەوایەتی و شۆرشگێری بەر لە هەموو شتێ ئەم گۆڕان و نوێ کردنەوە بەر چاو گیرابوو ئەم گۆڕانەش بە ((ئسولی ترین و یاسایی ترین )) شێوەو رێگەی گونجاوی هاتە دی بۆ ئەم مەبەستە گشت برسی زۆربەی هەرە زۆری هاوبیران کرا و سێ مانگان تەرخان بوو بۆ زەمینە خۆش کردن و باوەڕ پێ هێنان و باوەڕ پەیدا کردن لە لایەن سەرجەمی ئەو هاوبیرانەی شەرەفی ئەو نوێ

کردنەوەیان بووە ئەوەندەی لە بیرم بێت تەنها یەک هاوبیر کەمە ((تحفظ)) ێکی هەبوو ، ئەویش تەنها لە گۆڕینی ناوی حیزب و بەس بەڵگەکەش ڕێ تێ چوو و بەجێ بوو ، کە پێ ی وابوو لە بارێکی وا سەخت و دژواردا مەسەلەی گۆرینی ناو هەروا بە ئاسانی لە لایەن جەماوەرەوە ((استعاب )) ناکرێت ئەگەر گومانیش پەیدا نەکات !! یان چەسپاندتی ناو و ناوبانگ و شورەتی حیزب – بە ناوی تازەیەوە – کارێکی زۆر و وزەیەکی تەواوی دەوێ کە تا رادەیەک بەڵگەکەی بە جێ بوو بەڵام لەوە بەجێ تر و پێویست تر گۆرینەکە بوو چونکە ئەگەر تەنها لافیتە گۆڕین بوایە راست بوو ! بەڵام نوێ بوونەوە بوو بینای تازە و هەڵگێرانەوە و پێداچونەوە و راستکردنەوە و خستنە سەر و داشکان و گونجاندنی ناوەڕۆک و شێواز ، بیرو ڕێباز ، هەڵوێست و چەشمەندار بوو گۆرینێکی بنەڕەتی و نوێ کردنەوەیەکی قووڵ و ئەساسی بووە بۆیە لە یەکەم کۆنفرانسی حیزب دا لە ١١ ی ئەیلولی ١٩٧٥ دا بڕیاری یەکجاری و بەکۆمەڵ لەسەر نوێ بونەوەی حیزب درا و بە ناوی ((پارتی سۆشیالیستی نەتەوەیی کورد )) لەسەر بەرنامە و ڕێبازێکی نوێ کەوتینەوە چالاکی تا لە ١١ ی ئەیلولی ١٩٧٦ کە هەموو لایەن و جەمسەرەکانی ئەو گۆڕانە چەسپاو پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ و بەرنامەی ((بەرەی کوردستان )) ی و ڕێباز و هەڵوێست و سەرەتا بنەرەتیەکانی حیزب بریاری لەسەر درا و شێوە و قاڵبی دەستوری گرت و ناوی حیزبیش بە یەکجاری بووە ((پارتی سۆشیالیستی کورد )) کە کورت کراوەکەی ((پاسۆک)) ەو لەو رۆژەوە هەموو هەنگاوەکانی حیزب بەرە و تەرجەمەکردنی ئەو بیر وسیاسەت و ڕێباز و هەڵوێستانە هەنگاو و هەڵ دێنن کە شا سەرەتا و گەورەترین بنەمای گیان و زیندویەتی حیزب لە باوەری چەسپاو و نەگۆڕ بەخۆ نوێ کردنەوەی هەمیشەیی و بەردەوامە کە تاکە زامنی هەمیشە گەشە و فراژبوون و بەردەوامی حیزبمانە.

**پ -لە ئاستی گومانێکدا کە بێتە پێش کە ئەو گۆران وخۆنوێ کردنەوەیە ئەگەر لانی ((زاتی)) باوەر پێ بوونی تێدا بێت خاڵی نی یە لە تین و تاو و فشاری زروفەکەی ئەو رۆژە کە زیاتر ئەم گومانە لە ناوی حیزبەوە کە ((پارتی سۆشیالیستی کورد )) ەولە (سۆشیالیست ) ەکەیە وە هەڵدەستێ ، چونکە باری پاش هەرەس باوو مودێلێکی خۆ(سوورکردن)! و ناوی قەبە و بە خۆوە نان و بووە ؟ لەم بارەیەوە چ دەفەرموون ؟**

**و+** ئەگەر ئەم گومانە لە هەست و نەستی خۆتەوە سەری هەڵدابێت کە شتێکی رەوایە و با ئێمە دەرگای هیچ شتێکمان لە سەر کەس دانەخستبێ ، بەڵام دیسانەوە

پێشنیار دەکەم کە جارێکی دیکە بە (دەورێکی دیکەی کادران ) دا تێپەریتەوە  هاوبیر – گەورەترین نیعمەتی کە لەم قوتابخانە پیرۆزە دەستم کەوتبێ سەرباری سەدان نیعمەتی دیکە بە( (تواضع )) ی شۆڕشگێرانە وە (ئازایەتی ئەدەبی ) یە بۆیە پێش نیازەکەی بەریزتانم قەبووڵە ، بەڵام من زۆربەی ئەو پرسیارانەی دەیکەم بۆ زێدە رۆشنکردنەوەی لایەنە هەرە گەش و بە پێزەکانی بیروباوەر و ڕێبازی حیزبمانە من دەزانم حیزب فێری کردوم و وەک ژیانیش تێیدا ژیاوم، حیزبی ئێمە لەو حیزبە کلاسیکی و ژمارە سەر ژمارانەی باو نیە  شتێکی نوێ دینامیکی ((متفرد)) و بێ نمونە لە بازاری نەگۆڕاو و چەق بەستوو دەق بەستوا ندا هەروا ئاسان نی یە ئەودیوی زیندویەتی و نوێیایەتی و ((تفرد)) ی بدیترێ  بۆیە پرسیارەکەم کردەوە

وابێ چاکە ! منیش هەقمە  چونکە یەکەمین پرسیارتان ئەوەیە (علی ) کێ یە ؟! چ کارتان بە (علی ) یەوە داوە  ؟ (علی ) بێ پاسۆک سفرە  و ئەوە بزانن و بەسە دێمە سەر پرسیارەکەت و دەڵێم :

ئێمە لە سەرەتاوە بە توندی هەستمان بەوە کردوە کە نەک لە کۆمەڵگەی کوردەواری ، بەڵکو لە زۆربەی کۆمەڵگانی دنیاشدا زۆر جاران سیاسەت و حیزبایەتی ((احتراف)) بۆتە پیشە و شەرچاوەی رزق ورۆژو  هەر سەدان تێ کەوتن و لێک ترترازن ولێک هەڵبەزینەوەو کێشەو گرفتی زەۆربەی حیزبەکان لەم سەرچاوەیەوە سەری هەڵداوە تا بۆتە مەتەڵ  سەیرکە و سەرنج بدە هەموو کێشە و گرفت و شەری برا کوژی و سەنگەر بەندی ئەو چەند ساڵەی دوایی باڵەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لەسەر چی بوو ؟ چ دەکەیت بۆت ناچێتە سەر یەک تۆ بە خەیاڵ کابرایەکی ئوروپایی بێنە باری نەتەوەی کورد ، دوژمنەکانی ، داوا و داخوازیەکانی بزوتنەوەکە ، بەرنامە و پرۆگرامی حیزبەکان ، ریباز و شێوازی خەباتیانی بخەرە بەردەم  حەتمەن سەری دەسورمێ کە ئەدی بۆ نابنە یەک ؟! ئەم پتکە و دۆڵ بەشیە بۆ ؟! بێ ی بلێ : لە بێ خەبەران کەشکەک سڵاوات ! کوڕە ئەوە دەست دار دەپیاو بێ دەست تەماشای دەکات !! کەس ژیان بە کەسی دیکە ڕەوا نابینێ  و راوە یەکتری یە ؟ هەرگیز ناتوانێ قەناعەتی پێ بکەیت و لەوانەشە پێ ی وابێت گەپ جاری پێ دەکەیت ! بەڵام کە پەلت گرتوو هێناتە کوردستان و دۆسیە و فایلی سەرەکانی بزوتنەوەکەت خستە پێش و دکتۆرێکی نەفسیش چەند ((جلسە)) یەکی بۆ گرتن ، تێ دەگات گەپ جارنی یە و شێت خانەش نا !! دەزانێ مەسەلەی پێشکەوتوو پاشکەوتوو  راست و چەپ داد و نارەوایەتی خیانەت و شۆرشگێری

نی یە  مەسەلەکە دوژمنایەتی عەشائری و کۆنە قینی و مقام تەڵەبی و شەڕە کورسی و شەڕە (ڕابەرایەتی) یە و بەس  ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان بێ منەت بووین لەو شتانەدا  چاومان لەوە تەبووە چ بڵێین و چ بکەین ، دڵی چەند رادەگرین و چەند بەلای خۆماندا دەکێشین ، مزاجی پرتەقاڵی فلانە ئەفەندی چ هەڵدەگرێت و جارێکی سست و شێواوە چۆن ئیستغلال دەکرێت یان هونەری‌ە جەماوەر فریودان وگەمە بە هەست و نەستی چۆن دەبێت ، ئێمە ویستومانە ودەمانەوێ خوا لێ مان نەگۆرێ و خۆمان بە ((پاسۆک )) ی بێڵێتەوە ، ئەوەی باوەرمان پێ یە و بەراست و بەرژەوەندی نەتەوەکە و جووت بووی راستی و زانستی دەزانین ئەوە دەڵێن و دەکەین .

ئێمە دەمانەوێ تیشک دانـەوەی ، خواست ویستی جەماوەر بین ، دەمانەوێ رەنگ بە بیرو هەستی زەحمەتکێشانی کورد بدەینەوە و شایەتیی مێژووی کورد بین ، بۆیە چۆن لەئیسلامدا سەرەتایەک هەیە دەڵێ ((لاطاعه لمخلوق فی معصیه الخالق )) ئـاواش چ شتێ دژی راستی و زانست و کوردایەتی و ((منطق)) ی مێژوو و خواستی جەماوەر لای ئێمە پەیدا نابێت جا با هەر – ناحەزان – واتەنی مەنجەڵە یاپراخەکە بین!! بابزانین گا گەلی ئەوان مل بە کوێ وە دەنێ ؟!! ئێمە حیزبایەتی بۆ ئەوە ناکەین کە ناوێک بین لەناو ناواندا ، یان لەبەر ئەوەی لەسەرەوە جێگامان دەست ناکەوێ لەسەر پێلاوانیش دانانیشین بۆیە حیزبێک بۆ خۆمان پێک دێنین ودەبینە سەرکردە !! ئێمە (خصوصیات) ی تایبەتی خۆمان هەیە کە ڕەنگ و بۆو تایبەتکارری خۆمان دەردەخات بێ ئەو (خصوصیەتە ) لە حیزب دەکەوین و پێویستی بونمان نامێنێ ، ئێمە لە کاتێکدا کە باوەڕی نەگۆڕ و هەڵقوڵاوی قووڵ ترین بڕوا و سەرەتای کوردایەتی و حیزبمان ئەوەیە کە ئاسودەیی و بەختەوەری مرۆڤی کورد مەبەست و ئامانجی هەرە باڵا و پیرۆزمانە ((کوردستانێکی ئازاد)) مان بۆ بەختەوەری و ئاسودەیی (کورد) گەرەکە بەختەوەری و ئاسودەیی جەماوەریش تەنها لە ((کوردستانێکی ئازاد ))دا ئیمکانی پەیدابوونی هەیە  حیزبمان ئامانجی سیاسی و یان کۆمەڵایەتی نی یە ، حیزبی ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ودوو ئامانجەکەش پێکەڵ پێکی یەکن  لە فەرهەنگی ئێمەدا جودایە و لامان وایە ئەوەی بە تەنها ((کوردستانێکی ئازاد )) ؟ ی دەوێت بۆ ئەوەیەتی خۆی حوکم ڕان بێت و لە شوێنی فلان داگیرکەر و فیسارە چەوسێنەر ، فلانی سەرکردە ودوم راست وکوێخا بێت ئەوەش پێی وایە ئاسودەیی جەماوەر و رزگاری زەحمەتکێشانی دیکەی هەر

چوار چێوەیەکی دیدا جگە لە ((کوردستانێکی ئازاد )) دا دەست دەخرێ ، ئاو لە دنگەدا دەکوتێ ، بەدوی (سێبەری منارە و تۆزێ مێشولە ) دا وێڵە ! بۆیە دروشمی حیزبمان ((کوردستانێکی ئازاد )) و((گەلێکی یەکسان )) ەو((یەکسانی)) حیزبمان و باوەڕمان بە سۆسیالیزم و دادی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوە چی کەم نی یە لە باوەڕمان بە ((ئازادی کوردستان )) بەڵگەی دندان شکێن و رەت کردنەوەی هەر گومانێکی لەم بارەیەوە قوڵ تێ رامانی پاسۆک و بیروباوەڕەکەیەتی.

ئێمە لەکاتێکدا کە ناوی حیزبمان بە شانازیەوە و لە باوەر و بڕواوە (سۆشیالیست) ی هەڵگرتووە ، لە هەمان کاتدا مەرجێکی ئەندامێتی حیزبمان ئەوەیە ( کە بەمانای فراوانی خواناسین بێت – ملحد – نەبێت ) کە ئەم خاڵە ئەو پەڕی پتەوی و تۆکمەیی حیزبمان دەردەخات بەرانبەر تەیارات و سێڵاوی لێڵی و بار و مۆدێلات لە کاتێکدا کە ئێمە یەکەمین حیزبێکین لایەنی رۆحی و دەروونی و ئەخلاقی مرۆڤ و گردەبڕی و بێ ترسە دەچەسپێنین. لەوانەیە ئەمە چەند مێردمنداڵێکی سەراو بیرێکی سادە و شلک و بن بۆشمان لە دەست بدات یان ((اعتراض)) ی چەند نیمچە خوێندەوارێکی بێ پاش خان و ساکار و پشوو سواری نەزانمان لەبەردەم قوت بێتەوە ! بەڵام حیزبی ئێمەلە پۆڵایە بۆیە بەردەخڕەکەی منداڵانەی ئەوانە چ تین و تەئسیرێکی نابێت.

**پ-چ ناکۆکی و نەگونجانێک دەبینن لە نێوان هەڵکەوتی نەتەوەییانە و سەرتاسەری ڕێکخستن و گۆڕەپانی خەباتی حیزبمان و ئەو قورسایی هاویشتنە سەر کوردستانی باشوور و هاوپەیمانە عێراقیەکان ؟؟**

**و+** مەسافەی هەزار میل هەر بە هەنگاوی دەست پێ دەکات وەکو پەندە چینیەکە دەڵێت ، مەسەلەی قورسایی و بەر چاوی مان لە کوردستانی باشووردا دەگەرێتەوە بۆ کۆمەلێ هۆ و هۆکاری زاتی و مەوزوعی حیزبیش و نەتەوەکەشمانە لەگەڵ ئەوەشدا لە رووی رێکخستن و ((عملی )) یشەوە ئەوەندەی بۆمان کرابێت و پێمان هەڵسا بێت بە پێویستی حیزبی و ئەرکی میللی سەرتاسەریشمان هەڵساوین باوەریشمان بە هاوکاری و گرێ دانی بزوتنەوەیرزگاریخوازی کورد بە بزووتنەوەی دیموکراسی و نیشتمانی ی ناوچەکە و دنیاش هەیە و مەرجێکی گرنگی سەرکەوتنی خەباتی ڕەوای میلیمانە هەموو ئەمانەلە جوغزو چوارچێوەی تاکتیکی بزوتنەوەی کوردایەنیدا ، نەک

چ ناكۆكی و نەگونجانێكی تێدا نی یە بەڵكو ئەو پەڕی ((توافق)) و چونەوە سەریەكە گرنگ ئەوەیە ئاگاداری ،( افراط و تغریط) بین لەم مەسەلەیەدا و بەرژەوەندی كورت تەمەن و بەرچاو مەبەست و بەرژەوەندی دوور و بنەڕەتیان لەدەست دەرنەیەنێ خۆی نەك ئێمە بە تەنیا هەموو باڵەكانی بزوتنەوەی كوردایەتی بەرە و ئەو هەڵكەوتەی ئێمە شەقاو هەڵدەگرن و ئەگەر مەسەلەی بەرژەوەندی تەسكی حیزبایەتی لێگەرێت (واقع) ەكە هاواری ئەوەیەتی هەر دەبێت بەرەو ئەو بارە ئاساییەی رێگە بگرێت ، چونكە بزوتنەوەی رزگاریخوازی كورد یەكەیەكی(وحدە) یەكی سەربەخۆ و چەند ئەڵقەیەكی نەپساوەیە و بێ جێ بەجێ كردنی ئەم یەكەم ئەركی میللی یە مەسەلەی گرێ دانی بزوتنەوەكە بە ناوچەكە و جیهانیشەوە ئیمكانی نی یە ، ئێمە لەو بازدانە بەسەر واقعەدا ناگەین ئەوەش بازبدات خۆی لە حاڵتی ئیفلاسی و نەماندا دەبینێتەوە كە مەسەلەش هاتە سەر چەند و چۆنایەتی ئەندازەو شێوە ی بە دیهێنان و جێ بەجێ كردنی ئەم ئەركە باس وخواس هەڵدەگرێت ئەگینا یەك پارچەكی بزوتنەوەی كوردایەتی لە حوكمی (مفروغ منه) دایە .

**پ-مەسەلەی ((دیموكراسی )) لە دیدگای حیزبمانەوە چۆنە ؟!**

**و+**دیموكراسی بەلای ئێمەوە پارێزگاری و رێزگرتنی و ویستی كۆمەڵ دا دەرفەت و هەلی چۆن یەك ڕەخسانە بۆ هەموو تاكەكانی كۆمەڵ بەرنەگرتن و زەوت نەكردنی هیچ مافێكی مرۆڤە دیارە چەندە بەڕەڵایی وكەس بەكەس دزیوە ناجۆرە ، سنور بەندی و خەت كێشان بە دەوری ویست ورەواتو بیرو مافەكانی تاكیشدا بەهەر بیانویەك بێت ، ئەوەندە تاقۆڵا و نادروستە بە هانای ((الغاء)) كردنی خوازی هەر مرۆڤێك كە لە چوارچێوەی خواز و ویستی كۆمەڵ بە دەر نەبێت لە دیدگای ئێمەوە حیلە شەرعی گۆڕەوشار دانی مرۆڤایەنی مرۆڤە ، كە ریسوا ومدانە لای ئێمە تاكە زامنی لەنگەر ڕاگرتنی ماف وخوازی مرۆڤ لە گەل بەرژەوەندی كۆمەڵدا ئەوەیە كە جەماوەر لە ئاستو هەڵكەوتێكدا خۆی لێ نەكاتە ((وصی)) و ردێن سپی واتە كەس و هیچ كۆڕ و كۆمەڵێك نەبێتە ((بدیل)) ی جەماوەرەكە. لەوانەیە هەندێ جار ((وصایە)) و مەركەزیەت و ناچاركردن ، دەستكەوتی كاتی و بەرچەوەندی كەم تەمەن بۆ جەماوەرەكە دەست بخات ، بەڵام هەمیشە و هەردەم دەقات و سەد قاتی لێ دەردێتەوە وەكو دەڵێن وەكو ئەوە وایە ئێمرۆ دەنكێ ترێ ی بدەیتێ سبەی كوپە یە ترشیاتی لێ دەردەهێنێتەوە !!

**پ-کەواتە مەسەلەی(( پێشرەوایەتی ))چۆن دەبێت ؟!**

**و+** ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە کە لە سەرەتای نویَ بونەوەی حیزبمانە وە لە چەندین شوێن و مناسەبەتدا پەنجەی خراوەتە سەر خاڵی لاواز / نوقتەی زوعفی هەرە گەورەی هەموو ئەو کۆڕ وکۆمەڵە شۆڕشگێر و پێشرەوانە بوو ، کە پاشان بەرەو دیکتاتۆریەتی خزاندونی ! گومان لەوەدا نیە وەکو یاساو دەستورێکی ژیانی کۆمەڵایەتی ، بە تایبەتی لەم سەردەمانەدا تاکیکی هەڵکەوتو و یان کۆمەڵێک دەتوانیَ بڕوا ومتمانەی جەماوەرەکەی دەست گیر بێت ئەویش بە ((عملیە )) یەکی زۆر ئاسایی و راستی کە دروست ئەو شەرەفی پێشرەوایەتی و رابەرایەتیە هەڵبگرێت ئەمەش لە پێویستیەکانی ژیان و رابەرایەتیە هەڵبگرێت ئەمەش لە پێویستیەکانی ژیان و خەباتە کەلێنەکە لەوێوە تێی دەکەویَ و درزدەبات کە ئەو تاکە یان کۆمەڵەیە بە هتۆی ئەو باوەڕ و متمانەی جەماوەرەوە بەرە بەرە ببێتە ، یان خۆی بکاتە (بدیل) ی جەماوەرەکە و لەوەش هەڵدەکشیَ بۆ ((وصـــی)) و ((قیم)) لەسەر جەماوەرەکە کە ئەوسا لەبری ئەوەی خزمەتکار و خزمەتگوزاری جەماوەر بێت بەو ئیعتبارەی جەماوەرەکە بوون و دەسەلاتێتی جەماوەرەکە دەبێتە کەرەسە و ئامرازی ویست و خواستەکانی ئەو ، مرۆکە هەستی بیَ منەت و بیَ نیازە گومڕا دەبێت خودا لە قورئاندا زۆر بە قوولی و گڕدەبڕی ئەم لایەنی گومڕایی و لە خۆبایی بوونەی دەست نیشان کردووەکە دەفەرمویَ ((ان الانسان لیطغی لما راە استغنی)) ئەمە دەردی کوشندەی هەموو پێشڕەوایەتیەکە و سەرچاوەی دیکتاتۆریەتە بەناو گەلی عقائیدیەکانە بۆیە دەبیَ هەمیشە جەماوەر لەسەر بار و لە ئاستێکدا بێت کە ((پێشرەو )) ی خۆی دیاری بکات ، لیَ ی بخات و لیَ ی بپرسێتەوە.

بۆ ئەوەی ئەو گومڕای و (طغیان )) ەی قورئان باسی لێوە دەکات پەیدا نەبێت دەبیَ چ تاک و چ کۆمەڵ هەست بەوە بکات کە بیَ منەت نی یە نیازمەندی ڕاو لەسەر بوونی جەماوەر ، پێشڕەوایەتی و رابەرایەتیەکی بەندە بە قایل بوون و ڕا لەسەر نەبوونی جەماوەرەکە وە لەو شوێنەدا کە تاک یان کۆمەڵێک هەستی کرد چ نیازی بە کەس نەماوە هەر چی یەک بێت و هەرچۆنیَ بێت مل بە دیکتاتۆریەتەوە دەنیَ هەرچی بزوتنەوەی دیموکراسی و شۆڕشگێڕی و میللی هەیە بەرچاوی خەو سەرەنجی بدە بزانە چۆن لە سەرەتاوە بە ڕاستی و بەتەواوەتی و جەماوەری پێشرەو بووە کە لە شۆرشگێر و رابەرەکانی ئەم دنیایە بینە هۆشی خۆت کە چۆن سەردەمانێک لە ریزی پێشەوە بوون و تەعبیریان لە خواست و ویژدانی ئەو

جەماوەرە کردوە  پاش سەرکەوتنی ، پاش پێ نیاز بوون لە جەماوەر پاش ساغ بوونەوە و خۆداکوتاندن بونەتە مێمل و مێردەزمەی سەر کۆڵە سنگی جەماوەرەکە چۆن لە ژێر چارشێو و دروشم و گوزارە و بەهانەی لاواز و قرچۆکدا جەهەنەمیان بۆ جەماوەرەکەیان داخستوە و پێ یان وتوون لەم بەهەشتەدا قەراربگرن ، هــەر کەسێکیش هاوارێکی لێ هەستێ بە تۆمەت و تاوانی ناپاکی و نمەک بە حەرامی و تێک دان و (دژ بە گەل !!) سەرکوت دەکرێت  ئەمە سەر ئەنجام و قەدەری هەموو بزوتنەوە شۆرشگێریەکان بووە  دیاریشە کە سەرچاوەکەی لە بێ نیازبوون لە جەماوەرەوە هەڵدەقوڵێ.

ئێمەی کورد گەر بمانەوێ سود لە تاقی کردنەوەکانی خۆمان و جیهانی وەرگرین بەوە نابێت لاپەڕەی زەرد وسوور و کەسک لەبەر بکەین و قسەی قوت قوت کاوێژ بکەیتەوە ! ئەمە مەیدانی هەرە رەسەن و راستی و زانستیە با لێستاوە هەموولایەکمان بیر لەوە بکەینەوە هەر لە سەرەتا و لێستاوە بەر بەو چارەنوسە بگرین ، ئەوەش تەنها بەوە دەبێت کە جەماوەرە کەمان وا پەروەردە بکەین و فێر بکەین بڵێ (نەء) هەر کەسێکیش کە پێی وترا (نەء) لە شوێنی خۆیدا بوەستێ بالێستاوە دیکتاتۆریەت تۆبر کەین و ناوکی خۆسەپاندن و گومڕایی گورەوشار دەبن  دوو مەترسی گەورە لەبەردەم دوو بزوتنەوەدایە :

یەکەمیان:  هەموو بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرە و جەماوەری و دیموکراسی لە قۆناغی پاش سەرکەوتن لە بەردەم مەترسی ڕۆچون دایە بە لای (دیکتاتۆریەت ) دا هیچ بزوتنەوەیەکیش لەم مەترسیە رزگاری نەبوە مەگەر لە سەرەتاوە رێگەی ئەوەی بریبێتەوە ، ئەویش بەوە بوە ودەبێت کە جەماوەرەکە بتوانێ تاپۆی (پێشڕەوایەتی ) لەهەر کەسەو لایەک بیەوێ بیسەنێتەوە .

دووەمیان: هەموو بزووتنەوەیەکی رزگاریخزازی و نەتەوەیی لەبەردوم مەترسی ی لادان دایە بەرەو (فاشیزمی ) ! مەگەر تونیبێتی و بتوانێ لەگەڵ مەرجی چاو لەدەست بوونی هەمیشەیی جەماوەر ، مەسەلە ئامانجە کۆمەڵایەتیەکان ئاوێتەی مەسەلە سیاسیەکە بکات و هەر لە سەرەتاشەوە گرێ بەندی بکات بە دیموکراسیەتەوە  ئەم باسە هەڵدەگرێت وپتر شیکرێتەوە وروون کرێتەوەبەڵام ئەم  سەرە داوانە بۆ هۆشی کراوەی دڵسۆز و پایەبەند بە ڕاستی زانستی یەوە بەسن بۆ بەدوکەوتن و وردکردنەوە و بردنەوە سەریەکی مەسەلەکان . بام بابەتەکە زۆر نوێ بێت و لەمەوبەر کەس پێشبینی ئەم مەترسیەی

نەکردبێت یان وێڕای گوتنی نەبوبێت ، چونکە پزیشکەکەی هەموان دەگرێتەوە بە ئاخێوەرەکەشەوە بەڵام ئەوەندە راستیەتی بەرچاو و ڕوونەکە سەیرم لێ دێت بەو جۆرە چاوی سەرنجی لێ هەڵدەبەزێتەوە ، یان گرنگی پێ نەدراوە هەرگیزیش ئەوە ناسەلمێندرێ کە (کەی ئەمە کێشەی ئیمرۆمانە !؟) یان ( کە کاتی هات خۆی چاک دەبێت ) !!! چونکوە ئەم مەسەلەیە چەق ومەرکەزی هەموو مەسەلەکانی دیکەیە و ئەوەی بێ بەرچاوگرتنی ئەمە هەنگاو بنێ وەکو ئەوەوایە بینای ماڵی لەسەر بەرمیلی باروتی ((توقیت )) کراو و هەڵچنێ وایە ، کەو پاشان مایەکەی دەبێتە مایەی پیاز فرۆش

**پ-حیزبی ئێمە لەم بارەیەوە چ ((احتیاطیکی)) کردوە ؟**

**و+** هەست پێکردن و زانین ودەست نیشان کردنی هەر مەسەلە یەک و دەربڕین و قاو لێ کردنی و پاشان ویست و خوازی پەیرەو کردنی نیشانە و بەڵگە و زامنی ئەوەن کە ئەم مەسەلەیە تێناپەرێ و کاری بۆ دەکرێت لە رووی عەمەلیەوە ، ئێمە لە هەموو دەرفەتێکیهەڵکەوتو و شوێنی خۆیدا باسمان کردوە یەکێکە لەو شتانەی هاوبیران مان پێ گۆش کردوە بۆتە مەسەلەیەکی بنەڕەتی لە بیروکارماندا باوەڕی نەگۆڕو بنجیمان بە دیموکراتی و جەماوەر و مرۆڤ کە بەردی بناغەی بیرو فەلسەفە و ئایدولوجیەتی حیزبمانە ، کە هەر لە پرۆگرامەوە تا شادەمارەکان و سەرجەمی بڵاوکراوە و مەجالاتی رۆشنبیری و رۆشن کردنەوەی هاوبیرانمان دروشمەکانی ((جەماوەر سەرچاوەی بوون ودەسەڵاتە ))(( مرۆڤ تاکە عامیلی ئیجابی یە لەســەر

گوێ زەوی)) هتد لە تەک ئەو ئاوێتە کردنەوەی ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان هەر لە دروشمی سەرەکی حیزبماندا کە ((کوردستانێکی ئازاد وگەلێکی یەکسان )) ە تا ڕەفتار و هەڵس وکەوت و بیرو ڕامان نەک هەر لە ((احتیاط)) تێپەریوە ، بەڵکو بۆتە چۆن دەڵێین ((مەسەلەی مەسەلەکان )) و چەقی بیرو خەباتمان ، خۆزیا یەک لە سەدی ئەوەی ئێمە گرنگی پێ بدرایە لە باوەڕ وقەناعەتەوە بووترانایە – بوڕاوە ژیشکی جەماوەر نەبوایە – لە ڕفتارو کاری ڕۆژانە و رەوشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا ڕەنگی پێبدرایەتەوە ، نە ڕۆژمان بەمە دەگەیشت و نەئەوە حاڵمان دەبوو و نە ئەو مەترسیەش دڵە راوکێ ی پێدەکردین .

# قوتابخانەی پاسۆک

**کوردستانە ئازیزەکەم...**

مەڵبەند و سەرچاوەی ژیان و بوون و عیشقمان . خاکی دلێرانەی سەرکەش و باڵا سەروان. وڵاتی خوێن و بەفر و ئاگر چوارپارچەی دڵی دابەشکراومان. ئەی وڵاتی داگیرکراوی ژێردەستەی شۆڕەسوارانی ئاسیا.

چەندوچۆنت پێدا هەڵبڵێین هێشتا تۆ لەو هەقی ئەو خۆشەویستی و سۆزە کپکراوە دەم ئاخنراوەمان بۆ ناکرێتەوە... وشەی پیرۆز و تۆقێنەرت چەند تیری سەر دڵی دوژمنانتە هێندەش گورچکبڕی سپڵەکانە.. ساڵانی سەخت و ناخۆشی دەبوایە بانگی هەقی خۆشەویستی تۆمان لە کولەکەدا بدایە. گێلە نەفرەتلێکراوە بیر سەقەتبووەکان لاقیان دەفرتین.

دەمانزانی هەموو کەسێ وڵاتی خۆی هێندەی ئێمە خۆش دەوێت. دەشمانزانی ئەو خۆشەویستییە لەکەس بە عەیب نەگیراوە نان هەر لای شوان بەقەدرە، چونکە لەهەر کەسی دیکە بەزەحمەتتر چنگی دەکەوێ، بۆیە بەسەر دڵیەوەیەتی. کە تا ئیمڕۆ بە هەستی شوانیەتی ئێمە دەرفەت نەدراوە بۆ هەر مەبەستێک بێت وەکو پێویست لێمان نەسەلمێندراوە.. لەم وانەیەدا نموونەیەک لەو هەستی پاکی خۆشەویستی و عەشقی میللییە دەخەینە بەرچاوان، نەک بۆ ئەوەی خۆشەویستی و عەشقی کوردستانمان لێ بسەلمێنن، بەڵکو بۆئەوەی لە بەرانبەر خۆشەویستی کەسێکی تردا خەجاڵەت بن. بۆئەوەیە بزانن خۆشەویستی نیشتمان تاکە ڕوومەتی/ شەرەفی مرۆڤە.

ڕەسوڵ حەمزەتۆڤ، شاعیر و نووسەری ناوداری سۆڤیەتییە کە بە زمانی ئاڤاری « ئەو زمانەی تەنها ١٧٠/٠٠٠ هەزار کەس قسەی پێدەکەن» دەنووسێ! لەگەڵ ئەمەشدا خەڵاتی « لینین» ی وەرگرتووە و نازناوی شاعیری گەلی داغستانی پێدراوە.

با بزانین ئەم پیاوە مەزنە، دەربارەی« داغستان» ەکەی خۆی چ دەنووسێ.

ڕەسولی حەمزەتۆڤ دەڵێ:

داغستانەکەم !! لەگەڵ چیدا بەراوردت بکەم؟ چ وێنەیەک بدۆزمەوە بیروڕای خۆمی دەربارەی مێژوو و چارەنووسی تۆ پێدەببڕم؟ ڕەنگە پاشان وشەی جوانتر و گونجاوترم بۆ بێت، بەڵام ئەمڕۆ دەڵێم: پەنجەرەیەکی بچکۆلەیە و بەسەر

ئۆقیانووسی فراوانی دنیادا دەڕوانێ. یا بەشێوەیەکی کورتتر : پەنجەرەیەکی بچکۆلەیە بەسەر ئۆقیانووسێکی گەورەوە.

لای ڕەسوڵ ئەرکی هەرە مەزنی مرۆڤ نەتەوایەتییەکەیەتی، بۆیە دەڵێ: پیاو دەبێ لە سەرەتای لاوییەوە وا تێبگا کە بۆ ئەوە هاتۆتە دنیاوە ببێ بە نوێنەری گەلەکەی و دەبێ بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە و دەورەش پەروەردە بکرێ و پێ بگەیەنرێ...

پیاو ناو و تەپلە و چەکی پێدەدرێ لەناو بێشکەوە فێری گۆرانی زگماگ دەکرێ...

چارەنووس بمباتە هەر وڵاتێک من خۆم بەنوێنەری ئەو خاک وشاخ وگوندە دەزانم کە یەکەمجار لەوێ فێری ئەسپ زینکردن بووم. لەهەرکوێ بم خۆم بە پەیامنێری داغستانەکەم دادەنێم. بۆیە ڕوو دەکاتە داغستانەکەی و دەڵێتەوە:

هۆ گوندەکەم! شاخەکەم! داغستانەکەم!.

ئێوە هێلانەی بیر وهەست و ئاواتی منن. لەم هێلانەیەدا بوو کە پاش ئەوەی پەڕوباڵم لێ‌هات لە هەوا ڕاهاتم. هەموو گۆرانییەکانم لەم هێلانەیەوە بۆ دێن. داغستان ئاگردانی منە. بێشکەی منە. کەوابوو ئەم هەموو بیرکردنەوەی بۆچییە؟ لەم شاخانە هەمیشە کوڕ بەناوی باپیری دەکرێ. کتێبەکەم کۆرپەی زادەی مێشکمە، منیش ڕۆڵەی داغستانم کەوابوو ناوی دەنێم « داغستان».

ناو هەیە لەم ناوە جوانتر و دروستتر و گونجاوتر بێ؟ باڵیۆزێک کە دەبێ بە نوێنەری وڵاتیخۆی، ئاڵای وڵاتەکەی لەسەر ئۆتۆمۆبیلەکەی هەڵدەدا و وڵاتەکەی بەو ئاڵایە دەناسرێتەوە. کتێبەکەم وڵاتەکەمە ناونیشانەکەشی ئاڵاکەیە.

ئەمەش قوڵترین هەستی خۆڕسکی دەروونییەتی« دایکی یەکەم داغستانی خۆمە: لەوێ لەدایکبووم و گوێم لە زمانی زگماکی دایکم ڕاهات و فێربووم قسەی پێبکەم.بۆیە بۆتە یەکپارچەی بوونم. لەوێ کە یەکەمجار گۆرانی گەلەکەمم کەوتە بەرگوێ و یەکەم سترانی خۆم چڕی. هەر لەوێش بوو یەکەم قوومەئاوم نۆشی و یەکەمجار تامی نانم چەشت». یەرکێکی میللی و هەنگاوێ لەسەرەرێی ئەو خۆشەویستە لای ڕەسوڵ حەمزەتۆڤ پاراستنی زمانە.. لە وەڵامی پرسیاری زمانت چی بێت؟ دا ئەوەندە کەمە کە بنووسی زمانم ئاڤارییە. دەبێ ئاڤاری بەڕاستی زمانی زگماکت بێ و پێویستە پیاوانە و مەردانە ئاگادار بێ زمانەکەت نەگۆڕێ. چونکە بەلای منەوە زمانی نەتەوان وەکو ئەستێرەی ئاسمان وان من حەزناکەم هەموو ئەستێرەکان لەناو یەک ئەستێرەی گەورەدا بتاوێنەوە. لەباتی ئەوە ڕۆژ

هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ ئەستێرەش لە ئاسماندا بدرەوشێنەوە. با هەر کەسە خاوەنی ئەستێرەی بەخۆی بێ. من ئەستێرەی خۆم – زمانی زگماکی ئاڤاریم خۆش دەوێ. بڕوام بەو جیۆلۆجیستانە هەیە کە دەڵێن: بۆی هەیە گردی بچووکیش زۆری زێڕ تێدا بێ.

ئەو هەستەش لە دەفتەری بیرەوەری دا بەم ڕووداوە دەنەخشێنێ جارێکیان لە پاریس تووشی هونەرمەندێکی داغستانی بووم. قەدەرێک پاش شۆڕش بۆ خوێندن چووبووە ئیتالیا. ژنێکی ئیتالیایی هێنابوو و لەوێ گیرسابۆوە. لەبەرئەوەی لە شاخان ڕاهاتبوو لەو وڵاتە حەجمانی نەبوو. زۆری سەفەر دەکرد. سەردانی پایتەختی گەورەی وڵاتە دوورەکانی دەکرد. بەڵام دەچووە هەرشوێنێ تاسەی نەدەشکا.

حەزمکرد چاوم بە بەرهەمەکانی بکەوێت، تاببینم ئەم تاسە و ئارەزووەی نیشتمانی چۆن بە ڕەنگ و تابلۆ دەربڕیوە. ڕاستییەکەی نیگارێک لەسەری نووسرابوو: تاسەی نیشتمان و بەمجۆرە کێشرابوو:

وێنەی ژنێکی کێشابوو، کە ژنی خۆی بوو، ژنە بەرگی ئاڤاری خۆمانی لەبەبوو. لەسەر کانییەکی چیاییدا وەستابوو. گوم گومەیەکی زیوی ڕازاوەی دەستکردی وەستا شارەزاکانی گوتساتلی بەدەستەوە بوو. گوندێکی چۆڵ لەقەد شاخێک کرابوو. خانووەکانی بەردبوون و پشتی کردبووە شاخێکی لەخۆی چۆڵتر کە ترووپکەکەی لە تەمدا نقووم ببوو. هونەرمەندەکە وتی: ەم فرمێسکی شاخانە. کە تەلان و لاپاڵەکان لە تەمدا نوقم دەبن دڵۆپە ئاوی ڕوون بەسەر گاشەبەردی ..... دێتەخوارێ، ئەو تەمە منم .

نیگارێکی دی بریتیبوو لە نەمامێکی ڕووت کە لە بەردەڵانێکی ڕەق ڕوا بوو. باڵندەیەکی بەسەرەوە بوو. باڵندەکە بە دەرەوەدا گرتبوو. کە هونەرمەندەکە هەستی کرد ئەم نیگارە دڵی لێسەندم بۆی لێکدامەوە:

+بیری ئەم نیگارەم لە ئەفسانەیەکی کۆنی ئاڤاری وەرگرتووە. کامەیان؟ ئەوەی دەڵێ: جارێکیان کابرایەک باڵندەیەکی گرت و خستییە ناو قەفەزێکەوە. باڵندەی یەخسیر شەو و ڕۆژ هەر دەیچریکاند– وای هێلانەکەم، زێدەکەم، هێلانەکەم، هێلانەکەم ، هێلانەکەم! دەق وەکو من چۆن ئەوە چەند ساڵە ئەم وشانە دووبارە دەکەمەوە. خاوەنی باڵندەکە وردی کردەوە گووتی: ئەم باڵندەیە خەڵکی چەو وڵانە؟ دیارە دەبێ خەڵکی جێگایەکی زۆر فێنک و خۆش ننێ پڕ دار و درەخت و باڵندەی

بەهەشت بێ. واباشە بەڕەڵڵای کەم بزانم دەچێتە کام لا؟. بەڵکو ڕێگای ئەو وڵاتە خۆشەم پیشان بدا. کابرا قەفەزەکەی کردەوە باڵندەکە لە شەققەی باڵیدا و فڕی چوو دەهەنگاو بەولاوە لەسەر نەمامێکی ڕووت هەڵنیشت کە لە بەردەلانێک ڕوا بوو. هێلانەی لەسەر چڵی ئەو نەمامە دروست کرد بوو.

+ئینجا هونەرمەندەکە گووتی : منیش لە پەنجەرەی قەفەزەکەمەوە نیشتمانی خۆم لێدیارە.

+ئەدی کەوابوو بح ناگەڕێیتەوە نیشتمان..؟

+ئێستا وەدرەنگ کەوتووە وەختی نەماوە کاتی خۆی دڵێکی گەنج و چاپوکم لە نیشتمانەکەم هێنایە دەرەوە، ئێستا چۆن ئێسکی پیری ببەمەوە.

+کە لە پاریس گەڕامەوە چاوم لە خزم و کەسوکاری هونەرمەندەکە گێڕا و دۆزیمنەوە. کەزانیم دایکی ماوە و نەمردووە دیدەم گرت. خزمەکانی هەموو لەماڵێکدا کۆبوونەوە و گوێیان بۆ شلکردم. منیش باسی کوڕەم بۆ گێڕانەوە کە وڵاتی خۆی بەجێهێشتبوو و چووبووە وڵاتی بێگانە. دیارە هیویان لێ دانابوو، بۆیە کە زانیان ماوە و نەمردووە زۆریان کەیف پێهات.

+لەناکاو دایکی کوڕە لێی پرسیم: تۆ بە زمانی ئاڤاری لەگەڵی دوای؟ نەخێر تەرجەمانمان هەبوو. من بە ڕووسی قسەم دەکرد و کوڕی تۆش بە فەڕەنسی. دایکە پووشیەکی لەو پوشیە ڕەشانە بەسەر دەموچاوی دادا کە ئافرەتەژانمان وەختێ کوڕیان دەمرێ دەیپۆشن.

+باران بانی دەکووتا. ئێمە لە ئاڤارستان بووین. بە پاریسیش لەوسەری دونیا. ڕۆڵە دڵنەوازەکەی داغستان ڕەنگەگوێی بۆ ترپەی باران شل کردبێ. دایکە بەینێ داما. پاشان هەڵیدایە: سەهووی، ڕەسوڵ: کوڕی من لەمێژە مردووە. نابێ ئەو کوڕە کوڕی من بێ. ئەگەر کوڕی من بوا ئەو زمانەی لەبیر نەدەکرد کە منی دایکی ئاڤاری فێرم کردبوو.

+نموونەیەکی تری ئەو خۆشەویستییە دەخاتە ڕوو کە هەموو دیاردە و خۆشەویستییەکی دیکە لە ئاستیدا بەچۆکدا دێنێ کە دەگێڕێتەوە: عەلی عەلییف کە لە مەحەج قەڵا دراوسێی من بوو، پاڵەوانێکی کۆک و ئازایە. چوارجار پاڵەوانێتی جیهانی وەرگرتووە. جارێکیان لەشاری ئەستەمبوڵ لەگەڵ پاڵەوانێکی زۆر بەوەجی تورک کەوتە زۆرانبازی. غەنیمەکەی پاڵەوانێکی کارامە و ڕاهاتوو بوو، بەڵام عەلی کە پاڵەوانێکی مەند و زیرەک بوو زۆر بە ئاسانی پشتی لە عەردی دا. کاتێ

کابرای تورک هەستایەوە سەرپێ، لەبەرخۆیەوە نەفرەتێکی کرد کە لە شاخەکانی « داغستان» زۆر باوە. عەلی کە گوێی لێبوو لە ئەستەمبوڵ بە ئاڤاری قسە دەکرێ، بەجارێک واقی وڕما. تورکەکە زیاتر واقی وڕما کە پاڵەوانی سەرکەوتوو بە ئاڤاری پێی گووت: هاونیشتمانەکەم بۆ جنێو دەدەی ئەمە یارییەیاری!. بەڵام دادوەر و حەشاماتەکە لە هەمووی زیاتر واقیان وڕما کە دیتیان هەردوو نەیار/غەنیم لەناکاو بە جۆرێک باوەشیان بەیەکدا کرد دەتگووت بران و لە مێژە یەکتریان نەدیووە.

+پاشان بەدەرکەوت تورکەکە بە ڕەچەڵەک لە بنەماڵەیەکی ئاڤارە کاتی خۆی دوای دیلبوونی شامل کۆچیان کردووە. ئەم دوو برادەرە تا ئەمڕۆش تا بڵێی بەینیان خۆشە.

+دواجار ڕوو دەکاتە هەموو دنیا و ڕەپوڕاست دەڵێ:

+بابەتی سەرەکی من داغستانە. عەشق و خۆشەویستیم گەورە بێ یا بچووک ، دڵسۆزیم کەمبێ یا زۆر هەستم کۆنبێ یا نوێ من هەر لەبارەی تۆوە دەنووسم، ئەیداغستانەکەم!.. کە قەڵەمەکەم دەخەمە سەر کاغەز قەڵەمەکە بەناچاری لەناو دەستمدا دەلەرزێ.

+بەو هیوایەی لە ڕەسوڵ ەوە فێری خۆشەویستی و گەورەیی نیشتمان بین..

# پەرێزی ئازاد

من پێشمەرگەیەکی سادەم هەست بەچەوسانەوە و ژێردەستی نەتەوەکەم کردووە. دەبینم وەکو تاک ێک ناتوانم بژیم . مەسەلەی ژیان و بەختەوەری و کەرامەتم وەکو مرۆڤ ئاوێتەبوونی نەتەوایەتیم بووە.بۆیە دەبێ پێشمەرگە بم. کە پێشمەرگایەتیەکەشم مایەی هەموو شانازییەکە کاتی خۆشی باوکم پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلوول بووە ئەوسا زۆر هەراش نەبووم زۆرشتم لەبیرە زۆرجار لەگەڵ خۆمدا بیر دەکەمەوە یادی ئەو ساڵانە دەکەمەوە. بیر لە گەشە و پوژانەوەی ئەو ڕۆژەی پێشمەرگایەتی دەکەمەوە و لەگەڵتاڵی و مۆنی ئیمڕۆدا پێکیان دەگرم. بۆم ناچێتەوە سەریەک. چونکە بە هەموو هەژماریێ/ حسێبێ دەبێ شۆڕشی نەوەکان لە شۆڕشی باوکان گەشەدارتر و فەرهێنەرتر بێت کەچی وانییە.. جاران خۆشەویستی و سۆز باڵی کێشابوو بەسەر ژیانی پێشمەرگایەتیدا کەچی ئێستا زۆر ڕەنگ و تابلۆی ڕق لێکبوونەوە و مۆڕەکردن — ئەگەر نەگاتە ڕادەی دەستچوونە گیانی یەکترا— باو و بڵاوە. جاران لە کوێدا پشتنێت لێدەکردەوە هەر ڕووت لە دوژمن بوایە دڵنیا بوویت کەچی ئێستا دەبێ هەر چواردەورەت پەی کەیتئەوسا کەروێشکە خەوێک بکەیت. جاران لە ساڵێکدا جارێک و جارەکەش سیخوڕێکی قیرسچمە دەخرایە حەوزەوە کەچی ئیمڕۆ چەندین کەس پێ مەلە پێ دەکرێت لە حەوزی مزگەوت. وسڵی بەزۆر و ناچاری پێدەردەکەکرێت. جاران کەسوکاری پێشمەرکە بوویتایە ئیمتیازت دەبوو ئێستاکە لە خۆڕا خەڵکت لێ دەبێتە دوژمن! لەمە زیاتر باسکردنیش دەبێتە درێژدادڕی! خەڵکی بۆ پێشەوە دەڕوات و ئێمە بووینەتە پێشەوای حوشترا...

سەروبنی ئەم گەڕەلاوژێ و خۆشێوانەش سەرەتانی شەڕی براکوژییە!. هەموو دژین. لە سوودی کەس نییە. هەمووی پاکانە دەکات کەواتە بۆ پەردەی ئەم شانۆ گاڵتەجاڕە دانادەنەوە!...

بۆ بە هەمووان کارێ ناکەن ناو و ناوبانگی شۆڕش و شۆڕشگێڕایەتی کوردایەتی لە لەکەداربوون ڕزگار ناکەن؟!...

ئەرێ بۆ وەکو خۆی لێ ناکەنەوە!!!....

- هەژار-

## له كەلەپووەی شۆڕشگێڕیمان دا

دۆستی نەزان

**باغەوانێکی پیری کۆنەساڵە لەگەڵ ورچێکا ببوونە هاواڵ**
**دۆستی یەکتربوون بە دڵ و بە گیان هیچ سات و کاتێ بێیەک نەدەژیان**
**لە گوێز لە ترێ لە دانە و هێشوو بۆ مام ورچ بۆ نۆبەرەی پێشوو**
**ورچەش زۆر بە دڵ خزمەتی دەکرد هەر کارێک هەبا بەڕێوەی ئەبرد**
**داری دەتەکاند ترێی ئەچنی چنگاڵی چەک بوون لە ڕووی دوژمنی**
**بە ڕۆژ کارکەر و پاسەوان بەشەو باغەوان بێخەم چاوی ئەچووە خەو**

**ڕۆژێکی هاوین باغەوانی پیر خەوتبوو لەبن دارێکی هەنجیر**
**ورچە لە تەکیا هەڵتروشکا بوو مێش دەرکرانی پێ سپێدرا بوو**
**ئەو ڕۆژە وایکرد هرووژمی مێشان بۆ ورچە ببووە مایەی سەرئێشان**
**ویستی بە جارێک قریان تێکەێ تادۆستی بەڕێز خەوی لێکەوێ**
**گاشێکی هەڵگرت بە هەموو توانا بەبێ سێ و دوو دای بە مێشانا**

**لەگەڵ مێش کوشتن کابراشی جنی دۆستایەتییەکەی بوو بە دوژمنی**
**دۆستت نەزان بێ لەبەری هەڵێ ڕوورەشی لەدووە ماچی مەنجەڵێ**

# فەرهەنگۆک

## پەیمانی بەغداد

لە شوباتی ١٩٥٥ دا پەیمانی هاوکاری نێوان عێراق و تورکیا بەسترا و لەهەمان ساڵ دا ئێران و بەریتانیا و پاکستانیش چوونە ئەڵقەی ئەو پەیمانەوە. یەکەمین کۆبوونەوەی ئەو هاوپەیمانانە لە تشرینی دووەمدا لە بەغدا گیرا. لەسەرئەنجامیدا کۆمیتەیەکی سەربازی و یەکێکی ئابووری پێکهێنرا و پێڕەوی دیاریکرا. کە لەمادەی یەکیدا دەڵێ : دەوڵەتانی هاوپەیمان بۆ پاراستنی هێمنی و ئاسایشی نێوخۆیان هاوکاری پێویست دەکەن. بەڵام باس لەوە نەکرابوو ئەگەر هەریەک لەو دەوڵەتانە لەلایەنی دەوڵەتێکی دیکەوە پەلامار درێت بە شەڕی خۆی بزانێ. یان کۆمەکی پێبکات. کە لەمەوە دەردەکەوێت ئەو پەیمانە تەنها بۆ دژایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەتایبەتی و جوڵانەوەی دیموکراسی نێو ئەو دەوڵەتانە بەگشتی هێنرابووە کایەوە.

ئەمەریکا و ئینگلتەرا ئەم پەیمانەیان بە سەنگەری باکوری دژ بە سۆڤیەت لەناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا دەناساند. تا لە ساڵی ١٩٧٥ دا ئەمەریکا بووە ئەندام لە کۆمیتەی ئابووری ئەم پەیمانەدا.

لەدوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ و لە مارتی ساڵی ١٩٥٩ دا عێراق بە فەرمی لەم پەیمانە هاتەدەرێ. کە ئەمە یەکەم هەنگاوی شکاندنی ئەڵقەیەکی گرنگی ئەو پەیمانە گڵاوەبووە. پاش دەرچوونی عێراق بنکە و بارگەی پەیمانەکە لە بەغدا نەما و گوێزرایەوە بۆ ئەنقەرە. پاشان بە سازمانی پەیمانی ناوەندی کە بە سەنتۆ دەناسرا. دوا شوێنەواری ئەم پەیمانە لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران تێداچوو. ئەم پەیمانە یەکێ بوو لەو پەیمانانەی بۆ گەمارۆدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و سەرکوتکردنەوەی هەر داواکاری و ڕاپەڕین و شۆڕشێکی کورد بە مامانێتی کۆلۆنیالیستی بەریتانی و ئیمپریالیزمی ئەمەریکایی ە کەرەسەی دەوڵەت گەرا ئیمپریالیزمەکانی ناوچەکە دروست بووبوو. کە پێشتر پەیمانی سەعد ئاباد ١٩٣٧ و دواتر پەیمانی "الجزائر" و هاریکاری سنووری نێوان عێراق و تورکیاش لەسەر هەمان تەون ڕستراون.

## پەیمانی سیتۆ(SEATO(Soutti Eost Acio Treotiy Organozation:

کورتکراوەی (پەیمانی بەرگری هاوبەشی خواروری خۆرهەلاتی ئاسیا) یە کە بەپەیمانی مانێللا ش دەناسرێت.

دەولەتانی ( ئوستراليا، ئەمەريكا، بەريتانيا، پاكستان، تايلاند، فەرەنسا، فيليپين و نيوزلاندا) لە ئەيلوولی ١٩٥٤ دا لە مانيللای پايتەختی (فيليپين) ئەم پەيمانەيان بەستووە. بە مەبەست و نيازی ئەوەی هەر دەولەتێ لەو ٨ دەولەتانە ئەگەر پەلامار بدرێت و دەست بكێشرێتە كاروباری ناوخۆی هەووان كۆمەكی پێدەكەن. هەروەها رێكەوتن لەسەر ئەوەی كە هاوكاری ئابووری لەنێوخۆيان دا بكەن. بەلأم مەبەستی راستەقينەی ئەو پەيمانە بەربەستكردن و دژايەتی كۆمۆنيستە. سنووری دەسەلأت و پەرێزی كاری ئەم پەيمانە دياريكراو بووە. تەنيا لە سنووری ئەو دەولەتەنەدا بووە. بۆ نموونە دەرڤارەی پەلامار و هەر گرفتێ. بۆسەر موزا و هۆنگ كۆنگ هيچ كاميان ناچار نين ئەگەر خۆيان نەيانەوێ هاريكاری بكەن.. ئەم پەيمانە ئەلقەی دووەمی پەيمانی سێكوچكەی سەنتۆ و سيتۆ و ناتۆ يە دژی بەرەی خۆرهەلأت يان كۆمۆنيستی.

## پەیمانی ناتۆ:NATO) North Atlantic Treaty Organization)

كورتكراوەی ناوی دەزگای پەيمانی ئەنتلاتيكی باكوور ە لە ٤ ی نيسانی ١٩٤٩ دا دروست بووە بەشدارانی ئەو پەيمانە) بەلجيكا ، فەرەنسا ، لۆكسامبۆرگ ،هۆلەندا، ئينگلتەرا، كەنەدا،دانيمارک، ئايسلاندا، ئيتاليا، نەرويج، پورتوگال، ئەمەريكا( بوون. كە پێنج دەولەتی يەكەم ئەندامانی پەيمانی بروكسل بوون كە لە مارتی ١٩٤٨ پەيمانی ئەوەيان بەستووە ئەگەر هەريەک لەم دەولەتانە هێرشی هێنرايە سەر دەولەتانی ديكە بە هەموو توانايەكيانەوە دەبێ كۆمەكی پێبكەن. كە ئەم پەيمانە لە ناتۆ گردەبڕتر.

كە مادەی پێنجەمی ئەم پەيمانە دەلێ: هەر دەولەتێ لەو دەولەتانە هێرش بكرێتە سەر وەكو ئەوەيە كرابێتە سەر هەمووان. ئەگەر پەلاماری چەكدارانە كرايە سەر هەريەكەيان ئەوا هەر دەولەتەی چی لەدەستدا بێت و چی بە پێويست بزانێ كۆمەكی پێ دەكات. كە ديارە ئەمە لە پابەندی/ التزام پەيمانی بروكسل كەمترە. لەسالی ١٩٤٩ شدا ولأتانی (ئەلمانيای خۆرئاوا، يۆنان و توركيا) ش گوايە بە مەرجی پاراستنی ازادی و شارستانێتی لەسەر بناغەی ديموكراسی و ئازادی تاک و حكومەتی دەستووری بوونە ئەندام لەم پەيمانەدا.

(فەرەنسا) لە ساڵی ١٩٦٦ دا لە پەیمانەکە دەرچوو! ئەم پەیمانە پتر کۆمەکردنێکی سەربازییە دژی وڵاتانی بەرەی خۆرهەڵت و بەرەنگاربوونەوەی وڵاتانی پەیمانی وارشۆ یە.

## پەیمانی وارشۆ

پەیمانەکە هەرچەندە بەناوی وارشۆی پایتەختی پۆلەندا ناسراوە. بەڵام خۆی (پەیمانی هاوکاری بەرابەریی ئەوروپای خۆرهەڵات)ە کە بۆ ٢٠ ساڵان لە نێوان وڵاتانی (ئەلبانیا، ئەڵمانیای خۆرهەڵات ، بولگاریا، چیکۆسلۆڤاکیا، ڕۆمانیا، پۆلەندا، مەجەر/ هەنگاریا و یەکێتی سۆڤیەت) دا بەستراوە. کە هەموو وڵاتانی کۆمۆنیستی ئەوروپا جگە لە یۆگۆسلاڤیا و یەکێتی سۆڤیەت دەگرێتەوە.

بەپێی ئەم پەیمانە ئەنجوومەنێکی هاوبەشی هەموو هێزە چەکدارەکانی ئەو وڵاتانە دروست بووە، کە لێپرسراوە و لەسەریانە بە هەموو هێز و توانایەکیانەوە بچێنە هاریکاری هەریەکەیان ئەگەر تووشی گرفت و پەلامارێک هات. تا ئێستا دوو جاران لە مەجەر و چیکۆسلۆڤاکیا هێزەکانی پەیمانی وارشۆ ڕاستەوخۆ بۆ بەلاداخستنی گرفتی ئەو ڕژێمانە بەکارهێنراون دیارە کە یەکێتی سۆڤیەت پێشەنگی ئەو دەوڵەتانەیە.

ئەلبانیا و یوگوسلاڤیا لەدەمێکەوە لەو پەیمانە کشاونەتەوە و بەشداری ڕۆمانیاش لاواز بووە. بەس دیسانەوە لە هێزەکانی وڵاتانی پەیمانی ناتۆ بەهێزترە لە ئەوروپادا.


## ماڵاوا:
## « مەنجەڵ بۆ سەرقاپی خۆی دەگەڕێ»...

پیاو لەم سەردەمەدا  لەبری دین و ئیمان دەبێ دوعای» نەوت و گاز» بکات. چونکە لەوانەیە لە پێترازان و شەیتان لەتر پێبردنێکدا دین و ئیمانەکەت لەدەست بچێ بەڵام کەوم وادەبێ «نەوت و گاز»ەکە فریات نەکەوێ.

ئەو بەعسە ڕەگەزپەرستانە شۆڤیەنییە دژ بە مرۆڤەی کە بۆنی کەلاکی بیر و ڕەوفتاری لە کوردستان دا مێشکی بێ مێشکانی کاس دەکرد.هەر لەبەر ئەو چەند بەرمیل نەوتە گڵاوەی سەد و یەک کراسی ئاڵ و والا پێشکەوتوویی کرابۆبەر  هەر ئەوە نەبوو سەدام بە ـ مهدی المنتظر ـ بناسرێت! لەئاست کوشتوکوشتار و ڕسبکوژیی کورد دا چاوێ نەبوو چاوی بەو تاوانانەدا هەڵبێت. کارێکی وا کوا کە ڕێگەخۆش بێت بۆ بەعسیان لە «الجزائر «دا شۆڕشی ئەیلوول گۆڕەوشار دەن.هەروەکو خوێنی کورد و شۆڕشی ئەیلوول پودرەی ئارایشی بەعسیان بوو بێت.. بەشکستی شۆڕشەکە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ئاڕایشە کاڵ بۆوە تا گەیشتە ئەو شوێنەی ئێمە هاوارمان بوو کەس گوێبیستمان نەدەبوو. یەکەم هەنگاو لە هاوسەنگەری شا حوسێنی کوڕی طلال دا سەری هەڵنا و دواپەردەی لەم ڕۆژانەدا بە درۆ ماریشال «النمیری» هەڵیدایەوە گوایە وا بەنیازە کە چەند سەربازێکی مل ڕەگەبامێی پیسکە بنێرێتە هاریکاری سوپا مرۆڤکوژەکەی بەعسیان!. ئەو سوپا شکستهێنە فسفس پاڵەوانەی کە تا بنهەنگڵی و بە تەمەنی ٦٢ ساڵەی لەدژی کورد جەنگیوە و ئێستاکە خوا ملۆزمێکی بۆداوە،کە لەهەر شوێنێ پینەی دەکەن، لەلایەکی ترەوە هەڵدەتەقێ.

دەبێ مەنجەڵ بۆ سەرقاپی خۆی بگەڕێ.پێویستە «سەدام» و «شا حوسێن» و «فشە ماریشال» یەکتری تەواوکەن. سوپا فاشی و مرۆڤکوژەکانی (عێراق و ئوردون و سودان) ئۆردو لێک بدەن.

بەڵام هیچ هێزێک نییە بتوانێ هەتاسەر گیانبەبەر کەلاکی. تۆپیوی بیر و ڕژێمێکی فاشیستی وەکو بەعسیاندا بکاتەوە. بۆیە ئەوان مەنجەڵی کون بووون. بەشوێن سەرقاپی قوپاودا دەگەڕێن.




# ئاڵای سووری کوردایەتی
# ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆك

کوردستانێکی ئازاد　　　　گەلێکی یەکسان

« پێش ئەوەی هەر شتێ بین دەبێ کوردبین»

چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە

ژمارە ٢١-٢٢ گەلاوێژی ٢٥٩٤/// تشرینی دووەمی ١٩٨٢

| لاپەڕە | سەرەباس |
| --- | --- |


+ سەر وتار
+ ڕازێکی کوردانە
+ بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە
+ یادێکی مەزن
+ لە وتەکانی شەهیدی ڕابەرمان کاکە فەتاح
+ مشتەی ناو هەمانە
+ قوتابخانەی پاسۆک
+ پەرێزی ئازاد
+ لە کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان
+ فەرهەنگۆک
+ ماڵاوا

# سەروتار

**{{{ بیرخستنەوە}}}**

**ئاشکرایە کە پاشەڕۆژی** حوکم لە عێراق دا، لەسەر سەرئەنجامی شەڕی عێراق و ئێران دیاری دەکرێت و شێوە و جۆر و شێوازەکەشی تا ڕادەیەکی زۆر، هەر لەژێر ئەو تینوتاوی سەرئەنجامەدا دەبێت. ئەگەر باری نێودەوڵەتی و بەرژەوەندی (بین المللی) هێشتا لەو خوورتی و دەسەلاتە تێیدا بوو بتوانی دەموچاوی (صدام حسین) بە (خلف حسین)ێک بگۆڕی ئەمەریکا و دارودەست و کۆنەپەرستانی ناوچەکە نەهێڵن کە ئیرادەی گەلی عێراقی لە «حکومەتێکی ئیتیلافی نیشتمانی دیموکراسی»دا یان حکومەتێکی ئیسلامی بە ویستی لایەنە سەرکەوتووەکە بێتە عێراق بەرژەوەندی دەوڵەتی و ڕێساکانی گەمە دەوڵەتییەکەش وای پێویست کرد هەموو لایەک وەک چارەسەری مامناوەندێک/ حل الوسط پێی قایل بن. ئەوا دەبێت بەر لە هەموو شتێ دان بە هەموو مافە ڕەواکانی گەلی کورد دا بنێ و سیمایەکی دیموکراسی و بەرچاو فەرەحی بۆ کاتی ناچاریش بێت پیشان بدات. کە ئەوسا ئەرکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ئەوە دەبێت پێ لەسەر ئەوپەڕی شیاوی/ ممکن حوکمی زاتی وەکو مومارەسەیەکی مافی دیاریکردنی چارەنووسی داگرێت و ئەو پشووە بقۆزێتەوە/ استغلال کات بۆ پتەوکردنی ڕیزەکانی خۆی و بەخۆدا چوونەوە و خۆ تەیارکردن بۆ بەرگرتن بە هەر ئەگەرێک و پێشهاتێک خۆ ئەگەر ڕژێمێکی ئیسلامی هات یان هێنرا ئەوسا هەموو پیلانەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لێی دەوروژێنن ئەوەیش بۆ مانەوە و بەردەوامی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ڕزگارکردنی لێقەوماوان/ مستضعفین وەکو خۆیان دەڵێ.

پێویستە بە چاوێکی واقعیبینانە و زانستییانە و بەرچاو ڕوونانە دوو مەسەلە بەرچاوگرن:

١- دەرفەت و ڕەخساندنی بار و زەمینەیەکی دیموکراسی سیاسی و فیکری با لە چوارچێوەی یاسا و دەستوورە گشتییەکانی ئیسلامیشدا بێت.

٢- داننان بە بوونی کورد و نیشتمانەکەی و ڕەوایەتی بزووتنەوە و داواکایەکی بە جۆرێ کە گەلی کورد لەچوارچێوەی کوردستانی مێژووکردی جوگرافی نیشتمان دا بەرێوەبردنی هەموو کاروباری ئیداری و سیاسی و ڕۆشنبیری و ئابووری و ئاسایشی خۆی لە ئەستۆی خۆی گرێ و لە مستی خۆیدا بێت. ئەوسا گەلی کوردیش

– لەوان پتر –، سنوور و کەوشەنەکانی یاسا و دەستووراتی ئیسلامەتی دەپارێزێ و پێڕەو دەکات..ئەگەر – لەبەر هۆیەک – ئەم کارە بەم وردەکاری و کراوەیە جێبەجێ نەکرێت پاشماوەی ڕژێمە کۆنەکە و بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی عەرەبی لەناوچەکەدا کاری دەکەن لەگەڵ گومان لێکراوانی لەسەر بزووتنەوەی کوردایەتی هەژمارکراو چاکترین هەل و دەرفەتیان بۆ بڕەخسێ و لێڵترین گومانیان بۆ بێتە پێش باسکەمەلەی خۆیانی تێدا دەکەن. سەرئەنجامەکەی زیانی گەلی کورد و تێداچوونی ڕژێمەکە دەبێت تەنها و تەنهاش دوژمنانی هەردوو لا سوودمەند دەبن.

لە بارێکی وا ئاڵۆزدا نە ڕۆڵە دڵسۆزەکانی و هێزە ڕەسەن و ڕاستەقینە و باڵە پاکەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەری شەڕێکیماڵوێرانکەری پێدەگرێ. نە دڵسۆز و بەرچاوڕوون و خاوەنە ڕاستەقینەکانی ئەو ڕژێمە خۆیانجو ڕژێمەکەیان لە حەتمییەتی تیاچوون و لەبیرچوونەوەی مەبەستە بنەڕەتییەکانیان پێ لادەدرێت.

چونکە تاقیکردنەوەی سێ هەزار ساڵەی خەباتی نەپساوەی کوردە کە وەک هێزێک نەیتوانیوە و ناتوانێ و نەدەشتوانێ بەر بە داوا و مافە ڕەواکانی نەتەوەیەکی چەوساوەی ژێردەستەی پارچەپارچەکراوی وەکو کورد بگرێت.

لەوانەشە خەیاڵی وا هەندێجار ڕابوورێت کە ئەم هێز یان ئەو لایەنە – بەهەر نرخ و تەما و ئیمتیازێکی حیزبی و تایبەتی – مسۆگەر کرێت. واتە گەلی کورد مسۆگەر کراوە و مەسەلەکەی هەرزانفرۆش لێ دەکرێت...

با بە دڵسۆزییەوە بڵێین ئامۆژگارییەک لە ڕێی خودادا و بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان هەر هێزێک و لایەنێک و چەند لایەنێک و هەمووشمان – بەخۆشمانەوە – هەرئەوەندە جەماوەر لەگەڵماندایە کە ئەمینداری مافەکانی بین. هەر لێی ترازاین ناوە کوردییە ژیکەڵەکەمان لێ دێنرێت کە « جاش» ە. جا دەبێ کێ هەموو سامان و سەروەری خۆی بدات بە « کۆپانی» ؟!.. کە داشی سەرئەنجامی لە زنجیرەی چەندین جۆر و شێوەی بە حورمەتانە و بێ حورمەتانەی تاقیکردنەوەی بیست ساڵی ڕابردووی بزووتنەوەکە چاتر نابێت. با لێستاوە بەر بەم دەردەکۆپانە بگرین. بە هەمووان بە دەسەڵاتداری تازە و چاوەنۆڕکراوە و بە هەموو هێزە دڵسۆزەکانیشەوە جارێکی دیکە « دەوەن بە ئاش» نەکەین..

ئەمەش خێرنییە بە کورد بکرێ لە ١٩١٧ وە دەسەڵاتدارێتی ئینگلیز و سەرتاپا ڕژێمە زۆڵەکە و زڕە یەک لە دووییەکانی عێراقی داوەتە دواوە و سەدان هەزار شەهیدی داوە هەروا بە سانایی کفنی ئەو شەهیدانە بە قسەی « معما» زەرد نابن.

# ڕازێکی کوردانە:

**بزووتنەوەی کوردایەتی جیاخوازییە یان یەکگرتنەوە و ڕزگاری ؟!...**

لەوێڕا دەست پێناکەین، کە چۆن و کەی و بە چ بەڵگەیەک کورد نەتەوەیە و نەتەوە یەکی سەربەخۆ و جیاوازە و هەشت یەکی مارەیی دایکی هیچ دەوڵەت و لایەک و کەسێک نییە! چاوەڕوانی فەتوا و سەلماندن و نەسەلماندن و گونجاندنی ئەم تیۆرە یان ئەو بۆچوونەی ڕاست یان چەپ خۆرهەڵاتی یان خۆرئاوایی فلانی یان فیساری ناکەین کە ئایا کورد خەسڵەت و ماکەکان نەتەوەی تێدا خەملیوە و جلیوەی بەستووە یان نەء!؟ بوونی نەتەوەی کورد و ڕاستێتی بوون و نەتەوەیەتیی بواری بەڕاست یاب چەوت دەرچوونی ئەو تیۆرانەیە.

دەمانەوێ کۆمەڵێ تارمایی و شەبەنگ و تەمومژی نامۆ و خۆماڵی ترسنۆکە لە دەوری مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد بە هەموو مانا فراوانەکەی ئەم تێگەیە/ مفهومە برەوێنینەوە... دەشزانین کە ئەو تارماییانە هێندەی هیمەتی شێخی کەرەشین بە بەرەکەت و بە هەرەکەت نین. ئەوەی ئیمڕۆکە ئێمە لەسەری دەدوێین و گازندەی لەسەر دەکەین لەو جۆرە بەڵگەنەویستانەیە کە خۆیان خۆیان شەرح دەدەن... هەر وەکو چۆن نەتەوەیەتی نەتەوەی کوردبەو هەموو زەقی و بەرچاوی وبەڵگەنەویستییەوە ڕۆژگارێک نەک لە هۆشی داگیرکەراندا بەڵکو لە کەلەی پووچی شێوێندراوی کەمە کەسانێکی کوردیشدا جێی قڕە و بڕە نەسلماندن بووە. هیوادارین ئەم هەوڵەی ئێمە بەشدارییەکی بچکۆلانە بێت بۆ هۆشهێنانەوە بەرخۆ و خۆدۆزینەوە و شەهادەتێکی مێژوویش بێت بۆ نەوەکانی داهاتوو کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەرەنگاری چ سەختایەتییەک بۆتەوە و رخی ئازادی و سەربەخۆییان چەندە گران کەوتووە.

١- بەندوباوی حوکمی زاتی و مافی ڕۆشنبیری و فشەماف...!

کەی و کێ و چۆن ئەم شێرپەنجەیە/ سەرەتانە هەزار پێیە لە گیانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا چێندرا و لە خەرج و جۆرکی کینا کەوتە خوارێ و چ زەمین و پەینێکی کیمیاوی ڕێگەی بۆ خۆش کرد تا لە کوردستان دا شین بێت؟!.. سەرنج و وردەکاری و پشکنین و بە دووودا گەڕانێکی پسپۆڕانەی گەرەکە... ئەگەرچی هەر دەبێت وەکو لێکۆڵینەوەیەکی/ دراسەیەکی ئەکادیمی یان لێتوێژینەوەی دیاردەیەکی ڕیزپەڕی

نامۆ سەرەداوەکانی ئەم مەسەلەیە ببرێنەوە سەر یەک ئەوەی لێرەدا دەیڵێین تەنها تیشکێکی ڕێنیشاندەر و بەشی ئەوەندە ناکات سەرجەمی ئەم مەسەلەیە ڕوون وەکات... بەڵام لەو معامەیەتی و تەلیسماوییتەی دەردەکات و بایی بەرپێی خۆنەبینین ڕوون دەکاتەوە...

مەسەلەی مافی ڕۆشنبیریی و حوکمی زاتی و هەر زاراوە و جۆرێکی دیکەی فرستە دانە ئەو کۆمەڵە خەڵکە کەم و پەرتپەرتەی لە هەناو و وڵاتی میللەتێکدا یان دەوڵەتێکدا دەژین و جیاوازی بەرچاویان هەیە لەگەڵ خەڵک و خاوەنی وڵاتەکەدا داواکارییەکی مرۆڤدۆستانەو ئازادانەی ئەو پیاوچاک و مرۆڤدۆست و بەرچاو ڕوونانە بوو کە لەگەڵ سەقامگیربوونی شۆڕشی گەورەی فەرەنسی دا سەری هەڵدا و پاشان بەرە بەرە لە زۆر شوێنی دنیادا چەسپا..

ئەم مافە بەشێکە لە مافی فراوانی مرۆڤایەتی لە اعلانی مافی مرۆڤ دا هاتووە و هەڵوێست و جۆرێکە لە مافی پاراستنی جۆر/ حفظ النوع بۆئەوەی ئەو کەمە نەتەوەیی و ئاینی و ڕۆشنبیرییانەی .... بوون و پەڕیونەتە نێو کۆمەڵگەیەکی دیکەوە بمێننەوە و تێنەچن.کە ئیمڕۆ ئەو مافە ئەگەر نەڵێین پێویستە هەتا بۆ گیانلەبەان و باڵندە و ڕووەکیش دانپێدانراوە و بۆی دەست لە کارن.

کەواتە مافی ڕۆشنبیریی و حوکمی زاتی و هەر شێوەیەکی دیکەی بەرچاوگرتنی تایبەتکاری کۆمەڵێک لەناو کۆمەڵگە و دەوڵەتێکدا بەواتایەکی کوردی میوانداریێتی کۆمەڵێکی دانراو یان پەڕیو و یان نیشتەجێ بووە لە وڵاتێکدا . یەکێ لەهەرە دیاردە و خەسڵەتەکانی ئەو کۆمەڵەیە ئەوەیە کە خاکی سەربەخۆ و تایبەتیان نییە. بەواتە کەمە نەتەوایەتین. وەکو ئەو تورکمان و عەرەب و ئازەری و ئاسووری و کلدانییانەی لە کوردستاندان یان ئەو کوردانەی پەڕیونەتە لوبنان پاشان چەمکی/ مفهومی ولایات و محافظات و ناوچەی حوکمی زاتی وەکو شێوە و جۆرێکی تەقسیمات و بەڕێوەبردنی ئیداری هاتۆتە پێش ئەمەش پێویستی سەردەم و جەنجاڵی و ئاڵۆزی ئیداری و کاروبار و پێویستی کۆمەڵایەتی پێویستی کردوون...

بۆ نموونە ئەو شتە عەنتیکەیەی گەلی کورد بۆ بیست و یەک ساڵ دەچێت خۆی بۆ بە کوشت دەدات و ماڵی وێران دەکرێت.... دوو بەرابەری ئەوە فراوانتر و قۆناغی پێشکەوتووتر و هەراشتر یەکێتی فیدراسیۆن یە کە پەنجا ویلایەتەکەی ئەمەریکا بۆ تەنها ساناکردنی و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی هەیانە!! یان لە زۆر شوێنی دنیادا بەمانگرتن و ڕا دەربڕین و ڕێگە پێوان وەدەست هێنراوە. مەبەست لەوە نییە

که سانایی بەدەستهێنان و سەختێتی دەستگیرنەبوونی ئێمە پێک بگرین مەبەست ئەوەیە ئاشکرا بیت کە هەموو جۆرە شێوەیەکی ئەو بەناو مافانە ئەگەر لەسەر بناغەی مومارەسەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەڵنەستێ نابێتە مافی میللەتێک و تەنها جۆرێکی تەقسیماتی ئیدارییە:

لەوانەیە بوترێت ئەی ئەوە نییە لە یەکێتی سۆڤیەت چاکترین شێوەی چارەسەری کێشەی نەتەوەکان بە شێوەی حوکمی زاتی چارەسەر کراوە!... لێرەدا کۆمەڵێ ڕاستی دەبێت پێشچاو خرێن:

١. ئەوناوچە ئۆتۆنۆمیدارانەی سۆڤیەت بەفەرمی و لەڕووی یاساییەوە مافی جیابوونەوەیان هەیە. ئەوحوکمی زاتییانەیان جۆرێکی گونجاوە - بەلای خۆیابەوە - لەشێوەی ممارەسەکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس.

جا ئەو مافە تا ئیمڕۆ تا دنیاشە کەس نە مومارەسەی دەکات و نە دەکرێت و شتەکە تەنها نەخشی سەر کاغەزە چ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە. بەڵکو ئەوە دەسەلمێنێ کە خودی مافەکە کە مافی دیاریکردنی چارەنووسە مافێکی بێ چەندوچوونە . باری تایبەتی ئەو وڵاتە و هەڵکەوتی ڕژێمەکە و بیروباوەڕ و ستراتیژییەت و فەلسەفەی سیاسییان و باوەڕ و ڕێچکەی بنەڕەتییان وا دەخوازێ و وای سازاندووە ئەمەیان ماسەلە و کارێکی دیکەیە.

٢. نەوەی کورد قەرەخیز و تاجیک و ئەم و ئەو نییە نەتەوەیەک نییە هەر هەمووی لەچوارچێوەییەک دەوڵەتی گەورە و فراوان و فرەنەتەوەدا بێت، تا بە حوکمی زاتی یەکدابین کەن ودابین کرێت. نەتەوەیەکە کە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکراوە و چارەسەنووسی و ڕێچکەیمێژوویی یەکگرتنەوە و ڕزگاری و سەربەخۆییە تا ئەو قۆناغە هەر جۆر و شێوەیەکی دیاری و یاسایی مافەکانی دەبێت لەسەر بناغەی مومارەسەکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی بێت خودگەردانی، ئۆتۆنۆمی ، یەکێتی فیدراسیۆن وە هەتا کۆنفدراسیۆنیش هەنگاو و شەقاو و ئیستگەیەک بێت بۆ ئەو ئامانجە سەرەکییەی.

٣. ئێمە چمان داوە بەسەر ئەو تاقیکردنەوە یان ئەمەیان ئەی بۆ نەڵێین سەد و ئەوەندە گەلەی ئەم دنیایە قەوارە و کیانی سیاسییان هەیە و سەربەخۆ و خاوەن کیانن. بۆ کوردیش وا نەبێت و ئەمەش چارەسەری بنەڕەتی زانستییانەی مەسەلەی میللەتانە. لەمەوە دەردەکەوێت کە چەمکی حوکمی زاتی ڕووت و بێبناغە بێ ئەوەی لەسەر بناغەی ممارەسەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەستا بێ چ تەڵە و داو و

پیلانێکه و چۆن مەسەلەی کورد له مەسەلەیەکی میللەتێکی دابەشکراوی داگیرکراو دەترنجێنینته چەمکی مەسەلەیەکی ئەمنی و ناوخۆیی وهەر یەک لەو دەوڵەتانه!.

ئەم چەمکەش پاش گۆڕەوشاردانی هەوڵە دڵسۆزانه و بێ نموونەکەی بکر صدقی نەمر و تێکشکاندنی و هەڵتەکاندنی حیزبی « هیوا » و گیانکێشانی دوا هەناسەی ڕزگاریخوازییانەی نەتەوەییانەی بزووتنەوەی کوردایەتی .. لەژێر باڵی هەندێ کۆڕ و کۆمەڵی ناوەڕاستڕەوی ترسنۆکانەی « عێراقچێتییه و لەسەردەستی کۆمەڵێ سیخوڕ و دەسەنەخۆر و پیاوی ئینگلیزەکان لەناو بزووتنەوەی کوردایەتی دەستچێن کرا.. تا ئیمڕۆکەش لەو فایرۆسه شێرپەنجەییه/ سەرەتاناوییه ڕزگارمان نەووه.

ئەمانه لەژێر ناوی:

آ- هاوخەباتی و یەکێتی خەباتی نیشتمان و یەکێتی و برایەتی کورد و عەرەب دا ئەم پیانەیان دەرباز کردووه!!.

هەوەکو کورد ئەگەر داوای سەربەخۆیی بکات و وەکو نەتەوەیەک بۆ ئازادی و هەتا کیانی سیاسی خۆشی خەبات بکات شیاوی یەکخستنی خەباتی چەوساوان و ماف داواکارانی کورد و عەرەب نەیەته دی!؟. یان ئەو پارچه کارتۆنانه وڵاته کۆلۆنیالییەکان لێکیاب داوه و ناویان لێناوه ئەوانه نیشتمانمان بن... نەک کوردستانی نیشتمانی ئێمه و عێراقی عەرەبی نیشتمانی عەرەبەکان؟!.

هەر وەکو کورد ئەگەر داوای سەربەخۆیی خۆی بکات بەوه ببێته زڕ برای عەرەب؟!. که پێچەوانەکەی ڕاسته و ئەو کات و ساتانه ئەو برایەتی و دۆستایەتییه دەچەسپێ و بناغەی پتەو و پەیت دەبێت، که هەر یەکەی هێندەی ئەوەی دیکه ڕێز له خواستەکانی یەکتری بگرن؟!. که ئۆباڵی هەره گەوره و تاوانی سەختی ئەم شێوان و ئاڵۆزیه له ئەستۆی سیاسییه بۆرژوا ناوەڕاستڕەوه ترسنۆکەکانی کورد و کۆسمۆپۆلیتیانی عێراقی و شۆفییەنیەتی عەرەبیدایه...

زۆر جاران کۆمەڵێ خەڵکی ساویلکه وسیاسی بارزگان و تووتییه ترسنۆکه خۆبەدەستەوه دەرەکان لەم بارەیەوه دوو ناڕەزایی/ اعتراض ساویلکه دەخەنه ەرچاو و که گوایه دەیانەوێ بەوه دەنگی نووزەی ویژدانی خۆیان - ئەگەر نووزەی تێدا مابێت- دەمکووت کەن و کۆمەڵانی خەڵکیش فریوو بدەین:

١- ئێمه ٢١ ساڵه تەقه و ڕەبه و تەپەمان دێت بۆ شرە حوکمی زاتییەک دەستمان نەگەیشتووته کلکی ئەی ئەگەر داوای مافی چارەنووس مان بکردایه ئیمڕۆ یەک

هەنگاویش لە شوێنی خۆمان نەدەبزووتین و دەشکراینە پۆڕی خـواراو؟!... ئەوە بەردی زل هەڵگرتن نیشانەی نەهاوشتنییەتی؟!..

٢- دوژمنان و داگیرکەرانی کورد ئەگەر بکەونە سەر ئەم هەستە و هەست بەو مەترسییە بکەن، خۆیان یەک دەخەن و چواردەورمان دەتەنن. بە هەمووان دەمان تاسێنن و فرزەمان لێ دەبڕن.. یا هەروەکو بیافرا مان لێدێت!!.

بۆیە ناڕەزایی یەکەم ئەوەندە بەسە کە گەورەترین بودەڵەییو لێنەهاتوویی دەستچێنانی ئەم بیرانە و ڕابەرابی بە سەلماندن بگات.. کاتی خۆیشی لە کۆنگرێسی ئەمەریکادا زۆر دەنگی وا ترسنۆک و زراو تکاو بە ڕووی « جێفەرسۆن»دا دەهاتنەوە و داوایان دەکرد کە........ بەر پاڕانەوە لە خاون شکۆی بەریتانیا بەڵام کە ئەوپیاوە مەزنەو هاوەڵانی هەنگاوەکەیان ناو بەفەست......بەرەنگاری گەورەترین هێزی دنیای ئەو سەردەمە بوونەوە بەریتانیایان هێنایە سەر چۆک..

با مامۆستایانی حوکمی زاتی ترسنۆک چاک ئەوە بزانن کە بیانەوێ و نەیانەوێ داگیرکەرەکە شەڕی حوکمی زاتی یان ناکات یرسی ئەوەی لە پیشەکە بیانەوێ و نەیانەوێ کراسی قورئانیش لەبەرکەن ئەم حوکمی زاتییە هەنگاوی یەکەمە بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاربونمان ئەمانە شەڕی ئەوە دەکەن کە کورد نائومێد بکەن و هەموو دەرفەت و هەلێکی لەدەست دەربێنن و ئەو فرسەتە نێودەوڵەتییانەی دێنە پێش لەدەستمان بدەن.

ئەدی بۆ ناپرسن ئایا حوکمی زاتی ئەوە دێنێ ٢٠ ساڵ خۆتی بۆ بە کوشت بدەیت؟!.

بۆ ناڕەزایی دووەم تەنها یەک پرسیار دەکەین: تحدی هەموو ئەوانەی ئەو بەیت و بالۆرەیە بڵاو دەکەنەوە و دەکەین تاکە یەک نموونەمان بۆ بێننەوە کە داگیرکەرانی کورد هەرچی وزە و توانا و هێزێکیان هەبوو بێت بۆ یدانمان بەگەڕیاننەخستبێ؟ ڕێکەوتنەکەی کردەوەی / عملیةTiger ی ساڵی ١٩٦٣ ی نێوان بەعسیان و ئێران و تورکیا و ڕێکەوتنی الجزائر و هیمانی سەر سنووری تورکیا و عێراق چەند نموونەیەکن و پێشتریش پەیمانی سەعد ئاباد و پەیمانی بەغدا و دەیان پرۆتۆکۆلاتی سەر سنووری عێراق و ئێران و تورکیا ئەوپەڕی هەوڵـی داگیرکەران بـوون بۆ سەرکوتکردن و گەمارۆی بزووتنەوەی کوردیەتی لە کاتێکدا کە داواکـاری کورد لە حوکمی زاتی یە شڕییەکەش تێنەپەڕیووە. جا با پێمان بڵێن !! دوژمن هیچیتری پێماوە دژمان بەکاری بێنن؟!. بۆیە لەوپەڕی بێشەرمی و خۆهەڵخەڵەتاندن و جەماوەر فریودانداية...

جارێکی تر دەپرسین:

١- بۆ عەرەب، فارس، تورک، ڕووس، ئینگلیز دنیا هەمووی مافی چارەنووسی دروستکردنی کیانی هەبێت بۆ کورد نەیبێت؟!.

٢- بۆ حوکمی زاتی بۆ فەلەستینییە دۆستەکانمان و ناپاکی وخۆفرۆشی و خۆدان بەدەستەوە بێت؟!.

٣- چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئیسرائیل و ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان دا؟!. ئایا ئیسرائیل و ڕژێمی ڕەگەزپەرستی خوارووی ئەفریقا کە بەخواستی خۆیان و بێ هەڵلا و خەباتی پاش ٢٠ ساڵ ە حوکمی زاتی دەدەن بە داگیرکراوەکانیان.. کەچی پاش ٢٠ ساڵ خەبات بە ئێمەی ڕەوا نابینن. جا بۆ ئوان زۆر لە داگیرکەرەکانی کوردستان پێشکەوتووتر و مرۆڤانەتر نەبن. بۆ ئەو داگیرکەرانە لەوان دڕندەتر نین؟!...

حاڵ لە دوو فەقەرە بەدەر نییە:

I_ یان ئەوەتا ئێمە نەتەوین و نەتەوەش مافیدیاریکردنی چارەنووس و دەوڵەت و کیانی سیاسی هەیە.

II_ یان کەمە نەتەوەین پێویست ناکات ڕۆڵەکانی خۆمان بەکوشت بدەین و با خەبات بۆ دیموکراتییەت بکەین لەنێو ئەو دەوڵەتانەداکە خۆی لە خۆیداکە دیموکراتییەت چەسپ بوو ئەو شتە عەنتیکەیەی پێی دەوترێت حوکمی زاتی ئۆتۆماتیکی دێتە دی!.

با دۆست و دوژمن ئەوە چاک بزانن ئێمە حوکمی زاتی و فیدراسیۆن و کۆ فدراسیۆن هەر شتەی بە پێی باوەر و هەلومەرجی خەباتی رزگاریخوازی وردمان لا پەسەندە بە دوو مەرج:

١-ئەمانە وەکو شێوەیەکی ناچاری و کاتی مومارەسەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی دانی پێدا بنرێت.

٢- هەوڵ بدرێت ئەو شێوەیە گەشەی پێبدرێت تا دەگاتە دوا پلەی سروشتی خۆی کە دەوڵەتی سەربەخۆیی ئازاد و دیموکرات و یەکسانی کوردییە ئەو دڕکەی کە هەر دەبێت بە چاوی داگیرکەران و خۆفرۆشانی کوردیشدا بچێت...

ئێمە ڕەوتی مێژوویی هەردەم بەرەو پێشچووی بزووتنەەی کوردایەتییە.. و شەرەفمەندانەترین جۆر و شێوەی خەباتی مرۆڤی کوردە و خەباتی ڕزگاری و سەربەخۆیی یەکگرتنەوەیە .

## ((بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە))

### خەڵکی بەشەرەفی کورد
### کۆڕ و کۆمەڵە دڵسۆز و شۆڕشگێڕەکان
### سڵاوی ئازادی و یەکسانی...

ڕووداو و بەسەرهات و گۆڕانە بابەتی و دەوروبەرەکانمان خۆڕاگری و قارەمانێتی و سووربوونی جەماوەری ٢٥ ملیۆن کورد و ملنەدانی بۆ داگیرکەران و چەوسانەوە و داوای سەربەخۆیی و ئازادی و ڕزگاری ئەو بارەی هێناوەتە پێش کە مەسەلەی کورد و ماف و داوا ڕەواکانی - وەکو ویستویانە و دەیانەوێ- لە قاوغ و چوارچێوەی چوار قولنجک گرێدراوی کێشە و گرفتێکی ناوخۆیی و ئاسایشی بمێنێتەوە دەرچووە و وەکو گەورەترین کێشەی ناوچەکە سەری هەڵداوە. هەر جەنگی ٣ ساڵەی ئێران و عێراق و کەوتنەلەرزەی ناوچەکە لەسەر کەلاوە و تانوپۆی ڕێکەوتنە ناپاکانەکەی الجزائر ی سەر لاشەی کورد خۆی لە خۆیدا سەرەتای ئەو دیاردە و سەرهەڵدانەیە بۆیە لەهەر کاتوساتێکی لە پێشینەتر زیاتر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد - بە هەموو باڵە شۆڕشگێڕ و دڵسۆزەکانییەوە - پێویستی بە یەکبوون و یەکخستن و یەکانگیرییە. پێویستمان بە یەکخستنی بەرنامە و نەخشە و پلان و تاکتیکە پێویستمان بەوەیە مەسەلەی خۆمان نەک هەر لە چنگی خۆماندا بـهێڵینەوە، بەڵکو ئەو هەندەیەش - لەبەر هەر هۆیەک بووبێت-لە بن چنگ و پیلی ئەم یا ئەودا بێت دەربێنین بۆخۆمان وەکو کورد مەسەلەکەمان گەڵاڵەکەین و سازدەین. دیارەجکۆنە کێشە و بینەبڕکێ برینی کۆن و ترس و تەما و چاوچنۆکی و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و خۆیایەتی- ئەگەر نەڵێین دەستێوەردانی بێگانان- کارێکی وای کردووە کە نەک هەر نەتوانین ئەو ئەرکە هەرە سەرەتایی و پێویست و گرنگ و پلانە جێبەجێ بکەین. بەڵکو زۆرجاران بە یەکدا هەڵدەبەزنەوە و دەبینە سەنگەری ئەم دوژمن یان کەوا سووری ئەویان.. لەبری ئەمیان یان بۆ بەرژەوەندی ئەویان دەست دەخەینە خوێنی یەکتری..

چاری ئەمەش بەوە نابێت هەریەکەی لە هەگبەی/ جوعبەی کۆنی چەند ساڵەی سیاسەتزانی - هەرگیز بۆ کورد و بەرژەوەندی بەکار نەهێنراوە- بەهانە و بەڵگە و بیانوو وەدۆزین و جەماوەرەکەی پێ چەواشە بکەین... ئایاتی فەتوای حەڵاڵکردنی خوێنی یەکدی و بە کافرگیرانی پێ بە سەلماندن/ ئیسپات بگەیەنن... کە ئەمە خوا

و مێژوو و خەڵکیش دەزانن هەربایی حیلەشەرعە بن بۆشەکانی کۆلکە مەلاکانی کوردستانقبەڕاست دەردەچن. ئێمە دەزانین کە هۆشی درایە دەست لوولەی تفەنگ و ڕاستی و چەوتێتی و دڵسۆزی و کوێخایەتی بە بارستایی و ئەندازەی تفەنگچی پێوراو پارەوپوول و ڕێنیشاندەر بوو ناحەقی هەردەم و سەرئەنجام تێشکاو لەو کاتانەدا دەنگی زوڵاڵ و سەرکەش دەبێت!

دەزانین لە باری وادا خوێنبەری چاوان دەگری و وەکو گای ئیسپانیجلۆژیک و هۆشی بەلەسە دەکات و کوێرەوەری بە پیاودەگرێتەبەر.

بۆیە پێویستە و بە تکاوە داوا دەکەین دەبا نێوان و نیە هێندەی ئەو کاتانەک لەگەڵ دوژمنانی نەتەوەکەماندا دادەنیشین پێکەوە دانیشین ... نیو نیو نیو هێندەی لەگەڵ ئەماندا باخەڵ فەرەح و حاتەمین لەگەڵ یەکدا میهرەبان بین.. نیو نیو نیو هێندەی - بە ئاگایانە و نا ئاگایانە- بۆ ئەوانی دەکەین بۆ کوردی بکەین.. نیو نیو نیو هێندەش لەگەڵ ئەواندا خۆمان بە بچووک دەگرین لە ئاستی یەکدا هاوتاو یەکسان بین...

ئەوسا دەبینن هەمووان شتێ دەڵێین بەڵام هەریەکەی لەوبەر واژە واژ و زیڕەی دراو و قرمەی گوللە لێک ناگەین. ئەوسا دەبینن قەدەری هەمووان بە هەمووانەوەیە و جێگەی هەمووانیش دەبێتەوە.

بۆیە بە دڵسۆزی و پەرۆشەوە داوای کۆبوونەوەیە کۆنگرەیە کی کوردی هەموو ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان دەکەین و لەسەر ئاستی سەرتاسەری کوردستان دا.

ئێمە دڵنیاین چ شتێ نییە چارەسەری نەبێت و چ هەڵەیە نییە ڕاست نەبێتەوە و چ ڕێگەیەک سەختیش تەخت نەکرێت...

با هەنگاوی یەکەمی بۆ بنرێ و ئەمەش ببێتە بواری قولە تێکەڵبووەکان...تا ڕەش و سپییان لەم بوارەدا دەرکەوێت...

بەهیوای سەرکەوتن

هەر بژین بۆ کورد هێزی پێشمەرگەی پاسۆک

# یادێکی مەزن

دووساڵ لەمەوبەر لە نەبەردێکی قارەمانانەدا هاوبیری تێکۆشەر و ڕابەرمان شەهید کاکە فەتاح لەسەنگەری مەردایەتی و کوردایەتیدا وەکو پێشمەرگەیەک پاش ١٨ ساڵان خۆکردنە قەبەڵی کورد و ڕێبازی شۆڕشگێڕایەتی و پێشمەرگایەتی ڕەگەڵ کاروانی شەهیدانی سەروەری و نەمری کەوت، کە پێشتر لە نێوانی ساڵێ کەمتر شەهیدان کاکە «**فەرهاد خەفاف و ملازم محمەد شەوقی**» ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبان بەو ڕوومەتە/ شەرەفە گەشتن.

لەو یادە دڵتەزێنە.... هاندەرە چۆکی قوتابێتی و پێزانینیان بۆ دادەدەین وجسەری نەوازشیان بۆ دادەنەوێنین و سوێندی سووربوون و بەردەوامی لەسەر هەمان ڕێباز و خواستی پیرۆزی ئەوان و هەموو شەهیدانی کوردستان دەخۆین:

لەو دوو ساڵەدا ئەگەرچی جێ چۆڵی شەهیدی نەمر ئاشکرا و بەرچاوە لە نێومان دا، بەڵام هەست و گیان و خورتێتی خوێنی پاکی گوڕی پتر و پتری پێ داوین... یادی هەمیشە لە یادمان تر هانمان دەدات پێش ئەوەی کورد بین دەبێ کوردبین

سڵاو لە یادی پڕشکۆی شەرەفی شەهادەت

هەزاران سڵاو لە کاکە فەتاحی شەهیدو ڕابەر..

**لە وتەکانی شەهیدی ڕابەرمان کاکە فەتاح**

١- لە کوێدا کورد پێویستی بە پاسۆک بوو بێت، دەبێت سەنگەری لەوێدا بێت.

٢- پاسۆکایەتی بیر وڕەفتار و ڕەوشتە.

٣- مرۆڤایەتی کورد کوردایەتییە.

٤- چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە.

٥- پاسۆک، بوون و چارەنووس و شەرەفی هەموانە.

٦- تا کوردێک بچەوسێتەوە ، کوردستان ڕزگاری نەبووە.

٧- زەحمەتکێشانی کورد، بناغە و خاوەنی کوردایەتین.

٨- نانی گاڵی خۆت، لە خوانی حەوت تەرحەی بێگانە چاترە.

٩- حەبەشی سپی نابێتەوە وجنیهادی چەوت ڕاست نابێتەوە.

١٠. نە دەستی دۆستایەتی بدەنە دواوە و نە لەبەر دوژمن هەڵێن.

١١. ئەوەی شتێکی بۆ کورد لەدەست بێت و نەیکات ناپاکە!

١٢. هەڵەی دۆستەکەت بخەرەڕووی، تا دوژمنەکەی لێی نەکا بە هەڵا.

١٣- ئەگەر ویستت دوژمنایەتی هسێ بکەیت، هەڵەکانی بۆ داپۆشە.

١٤- ئەوانەی لە مردووان دەترسن، ناتوانن خزمەتی زیندووان بکەن.

## مشتەی ناو هەمانە

**پ- پرسیارێ لە کاک «زمناکۆ»وە کراوە کە بۆچی تا ئیمڕۆ کۆنگرەیەکی کوردی نەگیراوە؟ ئایا هیچ هەنگاوێکی بۆ نراوە؟.**

**و+:** هیچ بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز لەم دنیایەدا هێندەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد پێویستی بە یەکێتی ڕێکخستنی بەرنامە و نەخشە و تاکتیکی نییە!. ئەوە جگە لەوەی لە مێژووی کۆن و نوێ و سەردەمی بزووتنەوەکەماندا بە ئاشکرا ەوە دەرکەوتووە کە هەمیشە خەباتی لایەک ، کۆمەڵێک ، پارچەیەک جگە لەوەی بەرەنگاری تەنگەتاوی/ احراج اتو شەرمەزاری و دابڕان بووە لەو لایەن و کۆمەڵ و پارچەکانی دیدا.. هەتا کەوتۆتە هەڵەیکوشندەی واوە کە چەندە سوودی لە یارمەتی و هاندان و پشتگیرییەکی لە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان وەرگرتبێ، دە هێندە زیانی بە کوردی ژێردەستەی چەوساوەی ئەو پارچە گەیاندووە. ڕاستەوخۆ یان لە بنەوە هۆیەک بووە بۆ کپکردنەوە و سەرکوتکردنەوەی خەباتی ئەوپارچەیە. دیارەداگیرکەرەکە زیاد لەوەی کە مەبەستی ئەو سەرکوتکردنەوە وخەساندنە بێت مەبەستی هەرەسەرەکی چەسپاندن و تکریسکردنی ئەو ....... تێکترازانی یەکپارچەگی و یەکێتی بوون و ژیاری نەتەوەی کوردە! گەورەترین مەترسییەک کە ئیمڕۆبەرەنگاری ئەو داگیرکەرانە بێت ئەوەیە کە کورد لە نیشتمانی داگیرکراو و دابەشکراوی بەسەر ئەو دەوڵەتە زۆڵەکانەدا هەست بە بوونی خۆی بکات و بەرنامە و نەخشە و پلانی یەکخات... بەربەرینی نیشتمانی کورد و دەوڵەمەندی و مەوقعی جوگرافیی لەبار و هەستی نەتەوایەتی و هەڵکەوت و سروشتی سەرکەشی و ملنەدانی کورد و ئارەزوو و گیانی ئازادانەی گەر بە گەڕخرێن و لە جەنگێکی درێژخایەنی میللیدا بتەقێنرێتەوە هەتا مەرجێکی سەرەکی پێویستیی دەرەکی و یارمەتی و کۆمەکی دەرەوەش لە حسێب دەردەچێت. هەر بە خەیاڵ ئەوە بەرچاوخرێت کە لە کەنداوەوە تا دەگاتە نیزیکی ئەسکەندەرونە و لەملا حەڵەبوە بۆ سنوورەکانی شوورەوی ببێتە مەڵبەند و کایە و مەیدانی چالاکی پێشمەرگانە و خەباتی سیاسی و چەکداری نەتەوەیەکی ٢٥ ملیۆنی. چ هێزێک هەیە بتوانێ بەری پێ بگرێت و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەکاتە چ دۆزەخێک و مەسەلەی کورد لە جەرگەی ئاسیادا چۆن دەتەقێتەوە و هەتا دوژمنە مقنن و بەرە دژ بە گەللییەکانی جیهانیش سڵ پێدەکاتەوە لە دوژمنایەتی ئەو بزووتنەوەیە لە ترسی لەدەستچوون و لەدەستدانی هەتاهەتایی بەرژەوەندی لە داهاتوودا ئەمە چجای لەوەی

کە دۆستە سروشتی و نیوە دۆستە نێودەوڵەتییەکانی کورد هان دەدا بۆ نزیکبوونەوە و دۆستایەتی کورد بینەبڕکێ بکەن. چحن هەتا - دووریتییەکی - لەو دەوڵەتانەش بۆ ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە و شەڕ لەخۆلادان کەمێ شلی کاتەوە و بیرێ لە دواڕۆژی پەیوەندی خۆی و کورد بکاتەوە. لە هەموو ئەمانەش بەرچاوتر و لۆژیکیتر ئەوەیە کە بزووتنەوەی دیموکراتی و نیشتمانی ئەو وڵاتانە گەورەترین دۆست و هاوئامانج و هاوپەیمان لە بزووتنەوەکەماندا دەبینینەوە س بزووتنەوەی کوردایەتی دەبێتە جەمسەری شۆڕشگێڕی ناوچەکە و چەق و ناوەندی بزووتنەوەی کوردایەتی- لە ڕووی کرداریی و واقعییەوە دەست لەچاوی ئەو بزووتناوەیە ئەگەر نەڵێین پاشکۆیەتی!! بەتایبەتی دۆستایەتی و هاوکارییەکی ستراتیژی بەرابەری و نەپساوە و ئاوێتە لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبیدا پەیدا دەکات بزووتنەوەی کوردایەتییە دەبێتە پێشەنگی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی و میللی و دیموکراسی دژ بە داگیرکەریی و چەوساندنەوە و ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا... ئەوکاتە بزووتنەوەی کوردایەتی باڵێکی گرنگی بزووتنەوەی گەلانی چەوساوە و دیموکراتی جیهانیش دەبێت نەک زڕ برا زادەیەکی وەکو ئیمرۆ ئەم شتانە لە بەڵگەنەویست ئاشکراتر و بەرچاوترن لەدەست هەڵێنج نزیکتر و بووندارترن.. لە سانا ساناترن بەڵام دیسانەوە فەرمودەکەی قورئانی پیرۆزە « لایغیروا الله ما بقوم، حتی یغیروا ما بأنفسهم». تۆ خۆت بۆ خۆت کار نەکەیت نە گەزۆیە بباری و نە هەتیویت پارەت لەدەست نێن!. ئەمەش لای ئەوانە خەیاڵی شاعیرانە و بەردی زل هەڵگرتنە و ممتنع و ئەستەم و نەبوو و نەشیاوە کە:

١- زڕە شۆڕشگێڕ و بازرگانی پیشەگەری سیاسین.

٢- پیاو و دەسەنەخۆر و بەکرێگیراوی لایەنێکی دەوڵەتی و بەناو شۆڕشگێڕیی هەرێمین/ اقلیم.

٣-دەستکەوت و بەرژەوەندی تەسکی کەسی و حیزبایەتی و بنەماڵەییان ئاوات و ئامانج و مەبەستی سەرەکییانە..

٤- ڕابەرایەتی و سەرکردایەتی و سەرۆکایەتی - لە بێ شیاوی و ناچارانەی سەپاویان - لەدەست دەچێ. ئەگەر توورِ نەدرێتە دەرەوەی گۆڕەپانی شۆڕشگێڕی، دەخزێنە ڕیزەکانی دواوە و دواتری بەرچاو و سەر شانۆکە.

٥- بەند و بەستراوەی بەرنامە و نەخشەیەکی بۆ دیایکراون کە ناتوانن لێی لادەن و ئەوەی بۆیان دیاری دەکرێت سنووری ڕێ پێدراوی کار و چالاکی و کوردایەتی شۆڕشگێڕایەتیانە.

٦- پیاوی ئەو کارە نین و هەر لەسەرەتاوە بە شیری خودان بەدەستەوە و پشووی کورت و سازشکاری فرچکیان هەڵدراوەتەوە لەوە زیاتریان لێ هەڵناکرێت و لێ شین نابێتەوە.

ئەوانەش باوەڕیان بەم سەرەتا و بنەما ڕاست و شۆڕشگێڕانەیەیە و کاری بۆ دەکەن و دەنگیان لە ئەشکەوتی کپکراوی فیللینیدا نووساوە :.

١- نایەڵن سەرهەڵێنن و ببزوونەوە. لەسەرێکەوە تۆمەت و تاوانی پووچ و بێ شەرمانەی کورد کوردینە و خەیاڵ پڵاوی و دەمارگیری و نەتەوەپەرستی و هەتا شۆڤێنیەتیشیان دەدەنە پاڵ.

٢- جەماوەرە سادە و ساویکەکەیان لێ قاودەدەن و سووکیان دەکەن و بە پارە و پلە و پەیوەندی فیڵایەتی و کەسایەتی جەماوەریان لێ دەتەکێنێتەوە. وایان پیشان دەدەن ئەمانە دژی گەلان و خەباتی هاوبەش و گیانی سەردەم و شۆڕشگێڕایەتی ن

٣- خۆی لە خۆشیدا لە باروهەلومەرجێکی وەکو ئیمڕۆی سەدان ساڵەی ژێردەستەیی و سەرکوتانەوە و خنوع و هەستی پەستی باوەڕبەخۆ نەبوون لەبەردەم هەزار و یەک کۆسپ و تەگەرەی دروستکراو و پێش هێنراوی داگیرکەر و بەکرێگیراو و ئەو زڕە شۆڕشگێڕانە... لە چڕبوونەوەی پیلان و ترکیزی دوژمنی بێ سەریان. لەسەختی و دووری و دژواری ئەو ڕێبازە هەرە پیرۆزە لە مەنگی و چەق بەستووی بارەکە لەدەقبەستن و جێگیربوونی ناوچەگەرێتی و تکریس بوونی واقعی دابەشکراوی... کەمن تا سەر بتوانن لەو جەنگی مان و نەمانە پیرۆز و سەختەدا خۆڕاگرن و بێزار نەکرێن و تەرە نەکرێن.

٤- گۆڕەوشاردانی هەردەنگێ ، ڕەنگێ، سرتەیە، خورتەیەک لەم بارەیە و سەد و یەک کێشە بۆنانەوە و هەتا کۆمەکردن و گەلەکۆمەکێ بۆ سەریان.

٥- ترس و دڵە ڕاوکێی ئەو ڕێکخراو و کەس و لایەنە بازرگانانە. لەوەی ئەگەر ئەم واقعە بێتە پێش و ئەو نهج و ڕێباز و بیرە سەرهەڵدات و جێگیر بێت کۆتایی تەمەنی ئەوانە و دەرگای هەراجخانە و دەورودوکانی بازرگانیان مۆر دەکات... چەندە دۆستایەتیش پیشان بدەن یان بزوینەوە و لاکە خۆی بسەپێنێ و ببێتە واقع ێک بەوپەڕی میکاشیللی و دزەخونجینە و بن کەندکردن دەکەونە گیانی و دایدەماڵن و کۆسپ و تەگەرەی بۆ قووت دەکەنەوە.

٦- قووتدان و احتوا کردنیان بەدروشم و هەتا بەرنامە و ڕوو پیشاندانی جۆرێک لەم بیرکردنەوەیە. سەرباری ئەو نەونەمامی و شەختە نەبەستووییەی ئەو بزووتنەوە و ئاڕاستەیە بە جۆرێک کە بتوانی دڕ بەوان بدات... کەدەکاتە جەنگ و ململانێیەکی

نابەرابەری.... بەڵام ئەم حاڵ و باروهەلومەرجە تەنها و تەنها کاتین... سووکە سەرنجێکی بەرنامە و بیرو بیرکردنەوە و پرۆگرام و نەخشە و دەمودووی پێش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول و ئیمڕۆکە ئەوە دەردەخات کە ئەو چارەنوسی و قەدەرە حەتمییەی بزووتنەوەی کوردایەتی ڕاستە لە باری ئاسایی درەنگتر و دواکەوتووتر بووە. بەڵام ئەویان توانیویەتی ئەم بکێشێتە سنوور و کەوشەنی ئەو بیرکردنەوەیە و پەلکێشیان بکات. نەک ئەمان توانیبێتیان ئەو سەرکوتکەن و بیتاسێنن.

ئاشکراشە ئەم ململانێیە هەروا بە سانایی بەلادا ناکەوێت بەڵام بە دڵنیاییەوە دوا سەرکەوتنی هەر بۆ ئەو ڕێبازەیە ئەم بیرە بەرگری و هەوڵ بۆ ژیان و پێشکەوتن و جووتە لەگەڵ ڕەوتی هەردەم بەرەوپێشچووی مێژوو... ئەوی دییان کۆسپنانەوە و بەرگرییە لە مردن و دواکەوتن. بۆ دەڵێین:

کۆمەڵێ هەوڵ و کۆشش کراوە بۆ ئەم مەبەستەچەندین کۆسپ و تەگەرەش هاتۆتەڕێ.. هەن بەشدار دەبن تەنها بۆ هەڵتەکاندن و تەگەرەنانەوە هەشن تەنها بۆ گازندە و خۆنواندن پشکییێک و تەندەرێکی تێ فڕێ دەدەن... بەڵام هەر بیرکردنەوە لەم بارەیەوە و هەوڵدان بۆی- بام چەندین جاریش دووچاری خواست و ڤیتۆ و مەرجی ئەملا یان ئەولا بووبێتەوە بەڵام هەر بوونی یەکەم لەو مەودایەدا/ مسافە چەندیش درێژ بێت هەر هەنگاوێ بنرێ مەودایەک لە مەبەستەکە و ئامانجەکە نیزیک دەبینەوە. تازە هیچ هێزێک ناتوانێ بەر بەم کاروانە بگرێت.

با ئەوەش بڵێین کەی خۆبەستنەوە و وابەستەگی بۆ ئەم دەوڵەت و ئەو ڕژێم –لەژێر پەردەی ناچاری دۆستایەتیدا- کۆتایی پێهات و بەرە بەرە پەردە لە ڕووە زەردە کاڵەوەبووەکان داکەوت، جەماوەرەکە زیاتر بەهۆشدا هاتەوە و بتە سیاسییەکان کەوتن و پیرۆزییان بووە نەعلەت ئەوسا کۆسپی دەرەکی پتر گۆڕ دەدات بەم مەسەلەیە نەک ڕێگەی پێ بگرێت... کە پوازەکان شکان و هەر دەبێ بشکێن ئەو کاتە جەماوەرەکە خۆی –کە یەککگرتووە –گوزارشت لە خۆی دەکات و دەبێتێ... ئەمەش لەگەڵ سێبەری بەرەبەیانی ئازادی و یەکسانی دا دەبێت (الا أن الصبح لقريب).

**پ- هاوبیر هەژار دەپرسێ:**

**بۆ دەبێ ئەندامی حیزب بە مانای فراوانی خواناس بێت ملحد نەبێت.**

**ئەگەر ئەم مەرجە هەڵبگیرێ چ لە مەسەلەکە دەگۆڕێ؟ یان کێشە و گرفتمان لێ کەمتر ناکاتەوە؟ بێ ئەمەش پاسۆک نەیدەتوانی هەر ئەو پاسۆکەی ئێستا بێت؟.**

و+: سیاسەت و حیزبایەتی لای ئێمە کارێکی خۆبەخۆ و بابەتێکی دابڕاو نییە لە بوون و ژیان و باوەڕ. کۆمبوونی خەڵکی نییە لە دەوری ئاگردانێک بە نیازی خۆگەرمکردنەوە و پاشان توڕدانی یان دەزگا و کۆمپانیایەکیش نییە چەند کەسێکی پشکیان تێفرێ دابێت و چاوەڕوانی گیرفان پڕکردن بن. خۆمانە خۆمانە و شەڕە گەڕەک و عەشایەرگەری بێت و هەندێ سەر بنێین بە یەکەوە بۆ مەبەستێکی ژیانی و ماددی ڕووت. مرۆڤی هەڵکشاو و خاوەن باوەڕ و ڕێز لە مرۆڤایەتی خۆناو کەسانی پێیان وانییە عەرەبانەی تریشقەن و خاست و ئیرادەیان بە پاڵوی ئەسپێک و قامچی عەرەبانچییەکەوە گرێبەندە... ئەوانەی وەکو مرۆڤ دەژینو دەمرن.. ئەوانەی خۆ لە ئاژەڵ جوێ دەکەنەوە ئەوانەی سەرکەوتن و پیرۆزی لە چەقبەستن و حورمەتی باوەڕ و بوونی مرۆڤانەیاندا دەبین بە کورتییەکەی ئەوانەی هەڵدەگرن شەرەفی ناوی مرۆڤ یان لێبنرێ کەسانێکن نەک شەق لە بەرژەوەندی و دەستکەوتی ماددیانەی خۆیان هەڵدەدەن بەڵکو ژیانیشیان لەسەر بڕوا و مرۆڤایەتی و ئیرادەیان دادەنێن ئەوانەی مردن و تیاچوون لەسەرەڕێی بەدیهێنان و چەسپاندنی بیروباوەڕیان بە ژیان و بوون دەزانن.. چوون دەڵێن لەو بابەتە نین کە چۆندەڵێن لەو بابەتانەنین کە چوونە شاری کوێرانەوە دەست بە چاوانیانەوە بگرن... بەڵکو دەوری چاویان لا گرنگتر دەبێت و هەوڵی چاوکردنەوەی کوێرانیش دەدەن و هەر نەکرا چاوساغیان دەکەن ئەم کارەش کاری پیاو و هەڵکەوتوو و شۆڕشگێڕانی ڕەسەنە خو ئەمەی خستۆتە بەرچاوی پێغەمبەرەکەی پێی دەفەرموێ:( وما على الرسول الا البلاغ المبين) ئەوە ئەرکی هەرە پیرۆز و سەرەکی تۆیە. ئەوە کارت نییە چەند کوێر لە دەوری خۆت گرد دەکەیتەوە گرنگ ئەوەیە چەند چاو دەکەیتەوە و چاوساغی چەندەیان دەکەیت.. دەردی مامۆستایەکی کورد دەیووت: عەبەی سەیدزادە بێنە خۆی و دەهۆڵەکەی و ئیفلاتوونیش بێنە خۆی و لۆژیکەکەی ئیفلاتون ڕادەمێنێ!!! بەس ئەو هەزارە هەزار داوڵ و بووکەشوشەن بەڵام ئەو چوارەی تریان چوار ستوونی چوار قولینچکی بوون و ژیانی مرۆڤایەتین.. با « گا» یەک پشتی داغان بێت لەژێر هەوجاڕ و بیکات و هەزار چوارپێ بیخوات ئەویان گای پیرۆز و « بقرة»ی سوورەتێکی قورئانە و ئەوانیش بارەبەر و ناخۆشترین دەنگن/ انكر الاصوات.

سیاسەت و حیزبێک بناغەی لەسەر بیر و فەلسەفە و هەڵوێست لە بوون و ژیاندا هەڵنەسابێت. کۆشکی سەد نهۆمیش دروست کات هەر دەتەبێ...عیسا بزمارکوتکرا و ئیمپراتۆرەکانی ڕۆماش - خوای سەرزەمینی گا گەلی بوون- ئەم چییە و ئەوان کوان؟

خوا لەسەر عومەریکوڕی مکتوم کوێر و کەنەفتی وێڵی دوای ڕاستی سەرزەنشتی پێغەمبەری کردووە... بەڵام «ابوجهل»ی بە ابتر داناوە

چاکە ئێمە ئەوە نەڵێین فلانە پێی قایل نییە.. ئەمەیان باس نەکەین فیسارە بۆی ناسەلمێنێ ئەویان ناگونجێ و ئەمیان کاتی نییە ئەویتریان ئاشنا نییە بەدڵ و دەروونی و فلانە بەرە و ئەمیشیان تووشی گاشەیەکمان دەکات. وا نەکەین فلانی دەتەکێتەوە و وا بکەین فیاسرە دەقۆزینەوە.. ئایا ئەمە عەقڵێک و بیرکردنەوەیەکی جولەکانە و بازرگانانە نییە؟!. سەودا و بازاڕی کۆیلەفرۆشی و عەرەب واتەنی تجارە الرقیق نییە؟!. !!!

ئەدی بۆچی پاسۆک ین ؟ ئەم ناو و ناوکە چییە لەخۆمان ناوە؟.

جگە لە هەموو شتێ ئەگەر تایبەتمەندێتی و سیما و ڕەنگجو دەنگ و بیر و بیرکردنەوە و هەڵکەوت و سروشت و پێکهاتەی جیاواز و تایبەتی و سەربەخۆی خۆمان نەبێت چ دەکەین لەم ناوە قووت بووینەتەوە؟!.

خۆگونجاندن و تاکتیک و سازان و کارزان و کارزانی و لێزانی و کەوتنە سەرباری دەستکەوت و دەستخستنی و بەدیهێنانی ئامانجی نیزیک و دوور جیایە لەگەڵ خۆدۆڕاندن و دووکەوتنی "عیو"ە خۆشباو و سوکەدەست و بێ ئەرک و گفتەکان!! ئەوە دەبێتە ئەو پەندە کوردییەی دەڵێ: چوارپێیە بە پارەی بەفر بژڕیت ئاو دەیبات !!. ئەوانە تەنها و تەنها لە سنوور و چوارچێوەی بیر و باوەڕ و بنەما فەلسەفییەکاندا ڕێگە پێدراوڕاستن هەر کە ناکۆک بوون و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ بیر و بنەما فەلسەفیەکاندا وەکو ....... ڕەنجی ئەو پیرێژنەی لێ دێت کە بە شەو خۆی دەفرۆشت و رۆژ دەیدا بە بەرماڵ و دەیخستە مزگەوت.ڕۆژێ لە کاک ئەحمەد ئەپرسێ: ئەرێ خێرم دەگات یان شەڕ؟ ئەویش دەفەرموێ خێر و شەڕت بەرامبەرە بەس پشت ئێشەکە بۆ خۆت دەمێنێتەوە!!.

جا کە سیاسەت وای لێهات و دەزانین - هەتا وەکو پیرەژن هەموو نادرێت بە بەرماڵ بۆ مزگەوتی کوەد و هەندێکی دەچێتە گیرفانەوە - ئەوسا شەڕەکەی لەولاوە و پشت یەشەکەش!!.

ئەدی چۆن لە مەسەلەکە ناگۆڕێ؟ چۆن مەسەلەکە هەر لە بنەوە هەڵناتەکێنێ؟..

داروین دەڵێ: نێوان مرۆڤ و مەیموون هەڵبەز ێکە / طفرە ئەو هەڵبەزەیە سەرلەبەری شتەکانی گۆڕیوە... کەس قایل دەبێ ئەو هەڵبەزەیە بسڕدرێتەوە/ الغاء کرێت و ببیتە مەیموون؟.

ئێمە بەو تایبەتمەندێتییانەوە پاسۆکین. ئەگینا لەوانەیە وەکو ناو و قاوغ و سلۆگان/ لافتە بە پاسۆک ی بمێنینەوە.. بەڵام لە ناخ و جەوهەردا - بێ ئەو تایبەتمەندێتیانە - لەو بووکە شووشەیە دەچین تا پەنجەمان پێدس نەنێین تا جیقەمان نەیەت و بۆ گەمە و منداڵ ژێرکردن دەست بدەین.. ئێمە لەم بارەیەوە جارێکیان وتوومانە«« ئێمە دوکان و کۆگای پۆشاکمان نەکردۆتەوە کە نیوەی سەرمایەکەمان لە دیکۆر و پروپاگەندە / ڕێکلام دا بە خەرج بدەین و هێشتا هەر قازانجمان بێت و هەراجخانەشمان نییە شتان لە خەڵکی سەرەو ژوور کەین وتەقلە بە کڕیار لێدەین.. ئێمە شۆڕشگێڕ و خاوەن باوەڕین چ ڕاست و واقعی و زانستی بێت و لەبەرژەوەندی کورد بێت. ئەوە پێڕەو دەکەین و دەسەلمێنین و بڵند دەکەینەوە.. مەسەلەیەکی وا پیرۆز و بەپێز و مەزن حەیف نییە لەبەر پشووکورتی هەندێک و جەنجاڵی گۆڕەپانەکە و ئاژاوەی فیکری دوژمنهێندا بکرێتە کەندەڵان و سەر بکێشێتەوە بۆ بەسەهوبردنی جەماوەر و یان هەر چ نەبێت بە خۆمانی ڕەوا نابینین ڕەگەڵ ڕەوەی چەواشاندا خۆمان و جەماوەرەکە بەرەو هەڵدێر بەرین... جا ئێمە ئەگەر ئەو نەوێرە ترسنۆکە بووینایە چ ڕەوای هەق بوو لەسەرەتاوە سیاسەتمان بکردایە، یان ناوی پیرۆزی هەڵگری بیروباوەڕی نەتەوایەتیمان لە خۆبنایە، کە بیروباوەڕی کوردایەتی خۆی واقعی زانستی و چاکەی ڕووتە.

براکەم بیروباوەڕ مەسەلەی قازانج و دڵ ڕاگرتن و مجامەلە هەڵناگرێ! ڕاستی و زانستی و واقع دەبێ دەرببڕدرێت با هەندەێ جاریش هەندێ ڕەنگی نامۆیی بە خۆیەوە بگرێت.. خۆی مێژووی زانست بریتییە لەو جەنگ و ململانێیەی نێوان چەسپاوی شەختە بەستووی بە دەسەڵات پارێزراوی چەوت و نادروست و بیر و واقعێکی دروست ڕاست و لەبەرچاو ڕوونکراو.. سەلماندن و چەسپاندن و باوەڕ پێهێنانیش قوربانی و خۆهیلاککردن و کردەوە و کۆششێکی یەکجار سەختی گەرەکە... هەر بڕوانە مەسەلەی خڕی و تەختی و خولانەوە و متبوونی زەوی و ژیانی گالیلۆ .. یان ژیان و خەباتی موسا و عیسا و محەمەد ...

جگەلەوەی بیروباوەڕی ڕاست و زانستی دەبێت هەمیشە خۆی بخاتە سەربارێک کە لە وتنی ڕاستی و ئاشکرابوونی دروستیدا زیان نەهێنێ.. ئەمەش چاکترین ڕێگە و چارەی دۆگمای بیر و فەلسەفە و بیرکردنەوەیە... ئێمە پێماندا چزاوە و دەزانیشین باجی ڕاستی و زانستی بیر و باوەڕەکەمان دەبێت بدەین بە هەژماری ئێمە کەحسێبی پاشەڕۆژ و چارەنووسی بیر و بوونی کوردایەتییە دەستکەوتە ستراتیژییە دوورەکان هەمیشە دەبێ قوربانی لە دەستکەوتە کاتییە کەم تەمەنەکان بۆ بدەیت..

ئێمە بیر و حیزبی ئیمرۆ و حوکمی زاتی و ساڵانی هەشتای کورد نین.. یان لە هەڵکەوتدا وەکو حیزبە وەرزییە هەڵبژاردنەییەکانی ئەوروپا نین بینای خۆمان لەسەر حەز و هەستی دەرچرکەساتی خەڵک هەڵچنین.. ئێمە دەزانین زۆرجار بەدەست نەخۆش بیت ئەو پیاڵە دەرمانە تفتوتاڵە ناخواتەوە. کە دکتۆر بە تۆپزیش بێت دەرخواردی دەدات. ئەگەر ئەو چەکەیە ڕەزای گران بێت بەڵام کە نەخۆشەکە چاک بووە ئەو کاتە گەورە و بەقەدر دەبێت لەبەرچاوی خۆی لە بنەڕەتدا دکتۆرەکە لەوانەشە بۆ ئەو گەورەیی قەدرە نەتکات ئەرکە و لەسەریەتی ئەم مەسەلەیە زۆر هەڵدەگرێ و داخەکەم مەودا و جێگەی نییە بۆیە ناچارانە بە نیوە و نیوە چڵێش بێت ڕێگەی دوور کورت دەکەموە و دەڵێم:

١- مەسەلەی باوەڕ و باوەڕنەبوون / ایمان و الحاد هەروا سووک و سانا و سەراو نییە لەبەرئەوەی ناشێ و تا بێت هەر ئەفەندییەک ڕاست بووە بۆ ئەوەی ئەرکە ڕەوشتییەکانی باوەڕهێنان هەندێ سەختە وجکەمی بەر بە بەڕەڵایی ئاژەڵییانەی دەروونی هەرزانە دەگرێت... ئیدی وا چاترە نەبێت لەوەی ببێت.. یان کاکەی نەوباو لەو ڕووپەڕە هەزاران هەرر ڕەنگەی ژیان و بوون کە خودا لە قورئاندا بە (قل لو كان البحر مدادا لكلمات ربی لنفد البحر قبل ان تنفذ كلمات ربی ولو جئنا بمثله مددا) گوزارشتی لێ کردووە چەند دێڕێکی بە ئاوەژوو دیتووە ئیدی پێی وایە خەتمی سەرتاسەری بوون و ژیانی کردووە و بە یەک هەناست کورت و بەڕاشکاوی دەڵێ نییە. من لێرەدا سەرنجێکی "جولیان هەکسلی" م یتەوە یاد کە لەگەڵ ئەوەشدا هەرە خوانەناس و زانا بەناوبانگەکانی دنیا بووە بەوپەڕی ڕاستبێژی و نەترسانەوە لە یاداشتەکەیدا دەڵێ: ڕۆژێکیان بەرانبەر کورە چکۆلانەکەم دانیشتبووم سەرنجی گوێچکەیم دەدا کە لەو وردەکاری و وەستایی و گونجانەی ئەو بەشە ورد دەبوومەوە و لێکم دەدایەوە خەریک بوو باوەڕ بێنم بە بوونی خودا و لام شیاو/ ممکن نەبوو ئەمە لە خۆرا و بێپلان و نەخشە و مەبەست و وەستاییەک دروست بێت بەڵام لەبەرئەوەی کە پێشەکی بڕیارم داوە باوەڕ بە خودا نەهێنم خێرا لەو خوتخوتەی دڵ و ویژدانە خۆم دزییەوە نەبادا بەسەرما زاڵ بێت!!

٢- بە کورتییەکەی هەرچی دیاردە و بوونی بەرچاو هەیە و تا پتر لێی تێبەگەیت و بۆت لێکبدرێتەوە و دەربکەوێ ئەوەندەجزیاتر بوونی کردگارێک - بەناچاری - خۆی بەسەر هۆشاندا دەسەپێنێ و ئەو ڕێکوپێک و گونجان و ڕەوتە بێگرێیەی ژیان و سەرجەم گەردوون بە توندی و بێ یەک چرکە پشوودان داوای بوونی کردارێک دەکات وەک لەوەی لە خۆڕاو خۆبەخۆ دروست بوو بێت.

٣- له حاڵی فەرزی بەرابەری و هاوتایی فرسەت و بەڵگەی بوون و نەبوونی کردگاردا - کە بە سەلماندن گەیاندنی میکانیکی و مادییانەی بەرهەستکەوتووی خودا چەندە ئەستەم بە سەلماندن گەیاندنی نەبوونیش لە ڕووی فەلسەفییەوە هێندە و زۆرتریش ئەستەمە- لەهەرچی ڕوویەکی ژیاریو کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و دەروونی و پێویستییەکانی ژیانەوە بیگریت هێشتا مەودا و هەڵبژاردنی بوونی پتر ڕاستت و خزمەتگوزارتر و مرۆڤیتر وجمرۆڤ ئاسوودەکەرترە ئەگەر خودا لیم بە گوناه بەگرێت دەڵێم: ئەگەر تاکە یەک درۆ ڕەوا وپێدراو و مرۆیی بێت درۆی بوونی خودایە... دیارە ئەم ڕاوە ڕێوییە و تاوتووکردنی مەسەلەیە بەم پەلەیە و بۆ ئاگربڕکردنی هەر ناڕەزاییەک پێویست دەکات...

٤- کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکی خواناسە و لەدا نەود و پێنجی لە ناخەوە باوەڕیان بەو بوونە هەیە بۆیە هەتا لە ڕووی سیاسی ڕووتیشەوە بێت هەر شیاو و گونجاوە و پتر و پتر لە خزمەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردە هەرچۆنێکی بگرێت دیسانەوە ئەم باسە هەر یەکجار زۆر هەڵدەگرێت و هەڵلی دەگرم بۆ دەرفەتێکی دیکە...

٥- بیری نەتەوایەتی لەسەر بناغەی باوەڕهێنان بەمرۆڤ و تێخوێندنەوەی لایەنەکانی (دەروونی و ڕۆحی) و لەو چەشمەندازی فەلسەفیانەدا بۆ هەموو گەردوون و بوون و تێخوێندنەوەی دیاردە نامادییەکاندا ئەوەی بەسەردا دەسەپێ کە باوەڕی بە کردگارێک هەبێت ئەگینا سەرتاسەری فەلسەفەکە لە بنەوەڕا ....دەقەندەری و خۆی بە پێوە ناگرێ .. دەپێم بڵێن هەستی نەتەوایەتی بە چ لێکدانەوەی بۆ دەکرێت؟!.

لەمەوە (الحاد) دژی جەهەری بیری نەتەوایەتی و بوونی نەتەوەیە...

٦- ئێمە وتومانە بە مانا ی فراوانی خواناسی بێت بێباوەڕ/ ملحد نەبێت مەسەلەکە هەڵوێست و سەرنج و چەشمەندازی فەلسەفییە و هەڵوێستە لە ژیان...

ئەگینا ئێمە پارتێکی مەزهەبی نین و هەر بڕگەکە خۆی خۆی شیدەکاتەوە.. پاشان مەسەلەیپێڕەوکردن و بەڕێوەبردنی ئەرکە ئاینییەکان کارێکی تایبەتی و کەسییە و خوا خۆی مافی لێپرسینەوە و دووکەوتنی هەیە و ئێمە بۆمان نییە کەس پابەند / التزام کەین و دوا هەژمارد دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی...

٧- لەوانەیە هەندێ نەفام و هەرزە بیرتەسک و گەوج و بیر ئالۆزی هەست ژاکاوی سەرلێشێواوی خۆ بە نەتەوەیی زانمان لە کیس بچێت کە ئەمانە هەر بۆ کیسچوون چاکن و چڵکی سەر تەنی نەتەوەییەکانن بەڵام لە شوێنیدا سەدان هەزار تاکمان دەست

دەکەوێ کە لە نێوانیاندا هەزاران بیر ڕووناک و هەڵکەوتوو و شۆڕشگێڕیان تێدا دەبێت و دەبنە بناغەی بیر و باوەڕەکە

٨- ئێمە ئەم خاڵەمان وەکو تایبەتمەدێتییەکی حیزب لە ساڵی ١٩٧٥ دا چەسپاندووە لە ناوەندی گێژەنەی شەپۆلی نائومێدی و بێباوەڕی ئەو ڕۆژەدا و لە کاتێکدا کە مەسەلەی بیری خواناسی هەر لە گۆڕیدا نەبووە کەچی پاش سێ ساڵان لە نزیک خۆمانەوە لافاوی هەستی ئاینی و خواناسی گەورەترین قەڵای ئیمپریالیزم و داگیرکەری کوردستانی لە بندا هە هەڵکەند و ئەگەر لانەدرێ و نەفیچێندرێتەوە دوور نییە چاری کورد بکات بۆ پێنانە قۆناغێکی نوێوە..! یان کورد گەورەترین سوود لە سەرئەنجامەکەی وەرگرێت...

**پ- لە" ل . ش . فەتاح " ەوە ئەم پرسیارە کراوە.**

**پ : جاروبار لە هەندێ دەمی چەوتی دوژمنانمانەوە ئەوە دەبیستین کەهەندێ جار بۆنوبەرامەی قسەکانمان لە هی بەعسییەکان دەچێت. ئایا ڕاستە ئەمە تا چ ئەندازەیەکە؟ لەم بارەیەوە چ دەڵێن؟...**

و+ داخەکەم نزمی ئاستی ڕۆشنبیریی و هوشیاری هەستی سیاسی هەندێک نەبوایە سەیری دەموکاوێژیانمان نەکردایە بەڵام چاکە مرۆ هەموو ڕێگەکان ببەستیتەوە جارێ هەموو ئەوانەی ئەوە دەڵێن و یان بەبیریانا ڕادەبووری ڕۆژێ لە ڕۆژان - با ناوی مانگ و ساڵ و سەردەم نەهێنین - پاشکۆ و هاوتا یان چ نەبێ دۆست و هاوکاریان بوون. ئەگەر ئەوان ئەوەندە خەراپن کە قسە و وتنەوەیان ەو کوفرە گەورەیە بێت ئەدی ئەوان چۆن بارەبەر و هاوسەنگەریان بوون؟!. ئەمە وەکو وەڵامیبزماری لە ڕووی شیکردنەوە و تاوتوکردنی زانستتییانەوە کێ گێزەرێکی لەسەر بەردێ بۆ خۆی هەڵکەندووە؟. ئەو مارکسیەتەی باڵاترین فەلسەفەی ئەم ڕۆژگارەیە و زۆرکەس وەک گوللەبەند کردوویەتی بە خۆیەوە و کەچی هەموو گیانیشی دژی جەوهەرێتی فەلسەفەیەکی وا باوەڕپێکراو و ناوبانگ ڕۆیشتوو ناڵێین نیواونیو چەقۆی تێنێن - نیوەی بەر هێگڵ دەکەوێ و نیوەکەی تری فیۆرباخ دەبیات- لە هەزاران نووسینی تۆکمەی مارکس و ئینگلزدا هەزاران دەقاودەقی قسە و بۆچوونی ڕۆبەرت ئەوین و سیمۆندی و سان سیمۆن و فۆرییە و برای لویس بلان و پرودون و کێ و کێ دەدۆزیتەوە کە بە سۆسیالیستخوازی تۆباوی و خوردە بۆرژوا و کۆنپارێزەکار و دەرەبەگایەتی یان دادەنێن.. لەم بارەیەوە هەرکەسێ سەرنجی تینوتاو و بیردۆزەکانی موسی هیسی بدات لەسەر بیری مارکسی ئەو ەڕاستییەی بۆ دەردەکەوێ...

له ڕووی فەلسەفییەوە دەڵێن جارێ لۆمەی فیردەوسی دەکەن کە سەرەتای شانامەی بەدێڕێ شیعریکرۆتەوە کە خاوەنەکەی دژی مەزهەبی ئەو بووە

لەوەڵامدا دەڵێ: برالە گەوهەرێ لەدەمی سەگیش بکەوێتە خوارێ هەڵی ناگریتەوە؟!.

جا بەعسییەکان یان فلانییەکان وتیان: لە زستاندا ئاگر خۆشە، ئێمە دەبێ بڵێین نەخێر ئێرکۆندشب چاکە!.. ئەوە چ دەردەچێ؟!. هەندێ شت هەن شەیتانیش بیانڵێن هەر ڕاستن و دژایەتی شەیتان بە وتنی پێچەوانەی ئەو هەدە ڕاستییانە نابێت گرنگیش ڕەفتار پێکردنە.. نەک تەنها وتنەوەی زۆرجاران بۆ چاوبەستەگی و خۆ حەشاردان شتی وا داڕازێندرێتەوە کە لە ژێریا ژەهری هەلایی هەیە بواری ڕاستی و چەوتێتی هەر گوزارەیەک پێڕەوکردن و ڕەنگپێدانەوە و باوەڕ پێبوونی ڕەفتار و کردارە.. کە زۆرجار ئەوان هەدێ شت دەڵێن لە ڕەگەزی/ جینسی (قول حق یراد بە باطل) ە.

جا تا ئێرە ئەگەر ئەو توومەتە کەم تا کورتێ ڕاستی بە خۆیەوە بگرێت لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەدا هەڵدەوەشێتەوە و بۆیەش بەم جۆە ئەو تارماییە دەرەوێنینەوە تا لە گیرەی نەسەلمێنەری سۆفیستائیانەی هەندێ قورمیشکراوی تووتی هەڵکەوت دەرباز بین.. ئەگینا ئێمەی داگیرکراو و ئەوانی داگیرکەر ئێمەی خاون ماف و ئەوانی ماف زەوتکەر و ئێمەی نەتەوەیی و ئەوانی ڕەگەزپەرست گاشمان لە دۆڵێکدا کۆنابێتەوە و لە هیچ مەنجەڵێکدا ناکوڵێین ... بەقەدەر جیاوازی و دووری و دووسەری ڕۆژ و شەو لێکەوە دوورین و دژ بە یەکین لە هەموو ڕوویەکەوە... ئەوان ئەگەر دروشمی بیرۆچکەیەک بۆچونێک شتانێکیان خواستبێ و دزیبێتەوە لە بیری نەتەوایەتی ڕەسەنیان دزیوەتەوە کە ئەمان دوژمنی سەرسەختی ئەو بیرەن و بەم پێیە دوژمنی ئێمەشن وەکو هەڵگرانی بیری نەتەوایەتی کورد...

# قوتابخانەی پاسۆک
# جەنگی پارتیزانی

**پێشەکی....**

هەر لەکۆنەوە ئەو پێویستییەی کە « جەنگی پارتیزانی» هێناوەتە ناو ناوانەوە و ئیمڕۆکە بۆتە بەشێکی گرنگی ململانێی دەستە و کۆمەڵ و نەتەوە جیاجیاکان ئەوە بووە کە هێزێک کۆمەڵێک گەلێکی بچووک یا کەمدەست لە جەنگەی بەرگری لەخۆکردن و خۆنەدان و بەدەستەوە دا یاخی بوە و هەنای بردۆتە بەر شێوازێکی نوێ و گونجاو لەگەڵ هەڵکەوت و توانا و دەسەڵاتی خۆی دژی داگیرکەری چەوساندنەوە و لەناوبردن نەتەوەی ورد ئەگەر بهێڵیین ؟ یەکەمین نەتەوەیەک بووە کە ئەو ڕێگەیەی گرتووە لە مێژووی کۆن و نوێیدا لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەوانە بووە کە بوونی نتەوایەتی خۆی وبەوشێوازە پاراستووە هەموو مەرج و پێدایستییەکانی بابەتی جەنگی پارتیزانی لەبار و خۆشی دەست و هەڵکەوتوو بووە بۆ کورد کە بێئەوەی ناوی لێنێ یان بیر لە ناوی بکاتەوە وەکو ڕێگە و شێواز و کەرەسەی لەسەر خۆکردنەوە و بەرگری لە بوونی خۆی بگرێتەبەر...

گەزەنەفونی یۆنانی لاپەڕەیەکی لەو بەگری و خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی نەتەوەی کوردی بۆ تۆمارکردووین و پێشریش ئاشوور بانیپاڵ و سرجۆنی ئەکەدی و زۆربەی دەستدرێژکەران و چانۆکانی سەر کودستان لەسەر بەردی خۆڕاگری و جەنگی ارتیزانی خۆڕسکانەی کورد تێشکاون..

ئەو بەرەنگاربوونەوە و بەرگری لە خۆکردنانەی کەرد وەکو هەموو ئەوانی میللەتانی دیکەش خۆڕسکی و سروشتی بوون کە بەرە بەرە لە شوێن و کات لەسەردەمی نێدارانەتە ناو دەستوور و یاسای گشتی و ڕێوشوێنی دیاری و پێناسەی جۆراوجۆریانبۆ دانراوە... بەڵام هەرگیز لە چوارچێوەی ناوەڕۆک و جەوهەری ئەوبەرگری و بەرەنگاربوونەوە خۆڕسکییەدا دەرنەچوون...

ئێمە لەگەڵ ڕێزنان لە هەموو تاقیکردنەوە و کەلەپوورێکی ۆشگێڕی ئەم دنیایە و باوەڕمان بە سوود وەرگرتن لێی و هەڵسوکەوکردنێی ژیرانە و هۆشمەندانە لەگەڵ خەرمانی کەلەپووری شۆڕشگێڕی مرۆڤایەتیدا دژی قوپیە کردن و سەپانشن و هنگدانەوە و لاسایی مەیموناسایی و تووتیانەی هەموو شتێ دەوەستێتەوە لەوەش بترازێ زۆربێزار و سەغڵەتین بەوەی کە کەسێ بێت و شتی خۆمان پ بفرۆشێتەوە

شاخو گوێشی لێبڕوێنێ. کە بەمە گورەترین و کاریگەرترین شەرەفمەندانەترین ڕەگەزی مرۆ لە مرۆڤی کورددا دەکوژێ – کە بێئەوە مرۆڤ لە مۆڤایەتی دەکەوێت– ئەویش باوەڕ بەخۆبوون و سروەرێتی مرۆڤایەتییەتی . هەر لەمەوەیە هەستی پەستی و باوەڕبەخۆنەبوون سەرهەڵدەدات. کە یەکەم گەزی کفنی هەر کۆمەڵ و نەتەوەیەکە. ئەفەندییە نیوە خوێندەوار و مۆرانەی نێو کتێبە قەبە و زلەکانی کۆملگەکەمان جەنگ پارتیزان یان لەو خەڵکەی خۆی داهێنەر و بەڕێوەبەر و ڕسکنەری بووەکردۆتە کۆڵی شێر و معمایەک و تەلیسمێک مەگر هەر کلیلەکەی حەرزەتی سلێمان بیکاتەوە!! واشیان بردۆتە پشتی قوولەی قافەوە وەکو تۆزی دەهۆڵ و ڕۆنی مێشوولەیان لێکردووە.. وەکو ئەرکێکی ڕەواندنەوەی ئەو تارمایی و شکاندنی تەلیسمە بە ێویستمان زانی بەشێک لە پەڕاوەکەی میجۆر جەنەڕاڵ د. ک. پالیت دەربارەی جەنگی پارتیزانی بە کەمێ دەستکارییەوە وەرگێڕینە سەر کوردی و لە قوتابخانەی پاسۆکدا پێشکەشی جەنگاوەرانی ڕێگای ڕزگاری و سەربەخۆی کوردستانی کین.. بەو نیازەی بەشدارییەکی چکۆلانە بێت لە هەنگاوی یەکەم.

بۆ بنیاتنانی زانیارییەکی تیۆری دەربارەی نەبەردی میللی بەڵام ێشەکی ێویستە ئەوە بلێین کە ئەمە و هەر دەق و سەرەداوێکی تیۆری دیکە دەبێ بایی ئەوەندە چاوەڕوانی لێبکرێت کە شەقڵ و کێلی سەرەڕێگەی دۆزینەوە چاترین و کاریگەرترین و ڕاستین ڕێگەی گەیشتنە مەبەستی مرۆڤە کە ئاسوودەییەتی و بەردی بنغەی یەکەمی ئاسوودەییش ئازادی و سەربەخۆیی مرڤەکە خۆی نەتەوەکەیەتی بۆیە ئەم چەند دێڕانە بۆ ئەوەی هێز و پێز و بڕشتیان لێ نەبڕێت و نەبنە بتی بتخانەی پەستگای تیۆری .·پێویستە مامەڵەیەکی ژیانە و زیندووانە و بەهۆشانەی لەگەڵدا بکرێت. وەکو تیانە نەکەن لەبەرخاتری کەوشی نوێتان پێتان داتاشن یان بوەبڕن.. کەچار نەما کەوشەکە هەڵتەقێنن...

ئەم دێڕانە وهەرچی دەقی دیکەی دنیاش هەیە تەنها هۆشی کراوەی بەندنەبوونی نێو قاڵبە شەختە بەستووەکان دەتوانێ گیانیان بە بەردا کات.

**چەمکی بەرگری لە ڕابردوودا**

ئەگەر هەموو جۆرەکانی ململانێ بەپێی یاسای جەنگی دیاریکراو بەڕێوە بچێت، ئەمە دەکاتە ئەوەی کە کۆمەڵانی خەڵک و نەتەوە لاوازەکان هەرگیز نەتوانن خۆ لەبەر هێزێکی زۆر لەخۆیان بەدەستتردا ڕابگرن. بەڵام هەڵکەوتی مرۆڤ هەچۆنێ

هەڵکەوتبێ ناتوانێ ئەم هەڵوێستە بسەلمێنێ. لەسەتای مێژووەوە کۆمەڵگە لاواز و سەرکوتراوەکان بەرانبەر هێزی باڵادەست جەنگیوون و زۆربەی کاتیش سەرکەوتوون. یولووس قەیسەر لەولای گال دا تووشی ئەم جۆرە بەرەنگاربوونەوەیە بوو . لەجەنگی سەدساڵەشدا لەشکرەکانی ئینگلیز تاڵاویان بەدەستی چەتە یاخیبووەکانی دی جیسکلان کۆنستابل فرنسا وە چێشتووە. لەسەردەمی شۆڕشی جەزائیرییەکان لە پەنجاکاندا دژی فەرەنسا نموونەیەکی دیارییە لە خەباتی سەرکەوتوانەی هێزیلاوازتر لە نەیارەکەی.

جیاوازی ئەم جۆرە جەنگانەش لەوەدایە کە ئەو ڕاپەڕینە چەکدارانەی پێشمەرگە پێی هەڵدەستن سیمای جەنگی کلاسیکی باو بەخۆیەوە ناگرێت.چونکە ناچاری وایان لێدەکات کە ڕێگەی تایبەتی وەدۆزن ڕێگەیەک کە کەمی ژمارە و چەک و کەرەسەی تێبهێنێتەوە.

ناوی ئەم جۆرە جەنگەش لەو ڕاپەڕین وبەرەنگاربوونەوەی ئیسپانییەکان بە ڕووی ناپلیۆنەوە هاتووە کاتێ کە هێزە نیزامییەکەیان تێکشا کۆمەڵێ جەنگاوەری نیشتمانپەروەری ئیسپانی دەستیان دایە چەک کە هەندێ شت وای لێکردن کۆمەڵی بچووک بچووک تەیارکەن و بکەونە تاکتیکی بۆژۆکردن و ڕێگەوبانی هامووشووی فەرەنسییەکان ئالۆزکەن. و ئەو شەمەندەفەرانەی ەلوپەلی لەشکرەکەیان دەگوێزایەوە تاڵان بکەن و پەلاماری هێز و دەستە دابڕاوەکانی بدەن بەم لەشکری فەرەنسی تووشی زیانێکی زۆر بوو کاتێکیش هێزە نیزامییەکانی بەریتانی بە فەرماندەی ویلنگتۆن کەوتنە جەنەوە ئەم بزووتنە ڕاپەڕیوە بەشدارییەکی گەورەی کرد و ڕۆڵێکی کاریگەر و بەرچاوی هەبوو لە چارەنووسی سەرکەوتنی ئیسپانییەکان ناوی جەنگی پارتیزانی یان جەنگی چووک یان لەم جۆرە نەبەردە نا.

وەلێ بەداخەوە زاراوەی جەنگی پارتیزانی زۆر جاران لەبواری ڕاوێژ سربازیدا چەوت بەکاربراوە. لەزۆر لەو چاپکراوە فەرمی و پەڕاوی مەشق دادانیشدا زۆربەی کات وەکو زاراوەیەکی گشتی بۆ هەر جۆرە تاکتیکێکی بوێرانەی نائاسایی بەکارهێندراوە. وەک بەکاربردنی گورج و زرنگانەی شوێنێکی چاوەڕواننەکراو یان پەلامار و پێدزکیی کتوپڕ.

لە جەنگی دووەمی جیهانیدا باو بوو لای سەربازە پیشەگەرەکان کە شێوازی هێرشی گەمارۆدانی ژاپۆنییەکان لەو شوێنانەوە کە بە زەوی سەخت و هەڵەموت دادەنرا و ئەو فەند و فێڵە و بە هەرەکەتی تۆکمەییەتی ئەوانیان بە تاکتیکی پارتیزانی

دادەنا لە کوباشدا کە چینییەکان بە خشکەیی بە هێزێکی بێشومارەوە لەڕووباری یالووڤی یەوە چیلکاتی باکووریان گرت یان لە هیمالایە کە گەمارۆی هێزەکانی هیندییان داو دایان بڕاندن کە بەرگرییان لە گەلیەکان دەکرد دوژمنەکانیان ئەم سەرکەوتەیانچدەگێڕایەوە بۆ تاکتیکاتی پارتیزانان هەر وەکو ئەم جۆرە تاکتیکانە لە دەستووری جەنگدا نەبن کە .......سووکیان دادەنێ بۆ داپۆشینی تێشکانەکانیان.

بەڵام ئەم جۆرە بۆچوونانە هەڵەن چونکە زرنگی و سەرکەوتنی تاکتیکی تەنها بە بالای جەنگی پارتیزانی نەبڕاوە ئەوەتا فەرماندەی لەشکرە هەرە نیزامییەکان دەتوانێ -توانیویشیانە- دووربینی و نیلی شەڕزانین بەکارخەن بۆ سەرا سیی دوژمنێکی کورتبینی خۆمەلاس دا و بە قالبی شەختە بەستووەوە. هەروەها دەتوانرێ چالاکی لەو چەشن و ئەندازەی فێڵ و بوێری و خۆڕاگریەی ئەوان برێت هەروەکو هاوپەیمانەکان لە پەلامارەکانی داوێنی بۆرمادا دەریان خست.

جەنگیجپارتیزانی شتێکی جیاواز لەمانە دەگەیەنێ لە ڕووی بواری مێژووییەوەچاکترین شێوەی جەنگ نییە. بەڵکو تەنها شێوەیەکە کە کۆمەڵێکی یان نەتەوەیەکی لاواز لە ڕووی سەربازییەوە دەیگرنەبەر. شێوازیشی چەندە توند و دزێو و تروریستانە بێت. لە بنچینەدا شێوەیەکی بەرگرییە لە شێوەکانی جەنگ بە ڕووی سوپایەکی دامەزراوی کۆک و هەراشدا کە کەسانێکی بوێر و دلێری مەدەنی و عەسکەری چوونیەک پێی هەڵدەستن. کە ژمارەیان کەمە و چەک و کەرەسەیان کەمتر . خۆش لە شەڕی دەستەویەخە و ڕووبەڕوو دەپارێزن.خەسڵەتی سەرەکی جەنگاوەرانی پارتیزان باوەڕ و ورەی بەرز و شارەزایی تەواوە بە گەل و مەڵبەند و ناوەندەکان. شێوازی شەڕیان....... هەراسکردن و بۆسەنانەوە و پەلاماردان و دەستوەشاندن و تیرۆرە کە بەمە دوژمنێکی لە خۆیان بەهێز و کۆکتر شەکەت دەکەن.

جەنگاوەرانی پارتیزانی بەتەها بەم تاکتیکانە ناتوانن سوپایەکی نیزامی لێبڕاو تێکبشکێنن. چونکە تاکتیکەکانیان تاکتیکی بەلادا خستنی جەنگ نییە. جەنگاوەرانی پارتیزان لەوانەیە – هەروەکو هێزەکانی بێگانەی دەچنە کۆمەکی دەوڵەتێک لە شەڕدا – ببنە پارسەنگ بۆ سەرکەوتنی . بەڵام چالاکییەکانیان چالاکی بەرگری ڕووتە بۆیە لە ڕووی سەربازییەوە بەلاداخەر نییە. کلاوفیتز ی کۆنە هاوەڵمان یەکەمین کەسێک بووە کە هەوڵی ئەوەی دا دەستوور و یاسای تاکتیک و شێوازەکانی جەنگی پارتیزانی دابڕێژێ. لە پەڕاوە مەزنەکەیدا دەربارەی جەنگ و لەبەشی بەرگریدا بەم جۆرەش دەکاتەوە: ناشێ و بەڵکو نابێ هێزەکانی بەرگری میللی – میلیشیا – و چەکدارە مەدەنییەکان

دژی هێزی سەرەکی دوژمن بەکاربهێنرێن. یان هەتا دژی تیپە گەورەکانیش. ناشبێتێ کە هەڵکەوتنە ئەو هێزانە بگرێت. لەسەر ڕۆخی مەیدانی جەنگدا خۆنیشان دەن بەو شێوەیەی کە دوژمن چ ڕێگەیەکی دیکەی نەبێت بۆ بەرگرتن بە جموجوڵی چەکدارە مەدەنییەکان جگە لە ناردنی دەستە و تاقمی جۆربەجۆر بۆ پارێزگاری و پاراستنی سەرەڕێی کاروانەکانیچو گەلی و سەر قوتکە و مەڵبەندەکانی تر...

(کلافیتز) پێنج مەرجی داناوە بۆ بەردەوامی سەرکەوتنانەی چالاکی جەنگاوەرانی پارتیزان ئەو مەرجانەش ئەمانەن:

١- دەبێ پارتیزان چالاکیان لەناو جەرگەی دەوڵەتدا بێت.

٢- دەبێ ئەو چالاکییانە بەرفراوان کرێن تا ناوچەیەکی بەربەرین بگرێتەوە.

٣- جەنگی پارتیزانی نابێ چارەنووسی خۆی بداتە دەست تاکە هاوبەش/ شریک و خۆی پێوە جەڕ بدات.

٤- دەبێ هەڵکەوتی میللی پاڵپشتی جەنگەکە بێت.

٥- دەبێ ناوچەکە سەخت و هەڵەمووت بێت.

کلاوفیتز بۆچوونەکانی لەسەر بناغەی جموجوڵ و چالاکی جەنگاوەرانی پارتیزان لە نێوان ----------دا هەڵچنیووە . پێی وابووە کە ئەمانەن چەکێکی بەرگری ستراتیژی بوون بام سەرجەم تاکتیکەکانیان کرداری هێرشبردنیش بووین وەکو پەلاماردان و بۆنانەوە کە بەدەگمەن دەکەوێتە شەڕێکی بەرگرییەوە.

بەم جۆرە توانیویەتی لە کرۆک و جـەوهەری جەنگی پارتیزانی بکات کاتێکە خەسڵەتی سەربازی و دەروونی جەنگاوەری نیشتمانی هەڵداوە کە بەرگری لەخاکی نیشتمانەکەی دەکات.

بەڵام لەبارەی تەکتیکەکانی جەنگاوەری پارتیزانییەوەتا ڕادەیەکی زۆر بریتییە لە هەلومەرجی ڕەخساو و فرسەتهێنان. لەبەرئەوەی کە شێوازەکانی پارتیزانی مەڵبەندی کەوشەنی شەبەنگی نەشیاو دەگرێتەوە- کە ئاستێکی دیـاری لەنێوان ئاشتی ئاشکراو شەڕی ئاشکرادا نییە - زۆر ئەستەم دابودەستوور و یاسایەکی بۆ دادەنرێ... کە بتوانرێ بە شێوەیەکی گشتی پێڕەوی کرێن و جێبەجێکررین جگە لە پیدزکێی خشکەیی و خێرا بڵاوبوونەوە و پەلامار و هەڵمەتبردن ئاگاداری و زانستی چاک کەرەسەی جەنگاوەری پارتیزانە.

لەگەڵ ئەمانەشدا شێوازی جەنگاوەری پارتیزان لەیەک خاڵی زۆر گرنگدا پێچەوانە و دڕدونگە لەگەڵ بڕوا بنەڕەتییە باوەکانی جەنگدا تۆلستۆی یەکەمین کەسێک بووە کە ئەو سەرەتا تەکتیکییەی لە پەڕاوی جەنگ و ئاشتی دا دەرخستووە.

یەکێ لەو گۆڕانە باڵا وبەفەڕانەی ..... لەوەی پێی دەگووترێ یاسای جەنگ ئەو کارە خۆبەخۆ و سەربەخۆیەیە کە کۆمەڵە کەسێ بەجیاجیا بەرەنگاری کۆمەڵێکی پێکەوەی گوم بوو لە هێزێکی گەورەی پێدەبنەوە.

ئەم چالاکییە سەربەخۆیە هەمیشە لەو جەنگانەدا بەرچاو دەکەوت کە مۆرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیان پێوە دەبێ.لەم جۆرە جەنگانەدا ئەو خەڵکە لەبری ئەوەی خۆکۆوەکەن و هێزێکی گەورە پێکبنێن و هێرشی پێبەرنە سەر هێزێکی گەورەی تر دەبنە کۆمەڵ و دەستەی بچووک و جیاواز و هەریەکەی بۆخۆی هەڵمەت دەبات . هەر کە هێزێکی گەورەتر لە خۆیان هێرشی بۆهێنان دەکەونە خۆ و هەڵدێن کە هەڵیان بۆ هەڵکەوتەوە دەکەونەوە پەلامار و هەڵمەتبردن.. شێوازی پارتیزانانی ئەسپانی وابووە و هەرواتر خێڵە قوقازییە شاخاوییەکان و ڕووسیەکانیش لە ساڵی ١٨١٢.

بەم جۆرە جەنگەیان وتووە جەنگی پارتیزان بەو نیازەی کە ئەم ناوە ڕەنگ بە ناوەڕۆکی تایبەتی دەداتەوە. بەڵام ئەم جۆرە جەنگانە بەپێی هیچ کام لە بنکەکانی جەنگ بەڕێوە ناچن بەڵکو ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکێ لە بنکە هەرە بەرچاوەکانی تاکتیکیدا کە بەڵگەنەویست و هەمیشە ڕاست دەرچووە پێچەوانە و دەپەرچێتەوە ئەو بنکەیەی کەوا پێویست دەکات هێرش بەرەکە هەموو هێزەکانی خڕ وەکات تا لەساتی بەیەکدا چووندا لە نەیارەکەی بەهێزتر بێت.

بەڵام جەنگی پارتیزانی ئاشکرا و دروست پێچەوانەی ئەم بنکەیەیە. پاشان دەبینین کە چۆن کتوپڕی و ساکاندن و دەست بە خۆوەگرتن و سووکوسۆڵی و هەڵمەتبردن... سەرەتاکانی جەنگی کاریگەرن لای جەنگاوەری پارتیزانی.. نەک جووتە سەرەتای خۆپارێزی و گوومبوون.لە ڕووی ڕووداوەکانی جەنگیشەوە دەبێ بەگژ ئوردوو و تیپە گەورەکاندا بچێتەوە. چاوەڕێی کۆمەکیان بێت. تاکە ڕووداو و پێشهاتی ئەوەیە هەرچییەک ڕووبدات و ئەو کەرەسانەی بەکاری دێنی هەرچییەک بن دەبێت خۆڕاگری و بەرگری کات.

جەنگی پارتیزانی ئیمڕۆ وەکو چەمکێکی هەڵمەتبەری وەکو دیتمان جەنگی پارتیزانی لە ڕابردوودا لە بنچینەوە چەمکێکێکی/ مفهوم بەرگری بووە. هێزە نیزامییەکان زۆرجاران لەکاتی خۆ کۆکردنەوە و هێرشبردندا وەکو بەشێکی ستراتیژی هێرشبردنی گشتی خەملێو لە پشتی بەرەکانی دوژمنەوە دەخەنەکار.

وەکو هێرشەکەی " ئەلەنبی" لە فەلەستیندا کە جەنگاوەرە عەرەبەکانی سەر بەهێزەکانی لۆرەنسی لەناو جەرگەی ئەو ناوچانەی تورکەکان داگیریان کردبوون

دەست بەکاربوون. بەڵام هەتا لەم جۆرە حاڵەتانەشدا ڕۆڵی جەنگاوەرانی پارتیزان بە شێوەیەکی بنەڕەتی ڕۆڵێکی بەرگرییە بام لەدواپلەیدا بەشداری سەرکەوتنی هێرشە سەرەکییەکەشی بکات.

ئەم چەمکە لەم سەدەیەدا گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا هاتووە جەنگی پارتیزانی قۆناغی ئەرکی مێژوویی بەرگری خۆی بڕیوە وایلیٔهاتووە کە بشێ وەکو شێوازێکی هێرشبەری بەربڵاو بەکار بێت. دوو گۆرانی گرنگی سەردەم بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەمچگۆڕانە لە ستراتیژێتی جەنگی پارتیزانیدا پێش بێت. کە یەکەمیان : بەرفراوانبوونی بەرەی سۆشیالیستخواز و دووەمیان ستراتیژێتی بەرەنگاربوونەوەی ئۆتۆنۆمییە.

لەشکری سوور بە فەرماندەیی لینین و ترۆتسکی بۆ یەکەمجار سیاسەتی بەرگری میللی خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی لەسەر شێوەی پارتیزانی گرتۆتەبەر. کە هێزە بێ شوومارەکانی بەرگری میللی پێی هەڵدەستان. کە ئەمەش پێویستی و ناچاری پێی گرتبوونەبەر. لەبەرکەمبوونی چەک و تەقەمەنی و کەرەسەی نوێ لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشەکەیاندا پاش ئەوەی هێزەکانی سۆڤیەتی لە ڕووی تەیاری و و چەکداررییەوە بەرامبەربوونەوە لەگەڵ سوپاکانی دیکەی ئەورووپاییدا سۆڤیەتییەکان بەرەبەرە چەمکی پارتیزانیان پشتگوێ خست لەگەڵ ئەوەشدا کە پاشان و لە کارەساتەکانی جەنگی دووەمدا بۆ ماوەیەک گەڕانەوە سەری. داڕشتنی یاسایەکی ستراتیژی هێرشبەری پارتیزانی دەگەڕێتەوە بۆ ماوتسی تۆنگ و ڕابەرانی دیکەی چین.

هەروەکو ڕووسەکان لە بیستەکاندا ئاواش چینییەکان دووچاری جەنگێکی درێژخایەن بووبوون دژی داگیرکەرە ژاپۆنییەکان لەم هەلومەرجەدا شێوازێکی تایبەتیان لەجەنگی پارتیزانی لا گەلاڵە بوو کە پاشان بووە سەرچاوەی ستراتییتی سەرەکیان و هەتا پاش دامەزراندن و بەرقەراری ڕژێمەکەشیان هەر لەسەری مانەوە.

ماوتسی تۆنگ لەو باوەڕەوە کە جەنگ باڵاترین شێوەی ململانێی سیاسییە هەنگاوی یەکەمی هەڵهێنا کە دەڵێت : بێململانێی چەکدارانە نە پرۆلیتاریا جێگەیەکی دەبێ و نە گەل شوێنێکی دەبێ نە پارتێکی کۆمۆنیستی دەبێتێ و نە سەرکەوتنیش بەدەست دێت.

بەم فەلسەفە و باوەڕبوونە بە ململانێی چەکداری کە مۆرکی کۆمۆنیستییەکەی بووە هەموو ژیانی خۆی بۆ داڕشتنی بڕوایەکی سەربازی تەرخان کردووە کە وڵاتێکی دواکەوتووی نا پیشەسازی وەکو چن بتوانێ پەلنهاوێژێ بام هێزەکانی خۆرئاوا پڕچەک و کەرەسەش بەرەنگارجبنەوە.

ئەو ستراتیژییەی کە نەتەوەیەکی بچووکی وەکو ڤێتنامی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کە بتوانێ بە ڕوی هێزەکانی ئەمەریکادا بوەستێتەوە و تێشیبشکێنێ.

بۆیە پێویستە لە سەراسوێی ڕێنمویەکانی ماو هەڵوێستەیەک بکەین : ماوتسی تۆنگ توانای سەربازی بە شێوەیەکی فراوان لە شەش ماکی سەرەکیدا کۆکردۆتەوە سیانیان بەرهەستن و سیانەکەی دییانبەرهەست نین.

١- ڕێوشوێنی چەکداربوون ! کە هەموو جۆرەکانی کەرەسەی دەگرێتەوە

٢- کاروباری بەڕێوەبردن

٣- هێزی مرۆیی.

ماکە بەرهەست نەکەوتووەکانیش ئەمانەن

١- چەمکی ستراتیژی مەیدان و شوێن پێناسەکەشی گۆڕەپانی شەڕگە لەگەڵ لەمپەر بەبێ تۆڕی ڕێگەوبان..

مەیدانی شەڕ + لەمپەر و کۆسپ + ڕێگەوبان

٢- کات

٣- ورە و ویستی شەڕکردن

پلان کێشەکانی سەربازی خۆرئاوا تەنها ماکە بەرهەستەکان و دوانی یەکەمیان بەتایبەتی بەرچاو دەگرن کە چۆنیەتی چەکداربوون و کاروبارییەڕێوەبردنە بەڵام چینییەکان چونکە لە بواری ئەو دوو ماکە مادییە بێ دەست بوون هەموو قورسایی و سەرنجی خۆیان خستۆتە سەر سێ ماکە بەرهەست نەکەوتووەکان کە مەیدان و کات و ەرە نکە لەگەڵ هێزی مرۆیدا هەموو سەرمایەی سەربازییان بوون توانیشیان لەم ماکانە کەرەسەیەکی لەشکریی وای لێدروست بکەن و سەرکەوتنی بەدەست بێنن کە هیچ هێزێکی هاوتای خۆی بەدەستی نەهێنابێ.

توانیان سەرکەوتووانەلە ساڵی ١٩٣١ تا ١٩٤٥ بەرەنگاری ژاپۆنییەکان بنەوە و پاش جەنگیش هێزەکانی کۆمینتاگ کە ئەمەریکییەکان پشتیوان و پشگیری دەکردن تێبشکێنن لەدەرەوەی چینیش تیۆرە سەربازییەکانی ماو لە زۆر شوێنی خوارووی خۆرهەڵاتی ئاسیا بووە سەرمەشقی شۆڕشگێڕان. سەرەتای هەر دروستی سەرەکی تیۆرەکەی ماو ئەوەیە لە دۆخی نەداری و نەبوونی ئامادەگی پیشەسازی پێویستە ئامادەگی سیاسی شوێنی بگرێتەوە. تا ئەوکاتەیئەو ئامادەگییە پیشەسازییە دیتە دەست کاتێکیش گەل لە ڕووی سیاسییەوە بەئاگا دێنرێتەوە وساز دەدرێت پێویستە

شوێن و هێزی مرۆیی گەلاڵە و خەمڵیو بەگەڕ خرێن کە هەردووکیان لە چیندا بە زۆری دەست هەڵێنجن بە جۆرێکی وا کە جێگەی کات پڕ دەکەنەوە بە واتایەکی دیکە بەجۆرێکی پێویستە ڕێچکەی لەشکری ڕێگەی درێژەکێشان و درێژەپێدانی جەنگەکە بگرێتەبەر بە جۆرێکی وا کە هەمیشەیی بێت بەڵام ڕێچکەی لەشکری خۆرئاوا بردنەوەی جەنگ بەرچاو دەکرێت چونکە ئەوەندە کەرەسەی مادی هەیە کەئەوەی لیٚهەڵبستیٚ سیاسەتی جەنگی چین گرنگی دەدا بەلایەنی درێژەکێشانی جەنگ تا ئەو شوێنەی هۆکاری کات دەبێتە هۆی هاوتاکردنەوە کە بیٚ ئەو درێژکردنەوە هاوتا نییە.

مەبەستی سەرەکی ئەم بڕوا لەشکرییەش ئەوەیە کە دەبیٚ بەهەر نرخیٚ بێت خۆ لە بەلاداخستنی و گردەبڕی دوور بگیریٚ بێگوێدانە درێژبوونەوەی ماوەی جەنگەکە کە زۆر جاران ماو ئەم پێوستی و بەئاگاهێنانەوە دووبارە کردۆتەوە. دەتوانین بڵێین هەموو شێوازەکانی پارتیزانی چ بەرگری و چ هێرشبەرە لەسەر ئەم چەمکە سەرەکییە هەڵچوون.

لەم جۆرە جەنگەدا تیاچوون و تیشکانی تێدا نابێت بەڵام سەرکەوتنیش ئامانجی بنەڕەتی نییە ئامانج درێژەکێشانی دۆخێلی جەنگە بە جۆرێکی وا کە جەنگاوەرانی پارتیزانی شوێن چۆڵ دەکەن بۆ دەسخستنی کات.

بەڵام هەتا لە شوێنی جیٚهێشتنیشدا هێرش پچڕپچڕ بیٚ و هەمەجۆرەی وەکو بۆسە دانان و پەلاماردان و شەبەیخون و دەستەوەشاندن بەردەوام دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ورەی جەنگاوەران

لەگەڵ ئەمانەشدا ماوتسی تۆنگ وەکو کلاوفیتز بە ئاشکرا ئەوەی بەرچاو خستووە کە ئەم شێوە ستراتیژییە بەتگرییە واتە کات دەسخستن شێوەیەکی نەرێنییە لە شێوەکانی جەنگ کە هەر دەبیٚ لە دوا پلەدا ببێتە ستراتیژییەتێکی هێرشبەری.

پێویستە قۆناغی درێژەکێشانی جەنگ لە زرێی بوژوکردن و خۆبواردنەوە تەنها بە قۆناغی یەکەمی بەرنامە بەربڵاوەکە بناسریٚ. ئەگەر نەتوانرا لە پاشان گەشە بکات و ببێتە ستراتیژییەتێکی هێرشبەری بۆئەوەی سەرئەنجامێک و سەرکەوتنێژی لەشڕی گردەبڕ بەدەستبێنیٚ. ناتوانیٚ گوڕ بە ئامانجە ستراتیژییە نیشتمانییەکان بەتەو پێشەوە بدات.

بۆیە ناشیٚ جەنگی پارتیزانی بە ستراتیژییەکی بەرگری هەمیشەیی دابنریٚ. بەڵام دەبێت لە دوا پلەدا بنکە و زەمینەی ئەوەی بۆخۆشکرێت کە چالاکی هێرشبردنی لێوە سەر هەڵدات.

# پەڕێزی ئازاد

**کوردستان..**

بۆ ئەو سەرکردە ناسەرکردانەی، فرمێسکی دایە کوڕ کوژراوەکان، دەکەنە ملوانکەی دەزگیرانەکانیان...

**کوردستان ئەی وڵاتە پیرۆزەکەم**
**باش دەزانم چەندان ساڵە**
**ئاڵقە لە گوێی بۆرژواکانی**
**وەک ئافرەتێکی تیاترۆ**
**فڕێدراوی نێو مەیخانە و باڕەکانی**
**ورگ زلەکانی وەکو ئەسپ سوارت دەبن**
**لەژێر پەردەی کوردایەتی**
**بەلافاوی خوێن و فرمێسکی ڕۆڵەکانت**
**بازرگانی دەکەن کۆشکی سەوز پێهەڵدەچنن**
**لەسەر شانۆی جامبازەکان دەتفرۆشن و**
**جەواڵی گیرفانەکانیانت پێ دەئاخنن**

***

**کوردستان ئەی وڵاتە پیرۆزەکەم**
**کام بست لەخاکە پیرۆزەکەت**
**لاشەی بێکفنی تێدا نەنێژرابێ**
**کام بن بەرد و ژێر دار هەیە**
**لە سێبەریا سەدان مێشک نەپژرابێ**
**دەبێ ئەو گوندەی سنوور لە کوێ بێ**

***

**کە نەکرا بێ بە ژێلەمۆ**
**تاقە دایکێکم نیشاندەن**
**کە نەیکردبێ شین و ڕۆ ڕۆ**

**دەیان ڕۆژ و مانگ و ساڵە**
**پەڵەی بەفری کوێستانەکان**
**تابلۆیەکی سوور و ئاڵە**

***

**کوردستان ئەی وڵاتە پیرۆزەکەم**
**تف لەو چاوە برسییانە بێ**
**بە بۆیاخی کورد کوردپەرستی دەتفرۆشن و**
**بۆ ئامانجی تاقە کەسیان دەتسوڕێنن**
**ڕەش بێڕووی ئەو سەرکردانەی**
**بۆ مەرامی گڵاوی خۆیان**
**لە فرمێسک و خوێندا دەتخنکێنن**

**ژان ١٩٨٢**

## مانە شێ؟!...

بەئاستەم لاقی هەڵدەهێنایەوە و هەنگاوی دەنا. ئاڵۆزی بیری بەجارێ هەراسان کردبوو. تەزبیحە سوورەکەی لەناو لەپیا هەڵدەگلۆفت و لە ملی دەنگێکی دەگرت و ..... تەق بەدەنکەکەی دیدا دەگەڕایەوە سەر ئیمامەکە بۆ جاری هەزارهەم دەکەوتە جووت جووت ژماردنی دەنکەکانی نەدەگەیشتە جووتی بیستەم خەیاڵی ڕای دەفڕاند بۆ سووچێکی دیکە و لەخۆی جیادەکردەوە هەژماری جووت جووتەکەشی لێتێکدەچوو! نازانم هندەمین جار بوو لەسەرەی نۆزدەهەم جووتدا وەستا!.

+ دەبێ ئەوە بێت؟! مایینە لاتەی زستانی بێت؟.

+ بۆ نا، بەخوا خۆیەتی ...ئەوە لەدەستی زاڵم ڕزگاری بووە. بۆیە وا لاکەلاکە تێک قوپاوەکەی ڕاست بۆتەوە و پاشووی بریقە دەداتەوە. تەماشا ،تەماشا، تەماشای ئەو جوانووە دنیا نەدیدەیەی خۆزیا تاڵاوی بار و شریقەی شووڵی لاتریزەی هیلاکی ئەم ڕۆژانەی لێ لا نەدەسڕییەوە.

+ کورە عەقڵت بێت، ئەم خۆزیایە لەتەمای چاوی کوێر دەچێت!.. خۆزیای چی؟ ئەو خۆزیایەن کاتێ دەبێ کورتان نەچێتە سەر پشتی فرزەی لێ ببڕێت.. ئەگینا دەستەپێچی قەیاسەی باربی گیای هەموو بەهارانی لە لووت دەردەهێنێتەوە.

+ دەبێ خوا ئەمەی هەر بۆ بار و مەینەتی دروست کرد بێ؟
+ نەوەڵڵا خەڵکی هەر خۆیان گومڕان.
+ ئای ئەو هەژارە زستانی چۆن بەسەر برد، ژیانێکی کولەمەرگی ساڵ ڕۆیشت و رابوورد جوێ لەژێر ددانی نەنا لەبرسا ئەو بەفرەی بەلچ لادەبرد تا چڵەپووشێ وەدۆزێ و ئاهێکی بێتەبەر لە ڕێکردندا بەسەر خۆشێ دەچوو هێدی هێدی پەلی دەهاویدت و بە ئاستەم سەری بۆ بڵند دەبۆوەوە دەتگووت ها ئێستا نا ساتێکی دی بەلادا دێت و ملی دەشکێت.
+ ئای ئەو ئێوارەیە کە لەگەڵ کاکمدا خەریکی سەربانماڵین بووین لەولاوە گەلە گورگێکی چاوبرسی هەر لە دامێنی کێوەکەوە چنگ لەسەرشان نیشتنە سەری بە پەلە پروزێ خۆی گەیاندە نێوگوند ئەگینا سەیان سوور کردبوو! ئەە ڕزق و ڕۆژووی زۆربەی شەوانی زستانی بوو. ئەوە بە ڕۆژ دەیخوارد هەر ئێوارە لێیان دەکردە ژەهری مار و پێیان هەرس دەکرد.
+ ئاخ چۆن ژیانێکی ردە سەر!. تۆ سەیر سەیر!! ئەو نەگبەتە ژیانی بەو کولەمەرگییە بەسەر برد پاش دوو ڕۆژی دیش سێ چوار دەم ڕووتی لێڕاست دەبێتەوە و خۆ دەکەنە خاوەنی ئەو دەڵێ ماینی منە فلانە کەس گەواهە... ئەوی دی دەڵێ بەو ناونیشانەی هەرچوارپەلی تا ئەژنۆی سپییە و گوانی گرووی لێداوە و بەڵەکی کردووە ماڵی منە.
+ ئەم خەڵکە زۆر سەیرە!!.
باشە زستانی بۆ ماڵی کەس نەبوو؟ تا کۆلیتێکی بۆ بکات و بارێ جۆی بۆ بکرێ ئەو سێ چوار مانگە خزمەتی بکات تا ئێستاش ئەم شەڕ و هەرایەی نەدەویست و گەوهو ناونیشان وسوێند وسوێندکاریش نەدەهاتە گۆڕێ... کوڕە ئەم بێ مێشکانە هەر لەەرجوانووەکەیەتی ئەو هەموو خاوەنەت بۆ پەیدا دەبێ.
هێشتا لە کوێیەتی چوار ڕۆژی دی دەبینی زینکربێ و هەروەک بۆ بووک ڕازابێتەوە ئەوها دەڕازێتەوە بۆ ڕمبازێنی ئەم پێدەشتە ئێواران دەور دەوریماینە شێ دەبێ.

**فەتاح**

## له کەلەپووری شۆڕشگێڕیمان دا

ئێمە لێرە ڕووت و برسی ئەولەوێ بەزم و سەفا
میللەتی کورد ئولفەتی وایە لە گێژاوی جەفا
خوێنی خۆی و کۆرپەی ئەڕێژێ گەورە پێ بگا
هەرکەسێکی کردە شوان وا ئێستا گورگە و مەڕ ئەخوا
ئابڕووی سەدبیروبڕوا و ڕەنجی جوانی تۆ ئەبا
حاڵ کەوایەئەی برادەر چیست فرمانی شما!؟
زۆر دەمێکە ئەی ڕەقیب تۆ چاوەڕوانیی بووی کە کورد
ببێتە دوو دەستە لەیەکتر گەورە پیاو منداڵی ورد
سەد شوکر ئاواتەکەت واهاتە دی زۆری نەبرد
کوشتن و تالان و غەدرە یەک لە یەک دا کورد لە کورد
قوڕ بەسەر خۆم بۆ حەیا و ناموو کەوا باوی نەما
حاڵ کەوایە ئەی برادەر چیست فرمانی شما؟!
حەفلەیە ساقی لە تاران و لە بەغدا هەستە دەی
چەپکێ هەڵگرە لەو گوڵە بۆ مێزی بادەی پڕ لە مەی
ئەو گوڵانەی وا بە خوێنی ئێمە پەروەردەی دەکەی
بیخەرە بەردەم ڕەقیبانم نیشانە و بەڵگەکەی
تازە خەڵکی چی ئەوێ لێم کار لەدەست ئێمە نەما
حاڵ کەوایە ئەی برادەر چیست فرمانی شوما!؟

شێخ لەتیف

# فەرهەنگۆک

**ڕادیکالیزم الرادیکالیه توندڕەوی** Radicalism

لە ڕیشەی وشەی Kadix ی لاتینییەوە هاتووە کە مانای ڕەگ ڕیشە بێخ دەدات ئەم زاراوەیە بۆ یەکەمجار لە ئینگلیزیدا چالز جبەزفوکس کە یەکێ لە سەرانی حیزبی ویک لیبڕاڵی بوو بەکاری هێناوە رادیکالی و رادیکالیتی بەهەر کار و بیر و هەڵوێستێ دەوترێت کە باوەڕی بە گۆڕینی بنەبڕی و سەرتاسەری لە ڕەگ و ریشەوە بێت.

واتە هەڵتەکاندنی کتوپڕی و یەکسەری ڕژێم و یاسا و هەڵکەوتی کون و دامەزراندنی شێوازێکی نوێی سەرلەبەر لە جێگەی.

ئەم زاراوەیە پتر بۆ کار و بیر و ئەندێشەی چەپڕەوە توندڕەوەکان و هەندێ جاران بۆ مارکسیستەکان بەکار دێت. بەڵام زۆر جاران لە نێو حیزبە لیبەڕاڵ و دیموکراسی خوازەکانیشدا بەو باڵانە دەگووترێت کە داوای گۆڕینی قووڵتر و خێراتر دەکەن.. ئەوەش پێویستە بووترێت کە هەندێ جار ڕادیکالێتی بەند دەکرێتەوە بە بەکار هێنانی زەبروزەنگ لەو گۆڕانانەدا. لەهەکەوتی سیاسیدا رادیکالی بەچەپی چەپیان توندڕەوانی چەپ دەناسرێن ، کە باوەڕیان بە گۆڕانی کتوپڕی و سەرتاسەری هەیە پاش ئەوان چەپی دەستووری کە باوەڕیان بە گۆڕینی ..... و شەاقو بەشەقاو هەیە.

کۆنپارێزەکانیش/ کۆنزەڤاتیڤ ئەوانەن کە دژی هەموو گۆڕانێک دەوستننەوە و داوای چەقبەستنی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دەستووری کۆمەڵگە دەکەن... ڕاستڕەوە توندەکان کە بە کۆنەپەرست ناودەبرێن ئەوانەن کە داوایگەڕانەوە بۆ دواوە دەکەن. بۆیە دەتوانین هێڵێکی بەم جۆرە بکێشین:-

ڕادیکالی- چەپی دەستور- لیبڕاڵی- کۆنپارێز- کۆنەپەرست لەم دەمودوو و زاراوەی سیاسی ئیمڕۆدا ئەمانەش بەکاردێن : چەپی چەپ- چەپی ناوەند- ڕاستی چەپ- ڕاستی ڕاست- ڕاستی ناوەند- چەپی ڕاست.

بێگومان هەر یەکەش لەم زاراوانـە بە پێی بار و هەلومەرج و کات و شوێنی دیاری دەگۆڕێ... سنوورەکانیشیان ئاوێتەی یەکد دەبن و زۆر جاران وەکو جەنگێکی عەقائدی گازندە بەکاردەبن. یان ئەم بیرە یان ئەو ڕەفتارە لە فلان شوێن یان فیسار کات و گەڵوێستدا چەپایەتییە و لەویاندا ڕاستڕەوە. هەروەها بەو جۆرە دەگۆڕێ و دەبێ هەر هەڵوێست و ڕا و هەنگاو و بیرەی لەبەر ڕۆشنایی تێخوێندنەوەی سەرجەم

و باروهەلومەرج و کات و شوێن و هەڵکەوت و شیاوەکان/ ممکنات هەڵبسەنگێندرێ و ناوی لێبنرێ. ئەمەش تەنها بەو وشانە دەکرێن کە جەربند و کوێلەی هیچ ڕا و بڕیارێکی پێشەکی و بیرێکی بتریارکی و قاڵب بەستوو نین.

**لیبەریالیزم - اللیبریالیة التحررية ئازادیخوازیی ناوەڕاسترەو.**

....... لە زمانی لاتینیدا بە مانای ئازاد دێت .. جۆن لۆک ی فەیلەسوفی بەناوبانگی ئینگلیز بە بنیاتنەر و ڕابەری فەلسەفەی لیبریالیان ئازادی دەژمێردرێ. کە چەقی تیۆرییەکەی دەربارەی دەوڵەت و مافی سروشتی مرۆڤە بەپێی بڕوای لوک هیچ کەس و دەسەڵاتێ بۆی نییە دەست بخاتە ئاسایش و ژیان و ئازادی و موڵکی کەسێکی دیکەوە و زیانی پێبگەیەنێ...

یەکەمین سەرکەوتنی لیبرلیتی لەو جەنگەو ململانێیەدا بوو کە بەرەنگاری باروون و لوردە خاوەن ئیمتیازەکان و شاری ئینگلستانی بوونەوە و ئازادی گەلیان لە مگن کارتا ڕاگەیاندنی مەزن دا لەساڵی ....١٢١٥ دا دەستخست. کە ئەمە بە یەکەم سەرکەوتنی جەموەر و چینەدامێنەکانی گەل بەسەر چینە باڵادەستەکاندا دەژمێرێ. دیارە لەو ڕۆژە ئەم زاراوەیە چەندین مانا و ڕەنگ و نیشانەی بەخۆیەوە دیووە و چەند گۆرانێکی بەسەردا هاتووە. کە گۆڕانە بنەڕەتییەکەی لەو دروشمەوە سەری هەڵداوە کە پنتام ی فەیلەسووفی ئینگلیزی بڵندی کردۆتەوە « زۆرترین خۆشی بۆ زۆربەی خەڵکی» کە پاش خۆی گەشەی پێدراوە و تا گەیشتۆتە ئاکاری بنەماکانی سۆسیال دیموکرات ەکان.

لە هەموو مێژوودا لیبریالیزم دژی ئەریستۆکراتی و چینە خاوەن ئیمتیازەکان وەستاوەتەوە و هەمیشە ئاڵا هەڵگری توندی تێدا بەرچاو نەبێت لیبرالییەکان بە باڵی پێشکەوتوو و بەرەی جەماوەر هەژمارد دەکرێت... لەهەندێ شوێنیشدا کە چەوساندنەوە و ڕووتاندنەوە بە ئەندازەتکە کە ڕێگە و ڕێبازی لیبراڵی بەری پێناگیرێ و چارەسەری پێناکرێت. لەسەر پێداگرتنی بەسەر گیانی دیموکراسی و شێوازی دەستووری دەکەوێتە پێگەی سەرەڕکاری و جێگەی ناڕەزامەندی جەماوەرە چەوساوەکە دەبێت.

ئەوەش دەبێ بووتریێتزۆرجاران لە ڕووی شەڕی ئایدۆلۆژییەوە لیبریالیزم ریسوا دەکرێت ئەگینا ئەو گازندەنەی دژ بە لیبریالیزم دورە لە ڕاستێتی و زانیستێتییەوە . بەتایبەتی لەنێو ئەدەبی سیاسی و دەمودووی ڕۆژانەی کوردەواریدا لیبریالیتی بە

بەرەاڵایی و گوێنەدان و شلومێچکەی دەناسرێت. کەوانییە و ئەمە باری سەرنجێکی بیروباوەڕی/ عەقائدیە و بەس.

بۆ ئەم زاراوەیە و ڕێچکە و ڕێبازێکی ئایدۆلۆژی و فەلسەفی و سیاسی پێویستە سەرچاوە و جەوهەر و گۆڕان و کاتجو هەلومەرجی بەرچاو گیرێ و ئەوساکە بۆ هەر حاڵەتێک حوکم بدرێت.

کە پێچەوانەی ئەمە لەو کۆمەڵگە شلک و هەژار و دواکەوتووانەی ئەشکەوتی دەنگدانەوەی گازندەن. شتەکان زۆر جاران بە مانا زانستی و مێژوویی و واقعییەکەی خۆی بەکار نایەت و ئەمەش بەشێکە لەو هواشەکارکردنی فیکری کۆمەڵگە... کە خۆی لە خۆیدا جۆرێکی نوێ و سەردەمی کۆیلایەتی فیکری یە!..

**٣. چەپ و ڕاست - چەپڕەوی ڕاستڕەوی اليمين واليسار اليمينيه واليساريه**

ئەم زاراوەیە لەسەردەمی شۆڕشی مەزنی فەرەنسادا لە ساڵی ١٧٨٩ دا پەیدا بووە لەوەوە هاتووە کە شۆڕشگێڕە توندڕەوەکان لە بەری چەپ و کۆنپارێزەکان لەبەری ڕاستی ئەنجوومەنی میللی دا دادەنیشتن کە تا ئیمڕۆەش لەزۆر ئەنجوومەنی پەرلەمانی ئەوروپیدا ئەم باوە هەر ماوە...چەپەکان ئەوانەبوون کە باوەڕیان بە گۆڕان بوو، جا لە گۆڕانی زیاتر تا دەگاتە زووترین گۆڕان . ڕاستڕەوەکانیش ئەوانەبوون کە دژی گۆڕان بوون هەر گۆڕانێک بان هەتا گەڕانەوە سەر کۆنیش...

چەپی توندڕەو ئەوانەن کە پێیان وایە دەوڵەت یا کۆمەڵ دەست بەسەر هەموو جەمسەرەکانی بوونی کۆمەڵایەتی و هەتا شێوەی ژیانی مرۆڤیشدا بگرێت یان وەکو دەڵێن تاک بەتواوەیناو کۆمەڵگە دادەنێن واتە هەڵکەوت و ویستی تاک بە پلەی دووەم بەرچاو دەگرن. ڕاستڕەوە توندەکان پێیان وایە نابێت نە دەوڵەت نەهیچ هێز و دەسەڵات و لایەنێک بە هیچجۆرێک دەست لەهیچ کارێکی تاک ەوە بدات و تاک چۆنی دەوێت وا بکات. چەپایەتی دژی دیکتاتۆرییەت و چەوساندنەوە و ئیمتیازات و فاشیستییە. ڕاستڕەوی لەگەڵ ئیمتیازی تاک و بنەماڵە و جیاوازی مرۆڤ و ڕەگەزایەتی و دیکتاتۆرێتی خانەدانان و تاکیدان.

بەهەموو ڕێکخراوە نەتەوەیی و نیشتمانی و دیموکراسی و لیبڕالی و ڕادیکالی و سۆسیالیستی و مارکسیزمی و ئەنارشیستەکان - بەئەندازەی جیاجیا- دەوترێت چەپڕەو بە کۆڕ و کۆمەڵە کۆنپارێز و کۆنەپەرست و لایەنگرانی ئەریستۆکراتی و دیکتاتۆرییەت و فاشییەکان - دیسانەوە بە پلەی جیاجیا - دەوترێت ڕاستڕەو.

١- گۆڕان گۆڕانی زیاتر زیاترین گۆڕان گۆڕانی کتوپڕی گۆڕانی سەرلەبەر و هەڵتەکاندنی هەموو کۆنێک.

٢- بەکارهێنانی زەبروزەنگلەبری گۆڕانی لەسەرخۆ و دەستووری .

٣- دژی تێکەڵکردنی ئاین و سیاسەتن یان دژی بەشداری پیاوانی ئایینین لە سیاسەتد دا.

٤- دەوڵەت بەرپرسە لە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی تاک

٥- دەست بەسەرگرتنی بەش یان هەموو چالاکی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و گۆڕینەوە.

٦- یەکسانی مافی هەموو مرۆڤ و هاوتاییان بەرانبەر یاسا.

٧- ڕێزنەگرتنی دابودەستووری لەگەڵ هۆش و سەردەمدا نەگونجێ و یەک نەبێتەوە.

٨- گەل دەبێت حوکمداری خۆی دیاری بکات.

ڕاستڕەوەکان بڕوایان ها بە:-

١- کەمترین گۆڕان یان گۆڕانی لەسەر خۆ وا بەئاگایانە هەر باوەڕی بە گۆڕان نییە و نیشاندا بە بڕوای بە گەڕانەوە بۆ دواوە هەیە.

٢- بڕوایان بە ئایین هەیە کە دبێت سەرچەشمەی ژیان بێت.

٣- بڕوایان وایە کە دەبێت دەوڵەت لە ناچاری و زۆر بە کەمی دەست بخاتە کاروباری کۆمەڵەوە.

٤- دەوڵەت تەنها لە ڕێگەی پاراستنی بازاڕی میللییەوە دەست بخاتە کاروباری ئابووری کۆمەڵەوە.

٥- باوەڕیان بە ئازادییەکانی مرۆڤ هەیە.

٦- باوەڕیان بە ناچوونیەکی و جیاوازی تاک هەیە.

٧- ڕێز لەدابودەستووری کۆمەڵایەتی و هەستی میللی دەنێین .

٨- گیانی نەژادپەرستیان تێدایە.

ئەمانەش تەنها لە ڕووی تیۆرییەوە و بۆ دەستنیشانکردنی بنەماکانی ئەو دوو بڕوایە ڕاست دەردەچن. ئەگین زۆر جاران لە ڕووی کردەیی یەوە و لە واقعدا ئەو سنوورانە تێکەڵ دەبن ودیسانەوە وەک جەنگی ئایدۆلۆژی و چەکێکیپروپاگەندەیت بەکار دەبرێن. زۆر هەڵکەوتووە کە چەپ و ڕاست هەڵکەوت و ڕەفتار و ڕێبازیان

تێکەڵ بووە و ئەوەی لەسەر چەپ و چەپی چەپیش هەژمارد بووە کەوتۆتە هەڵوێست و پێگەی ڕاسترەوانەوە و بە پێچەوانەشەوە.

بۆ نموونە:

لەجەنگی دووەمـی جیهانیدا، لەفەرەنسا دەستە ڕاستییەکان لـەزۆر بـواردا پتر بەگریان لە ڕژێمی کۆماری و فەرەنسا و ئازادی کردووە و چڕتر بەشداری بزووتنەوەی بەرگری دژی نازییەکان بوون.. و هەندێ دەستەچەپی بەرگریان لە دیکتاتۆرییەت کـردووە؟!. یان سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی چەپڕەوی کاثولیکی M.R.P لە فەرەنسا ولەهەمان کاتدا بەرەنگاربوونەوە و دژایەتی ڕادیکالەکان لەوەی کە دەوڵـەت بۆ سوودی گشتی زیاتر دەست بخاتە ئابووری وڵاتـەوە گۆڕانەکانی ئیمڕۆ کارێکی وای کردووە بتوانرێ دروست بۆ ئەم دەستەیە یان ئەو کۆمەڵە و بۆ سەرجەمی بڕوا و ڕێباز و چالاکی بەکار بـهێندرێت بەس دیسانەوە دەمێنێتەوە ڕەفتار و چالاکی و واقعییەتی هەر دەستەیەک ئەگەر نەڵێین هەر هەڵوێست و کارێک خۆبەخۆی ئەو زاراوەیە ساغ دەکاتەوە و ئەو مەرج و پێناسانە دابەشکردنانەی کۆن لە زۆربەی کاتدا زانستی و دروست دەرناچن.

## مالاوا

## «ئاغای قڕناقاو»

چەند ساڵێ لەمەوبەر ئاغا ی بێ وەچـەی قڕناقاو تەمەنی دریـژی بۆ ئێوە بەجێهێشتبوو.. پاش باوکەڕۆ و تازێ و ڕیش هێشتنەوە و ماتەمینی و چلەی خەڵک و خوا و ڕیش سپی گوندی کۆبوونەوە کە برا گەورەیە لە شوێنی دانێن. نەتوانراو و نەدەکرا کەس لەنێو مسکێنان دا ئەوشەرەف و ئەرکەی پێبسپێرن. بش شیایەهەر زوو بە زوو شیرازەی لەدەست دەچوو. تا خواوڕاستان پیرانە پیاوێکی دنیادیدە پێشنیازی بۆ کردن کە هەڵسن و بە وڵاتدا وەربن بەڵکو بەچکە ئاغایەک وەجاخزادەیەک ئاغایەکی لێکەوتووی ئەهلی حەسەب و نەسەب وەدۆزن و بیکەنە براگەورەی خۆیان.. بە هەرچوارقوڵ کەوتنە گەڕان. پاش گەڕانێکی زۆر بەناو ئاغایەکی لێکەوتەیان دۆزییەوە مەرجیان لەگەڵدا کرد ساڵانە ماڵی ە بزنێکەوە تا مانگایەکی بدەنێ بژێوی و خەرجی ئەرکی دیوەخانەکەی بەزەکات و سەرفیترە بۆ مسۆگەر بکەن هەفتەی دوو کەسانیش بێنە سۆغرەی. سوورانە و گیایانە و گوێزانەو .... هەر پێچ بستێنێ و ساڵانەی پێنج سەد دیناری بۆ کۆوەکەن و هەتا هەتاشە لە قسەیدەرنەچن.. ساڵێ تێوەرنەگەڕایەوەچوار ژن و هەشت کارەکەر و دە پیاویشیان خستە ئیختیاری!!

لەو ڕۆژەوە ئاغا بکوژ و ببڕە و هەموانیش بە قولی الامر ی پێویستی سەرپێچی نەکردنیان ناساند. قڕناقاویش دوورترین گوندی بناری قەندیلە کە لە ساڵێکدا شەش مانگی لە هەموو دنیا دادەبڕێ.

ئیمڕۆ هەمـوومـان کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان بە چـوار قولنچکەی وڵاتاندا وەربوون بە دووی ئاغایەک... ئەو ئاغایە مەرج نییە بەچکە و وەچەی ئاغایەکی لێکەوتوو بێت.. تەنها مواصفاتی ئەوەیەخەڵکی گوندی قڕناقاوی سیاسەتی کوردی نەبێت. تا سەروماڵ و خواستی تەسلیم کەین.

بەڵام دواکەوتنی ئێمە لەوەدایە بە ئاغاەک دابین نابین و شوکری خوا ناکەین.. هەرئاغایەکی دیکە سبەی سەرشانی عەباکەی کەمێ بریقەدار تر بێت - جا چ لەژێر جبە و فیست و عەباکەیدا دەبێت کاری ئێمە نییە. کاری ئێمە دووکەوتنی پانترین

شال و شەپیلک و قەبەترین گەد و گیپاڵ و درێژترین عەبا و جانتای هەڵئاوساو ببن چ لەژێریدایە و چی پێیە و چۆنە و چۆن نییە گرنگ نییە. مەبەست ئەوەیە دوو دەوڵەت شایەتێتی شێخی کەرە شینی بۆ بدەن و لەسەر ئێمەش دووکەوتنی (عیو) ەکەیەتی..

دەخوا قڕناقاو ئاوەدان کاتەوە و ئێمەش نغرۆ !!!




## ئاڵای سووری کوردایەتی
## ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆك

ژمارە٢٦ تەمووزی ١٩٨٣/ جحزەردانی ٢٥٩٥

Alay sorry Kurdaity

پێش ئەوەی هەر شتێ بین دەبێ.. کوردبین

## بابەتەکان

+ سەرووتا ئەنقەرە  بەغدا و ناوزەنگ چی کۆی کردوونەتەوە؟
+ برووسکە
+ ڕازێکی کوردانە: توندڕەوی هەرزانە و کیسەڵ ڕەوی ترسنۆکانە..
+ مشتەی ناو هەمانە..
+ بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە..
+ قوتابخانەی پاسۆک: لەگەڵ کاروانی رزگاریخوازی گەلاندا، ئێرلەندای خوێناوی
+ پەرێزی ئازاد
+ فەرهەنگۆک
+ ژمارەکانی(٢٥،٢٤،٢٣) ی ئاڵا کوان؟؟
+ لە کەلپووری شۆڕشگێڕیمان
+ ماڵاوا...جێ بزمارەکان بە چ پڕ دەکەنەوە
+ شیعر

# زەحمەتکێشانی کورد، بەردی بناغەی کوردایەتین...

## سەروتار

### ئەنقەرە و بەغدا و ناوزەنگ چی کۆی کردوونەتەوە؟

بەو هێرشەی حکومەتی ( تورکیا)ی ڕەگەزپەرستی ئەڵقە لە گوێی ئەمەریکا لە ٢٧,٥,١٩٨٣ دا کردیە سەر ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانی باشوور، جارێکی دیکە ئەو ڕاستییانە بە ئیسپات گەیشتنەوە کە داگیرکەرانی کوردستان لە هەر بەرگ ا ڕەنگێکدا بن، ژەنەڕاڵ و چەکمەڕەقی تورک بن، یان شۆڤێنی پێشکەوتووی سۆشیالیستی/ ئیشتراکی عەرەب یان هەر داگیرکەرێکی دیکە.. لەسەر خاڵی دژایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ڕیشەکێش کردنی ڕەچەڵەک و نەژادی کورد کۆدەبنەوە. ئەگەرچی ئەم پیلانە نوێیەی ئیمپریالیزمی/ ئیستعماری تورکی و ئیمپریالیزمی عێراقی وەک هەر ئەڵقەیەکی دیکەیئەو زنجیرە پیلانەی ڕابردوویان لەسەر سەنگی خواست و خۆڕاگریی ورەوایەتی بزووتنەوەی کوردایەتیتێک دەشکێ، چونکە کورد لە پیلان قایم تر و لە مەبەستی ئەوان ئەستوورترە، بەڵام ئەوەی جێی داخ و ناشسۆرە ئەوەیە، کە ئەگەر ئەو بارە سەخت و ئاڵۆزەی بۆ سەرجەم بزووتنەوەکە پێش هاتووە و ئەو شەڕی کوردکوژی و پەرتپەرت بوونەی هێزەکانی کوردستانی شەکەت کردووە و ئەو ئاژاوە فیکری و ئایدۆلۆژی و سیاسی و عەسکەرییەی سەر گۆڕەپانی کوردستان نەبوایە ، دەتوانرا وانەیەکی/ دەرسێکی قورسیلەبیر نەچووەی لەشکری ئەڤەرینی داگیرکەر دا بدرایە و ئەو هەلە بقۆزرایەتەوە چ لە ڕووی عەسکەری و سیاسی، چ لە ڕووی ڕاگەیاندن/ اعلامی و دیبلۆماسیەوە، چ لەنێو وڵاتدا و چ لە ناوچەکە و دنیاش دا..

بۆ لێدانی ئەوئەڵقە لاواز و قرچۆڵەی داگیرکەری تورک، کە بێگومان ئیمڕۆ هەلومەرجی کوتان و پەلاماری ڕژێمی فاشی تورکی لەهەر ڕۆژێکی دیکە پتر لەبارە و دەتوانرا ئەم ڕووداوە بکرێتە ئەو پریشکەی کە ئاگری لە خەرمانی ئیمپریالیستی تورکی بەر بدایە و بزووتنەوەی ( سەربەخۆیی و ڕزگاریخوازی) کوردی ببوایەتە سەرە ڕمی تەپاندنی ئەو ڕژێمە..

کوردستان بکرایەتە تەوەر/ محوری شۆڕشی گەلانی تورکیا بۆسەربەخۆیی و ڕزگاری گەلی کورد و " دیموکراسی و ئازادی بۆ گەلانی دیکەی تورکیا" بەس وا

پێدەچێ کە داگیرژەران پێشەکی بنەوانی ئەم پیلانەیان هەڵبەستبێ و کاریان بۆ بەرگتن بەم سەرئەنجامە کردووە و خۆیان و " خەڵکی دیکەشیان!!! بۆ سازداوە!. چونکە ناشێ ئەوە بە پلاری کوێرانە یان یێکەوت بزانین کە هێرشەکەی ئەمان هاوئاهەنگ و هاەکات و هاومەبەستیش بێت لەگەڵ ئەو پەلاماری" یەکێتی نیشتمان فرۆشانی کوردستان" بۆ سەرکرداتەتی سێ لایەنی " بەرەی نیشتمانی دیموکراسی عێراقی»!!.

ئەم هێرشەی حکومەتی ئەنقەرە و پەلاماری ژەنەڕاڵی بەرەجۆ، زەنگی ترسناکن/ خەتەرن بۆ جەماوەرەکەمان و هەموو هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕ و دڵسۆزەکانی کوردستانی عێراق و ناوچەکە کە خۆ کۆوەکەن و پتر پاڵ بدەنە پاڵ یەژدی.. تا دەستی داگیرژەران و خۆفرۆشانی ناوخۆ لە هەمانەی پیلاندا بقرتێنین..

********************

ئەوەی خوارێ دەقی ئەو یاداشتە هاوبەشەیە کە لایەنی " مەکتەب سیاسی " بەڕێزی حیزبمانەوە و " سەرکردایەتی ناوەندی پارتی سەربەخۆیی کوردستان " دراوەتە( دف کویلار) ی ڕاستگری/ ئەمینی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتە خێرخواکان و هەموو ڕێکخراو و کۆمەڵە و پیاوە خێرخواکانی دۆستی نەتەوەکەمان .. هەروەها " بەرەی نیشتمانی دیموکراسی عێراقی" و کۆمەڵێ حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی یاداشتی جۆراو جۆریان داوەتە حیزب و ڕێکخراو و لایەنە دەوڵەتییەکان.

ئەوەی شایانی باسە" پارتی سەربەخۆیی کوردستان" ڕێکخراوێکی نەتەوەیی و پێشکەوتووخوازی کوردستانییە کە نزیکەی دوو ساڵ لەمەوبەر پێکهاتووە و پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ حیزبماندا هەیە.. بۆ پتر ناساندنی ئەم ڕێکخراوە" ئاڵای سووری کوردایەتی " چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سکرتێری سەرکردایەتی ناوەندیاندا ساز کردووە کە لە ژمارەی داهاتووی " ئاڵ" دا بڵاوی دەکەینەوە.

دەستەی نووسەران

**الى الامين العام للأمم المتحدةو السيد خافييز بيريز دى كويلار المحترم**

**الى الحكومات المتفهمه والمدافعه عن الحق والانسانيه**

**الى كافه الشخصيات والمنظمات والهيئات الصديقه..**

فى ٢٧/آيار/١٩٨٣ قامت القوات العسژريه التركيه بغزو بلادنا كردستان الجنوبيه( الملحقه قسرا بالعراق منذ عام ١٩٢١) والهدف من هذا الهجوم مشاركه نظام بغداد فى قمع الثوره الكرديه التحرريه والتى عجزت كافه الانظمه الدكتاتوريه والعنصريه فى المنطقه فى ايقاف تيارها.

وما هذا الغزو الا مقدمه اوسع واحدى حلقات السرى المبرم بين النظامين العراقى والتركى لضرب الحركه الكرديه التحرريه كما كان سابقا فى حلف بغداد والحلف المركزى " السنتو" فيما بعد.

وكما تعلمون حينما قامت الدول المنتصره عشيه الحرب العالميه الاولى باقتطاع ممتلكات المبراطوريه العثمانيه وتشكيل دول و دويلات اغفلوا حقوق الامه الكرديه، وتم تقطيع اوصال كردسران والحقوا قسرا بتلك الدول المستعمره.. وما تورات شعبنا الژردى الا لرفض هذه المؤامره.

واليوم ان احتلال الجيش التركى گذا وبعمق ٢٠ كم من كردستان الجنوبيه فى داخل الحدود السياسيه للعراق، يعتبر خرقا للمواثيق الدوليه وانتهاكا لحرمه اوطان الغير..

اننا ندين ونشجب هذا الغزو البربرى ونناشدكم وكل المعنيين بالسلام فى منطقه الشرق الاوسط والعالم باتخاذ ما يلزم لسحب القوات التركيه المعتديه وادانه الغزاه ومعاقبتهم اقتصاديا و سياسيا.

وندعوا كل من له سلطه ادبيه معنويه او فعليه ليضع حدا لهؤلاء العسژريين المتغطرسين.

مع فائق احترامنا.

**المكتب السياسى للحزب الاشتراكى الكردى« پاسۆک»**

**القياده المركزيه ل« حزب الاستقلال الكردستانى»**

**١٩٨٣/٥/٢٨**

# ڕازێکی کوردانە

**توندڕەوی هەرزانە و کیسەڵ ڕەوی ترسنۆکانە**

ئەگەرچی گەورەترین شکست و تێشکان لە خۆبایی بوون و بێ منەتیەکە کە لە ئەنجامی توندڕەویی هەرزانە و تێ نەخوێندنەوەی باروەل و مەرج وبێ حسێبییەوە پەیدا دەبێت هەرواش سەرنەکەوتن و ڕەنج بەخەسارچوون و نائومێدی و هیچ بەدی نەهێنانیش کە لە دەستەپاچەیی و دنیا لە خۆهێنانەوەیەک و چاوەڕوانیی ( زەردەلوو بێرە گەروو) ەوە لە ئەنجامی باوەڕ بەخۆ نەبوون و کیسەڵ ڕەویی ترسنۆکانەوە دەکەوێتەوە!..

بەواتایەکی دیکە نەخۆشییەکانی ( خۆ گێڤکردنەوە و " حساب الفرح" و فس فس پاڵەوانێتی و خەیاڵ پڵاوی وسەری حەوت حەوت بڕین و شەویلاگە هەڵهێنانەوە و تەلار دروستکردن لە هەوا و ناواقیعی بینانە) و دەردەکانی " خۆ وێکهێنانەوە و شتقەبەکردن و نەوێرانی خۆ لە بوار دان و هەکتروشکان و فسکە فسکی بانگ لە کولەکە هەڵدان و خۆ لاتەریک گرتن" یەک سەرئەنجام دەدەن ئەویش مایەپووچی و پوکانەوە و بەهەدەرچوونە!..

چونکە مسۆگەر و " هەردەبێ" وەکو هاوکێشەیەکی ژمێریاری/ موعادەلەیەکی ریازی و کۆمپیوتەرئاسایی و یاسایەکی ماددی ڕووت و قووت و ڕەق و تەق و بێ خواست لە سیاسەتدا نییە.. لە هیچ بابەت و بوارێکی دیکەی کۆمەڵایەتیدا – کە مرۆڤ بنکە و هۆ و کەرەسەی هەرە سەرەکیەتی – ئەم مسۆگەر و حەتمییەتە نییە و نابێت.. بۆیە ئەوانەی کە لە بواری کۆمەڵایەتی بە گشتی و سیاسەتدا بەتایبەتی کار دەژەن و دەیابەوێ نەخشێ بگێڕن ئەگەر بە نیاز و عەقلیەت و بیرکردنەوەی مسۆگەر بوونەوە دەست لە کاربن هەرگیز بەردێکیان پێ ناخرێتە سەر دارێک چەندیش ڤەرنامەی ڕێکوپێک و نەخشەی بەیت و دروست و باوەڕی ڕاست و زانستانە و نیازی دڵسۆزابە و خزمەتگوزارابەشیان هەبێت و هەلومەرجی لەبار و چاکیشیان بۆ بڕەخسێ لەبەر ئەو گیان و عوقڵیەتە مسۆگەرییەیان و نەبوونی هیمەت و خۆ تێ ڕۆکردن و چاوەچاوی " خوا بیپارێزێنێ"!! ودڵەڕاوکێ و دوودڵی و ترسی سەرنەکەوتن و نەوێرانی شان دانە بەر بەرپرسیاری ئەرکەکان هیچ کارێکی گەورە و بەرچاو و گرنگیان لە دەست نایەت.. ئەمانە خۆیان لە قاوغی خۆیاندا دەخۆنەوە و هەردەم سەرقاڵ و خەریکی پینە و پەڕۆکردن و داپۆشیبی عەیبەکانیان و بەهانە هێنانەوەی هەل و دەرفەتە ڕەخساوە

لەدەست چووە یەک لە دووی یەکەکانیان دەبن و هەمیشە وەک پیرەژنی دۆڕژاو بە دیار کیتەڵەی شکاویانەوە هەڵدەتووتێن و بەسەر کەلاوەی هیوایاندا فرمێسکی شاعیرانە دەڕێژن!!..

هەروەها لە سەرێکی دیکەشەوە ئێمە لە جیهانێکی/عالەمێکی واقعی و مادیدا دەژین کە یاسا و دەستوورات و ڕێ و شوێنی دیاری هەیە.. بام مرۆڤەکە تاکە هۆکاری ئەرێنی/عاملی ئیجابی بێت و هەوێن و هۆی هەرە سەرەکی وکارتێکەری یەکەمین و هەرە گرنگی هەموو مەسەلە و باڤەرت و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان و بێت و خالقیشیان بێت.. بەڵام توانا و دەسەڵاتی خالقیەتی لە چوارچێوە و سنووری دەسەڵاتی و گونجاندنی خۆی و جیهانی واقیعدا بەدەر نابێت.. واتە هیچ شتێ بێ هۆ و یاسا و دەستوراتێکی دیاری خۆ لە خۆرا و بە نیاز و دوعا و ویست و خواستی دابڕاو لە واقع پێش نایەت و نابێتێ.. بۆیە کورترین و ڕاسترین و نیزیکترین پێناسەیەکی/ تەعریفێکی سیاسەت" هونەری کاردی کردەیە- فن ممارسە الممکنات « ..

هەنیشەشدوو نەخۆشتە لەسەر پلن بۆ تووش کردن و خۆ خزانە هەر بزووتنەوە و ڕێژخراو و کۆڕ و کۆمەڵێکەوە ئەگەر پێشەکی بنەوانی بەربەس کردن و خۆ لێ تەۆصین کردنی هەڵنەبەسترابێ.

ـ ئەم باسە درێژەی هەیە – پاشماوەکەی لە ژمارەی داهاتوودا دەبێت ..

**ئەی دایە گیان:**
**ئێستا گەورەم و مناڵ نیم**
**ئەشقی تامی تفت و تاڵ نیم**
**ژەچی، ئەگەر ئەمجارەشیان**
**ڕێم بکەوێتەوە ( بێرکۆت)**
**لێشم بدەی،**
**لیشم ئەرام کەی شیری خحت،**
**من بە تەشیەکەی مناڵی دەڕێسمەوە**
**شار، بەرد، گڵ، قوڕ**
**چیم بێتە ڕێ دەیکێسمەوە!.**

## مشتەی ناو هەمانە

ئەم گۆشەیە سیمینارێکی هەمیشەیی ئازادانەی کوردانەیە، کە هەموو کەسێ دەتوانێ هەر پرسیارێکی هەیە لە سەر هەر شتێ بێ پێچانەوە و ئارایش کردن وەک و دڵی دەخوازێ و لای پەیدا بووە بیگەیەنێتە دەستی ( دەستەی نووسەرانی ئاڵای سووری کوردایەتی) .. زۆر بەداخەوە و داوای لێ بووردن لەو برایانە دەژەین کە پرسیاریان ئاڕاستە کردووین وە تا ئێستا وەڵامیان نەبیستۆتەوە.. لەبەرئەوەی کە ئەو نامانە بەردەستی چەپەڵی( جەلالی) نەکەوێت، ناچاربووین لەژاتی پەلامارە نارەواکەیاندا بیانفەوتێنین..

پێمان وایە کارێکی چاکیشمان کردووە چونکە گەر بکەوتایەتە دەستیان ئەگەر نوسخەی ئەسڵیش نەبوایە ( فۆتۆکۆپی) یەکەیان لەبەر دەگرتەوە و دەیاندایە دەزگاکانی ئەمن و ئیستخباراتی عێراقی ئەگەر دەستی چەپەڵی خۆیان نەگەشتایەتە خاوەنەکانی، بۆ ڕاستی ئەمەش هەر خۆیان لە ئێستگە سۆزانیەکەیانەوە هەڕەشە و گوڕەشەیان لە لایەنگیران و دۆستانگ ئەو لاتەنە سیاسیانە دەکرد، کە ئەگەد ( بەعسیاسایی) خۆیان بەوان نەناسێنن و پاشگەزنامە نەنووسنەوە ( ئۆباڵی خۆیان لە مکی خۆیان!!).. دەی خۆ لە ( بەکرەجۆ) ش زۆریان کرد بەڵام بە چ سەرئەنجامێ گەیشتب؟ بەوپەڕی دڵنیایەتەوە دەڵێین کە چارەنووسی ئەمجارەیان زۆر لە (٦٦) یان تاریک تر دەبێت.. کاروانیش بە حەپ وەڕ ناوەستێ!..

**پ+ برایەکی پێشمەرگە دەپرسێ: ( بۆچی بە شەڕی جەلالی ئەڵێن براکوژی» ئەوان برای صەدامن نەک ئێمە؟).**

و-.. کاکی برا دەڵێن کابرایەک برایەکی زۆر بەد ڕەفتار و ئاڵۆز و خەراپ و نارەسەنی دەبێ، ڕۆژێ لەسەر ناجسنی خۆی دەکوژرێ. کابرای برای دەچێتە سەری و لەبەر خۆیەوە ڕووی تێ دەکات دەڵێ: ( گۆشبەگۆڕ کە کردەوە و ڕەفتارت دەبینم دەڵێم لەوە لاتر چیت و کە دەتبینم برامیت و پشتم پێت دەخکێ و کوڵم بۆت هەڵدەستێ..). جا کە جەلالی تەماشای ( جاشنامەی) کۆن و گێرە شێوێنی و پیاو خەراپی ئێستایان دەکەیت تا زوو گۆڕیان گوم بێت درەنگە س کە سەرنجی ئەو سەدان کەسە دڵسۆزە ساویلکە و لە خشتە براوانەی ناویشیان دەدەی و ئەو باروهەل و مەرجە ڕەخساوەی بۆ کوردەکە ئەمان وا لەدەست کوردی دەدەن، هەر ئەوانەش

دەستەچیلەی ئەو ئاگرەن، بەزەیت بەو هەموس خەسارەیەدا دێتەوە و دەستت شل دەبێت... هەر ئەمەشە کە بەشی لێکدانەوەی/ تەفسیری ئەوە بکات کە بۆ ئەو هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕانەی دیکە لەئاست ئاژاوەگێڕی و دەستدرێژی و ئەم تاقمەدا بەو جۆرە پشووی درێژ و مرونەت پیشان دەدەن..

ئێمە پێمان وایە ( بە با بێ و بە باران بێت هەر لە تەمەنی/ عومری بەفر کەم دەبێتەوە)و ئەو خەتەی بۆ ئەو کۆمەڵە دابڕاوەی نێو سەرکرداتەتی جەلالی کێشراوە و ئەو دەورەی بۆیان دانراوە ئەوەیە کە شەش ساڵان پەیڕەوی دەکەن و دەیگێڕن.. جا سەرکەوتنی ڕاستەقینە بەسەر ئەو خەتە چەوتەی ژێر سەری گای پیرەدا ئەوەیە کە ڕیسواکرێن و ابڕێن و پەردەتان لە ڕوودا بکەوێت...

چۆن لە ئازاری١٩٧٠ دا بە یەک ڕۆژ وەک شێرە بەفرینە توانەوە و بە چەندە ڕێگەی چەوت هەر مل بەهەڵدێرەوە دشنێ.. بەڵام چەوتە ڕێی ئەم جارەی جەلالی هەندێ پێچاوپێچ تر و شەیتان چنراوترە بۆیە قوربانیی پتری دەوێت.

**پ+ برایەک لە نامەیەکی بێ لوتفانەدا پرسیارێکی سێ وشەیی لێ کردووین و دەڵێ: ڕاستە پاسۆک شۆڤێنییە؟..**

**و-** کورترین وەڵامی ئەوە ئەوەیە کە ئەوەی ئەمەی وتووە و ئەوە دەڵێت " شەکری خوارد"!! بەڵام هەر خۆمان بەوەڵامێکی وا قایل نابین بۆیە دەڵێین:

١- شۆڤێنیەت دەرد و نەخۆشیەکی ناپەسەندە کە تەنها تووشی کەسانی بەرچاو تەنگی میللەتێکی باڵادەستی داگیرکەر دەبێت.. میللەتی ژێردەستەی پارچەپارچەکراو وهەق خوراوی چەوساوە خەیاڵی چەندە فراوان بێت لە کەوشەنی خەونی ( یەکسانی و بەرابەری و چون یەکی) لەگەڵ میللەتانی دیدا تێپەڕ ناکات.

خۆ کەسێکی کورد بەدرحش بیەوێ شۆڤێنی بێت نابیتێ.. چونکە دەست و پای ئەوەندە کورتە و وا شەتەک دراوە کە نەک هەر سنووری ماڵەوێران کراوەکەی خۆی پێ ناپارێزرێ بەڵکو ژیانی کەسی/ شەخصی خۆشی لەبەردەم ڕەحمەتی چەقۆی قەساباندایە!!.

٢- لەوانەتە پەتای " خۆلەبیرچوونەوە" و " نهلیستیەت" و " کۆسمۆپۆلیتی" وەک س سەرئەنجامێکی سرووشتی زۆر و زۆرداریی لە ئەندازە بەدەر و بۆ خۆپاراستنی ناچاری و یەک لە ڕووە شێوێندراوەکانی/ مشوە پەڵەی ژیان گەرا لەهەناوی دەستەیەکی میللەتێکی وەک و کورددا بکات.. بەڵام چاوی تەماع بڕینە هەقی کەسێکی

دیکە و شۆڤێنیەت لە نەبوو ترە و پەیدا نابێت.. چەند دەتوانرێ بڕوا بەوە بکرێت کە بەرخێک تەماعی لە بەچکە گورگێکدایە هەر ئەوەندە و کەمتریش ڕێی تێدەچێ کوردێ شۆڤێنی بێت.

٣- بیروباوەڕی پاسۆک لە پرۆگرام و بەرنامە و بڵاوکراوەکانیدا لە ڕۆژی سپێدەی هاوینان ئاشکراو دیارترە.. ئێمە پێمان وا نییە کە نەتەوەی کورد لە هیچ نەتەوەیەکی دیکە باڵاتر و لەبەرتر و چاترە، بەڵام هەرگیزاو هەرگیزیش لەهیچ نەتەوەیەژی دیکە لارەدەست تر و کەمتر نییە. بەو هەقەی هەموو نەتەوەیەکی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەتە کوردیش ئەو مافەی هەتە و دەبێ ( سەربەخۆ و ئازاد و یەژسان) بێت. ئێمە ئەگەر بەوە ببینە پیاوچاک س پێشکەوتەو و دڵفراوان کە ( کوڕی خۆمان بکەینە قوربانی کچی خەڵژی) نایکەین س نایکەین چونکە ( کورد سەپانی بابی کەس نییە) و ( کوردستان تەنها موڵکی کوردە).

خۆ دیاری شەبەند و بالۆرەی چەند ساڵەی کورد سڕکردن وخۆ لەبیربردنەوە و نیاز و نەبەستی داگیرکەران دژی ئەو دەنگە ڕەسەنەتە کە دەڵێت:( هەموو بوونێکی ماددی و مەعنەوی و فیکری زیانبەخشی بێگانە لە کوردستابدا ناڕەوایە و دەبێت نەمێنێ).. ئەوەی کە ( کورد دەبێت خۆی چارەنووسی لەدەستی خۆیدا بێت) نە ئاشنایە بەو گوێیابەی مسیان تێ کراوە و نە چاوی ئەوانەی پێدا هەکدێت کە پارەی مفت و حەرامی خۆفرحشی کوێری کردوون و نەدەستی ڕەحمەتیش لەو دەستانەوە بەسەردا دێت کە تابن هەنگڵیان لە خوێنی کورد دا سوورە..

ئێمە وەک ڕەسوڵی حەمزەتۆڤ دەڵێ: دنیا لە چاوی نیشتمانەکەی خۆمانەوە دەبینین.. بێ گومان ئەوەی بەمەش تەنگە دەیگرێت، داگیرکەران و خحفرحشانی ناوخۆن... هەردووشیان بە دۆزەخ.

# بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە

**هاوسەنگەرە لە خشتە براوەکەم**

**سڵاوی ئازادی و یەکسانی**

من و تۆ و ئەوانەی یەکەم هەنگاومان بە نیازی خۆ کردنە قەبەڵی میللەتەکەمان ناوە.. ناوی پیرۆز و پڕ شەرەفی پێشمەرگەمان بە باڵای خۆ بڕیوە.. لە دژی داگیرژردن و چەوساندنەوە و بۆ ( ئازادی) و ( سەربەخۆیی) و( یەکسانی) چارەنووسی خۆمان خستۆتە سەر لەپی دەستمان !.. نەتەوەیەک مێژوویەک چاوی بڕیوەتە شان و باهو و جوامێری ئێمە سەشان کورد لە ژوورە تاریکەکانی گرتووخانەکان دا بە تەوژمی مینۆکی/ مەعنەوی شۆڕش و پێشمەرگە لە بەرامبەر ئاسن و ئاگر و کەڵبەی دڕندادا خۆی ڕادەگرێت و سەدانی دیکەش بە ئارامی و هیوای سەرکەوتنەوە سەردەکەونە سەر سێدارە.. فرمێسکی چاوی هەزاران کوڕ ژوژراو و بێوەژن کەوتوو بێ باوان سەدان گوندی سووتاو و بە عەرەب کراو و هەزاران کوردی هەڵقرچاوی ڕاگوێزراوە، کەرامەتی خۆمان و شەرەفی میللیشمان چاوەڕوانی بیر و هۆش و دەست و تفەنگی ئێمەن...

کەچی شەش ساڵە بە دارتا دەدەن و بە بەردتا هەڵدەگێڕن! بەگژ ئەمتا دەکەن و ئەوت پێ دەکوژن و بەوت بە کوشت دەدەن! دەتکەنە یاساوڵ و داوڵی ناوچە داخراوەکان! تەراتێن و ڕاوڕاوێنی ئەمسەر تا ئەوسەری کوردستانت پێ دەکەن.. ڕووت لە پێشمەرگە ی هاوسەنگەر و پشت لە داگیرکەرەژەت پێ دەکەن! دیل و دەست و پێ سپیت پێ دەکوژن..( ئاڕ.بی.جی)ت بە برا دیلەکەتەوە پێ دەنێن.. کەرانەتی مرحڤاتەتی و کوردایەتیت پێ پێشێلدەکەن.. خوێن دەکەنە شادەمارە مردووەکانی ( ئاغای پێشکەوتووە!!) تۆپیوەکانەوە.. دەتکەنە هاوکار و هاوڕێ و هاوسەنگەری جەللادانی گیانی زەحەتکێشانی کورد..

دە بۆ جارێ ناڵێی.. نا.. ئەمە لە پێناوی چیدا و بۆ؟؟. پێت دەڵێن ( کوردایەتی پێشکەتووخوازانەیە!!) مارکسیزمی کوردستانییە! شۆڕشگێڕایەتی و نیشتمان پەروەرییە؟!.. زەبری شۆڕشگێڕانەیە؟!.

براکەم..

لە باڵای تۆ دوور بێت و حەوت کێو نێوانتان بێت، لە ( ٦٦) و " بەکرەجۆ" شدا هەر بەم قەوانە سەدانی وەک تۆیان بەدبەخت کرد بوو! پێشی تانکی بەعسییانیان

دەخستن و زورنای " ماوێتی یان بۆ دەکوتان، جاشنامەی" نور" و" ڕزگاری"یان بۆ ڕەش دەکردنەوە..

ئەوسا" مەلا" ئەمە و ئەوە بوو ئەوی ئێستا چی؟ پارتی( قیادە) یە و شەڕی کۆنە قینە و تۆڵەی ٦٦ .. ئەدی سۆشیالیست چی؟ دەی شیوعی بۆ؟ ئەرێ پاسۆک لە پای چی؟!.

ئەمە دەردی ژنی کابرای لێهات!!! لە کوردەواری دەگێڕنەوە پیاوێکی وەجاخ کوێر دەچێتە حەج و ئەو کاتانەش سەفەری حەج چەند ساڵی دەخایاند.. کە گەڕایەوە دیتی سێ منداڵ لە گوێ ئاگردابەکەی یاری دەکەن. کابرا وتی: ئەرێ ئافرەت ئەم منداڵانە کێن؟!. ژنە وتی: ئەی ڕۆ ناشێ نەزانی کە هی خۆتن؟!. کابرا وتی: حورمێ من کە ڕۆیشتم منداڵمان نەبوو ئەم سیانە چۆن پەیدا بوون؟ ژنە لەسەرخۆ وتی: ئەمەیانکە ئۆغرت کرد سکم پێی پڕ بوو! کابرا وتی: چاکە ئەمە ئەمەیان ! ئەی ئەو دووانەی دیکە؟!. ژنە وتی: ئەمیشیان خەوم پێتەوە بینیوە!!. کابرا وتی: ئەمەشیان هەر چاکە، ئەی ئەوی دیـان؟!.. ژنە وتی: خوا ئەو دووانـەت لێ بسێنێ ئەفەر باسی ئەمەیان بکەیت!!..

باشە ئەوا وتمان زگیان بە پارتی پڕە یان لێ وڕە.. بەگەر سوورەت. واتە خەوی ناخۆشیشیان بە سۆشیالیستەوە دیتووە یان خەونی خۆشیان لێ تێک چووە.. ئەدی ئەوانی دیکە؟!. ئەی خەتی فلان و فیسار چی! ئەی ئەم باڵ و ئەو باڵی چی؟!.

خۆ ژەهرە ماسیت نەخواردووە لە قەرەداغەوە دەتهێننە سەر ئاشقۆلکە و پشت ئاشان و لەدەشتی هەولێرەوە ڕات دەدەن بۆ شارەزوور و لە هەورامانەوە دەتفڕێنن بۆ خۆشناوەتی و لە شارباژێڕەوە بۆ غەزای بادینان دەتبەن؟!..

ئەوانەی شەوانە لە چاوی ئەوانە هەڵدەدەن کە مەسافە وەردەگرن ! دۆستتن، بەڵام ئەوانەی لە سەنفەرەکەی تەنیشتەوەن دوژمنی سەرەکی و بنەکی؟؟

باریک الله.. باریک الله سەیر و سەمەرەیە لە توژەڵە!!.

هەمووان برابین و " پێش ئەوەی هەر شتێ بین کورد بین».

هەر بژین بۆ کورد ..... پێشمەرگەیەکی پاسۆک

## قوتابخانەی پاسۆک:

### لەگەڵ کاروانی ڕزگاریخوازانەی گەلاندا...ئێرلەندای خوێناوی

گەلی ئێرلەندا یەکێکە لەو گەلە چەوساوە هەمیشە ڕاپەڕیوانەی کە داستانی خەبات و گیانبازی میللیان سەرتاسەری مێژووی پڕ شانازیانی گرتۆتەوە کە دەشێ وەک ئاوێنەیەک جەماوەری زەحمەتکێشو ڕاپەڕیوی نەتەوەکەمان داستانی قارەمانێتی خەباتی نەتەوایەتی خۆی تێدا ببینێتەوە. بۆ ڕێزلێنانی گیانی شەهیدابی ڕزگاریخوازی گەلی ئێرلەندای تێکۆشەر و دەستی قەدرزانین نانە سەر خەباتی نەپساوەیان و بۆ پتەوکردنی ئەڵقە بە ئەڵقەکانی زنجیرە خەباتی گەلانی چەوساوەی دنیا کە نەتەوەی کورد و گەلی ئێرلەندەی دوو ئەڵقەی هەرە گرنگی ئەو زنجیرەیەن. لەم ژمارەیەوە چەند شادێڕێکی ئەو داستانە پێشکەش دەژەین بە شۆڕشگێڕانی کورد..

لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠ دا پەرلەمانی ئینگلیزی " یاسای دەوڵەتی ئێرلەندا" ی بڕیار دا، کە ڤە پێی ئەم بڕیارە ئێرکەندا کرایە دوو دەوڵەت . لە کاتێکدا کە گەکی ئێرلەندی ڕابووردووی ١٥٠٠ ساڵەی هەبووە و هەمیشە بەیەک گەل و یەک وڵات ناسراوە. پرۆفیسۆر ئەدمۆند کۆریس لە ساڵی ٨٠٠ی زاینیدا وتوویەتی: (ئێرلەندیەکان یەکەنین میللەت بوون کە لە باکووری ئالب دا یەک کۆمەڵەی تەواوی ئەدەبیاتیان بە زمانی خۆیان بەرهەمهێناوە). هەروەها دەڵێت:( چوار سەدەیە کە یەکێتی ئێرلەندا لە زمان و یاسا و ئاین و ڕۆشنبیری و کەلەپووردا پەیدا بووە).

پێنج سەدە پێش دامەزراندنی دەسەڵاتداریێتی ئینگلیز و فەڕەنسیەکان لە ئێرلەندەدا دەستووری " شایانی مەزن" هەبووە بەشێکی زۆری ئەو شایانە لە بەشی سەرووی ئێرلەندا هەڵکەوتوون.

پەلامار و هێرشەکانی " ڤایکینگ"ەکان لە سەدەکانی ( هەشت و نۆ و دە) دا لە لاتەن ئەم شایانەوە پێشی پێ گیراوە. لە ساڵی ١١٦٩ دا پەلامارەکانی " نۆرمان" ەکان دەستی ۆێکردووە و ئێرلەندییەکان وەچە دوای وەچە بەتوبدی بەڕوویدا وەسراون و بەرگریان لە خۆکردووە تا دواجار لە ساڵی ١٦٠١دا لە کاتی دەسەڵاتداریێتی ( ئەکیزابێتی یەکەم) لە ئینگلتەرا دا ڕژێمی یاسایی و ڕێکخراوی ئێرلەندا لەبەین چوو. لەو ساڵەدا لەشکری هاوبەشی ئەسپانیا و ئێرلەندا لەناوچەی کحرک لە خوارووی ئێرلەندا لەسەر دەستی ئینگلیزەکان شکا. لە ساڵی ١٦٠٧دا لە هەرێمی باکوور ( ئاکستەر)یشدا شکستیان هێنا.

بەم جۆرە پاش چوار سەدە لەبەرگری و خۆڕاگری ئینگلیزەکان توانیان هەموو ئێرلەندە بخەنە ژێر ڕکێڤی خۆیانەوە. پاش ئەمە هێندێ لە ئینگلیزەکان کە زۆربەیان سەربازبوون کۆچیان کردە ئێرلەندا و بەرەبەرە خۆیان سەپاند.

لە ساڵی١٦٠٩ دا زەوی و زاری ( موڵکدارە) کانی (ئالستەر) دەستی بەسەردا گیرا و دابەشیان کرد بەسەر ئینگلیز و ئیسکۆتڵەندیە جێنشینەکاندا ناوچەی ( دەوری) بەر پولدارەکانی لەندەن کەوت و ناویان نا ( لەندەن دەری).

ئیسکۆتلەندیەکان خۆیان هەزار ژێردەستەی ئێرلەندییەکان بوون بۆیە هەندێ لەو نیشتەجێیانە ئاشنای زمان و داب و دەسروور و ئەدەبیاتی ئێرلەندا بوون. تەنها مەزهەبیان جیابووە. ئێرلەندیە خاوەن ماڵەکان کاتۆلیک بوون بەڵام نیشتەجێ بووەکان ( پرس بێترین) و ( پڕۆتستان ئەنگلیکان) بوون کە هەردووکیان دوو لقی پرۆتستانتن. موڵکدارانی تازە داگیرکەر پێویستیان بە شان و باهوی ئێرلەندیەکان بوو بۆ چاندن ا بەرهەمهێنانی زەویەکانیان ، ئێرلەندیەکانیش کە زەوی و زارەکانیان لێ زەوت کرا بوو بە ناچاری بوونە سەپانی داگیرکەرانیان.لە ساڵی ١٦٤١دا ئێرلەندییەکان دەستیان دایە شۆڕش و سەرئەنجام ( ئەنجوومەنی میللی)یان لە کیل کینیKIL Kenny دامەزراند. ئامانجی شۆڕشگێڕان سەربەخۆیی میللی و ئازادیی باوەڕ و مەزهەب بوو. بەڵام ئەم شۆڕشە میللیە پاش هەشت ساڵان و لە ١٦٤٩دا لەلایەن ( ئۆلیڤەر کرۆمیل) ەوە بەوپەڕی دڕندانە سەرکوت کرا.

لەسەدەی ١٨ دا کاتۆلیکەکان و ( پرس بێترین) ەکان کە زۆر بێزاربوون لەو ( یاسای سزادان) ەی کە ئینگلیزەکان بەسەریاندا سەپاندبوون بە کاریگەرێتی/ تأسیری شۆڕشگێڕانی ئەمەریکا و فەڕەنسا کەوتنە سەر کەڵکەڵەی داخوازی و داواکردنی کۆماری/ جەمهوریی دیموکراتیک و دڵبەندی ئەو ڕژێمەبوون. لە ساڵی ١٧٧٥ دا لۆردێکی ئینگلیزی نووسیویەتی:" برس بێترین" ەکان لە باکووردا - کە لە ناخەوە ئەمەریکایین- ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبن و لە ساڵی ١٧٧٩ دا ( بپریس بێترین) ەکابیان بە ( لایەنگرانی سەرسەختی ڕێ و ڕەوتی کۆماری) لەقەڵەم داوە!.

لە ساڵی ١٧٩١ دا (یەکێتی ئایریشەکان United Irishmen) بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان و شامەزراندنی دەوڵەتێکی کۆماری دامەزرا. ( کە لە ساڵی ١٧٩٤ شا ئەو یەکێتییە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بە یاخی گەر ناسرا و قەدەغە کرا). پاشان دوای ڕاپەڕینی سەربەخۆیی ئێرلەندا کە ( یەکێتی ئایریش) ەکان کە لە کاتۆلیک

و ( پرس بێترین) ەکان و ( پروتستانت) ەکان پێک هاتبوو یەکەم بەردی بناغەی ئەو ناوەرۆکەی شانابوو.

(تیودور ولف تەن)ی ڕابەری کۆماریخوازان کە خۆی پرۆتستانت بوو بە باوکی (کۆماریخوازانی ئیرلەندا ناسرا), کە پاشان هەموو ساڵێ لە مانگی حوزەیراندا یادی دەکەنەوە.

(دووبەرەکی بنێرەوەوبنێرەوە! جیاکەرەوە و ببەرەوە!). ئینگلیزەکان بۆ بەربەرەکانی ( یەکێتی ئایریشەکان) هەر کارێکیان لەدەست هات درێخیان نەکرد و چەند ڕێگەیەکیان گرتە بەر.

لە ساڵی ١٧٩٨ دا پەلاماری شۆڕشی ( پریس بێترین) ەکانیان دا و شکستیان پێهێنا کە بۆ دامەزراندنی کۆماری هەڵگیرسابوو و گەموو مەزهەبەکانی دیکە لە سەراسەری ئێرلەندا پشتیوانی و کۆمەکیان لێ دەکرد و دەستەیەکی فەڕەنساویش هاوکاریی لەگەڵدا دەکردن پەوپاگەندەو بانگاشەی ئینگلیزەکان دژی شۆڕشگێڕان و بۆ شکست پێهێنان ئەو قاوەیان شاخستبوو کە ئەمە (( جەنگێکی ناوخۆیی)) یە و کاتۆلیکەکان بە فیتی پاپا و بۆ دژایەتی پرۆتستانەکان هەڵیان گیرساندووە!.

لە ساڵی ١٧٩٥ دا بە هاندان و کۆمەکی ئینگلیزەکان کۆمەڵەیەکی نهێنی بە ناوی (ڕاپەڕینی نارنجی/ Orange Order) لە پرۆتستانەکان دروست کرا مەبەستی ئینگلیزەکان لەمەدا دوو بەرەکی و ئاژاوەنانەوە و پەرت پەرت کردنی ئێرلەندیەکان بوو تا درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن.

ژەنەڕاڵ ( ناکس) ی فەرماندەی لەشکری ئینگلیزەکان لە ( ئاڵستەر) لە ڕاپۆرتێکدا بۆ دەوڵەتی ئینگلیزی نووسیویەتی: " ئەگەررێم بدەن دەمەوێ (ڕاپەڕینی نارنجی) بەهێز بکەم کەم پێم وایە - بەم ڕێیە_ دەتوانم پشتی ئایریشیە یەکگرتووەکان لە عەرز بدەم ". لە وەڵامی ئەم ڕاپحرتەدا ( تۆماس پلهام) ی وەزیری ئینگلیزی نەخشەی" ئاگر خۆشکردنی دژایەتی و دووبەرەکی نارنجییەکان و ئایریشیە یەکگرتووەکانی" سەلماند و پشتگیری لێ کرد. پاش ئەمیش ( سیر ڕابێل پێل) ی جێنشینی سیاسەتی ئاسایشی/ ئەمنی بەڕێوەبردوو درێژەی پێ دا و دەربارەی بەربەرەکانی و دوژمنایەتی نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانەکان ئەمەی نووسیووە :( هیوادارم هەمیشە لێک ترازاو بن. هونەری گەورە ئەوەیە ئاگاداری ئەوە بین هەمیشە دوژمنی یەکتر بن و نە لە جەنگدا و نە لە ئاشتیدا یەک نەگرن). بەم جۆرە سیاسەتی دێرین و هەمیشەیی ئینگلیزەکان ، ( جیاکەرەوە و ببەرەوە) لە ئێرلەندا پێڕەو کرا.

## پاشایەتی یەکگتوو

پاش سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی ١٧٩٨ و گەشە و برەودان بە سیاسەتی ( جیاکەرەوە و ببەرەوە) بە بەهرە وەرگرتن لە جیاوازی مەزهەبی دەوڵەتی ئینگلیز ( ئەنجومەنی ئێرلەندا) ی – کە دەسەڵاتێکی ئەوتۆشی نەبوو – هەڵوەشاند کە بە پێی ئەم یاسایە یەکێتی ئینگلتەرا و ئێرلەندا دانەزرا و کۆمەک و پشتگیری( ڕاپەڕینی ناربجی) هکانیان کرد و ئینگلیزەکان ئەو درۆیەتان بڵاوکردەوە کە ئەگەر ئازادی بدەن بە خەڵکی ئێرلەندا دەبێتە هۆی چەوسابدبەوە و سەرژوت کردنی پرۆتستانەکان!.

(( بزووتنەوەی ئازادیخوازی کاتۆلیکەکان) کە دژی ئەو یەکخستنەبوون چونکە سەربەخۆیی ئێرلەندای لەبەین دەبرد بە بزووتنەوەیەژی دژ بە پرۆتستابەکان ناسرا، لەگەڵ ئەم پیلان و هەڵبەستەشدا کەسانێکی زۆر لە پرۆتستانەکان لە ساکی ١٨٤٠ تا ١٨٥٠ لە ( جوڵانەوەی ئێرلەندای نوێ دا Young Ireland movment) و لە ( جەڵانەوەی خودمختاری) دا لە ساڵانی ١٨٧٠ لەپێناوی سەربەخۆیی ئێرلەندەدا بەشداریان کردووە.

## وەرەقەی نارنجی

سەرکەوتنی نەتەوەییەکان لە چەند هەڵبژاردنێکی گشتیدا ( گلادستون) ی سەرەک وەزیرانی لیبڕاڵی ئینگلیزی خستە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێت خودمختاری بە ئیرلەندا بدەن. پارتی کۆنپارێز/ موحافەزەکاری ئینگلیز هەوڵی دا کە مەسەلەی ( ئاڵستەر) بکەنە بەهانەتەک و پارتەکەی ( گلادستون) یشی پێ بشکێنن. ئا لەو کاتەوە پێشنیاری دابەشکردنی ئێرلەندا سەری هەڵداوە. لۆرد( چرچیل) ی باوکی ( وینستۆن چرچیل) لە ساڵی ١٨٨٥ دا نووسیویەتی کە : « دەمێک بوو بڕیارم دابوو کە ئەگەر گلاستوب خودمختاری ئێرلەندا برەو پێ بدات دەبێت وەرەقەی نارنجی بە ڕوودا بدەین!. پاشان نابێ دوو دڵی لەوەدا بکەم کە لە هەنگامی لەڤاربوونی هەل و مەرجی ئاڵستەر لەسنووری یاسای بنەڕەتیش بەدەر دەبێت ئاژاوەیەک بنێمەوە».

لۆرد چرچیل لە کۆبوونەوەیەژی ( نارنجی) یەکاندا کە لە بلفاست پێک هێنرا بوو وتی: " لەکاتی لەباردا پێویستە ئاڵستەر پەنا بەرێتە بەر زەبر و زەنگ". چەند ساڵ دوای ئەمە ( وێنستون چرچیل) لە هەراوهوریاکەدا قسەکانی باوکی دایە دواوە و وتی:" ئەم هەراوهوریایە بە ئەندازەیەک دڕندابەیە و درێژەی کێشاوە کەدەستی لیژنەیەکی پاڕڵەمانی بگاتێ و لێی بکوڵێتەوە و ڕای لەسەر بدات».

بڵاوکردنەوەی ئەم لێکۆڵینەوە و سەرئەنجامی ڕایەکە زیانی بە پارتی " نارنجی" یەکان گەیاند.. هاندانی ئاژاوەچییانەی کۆنپارێزەکان لە باکووری خۆرهەڵاتی ئێرلەندا دژی حکومەتی حکومەتی لیبڕاڵەکان وبوو لە ساڵانی ١٩١٤،١٩١٢،١٨٩٣،١٨٨٦. لە ساڵی ١٩١٢ دا ڕابەرانی پارتی کۆنپارێز چوونە بلفاست ونارنجی یەکانیان دژی خودموختاری ئێرلەندا ورووژاند.. یەکێ لەوانە وتبووی ( ئاکستەر نابێت لە هیچ سنوور بگەڕێتەوە ئەگەر لە یاسا دەرچوونیش بێت). یەکی دیان وتوویەتی: ئەگەر ئەم یاسای خودمختارییە بڕیاری لەسەر بدرێت دەبێت خوا ئەو دەوڵەتە بپارێزێ کە ئەم یاسایە جێ بەجێ دەکات!).لێرەدا کۆنپارێزەکان نەیان دەویست نارجییەکان لەبەرچاوی کاڵیان بەهێز بکەن تەنها مەبەستیان ئەوەبوو بەم ڕێگەیە پارتی لیبڕاڵەکان شکست پێ بدەن. لە ساڵی ١٩٢١ دا " سیر ئەدوارد گارسون" ڕابەری نارجییەکان ئەمڕاستییەی لە ئەنجوومەنی لۆردەکاندا درکاند و وتی: " من بەڕاستیم بووسیاسەت و تەڵەکەبازیم نەژردووە من بە هەمووانیانم باوەڕ کردووە، چەندە گێل و نەزان بووم من تەنها مقاشێ بووم هەمووان و هەموو ئێرلەنداش دەستکەلای دەستی سیاسەت بازانێ بووین، کە دەیابویست پارتی کۆنەپارێز لەم ڕێیەوە دەسەڵات بگرێتە دەست».

بەهەرحاڵ سەرئەنجامی ئەم پیلان وتەڵەکەبازیە دروستبوونی ( بەرگری ئالستەر Vister Volunteers ) بوو لەلایەن نارجییەکانەوە و هەتا سەرهەڵدانی یاخی بوونیش لە لەشکری ئینگلیزدا لە ساڵی ١٩١٤ دا وا بەم جۆرە کەمایەتیەک بە دژ و بۆ دوژمنایەتی خواستی میللی ئێرکەندی چەکدار کران.

**ڕێکخستنی کرێکاران**

کرێکاری ئێرلەندا لەمانە کرێکارانی دابلین و بلفاست لە دووا ساڵەکانی چەرخی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا ڕێکخراوی خحیان پێک هێنا. لە ئابی ١٩١٣ دا لە دابلین پۆلیس زۆر دڕندانە هێرشیان بردە سەر کۆبوونەوەی کرێکارانی تراموا کە دەستیان لە کار کێشابووەوە سێ کەسیان لێ کوشتن. پاش ئەمە ئەو چوارسەد خاوەن کارانەی دابلین بڕیاریان دا کە کار نەددەن بە ( یەکێتی کرێکارانی ڕێگە و بان و کرێکارانی گشتی ئێرلەندا) سەرئەنجامی ئەمە ٢٤٠٠٠ کرێکار بێ کار مانەوە.

هەرچەند ڕێکخراوی کرێکارانی ئینگلیزی و ئەورووپایی پیتاکیان بۆ کردن و ۆارە و خۆراکیان بۆ ناردن بەڵام باری ژیان و گوزەران و خانسنشین لە دابلین لە هەموو

شوێنێکی دیکەی ئەوروپا سەخت تر بوو. ٢١٠٠٠ خێزان لەو شارەدا ناچاربوون کە هەریەکەیلەژورێکدا هەڵبکەن.

دواجار لە ساڵی ١٩١٤ دا کرێکاران ناچاربوون تێک بشکێن. بەڵام هەندێ لەسەر سەخت و خۆراگرەکانیان بە ڕابەرایەتی " جێمز کۆلۆنی”- سوپای گەلی ئێرلەندیان دانەزراند- Irish Citizens Army لە نۆڤەمبەری ١٩١٣ شدا لە دابلین ( بەرگری ئێرکەندی Irish Volunteers) دامەزرا بۆ ( دابین کردنی مافی ئازادیەکانی هەموو گەلی ئێرلەندا بێ جیاوازی مەزهەبی و چینایەتی یان سیاسییان). ( بەرگرفئیرلەندی) پاشان بووە ( سوپای کۆماریخوازانی ئێرلەندی - ئای، ئار ، ئەی IRA). ئەم سوپایە هاوشان لەگەڵ ( سوپایی گەلی ئێرکەندی) و ( شین فین) کە ڕێکخراوێکی نەتەوەییانەی دیکەبوو لە ساڵی١٩٠٥ دا دامەزرابوو بە زوویی جێدەستی خۆیان لە ژیانی ئێرکەندادا دیاری کرد.

+++++

هەر دەستکەوتنێکی میللی لەسەر بناغەی مومارەسەی مافی دیاریکردنی چارەنووس نەبێت، مافی نەتەوایەتی نیتە و تەڵەیە!...

# پەڕێزی ئازاد

هەر نووسین و ڕایەک لەم گۆشەیەدا دەربب‌ڕێت تەنها گوزارشت/ تەعبیر لە ڕای نووسەرەکەی دەکات و ئاڵای سووری کوردایەتی بەرپرسیار نییە لێی. لەهەمان کاتدا ڕێگە بەهەر پێنووسێکی ئازاد دەدرێت لە پەتاوپەت و بێ هیچ مەرجێکی پێشەکی دەنگی خۆی بە سەربەستی دەرببڕێت تەنها ئەوە بەرچاو بگیریت کە پلاری کەسی/ شخصی نەبیت.

**دەستەی نووسەران**

===============

ئەوانە خوارێ شەپۆل و تەوژمی بیر و هەستی دوو مرۆڤی کوردن کە لە بچوکترین مافی مرۆڤایەتی بێ بەش کراون.. ئەوەتا ناتوانن بە زمانی زگماکی باب و دایکیان گوزارشت/ تەعبیر لە خۆیان بکەن! ناچارن بە دوو زمانی بێگانە وەک دوو مۆری نەنگ بە نێوچەوانی مێژووی تاوانەوە کوردێتی خۆیان بدرکێنن بسەلمێنن بچەسپێنن...

==============

حملت صليبى زائرا كل الكنائس طارقا كل الابواب متصرخا كل الضمائر.. فما تلقيت غير الصمت المطبق و سكون عالم الاموات .. فدسست نفسى بين شقوق وجدانهم، عسى ارى بقايا جذوة خير و محبة.. تنقكت فى دياجيز قلوبهم فما اكتشفت غير الظلام ، عندها رجعت مقفلا الى وطنى كردستان الشهيده..

فعند اعتاب اول كوخ فلاح كردى فتحت الازرع لى:( ميفان.. سەر چافانە).. سالت دمعه هائجه من مقلتى فاسرعت فتاة كرديه كادحه بمسحها ب( تشغل) ها.

ومن شدة اعيائى سارع اهل البيت بمؤاساتيوالتخفيف من احمالى وآلامى!! حيث كان الدرس الاول فى حمل همومى.. ومن يومها قررت ان اعيش واموت على ارض بلادى وبين ابناء شعبى!..

تلك الارض المحرمه على الجغرافيين وخرائطهم وذلك الشعب الممنوع لفظ اسمه حتى فى المعابد لذا قررت ان احفر اسمک الجيب يا بلدى على صفحات قلبى وان اردد اسم شعبى المنسى على لسانى ما دمت حيا وانى مطمئن للمستقبل طالما يوجد ژردى

واحد قلبه ينبض و لسانه يتكلم ستبقى فى هذا القلب وعلى ذلك اللسان صورتک و صوتک والى الابد...

يا كردستانى العزيزه انت كنيستى ومحرابى ويا امتى انت حياتى ومماتى....

کوردستان تەنها بەدەستی کورد ڕزگاری دەبێت......

کردستان

کردستان سر زمین من، توی اآرزو وآرمانم عشق من،،،، من گویم باآن زبان بەزنجیر کشیدام... هر آن کس عاشق تو نشده است نمیداند که چرا عشقت و سختی داه رهایێت را تحمل می کنم......

شفق باتمام زیبائیش نام تو را در انق می نویسد، سحر با سپیده اش نام توارا پیام می دهد، کو هارا بنگرید از مقاومت های کردستاب سخن می گویندریاها از تلاطم مردم کردستان سخن می گویند شتایقها ولالەها از خونهای پاک شهیدان..

بلە، ای کاروان بیش روکەبر فراز نشیدها وبلندیها تام مقدس تورا بنگارم. توی مبدأ، توی پایان ، توی باعث کت عشق من کردستان.

هەر زمان، به پیش روید، ای امیدم پشتبان خلقم و برایم ازحماسەهای رزمتان وازآنها کەبه پای عشق کردستان شراب شهادت رایک جرعه نوشید ند و گفتند چه کم است، این چەرازی است پنهان که جانفشانی را سر مشق خلقم شداست. بر زمید که رزمیدنتان مایه زندفانی خلق کرداست....

**شلێر ١٩٨٣**

# فەرهەنگۆک

**کۆڕە نێو دەوڵەتییەکان – المؤسسات الدولية**

ئالۆزی و پێکەڵ پێکیی پەیوەندی و کار و بەرژەوەندی دەوڵەتانی دنیا و بڵاوی و پەلهاوێشتنی پەیوەندی و تێکەلییە جۆربەجۆرەکانی گەلان و ئەو گۆڕان و پێشهاتە چەند تەرحە و چەند لایەنەی لە سەدەکانی ١٧،١٨،١٩ دا پێش هاتن و ئەو جەنگە جیهانیەی لە سەرەتای سەدەی ٢٠ دا لەنێو دەوڵەتە گەورەکانی ئەو ڕۆژەدا تەقیەوە و پرشکی هەموو لایەکی گرتەوە و بە دووی خۆیدا شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ڕمانی جووتە ئیمپراتۆرێتی عوسمانیو نەمسا هاتنە پێیشەوەی ئەمەریکا وەکوو دەوڵەتێکی ئیمپریالیزمیی گەورە و بە ئاگاهاتنەوە و ڕاپەڕینی گەلانی ژێردەستە و چەوساوە و هەڵپە و چاوچنۆکی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان و ئەمانە و سەرجەم بار و هەلومەرجی نوێی نێودەوڵەتیی ئەو ڕۆژە، پێویستیی دانانی دەستوور و ڕێ و شوێنێک و ڕێکخستنی پەیوەندی و یاسایەکی گشتی بۆ مامەڵەی نێودەوڵەتی هاتە پێش و ئەو بەیاننامە چواردە ماددەیەیی( وێلسون) ی سەرەک کۆماری ئەمەریکا بووە بەردی بناغەی دامەزراندنی کۆڕێکی نێودەوڵەتی بەناوی ( کۆمەڵەی نێو نەتەوەکان- عصبة الامم )کە لە ساڵی ١٩١٨ دا و پاش جەنگ ڕسکا.. هەرچەندە کۆمەڵە لە سەرەتاوە چەند هەنگاوێکی نا بەڵام ئەوەی لە دەستی ڕاستەوە دەیدا بە میللەتان چەند قات لەدەستی چەپەوە لێی دەدزرایەوە و تا ببووە یانەیەکی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان بۆ سەودا و مامەڵە و دابەش کردنی میراتی میللەتانی ژێر دەستە و چەوساوە.. کە پاشان خۆشیان نەیانتوانی لەسەر ئەو کەلاک بەشییە ڕێک بکەون و هەریەکەی بەلای خۆیدا ڕای دەکێشا تا بووە هۆی ئەوەش کە پتر ڕێگە خۆش بکات بۆ نەهاتی و مەینەتی هەموو گەلانی جیهان و لە منداڵدانی ئەو بەزم و دەورو دەکابەدا چەندین دەسەڵات و بیر و ڕای دیکتاتۆری و نازی و فاشی سەرهەڵبدات کە پاشان ئاگری جەنگی دووەمی جیهانی لێ کەوتەوە.. دەریش کەوت کە سەرەتاکانی ( وێلسون) - کە وەک و دەقی سەر کاغەز پێشژەوتوو و مرۆڤابە بوو تەنها دێوجامەیەک بوو بۆ ڕاوکردنی گەلانی کەم دەست و چەوساوە و چاوبەستی بوو لەو گەلانە کرا..

بۆیە (( کۆمەڵەی نەتەوەکان)) پەکی کەوت تالە ساڵی ١٩٤٥ دا و لە دوا دوایی جەنگی دووەمی جیهانیدا (( ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی)) بۆ مەبەستی ( بەرقەراریی ئاشتی س ئاسایش لەنێو میللەتاندا)) دروست بوو.. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم

دەزگایە چەند کار و چالاکییەکی مرۆڤ دۆستانەی کردووە و لە بواری کۆمەڵایەتی و بابەتە ئینسانییەکاندا هەندێ شوێن دەستی دیارە بەڵام دیسانەوە ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییە نییە کە پێویستییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤاتەتی پێویستیەتی و نەیتوانیوە لەژێر بار و ئاڕاستە و سیاسەتی ئەم دەوڵەت یان ئەویاندا دەربچێت هەر نەبێت لەبەرئەوەی جگە لە دەسەڵاتێکی مینۆکی/ مەعنەوی و ئەدەبی هیچ دەسەڵاتێکی کرداری/ فعلی و ماددی نییە.. هەر ڕا و بڕیارێک ئەگەر بە خواست و ئارەزووی هەر دەوڵەتێک نەبێت قورسایی ئەو کاغەزەی نابێت کە لەسەری دەنووسرێت و خحیان لەسەری ڕێک نەکەون کەس تۆڵەژەش بە کڵاوی ناپێوێ!.

بڕیارەکانی دەربارەی ئیسرائیل و خوارووی ئەفەریقا کە ژمارەکانیان لە دە و سەد و هەزاریش تێ پەڕیووە هەر وەک با بەلا گوێیانشا دەڕوات و هیچ.. خۆ ئەوە چاویان نەتەوەی کورد و گەلانی چەوساوە هەر نابینێ!!..

بەهەرحاڵ ئەو ڕێکخراوە ئیمڕۆ پتر لە ( ١٢٠) دەوڵەت ئەندان تێیدا.. لە شەش دەستگای بنەڕەتی پێک هاتووە:

١- ئەنجومەنی گشتی " مجلس العموم».
٢- سکرتاریەت " السکرتاریة».
٣- ئەنجومەنی ئاسایش " مجلس الامن».
٤- ئەنجومەنی سەرۆکاری" مجلس الوصایة».
٥- دادگات نێودەوڵەتی" المحکمة الدولیة».
٦- ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی

ئەم دەزگایانەش هەموان بەنیازی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە هاوبەشانە پێک هاتوون کە کە پێشەکی بەیاننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ساڵی ١٩٤٥ دا تۆمار کراون.. کە بە کورتی بریتین لەمانە:

أ- خۆپاراستن لە جەنگ.
ب-چارەسەری هێمنانەی ناکۆکیەکانی نێودەوڵەتان.
ج- هەوڵی ڕەخساندنی زەمینەی یەکسانیی مافی مرۆڤ.
د- ڕێزی بەرانبەری پلەوپایە و کەرانەتی مرۆڤایەتی مرۆڤ.
هـ- هاندان و هەوڵی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی مرۆڤ.
و- بەدیهێنانی هاوتایی ئابووری لەسەر ئاستی هەمووجیهان.

### ١- ئەنجوومەنی گشتی

لە هەموو ئەندامانی ( ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان)) پێک هاتووە. بەئاسایی ساڵی جارێک کۆدەبێتەوە تا دەربارەی ئەو پێشنیاز و داواکاریانە بکۆڵێتەوە کە دەخرێتە ڕوو بڕیاریان لەسەر بدات و ئەو دەستگا و لیژنابە پێک بێنێ و بڕەخسێنێ کە دووی ئەو بڕیارانە بکەون و جێبەجێیان بکەن.. هەروەها بەسەر ئەو دەستگا بنەڕەتیانەدا بچێتەوە و بەڕێوەبەر و کادریان بۆ دیاری بکات و دەربارەی بودجەی گشتی ڕێکخراو و دەستگاکان بڕیار بدات.

### ٢- سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان

لە شەش بەش پێک دێت بارەگاکەی لە (نیۆرک) ە. بەڕێوەبەرانی ئەم دەزگایە سیفەتی نێودەوڵەتیان هەیە و خۆیان سەربەخۆن و بە ئاشکرا بە هیچ دام و دەزگا و دەولەتێکەوە نەبەستراونەتەوە. بەپێی پەیڕەوی خۆیان نابێت فرمان لە هیچ دەسەلاتێکی دەوڵەتییەوە وەربگرن. سکرتێری گشتی باڵادەسترین بەڕێوەبەری ئەم دەستگایەیە کە ئەرکەکانی ئەم ڕێکخراوە لە ئەستۆ دەگرێت.

### ٣- ئەنجومەنی ئاسایش

ئەنجومەنێکی هەمیشەییە کە دەتوانن بەناوی هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکەوە لەبارەی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بڕیار بدات و دەست بەکار بێت. ئەم دەزگەیە لە پێنج ئەندامی هەمیشەیی و بنەڕەتی وشەش ئەندامی کاتی/ مؤقت پێک هاتووە. ئەندامانی هەمیشەیی وڵاتانی( ئەمەریکا، سۆڤیەت، چین، ئینگلترا، فەڕەنسا) ن. کە هەریەکەیان مافی " ڤیتۆ" یان هەیە. واتە چەسپاندنی هەر بڕیارێک پێویستە هەر پێنجیان بڕیاری لەسەر بدەن و ئەگەر هەر یەکێکیان ناقایل بوو ئەوا بڕیارەکە پەکی دەکەوێت و دەدرێتە دواوە!!( واتە ئەمانە کوێخای دونیان!!).

ئەو شەش ئەندامە کاتیانەی دیکەش هەر دوو ساڵان جاری جارێک لەلایەن (ئەنجومەنی گشتی) یەوە هەڵدەبژێردرێن بەڵام مافی( ڤیتۆ)یان نییە.

### ٤- ئەنجومەنی سەروکاری:

ئەو ئەنجومەنە بووە کە سەرپەرشتیی ئەو وڵاتانەیان دەکرد کە سەربەخۆ نەبوون گوایە بۆ ئەوەی ڕایان بێنن و پێیان بگەیەنن تا بتوانن کاروباری خۆیان بگرنە دەست..

دیاره ئەمەش فەنگە فێڵێکی ئیمپریالیستانە و حیلە شەرعێک بووە بۆ داپۆشینی بێ دەست کردنی گەلانی چەوساوەی ئاسیا و ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتین.ئیمڕۆ ئەم ئەنجومەنە کارێکی نەماوە و پوکاوەتەوە.

**٥- دادگای نێودەوڵەتی:**

لە ساڵی ١٩٢٠ ەوە دروست بووە، ئیمڕۆش بە گرنگترین دەتسگای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەژمێردرێت بارەگای هەمیشەیی ئەم دادگایە لە پایتەختی هاوینەی هۆڵەندایە لە ( لاهای). هەموو دەوڵەتانی دنیا و هەتا ئەوابەش کە ئەندام نین لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانشا دەتوانن سکاڵا و داد و مەسەلەی خۆیان و نێوان دەوڵەتێکی کە بخەنە بەردەستی دادگا و داوای بڕیاری دادگەرانەی بکەن.

ئەم دادگایە لە پازدە دادوەر/ حاکم لە ١٥ دەوڵەتی جیاجیا پێک هاتووە کە ئەنجومەنی گشتی و ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ماوەی نۆ ساڵان دیاریان درکات و هەر سێ ساڵ جارێک سیانیان دیاری دەکرێ. بڕیارەکانیش بە زۆربەی دەنگ دەبێت و بۆ هەر بڕیارێک بەلانی کەمەوە نۆ دادوەر بەشدار دەبن.

**٦- ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی:**

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی بۆ خۆی چەند دەزگایەکی هەیە کە تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆن کە بە کاری خێر و سوودبەخشی نێو دەوڵەتان هەڵ دەستن بۆ پتر چەسپاندنی گیانی هاوکاری و برایەتی نێودەوڵەتی و پێشژەش کردنی خزمەتی مرۆڤ دۆستانە: لەم دەزگایانە دەتوانین ناوی ئەمابەیان بهێنین:

أ- ڕێکخراوی کاری نێو نەتەوەکان O.I.T

بارەگای سکرتاریەتیان لە (جنێف)ە کە بۆ یەکخستنی شێوە و مافی کرێکاران و هاوکاری و کۆمەکی هونەری و پیشەسازییە بەوڵاتانی تازە پێ گەیشتوو.

ب-ڕێکخراوی تەندەوستی جیهانی O.M.S

خزمەتیچاکی لەبارەی تەندروستی و لەش ساخیتەوە پێشکەش کردووە. کە وەک بەرنامەکەیان دەڵێت( چاکترکردنی باری لەش ساخی و دەروونی و کۆمەڵایەتی) دەست بەکارە.

ج- یۆنیسیف(U.N.I.C.E.F)

رێکخراوی یارمەتی دانی خواردن و خۆراکی منالانی جیهانییە.

د- ڕێکخراوی کشتوکاڵی جیهانی (F.A.O)
بۆ پێشخستن و گەشەی بەرووبوومی کشتوکاڵی جیهانییە.
هـ- بانقی نێودەوڵەتان(B.I.R.D)
دەسگیری ئەو وڵاتانەی لە ئەستۆدایە کە پێوتستیان بە سەرمایەیە بۆ پێشخستنی پیشەسازی میللیان و قەرزدان بە وڵاتانی کە نیازیان گەشەپێدانی بازرگانی و خۆش گوزەرانی میللەتیانە.
و- سندوقی پارەی نێودەوڵەتان( F.M.I)
بۆ کۆمەک کردنە بەووڵاتانەی نرخی پولەکانیان دادەلەنگێ وقەرزبارن.
ز-ڕێکخراوی فەرهەنگیی یۆنسکۆ (U.N.E.S.C.O)
بۆ کۆمەکی پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری و خوێندەوارییە و ئەم ڕێکخراوە هەوڵ دەدات لەسەر ماف و ئازادیەکانی مرۆڤیش بەدەنگ بێت. هەندێ جار کاری بەرچاو دەکات بەڵام کەمتر گوێی لێ دەگیرێ.
لەفەڵ گرنگی و پێویستیی ڕێزلێنانی ئەم دەزگا و دوکانە. بەڵام بە دەردی پەندە کوردییەکەی دەڵێت:( بەدەستی خۆت بەبێت خروویسەرت نامرێ) و ( باوە پیارە نابێتە باب!)...

---

**<u>ڕقی پیرۆز</u>**

**دەمگرێ ئەمماجلە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم**
**لێم دەدا، ئەممالەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم**
**دەمکوژێ،ئەمما بەگژ جەللادەکەمدا دێمەوە**
**کوردم**
**و**
**ناتوێمەوە و**
**ناتوێمەوە و**
**ناتوێمەوە**

# ژمارەکانی ٢٣,٢٤,٢٥ی ئاڵا کوان ؟؟

________________

لە کوردستاندا هەر مرۆڤ نییە بەدەست بەستراوەیی بە ( ئارِ . بی. جی) دریَت. فاشیستی کوردی وشەش لەدار دەدەن!. چۆن ژنی زگپڕ هەڵدەدڕن ئاواش ورگی وشە ڕادەدەن!. چەند لە تاکە تاکەی مرۆڤی کوردی دڵسۆز دەترسن واش زەندەقیان لە بیری خزمەتگوزار دەچێت..

جاش کلاسیکی ئەم قوتە و ئەو بستووە بە قۆنتەرات دەگرن کەچی جاش مۆدێرن قۆنتەراتی کوشتنی شۆڕشگێڕان و زیندە بە چاڵی " فیکر" یان گرتووە.. بۆیە لەگەڵ تەرمی دەیان پێشمەرگەی کورد و عەرەب و چەکدار و بێ چەک و سۆشیالیست و شیوعی و پارتی و پاسۆکدا هەر سێ ژمارە کۆرپەکەی ( ٢٣,٢٤,٢٥) ی " ئاڵای سووری کوردایەتی" شیان بە دیاری بردە( خزمەتی عەرشی عێراقی)!!)..

( دەک خەجاڵەت بن لە ڕووی مەحشەرا..!!).

بەڵام خۆری بیری کوردایەتیبە بێژەنگی کون کونی جەلالی ناگیرێ!....

سەربەخۆیی یا نەمان...

# له كه‌له‌پووری شۆڕشگێڕیمان

سنووری کوردستان

کــــوردە ئـــەزانـــی لـــە کـــویَ ساکـنـە خـزمـانـــی تۆ
گـــویَ گـــرە بـــۆتـــۆ بڵـــێم مـەسکـەنی قـەومـانـــی تۆ
کـێـوی تــحــروس و عـمـقـی حـــەوزەیـــی ئـەسکـەنـدەروون
غـەریـبـە تـا بـەحـری ڕەش سـەرحـــەدی مـەیـدانـــی تۆ
بـەحــری ڕەش و ئـــــەردەهان ئـــاوی ئـاراســە بزانـە
حـــــەددی شـمـالـــە ئـەمـە کـــۆزی بـێـچـولانـــی تۆ
ئـەڵـوەنـد و گـۆلـی ورمـــیَ تـــا ســـەری ئـــاوی ئـــاراس
ســەرحـــەدی ڕۆژهەلاتـــــە جـۆمـگـە و کـێـوانـــی تۆ
ئـــەهواز و کێوی حەمرین ژەنـگـار و ریـەی نووسەیبەین
بـــۆ تـــەرەفـــی جـەنـووبـە ڕەوضـــەیـــی رضـــوانـــی تۆ
داخـــلـــی ئـــەم ســـنـــوورە دوازدە ویـــلایـــەت هەیـــە
دەڵـــێـــن دوازدە مـیـلـیـۆنـە نـفـوسـی کـــوردانـــی تۆ
( حــــاجـــی) درۆیـــــە اصـــلا نـفـوسـیـان نـەنـووسـرا
دەفـــاتـــە بـیـست مـیـلـیـۆن بـنـووسـریَ خـزمـانـــی تۆ

## مالآوا

## جێ بزمارەکان بە چی پڕ دەکەنەوە؟؟؟؟؟؟؟؟

وتوویانە سەرکەوتن دزێوترین کاری مرۆڤ ئارایش دەدات، بەڵام هیچ کارێکی ناپاکی و خۆفرۆشی ناسڕێتەوە، چونکە مێژوو خۆی لە سەر ڕووپەڕەکانی ڕۆژگار هەڵدەکەنێت، جا یا ئەوەتا دەبێت ئەو ڕۆژگارانە لەبیرەوەری مێژوودا ( لەغو) کرێن یان هەتا هەتایە هەر دەزڕنگێنەوە، خۆ دیاریشە کە( لەغو) ممکن نییە!.

بۆیە ئەو کار و خۆفرۆشیانەی جەلالی دەیکەن و ئەو دەور و ئاژاوەیەی دەیگێڕن نەک هەر ناتوانێ ڕابردووی پڕ شەرم و خەیانەتی ساڵەهای ساڵی جاشێتی و کورد فرۆشیان لێفەپۆش بکات، بەڵکوو پتر و پتر ( رصید) ی کوردکوژی و ناپاکیان قەبە و بارگران تر دەکات کار و کردەوەیە ئەمان دەیکەن هەر لە ڕەفتاری ( یارۆ)ی نەقڵە کوردیەکە دەچێت ، کە دەگێڕنەوە کابرایەک دەبینێ کوڕەکەی هەر ڕۆژەی بزمارێک لە دیوارەکە هەڵدەکەنێ دەڵێ: ڕۆڵە ئەو بزمارانە چین و ئەوە چییە هەر ڕۆژەی دانەیەک هەڵدەکەنی؟!..

کوڕە دەڵێ: باوە چی بێ لە تۆ نهێنی بێت!.. کاتی خۆی کە منداڵ بووم شەیتان پێی کردم و هەر جارەی ( بن دەکەوتم) بزمارێکم دادەکوتا.. ئەوا ئێستاش گەورەبووم دەمەوێ تۆڵەی منداڵی بکەمەوە هەر جارەی ( بان دەکەوم) بزمارێک دەردەکێشم!!..

باوکە دەڵێ: ڕۆڵە خۆ ئەگەر هەموو بزمارەکانیش هەڵبکێشی هەر حەقی خۆتت نەکردۆتەوە.. چونکە ئەوجێ بزمارانە چی پڕیان دەکاتەوە؟!!..ئەی دەبێت جێ بزمارەکانی( شێست و شەش) چی پڕیان بکاتەوە؟.

## چنگێ ئاو

**چنگێ ئاوم لەباو دیجلە دەرهێنا..دڵۆپ دڵۆپ ئاو گریا**
**وتی: بریا..**
**دەتدا بەر ئەم هەتاوە و دەبووم**
**بە تەم..**
**لەگەڵ شنەی بایەکدا**
**دەچوومەوە بۆ بەرزایی**
**کویستانەکەم.....**




# ئاڵای سووری کوردایەتی
# Alaska sorry Kurdaity

**ژمارە ٢٧ ئابی ١٩٨٤**

**ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک**

**پێش ئەوەی هەر شتێ بین، دەبێ کورد بین..**

**<u>ناوەڕۆک</u>**


+ سەر ووتار.....  پەل داچوونی خۆفرۆشان
+ ڕازێکی کوردانە : تیشکێ لە خۆری زێڕینی کوردایەتی
+ مشتەی ناو هەمانە
+ بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە ....برا چەواشەکراوەکەم
+ قوتابخانەی پاسۆک.. ئیرلەندای خوێناوە
+ پەریزی ئازاد
+ شیعر
+ ماڵاوا<<<<<<< دواپەردە

# سەرووتار

**پەل داچوونی خۆفرۆشان**

ڕژێمی ڕەگەزپەرست و شۆڤێنی بەغدا بەترس و تەماع نانەبەر، بە هەڕەشە و تۆقاندن بە پیلان و لە خشتەبردن و بە هەموو ڕێگە و شێوە و شێوازێکی ناڕەوا و دوژمنانە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە بەرگری و خۆڕاگریی گەلەکەمان بشکێنێ و خواستی چەپەڵی خۆی بەسەر ویستی جەماوەرەکەدا بسەپێنێ.. ڕژێم وەکو هەر دەستەیەکی فاشیست هەوڵی ئەوەی داوە دەست بەسەر هەست و نەست و خواستی جەماوەردا بگرێ و لەناخەوە بەها ( قیم) ی نەتەوایەتی و مرۆڤانەی داتەپێنێ. نەخشەی تێکشکاندنی ڕۆحیی جەماوەری کێشاوەو ویستوویەتی لەناوەوە جەماوەرەکە پووت و کلۆر کاو هێزی مەعنەوی داڕزێنێ.

ئەمە خەسڵەتی «فاشیزم»ە کە وەکو دیکتاتۆریەت بەژێردەستەکردن و مل پێ کەچکردنی ڕواڵەتی داناکەوێ و لە ئاقاری خۆسەپاندن و سەرکوت کردن ناوەستێت بەڵکو پەلاماری دەروونی مرۆڤ دەدا و سەقەت و دەیسڕێتەوە»مسخ» ی دەکات..

پیسترین شێوە و جۆری ئەو داتەپینە ئەخلاقی و داڕزینە مەعنەویە و تێکشکانە دەروونیەی جەماوەری کوردیان لەوەدا دیتووە کە بیکەنە بەعسی و بەرگی جاش شەعبی و سەربازی بۆ قادسیەی دۆڕاو و گاڵتەجاڕ پێ لەبەرکەن... لەگەڵ هەموو سەختی و دژوارییەکی باری کوردستان و ئەندازەی بێ سنووری ترس و تۆقاندن و کوشتن و بڕیندا لە ناسکترین باروهەلومەرجدا جگە لەدەستەیەکی زۆر بەرتەسکی پەست و هەلپەرست و خۆفرۆش بەولاوە جەماوەری گەلەکەمان زۆر قارەمانانە بەڕووی هەموو هەوڵ و فێڵ و تەڵەیەکی ئەو شۆڤێنیستانەدا وەستاونەتەوە و وەکو لوتکەی چیاکانی کوردستان سەریان لە ئاستی چڵپاوی بەعسایەتیدا بڵند ڕاگرتووە و وەڵامی دندان شکێنی هەوڵی چەپەڵی بەعسیانیان داوەتەوە.

بەعسی توانیویەتی کورد بگرێ، بکوژێ، ببڕێ، دووری خاتەوە، ڕایانگوێزێ نان و ڕۆژویان ببڕێ، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە توخنی کەوشەنی دەروونی و مەعنەوی گەلەکەمان بێتەوە.. نەیتوانیوە یەک سانتیمەتر لە زێدی "قیم" ی خواستی کوردانەی جەماوەرەکە داگیر بکات.. نەیتوانیوە و ناشتوانێ بە خۆی و چەک و جبەخانەیەوە بە بەندیخانە و سێدارە و گورگە دڕەندەکانیەوە.. بە هەموو جاش و خۆفرۆشانیەوە بە سەوداکەر و بەزیو و خائینانی مێژووشەوە بەهیچ بار و لەژێر هیچ عینوانێکی حوکمی زاتی گاڵتەجاڕ و هەقی کورد مفاوظات و هەزار و یەک بەندوباوی دیکەدا بڕوای جەماوەرەکە بە عەدالەتی مەسەلەکەی خۆی لەق کات و بستێ لەخۆیان دوورخاتەوە!...

دوا پەردەی ئەو شانۆگەریە تێشکاوەی نێزیکەی چوارده ساڵه له کوردستان و عێراقدا دەیگێڕن و هەر ڕۆژەی ئەکتەرێکی فاشیل سەر دەخنه سەر شانۆکه پەردەی دەوری ئەکتەره ئابڕوو تکاوه مێژووییه پوازەکەی دێرینیان بوو ئەمجارەیان له دەوری غەیره نیزام دانا لەدەوری یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا و به دیکۆر و ئارایشتێکی گەل پارێزی و وەطەنیەت و نیشتمان پەروەریەوه لەژێر ناونیشانی/ عینوانی حەقی کورددا و حوکمی زاتی راستەقینه و مفاوضات دا هەشت مانگه وەکو مەیمونی قەرەج لەنێوان بەغدا و سورجاش دا هەڵیان دەپەڕێنن.

لەو دیوو پەردەکەشەوه خەریکی ئەوەن ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بۆ قادسیه ڕاپێچ کەن و بەنیازی خۆیان ئاگری شۆڕشی کورد خامۆش کەن و تەیمانێ بەدەوری خۆیاندا دروست کەن تا دەستی خواستی کوردیان نەگاتێ!! دواجار هاتنه سەرێەوەی لەسەرەنێزەکەی خەباتی کوردایەتیەوه له خوێندکارانی هەمیشه ڕاپەڕیو و هەڵمەتبەری کوردەوه دەستیان پێ کرد.. بۆ لووت شکاندن و سەرکوتانەوەی جەماوەرەکه له گرمەی گەمەی مفاوضات دا!! چەند دەستەیەکیان لەو ڕۆڵه بەشەرەفانەمان گوللەباران کردن که ناچنه قادسیه شوومەکەیانەوه و کرێی کوشتنەکەشیان له کەسوکاریان سەندەوە!.. هەوێ ساریان لەگەڵ جاش ڕەشۆکیەکاندا بۆ هەڵۆکانی قەندیل!! ساز کرد و هەی دەی !! یان لێ دەکەن... جاشی خەفیفەیان به بەرانبەر جاشی قورس"ثەقیل" ه دروست کرد... ئەمانه و هەزاران دزێوی دیکه لەژێر باڵی فشەوه بووی هەڵۆکانی قەندیل دا دەکرێ گۆیا ئەوانیش گەمەی مفاوضات ناکەن!!.. هەش بەسەرانه ئەمه گەمه نییه ئەمه عەمەلییەیەکی بێ بنکردنی سیاسی به کۆمەڵه تا لەڕێی بێ بنکردنی ئێوەوه شەرمەزاری بەسەر کورد و بزووتنەوەکەی بێنن.. بەڵام ئەوانیش یاغنیشن وەکو ئێوەه چونکه ئەوەی له ڕیزەکانی کوردایەتی پێی ترازا لەسەر کورد و بزووتنەوەی کوردایەتی حسێب ناکرێ و تاقمه سەوداکەره کۆنه کارەکەی کوردیش جەلالی دوێنێ و یەکێتی ئیمڕۆ دەمێکه بەولای ترازانەوه چوون و لەدوا قۆناغەکانی پەل داچوون دان....

**ئـــــەی خــەڵـکــیــنــە ئــــاگـــــادار بــــن!**
**لــــە نــەخــشــەکــانــتــان هۆشـــیـــار بــن**
**لــــە زۆر لاوە لـــــە شــــــار لـــــە دێ**
**دیـــــســــانــــــەوە دەنــــگــــی شـــــووم دێ**
**کــــونــــدەپــــە پــــووی وێــــرانــــەخــــواز**
**کـــــەوتـــــووەتــــــەوە گـــــازە گــــاز**

## ڕازێکی کوردانە:

### تیشکێ لە خۆری زێڕینی کوردایەتی

ئاشکرایە کە بەرژەوەندی چ تاک تاکەکان و چ کۆمەڵ و گەلان نەتەوەکانیش لەپێکەوە هەڵکردن و گونجان و هاوکاری و هاریکاری یەکدیدایە. واتە چ پەلەی ژیان ی تاک چ پەلەی ژیان ی کۆمەڵایەتی لەبەرچاوگرتنی سوود و بەرژەوەندی بەرانبەر و یەکساندا چێتر پێک دێت وەک لە پێکداکەوتن و تێک هەڵچوون و چاو بڕینە یەکتری بەڵام لەبەر ئەوەی تاکەکان یان کۆمەڵ و گەلەکان هەمووان چوون یەک و لەتەک ئەندازەی تێگەیشتن و پێگەیشتن و دەسەڵات و توانادا نین، پلەی هەڵکشا و داشکاویان تێدایە زۆر جاران دەست ڕۆییوی و دەسەڵات و هێزی باڵادەست و بەهێزەکان هانیان دەدات کەدەست کورت و هێزی باڵادەست و بەهێزەکان هانیان دەدات کە دەست کورت و لاواز و هەژارەکان بن دەست خەن و دایان دۆشن..

وێڕای تێهەڵکشانی مرۆڤ و پەرەسەندنی بیر و ئەندێشەی مرۆڤ دۆستانە و پێشکەوتی شارستانیەت و ڕۆشنبیری و دەستکەوتی کۆمەڵایەتی و مافی گەلان و گەشەکردنی بەرەی بەرفراوانی ( ئاشتی و ئاسایش و برایەتی و پێشکەوتن) خوازی و ریسوابوونی ( ستەم و زۆر و زۆرداری و داگیرکەری) بەڵام دیسانەوە ژیان و ململانێی کۆمەڵایەتی و گەلان و چینەکانیش زۆریان بە بەرەوە ماوە و ئەو تەبایی گشتی و پێکەوە ژیان و گونجان و پەیوەندیە دروستە ڕەوایە مرۆڤانەیە پێک نەهاتووە.. بۆیە گەلانی ژێردرستە و چەوساوە و چینە زەحمەتکێش و ستەمدیدەکان هەر پێویستیان بە کەرەسە و ئامڕازی ماددی و مەعنەوی خۆپاراستنی و لەسەرخۆکردنەوە هەیە.

لە کاتێکدا کە بانگەوازی ئاشتی و ئاسایش و برایەتی و داد و ڕەوا و پێکەوە هەڵکردن و پێکەوە گونجان و بەربەستکردنی ستەم و زۆرداری و داگیرکەری لە ناخ و ویژدانی گەلانی ژێردەست و چەوساوە و داگیرکراوەوە هەڵدەستێ، هەر ئەمانیش بەڕاستیانە و لە مەیدانێکی وادایە کە سوودیان پێک دێت...ئەوەش لەبیر ناکرێت کە ئەم داوا و بانگەوازە ڕەوایە لەسەر بناغەیەکی دادپەروەرانە و یەکسان و هاوتا بەرابەر هەڵدەستێ، هیچ لێ کەم کردنەوە و دابڕین و خوار و ژووروویەک هەڵناگرێت.

هەر بۆ نموونە ئەگەر هەمـوو تەبایی کۆمەڵ لەسەر چەوساندنەوەی تاکێ یان ئاشتی و ئاسایش جیهان لەسەر ژێر دەستەیی میللەتێ بوەستێ تەبایی و ئاسایشێکی درۆیانەیە کەم لە پێناوی زۆردا ! یان بەشێ لە پێناوی هەمووداا ! لە

مەیدانی کۆمەڵایەتی و گەلان و هەق و ڕەوادا ناڕەوایە. هەقی هەموو کۆمەڵ إلغای هەقی هەر هەقە و کەرت ناکرێ، هەقی بچووک و گەورە نییە. یان هەقە یان ناهەقە. کە بووە هەق لەگەڵ هەموو هەقەکاندا هەماهەنگ و هاوئاوازە.

هەر هەقێکیش بە جای خۆیەتی و هەر هەقێ لەسەر حسێبی هەقێکی دیکە نەبێت پێک نایەت، ناهەقە! بە چاوبەست دەکرێتە هەق!. ئەگەر بڵێین هەقی کورد لە کوردستانیەتی کەرکوکدا بەتێبردنی هەقی هاوڵاتێتی تورکومانەکانی کەرکوک نەبێت پێک ناتەت، شتێکی ناهەقمان وتووە و ناهەق دەکەین..

هەروەها ئەوەی بڵێ هەق و بەرژەوەندی گەلانی ( عێراق و ئێران و تورکیا) و کوێ و کوێ لەسەر حسێبی بێ دەنگ بوونی نەتەوەی کورد نەبێت پێک نایەت لە بنەڕەتەوە ناهەقە و نازانێ هەق بەری بەکوێوەیە.. هەقی ئەو گەلانە و بەرژەوەندی ڕەوا و خۆڕسکی ئەوان ئەگەر جووت و هاوئاوازیش نەبێت لەگەڵ هەقی نەتەوەی کورددا هەرگیز ناکۆک و دژ بەیەک نین..

ئەوە ناهەقیی فڵان و فیسارە لەسەر حسێبی کورد نەبێت پێک نایەت. هەربۆیە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد تاک تاک یان بە کۆمەڵ سادە و ئاسایی یان کۆم بوو ڕێکخراو لە ڕێکخراو قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی دا، هەر بیروباوەڕ و ڕێیەکیان گرتبێ و لەهەر ڕێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵێکدا بن و هەرشتێ بن.. دەبێت بەر لەهەر شتێ سوود و بەرژەوەندی و داوا ڕەواکانی میللەتەکەی خۆیان بەرچاوگرن، هەرنەبێت ئەگەر تەبیعەتی فیکری و سیاسی و ئایدۆلۆجی و حیزبایەتیان ڕێیان نەدات خۆ بۆ کۆمەڵ و نەتەوەکەی خۆیان تەرخان کەن بایی بەدەنگ هاتن و لەسەرکردنەوەی هەر کۆمەڵ و میللەتێکی دیکە لەسەر میللەتەکەی خۆیان بەدەنگ بێن و سوود و بەرژەوەندی هەقخوازانەی بەتەوەکەیان پێک بێنن.. لەوانەیە ئەمە بۆ بابایەکی ( یابانی) و ( ئەمەریکایی) و ( ڕوسی) و( تورکی) و هەموو جێگەیی - کە چ نەبێت بەزیادەوە بە مافی میلکی خۆیان گەیشتوون - ئەوەندە ( حیوی) و هەرە پێویست نەبێت چونکە کراوە و مسۆگەرە و دەزگا و دەوڵەت و یاسا و دەستووراتی پتەو و بەربەرین بەدیان دێنێ و دەیان پارێزێ، بەڵام بۆ کوردێکی لە هەموو دنیا دواکەوتوو و هەرە چەوساوە و ژێر دەست و پارچەپارچەکراو و دەم تێژەنراو نەک هەر لەسەر کوردەکە خۆی (فرض العین) و پێویستیەکە سەرووی هەموو پێویستیەکان دەکەوێتەوە بەڵکو لەسەر ئەو مرۆڤ دۆستانەش کە خۆیان و ئێمە بە مرۆڤ دەزانن و بەتەنگ (قیم) ی مرۆڤایەتیەوەن (فرض الكفايه) و یەک لە پێویستیەکانی مرۆڤانەیانە.

بەکورتی ئێمەی کورد وەکو نەتەوەیەکی ژێردەستە و چەوساوە زیاد لە هەر شتێکی دیکە و بەر لە هەر کەسێکی دیکە باوەڕمان بە دۆستایەتی و برایەتی و هاوکاری و تەبایی نێو گەلان هەیە. بەشێکی زۆری خەباتمان بۆ سەقامگیربوونی ئەو حاڵەتە ئاسایی و ڕەوا مرۆڤانەیە و ئێمە لەم بوارەدا بە ئامانج و ئاواتە ڕەواکانی خۆمان دەگەین، مرۆڤی چەوساوە لە هەر لەگەر کەسێکی دیکە پتر دژی چەوساندنەوە و ستەم و لەگەر کەسێکی دیکەش ڕاست تر دەکات لە دژایەتی ستەم و داوای پاکتاوکردنی چەوساندنەوە.. بەڵام نابێت ڕێ بدەین لەژێر ئەو چارشێوانەدا درێژە بەژێردەستەیی و چەوساندنەوەمان بدەن و بەو بەهانە و بیانووانەوە دەم کوت و سەرکوتمان کەن و مەسەلەکەمان لێ بدزنەوە.

نابێت بانگاشە و ئیدعای درۆینەی برایەتی و تەبایی و ئاشتی و چەوسێنەران و داگیرکەران و دار و دەستەکانیان دەستمان پێ لەخەباتی ڕەوامان بەر بدات، یان دەستمان پێ بخاتە نێو دەستی چەوسێنەرەوانمانەوە. تا ئەو ڕۆژەی هەموو چەوساندنەوە و ستەمێ بەڕاستی و بێ (ئای و ئۆی)لەسەر نەتەوەکەمان هەڵدەگیرێ چەوسێنەران و داگیرکەران و لایەنگرانیان دوژمنانی سەر سەختمان و لە هیچ حاڵ و بار و بۆ هیچ مەبەستێ ناکۆکی و ململانێکەمان نابێت پێ خاو بکرێتەوە.

ئێمە لەبارێکداین و هەقێکی ئەوەندە بەرزەباڵامان بەدەستە کە بەدەنگی زوڵاڵ لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و مەیدانێکدا دەنگی داد و ڕەوامان بڵند بکەینەوە و ببینە بوارێ بۆ شۆڕشگێڕانی ڕاستەقینە و زڕ و زۆڵەکانیان، پێوانەی ڕاستێتی و ڕاستگۆیی هەموو ئەوانە بین کە سنگی پێشکەوتنخوازی و چەپڕەوی و مرۆڤ دۆست دێنە پێشێ. ئەوانە لەسەر سەنگی مەحەکی هەڵوێست لە مەسەلەی کورد ئەزموون و تاقی کەینەوە. ئەوە عەرەبە، تورکە، ئەڵانیە، ڕووسە، چینییە، ئەمەریکییە، هەموو شوێنیەی سەری زمانی لە ئاستی ماف و داوای ڕەوای کورددا بگرێت و پەتاوپەت دان بە ( مافی چارەنووسی ئازادانە) و هەمووماقە مرحڤایەتی و نەتەوایەتیەکانی کوردا وەکو هەموو گەلانی دنیادا نەنێ هیچ ئیدیعایەکی لێ قبوڵ ناکرێت و ساختەچیەکی سیاسییە و بەس. خۆ ئەو کوردەی، وەک موسڵمانان کە هەموو ئایەتێ بەناوی ( خوا) دەست پێ دەکەن، هەر کردار و گفتار و ڕەفتار و چالاکیەک بە بەرچاوخستن و دەربڕینی داوا و ئاڕاستەکانی کورد و باسی چەوساندنەوە و ژێردەسەیی و مافی( ئازادی و سەربەخۆیی) دەست پێ نەکات. نەک هەر زۆڵە کورد و سپڵەیە، بەڵکو لە مرۆڤایەتیش دەشۆڕێتەوە و زۆڵە مرۆڤیشە!..

دیاره ئەم هەڵوێستە هیچ ناکۆک نییە لەگەڵ ئەوەدا کە مرۆڤی شحرشگێڕی کورد پەرۆ لە خۆی دادڕێ و پشتگیری و لایەنگیری هەق و داد و ڕەوای هەموو گەلان و چەوساوەکانی دنیاش بکات، بەڵکو هەڵوێستی هەرە دروست ئەوەیە کە مرۆڤی چەوساوەی کورد ، وەک ئەوە لەگەر کەسێکی دیکە پتر چەوسابدبەوە و بێ دادی تاسەر مۆخی ڕۆ چووە، پتر لەژان و هیوا و ئاواتەکانی چەوساوان دەگات، بۆیە دەبێت تەعبیرکەری ڕاستەقینە بێت لێی. بەڵام بازدان بەسەر ژان و چەوساندنەوە و ئاوات و دادی خۆدا کارێکی ئەستەم و ڕیسوایەتییە. یەکێ نەتوانێ لە ژانی خۆی بگات، چۆن دەتوانێ لە ئازاری خەڵکی دیکە بگات؟!. یەکێ نەتوانێ خزمەتی خۆی بکات و یارمەتی کەسێکی دیکە چۆن پێ دەدرێت؟! یەکێ فەڕی ئەوەی تێدا نەبێت بۆخۆی بێت، چۆن دەتوانێ بۆ کەسێکی دیکە بێت؟!.

ئەوانەش پێیان وایە ((نەتەوەپەروەری) و ( نیشتمان پەرستی) تەسک بینی و خۆپەرستیە! جگە لەوەی دەکەونە زەلکاوی نەزانین و دوو شتی پێچەوانە و تێکەڵاو دەکەن پێکیان دەگرنەوە بەوەی کە نەتەوەپەرستی یەکی درۆینە و شۆڤێنیستانەی هەندێ چینی باڵا دەستی نەتەوە داگیرکەرەکەمان لەگەڵ نەتەوەپەرستی دروست و خۆڕسکی و شۆڕشگێڕانەی گەل و نەتەوە چەوساوەکان بەرانبەر بکەنەوە و بەتەک گەز و گرێ بیان پێون. وەک تێکەڵاوکردن و بەرانبەرکردنەوەی دین و خواپەرستی معاویە و ئیمام عەلی و پاپا و ساڤارۆنا و نەتەوە پەرستیەکەی گلادستۆن و غاندی و ئەتاتورک و دکتحر فوئاد و سحسیالیستیەکەی صدام و لینین و دیموکراسییەکەی ئەڤەرێن و ڤۆڵتێر واتە!!. یان تاوانی بۆمبی ئەتۆمی درا بە هێرۆشیما و نافازاکیدا بدرێتە پاڵ ئەنشتاین!..

لەمە بەدتر ئەوانە بەو ڕەفتارە هەرزە و نەزان و نهلیستیەیان ککمەکی گەورە بە داگیرکەران و چەوسێنەران دەکەن و بەشێکی زحری کارەکانیان بۆ ئاسان دەکەن. نەتەوەپەروەری و نیشتمان پەرستی کە شەرەفی هەرە باڵای هەر مرۆڤێکە، چەکێکی هەرە کاریگەریشە دژی چەوسێنەران و داگیرکەران.. مصادەرەژردنی ئەو چەکە و ناپاکییە کە بەرانبەر ملیۆنەها مرۆڤی چەوساوە!.

ئاشکرایە کە هەستی پەستی و خۆبەکەمزانین و ژێر دەستەیی و بێ کیانی و بێ سەرومالّیی کورد وای کردووو کە دەربازبوون لەو عاری ژێردەستەیی و مەغروریەت و هەژاری و پەژارەییە بەوە بزانێت کە لە (کورد)ێتی خۆی خۆبدزێتەوە و بەوەلاترەوە هەموو هەستێکی نەتەوایەتیش بتاسێنێ ، بەوەدا کە ئەو ( کورد )

بوونیەتی بۆتە هۆی نەهامەتی و چەوساندنەوە و بێ مافییەتیەی بۆیە نێزیک ترین ڕێگەیەکی ڕزگاربوون لەو حاڵە و بارە خۆ قوتارکردنە لە هۆی تاوانەکەی کە ( کورد) بێتەتی! و خۆ تێکەڵکردنیەتی بە دنیای بەربەرینی بێ نەتەوەیی و بێ خاکی و بێ هەویتیەتی ... لە حاڵەتێکدا ئەمەی ئەوەندەی دیکە بێ حورمەت و ڕیسوای دەکات، چونکە یان ئەوەتا خۆی بخاتە سەر حسێبی نیشتمان و وڵات و دەوڵەتێکی دیکە و شانازیەکانی بخوازێتەوە.. یان وەک قەرەج بێ لانە و بێ وڵات و بێ ناونیشان تا چاوێکی سۆز و بەزەیی پێدا گەکدێت هەزار چاوی بێز و قێزی تێ هەڵچەقێت.

چونکە هیچ یەک لەو نەتەوە هەرە پێشکەوتوو و بەدەسەڵاتانەی ئیمرۆکە لە دنیادا کە لـەوەش دەرچـوون قـووت درێـن و بخورێن و ژێر دەستە ژرێـن یان ئەو هەستی مەعنەویەی نەتەوایەتیان چەکی لەسەر خۆکردنەوە و ( پەلەی ژیان) ی کۆمەڵایەتیان بێت لە ململانێ و بوونیاندا!.. نەک هەر هیچ هەنگاوێکیان بەرەو الغاکردن و نەهێشتنی بوون و تـەلاری نەتەوایەتی خۆیان نەناوە، یان خاویان کردبێتەوە بەڵکو تا دێت شوێن پێ و پایەگە و بنکەی بوونی ماددی و مەعنەوی نەتەوەیی خۆیان ( ئیتر لەژێر هەر ناوێکدا بێت) پتەوتر و قایم تر دەکەن.. سەیرێکی ( چین) و ( رووسەکان) بکەین، کە ئەوەی ( ماو) و ( لینین) و ڕابەرانی دیکەی چین و سۆڤیەت بۆ میللەت و میللەتانی خۆیان کردووە، هەتگیز ( قەڕاڵ و تزارەکانی)بەر لە خۆیان سەد یەکیشیان بۆ نەکردووە و بگرە ئەوەی ئەمانە کردوویانە و دەیکەن چ لەو لایەنەوە کە ڕووی گەشی نەتەوەپەرستی و ئیجابی نەتەوایەتیانە( با بەناوێکی دیکەشەوە بێت) چ لەو بارەیەوە کە لەسەر پایەگەیەکی پتەوتر و بەردەوام تر و بەربەرین تر و فراوان تریشە بێ ئەوەی وەک ئەوانی دیکە ناڕەوا و ناهەق بێت، یان لەسەر بنکەی ستەم و داگیرکەری ڕووت هەستتابێ. هەرگیز کۆمەنیستێکی ڕووس یان چینی ئەوەی لە کۆمەنیستیەکە لا یان پیرۆزتر و قابیلی دەستکاری کردن نەبێت ئەوەیە کە یەکیان خۆی بۆ ئەوی دیان بشکێنێتەوە، یان کوڕی خۆی بکاتە قوربانی کچی ئەوی دیان، هەرچەندە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجیەت و نموونەی باڵا( مثل العلیا) کەشیان یەک بێت...

هەرکەس بە جای خۆی و ئاغای ماڵی خۆی. برایەتی و هاوکاری و دۆستایەتی (ئـا) و (بەڵێ) و تا ئەو شوێنەش کە سـوود و بـەرژەوەنـدی بەرابەر و یەکسانی هەردوویانی تێدا بێت لەمە بە قەدەرایی موویەک بترازێ بەملا یان ئەولادا هەموو اعتبارێکی دیکە دەخرێتە لاوە.

«پەلەی ژیانی کۆمەڵایەتی" و ململانێ و خەباتی نەتەوایەتی لەسەر مێژووی مرۆڤایەتیدا بزوێنەری ئەو مێژووە بووە و هەتا چارەنووسی تاکە تاکەی مرۆڤ و (پەلەی ژیان)یش لە چوارچێوەی ئەو خەباتە نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی دەرنەچووە و بەند بووە بە سەرئەنجامی ئەو ململانێیەوە. مەسەلەی نەتەوایەتی هەر میللەتێک لەهەر قۆناغ و پلەیەکدا ( قۆناغی بەرگری لەخۆکردن قۆناغی خۆپاراستن ، قۆناغی خۆنواندن و قۆناغی سەربەخۆیی و تأکیدی شەخسیەتی نەتەوایەتی تایبەتی و قۆناغی بینا و کامل بوون و بەدیهێنانی داوا کۆمەڵایەتی و دیموکراسیەکانی ).

مەسەلەی بنەڕەتی و بنکە و بنەمای ئەساسی بوون و مانەوە و ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو میللەتەیە و هەموو مەسەلە و بابەت و کێشە و خواست و داخوازیەکانی دیکەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و مەزهەبی و ماددی و مەعنەوی ئەو کۆمەڵە لەنێو دەروونی ئەو مەسەلە بنەڕەتیەدا دەبێ و بوون و خەبات و بەرژەوەندی نەتەوایەتی زەمینە و دینگەی ئەو بونانەی دیکەیە.هەر بۆیە دەبێ مەسەلەی نەتەوایەتی کورد سەرچاوەی بوون و داوا و بەردەوامێتی هەر جۆرە خەبات و چالاکیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پیشەیی تاک تاکە و بە کۆمەڵی کۆمەڵگەی کوردەواری بێ و هەمووی برژێنە ئەستێڵکی سوود و بەرژەوەندی ڕەوای کوردایەتییەوە...

# مشتەی ناو هەمانە

بەهۆی ئەو ماوەیەی کە (ئاڵای سووری کوردایەتی )دەرفەتی دەرچوونی نەبووە، پرسیارێکی زۆرمان لەلایەن هاوبیران و دۆست و جەماوەرەکەوە لا کەڵەکە بووە، لەگەڵ داوای لێ بووردن لەو برایانە لەم ژمارەیەوە بەپێی گرنگی و پێویستیی پرسیارەکان وەڵامیان دەدرێتەوە، لەوانەشە چەند پرسیارێ بە وەڵامێک بدرێتەوە.

**ئالا**

**پ+ کاک نەورۆز ناوێ لە ئەوروپاوە پاش دەربڕینی هەستێکی سەرکردووی کوردانە، پرسیارێکی ئاڕاستە کردووین کە دەڵێ:**

**بۆچی تا جەلالیەکان لە شۆڕشدا بوون ئێوە لە هەر لایەکی دیکە توندتر بە دەمیاندا دەدانەوە و بە گژیاندا دەچوونەوە، کەچی دوای ئەوەی کە خزاونەتە بەرەی دوژمنەوە لە هەر لایەکی دیکە پتر نەرم و لەسەرخۆن لەگەڵیاندا و ڕاگەیاندنەکانتان سەرپاکی ئامۆژگاری و تکای گەڕانەوە و ڕزگارکردنیانە لەو زەلکاوە؟! ئەمە چەندی بە چەندە؟...**

**وەڵام:**

حەز دەکەین پێشەکی ئەوە ڕابگەیەنین کە ئێمە هیچ دوژمنایەتییەکی کۆنینە و کۆنەقین و شەخصی و بنەماڵەیی و تایبەتیمان لەگەڵ ی. ن . ک و غەیری یەکێتی دا نەبووە و نیتە. چ میزاتێکیشمان لە بەینشا نییە لەسەری بەشەڕ هاتبین. چاویشمان نەبڕیوەتە ئەوەی گۆڕەپانی / ساحەی کوردایەتی پاوان کەین و دەوری ئەوان یان کەسی دیکە بگرینەوە و بیانسڕینەوە/ الغاکەین، پێشمان واتە ئەرکی پیرۆز و پڕ شەرەفی کوردایەتی لە ئەستۆی هەموو کوردێکی بەشەرەف و دڵسۆزدایە و تەنها بە هاوکاری و برایەتی هەموو لایەک و یەکخستنی توانا و بەهرە و خەباتمان دەتوانین بەو ئەرکەدا ڕابگەین و مەیدان و خەباتەکەش ئەوەندە بەربەرینە جێی هەمووانی تێدا دەبێتەوە، هەرگیزیش لە دیدگای سوود و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و تایبەتیەوە نەمان ڕوانیوە و سوودی نەتەوەکەمان پێش هەموو اعتبارێکی دیکە خستۆتەوە و هەتا بیر و چوارچێوەی حیزبایەتیشمان لا هۆ و وەسیلەیەک بووە بۆ خزمەتی کێشەی ڕەوای جەماوەرەکەمان بۆیە درەخشاوەترین دروشمی حیزبمان( پێش ئەوەی هەر شتێ بین.. دەبێ کورد بین) مان بەرزکردۆتەوە.

ئێمە سەردەمانێکیش دۆستی یەکێتی بووین و یارمەتیان داوین و هاوکاریمان

کردوون. پڕ بەدڵیش خواستیاری ئەوە بووین کە گیانی برایەتی و تەبایی و هاوکاری باڵی خێرخوای خۆی بەسەر هەموو لایەکماندا بکێشێ و هەمووانمان لە یەک سەنگەردا و تاسەر پێکەوە بین. ئەمما سیاسەتی چەوت و ڕێگەی خوار و گیانی پاوانخوازی و فاشی ڕەفتاریەک کە ئەمان بە تایبەتی دوای هەڵگیرسانی جەنگی عێراق و ئێران!! گرتیانە بەر، بەرەو ئەو هەڵدێرە سامناکەی بردن، کە ئیمڕۆ تێیدان، هەرچەندە خواپێمان نەگرێ دەووترێت ئەم سیاسەت و ڕەفتار و سەرئەنجامەکەشی لە خۆڕا و خۆبەخۆ نەبووە، بەڵکو خەتی کێشرا و بەرنامەی دیاری و نەخشەی کێشرا و بووە!.. ئێمەش لەسەرەراوە کە هەستمان بەو مەترسی و خەتەرە کردووە و زانیومانە سیاسەتی دێزەیی یەکێتی ئەگەرچی بە ڕیسوابوونی خۆشیان تەواو بێ بەڵام بەزیانی مەسەلە گشتی و میللەتەکەمانیش دەبێ بۆیە بەو توندی و گردە بڕیە بەگژ ئەو خەتە چەوت و خوارەدا چووینەتەوە.

ئێمە لەمەدا چەند لەسەر مەسەلەی میللەتەکەمان بەدەنگ هاتووین و چەند بە تەنگ سەلامەتی مەسیرەی کوردایەتییەوە بووین. ئەوەندەش خێر و سوودی ئەوان تێدا بووە، چونکە گێڕانەوەیان لەو هەڵدێرە با لە بنەڕەتەوە لەبەر سوودی کورد و بزووتنەوەی کوردایەتی بێ، بەڵام خزمەتیشی بەوان دەکرد، کە بەداخەوە نە هەوڵی ئێمە و نە کردە و کۆشە و لێ بووردن و پشوودرێژی هیچ لایەکی دیکەی کوردستان و عێراقی لەو هەڵدێرەی نەگێڕانەوە و هەر دەڵێی ئەو هەموو (مرونەت) و (تحمل)و پشوودرێژیەی ئێمەمانان ئەوانی پتر شێتگیر دەکرد ئەمەش تەنها تەفسیرێکی مەعقولی هەیە ئەوەیە کە ئەمان ئەو چارەنووس و سەرەنجامەیان بە چاوی کراوە و سبق الاصرار گرتۆتە پێش. بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە کە لە ٨/٦/١٩٨٤ دا و لە دوا بەش زنجیرە وتاری ( عێراق و مەسەلەی کورد) دا لە ئێستگەکەیانەوە وەکو گلەیی و پاکانە و بەرتیل بە بەعس بڵاویان کردۆتەوە و بێ زمان گرتن وتوویانە:

(شۆڕشی گەلی کورد پێویستی بەوەستاندنی شەڕ نەبوو، بەڵکە عێراق پێویستی بەوەستاندنی شەڕ هەبوو) هەر بێ شەرمانەش لەهەمان وتاردا دەڵێن( شتێکی شاراوە نییە کە کاربەدەستانی عێراق چەندین ساڵە خەریکی جێبەجێکردنی نەخشەی لەناوبردنی کوردن .. و ڕێگە و شوێنی دەرپەڕاندن و لەناوبردنی دائەنێن و بەشێکی زۆریشیان بە بەهانەی ئەمنی ستراتیجیەتی عێراقەوە جێبەجێ کردووە..!!). ئێمە چ نالێین تەنها قسەکانی خۆیان و ڕاگەیاندنەکانیان دەکەینەوە بەگژیاندا بۆئەوەی تۆ و

هەموو کورد و دونیاش بزانن کە چ دەستەیەک لەم دنیایەدا بوون و هەن بەو جۆرە بە پەرۆش جەلادانی میللەتەکەیانەوە بێن و بچنە هاواریەوە و لەمەرگ ڕزگاریان کەن بۆ ئەوەی دوابەشی ئەو نەخشەیەی بۆ ( دەرپەڕاندن و لەناوبردن) ی کورد دایان ناوە جێبەجێ بکەن..

ئەوان کاتێ بە لەشولار لە شۆڕشدا بوون، هەر بۆئەوەی ئەوە خوایە بگەڕێنەوە و لە کەلی شەیتانی بەعسیان بێنە خوارێ بەو جۆرە توند بووین لەبەرانبەر مانۆڕ و پیلانەکانیان دا چونکە بەشێکی زۆر لەو چەکدارە بەدبەختانەی بەناوی کوردایەتی و شۆڕشی کوردەوە بە کوشت دەدان لە هەیاهوی دیعایەی گۆبلزانە و دیماگۆگیەتی دەم هەراشانەیان چەواشەکرا بوون. ئێمە ئەوسا و ئیستەش تەنیها بەتەنگ ئەو بەرە بەرفراوانە هەڵخەڵەتا و لە خشتە براوانەوە بووین و هەین...

کاتی خۆی دەبوایە بەو گردەبڕیە بواتە تا بەهۆش خۆیاندا بێنەوە کە نەهاتنەوە!..

ئێستەش کە ناپاکی و خەیانەت و و داخزانیان بە چاوی کوێریش دا دەچەقێ، هەمان گیانی پەرۆشی و دڵسۆزی و بە تەنگەوەهاتنمان بۆ ئەو گەلە چەکدارە هەڵخەڵەتاوە نیاز پاکە چەواشەکراوانەی فەرێکیان تێدا ماوە وامان لێ دەکات بە نەرمی و لەسەرخۆ لەگەڵیان شا بدوێین و ئامێزی گەرمی کوردایەتییان بۆ واڵا کەین.. چونکە خەتەر و مەترسی ئەو سەودایەی ئەوان تەنها لە بەکارهێنان و استغلالکردنی ئەمان دڵسۆزانەدایە باقی دەستە خۆفرۆشە کۆنە کارەکانیان وەک دەی دەچنە سەر نۆی کۆنە جاشەکان و چاکتر و دەها چاکتریش کە ئەو سەرەتایانە لە گیانی کورد ببنەوە و بچنەوە خانەی خۆڕسکی ناپاکیی خۆیان...

شینی ئێمە تەنها بۆ خەڵکە نیاز پاک و لەخشتەبراو و چەواشەکراوەکانیانە و بەس...

ئەم ڕێباز و نهج و سیاسەتەشمان لەو داستانە پەندئامێزەی کوردی دەچێ کە دەگێڕنەوە:

« وەستایەکی کڵاشکەر دەبێ هەموو ڕۆژێ کە شاگردەکەی دەنێرێ چەرمەکەی بۆ لە ئاو بکات، چینێکی ئەکوتێ و هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکات کە وریا بێ چەرمەکە سەگ نەیبات.. خەڵک و خوا ئەم ڕەفتارەی وەستا پەسەن ناکەن و کۆڵێ لۆمەشی دەکەن کەوا لە خۆڕایی و لە چەرمی نەبرا و وا لەو بەستەزمانە دەکات. تا ڕۆژێکیان ڕێکەوت وا دەبێت سەگ چەرمەکەی دەبا.. خەڵکی هەموو چاوەڕوانی ئەوە دەبن کە دەبێ وەستا چ گەردشێ بگێڕێ س چی بەسەر شاگردە بێنێ. کەچی وەستا هیچ ناڵێ!!

ئەمە چەندی بە چەندە؟؟!.. وەستا دەڵێ: براینە من شینم بۆ ئەوە بوو کە چەرمەکە سەگ نەیبات، کە بردی تازە چ فایدە و لە پاش باران کەپەنک؟!..

ئێمەش شینی ئەوەمان بوو کە خۆ بەتەواوی نەدۆڕێنین و لە نیوەی ڕێگەش بێ بگەڕێینەوە کە قەومانیان و بەو ڕوو قایمیەش خزانە بەرەی دوژمنەوە تازە قسە و داد و هاوار چ فایدە؟... مەگەر هەوڵی ئەوە دەین کە ئەو بەدبەختە چەواشەژراوە هەکخەڵەتاوە دەست بەزاخدا کراوەیان ڕزگار کەین، ئەگەر کرا و گەر نەشکرا ئەوا ئۆباڵی هەر زیانێ بەو خەڵکە دەگات لە ئەستۆی و ملی پانی جاشێتی ئەوابەدایە کە دەبنە پیاوی( کار بەدەستانی عێراق) کە بە قسە و شایەتی خۆیان ( چەندین ساڵە خەریکی جێبەجێکردنی نەخشەی لەناوبردنی کوردن)..

**پرسیار:**

**پ+ هاوبیر ( هێرش) لە نامەیەکدا پرسیاری ئەوەمان لێ دەکا و دەڵێ: جەلالیەکان زۆر وا دەرئەخەن کە گفتوگۆیان لەگەڵ لاکانی بەرەی ( جود) دا هەیە و خەریکی ڕێکەوتنن لەگەڵیان دا.. ئایا ئەمە تا چەند ڕاستە و ڕای حیزب لەم بارەیەوە چیتە؟!..**

**وەڵام:**

وەک لە وەڵامی پێشوودا ڕوونمان کردۆتەوە ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان و پێمان وایە لاکانی دیکەی( جود )یش وەک کۆمەڵێخەڵکی سیاسی و هەست بە مەسئولیەتکەر و وڵاتپارێز هەموو شتێ بەپێودانگی سوود و بەرژەوەندی میللەتەکەمان دەپێوین و هیچ اعتبارێ سەروو ئەو سوود و بەرژەوەندییە گشتییە ناکەوێتەوە. لە سیاسەتیشدا دوژمنایەتی و دۆستایەتی تاسەر نەبووە و نییە بەڵام لە حاڵ و باری ( یەکێتی) دا و لەو هەڵوێست و مەوقعەی ئەواندا کاری وا ممکن نابێ، چونکە گفتوگۆ و لێک تێگەیشتن و پێک گەیشتن لە نێوان دەستە و کۆمەڵ و بەرەکانی یەک سەنگەردا دەبێ و دەشێ و دەکرێ..

ئێمە لەسەنگەری شۆڕش و کوردایەتیداین ڕووبەڕووی سەنگەری فاشیەت و دیکتاتۆریەتی بەعس و صدام کە ئیمڕۆ (یەکێتی) بەشێکە لەو سەنگەرە. ئەوان لە کاتێکدا لە شۆڕش دابوون هەموو دەستی برایەتی و هاەکاریەکی ئێمە مانانیان داوەتە دواوە و لە ناسکترین قۆناغی خەباتی گەلەکەماندا خۆیان خزاندۆتە باوەشی بەعسەوە، ئەوسا بوو کە دەبوایە دەرگای گفتوگۆ و پێک گەیشتنیان بەڕووی هەموو هەوڵ و کۆششێکی ئێمەدا دانەخستایە. ئەوەی ئیمڕۆ بڵاوی دەکەنەوە پتر بۆ ئەوەیە

که سووکه قیمەتێ لای بەعس پەیداکەن و جۆرێکە لە مناوەرە و فێڵ کردن لە بەعس.. صدام پاش ئەوەی لە شۆڕش و بەرەی گەلی دابڕاندن و خستیە چاڵی شەرمەزاری قادسیەکەوە ئیتر کارێکی پێیان نەما جگە لە پاسەوانێتی بەر قاپیەکەی خۆی و لەمەشدا هێندەی ڕێز و حورمەتی کۆنە جاشەکانیشیان پێ ڕەوا نابینێ ( ئەگەر هەرگیز ڕێز و حورمەتێ لە بەیندا هەبێ) ئەمە لەو دابڕان ووەتاق کەوتنەوە سەر هەڵئەدات کە خۆیانیان تێ خستووە..

لە گەموو حاڵەتێکدا ( تەکتیک) ێکی سووکو ڕیسوا و پووچەڵە پێشمان وانییە نە جەماوەرەکە بەو دیعایە و ساختەبازیانە بڕوا بکەن و نە صدام لەو جۆرە مناوەرانە بترسێ. چونکە هەم لای جەماوەر دەستیان کەوتووتە ڕوو و هەم صدام وای لە قەپان داون و دەزانێ چەندە سوکن و واشی سەقەت کردوون کە وەک خۆیان لێ نەیەتەوە.. کورد واتەنی کلکی پێواون و دەزانێ چەند بست دەبێ!!.. نە ئێمەش ئامادەی ئەوەین دەست بۆ نێو سەنگەری کلکە بەعسی ڕاکێشین، جا ئەگەر ئەوە بکەین خۆ ڕێی بەغدا چەند بۆ ئەوان تەختە ، بۆ هەر کەسێکی دیکەش بخزێتەوە ڕیزی " نیشتمانی"!! و خۆ بکاتە" جند قادسیە صدام" تەخت و قترتاوە...

ئیدی پیاو بۆ مەرحەبا لە گۆخلی ئاغا بکات لە کاتێکد دا_ ئەگەر کەس و لایەک ئەمە بەخۆی ڕەوا ببینێ - دەرگای خزمەتکاریی ئاغا خۆی لەسەر پشت بێ!؟.. خۆ ئەگەر ئەمان ڕاست دەکەن و سەنگەر و سیاسەت و "نهج" و هەڵوێست و مەوقعی " جود" یان پێ ڕاستە ئەوا چ مانعێ هەیە_ ئەگەر ڕاست دەکەن؟!- بە خۆیان دا بچنەوە ودەستی شکاویان بگرنەوە و زیانیان لە نیوەی بگێڕنەوە و " رجوع" بنەوە؟ ئەوسا و تەنها ئەوسا هەموو دڵسۆزێکی بەشەرەف، گەت نەبێ لە ڕووی بەزەیی و سۆزی مرۆڤ بۆ خنکا و گلاو دەستی ڕاست بوونەوەیان دەداتە دەست و لای خەڵکی شۆڕشگێڕ ئاسان و جوامێریشە لێ بوردن و بەخشینی گوناهکاریێ پاشگەز بیتەوەو " تۆبەی نصوح" بکات.. لەمەشدا ( ئەگەر ڕاست بکەن) ئەوان تەنها چەند سۆپەرێک و مشتێ پول و پارەی مفت و حەرامی خوێنی ئەو خەڵکانەیان لەدەست دەچێ، لەبەرامبەر ئەوەدا شەرەف و کەرامەتی سیاسی خۆیان پینە دەکەنەوە و دەکرنەوە..

بەکورتی هەرکاتێ ئەوان مەوقع و هەڵوێست و سیاسەتی خۆیان گۆڕی و دەستبەرداری سیاسەتی چەوتی پاوانخوازی و سەودا و ئاشووب نانەوە بوەن و باوەڕیان بە ژیانی سیاسی و دیموکراسیانە هێنا و هاتنە سەر باوەڕی پێکەوە هەڵکردن و خەباتی هاوبەش و لە گرێ کوێرەکانی ڕابردوویان خۆ ڕزگار کرد..

و بەر لەهەموو ئەمانەش مەوقعی خۆتان لەنێو دەروون و ڕیزەکانی داگیرکەرەوە گوێزایەوە سەنگەرەکانی کوردایەتی و بەخۆدا چوونەوە و دڵنیابوون لـەوەی " حەکیمە" ناگەڕێتەوە سەر عادتها القدیمە ئێمە و هەموو لایەنەکانی دیکە ئامادە دەبین لاپەڕەیەکی سپی یان بۆ بکەینەوە. ئەمەشیان کات و شوێن و وادەی خۆی هەیە و ئەگەر بەسەر بچێ ئەوەش ئیمکان نابێ.. ئێمە حەز ناکەین تاکە یەک نەفەر لە میللەتی خۆمان شەرمەزار و ڕوو زەردی لای مێژوو و نەتەوەکەمان بێ و بکەوێتە سەنگەر و مۆڵگەی داگیرکەرەوە تا ئەو شوێن و جێیەی دەکرێ و دەشێ و تا ئەو ڕادەیەی بە ئێمە هەڵدەسوورێ و تا ئەو کاتەی کار لە کار نەترازاوە بە ئەرکێکی پیرۆز و پڕ شەرەفی کوردایەتی و ئەخلاقیی خۆمانی دەزانین دەستی ڕزگاربوون و هێنانەوە ڕیزی گەلیان بۆ درێژ کەین و ئەوخەسارەتە لە کیسەی گەلەکەمان وەگێڕین.

هەر نەبێ لەبەرئەوەی ئیمڕۆ کورد لەباروهەلومەرجێکدایە پێویستی بە مەچەک و بیر و هەوڵ و کۆششی هەموو ڕۆڵەکانیەتی و دوژمنان و داگیرکەرانمان سەدان ڕێگە و هۆ و کەرەسەی لەخشتەبردن و دابڕین و کەرت کەرتکردنمانیان لە ئیختیاردایە و ئێمە لەسەرمانە ئەو داو و پیلانانەی دوژمن تێشکێنین و فرسەتی بەلاش نەدەینە دەست داگیرکەر و کوتەکی " کوردی" بۆ ناتاشین و بەری پیلان و مانۆڕەکانی بگرین و مەودای نەدەین...

بەڵام هیچ کام لەمانە ناکاتە ئەوەی کە سازش و سەودا لەگەڵ ناپاکی و خەیابەتدا بکرێ، چونکە ئەمە خۆی کۆمەک و هاندانی ناپاکیە " تکریس" کردن و ئاساییکردنی خەیانەتە و زیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان دەدات...

لە حاڵی " یەکێتی" دا ئێمە پڕ بە دڵ دۆعای ئەوەیان بۆ دەکەین خوا لە گوناح و تاوانی ڕابردوویان خۆش بێ و لەو شەرمەزاری و خەراپە و ناپاکییە ڕزگاریان کا و بیان بووڕێ و ڕوویان سوور وەکات... آمین....

# بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە

**برا چەواشەکراوەکەم...!**

سڵاوی ئازادی و یەکسانی....

ئەمە یەکەم جار نییە لەسەر ئەم سەکۆ بڵندەی بیری کوردایەتییەوە هاوارت لێ بکەین و هەر بە تەنیا ئێمەش نەبووین شینی ئەم ڕۆژە ڕەش و شەرمەزاریەتمان بۆ کرد بێت!. دەمێکە و لە هەموو لایەکەوە هەر کە مەترسی لەتردان و هەڵنگوتنتانمان هەست پێ کردووە هەر لە سەرەتای ئەو ڕێگە چەوتەی گرتبووتانە بەر دەمانزانی کە بەرەو هەڵدێرتان دەبا.. دەنگی دڵسۆزی وئامۆژگاریمان لێ هەڵساوە و هاوارمان لێ کردوون، کەچی تۆ و هاوڕێیانت هەر وەک چاوتان بەسترا بێ و ژەهرە ماسیتان دەرخوارد درابێ هەر ملتان نا و نا و نا.. تا لە باوەشی تەڵەسایی تاریک و سارد و خوێناوی بەعس و صدام یان ڕۆکردن!. کردنیاننە هاوشان و هاوسەنگەری ئەو جاش و خۆفرۆشانەی چەندین ساڵە سەرەنێزەی داگیرکەرن و قەستی گیانیان کردوون و سەدان هاوسەنگەر و هاوڕێیانتانیان شەهید کردووە و ئیمڕۆش هەوێساریتان لەگەڵدا دەکەن، خستنیانە خزمەت ڕژێمێ کە لەسەرە مەرگیش دا دەست لە نەخشە و بەرنامەی لەنێوبردنی بەتەوایەتی میللەتەکەمان هەڵناگرێ و سواری کەڵەکی پەڕۆی قادسیە یەکتان کردوویت و لەگەڵ (جاش و جاش شەعبی و سیخوڕ و ئەمن و سەربازی داگیرکەر) دا ڕستیان کردوویت!.. و ڕقی پیرۆز و تۆڵەی ڕەوا و ڕەنج و ئارەقی چەند ساڵە و ڕووباری خوێنی شەهیدانیان بە چەند سۆپەر و مشتێ پول و پارەی سووک و حەرام لێ بەتاڵان بردوون کە کەمێکی کەم لە سەرانی خەیانەتکارتان لەسەری دەگەوزێن! و بەگژ شۆڕشی کورد و پێشمەرگەی کوردستاندا دەکەنەوە... سەریان پێ نەوی کردوویت و

تۆ ئەو کەسە بوویت کە پێشمەرگایەتیت مایەی شانازی و سەروەری خۆت و کەسوکارت بوو، کەچی ئێستە لەبەردەم پرسیار و لێپرسینەوەی جەماوەر و داوای حساباتی " گەمەی مفاوضات "ەکەتاندا خوا خواتە ئەرز قووتت دا و ئاسمان هەڵتکێشێ! لەبەردەم فرمێسکی دایکی شەهیدە هاوسەنگەر و کراسی ڕەشی خوشکی هاوڕێ لەسێدارە دراوەکەت و فرمێسکی چاوەڕوانی بێ هودەی منداڵی هاوەڵە ونکراوەکەت و بووکی ناکامی دراوسێ گوللەباران کراوەکەت و داروپەردووی گوندە ڕاگوێزراو و کاول کراوەکانی کوردستانەکەت و دەیان هەزار کوردی دەربەدەرکراو و ئاوارەکان

دا و سەدان لاپەڕەی خوێن و فرمێسکی تراژیدیای ئەم نەتەوە داگیرکراو و چەوساوە و دەست تێکیشراوەتەدا چ دەکەیت و چ دەڵێ و و چۆن جواب گۆیان دەبێ؟؟!!، ئەی لە ئاستی ویژدانی خۆتدا چۆن خۆ بەپێوە دەگری؟!.

حاڵی دوژمنیشم بە حاڵت نەبێ!، چۆن بتوانین لە ئاست ئەو داتەپینە ئەخلاقی و مەعنەوییەی بەرەیەکی میللەتەکەمان دا - کە ئێوەی بەدبەخت و لە گرێژنە براون- لەگەڵ هەموو دزێوی و ناجسنی ڕابردوو و سیاسەتی چەوت و ناکوردانەشتاندا خۆراگرین و کڕ بین و بەدەنگ نەیەین؟ ئێمە کە بەدەنگ دێین هەم لەبەرئەوەیە کە ئێوە بەشێکی ئەو میللەتەن و و خەسارەتتان خەسارەتێکە لەسەرجەم بزووتنەوەی کوردایەتی دەکەوێ و هەم لەبەر ئەوەش مەترسی تەنینەوەی ئەو داتەپینە ئەخلاقییە لەنێو کۆمەڵگەکەمان دا بەوورگرین بۆیە بە پەرۆشەوە و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەهەست و نەستێکی پاک و کوردانە - کە داخەکەمان چاوی ویژدانی ئێوەیان لە ئاستی ئەم ئەرکە پیرۆز و ئەخلاقییە کوێر کردۆتەوە و لەو ئایدیالە بڵندانەیان بێ بەش و مەحروم کردوون، بۆیە لەوانەیە چاکیان تێ نەگەی!!- بانگت ڕادێڵینەوە بۆ نێو سەنگەری پڕشەرەفی کوردایەتی و تا کات ماوە و کار لە کار ترازاوەتر نەبووە وەگەڕێ...

وەگەڕێوە باوەشی نیشتمان و شۆڕش و کوردایەتی...

هەربژین بۆ کورد

هێزی پێشمەرگەی پاسۆک

# قوتابخانەی پاسۆک

پاشماوەی ژمارەی پێشوو

**لەگەڵ کاروانی ڕزگاریخوازانەی گەلاندا**
**ئیرلەندای خوێناوی**
**شۆڕشی پاک**

ساڵی ١٩١٥ ساڵی خۆئامادەکردن و خۆکۆکردنەوە بوو بۆ لاپەڕەیەکی دیکەی نەبەردی دەستە دەستە خەڵکیان ڕێک دەخست و تەیاریان دەرکردن چەک و جبەخانەیان بەتایبەتی لە ئەڵمانیاوە عەمبار دەکرد، چالاکترین کەسێ لەم مەیدنەدا جێمز کۆناڵی J.Conally بوو کە لە سەردەمی لاویدا لە سوپاسی ئینگلیزدا سەربازی کردووە و یادگاری ڕۆژانی مانگرتنەکەی ١٩١٣ ی هەر لەبەرچاوان بووە کە بەلای ئەوەوە جۆرێک لە دووبارەبوونەوەی ڕاپەڕینەکانی ١٨٤٨ ی پاریس ١٩٠٥ ی مۆسکۆی دەگەیاند و هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەوانیشدا الهامی وەردەگرت و نەخشەی شۆڕشەکەی دەکێشا کە دواجار بە هاوکاری لەگەڵ ڕابەرانی دیکەی جەمهوریخوایان دا بەتایبەتی پادریک پێرس دا بەیاننامەی جەمهوری یان ئامادە کرد و ڕۆژی ڕاپەڕینەکەیان بە جێژنی پاک ی ١٩١٦ دیاری کرد... لە دووشەممەی٢٤ی نیسانی ١٩١٦ دا لە ڕۆژی پاک دا دوسسەد کەس لە ئەندامانی سوپای - گەلی ئیرلەندا و ٥٥٠ کەسی دیکە لە ئەندامانی متطوعی ئیرلەندی کە بەهەردوویان ٧٠ ئافرەتیان تێدا بووە ١٦ نوختەی گرنگ و ستراتیژی شاری دبلن یان دەست ڤەسەرا گرت و بەرانبەر ٢٥٠٠ سەربازی ئینگلیزی ڕاوەستان.. بەیاننامەی سەربەخۆیی کە لەلایەن کۆناڵی و پیرس و کلارک و چوار ڕابەری دیکەوە ئیمزا کرابوو بەنێو شاری دوبلن دا هەڵواسرا:

جەمهوری ئیرلەندا

لە حکومەتی کاتیی جەمهوری ئیرلەندەوە بۆ گەلی ئیرلەندی:

ژنان و پیاوانی ئیرلەندی: بەناوی خوا و هەموو وەچەکانی پێشین کە ئیرلەند میراتی کۆنی ئەوانە ئێمە هەموانتان ڕۆڵەکانی ئیرلەندا بۆ خڕبوونەوە لەژێر ئاڵای ئیرلەندا و بۆ ڕزگاری کردنی بانگ ڕادێڵین.

جەمهوری ئیرلەندا کە جەنگاوەرانی خۆی لە ڕێکخراوە نهێنییە شۆڕشگێڕەکانی کۆمیتەی برایەتی جەمهوریخوازان و ڕێکخراوە گشتییەکان متطوعیانی ئیرلەندایی و سوپای گەلی ئیرلەندا ڕێکخستووە و مەشق پێکردووە و بە بە چاکی ئاشنای دیسپلین

کراون، پاش چاوەڕوانی دەرفەتێکی لەبار ، ئیمڕۆ ئەو هەلە هاتۆتە پێش کە بە پشتگیری ڕۆڵە ئاوارەکانمان لە ئەمەریکا و هاوکارانی دلێرمان لە ئەوروپا بەڵام بەر لەهەشتێ بە پشتی هێزی خۆمان، بە بڕوای تەوا بەسەرکەوتن دەستی خۆیدەوەشێنێ.

ئێمە ئەوە ڕادەگەیەنین کە خەڵکی ئیرلەندا مافی ئەوەیان هەیە خۆیان خاوەنی نیشتمانی خۆیان بن و چارەنووسی خۆیان بێ هیچ کۆسپ و تەگەرەیە بەدەستی خۆوەگرن. ئێمە مافی خودموختاری یەکپارچەی ئیرلەندا ڕادشگەنین. زەوتکردنی چەند سەدساڵەی ئەم هەقە لەلایەن میللەت و حکومەتی بێگانەوە ئەم هەقە ناپوکێنێتەوە و ئەم هەقە کاتێ نامێنێ کە سەرپاکی خەڵکی ئیرلەندا لەنێو بچن.

مافی ئازادیی میللی و سەربەخۆیی میللی ئیرلەندا مافێکە کە وەچەکانی ئیرلەندا یەک لە دوای یەک بە ئیسپاتیان گەیاندووە: بەلانی کەمەوە شەش جاران لەم سێ سەد ساڵەی دواییەدا خەڵکی ئێمە ئەو مافەیان بە خەباتی چەکدارانە داواکردووە. بە پێی ئەم هەقە بنەڕەتیە و بە دیفاعی چەکدارانە لێی جارێکی دیکە بە سەرتاسەری جیهانی ڕادەگەیەنین کە جمهوریەتی ئیرلەندا دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەنی خۆیەتی . و ئێمە ژیانی خۆمان لەتەک هاوخەباتانمان بە ئازادیی و بەختەوەری و درەخشاوی ئەم میللەتە لەتەک میللەتانی دیکەی دنیادا بەسەر دەبەین.

جەمگوری ئیرلەندا مافی ئەوەی هەیە داوای پشتگیری لە هەموو ژن و پیاوێکی ئیرلەندای بکات. ئەم جەمهوریەتە ئازادتەکانی کۆمەڵایەتی و ئاین و مافی چوون یەکی و هەلی یەکسان بۆ هەموو هاوڵاتیانی مسۆگەر بکا و ئامادەیە ئاسوودەیی و بەختەوەریی تەواوی میللەت و هەموو تاک و ککمەڵەکانی دابین بکا، هەموو ڕۆڵەکانی ئیرلەندا چوون یەک لەباوەشی خۆی گرێ و جیاوازی و ناتەبایتەک کە میراتی دەسەڵاتی حکومەتی بێگانەیە بەسەرماندا و کەمایەتیەکیان کە لە ڕابردوودا لە زۆربە جیاکردۆتەوە ناهێڵێ.

لەبەرئەوەی چەکەکانی ئێمە هێشتا هەلومەرجی حکومەتێکی میللی هەمیشەی پێ پێش نەهاتووە، حکومەتێ کە نوێنەری تەواوی گەلی ئیرلەندا و هەڵبژاردەی هەموو ژنان و پیاوانی ئەم نیشتمانە بێ حکومەتی کاتیی کە ئێستە دروست بووە بە پشتیوانی گەل، کاروباری کۆمەڵایەتی و عەسکەری جەمهوریەت دەگرێتە دەست ..) ڕۆژی دواتر هێزی پشتیوانیی بەریتانیا ڕژانە ئیرلەنداوە و پێچەوانەی چاوەڕوانی شۆڕشگێڕانیش جگە لەیەک دوو شاری دیکە نەبزووتن و ئەو چەکانەی چاوەڕوانیان دەکرد و دەبوایە بگەیشتنایە و نەگەیشتن و بەپێی ئەوەش گوایە ناتوانن شارەکان بۆردومان بکەن ژەنەڕاڵ ماکسویل Maxwellqسێ ڕۆژان لەسەر یەک شاری (دبلن)ی خستە ژێر ڕێژنەی بۆمبابارانەوە کەسێ سەد کەسی تێدا کوژرا و هەزار کەسیشی بریندار بوون کە یەک لەوانە( کۆناڵی ) خۆی بوو و شارەکە یەکپارچە گڕی گرتبوو.. لەبەر ئەمانە

شۆڕشەکە شکستی هێنا، پیرسن فرمانی ئاگربەستی دا: بۆ بەرگرتن بە کوشتاری خەڵکی دەست و پێ سپی و بێدیفاع و بە ئومێدی ڕزگارکردنی ژیانی هەڤاڵانمان کە لە گەمارۆدان کە گەیشتنە ئەوەی کە بڕیاری تەسلیم بوونی بێ قەید و شەرت ئیمزا بکات- و فەرماندەکان فەرمان بەسەر بازانیان بدەن کە چەکەکانیان دانێن.. هەزاران ئیرلەندی گیران و بەشێکی زۆریان دەم و دەست گوللەباران کران.. (پیرس) و(کونالی) و هەموو ئەوانەی بەیاننامەکەیان ئیمزا کرد بوو لەدار دران... بەڵێ ! توانیان شکست بە شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی گەلی ئیرلەندی بهێنن بەڵام هەرگیز نەیانتوانی میللەتی ئیرلەندا بە چۆکدا بێنن و ئاگری خامۆشی ئەو شۆڕشە بەربووە گیانی هەموو گەلی ئیرلەندا و یادگارو ئاواتەکانی لەنێو هەموو دڵێکدا کڵپەیان دەساند و بووە ئەو ئاگرە پیرۆزە هەمیشە داگیرساوەی کە تا ئیمڕۆش دامێنی ئیستعماری ئینگلیزی دەسووتێنێ و ڕێگەی ڕزگاری و سەربەخۆیی یەکپارچەی ئیرلەندا ڕۆشن دەکاتەوە...

لە نیسانی ١٩١٨ دا فرمانی ئەوە دەرچوو کە لەئیرلەندا سەرباز بگرن بۆ لەشڕی ئینگلیز بەڵام جەمهوریخوایانی (شین فین) و (پارتی کار )و پێڕەوانی (کونالی )نەچوونە ژێر بار و داوایان لە گەلی ئیرلەند کرد کە سەرپێچی ئەو فەرمانانە بکەن. بەم جۆرە حکومەتی ئینگلیز نەیتوانی بەرنامەی خۆی جێبەجێ بکات...دواتر بڕیاری دا کە هەڵبژاردنی نوێ بکات تا ڕێ بۆ (حیزبی ئیرلەندا )خۆش کات - کە سەربەخۆیان بوون - بچنە پەرلەمانەوە. جەمهوریخوایانی (شین فین ) بڕیاریان دا بەشداری هەڵبژاردنەکە بکەن ، بەڵام نەچنە پەرلەمانی ئینگلیزیەوە. ( شین فین ) سەرکەوتنێکی گەورەی لە هەڵبژاردنەکەدا بەدەست هێنا.. لەو ١٠٥ نوێنەرەی هەڵبژاردن ٧٣ کەسیان نوێنەرانی (شین فین )بوون ٢٤ کەسیان لایەنگری (یەکێتی لەگەڵ بەریتانیا) و تەنها ٦ کەسیان سەر بە (حیزبی ئیرلەندا) بوون.بۆیە لە ٢١ ی کانوونی دووەمی ١٩١٩ دا یەک (پارلەمانی نهێنی) کە مەجلتسی یاسادانەرانی (شین فین) بوون سەربەخۆیی ئیرلەندای ڕاگەیاند کە :(( ئێمە نوێنەرانی هەڵبژاردەی میللەتی ئیرلەنداین کە لە مەجلیسی میللی کۆوەبووین: بەرقەراری جەمهوریەتی ئیرلەندا بەناوی میللەتی ئیرلەنداوە ڕادەگەیەنین و بە ئەرکی خۆمان و هەموو هاوڵاتیانی ئیرلەندای دەزانین کە ڕەسمیەتی ئەم جەمهوریەتە بە هەر ڕێگەیەکی دەستمان پێ ڕابگا بچەسۆێنین. بەڕەسمی ئەوەش ڕادەگەیەنین کە حکومەتی دەسەڵاتێکی بێگانە بەسەرمانەوە دەستکێشانی مافی میللیمانە و ئێمە ناچینە ژێرباری ئەو دەست درێژیەوە و ئاگاداری مۆڵگاکانی سەربازیی ئینگلیز دەکەین کە لە وڵاتەکەمان دەرچن.

داواکاری ئەوەشین کە سەربەخۆیی میللەتی ئێمە لە لایەن هەموو میللەتانی ئازادەوە بە ڕەسمی بناسرێ و پشتگیری لێ بکرێ و ئەوەش رادەگەیەنین کە سەربەخۆیی ئێمە مەرجی پێشەکی و بنەڕەتی ئاشتی نێوگەلانە)).

( متطوعەکانی ئیرلەند)یش لە کۆتایی کانوومنی دووەمدا ڕایان گەیاند کە: ئیرلەندا و ئینگلستان لە حاڵەتی جەنگ دان کاتێ ئەو جەنگە کۆتایی دێ کە داگیرکەرانی بەریتانی لە خاکی ئیرلەندا بەدەرکەون. ئەم حاڵەتی جەنگە مانای ئەوەیە کە هێزە چەکدارەکانی ئینگلیز– پۆلیس و عەسکەر – بەلای خۆبەخشەکانییەوە بە دوژمن دادەنرێن. تەواو وەکو لەشکرێکی داگیرکەر بەلای لەشکرێکی میللییەوە) لەو ڕۆژەوە خۆبەخشەکانی ئیرلەندا بەڕەسمی بەناوی لەشکری جەمهوریخوایانی ئیرلەندا ناسران..

لە ماوەیەکی کەمدا شۆڕشگێڕانی ئیرلەندا بە هەموو ڕێکخراو و گرووپە شۆڕشگێڕەکانیەوە توانتان جارێکی دیکە بارێکی ڕاپەڕین و شۆڕشی دیکە بخەملێنن و دەست بەسەر بەشی هەرە زۆری ئیرلەندا دا بگرن و ئەوان ئەوان فەرمانڕەوای وڵات بن. لە ٣٢ ناوچەی ئیرلەندادا ٢١ ناوچە لەژێر دەسەڵاتی دا بووە هەرچەندە حکومەتی ئینگلیز لە مانگی یابی ١٩٢٠ دا ٢،٣٠٠ چەتەی بلاک – اند تانز و ١،٥٠٠ چەکداری ناوبانگ زڕاوی ئینگلیزی کە شورەتی خوێن ڕێژیان لە موستەعمەراتەکانی دیکەی ئینگلیزدا هەبوو هێنایە ئیرلەندا و بە دەسەڵاتی تەواوە بەریان دانە گیانی خەڵکی ئیرلەندا.. هەر لەو مانگەدا لوید جۆرج بڵاوکراوەی حکومەتی ئیرلەندای ڕاگەیاند کە پێشنیاری سەربەخۆیی و جیاکردنەوەی شەش ناوچەی سەرووی خۆرهەڵاتی ئیرلەندا بەناوی (ئولستر) کە زۆربەیان پرۆتستانتان و لایەنگری یەکێتین لەگەڵ بەریتانیادان ـــ ژرد .. و داوای ئاگربەسیان لە شۆڕشگێڕانی ئیرلەندا کرد.. ئێستە و ئەوساش هەر ئەو پیلانی دابەشکردنەی ئیرلەندا کە لەو پێشنیارانەدا هاتبوون جێبەجێ کرا و ئیرلەندا کرایە دووبەش.

٢٦ ناوچەتان بەنێوی دەوڵەتی ئیرلەندا( کە پاشان سەربەخۆییان سەند) و شەش ناوچەی دیکەی ئۆلستەری سەر بە ئینگلیز خەت و سنوور کێشرا...

خەباتی گەلی ئیرلەندی لە هەددوو بەشەکەدا بۆ یەکگرتنەوەو سەربەخۆیی و ئازادیی هەموو ئیرلەندا و وەردەرنانی ئوردووی ئیستعماری ئینگلیزە کە ڕۆژ دوای ڕۆژ پتر تاو دەسێنێ لە لایەن هەموو گەلانی ئازادیخوازەوە پشتگیریان لێ دەکرێت.

**ئاسۆ، ڕۆژێک بە خۆری وت:**
**ئەگەر مژدەی هەڵاتنت نەدەم چی یە؟**
**خۆریش وتی: قەت ناتوانی،**
**ئەگەر مژدەی بەیان نەبێ،**
**ئاسۆ نی یە!.**

# پەڕێزی ئازاد

**گفتوگۆیە لەگەڵ بەڕێز سکرتێری سەرکردایەتی ناوەندی" پارتی سەربەخۆیی کوردستان»..**

( لە ژمارە ٢٦ ی تەمووزی ١٩٨٣ دا بەڵێنی ئەوەمان دانێ کە لە ژمارەی داهاتووی " ئاڵا" دا ئەو چاوپێکەوتن و گفتوگۆیەی لەگەڵ بەڕێز سکرتێری سەرکردایەتی ناوەندی " پارتی سەربەخۆیی کوردستان" ی دۆستمان ئەنجام دابوو بڵاوکەینەوە.. لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی کە بڵاوکردنەوەی " ئاڵا" ی دواخست، وا ئێستە ئەو بەڵێنەمان جێبەجێ دەکەین..).

**ئاڵا:**

پێشەکی دەبێ بمان بەخشن کە بە نەهج ی صەراحەتی ئاڵاوە ئەم گفتوگۆیە ئەنجام بدەین.. پرسیاری یەکەممان ئەوەیە کورد لەهەر شتێکی کەم بێ خوا نەیبڕێ لە حیزبدا دەوڵەمەندە و سڵاویشی هەیە نەدەکرا خۆتان لە یەکێک لەو حیزبانەی هەن ڕێک بخەن و بەمە بەشێکی زۆر لەو توانا بەخەسار چوونەی لەم پەرت پەرت بوونەدا پەیدا دەبێ و دەگێڕن؟!

**سکرتێر:** صەراحەتی ئاڵا جێی تەقدیرمانە و هەرچییە دڵتان دەخوازێ زمانی تێدا مەگرن. دێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەتان و لەوەش زیاتر ئەڵێم ئەگەر بشیایە و بکرایە هەموو ئەو گەلە حیزب و ڕێکخراوە سیاسیانەی تێک هەڵشێلرایە و سەرلەنوێ بینای چەند حیزبێکی بە پێی خزمەت و پێویستی ئەم قۆناغەی خەباتی نەتەوایەتی کوردی لێ دروست کرایەتەوە، نەک هەر بەشێکی زۆرمان لە ڕنجی بەهەدەرچوو (جهد الضایع) دەگێڕایەوە کیسە، بەڵکو بەشی زۆری ئەو نوقسانی و کەم و کوڕیانەی بزووتنەوەکەشمان پڕ دەبووە و لەم پاشا گەردانیەی ئیمڕۆش ڕزگارمان ئەبوو. دەمانتوانی جەماوەرەکەش زیاتر و چاتر ڕێک بخەین و سوود لەو هەل و فرسەتانەی پێشیشمان وەرگرین. لە ڕووی تیۆری / نظرییەوە و کە سەرنجی بەرنامە و پرۆگرام و ڕێبازی حیزبەکان بدەین ئەم کارە زۆر نزیکە دەستە و تەفسیرێ بۆ ئەوە نییە کە بۆ ئەمە ڕوونادات، بەڵام لە ڕووی کردارەکییەوە / عملییەوە لەم قۆناغەماندا ئەمە

ممکن نییە و هەرچەندە ڕۆژگار خۆی دەستەبەری ئەم کارە ئەبێ و ئەو زەرفەی ئەم واقیعەی هێناوەتە پێش هەتا سەر هەروا نامێنێ...

ئەوەی ئەم زەرفەی هێناوەتە پێش ئەو فەراغەیە کە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول پەیدا بوو بەرە بەرەش کە هەست و واقعی ئەو فەراغە پڕ دەبێتەوە ئەو دیاردەیەش نامێنێ. خۆ ئەگەر هەموان بە ڕۆحێکی دڵسۆزانە و کوردانەوە ڕەفتار بکەین، ئەم دیاردە زۆر ناتەندروست / ناصحی نییە و جۆرێکە لە فرەڕنگی/ تنوع بەڵام داخەکەم بەشێکی زۆر لەلانی سلبی ئەم دیاردەیە لە هەست و دەروون و بەرژەوەندی و زاتیەتی شەخصییەوە پەیدا بووە و هیچ دەخلێکی نییە بەسەر ململانێی فکری و جیاوازیی فیکری چینایەتی و کۆمەڵایەتی و سوود و بەرژەوەندی کۆمەڵەوە کە ئەمانە هۆی ڕەسەن و تەبیعی ناتەباین. ئەوەی ئێمەش لەو حیزبانەی تر جیا ئەکاتەوە خاڵێکە کە بەلای خۆمانەوە زۆر گرنگ و ئەساسییە ئەویش ئەوەیە ئێمە لامان وایە کە کۆمەڵگە کوردەواری پێویستی بە شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی / ثەقافی و سیاسییە بۆئەوەی جەماوەرەکە لە بیر و ئەندێشە و پێوەندەکانی کۆنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری رزگاری بێ و بکەوێتە سەر ڕاستە شەقامی سوود و بەرژەوەندی خۆی و خۆی بناسێ. ئەو بیر و ڕێباز و سیاسەت و ڕابەرانەی بەکەڵکی دێن و تەعبیر لە ئیرادە و ئامانج و بەرژەوەندی دەکەن بە چاکی بیان دۆزێتەوە، لە قۆناغی دواکەوتن و قەڵەباڵغی و ناوی گەورە و دێی وێران و داوی سیاسی محترفە دەست بڕەکان دەرچێ.. بزووتنەوەیەکی جەماوەری بە بیر و ڕێبازێکی هاوچەرخ/ عەصری و گونجا و کاریگەر و بەرابەرایەتییەکی دڵسۆز و کارانە قۆناغێکی نوێ لە خەباتی کوردایەتی دەست پێ بکات.

لەم هەیاهو و بگرە و بەردە و ڕاڕاوینەی خەباتی چەکداریەدا ڕەش و سپی تێکەڵاو ئەبن زۆر کەم کەس خانەی ڕاستەقینەی خۆی ئەدۆزێتەوە. زۆر کەس بە تێکەوتن تێ ئەکەون و ڕووداو و کارەساتەکان ئەوەندە تێکەڵاو بە تەوژمن کەم وا ئەبێ فرسەتی هەڵبژاردن و خۆ دۆزینەوەی هەبێ. دە دیاردە لەمەشدا چ گەڕەلاوژەیەک پەیدا ئەبێ!.

**ئاڵا:** ئاخر ئێوە پێتان وایە کە جەماوەری کورد ئەو هەلە هێمنەی لە پێشە تا بەو ورد و گردی و لەسەر پشتە کاری خۆی ساز کات؟!. خەباتی چەکداری و شۆڕشی قەدەری میللەتی کوردە و دەست بەرداربوونی تێداچوونی (محقق) ی میللەتەکەمانە

چونکە هیچ ڕێگەیەکی دیکە لەبەردەم جەماوەردا نییە نەک هەر مافەکانی خۆی بەدیبێنێ، بەڵکو هەتا پارێزگاری بوونی خۆشی بکات!...

**سکرتێر:**

ئێمە پێمان وایە کە دوای هەرەس ئەو فرسەت و هەلە هاتبۆ پێش ، بەڵام چ بەهۆیەکی خارجی و دەرەوەی بزووتنەوەی سیاسی کورد چ بەهۆی ئەوەی هەلپەرستان و بازرگانانی سیاسەت خێرا ئەو فەراغەی شۆڕش و بارزانی پڕ بکەنەوە کەوتنە خۆیان و ئەم وەزعەی ئیمڕۆیان پێش هێناوە کە ئەو مەترسیەی شەڕی ناوخۆ و شەڕی براکوژی پێکی هێناوە داگیرکەرانمان ئەوەندە پێک ناهێنن داگیرکەر هەرچیەک بکات ناتوانێ میللەتێ لەناوبەرێ، بەڵام شەڕی نێوخۆ و براکوژی و ئەوەی ئیمڕۆ لەسەر ساحەکەدا هەیە میللەتەکەمان لەناوەوە گەندەڵ و کلۆر ئەکات و ئەمەیە کە فرسەت ئەنێیتە بەر داگیرکەر کە بتوانێ وەکو ئەیەوێ پیلانەکانی جێبەجێ بکات. ئەمە سێ ساڵ زیاترە شەڕی عێراق و ئێران هەیە یەک لە صەدی ئەوەندەی ئەو حیزبە چەکدارانە لە یەکیان کوشتووە وسەنگەریان لەیەک گرتووە نە بەعس پێی کردوون و نەلەگەڵ بەعسیشدا کراوە.

تۆ پێم بڵێ ئەگەر دەوری سلبی ئەو حیزبە سیاسی یانە نەبوایە هەر ڕاپەڕینە جەماوەریەکانی بەهاری ١٩٨٢ ئیمکانی ئەوەی نەبوو بتەنێتەوە و ببێتە ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری و دوژمن هیچی پێ لەگەڵدا نەکرێ؟!. یان ئایا ئیمکان نەئەبوو خەباتی جەماوەریی کورد زۆر زۆر لە ئێستەی بچێتە پێشەوە. ئێمەش ئەزانین کە شۆڕش و خەباتی چەکداریی سەرتۆپی خەباتی ڕزگاریخوازانەی میللەتێکی ژێردەستەیە و تەنها ڕێگەیەکی سەرکەوتنیەتی.. بەڵام بەمەرجێ شۆڕشی چەواشە نەبێ و چەکەکان لوولەیان لەیەک نەبێت. شۆڕشی ڕاستەقینەی میللی ڕزگاریخوازانە بێ و هەموو تفەنگەکان ڕوویان لە دوژمن کرێ.. جا ئەگەر هوشیاری سیاسی هەبێ و شۆڕشی چەکداری لەسەر بناغە و زەمینەی شۆڕشێکی فیکری و سیاسی بنیات نرێ ئەو مەرجانە فەراهەم ئەکات و هەرگیز دیاردەی شەڕی براکوژی و کوردکوژی پێش نایەت. ئێمە لامان وایە کورد شۆڕشی نەبێ چاکترە لەوەی شۆڕشی بۆ گیانی یەکتر هەبێ.. ئەمەش بانگەواز نییە بۆ ( ئاشبەتاڵ) و دەست بەرداربوونی شۆڕش هاوارێکە بۆ ڕاستکردنەوەی مەساری شۆڕش و خەباتی چەکداری. ئێمە لەسەر ئەو ئەساسە دروست بووین کە بەشێک لە ئەرکی بە ئاگا هێناوەی سیاسی جەماوەری

کورد بگرینە ئەستۆ تا خزمەت بەڕاستکردنەوەی ئەو حەسارە بکات. هەر ڕۆژێ ئەمە هاتەدی کاری ئەم قۆناغەمان تەواو ئەبێ و لەوانەیە لەنێو ڕیزەکانی یەک لەو حیزبانەدا خۆمان ببینینەوە.

**ئالا:**

لە ئیمڕۆتاندا بۆ ئەوکاتە کام حیزبەتان بەرچاو گرتووە؟!.

**سکرتێر:**

هەموو دیاردەکان بەلای پاسۆک ماندا ئەبات. ئەمەش مجاملە نییە، ئەگەر تەعبیرەکەم زۆریش گونجاو نەبێ ئەڵێم تقریبا ئێمر خۆمان بە باڵی سیاسی پاسۆک ئەزانین، ئێمە لە پەروەردەی / تەثقیفی ئەندامانمان دا، بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی پاسۆک بەکار دێنین ، بۆیە ئاسان نییە خەتێکی درشت لە نێوان ئێمە و پاسۆکدا بکێشرێ. بەڵام هێشتا هەلومەرجی / ظروفی ئەوە نەهاتۆتە پێش بڕیارێ لەم بارەیەوە بدەین.

**ئالا:**

بۆ دەنگ و ڕەنگتان لەسەر دیوار و بڵاوکراوە نییە؟.

**سکرتێر:**

جا دیواریان هێشتۆتەوە کەسی خۆی تێدا دەربڕێ و هیچ ماوەتەوە نەوترابێت؟. ئێمە لامان چاکتروایە بەرەو دەستەیەکی ڕۆشنبیر و پەروەردەکراو بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی گەڵاڵە کەین و لەناو جەماوەرەکەدا بێ خۆ دەرخستن بیری کوردایەتی ڕەسەن بڵاوکەینەوە.. بە نووسراو ئەوا بڵاوکراوەکانی پاسۆک و هەندێ حیزبی تریش هەن. ئێمە تقریبا شارحی ئەو بیروباوەڕانەین..

**ئالا:**

ئەمە لەوە دەچێ بیر لە پێکهێنانی دەستەی ( ئینتەجێنسیا)ی کوردی بکەنەوە، کەلەژێر تأسیری سەردەمی ( ڕێنسانس) و ڕاپەڕین و بزووتنەوەی یەکگرتنەوەی ئیتالیا و ئەڵمانیادایە.. لاتان وانییە واقعی کۆمەڵگەی کوردەواری و هەر واقیعێکی دیکە قۆپیە هەڵناگرێ؟!.

**سکرتێر:**
ئێمە لە دورگەیەکی کاکی بە کاکییدا نین تەیارات و بیر و تاقیکردنەوەکانی دنیا لە هەموو قوژبنی دنیادا ڕەنگ و دەنگ دەداتـەوە. ئێمە دژی قۆپیە و خواستن و وەرگرتنی کوێرانەین و لەگەڵ سوود و بەهرەین..

ئەمەی ئێمە لەچی ئەچێ با بچێ و لەمەدا و عاملێکی ئیجابی بین لە مەسیرەی کوردایەتیدا.. هیچ گومان لەوەدا نییە کە جەماوەر بڕبڕەپشتی هەموو بزووتنەوە و داینەمۆی هەموو گۆڕانێکە. ئیمڕۆ سەردەم و عەصری جەماهیرە، بەڵام لێسرا و هەموو سەردەمێکیشدا بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و ( ئەنتەلەجێنسیا)واتە ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ بە تەعبیری ئێوە فتیلە و دەماغی ئەو بزووتنەوە و گۆڕانانە بوون. هەتا لە بزووتنەوەی سۆسیالیستی و مارکسیزیشدا ئەوانەی دەوری رابەرایەتی و تەقینەوەکەیان گێڕاوە هەر ئەو ( ئەنتەلەجێنسایە) بوون ( مارکس و ئەنگلس و لینین و ماو و هۆشی مینە) و زۆر زۆر لە فەیلەسوف و و ڕابەرانی چینایەتیش ئەنتەلەجێنسا بوون. لەمە عەیبێ پەیدا نابێ.

**ئالا:** سەربەخۆیی کوردستان تا چەند و تا کوێ امکانی بەدیهێنانی هەیە؟!.

**سکرتێر:**
سەربەخۆیی کوردستان تا دروشمەکەی ئێوە( کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان) تا سەربەخۆیی تـەواو تـەواوی کوردستان و یەکگرتنەوە و ڕزگاری و دەوڵەتی کوردی ئیمکانی بەدیهێنانی هەیە..

تا ئەو شوێنەی کورد هەبێ و بمێنێ ئەو ئامانجە مێژوو کردە هەر و هەر دەبێ بێرە دی.. ئیمڕۆنا سبەی عامیلی کات و هەل و مەرجیش، دەخلی بەسەر امکان بوونەوە نییە.. ئەوەی دەخڵی بەسەر امکان بوونەوەیە ئەوەیە ئایا کورد میللەتە و هەیە؟!. ئەگەر تاسەر وتمان بەڵێ.. ئەوا ئەو ئامانجەش ڕۆژێ هەر دەبێ لە ئاسۆوە سەر دەربێنێ.

**ئالا:** سوپاستان دەکەین و هیوای سەرکەوتنی ئێوە و سەرفرازی کورد دەخوازین.
**سکرتێر:** سوپاس ا بە هیوای سەربەخۆیی و ڕزگاری نەتەوەکەمان.

## ڕۆڵەی ماد

ڕۆڵــەی لــوڕســتــان ویــرد بــاره خود
دوژمـن چەن ساڵە لە خوینە تو خود
وەســـەدان ســاڵــە هایـــدە ژێــر دەسی
دوژمــنــەکــەی خــود ئــەرا نێناسی؟
تو روڵــەی مــادی کــوردیــش لە مادش
گـەر تو ویـر نەکەی ژیـردەسـی جادە
ئــەرامــاڵــەگــەد تــا ئـیـسـتـە قــوره؟
ئــەرا گــە گنجمان بــی کــار و وره؟
ئـــەرا مـنـاڵـمـان کـــوردی نـەخـونـد؟
ئــــەرا بــــدزن بـــوەن وەخــویــنـد؟
خوینی هەزاران شەهیدمان رژیـاس
گوڵی کۆکانمان وە خوین رەنگ کریاس
ئـــەرا خـویـن بـرات رژتـــن نیگاکەی؟
ئـــەرا وە قـسـەی بـراگــەت نێگەت؟
ئەرا وە توفەنگ روی وە روی وسی؟
ئــــەرا وە پـشـتـی بـــراد نـیـوسـی؟
پشت یەژتر بگرن وەران وەر دوژمـن
ریـشـەی دوژمـنــان دەربـکــەن وە بن

**وێڵ بانی شار ٢٤/٥/١٩٨٤**

# ماڵاوا

## ((دوا پەردە))

بە فەرمانی سوڵتان فیلْد ماریشاڵ «صدام حسین»ی یەکەم لەمانگی پێشوودا سەرۆکی زانکۆی بەغدا و کۆلیجی حقوق و برێ لەو استاذ و پرۆفیسۆر و (وعاظ السلاطین) انەی کە میراتگری لۆتی و شایەرەکانی دەرباری سوڵتانەکانی سەدەکانی تاریکی و ریایی کۆنن. ڕاپێچی کۆشکی تاوان و ستەمی کۆماری/ جەمهورتیان کردن و سیناریۆی شانۆگەریەکی گاڵتەجاریان دانە دەست کە وەک هەمیشە! لە نووسین و داهێنانی دەروونی پڕ گرێی نوقسانی سەرۆکی فەرماندە پاسەوانی دەروازە رووخاوەکەی خۆرگەلاتی نیشتمانی عەرەبی سوارەگلاوەکەی قادسیەی دووەم هاوڕێ صدام خۆی بوو ئەکتەرەکانیش ئەوان قەرەقۆزە ڕۆشنبیرانەی زانکۆی بەغداد بوون و شانۆگەریەکەشی پێ بەخشینی دکتۆرای فەخری حقوق!! لەبەر ئەو هەموو چاوەدێری و خزمەتەی بە (حەق) و (حقوق) و (حەقی زانی) و (حەق دانی) ەی چواردەساڵە کردووە و بۆئەوەش زانکۆی بەغدا شەرەفمەندە بێ بەوەی یەک لە خوێندکار و بڕوانامە/شەهادە پێ دراوەکانی صدام بووە!!!...پەردە هەڵدراتەوە و هەر ئەکتەرەی شوێنی خۆی گرتبوو «ممثل» ی یەکەم هاوڕێ صدام لە پشت مایکرۆفۆنەکەوە کالعادە کەوتە هەڵەوەڕی و وڕێنەکردن مەگەر» شامپیلون» ێکی تر بێت و لوغز و تەلیسمەکانی ئەم وڕێنە هیرۆگلۆفییە وەکات! کە تەواو بوو ئەوجا نۆبە هاتە سەر قەرەقۆزەکان و بە زەلیلی و ملکەچی یەکەوە پاش تاوێ پێدا هەلگوتن و کلکەلەقێ و ماستاو و دنیایە ڕیایی و چاپلوسی ، شەرەفی زانست/ عیلم و عیرفانیان لە لوولەیەکی زەردەوە پێچا و لەبەر کەوشەکانی ( حقوق پارێزەکەت!!) بەغدا تووڕیان هەڵدا.. تا پەردەیەکی دیکەی ئەم شانۆگەرییە گاڵتەجاڕەی چواردە ساڵانە لە عێراق دا دەگێڕدرێت، هەمووتان بەخوا دەسپێرین و ماڵاوا...




## {{ ئاڵای سووری کوردایەتی }}
## Alarm Soory Kurdaity

**پێش ئەوەی هەر شتێ بین .. دەبێ کوردبین..**

**ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک**

**ژمارە ٢٨ ئەیلوولی ١٩٨٤**

**<u>بابەت ناوەڕۆک</u>**

+ سەروتار ئەیلوول هەمیشە ڕەمزی ڕاپەڕین و زیندویێتی نەتەوەکەمانە.
+ ڕازێکی کوردانە هەڵبژاردنێکی نا" جوامێر"انە لە (دووڕیان)دا!!!
+ مشتەی ناو هەمانە هاوبیران... دۆستان..
+ بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە هاوبیرانی بەڕێز و هێژامان
+ قوتابخانەی پاسۆک گەمەی مفاوضات!!!
+پەریێزی ئازاد نامەی مەکتەبی سیاسی بۆ (ڕەوەند کوردستانی)..
+ شیعر نامەیەکی کراوە بۆ داگیرکەران، عەبدوڵا پەشێو
+ ماڵاوا... صەدام" حەکەم»! گورگ پاسەوان! شوان دانی لە گۆشت جیرە!

# سەروتار

ئەیلوول هەمیشە ڕەمزی ڕاپەڕین و زیندویێتی نەتەوەکەمانە شۆڕشی گەلاوێژی ١٩٥٨ ئەڵقەیەکی زنجیری پەیمانی (سەعد ئاباد) و (سەنتۆ ) و هاوئاهەنگیی داگیرکەرانی کوردستان، کە بەدەوری نەتەوەکەمانیدا کێشابوو، شکاند.. بۆ یەکەمین جاریش لەیەک لەو وڵاتە کۆلۆنیالیستی/ ئیستعماریانەی کوردستانیان لەنێو خۆیاندا دابەش کرد بوو بوون و مافی ژیانی نەتەوایەتی گەلی کورد بە فەرمی/ ڕەسمی ناسراو لەدەستووری کاتی کۆمار/ جەمهوریشدا دان نرا بە هاوبەشێتی عەرەب و کورد لە عێراق دا. کە هەمووی پێکڕا دەیکرد داننان بە بوونی نەتەوایەتی کورد دا...

ئازادی و سەربەستیەکی لەقەدەر ئەو ڕۆژە باشیش درایە گەلی عێراق و گەلی کوردیش پشکی خۆی تێدا بەکار هێنا. بارزانی و هاوەڵانی گەڕانەوە وڵات و ڕێ بە پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان درا کە چالاکی خۆیان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا بگێڕن و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاکراوەی کوردی کەوتنە بازاڕەوە... بە گشتی ئاهێکی چاک بە بەر کورد و کوردایەتی دا هاتەوە و لە هەمووی گرنگتر عێراق لە بازنەی نفوزی ڕاستەوخۆی ئیمپریالیزمی خۆرئاوا دەرچوو و ئیمکانی گەلە کۆمە و گەمارۆدانی کورد و کورددایەتی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە- تا ڕادەیەکی زۆر - دوورکەوتەوە، کە ئەمە بار و هەلومەرجێکی لەبار و گونجاو و چاکی نایە بەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کە بەخۆیدا بێتەوە و بتوانێ هەنگاوی نیمچە مسۆگەر و ڕاست بەرەو ئامانجە ستراتیژیەکەی نەتەوەی کورد هەڵێنێ، ئەگەر ڕابەرانی ئەو ڕۆژەی بزووتنەوەی کوردایەتی لەئاستی ئەو ئەرک و پێویستی و پێداویستانەی گەلی کورد و دا بوونایە و ئەو هەلەیان بە فیڕۆ نەدایە، کە دواتر و لە ڕاڕەوی کاروانەکەدا/ مەسیرەکەدا دەرکەوت جگە لە بارزانی خۆی و کەسێکی کەم.

ئەو سیاسەتچیانەی ئەو ڕۆژە سەرباری کورتبینی و هەلپەرستی و نا گونجان/ انسجامی و نهلیستیەت و بێ باوەڕیان هەموو شتێکیان دەکردە قوربانی بەرژەوەندی تەسکی شەخسی خۆیان و ئەو گیانی نیشتمانپەروەری و ئایدیالە بڵندەیان نەبوو کە مەرجی هەرە پێویستی ڕابەرایەتیەکی سەرکەوتوو بووە لەو ڕۆژە سەخت و ئاڵۆز و چارەنووس سازانەدا. و ئەگەر ئەو پێوەنان و

دەستێوەردان/ التباسات و تداخلاتانەی هێزە پێشکەوتووەکانی عێراقی نەبوایە ، دیاردەکانی و سەرکەوتن و دەستکەوتە کەم تەمەنەکان نیگای لێڵ نەکردناتە و بەرەیەکی پێشکەوتوو لە نێوان کوردایەتی و ئەو هێزە پێشکەوتووانە دروست بواتە دەتوانرا بەر بە تەوژم/ تەیاری شۆڤینی عەرەبی و کۆنەپەرستی و گومڕایی عەسکەرتاریای سوپا و گەڕانەوەی نفوزی خۆرئاوا (بە بەرگ و ناونیشان/ عینوانی دیکەوە ) بگیرێت و (عبدلکریم قاسم) یش شێت گیر و سەقەت نەبێت کە بەگژ هێزە دیموکراسیەکانی عێراق دابێتەوە- کە هەر ئەو هێزانە ڕصید و پشتیوان و دۆستی بوون – و پەلاماری کورد بدات س ڕەگەزپەرستانی عەرەبی بیکەن بەگژ کورددا هەم ئەوی پێ لاواز و وەتاق خەنەوە و هەم بەری تەوژمی کوردایەتیش بگرن! و پاشان ئەویش و ( هەموو ئەفسەر و ئەندام/ عونسرە نیشتمان پەروەر و پاک دامێنەکانی دیکەی سوپا) پاکتاو کەن و بەمە سەرپاک سوپای عێراق بکەنە دەزگایەکی داپڵۆسێنەری، شۆڤێنی، دژ بە گەل و بڕندەترین سەرەنێزەی دیکتاتۆریەت لە عێراقدا ئەم هۆیانە پێکرا زەمینەی ئەوەیان خۆش کرد کە بەهاری کوردایەتی ( ئەو ڕۆژەی عێراق) زستانێکی سەخت و تووشی بەدوودا بێ و پێش وەخت و پێش گەڵاڵەبوون و خەملین کەرەسەی لەسەر خۆکردنەوە و بەرگری کوردایەتی پەلاماری گەلی کورد بدەن و ئەو دەرفەتەی هاتبووە پێشی تەسک کەنەوە و دەستکەوتەکانی لێ زەوت کەن و هەتا لە جاران بەدتر و دڕندانەتر و ڕەگەزپەرستانەتریش قەستی بوونی کورد نەتەوایەتی بکەن.

گەلی کورد، تا دوا پشووی ئیمکان بووی ( تحمل) خۆی ڕاگرت. بەڵام کە کار گەیشتە شوێنێ دەبوایە یان تەسلیمی بێ قەید و شەرتی دیکتاتۆر و شۆڤێنێتی عەرەبی بێ یان بەرگری/ دیفاع لەخۆی بکات… ڕێگەت هەمیشەیی خەباتی کوددایەتی شۆڕش و خەباتی چەکداری – گرتەبەر و لە ئەیلوولی ١٩٦١ دا ناچار کرا دەست بداتە چەکی ڕەوای دیفاع لەخۆکردن و بڵێسەی گەورەترین و بەربڵاوترین شۆڕشی سەردەمی بڵندبووە، کە هەر زوو بە زوو جەماوەری کوردی زەحمەتکێش و ستەمدیدە و هەموو دڵسۆزانی نەتەوەکەمان لەژێر ئاڵاکەی دا خڕبوونەوە…

جەماوەری کورد بە چەکی بڕندەی کوردایەتی و باوەڕی لەبن نەهاتوو بە ڕەوایەتی مەسەلەکەی بەرەنگاری هۆردووی بێ ژمارە و پڕچەک و تەیاری داگیرکەر بوونەوە، کە بەدرێژایی ١٣ ساڵ چۆکیان بە چەندین حکومەتی

ئیستعماری عێراقی دادا و زۆر جاران ناچاریان کردووه کەدان بە بوون و ماف و ڕەوایەتی مەسەلەکەمان دا بنێن. ئەگەرچی وەک هەمیشە و عادەتی خۆڕسکی داگیرکەرانە و ئیستعماریانەی هەموو فاشیست و ڕەگەزپەرستێ لێی پاشگەز بوونەتەوە..بەڵام ئەگەر خۆرکەی ناوخۆ و پوازی کوردی و تابووری پێنجەمی ناپاک نەبوونایە تا دوا گرێ چۆکی هەتا هەتایی بەداگیرکەر دەدا و (سەربەخۆیی و ئازادی ) کورد بەدی دەهات.

بام شۆڕش نەیتوانی بگاتە دوا پلەی ئامانجی دیاری و بە پیلانێکی نێودەوڵەتی و کۆمەکی کەڵەکەبوونی چەندین هۆ و هۆکاری نەرێنی/ سەلبی نێوخۆ هەرەسی پێ هار، بەڵام دایانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی سەدەمی نەتەوەی کورد بووە و هەر ڕێچکەی شکاوی ئەو شۆڕشە مەزنەیە کە ئیمڕۆکە پڕیشکی هەموو کوردستانی گرتۆتەوە و تا سەرکەوتنی ستراتیژی کوردایەتی و بەدیهێنانی (سەربەخۆیی و ئازادی) هەر تاو و بڵێسە دەسێنێ.

لە یادی ٢٣ ساڵەی ئەو شۆڕشە مەزنەدا کە حیزبی ئێمە کردوویەتیە سەرەتای ڕسکانی و یادی نۆیەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبمانە، سەری نەوازش بۆ گیانیپاکی شەهیدانی کوردایەتی و پاسەوانانی شەرەفی میللیمان دادەنەوێنین و ئەیلوول هەمیشە ڕەمزی ڕاپەڕین و زیندوێتی نەتەوەکەمان دەبێ.

# ڕازێکی کوردانه!!!!!!

هەڵبژاردنێکی نا " جوامێر" انە لە (دووڕیان ) دا !!!.

حورمەتی وشەی پاک و شۆڕشگێڕ و دڵسۆزی کوردییە لە ئاست هەت بەرەو ژێربوونەوەی وشەیەک بە دەنگمان دێنێ. یەک شانازی و سەروەریەکانی نەتەوەکەمان ئەوەیە بە ئەندازەیەکی زۆر دیاری ئەو دیاردەیە لەنێو باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕەق و وشک و گەمارۆدراوی کوردەواریدا بەدەردەکەوێ کە هەمیشە وشەی کوردی جەنگاوەر و شۆڕشگێڕ بووە، شمشێری هەردەم هەڵکێشراو بووە بەڕووی دوژمنان و داگیرکەرانماندا، لە ئاست شەرەفی مینۆکی/ مەعنەوی چەک بەدەستانی ووشە هەموو شتێ بچوک و نادیار و بێ حسێب بووە، جگە لە تاک و تەرایەکی زڕک و زڕی دوای ناوەڕاستی شەستەکانی ئەم سەدەتە، کە ( جاش عەقائیدی) یەتی تێدا سەری هەڵداوەو بەدوای ئەمەدا هەندێ پێنووسی لەرزۆکی ترسنۆکی ، دەم ڕەش خۆیان کردۆتە دارشەقی بن هەنگڵی شەپڵەلێدراوی ئەو ( جاش عەقائدی) یەتە!. کە هێندە ڕوو زەرد و عەیبدار بوون کەم وابووە لەژێر ناوی خۆیاندا ئەو زەرداوانە هەڵێنێتەوە!.. هەمیشە پێنووسی ووشەی کوردی سەر بڵند و دوند بووە..( بێ کەس) ی بێ کەسیی بە ڕووی ئەدمۆنزدا هەڵشاخاندۆتەوە.. ئەوشەرەفە بڵندەی ووشەی کوردی لە کەسێکی وەک و ( ئەحمەد موختار جاف) دەردەکەوێ کە لەگەڵهەموو ناحەزی و نەیارییەکی بنەماڵەکەی لەگەڵ شێخی مەزندا، کەچی یەک پیتی بێ حورمەت و سووکی بەرانبەر شێخ بەسەر پێنووسەکەیدا نەهێناوە. بۆیە بە ڕاستی ووشەی کوردی پێناسەی ( شەرەفی میللی کورد) هەڵدەگرێ و مەگەر هەر ئەو بێت، لەسەرتاسەری شتەکانی دیکەدا بێ ئارەقی حسێب دەرباز بێ. ئێمە لەبەرخاتر و ڕێزی ئەو دابە و هەمیشە بڵند و پاک ڕاگرتنی ووشەی کوردییە کە لەبەرانبەر پێنووسی شاعیری شێعری" دووڕیان" دا هەڵدەسڵەمێینەوە. ئەگەرچی باوەڕمان بەوەیە کەس ناتوانێ و بۆی نییە بازنە بە دەوری شاعیردا بکێشێ و لە کەسیش ناسەلمێندرێ ببێتە ( جیدانۆڤ) ی ووشەی کوردی، بەڵام کەسیش ناتوانێ لە ئاستی تەڵەی ووشە بێ دەنگ و بێ و کەسیش مافی ئەوەی نییە ووشە بکاتە دێوجامەی ڕاوە جەماوەر!...

ئەوانەی بە قسە بەدیواری مەرگدا هەڵدەزنێن، ئەوەیان لێ داوا دەکری کە ووشە نەکەنە پەتک و پێی شۆڕببەوە بۆ دامێنی زەلکاو! ئەوانەی وشەی کوردی متمانەی

پێ کردوون و خۆی بەدەستەوە داون دەبێ ئەوەندەیان وەفا ببێ ئەو ووشەیە هەراج نەکەن و نەیکەنە داوی خۆبەدەستەوە دان...

"شاعیر" نابێ وەکو هەندێ کەس هەن کە قسە دەکەن بۆیە قسە ناکەن چونکە بیرێکیان لە مێشکدا کۆبۆتەوە، لەسەر ئەوە قسە دەکەن، چونکە سەری زمانیان دەخورێ وابێ ئەگینا دەبێتە شایەر، شاعیر نابێ تف لە ڕابردوو، لە سەرچاوە، لەباوەڕ، لە ئایدیال، لە خۆی و ڕابردووی بکا. حەمزەتۆڤ دەڵێ:( ئەگەر دەمانچە بە ڕابردووتەوە بنێی دوا ڕۆژ تۆپت پێوە دەنێتەوە.. قسەی وا بکە لەگەڵ سروشتی ڕاستەقینەی خۆتدا بگونجێ. هیچ قسەیەک بۆ خاتری کلکە سووتێ و ڕیاکاری و ماستاو ساردکردنەوە مەکە!!..)..

تۆ لە کابرایەکی سیاسی ساختەچی گەڕێ هەقت بەسەر کەسێکەوە نەبێ فەرمانبەر بێ و ویستی خۆی لەدەستی خۆیدا نەبێ.. با نەچینە باسی( شێخە سیاسی) بە حیلەشەرع بازەکانی ئەم وولاتە..وەک شاعیرێکی خاوەن هەلۆێست و ئەوین و خێوی شەرەفی وشەش تا، ج مرۆڤێکی بە ویژدان و ڕاستگۆ پێیوایە( ڕژێمی بەعس) و( صدام) گەڵازەیتون بۆ کورد بنێرێ؟!! کە دەڵێ:

**گەر بە دەنووک**

**کۆتری سپی**

**گەڵا زەیتوونی بۆ هێنام!**

خۆ ئەم ( گەر) ە هەتا لەو ( ئەفەرانەش) ی تێپەڕاندووە کە کورد دسلێ:( ئەگەرمان چاند و شین نەبوو).. کورد چەند جارێک ( ئەگەر) ی بەعسی چاندووە، لە گوژاڵکە و ئاگر و ئاسن پتر چ بەرێکی داوە؟!..

**پێمان دەڵێتەوە:**

**شەهید ووتی: من دڵنیام**

**ڕووبار ووتی: ڕوو لە ڕێگام**

**درەخت ووتی : نەڕنراوە قەد و باڵام**

ئەرێ کام شەهیدانە( دڵنیا) بن؟ ئەوانەی تا ئێستاش گۆڕ و کۆتەڵیان نییە؟! یا ئەوانەی لە ( موسڵ) بە کەسوکاریان نەدرانەوە؟! یا ئەوانەی هەق دەستی کوشتنەکانیان لە کەسوکاریان سەندۆتەوە؟!.. دڵنیا بێ لە چی؟!.. لەوەی لەژێر سێبەری ( گەڵازەیتوون) ەکەتدا ئەوانەی شەرەفی خۆیان و ووشە و هونەری

کوردیان پاراستووه ا گۆرانیان به باڵای جەلادانی ئەو شەهیدانەدا نەووتووە، دەگوێزرێنەوە و دوور دەخرێنەوە؟!.. یان ئەو خوێندکارانەی لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەردەکرێن، چونکە جلی شەرمەزاری(جاش شەعبێتی)لەبەر ناکەن؟! یا لەو خوێنانەی لەژێر سایەی( دووڕیان) ەکەتدا لەشەقامەکانی سلێمانی ڕژێندران!. یان چی؟!!. دەی ڕووبـار ڕوی لـەکام ڕێـیـە؟! لـە سـەربـەرەوخـوار و بـەرەو گۆڕەپانی نەبەردی (قادسیەی صەدام) یا ڕوو بە ڕوو بوونەوەی شۆڕش و پێشمەرگەی کوردستان؟!.. یا لەبەرگرتن بە ڕقی پیرۆز و ڕەوای جەماوەر و خوێندکاران؟! لەوە پتر قەد و باڵای دروخت چۆن دەڕنرێ؟!.. پڕۆژەی یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستانت/ قانون الحكم الذاتي لمنطقه كردستان المعدل نەبینیوە کە چۆن ( کەرکوک)ی جەرگ و کرۆک و دڵی کوردستانەکەیان داڕنیوین! نەک قەد و باڵا؟!. ئەو تاپۆ زەردەی خەیانیەت نەدیتووە کە بە دە پەنجە بۆبەعس ئیمزا کراوە کە ( کرکوک) لەسەر کوردستان هەڵڵادێرێ؟!.. کەچی هێشتاش بەعس قایل نییە!! ئیدی کە جەرگ و کرۆک داڕنرا( قەد و باڵا )(تحصیل الحاصل )ی مام شاعیر ! شیعر تەنها ووشەی مردووو ئاواز و سەرەوانییە، شیعر پەیام و بانگو هەڵوێستە.

هونەری هەڵوێست و هەڵبژاردنی ڕاست لە ( دووڕیان) دابەدەردەکەوێ! دووڕیان بواری قولی ڕەش و سپی( جوامێر) ی و نا( جوامێر) ییە. بواری باوەڕو هەلپەرستی و شۆڕشگێڕایەتی وسەوداکردن و ڕاستگۆیی و خۆدۆڕاندنە دووڕیان مەحەکی شاعیرە.

***

شاعیر کە دەمی خۆی کردە سواڵەتە شکاوی و چڵپاو و زینجکاو و ژەهراوی پێ بە گەرووی جەماوەردا کرد، کە بازووی خۆی کردەپۆستاڵ و بە ڕووی جەماوەردا بڵندی کـردەوە، کە مێشکی خۆی کردە بۆگەناو و وسڵی فاشیزمی پێ دەرکـرد.. شاعیر کە ووشـەی کـردە شانە و لە پرچی بژی داگیرکەری دا، کە دەربڕینی/ تەعبیری کردە پرد و ناپاکی بەسەردا پەڕاندەوە کە دەنگی کردە کەڕەنای خەیانەت و شەیپووری جاش بەتاڵی پێ هەڵدا، کە گەرووی کردە زێراب و و چڵکاوی سەرای پێداگوێزایەوە...

***

شاعیر کە بووە تیاترۆ و هەر ڕۆژەی لە پاڵ مەستێکدا وێنەی یادگاریی گرت، کە بووە دەلاڵ و ووشەکانی هەراج کرد، کە بووە پەشتەماڵ و خۆی بە هەموو بەرێکدا هەڵواسی، ئەوە شاعیر نییە، لۆتیی و شایەری دەرباری ئاخوڕە، ئەوە شاعیر نییە قەلەڕەش و پەپووە.

***

شاعیر کە ووشەی کردە ئەفیون و لە دەماری جەماوەری دا، کە بووە لێفە و بسسەر عەیب و لەشی ڕووتی دوژمندا کشا، کە بووە سۆڵو لە هەموو پێیە کرا، کە بووە میکرۆڤۆن و بانگی سازشی هەڵدا..

***

شاعیر کە بووە تەور و قەدی خۆی بڕیەوە، کە بووە پواز و خۆی قڵیشاند، کە شیعەی خۆی لستەوە، کە تفی خۆی هەڵگرتەوە..

***

شاعیر کە بووە مەیمون ، بووکە شووشە قەرەقۆز،دارشەق، کوتەک، تۆڕ و دێوجامە، ئەوە شاعیر نییە تیاترۆی دەستگێڕی مێزی مەیخانەیە.. ئەوە شاعیر نییە پۆستاڵ و زێراب و دووکەڵ کێشە...

***

ئەگین نرخی ( بێ کەس) ، بەپێی دیالەکتیک، دەرناکەوێ، چونکە سپی بە ڕەشدا و ڕووناکی بە تاریکیدا و چاک بە خەراپدا و جوامێری بە ناجوامێری دا دەردەکەون. هەمزەتۆڤی مەزن چەند جوانی ووتوە کە ( باڵندەیەک کە زۆر هێلانە گۆڕکێ بکات و لەسەر هیچیان ئۆقرە نەگرێ، ئەنجام بێ هێلانە دەمێنێتەوە!!).. ووشەی پاک و پیرۆزی کوردیش تەبەررا و بێ بەرین لەوزڕک و زڕ و زەردەوالانە...

**ترس..!!**

**شیعری: ڕەسوڵی حەمزە تۆف**

**– ئەی شاعیرەکە**

**– لە دوژمنە دڵ پیسەکانت مەترسە،**

**– ئەی گەر لە ڕۆژێکی ڕەشا، پەیمانیان شکاند..؟**

**– مەترسە، ژنە دڵسۆزەکەت لەگەڵتایە**

**– ئەی گەر ئەمیش، ناپاکی**

**– ئەی کەواتە: لەچی بسڵەمێمەوە ؟ لەچی بترسم؟**

**– لەخۆت، لە خۆت بترسە،**

**– ناپاکی لەگەڵ مەکە و بەس..!!**

—————————————

- لەئاست تەڵەدا بەدەنگ هاتن و کردنە هەڵڵا ئەرکێکی ئەخلاقییە چونکە:
- « بۆ کار مەیسەربوونی پیاو خراپان، ئەوەندە بەسە کە پیاوچاکان بێ دەنگ بن».
یەفتۆ شینکۆ

## مشتەی ناو هەمانە...

هاوبیران.. دۆستان.. هاوڵاتیان:

ئەم گۆشەیە هەوڵێکی خاکەڕاییانەیە/ متواضع بۆ داتەپاندنی دیواری نێوان جەماوەر و سیاسەتکاران ، هەنگاوێکە بۆ بنیاتی سیاسەتی ڕوون و ڕاستگۆ و دڵسۆزی کوردی ، بۆ ئاوێتەبوونی جەماوەر و جەنگاوەران و خەباتکارانی، بۆ ئەوەشە سیاسەت لە تەلاری عاجی دوورەدەست بێتە خوارێ و لە نێو هەناوی میللەتدا بزیەتەوە و چاوهەڵێنێ و ڕەنگ بە ویست و خواستەکانی بداتەوە... ئەمە دادگایەکی جەماوەرییە بۆ لێپرسینەوە و بەجواب‌هێنانی و حسێب وردکردنەوەی سیاسەت.. جا هەر پرسیار و سەرنجێکتان هەیە، بێ زمانگرتن ، بۆمانی بنێرن.. هەرنەبێ بۆ ئەوەی تاقیمان کەنەوە بزانن ڕاست ئەکەین؟!!.. بەڵگەیەکی بچووکی ئەو ڕاستگۆییەمان ئەم جارە چەند پرسیارێکی بێ سەرپۆش هەڵدەبژێرین، بەڵام دەمێنێتەوە سەر ئەوەی ئێوە بەردەوام ئەزموونی ئەو ڕاستگۆییەمان بکەن تا نە ئێمە زاتی لادانمان هەبێ و ئێوەش فێری ڕووبوونەوە ببن و سیاسەتی کوردیش بە گشتی، ناچارکەن- ئەگەر بەخۆیشی خۆشی نەبێ!- لە شەقامەڕێی ڕاستی ڕاستگۆیی ئەملاولا نەکات..

ئەمەش یەک لەو ڕێگە کاریگەرانەیە کە ڕەونەقی بازاڕی بازرگانی سیاسەت دەشکێنێ و مەسەلەکەتان لە تاڵان فرۆشی ڕزگار دەکات..

### " ئاڵای سووری کوردایەتی "

**دوو پرسیاری پێچەوانەی یەکمان بۆهاتووە، خاوەنەکانیان بەناوی (م. ک)و (س. ن)ەوە دەریان بڕیوە کە:**

**یەکەمیان (م . ک )دەڵێ: بەڕاستی من حەز لە سیاسەت ناکەم، بەڵام ئەگەر ڕۆژێ سیاسەت بکەم دەبمە ئێوە، چونکە بیستوومە ئێوە دژی عەرەبن و منیش ڕقم لە عەرەبە! ئایا بۆچوونتان/ ڕەئتان چییە؟.**

**دووەمیان: (س.ن) دەڵێ: من ڕەخنەم زۆرە لێتان، ئێوە هەر باسی کورد ئەکەن و وا ئەزانن ئەم دنیایە هەر کوردی تیایە!، من باوەڕم بە مرۆڤایەتی هەیە. ئایا ئێوە خۆتان بۆ چاک ناکەن؟.**

**وەڵام:**

کاکە( م. س )ئەگەر لە ژیانتا کارێکی دروست و چاکت کردبێ ئەوەیە کە (حەز بە سیاسەت ناکەی ) و لە سیاسەتەوە دووری، چونکە کەسێ بەو بیر و قەناعەتەی تۆوە لە سیاسەتی (دێزەیی) پتری پێ ناکرێت. لەوانەیە تۆ کەسێ بیت بەر جۆرێ لەو جۆرە زەبر و دڕندەکانی زەبری ڕژێمە داگیرکەرەکە کەوتبی، لەوانەیە تۆ یەک لەو

هەزاران خەڵکە بیت بەر بەعەرەبکردن/ تەعریب کەوتوون و لەسەر موڵک وماڵی خۆیان هەڵ پڕوچقاندراون، یا لە گوند و زێدی پشتاوپشتی باپیرتدا ڕاگوێزرابیەوە ئۆردۆگا قەبرساییەکان، یان هەر لە وڵاتبەدەر کرابی.. یان لە خۆڕایی لە دادگایەکی قەرەقووشی بەعسیاندا بە فەلاکەت گیانت دەرکردبێ.. یان و هەزار یان کە زنجیرە و ڕستەی هەر تەواو نابێ، ئەمە ئەو حاڵەتە دەروونیەی لا پەیدا کرد بیت، کە بەداخەوە داوا و مەبەستەکەت چەند ڕەوا بێ دەربڕین و ڕێگەکەی چەوت و نادروستە و هەر ئەمە خۆی خزمەت بەو داگیرکەرە دەکات. تۆ ڕژێمی حوکمەکە دەبینی شۆڤێنی عەرەبە، عەسکەر و جەلادەکان عەرەبن ئەوانەی خانووبەرە و ماڵەکانیان گرتووینەوە عەرەبن، بەناوی (عەرەب و عروبە و عەرەبایەتی)ش وامان بەسەردێنن. بەڵام دە بە لایەکی دیشدا ئاوڕ دەوە جاشە کوردە ، جاش شەعبی و سیخوڕەکان کوردن، ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن و پارێزگار/ مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزی مەحافیز و سەگ و گورگەکان کوردن. سەوداکەر و خۆفرۆشەکان کوردن، حیزبۆکە و مێزبۆکەی – بەناو –کوردیش هەن دار دەستیان بن. کەواتە یان دەبێ عەرەب وەک و میللەتێ و بە ( الحلاق) ی لەمەسەلەکە دەرهاوێژی یان دەبێ ( کورد) یش ڕەگەڵ خەیت. چونکە ئەگەر دەستەکە عەرەب بێ( ئەمە لە حاڵی فەرزا ئەگینا وانییە) ئەوا کوتەکەکە کوردە، ئەگەر ئاگرەکە عەرەب بێ، مقاشەکە کوردە، ڕاوکەر عەرەب بێ تانجیەکە کوردە، و پوختە/ مەخلەس ئەگەر بەو تەسک و لێڵ بینییە سەرنج بدرێ و ئەو شیرە دوو دەمە ناشیانە ڕابوەشێنرێ هەمووی دەگرێتەوە و سەرئەنجامەکەی دەروونێکی پڕگڕی و گاڵو ئاڵۆز و سەرلێشێواوی (دێزە)ئاسایی دەڕسکێنێ!... کەواتە تۆ زۆر لەودا بەهەڵە چووی کە ئەو تاوانەی دەستەی نەتەوە سەردەستە داگیرکەرەکە بەرانبەر کورد دەیکات لە بەریەکی کێشیتەوە و گشتاندنی/ تعمیم کەیت و لە مل هەموو عەرەبی پێچی .. لەوەش قەباعەت تر و هەڵە ترو ( تا سنووری پێچەوانەی ڕاستی و لنگەوقووچ کردنەوەی شتەکان) ئەوەیە کە ئێمەی پاسۆک بە دژی عەرەب بزانێ ببوورە براکەم تۆ و ئەوانەشی ورک و تۆ – جا چ لەنەزانین و سادە و ساویلکەییەوە یان بە ئانقەست و دوژمنکارانە– وا لە ئێمە گەیشتوون تەواو تەواو ( یاغنیشن).

داخەکەم لەوانەیە کەسانی وەک تۆ زۆر دڵسۆز بن و هەستی سەرهەڵکردووی مەغرووریەت و زوڵم و ستەمی لە ڕادەبەدەر ئەو لەترانەتان پێ بدات، بەڵام ئەمە هەرگیز عوزری لێڵ بینی و چەواشە بیری و گێڕ بڕوایەکتان نادا و شیفاعەتی بۆ بەهەڵە چوونتان ناکات، چونکە دڵسۆزی و لەسەر هەق بوون بەتەنیا بەس نییە ئەگەر ڕێ و جۆر و شێوازی دەربڕین و بەکارهێنانەکەی گونجاوو دروست و هاوئاهەنگ

نەبێ زیانەکەی سەد بەرابەری زڕە سوودەکەی دەبێ. ئەوەندەش دۆستی نەزان و سەکتە و زەرەر بە مەسەلەیەک دەگەیەنێ دوژمن و نەیاران هەرگیز پەیشی پێ نابەن. کورد دەمێکە وتوویەتی( لە دۆستی نەزان هەڵێ، ڕەشی لە دوەماچی مەنجەڵێ!).دواتر دێینەوە سەر باسەکە و ئەو ڕاستیانە شی دەکەینەوە/ شرح دەدەین: ئەمە دیوێکی تاریکی نەرێنی/ سەلبی و ژاکاوی هەستی خۆ وێکهێنانەوە و دابڕان و خۆ وەتاق خستنەوەی نەتەوایەتییە، کە وەک نەخۆشییەک، لەسەرئەنجامی ژێر دەستەیی و زوڵم و زۆری بێئەنداز تووشی هەندێ لە ڕۆڵەکانی نەتەوەیەکی داگیرکراوی مافخوراو دەبێ.. دیووی دووەمی نەخۆشیەکی لەمە پڕ مەترسی تر لە پرستاری دووەمی کاک (س.ن) هەڵدەستێ، کە هەستی پەستی و خۆ بەکەم گری و خۆلەبیر چوونەوەیە. ئەمیشیان لەسەرئەنجامی ئەو ستەم و ناڕەوایەتییە لە دەروونی هەندێ کەسی نەتەوەیەکی داگیرکراو پەپکە دەکا و سەر هەڵدەدات، ڕێگەیەکی چەوت و چەواشەی خۆ ڕزگارکردنە لەو بارە نالەبارەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و بێ مافێتی و بێ کیانیی و بێ ناو و ناوبانگیەی بەر بە هەست و بوونی ڕەهای نەتەوایەتی خۆڕسکی و فیتری و دەروونیی مرۆڤ/ ئینسان دەگرێ، جۆرێکە لە بێبەری بوون/ تەبەررابوون و خۆدزینەوەی ترسنۆکانە و گێلانەی لەسەرچاوەی چەوساندنەوەکە کە ئینتیمایە بە نەتەوە ژێر دەستەکە.

جارێ سەرپێیی ئەوە عەرزی کاک (س . ن), ئێمە هەموو جۆرە ڕەخنەیەکمان قەبوڵە و ڕێزی لێ دەگرین، جا ئەگەر دروستکەر و ڕەوا و ڕاست و خزمەتگوزار بێت، ئەوا هەر سەر سەری دەنێین و بە باڵاترین پلە و شێوەی دۆستایەتی دەزانین و هەمیشە و هەردەمیش موحتاجی ئەو جۆرە ڕەخنانەین و هەر ئەو سەرنج و بەرچاوخستنانەیە کە کۆمەڵێ لە هەڵە و لادان دەگێڕێتەوە و ڕەوت و ڕێباز و بیر و سیاسەتی دەپارێزێ و بە ئاڕاستەی/ اتجاه ڕاست بەرەو ئامانج و داواکانی دەبات..

خۆ ئەگەر چەواشە و نادروست و ڕوخێنەر بێ ئەوا یان نائاگاو لە نەزانینەوە زەنەی کردووە ئەوسا ڕوونکردنەوە و ڕاستکردنەوەی دیدگا و بۆچوونەکەی دەکەوێتە خانەی ئەرکی کۆمەڵایەتی و خزمەتێکە بە تاکێکی ئەو کۆمەڵە و هەر ڕەنجێکی تێدا بدرێ بەخەسار ناچێ.. خۆ ئەگەر بە ئانقەست و بۆ مەبەستێکی چەوت بێ ، ئەاا ( ماڵی قەڵب سەر بە ساحێبی) و حاشا لە دیاری ڕەزای گرانیان و شیری بزڕگاو!... ئێمە هەر بەم ێوانەیە دێینە کایەی کاکە( س. ن ) و دەڵێین: بەڵێ قوربان! ئێمە هەر باسی کورد دەکەین، جا چ عەیب و کەمییەک لەمەدا هەیە؟.. یا تۆ و هەموو دنیاش ئەوە بزانن کە گەورەترین شانازی و سەروەریمان ئەوەیە کە لە خزمەتی میللەتی خۆمان و مەسەلەی نەتەوە چەوساوەکەماندا‌ین..

شوکر بۆ خوا کە ئەو شەرەفەی پێ بەخشیوین سەربازی مەسەلەیەکی ئەوەندە ڕەوا و مرۆیی/ ئینسانیی بێ نموونە بین، سۆز و مەرداتەتی و جوامێری و مرۆڤدۆستی لەوەڕا دەردەکەوێ کە کەسێ بە هانای خەڵکی لێ قەوما و چەوساوە و ژێردەستەوە بێت، لە خزمەتی مەسەلەی میللەتێکی داگیرکراوی دەم تێ ژەنراوی ، سەرکوێرکراوی، ماڵ بە تاڵان براوی مەغدووری سەرتاسەری مێژوو بێت.

لە فەرزی حاڵی سەلماندنی بیری فشوفۆڵی پاشەڵ فەرەحی کۆسمۆپۆلیتانەی - تۆ پێی دەڵێی مرۆڤایەتی !- دەبێ ژێر کام ئاسمان و سەر کام زەویە لەمەی کوردستان کاول تر چنگ دەکەوێ، تا دۆن کیشۆتانە خۆی بۆ بکوتین؟!.. کام میللەتە وەکوو کورد لەبەرچوار کەڵبەی داگیرکەراندایە و لەبەردەم مەترسی تواندنەوە و لەناوبردنی نەتەوایەتی دایە، تا بەرزە و حەوایی مشتی لێ بگرین؟!..

کام مەسەلەیە لەمەسەلە و کێشەی بیست و پێنج ملیۆن مرۆڤیبێ ماف و بێ گیان و بێبەشی/ مەحرومی وەکو کورد ڕەواترە تا خۆمانی بکەینە قەبەڵ بۆ ئەوەی پێمان بڵێن ( مرۆڤایەتی کەر!)؟!.. کەی و کێ بیستوویەتی لە کام لاپەڕە کەڕوواویەی مێژوودا لە مێشکی نەخۆشی کام نەخۆشخانە و شێتخانەیەدا باسکردن و خزمەتکردن و ستەمدیدەی هەرە چەوساوەی میللەتێ جێی ڕەخنە و سەرنج و لۆمە و گلەیی بوو بێ ؟!.. ئەو ( مرۆڤایەتی) یە عەنتیکە و سەیر و سەمەرەیەی بەڕێزتان ( ساخت و سینعەت و یاپپە) و دەستیاوی کام شەیتانە ڕێ لێ ڕەوێلکەری دنیایە و لە قتووی کام عەتاری ژەنگاوی دا زاوەتەوە؟!.. بۆ کورد مرۆڤ نین تا ئەگەر کەسێ کۆمەڵێ کوردایەتی بکا و لە خزمەتی داوا و مافە ڕەواکانیدا بێ تەلاقی " مرۆڤایەتی" ەکەی خۆی و بابی بکەوێ؟!. (جۆرج واشنتۆن، گاریباڵدی، ژان دارک، غاندی) بە چ بوونە پاڵەوانان و نەمرانی میللەتی خۆیان و جێی شانازی و سەروەریی هەموو مرۆڤایەتیش؟!. بە پشت تێهەڵکردنی مەسەلەکەی خۆیان یان بەخۆ بەلاوە گیرکردنی؟!. جێفەرسۆن و ماتزینی و نێرەری و سن یات سون لە کوێڕا دەستیان پێ کرد و بە چ بوونە دەنگی دلێری نەتەوایەتی و ویژدانی مرۆڤایەتی؟...

بە بەرزە فڕی و نهلیستیەت و خۆلەبیر بردنەوە و خۆ لەبیر چوونەوە یان بە قوڵ بوونەوە و بەناو ناخی میللەتدا ڕۆچوون؟. (لینین و ماو و هۆشی مینە و کێم ئێل سۆنگ) لە بەرایی بیروباوەڕی ئەنتەرناسیونالیستانەشیان دا هەر ناسیۆنالیستی دروست و ڕاستەقینە و سەربازی مەسەلەی میلکەتی خۆیان نەبوو؟!..( ڤێتنام) لە بستە ئەرزێ، قومە ئاوێ، لە پەلە هەورێ، لە خڕکە بەردێکی خۆی دەبووری بۆ ( چین) ی هاوبیر و هاو ئایدۆلۆجیەتی.. یان تا خۆی وەستا بێ هەڵامەتێ بۆ کەس دەگرێ و تا ماڵی خۆی هەبێ بەڕەیە دەخاتە هیچ مزگەوتێکەوە؟!.. سۆڤیەت و چین کێشەی چەند کیلۆمەترێک

ئەرزیان لشبەر یەک نەکێشایەوە بۆ سیاسەت و فیکر و ئایدۆلۆجیەتیش؟!.. کوبا کوڕی خۆی دەکاتە قوربانی کچی کەس؟!.. ئەوە دەوڵەتانی سەرمایەدار و کۆنە کۆلۆنیالیست/ ئیستعمار و خۆراوا هەر بە جارێ هی ئەوە نین کە چاوەڕوانی هیچ خێرێکیان لێ بکرێ و ئەگەر مرۆ لە گەڕ سگوڕ و شەڕیان بپارێزرێ وەک ئەوەوایە ڕێوی بە پیرییەوە هاتبێ.. دەی کەس هەیە ئیرادەی ڕەخنەیە لۆمەکیان بکات؟!.. هەرگیز ڕۆژێ وەکو تۆیەکی بەدبەختی لەهەرچی هەیە و نییە بێبەش ، ترس و خنورەی نەتەوایەتی یان ختووکەی فیزی( مرۆڤایەتی سەقەت بوو) هەڵوێستێکی نانەتەوەییانە و ن‌هلیستیانەی پێ وەرگرتوون؟!.. ئایا مرۆڤایەتی ڕەسەن بیر و زەمینەیەکی نەتەوایەتی ڕەسەنی گەرەک نییە تا خۆی لەبان بگرێ؟!.. مرۆڤایەتی و ئینەرناسیۆنالیستی حەوایی و بۆشایی و " فضا" و " ئەثیر" ی لە خەیاڵی مێشکی نەخۆشیی هەستی پەستی و گرێی/ عوقدەی حەقاوەت بەولاوە لە کوێدا مەودات ڕامان/ تصور و بوونی هەیە؟!.. باروهەلومەرجی سەخت و دژواری نەتەوەکەی ئێمەیە کە دەرفەتی هەڵتۆقتنی ئەم جووتە کەڕووە بۆگەنانە دەدات..

ئەگینا بیری تەسکبینی ڕەگەزپەرستانەی ڕیسوای دژایەتی میللەتان ( وەک ئەوەی ڕقمان لە عەرەب بێ!) یان ( عەرەبێ چاوی سووک و چاوچنۆکانەی ببڕێتە کورد!!) وەک دیناسۆر لە مۆزەخانەی لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوودا نەبێ کاری/ عەمەلی هەناسەهەڵهێنان لە ئەرزی واقیعدا نییە.. تا خوا حەز بکات پەست و ڕیسوا و بەدە، نەحلەت لە هەڵگرانی چونکە کورد قوربانی/ ضحیەی ئەو بیرە بۆگەنەیە.. بیرو هەست و ئەندێشەی کۆسمۆپۆلیتانە و هەستی پەستی و خۆ لەبیرچوونەوە و پشت لەخۆ و نەتەوە هەڵژردنیش ( جا لەژێر هەر ناوێکدا بێ) ئەوەندە سووک و سەلیمە، لەهەر شوێنێکی دنیا سەرهەڵدات بە تەنەکە شار بەدەر دەکرێ...

ئەمەیان وا.. بە کورتیش ئەم دوا سەرنجامەمان لەمەڕ ئەم مەسەلانە دەردەبڕین بەداخەوە کە مەودای گۆڤارەکەمان ئەوەندە نییە سەروبنی هەموو لانێکی کەین، تا دەرفەتێکی ڕەخساو تر با ئەم مشتە نموونەی خەرواریک بێ:

١- دوژمنان و داگیرکەرانمان بەوەندە داناکەون کە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بمان چەوسێننەوە و سەرکوتمان کەن ، بەوەندەش لێ ناگەڕێن سەر و ماڵمان بە تاڵان بەرن و مافی هەناسە هەڵکێشانمان نەدەنێ.. ئەوان چاویان بڕیوەتە داگیرکردنی دواقەڵا و قوللەی بوونی نەتەوایەتیشمان کە بیر و بیرکردنەوە و مرۆڤایەتمانە/ ئینسانیەتمانە، ئەوان دەیانەوێ بیر و بۆچوون و فیکرمان سەقەت و سقوت و گێڕوگەوێڕ کەن. دەیانەوێلە شەرەفی نەتەوایەتی و بوونی مرۆڤایەتی سەربەخۆی خۆمان دابڕن و بسڕنەوە/ مسخ و بێ کەڵکمان/ عەمەلمان کەن ، دەیانەوێ ویست

و واقع وخواستی چەپەڵ و نیازی گڵاوی خۆیانمان لا ئاسایی کەن و پێمان قەبوڵ کەن!، ئەوانە دەزانن تا کوردلە ڕووی بیر و بۆچوون س فەلسەفەی ژیان و قەناعەت و خواست و باوەڕەوە نەیەتە سەر چۆک و ئەو واقعە ماددیانەی دیکەی داگیرکردن و چەوساندنەوەی ( نەتەوایەتی) و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەی بە زۆر و ناڕەوا بەسەریاندا سەپاندووین هەتا سەر خۆی بە پێوە ناگرێ و هەرڕۆژێ دێ بینای زوڵم و ستەم بەسەر کۆتەڵی ناشەرعی خۆیاندا بتەپێنن.

٢بەکورتی دەیانەوێ بیری نەتەوایەتی کورد و هەستی شانازی و سەروەری خۆ بە کورد زانین و بەرانبەریمان لەگەڵ هەر میللەتێکی دنیا لا سست و سەقەت و پووچ کەنەوە. تا زەمینەی خۆڕادەستکردن/ تەسلیم بوون بە دیڤاکتۆ/ ئەمری واقعی داگیرکەری و ناشەرعیان خۆش کەن و دەستی خۆبەدەستەوەدان/ تەسلیم بوون بە کورد بەرز کەنەوە، کە ئەمەش دوا هەناسەی مەرگی میللەتێک و کفنی ناشتنی بوونی نەتەوایەتی گەلێکە..

بۆیە زۆر تەبیعی و چاوەڕوان کراوە کە داگیرکەر هەوڵی ئەوە بدات، چ بە پوول و پارە و قامچی و بەندیخانە و ئاگر و ئاسنی خۆی و چ بەهۆی پوازی کوردی و دەستی ڕەشی تابووری پێنجەم و خۆفرۆشانیەوە، چ لە ڕێی دنە دنە و هاندانی ناحەزان و داخ لە دڵانی بیری نەتەوایەتی، ئەو بیرە و هەڵگرانی حیزبەکەشی بکوتێ و سەرکوت کا و گازندە و پڕ و پاڵانتەی درۆ و هەڵبەستراوی دوو خاو و بێ پای کا..

چونکە تەنها و تەنها ئەو بیرە ڕەسەن و خۆڕسکەی کوردایەتییە، کە دەتوانێ تا سەر و بێ سەودا و سازش بە ڕووی داگیرکەراندا بوەستێتەوە و توانای هەموو جەماوەر کۆوەکات و ئاڕاستەی بەرەنگاربوونەوەیەکی دروست و بە فیرۆنەچووی دوژمنەکەی بکات. ئەو بیرەیە ناکۆکییە سەرەکییەکە لەگەڵ داگیرکەردا جێگۆڕگێی پێ ناکاو و خاو ناکاتەوە و دەگەیەنێتە چڵەپۆپەی بەرەو ڕووبوونەوە و دەستەویەخە بووە.. هەر بۆ نموونە لەوانەیە ناکۆکی و کێشەی گەلی کورد لە خوارووی کوردستان دا لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا بەلای زۆر کەس و ڕێکخراو و بیروباوەڕەوە لەوێدا کۆتایی بێت کە ڕژێم لەبەر هەر هۆیەک لەوانە تاکتیک و ناچاریش! کەرکووک بخاتەوە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی/ حوکمی زاتی و جووتە مەجلیسی یاسادانان و ڕاپەڕاندن/ تەشریعی و تەنفیزی ڕادەستی/ تەسلیمی ئەوان بکات، یان هەر زۆر لەمەش کەمتر هەتا سەمەرە و نامەعقولی وەک ئەوەی ئیمڕۆکە گرووپی/ جەماعەتی( یەکێتی) پاش ئەو هەموو ساڵە خۆهەڵدانەوە و دیماگۆگیەت و دەست بڕینە خزاونەتەوە سەنگەرەکانی ڕژێمی بەعس و بێ شەرمانەش ئەوە ڕادەگەیەنن.

# بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە

**هاوبیرانی بەڕێز و هێژامان**
**سڵاوی ئازادی و یەکسانی....**

ئیمڕۆ لەتەک بیرەوەری بیست و سێ ساڵەی شۆڕشی ئەیلوولی مەزندا یادی پیرۆزی نۆیەمین ساڵەی ڕسکانی حیزبمان دەکەینەوە کە بە دروشمی( پێش ئەوەی هەر شتێ بین.. دەبێ کورد بین)، پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێی خەباتەوە.. پیرحزبایی ئەوجووتە یادە پیرۆزەتان لێ دەکەین و هیواف پێشکەوتن و سەرکەوتنی بەردەوامتان بۆ دەخوازین.. حیزبی ئێوە و هەوو دڵسۆزانی شۆڕشگێڕی کورد لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٧٥ دا و لەژێر دارو بەردووی هەرەس پێهاتووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دا دەنگی ویژدانی کورد وویست و خواستی بزووتنەوەت کوردایەتی بوو، بە سێ شا دروشمی بەرنامەی سەرومڕی کوردایەتییەوە هاتە مەیدانی خەبات و چالاکییەوە( تا مل کەچی یەکی نەخستووین.. با بۆ ئازادی یەکگرین) پاساوی/مبرڕی هەرە قووڵ زیندوو و بەردەوام و خەباتی کوردایەتی:( بەرەیەکی کوردستانیی یەکسانی هاوتا) کەرەسەی لەبار و گونجاو و کاریگەری ئەو خەباتە وزامنی سەرکەوتنمان:( پێش ئەوەی هەرشتێ بین.. دەبێ کورد بین)، ستراتیژیەتی گشتی و ڕێباز و / نەهج وسیاسەتی بزووتنەوەی کوردایەتی. کە ئیمڕۆش ئاوڕ لە هەشت ساڵی مەینەتی و نەهامەتی و شەڕی کوردکوژی و ئابڕبردن و هەزار و یەک فرسەت لە دەست چوون دەدەینەوە، ئاشکرا دەبێ کە گومڕایی و پشت هەڵکردن لەستراتیجیەت و سیاسەت و پێویستی و پێداویستەکانی کوردایەتی هۆی سەرجەم ئەو نەهامەتیانەن.. بۆیە تاکە ڕێگە تەنها و تەنها گێڕانەوە سەر هێڵی ڕاستی کوردایەتییە و تاکە چارەسەری هەموو کێشە و ناتەواوی و ئاڵۆسکانی باری ئیمڕۆی بزووتنەوەکەمان گرتنە بەری ئەو ستراتیجیەتە هەڵقوڵاوەی ناو ناخی کۆمەڵگەکەمانە. ئێمە دڵنیاین لە حەتمیەتی سەرکەوتن و پاکتاوبوونی هەموو لاڕێ و هەڵدێرە دەست نێژەکانی نێو بزووتنەوەکەمان.بڕوامان پتەوە بەوەی کە ئەو پێویستی و پێداویستانەی خەباتی نەتەوایەتیمان دێنە پێش و دەبنە ڕاستی چەسپاوی هەمیشەیی.. چۆن چەند ساڵێ لەمەوبەر بیری نەتەوایەتیڕەسەن و باوەڕی حیزبمان دەربارەی (( مافی دیاریکردنی چارەنووس)) دروشمی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی سەرجەم باڵەکانی بزووتنەوەی کوردایەتییە، ئاواش سبەی هەمووگەند و سەپاو و بازرگانە

کوردخۆرەکان ڕادەماڵرێنە چاڵی شەرمەزاری و خەتی ڕاست و خزمەتگوزاری کوردایەتی ڕەسەن باڵی پیرۆزی دەکێشێ بەسەر خەباتی ڕزگاریخوازانەماندا و تەنها ئەوانە دەتوانن پشوو هەڵبێنن کە لەژێر ئەو سایەدا و بە گیان وستراتیژیەتەوە لە مەیدانەکەدا دەمێنێتەوە..

ئەرکی زووتر گەیشتن بەو پلە باڵایەی خەباتی کوردایەتیش دەکەوێتە سەر ئێوە و چەندایەتی و چوونایەتی و ئەندازە و پلەی بە ئاگایی و بەئاگابوونی ئێوەی) حەمامۆکەی کوردفرۆشیی) بەسەر بێ ویژدانانداا دادەتەپێنێ!..

هاوبیرانی پاسۆک:

ئێوە سەربازی گوم ناوی کوردن و مەشخەڵی هەڵگری بیری پیرۆزی کورداتین، با بار و ئەرکتان لە بارست بەدەر بێت، بەڵام ئەو سەروەرییەتان بۆ دەمێنێتەوە کە لە بەرانبەر ئاڵنگاری/ تحدی ی مێژوویيدا وەک چیاکانی کوردستان خۆڕاگرن و ڕێچکەشکێنی ڕێبازی دروستی کوردایەتین.

ڕیزەکانتان پتەوتر کەن.. کوردتر و کوردتر و کوردتر بن.. خەڵکی مەزن ئەوانەبوون کە نەتەوەکەی خۆیان لەهەر شت خۆش تر ویستووە و )بەرژەوەندی میلیان خستۆتە سەروو هەموو اعتبارێکەوە) و هیچ گوێشیان بە حەپ وەڕی دوژمنان و خۆفرۆشان بە ئەمەک و دوژمنی جوامێر بن.. دەستی هاوکاری و برایەتی مەدەنە دواوە و لەبەر دوژمنایەتیش هەڵمەیەن.. دۆستایەتی کەس بە دوژمنایەتی مەکڕن و دوژمنایەتی کەسیش لەبەر دۆستایەتی کەس نەکەن.

ڕقی پیرۆز و ڕەوا لە داگیرکەران لە ناخ و ویژدانی جەماوەردا بڕوێنن ، فێر بن و فێریان کەن کە چۆن و چەند میللەتی خۆیان و چەواسوە و گەلانی دنیایان خۆش بوویێت، چۆن و چەندیش ڕقیان لە داگیرکەر و چەوسێنەر و ستەمکاران بێ. ( ئازادی و یەکسانی) بە گیان بوونتان بستێنن و بی پارێزن.

هەر بژین بۆ کورد

# قوتابخانەی پاسۆک

**گەمەی مفاوضات**

لە سەرەتای مانگی حوزەیراندا ئێستگەی ( یەکێتی نیشتمانی کوردستان) وتارێکی لەژێر سەردێڕی « عێراق و مەسەلەی کورد» دا بڵاو کردەوە. لەسەرەتاوە وەکو پێویست مەسەلە و کێشەی کوردیان دابووە بەر سەرنج و تا ڕادەیەکی زۆریش دەستیان لەسەر ئەسڵی مەسەلەکە و کێشەکە دانابوو. کورتی و کوردیەکەی مرۆڤ ئەوەی لێ تێدەگەیشت کە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بە پیلانێکی گڵاوی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستییەکان / ئیستعمارییەکان گەلی کورد دابەشکراوە و سنووریان لە نێوان نەتەوەی کورددا هەڵچنیوە. پارچەیەک لە کوردستانە داگیرکراوەکەیان بێ ویستی گەلەکە و بەدژی بچوکترین سەرەتاکانی مافی مرۆڤایەتی و داد و ڕەوایەتی و بە تۆپزی بە عێراقی عەرەبیەوە دادووریوە و بە هەمووی نێوی عێراقیان لێ ناوە..

لەوساوە حکومەتە ئیستعماریە یەک لە دووی یەکەکانی عێراقی لە هەوڵی لە قاڵب دانی کورد و داڕنینی کوردستاندا بوون. ئەم هەوڵ و کردەوە شۆڤێنیە ڕەگەزپەرستانەیەش لەسەردەمی ئەم بەعسیە چەپەڵانەی ئێستە حوکمی عێراق دەکەن گەیشتۆتە چڵەپۆپە و ترۆپکی و حکومەت بەهەموو شێوە و جۆرێ هەوڵی لەنێوبردنی بوونی نەتەوایەتی کوردی داوە و دەیدا..

ئامۆژگاری/ نەسیحەتی بەعسیانیش دەکا کە دەست لەم کارانە بەردەن و مامەڵەش لەگەڵ مەسەلەی کورد دا وەکو مەسەلەی میللەتێکی خاوەن بوونێکی نەتەوایەتی تایبەتی بکەن...هەرچەندە هەندێ بۆچوون و هەڵسەنگاندن و دەربڕینێکی گفتوگۆ و دەمەتەقێ هەڵدەگرێ و سەرلەبەریشی دژ و پارادۆکسە / تناقض لەگەڵ کار و کردەوە و ڕەفتاری کردەوەییاندا/ عملی... ئەوا هەر بەجارێ ناکۆکە لەگەڵ دەقی ئەو پرۆژە زەردەی بەنێوی یاسای مافی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچەی کوردستانی تێکڕا/( قانون الحکم الذاتی لمنطقه کردستان المعدل)دا داویانەتە( صدام) !.. بەڵام ئێمە چاو لەو لایەنەی دەپۆشین کە ڕاستیەکەی قابیلی چاوپۆشین نییە، چونکە ( ڕەفتار بواری قسانە) و ( تەتبیقی عملی سەنگی مەحەکی تیور و بۆ چوونەکانە.. لای خۆمان ووتراوە:( خاس دەڵێ و خراو دەکا).. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خۆزیا و سەد شاڵڵا ئەو قسانە بەرنامەی کار و کردەوە و ڕەفتاریان بوایە و لە جینسی ( قول الحق یراد به الباطل) نەبوونایە ، ئەوسا نە خۆیان بەسەر ئەو تەڵەیە هەڵدەتەقاند و نە ڕەخنە ئۆباڵی مێژوویان دەهات

مل و بەو جۆرەش وەتاق نەدەکەوتنەوە و لەم دنیایەدا نەدەبوونە دۆست و هاوکاری ( صدام) و زەرەر و زیانێکی زۆریش بۆ کورد دەگەڕایەوە و ئیمڕۆ بزووتنەوەی کوردایەتی لە قۆناخێکی دیکەدا دەبوو.. و.. و .. و ئێمە قسەمان لەسەر دوا وتاری ئەو زنجیرەیەیە کە لە ٨/٦/١٩٨٤ دا بڵاوکرایەوە چوونکە هەرچی لەو ووتارەدا هاتووەتەواو پێچەوانەی ئەو سەرەتاس بەرچاوخستنانەیە کە ووتارەکانی پێش خۆیدا هاتووە و هەر بەتەواوی دژ و پێچەوانەی/ ضد و نقیض و دژ و دژواری یەکترین.. ئەوەی لەم باسەش بەدەنگمان دێنێ تەنها ئەو گەمە ڕەزا گرانە عەوام خەڵەتێنە و دیماگۆگیەتە سووک و ڕیسوایەیە کە بەسەر هۆش و هەستی جەماوەرەکەت دێنن و ئەسڵی هەموو چەواشەکەری و بەڵایەکە..

ووتارەکە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە (ی.ن.ک) گەمەی مفاوضات ناکات و بۆ نەخشەی حکومەت نایەتە ڕایە!. ئەمە لە کاتێکدا کە چەند مانگە حکومەت زۆر بە ئاشکرا و سووک و سەلیمانەش نەک ( گەمە) بەڵکوو ( قونە)ی مفاوضاتیشیان پێ دەکات و بەجۆرێ لە گەڵیاندا ڕەفتار دەکات هەتا کۆنە جاش ڕەشۆکیەکانی پێش ئەمانیش قەبوڵی ناکەن و دەردێکی بەسەش هێناون کە کەم وا هەڵدەکەوێ کەسێ لە خوێنیشدا گیرابێ ئەو سووکایەتییەی پێ بکرێ.. هەر پاڕانەوە و پاکانە و لۆژیکی/ منطق پڕ شەرم و شوورەیی ئەم ووتارەیان بەسە بۆ دەرخستنی ئەو زەلیلی و ڕیسوابوونەی بەسەر خۆیاندا هێناوە!.. بۆ دەبێ پێیان وابێ ئەم بەئسە بەوەندە بەزەیی دەجولێ و دڵی نەرم دەبێ کە( هەڵگیرساندنی جەنگ لەنێوان عێراق و ئێران دا هەم فرسەتێکی بۆ گەلی کورد هەڵخست ئەگەر بیەوێ سوود لە ناکۆکی ئەو دوو دەولەتە وەربگرێ و هەم فشار و زەختی عەسکەری لەسەر پێشمەرگە کەم کردەوە).. کەچی ئەمان لەبەر خاتری بەعس و ڕژێمەکەی صدام هەم ئەم فرسەتەیان لەدەست کورد داو هەم ئەمان فشار و زەختی عەسکەریان لەسەر پێشمەرگەی کوردستان زیاد و زیاتر کرد و شۆڕشی کوردیان بە شەڕی نێوخۆ و لابەلاوە خەریک کرد!؟.. بە جۆرێکی وا کە بەعس خاترجەم بێت و بێ ترس و دڵنیاییەوە لەوەی کە پشتی پارێزراوە لە جەنگەکەی لەگەڵ ئێران دا ڕۆچێ.. هەر ئەوە نی یە کە لە ووتارەکەدا زنجیرەی دەیان و سەدان بەڵگە سەر هەڵدات و وەک و نموونەیەکی بێ وەفایی و پێ نەزانین بەعس لەتەک هاوار و لالانەوەکانی دیکە بێتە زمان!..

بەڵێ:( ی.ن.ک) کە وەکو خۆی ڕایدەگەیەنێ کە ( گەورەترین هێزی سەربەخۆ و بە جورئەت...) بووە و خۆی خستۆتە خزمەت و بەختی بەعسەوە و " هەم فرسەتی

« هەڵكەوتووی لەدەست گەلی كورد دا و هەم " فشار و زەختی عەسكەری" لەسەر پێشمەرگەی كوردستان زیاد كرد و ئەمەش بەولای " بە جورئەت"یەوە و تا سنووری بێ ئابڕووی و پەردەی حەیا و حورمەت دڕینیشی بردووە.. كەچی هێشتا حكومەت حسێبی ( مەلا ماتۆر) و ( شێخ ستار) و گەلە جاشەكانی دیكەشیان بۆ ناكات و ( گەمەی مفاوضات) یان لەگەڵدا دەكات!.. هەر ئەوە نی یە زمانی حاڵی ووتارەكە لە داخاندا بڵێ ( هەزارساڵ بكەیت بێگانە پەرستی ئاخری هەر دەهێنی نشووستی!..).

بەڵام خێرا بەرەی ( جود) ی بەبیر دێتەوە و دەكەوێتە خۆهەڵدانەوە و دەڵێ:( بەپێچەوانەی هەموو درۆو دەلەسەكانی لایەنەكانی" جود» ەوە كە لە ئێرانەوە ئەوەڕین دەیان نەبەردی گەورەی لەسەرتاسەری كوردستاندا ئەنجام دابوو و شەڕی گەیاندبووە ئەو پێدەشتانەی كە لە شۆڕشی ئەیللولیشدا نەیگەیشتبوویە). دەی خۆزیا ئەوان ڕاستیان بكردایە و برەویان بەو ( دەیان نەبەردانە) بدایە و شەڕیان لەو ( پێ رەشتانە) توند كرداتە و بەعسیان بهێنایەتە سەرچۆك با لایەنەكانی ( جود) لە ئێرانەوە هەر بۆ خۆیان ( بوەڕینایە!!). دەبێ ئەو كاروانە دۆن كیشۆتیەی ئەوان بۆ لە( وەڕینی لە ئێرانەوە) بگەڕێتەوە؟؟؟ لە كاتێكدا وەكو دەڵێن ( یەكێتی نیشتمانی كوردستان نە لەڕووی سیاسییەوە نە لەڕووی پێشمەرگەییەوە لاواز نەبوو بەڵكو بەهێز بوو. شۆڕشی گەلی كورد لە مەترسیدا نەبوو..).

ئەدی دەبێ نهێنی كار و ئەم خۆبەدەستەوە دانەی ئەمان چی بوو بێ؟ ئەرێ ( وەڕینی) ێكی دەرەوەی سنوور بەشی ئەوەندە دەكات و عوزری ئەوەیە ( ی. ن. ك) خۆی ڕادەستی/ تەسلیمی بەعس بكات؟!. لێرەدا هەم وەك پاساو/ عوزرهێنانەوە و هەم وەك بەرتیلێكی سووک و ڕیسوا بە بەعس بەهانەی ئەوە دێننەوە و دەڵێن: ( عێراق لە مەترسیدا بوو، وە شۆڕشی گەلی كورد پێویستی بەوەستاندنی شەڕ هەبوو، بەڵكە عێراق پێویستی بە وەستاندنی شەڕ هەبوو!.)!!

كەواتە بەدەمی خۆیان و لەگەمان ووتاردا ڕایان گریاندووە كە (( كاربەدەستانی عێراق چەندین ساڵە خەریكی جێبەجێكردنی نەخشەی لەناوبردنی كوردن.. نەتەوەپەرستەكانی عەرەب كورد بەغەیب ئەزانن و بانگاشە/ ئیدیعا ئەكەن كە وەك میوان لەسەر ئەرزی عەرەب شانیشتوون لەبەرئەوە ڕێگە و شوێنی دەرپەڕاندنی و لەناوبردنی دائەنێن و بەشێكی زۆریشیان بە بەهانەی ئەمنی ستراتیجیەتی عێراقەوە جێبەجێ كردووە..)). كەواتە ئەمان بۆیە بەرەنگ عێراق و كاربەدەستانییەوە دێن و

شەڕیان لەگەڵدا ڕادەگرن لە پیاوەتی ئەوەی (( چەندین ساڵە خەریکی جێبەجێکردنی نەخشەی لەناوبردنی کوردن..))!!..

بۆ ئەوەیە ئەو فرسەتی لە ( ناوبردن کورد..)ە لەدەست کاربەدەستانی عێراق نەچێ و بکەونە سەربارتر( نەخشەی لەناوبردنی کورد..) هەتا دوا سەرەنجامی جێبەجێ بکەن!! ئەمان بۆیە کورد دەکەنە قوربانی(( نەتەوەپەرستەکانی عەرەب)) چونکە ئەو( نەتەوەپەرستانەی عەرەب )ی پێیان وایە کورد میوانی سەرخاکی عەرەبە و دەبێ بەدەرنرێن.. تا ئێسرە (( بەشێکی زۆریان بە بەهانەی ئەمنی ستراتیجیەتی عێراقەوە جێبەجێ کردووە)) و ئەم جەنگی عێراق و ئێرانە دەستی بەستوون کە ئەو بەشەی ماوەتەوە جێبەجێ بکەن.. جا لەبەرئەوەی ئەو( فرسەت)ەی جەنگی عێراق و ئێران بۆ کوردی هەڵخستووە نەبادا کورد بیقۆزێتەوە، بۆئەوەی دەرفەتی جێبەجێکردنی هەموو نەخشەکەیان لەدەست نەچێ( ی.ن.ک) کە ((لە ڕووی پێشمەرگەییەوە لە سەرکەوتندا بووە و هەم لە ڕووی سیاسیەوە لە هەڵوێستێکی بەهێزدا بووە و" ی.ن.ک" بە پێچەوانەی هەموو درۆ و دەلەسەکانی لایەنەکانی « جود" ەوە کە لە ئێرانەوە ئەوەڕێن)) بەهێز بووە.. شەڕی ڕاگرت و چووە ( گەمەی مفاوضات) ەوە!!.. دەشزانن کە بەعس ( کەڵک لە مفاوضات وەردەگرێ وەکو گەمەیەک بۆ تێشکاندنی شۆڕشی گەلی کورد، نەک وەکو شێوازێک/ ئوسلوبێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد)..

کەچی هەر سووریشن لەسەر ئەو» گەمە" یە و هەر پێیان وایە کە ئیمکان دەبێ حکومەت دەستبەرداری سیاسەتی شۆڤێنیانەی بێت و ئامادەن -( بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد و لابردنی زوڵم و چەوساندنەوە لەسەری..)_!.. دەی ئێستەش پێ یان وایە حکومەت " گەمەی مفاوضات" دەکات و ئەمان نایکەن؟!.. هەشتان بەسەر ئەمە گەمەی بێ بن کردنی سیاسی یە!!*

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

(*) ئەمە بەشێکە لە هەڵسەنگاندنێکی ئەو ووتارە و هەموو بەشەکانی لە فرسەتێکدا بە نامیلکەیەک دەخەینە بەردەستی خوێنەرانی هێژا.

**ئالا**

# پەڕێزی ئازاد

لەکۆتایی مانگی ئابی ١٩٨٤ دا بەهۆی هاوبیرانی سەرکردایەتی لقی ئەوروپای حیزبمانەوە، بانگەوازێکی خێرخوایانە و دڵسۆزانەی کاک ( ڕەوەند کوردستانی) مان گەیشتێ، کە بانگەوازێکە بۆ ( هەموو پارت و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی کوردستان، هەموو ڕووناکبیرانی کوردستان و هەموو کوردێک لە کوردستان و دەرەوەدا) بۆ پێکهێنانی « کۆنگرەی گەلی کوردستان»... ئێمە لە کاتێکدا دەستی ڕێز و حورمەتی دڵسۆزی دەنێینە سەر ئەم هەست و هەوڵ و دەست پێشکەریەی کاک (ڕەوەند) و هاوەڵانی و ئامادەگی تەواوی خۆمان دەردەبڕین بۆ بەشداری و پێکهێنان و سەرخستنی ئەو ( کۆنگرە) یە س هەر جۆرە و شیوەیەکی دیکەی پێک گەیشتنی دڵسۆزانی نەتەوەکەمان و داواش لە هەمووان دەکەین کە بە پیر ئەو بانگەوازەوە بچن و بیکەنە نوقتەیەکی دەرچوون/ انطلاق بۆ قۆناغێکی نوێی پێویستیی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان... حەزمان دەکرد دەقی ( ڤانگەوازەکە) بڵاوکەینەوە، کە بەداخەوە هەندێ گرفت و کۆسپی چاپەمەنی بەتایبەتی لەبەر درێژ بانگەوازەکە بۆچوون و بانگ ڕاهیشتن و داوایەکی هێژا و دڵسۆزانەو بەپێزە کە لەناخەوە هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

وا لەخوارەوە دەقی وەڵامی ( مەکتەبی ستاسی) بەڕێز حیزبمان و هاوبیرانی تێکۆشەری( سەرکردایەتی لقی ئەوروپا) مان بڵاو دەکەینەوە:

# ئەوەی مەکتەبی سیاسی#

برای بەڕێز و هێژا کاکە ( ڕەوەند کوردستانی)..

سڵاوی ئازادی و یەکسانی..

بە هۆی هاوبیرانی ( سەرکردایەتی لقی ئەوروپا)ی حیزبمانەوە ئەو بانگەوازەتمان گەیشتێ کە لە حوزەیرانی ١٩٨٤ دا داوتانەتە( هەموو پارت و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی کوردستان، هەموو ڕووناکبیرانی کوردستان و هەموو کوردێک لە کوردستان و دەرەوەدا) بۆ پێکهێنانی " کۆنگرەی گەلی کوردستان» .

پێشەکی دەستی ڕێز و قەدرزانین لەو گیان و هەست و هەوڵەتان دەنێین و بە کارێکی هێندە جوامێرانە و دڵسۆزانەی دەزانین کە دەشێ بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە خەباتی ڕزگادیخوازانەی میللیمان دەست نیشان کرێ و مژدەی ئاسۆی سەرفرازیی نەتەوەکەمانی تێدا بفامێنەوە...

حەز دەکەین بەم خاڵانە لە ڕاو و باری سەرنج و تێبینی خۆمان ئاگادارتان کەینەوە:

١ـ ئامادەگی تەواو تەواوی خۆمان ، وەک لە وەڵامی " سەرکردایەتی لقی ئەوروپا" مان دا هاتبوو، دووبارە دەکەینەوە و بە ڕەسمی ئاگادارتان دەکەینەوە کە هەموو توانایەکمان دەخەینە سەر " زخم"ی ئەم کارەپیرۆزە.مەبەست و ئامانجی پێشنیار کراوی " کۆنگرە" مان لا پەسەند و بەلای ئێمەوە دەست دەدات بژرێتە بنکەی تێک گەیشتنی هەموو دڵسۆزانی نەتەوەکەمان و سەرەتای کار و پاشان فراوان تر و لەبارتر و گەشەدارتریش کرێت.

٢- لەبەر بار و هەلومەرجی تایبەتی نێوولات و خۆمان هاوبیرانی" سەرکردایەتی لقی ئەوروپا" مان بە دەسەڵات و " تخویل" ی تەواوەوە ڕادەسپێرین و دەسەڵاتی نوێنەرایەتی کردنی سەرکردایەتی حیزبمانیان دەدەینێ کە بەشداری " کۆنگرە" کە بکەن و دەست لە هیچ و هیچ شتێ نەگێڕنەوە بۆ پێکهێنان و سەرکەوتنی " کۆنگرە» کە و خۆشمان هەر هەوڵ دەدەین- تا ئەوپەڕی توانامان - کە هاوبیرێکی ئەندامی ( مەکتەبی سیاسی) لەنێو وولاتەوە بۆ ئەم مەبەستە بنێرین.

٣ـ لەبەر پەرۆشمان بۆ مەسەکە و بە نیازی سەرکەوتنی ئەو هەوڵە ئەم تێبینی و سەرنجانەمان و ئەوانی دواتریش دەخەینە بەرچاوی بەڕێزتان..

آـ بەر لەم بانگەوازە و هەر لەم چەند ساڵەی دواییەدا چەند جارێک هەوڵی لەم چەشنە دراوە، هەرچەندە زۆر بەداخەوە و لەگەڵ ڕێزمان دا بۆ ئەو برا ا لایەیانەی بەم ئەرکە پیرۆزە هەستاون و هەمیشەش ئێمە ئامادەبووین ناچارین ئەوە بڵێین کە ـ ئەگەر نەڵێین هەمووی!- بەشێکی زۆریان یان بۆ خۆڵ کردنە چاو و لەباربردنی زەمینە و باری ئەو پێویستی یە بووە کە دەمێکە کاتی ئەوە هاتووە هەنگاوی بۆ بنرێت .. یان بەشێک بووە لە ( مزایدات) ی سیاسی و وەتاق خستنەوەی ئەم یان ئەو ناحەزە سیاسی یەی کوردی و کۆمەڵ و جەماعەتە.. یان هەر لە بنەڕەتەوە هەستی ( هەست بە مەسئولیەت کردن) و گومڕایی و بەرچاوتەنگیی سیاسی هەوڵە خێرخواکانی هەر لەسەر لانکەوە تاساندووە!!.. دیارە باری زۆر ئاڵۆزی مەسەلەی کورد و کێشەی تیراویی ناکۆکی و ناتەبایی و دوژمنایەتی شەخصی و حیزبی و بنەماڵەیی نامەوزوعیانە و نادروست و ناشەریفانەی هێزە سیاسییەکان بارێکی وایان پێش هێنابوو و هێناوە کە ئەم پێویستی و ئەرک و هەوڵە خێر خوایانە نەیەتە بەر و هەر داگیرکەر و ناحەز و گومڕا و دوژمنێکی نەتەوەکەمان بتوانن لەو گۆمە لیڵەدا مەلە بکەن.

ب- گەورەترین کۆسپ لەم سەرەڕێ یەدا ( مەرج و مەرج کاریی) و بەکارهێنانی مافی " ڤیتۆ" و داوای ناڕەوای دوورخستنەوەی ئەم لایەن یان ئەو لایەنە بووە، کە دەبێ بە هیچ جۆرێک لە کەسی نەسەلمێندرێ.. هەموو ئەوانەی لەبەرەی گەل و سەنگەری کوردایەتیدان، جا گەر بیر و بیرکردنەوە و ئایدۆلۆجیەتێژتان هەبێ و چ گچکە و لەسەر تاسەری کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش مافی چوون یەکی بەشداری کردنیان هەبێ و بە تەنیا ئەو مافە بەوانە نەدرێ کە چ وەک تاکە تاکە و چ وەک پارت و کلمەڵە بەشێک بن لە داگیرکەران و لەسەنگەری دوژمندا بن...

ج- زۆر جێی خۆیەتی و پێویستە کەس و کەس هەڵنەبوێردێ و داوەتی هەموو پارت و ڕێکخراو و کەسێکی دکسۆز بکرێ.. بەڵام هەرگیز مەرج نی یە هەمووان بەشدار بن یان پەکی کارێکی وا لەسەر نەهاتنی ئەم یان ئەو بخرێت. ئەوانەی کە ڕێتان پێ نادرێت بەشداری بکەن! و بەرژەوەندی تەسکی شەخصی و حیزبایەتیو کەف و کوڵی دەروونیی و زاتیی خۆیان پێش سوود و ئەرکی میللی دەخەنەوە و دڵی ناحەزان و داگیرکەرانی کوردستانیان پێ ناشکێ! و ئاین و ئۆینی بێ سەروپاقوت دەکەنەوە، نابێ سەروو ئیرادەی جەماوەر بکەونەوە و خەڵکانی دڵسۆز بچنە ژێر باریانەوە و بەر بە ویست و بڕیاری بەرەی دڵسۆزان بگرن. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ممکن نییە لە یەکەم هەنگاوەوە هەمووی ڕەگەڵ کاروانەکە کەون.. بۆیە بابێ کاروان لەسەر ئەوانە پەکی بکەوێت..

د- لەگەڵ ئەو ڕاستیانەی سەرەوەشدا بەرێزتان لە زێدە دڵسۆزی و جوامێری و هەستی سەر هەڵکردووی ڕەوای کوردایەتیتانەوە- و کەمێ لەبەر دووریتان لە ساحەکەوە- لەوانەیە هەندێ کێشە و گرفت و کۆسپی ناچاری و خۆڕسکیی زادەی کەڵەکەبوونی ناکۆکییەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بچووک تر لەوەی هەیە ببینن. یان لەنێو حسێبانی نەخەن، هەرچەندە بە ڕای ئێمە هیچ و هیچ شتێ سەروو ئەرک و پێویستیی باڵای میلکی ناکەوێتەوە کە ئەم کۆنگرەیە بەشێک و هەنگاوێکە لێ ی ، بەڵام لەبەرئەوەی هەمیشە شتەکان وەکو خواست و پێویست و بە لۆژیک/ منطق و (دەبێ و پێویستی) نایەتە پێش و لەبەرخاتری سەرکەوتنی ئەم هەوڵە و تا ڕۆژێ دێ پارت و ڕێکخراو و خەڵکەکە دەق و بارێکی گشتی و کار بە کۆمەل)و سەرتاسەربینی و " هەستی مەسئولیەتی کۆمەڵایەتی" ەوە دەگرن), دەبێ ئەو ( خوردەوات) انە بەرچاو بگیرێ و تا ئەو شوێنەی کار و ئەرکە سەرەکی و بنجیەکان پەک ناخەن پشوومان لەتەکیاندا درێژ بێ، بۆیە ئێمە پێمان وایە کە کارێکی بە ( بانگەواز) ێک و بەو پەلەیە پێک نایەت خوا نەخواستە و خوا بکات ئێمە لەمەدا بە هەڵەدا چووبین

و لەمەش ئاسان تر بێتە دەست - لەوانەیە کاری وا پەلە و پێش ئەوەی بناوانی چاک هەڵببەستریێ سەرەنجامی " سلبی" یشی هەبێ.. بۆیە زۆر بە پەرۆش و دڵسۆزی و ڕووی بەتەنگەوە هاتن و ویستی" جدی" یەوە پێشنیاری ئەوە دەکەین:
(١)_ لیژنەیەک ، سێ چوار کەس ، کۆمیتەیەک لە کەسانی پاک دامێن و ناحیزبی و ئایدیاڵی جیاجیا پێک بێت- هەر بۆ نموونە و ڕوونکردنەوە، نەک دانان و ڕا لەسەر دانی ئێمە، دەڵێین وەکو برایان " صەباحی غالبی، کەمال میراودەلی، دکتۆر کەمال عەلی، ئەنوەر( فەرهاد) شاکەلی، بۆزو ئەرسەلان، موحەمەد ڕەسول هاوار و ئیدی..- و ئەمانە ئەرکی ئامادەکردن و سازدان و خۆش کردنی « کۆنگرە" کە بگرنە ئەستۆ).
٢)_ سندوقێکی هەروا دەروێشانە لە پیتاک و تارمەتی و کۆمەکی پارت و ڕێکخراو و کەسانی خێرخوا دروستکرێ کە بەشی ئەوەبدە بکات پێویستی ماددی ئەرکی ڕاپەڕابدنی ئەم کارەی پێ مەیسەر بێ...
(٣)_ئەم بانگەوازە بکرێتە تەختی ڕایەڵی بانگەوازێکی فراوانتر کە( قاسم المشترک) ی بیروباوەڕ و فەلسەفە و ئایدۆلۆجی یە جیاجیاکان بێ و هەتا دەکرێ لە بیر و ئایدۆلۆجیەت و زاراوە و ڕەوش و سیاسەتی " محدد" و ڕەنگ بۆ ڕێژراوی ئەم لایەن یان ئەو لایەن خۆی دوور ڕاگرێ، بە زمانی ماتماتیک دەبێ بە ڕاستی( قاسم المشترک الاعظم)ی هەمووان بێت.
(٤)_ ئەو لیژنە، یا کۆمیتەیە هەموو پارت و ڕێکخراو و کۆمەڵە و کەسانەی دەستی پێدا دەگا بەسەرکاتەوە و لە نێزیکەوە ڕا و بیروڕایان لەگەڵ دا ئاڵوگۆڕ کات.. ئەمەش هێندە سەخت نی یە لە خوارووی کوردستان بە کەمتر لە مانگێک ئەو لایەن و کەسانە بەسەر سەرکرێنەوە، لە سووریا و ئەوروپا و شوێنانی دیش - کە بەشێکی زۆر ئەوانەی پێویستن بەشدار بن- وەگیر دێن.
(٥)بۆ بەرنامە و کارنامەی/ ورقة العمل کۆنگرە ئەوە بەرچاو بگیرێ کە لە کۆنگرەدا بڕیاری لەسەر بدرێ، هەر پارتو کۆمەڵە و کەسێ مافی ئەوەی هەبێ پێشنیاری خۆی پێشکەش کا و پاشان بە ئسوڵی دیموکراسیێتی بڕیار لەسەر ئەو ێشنیارانە بدرێ و بەرنامەی کۆنگرەکە دیار بکرێ.. بەرنامەی پێشنیارکراوی» کۆنگرە" لای بەرێزتانەوە ئەوەندە بێ کە ئەو خەڵکە لەژێر خێوەتێکدا کۆبنەوە تا لێک بگەن و بۆ خزمەتی مەسەلەی ڕەوای نەتەوایەتیمان کە مەسەلەی گشتی و بنەڕەتی و سەرەکی هەموو لایەکە، پێک بگەن و تا ئەو شوێنەی ئیمکان دەبێ توانای هەموو کورد لەسەرتاسەری کوردستان یەکخرێ و بۆ ( ئازادی و سەرفرازی) نەتەوەکەمان بەگەڕ خرێ..

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کە ئێمە تەنیا بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی ئەو هەوڵە مەردانەیە و بەنیازی ڕوونکردنەوە و زێدە ڕۆشنکردنەوەی هەندێ لایەن ئەم پێشنیار و سەرنجانەتان دەخەینە پێش چاو، ئەگینا پێشەکی ڕا لەسەر بوونی خۆمان و ئامادەگی تەواو تەواومان دەردەبڕین و جارێکی دی دەستی ڕێز و قەدرزانین لەو گیان و هەست و هەوڵە دەنێین..

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزماندا

هەر بژین بۆ کورد

**مەکتەبی سیاسی پارتی سۆسیالیستی کورد– پاسۆک -**

**١٩٨٤/٨/٢٥**

**وەڵامی لقی ئەوروپا**

بەڕێز کاکە « ڕەوەند کوردستانی ی»

سڵاوی ئازادی و یەکسانی..دەنگی زوڵاڵی دڵسۆزانە و هوشیارانەتان لەو بانگەوازە بەنرخەتاندا بەدەستمان گەیشت. لە دڵسووتانتان و بە پەرۆشی و وورياییتان بۆ کێشەی ڕەوای نەتەوەکەمان سوپاش و ڕێز و تەقدیریی بێ پایانی خۆمان دەردەبڕین و پشتگیری تەواوی حیزبمان بۆ ئەو بانگەوازە پڕ بایەخە ئاشکرا دەکەین. شادین بەوەی دەنگێکی دیکەی هەق پەرست هاتە پاڵدەنگی حیزبمان و خەونی چەند ساڵەمان هاتەدی و ڕۆشنبیرانی جەسوور و بەتەنگەوە هاتووی میللەتەکەمان ڕۆڵی پێویستی خۆیان دەبینن و ڕێبەر و ڕێ نیشاندەر دەبن و دەنگیان دەخەنە تەک هەزاران ڕاپەڕیو و خێرخوازی نەتەوەمان.

ڕووی مێژووتان سپی کرد و لاپەڕەیەکی هەرگیز درەوشاوە و پڕ شانازیتان بۆ گشت ڕووناکبیرانی نەتەوەکەمان تۆمار کرد هەر بەرخواردارین و وێنەتان فرە بێت. دەقی بانگەوازەکەتانمان نارد بۆ بەڕێزان هاوبیرانی( سەرکردایەتی گشتی ی پارتی سۆسیالیستی کورد) پاسۆک بەهیوای بە زوویی وەرامی ئەوانیشتان پێ بگاتەوە. تا ئەو کاتەش ئێمە بەنێوی لقمانەوە ئامادەی هەموو بەپیرهاتنێکەوەین و تکایە هەر ئەرکێکمان پێ سپێردراو چ پشکێکمان لە جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە پیرۆزە مەزنە بەرکەوت بەم نێونیشانە ئاگادارمان بکەنەوە.

سەرکەوتن بۆ ئێوە و سەرفرازی بۆ کورد

**پارتی سۆسیالیستی کورد / پاسۆک** **لقی ئەوروپا**

# ورشە

**لە ڕێگادا لەپێش ورشە بێدارەکان**
**هەموو پەردە و دیوارەکان شەرمەزارن**
**لە ناویانا.. ئاواتە سەوز و گەشەکان**
**دێنە بەرچاو**
**ڕەنگی زەرد و باز و ئامێر**
**کێڵگەی دێم و نسارەکان**
**بۆ یەکبوونی گشت ورشەکان**
**چاوەنوارِن..!**

# نامەیەکی کراوە بۆ داگیرکەران

تا چرای ئێمە نەسووتێ
ئێوە: هەرگیز ڕووناکایی
نابین بە چاوی خۆتان
تا ئێمە دیل و کۆیلە بین
هەر کۆت و بەند و دەکەین بۆتان
فڕمان دەکەن؟
هەشتان بەسەر!
فڕیش کرێین هەر دیلیمان لە کیس دەچێ
فڕیش کرێین هەر سەرکەوتووین
کوا لە کۆیلەی شەهید زاڵ تر
هەشتان بەسەر
دوای مردنیش
لێ ناگەڕێین ئاسوودە بن
لێ ناگەڕێین
کوردستانمان بکەن بە ماڵ
لێ ناگەڕێین
گۆشتمان بخۆن وەک قەل و داڵ
گەر هیچ نەبێ
دەبین بە خاڵۆزەی پێستان
زیوانی ناو دەغڵ و دانتان
دەبین بە وردە شوشە و زیخ
دەچینە ناو پارووی نانتان
دەبین بە مار بە دووپشک
دەخزێینە ناو قەدی نوێنتان
دەبین بە شێرپەنجە و میکرۆب
ڕەگ دادەکوتین لەناو خوێنتان
دەبین بە موو

له پەنجەی دەست و پێتان دێین
دەبین بە زێرووی هەزار پێ
دەم گیر دەکەین لە گەرووران
دەبین بە تامێسکەی سەر لێو
سیچکە سڵاوەی سەر پێڵووتان
هەشتان بەسەر
دوای مردنیش هەر دێینەوە
شایی بکەن
دەیکەین بە شین
پرسە دانێن
کاستان دەکەین بە پێکەنین
دەبین بە لەکەی زمان و
تانەی سەت چاو
دەبین بە مووی ناو خۆراک و
خڵتی ناو ئاو
هەشتان بەسەر
تا چرای ئێمە نەسووتێ
ئێوە هەرگیز ڕووناکایی
نابینن بە چاوی خۆتان
تا ئێمە دیل و کۆیلە بین
هەر کۆت و بەند دەکەین بۆتان

❊❊❊

# تا مل کەچی یەکی نەخستووین، با بۆ ئازادی یەکگرین

## ماڵاوا

**صەدام "حەکەم!**
**گورگ پاسەوان!**
**شوان دانی لە گۆشت جیڕە!**

مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە، کە ساڵێ بەو عەیامە لە گەرمەی ململانێی خێر و شەڕ، هەق و ناهەق دا، لە دوا گەڕی/ جەولەی نەبەردی ئیمامی زەحمەتکێشان و چەوساوان - عەلی دەنگی ویژدان و دادپـەروەری/ عەدالەتی مرۆڤایەتی- پاش پەنجاساڵ لە دەستەویەخەبوون و بەرەنگاربوونەوەی تاریکی/( جاهلیەت) و ستەمگەران و چەوسێنەران کۆم بوون و گەکە کۆمەکەی لەشکری زوڵم و زۆر، لە پاراستنی ڕووی گەشی بڕوای تازە هەڵاتووی دەق نەگرتوو و پارێزگاریی تروسکەی خێر و فەڕی بە بن گڵبانی هەوا و هەوەسەبووی ئاینەکە." عومەری کوڕی عاصی" ڕێوی کوڕی شەیتانی قوڕەیش فێڵی بەرزکردنەوەی قورئان و داوای « ناوبژی" و "تحکیم" ی وەک دوا تیری قەدەر گرتە لەشکری " عەلی" و بن پێی لاوازی ئەخیلی گرت.. هەرچەندە ئەو تیرە لەو سەدان و هەزارانـەی دیکە کاریگەرتر نەدەبوو و نەیدەتوانی کار لە دیواری ویست و خواستی ڕەوای عەلی و یارانی بکات، ئەگەر لەبنەوە کەسانی وەکو (ئەشعەسی کوڕی قەیس)ی گومڕا بە زێڕ و زیوی «معاویە" نەکڕدرابوونایە و وەک پواز لە قڵیشی لەشکرەکەی عەلی نەدرانایە!، و عەلیان ناچار نەکردایە ئەو هەقەی بە شمشێر هەڵدەهات، بەدژی بیر و ویستی خۆی، بخاتە ویژدانی مردووی " حەکەم" انـەوە!... و کە "عومەری کوڕی عاص"یش بووە حەکەم ئیدی زیرەکی نەدەویست کە کار بە کوێڕا دەگا!! و ئەوە بوو ئەو برینەی "عومەر" ی ( حەکەم!) کردیە گیانی ئیسلامەوە ئێستە و ئەوساش هەر خۆش نەبۆتەوە و نەبۆتەوە و نابێتەوە...

ئەو ڕاگەیاندنە بێ شەرمەش (صدام بە «حەکەم!" دەناسێ و بە "حەکەم" ی دادەنێ (ئەشعەڤێکی) دیکەی ئەم زەمانەیەیە و زێڕی "بنی امیە" ی بەغدا خەنجەری پێ لە پشتەوە دەوەشێنێ...

بەڵام جیاوازیان ئەوەندەیە هەرخۆی بەتاقی تەنیا دەبێ دادی بەرێتە بەر، چونکە دەمێکە گەل مێژووی کردۆتە ( حەکەم) و حوکمی مەرگ و نەمانی بەسەر خۆی و ڕژێم و حیزب و دەوڵەتەکەیدا داوە...

تا ڕۆژی جێبەجێکردنی ئەو حوکمەی مێژوو... ماڵاوا<><><>




## {{ئاڵای سووری کوردایەتی}}

**ئاڵای ژمارە ٢٩ شوباتی ١٩٨٥**

**ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک**

**(( پێش ئەوەی هەر شتێ بین، دەبێ.. کورد بین..))**

بابەت        ناوەررۆک

---


سەروتار        عەفواتی قەڵب سەربەساحیبی خۆیەتی

رازێکی کوردانە        سنورەکانی سایکس پیکۆتاکەی گۆلکە

پیرۆزی سامۆرا بێ؟

بانگێ لەسەنگەری  برایان ......

پاسۆکەوە

مشتەی ناو هەمانە  (هەندی پرسیارو وەڵام)

قوتابخانەی پاسۆک ئەرکێ کەچاوەروانی ئەنجامدانە

پەرێزی ئازاد

١/ بەعسی مێژوویەکی ڕەش وئایندەیەکی تاریک

(  کۆرەک)

٢/ بۆشکۆی یادی فلادیمیر مینۆرسکی مەزن

(عەلی )

٣/ ئەم کێوانە ،شیعر        وێڵ

ماڵاوا... دەبا لەو تاریکایی ڕابردوو ،ڕووناکی بۆ داهاتوومان بڕسکێنین

# سەرووتار

لە ناوەراستی ئەم مانگەدا بۆ پینەوپەڕۆکردنی باری ئالۆز و شەپڕیوی نێو خۆی و سینگ دەرپەڕاندنی فس فس پاڵەوانانەی ڕژێم و دەوڵەتە قرچۆڵە لەرزۆکەکەی و گەورەکردنی پەلەقاژەکانی ئەم دواییەی لە بەرەکانی جەنگدا ، ڕژیمە فاشیەکەی بەغدا بەناو (لێبوردنێکی گشتی ) بۆ « کەسانی/ افراد هێزە سیاسیە بەرهەڵستکارەنی عێراقی بڵاوکردەوە . دیارە ئەمە یەکەم جار نییە کە حکومەتە ئینقیلابچیەکانی بەغدا سۆزی سوڵتانی و ڕەحمی زڕباوکانەیان بۆ ڕۆڵە سەربزێو و یاخیبووەکانیان بتلیسێتەوە و لە (تاوانەکانیان) خۆشببین. ئەم پینەوپەڕۆیە پیشەی هەمیشەییان بووە .

ڕژێمی ڕەگەزپەرست و شۆڤینی بەعس دەبێ ئەوە بزانێ، کە ئەوە دەبێ لەبەردەم دادگای جەماوەر و مێژوودا بوەستێ و گەلی عێراقە کە ئەوان بە سزای تاوانەکانیان دەگەیەنێت، نەک ئەوان لە "تاوانەکانی"! کەسانی سیاسی بەرهەڵستکار خۆشبێت.

لەوانەیە ئەم پەردە شانۆیی و دەهۆڵە دڕاوەی ئەمجارەی بەعسییان کەمێ ڕوویان لای کۆنگرێسی ئەمریکی و ڕۆناڵد ریگان سپی کاتەوە . یا هەرنەبێ تەنگەتاوی/ ئیحراج ئەو ڕاپۆرتە تازەگیەی کۆنگرێسی ئەمریکی لەمەڕ مافی مرۆڤەوە بۆ پروپاگەندە و بانگەشەی درۆ ، دەریان هێناوە چەندیش دەبێ هەوڵیان دابێ کەچی رژێمەکەی عێراق هەر کەوتۆتە دامێنی هەرە خوارەوەی دڕندەیی سەرجەم رژێمە پیاو کوژەکانی دنیا .

کەمێ ئەو تەنگەتاوییە لەبەردەم ڕۆژنامەگەریی دەم هەراشی ئەمەریکاییان دا کەمتر کاتەوە..! یا ئەم خۆ تاسولووس دانە و مکیاجی "دیموکراسیزم"ەکردنی ڕژیمەکەیە بۆ ئەوەی لە یانەی وڵاتانی بەناو دیموکراسی جێی خۆی بگرێ !.. هەرچەندە ئێمە دڵنیاین کەسێ نابێت بەم دەهۆڵە دڕاوە هەڵپەڕێ و دەنگیشی لە کەلاوەکانی کۆشکی تاوانی کۆماریی و مێشکی نەخۆش و دەروونی ئالۆزی خۆیان تێپەڕ ناکات ، بەڵام هەر بەتوندی ئەم تەڵە ڕاگەیاندنییە/ ئیعلام بەدرۆ نراوەیەی ( سەدام ) ڕیسوا دەکەین و ئەو پیلانە گڵاوە نوێیەش لەتەک ئەوانەی دیکەدا گۆڕ دەکەین و داوا ( ڕێگا ناوی) ەکەی دەدەینە دواوە.

سەدام و دارو دەستەکەی پێیان وانەبێ بەم ئاراییشگەری و ڕەنگی خۆ سپی کردنەوەیە، لەم دوا دوایەی تەمەنی ناموبارەکیاندا، توێشویە بۆ پاشەڕۆژی شکست و داهاتووی ڕمانیان دەخەن، تا لە دەستی عەدالەتی جەماوەر رزگاریان بێ. ئەوانە دەبێ رۆژی تۆڵەی هەزاران تاوانی هیتلەر ئاساییان لە دادگای گەل و مێژوودا سفت

و ڕێک لێ بسێندرێتەوە و لە ڕەگ و ڕیشەوە لەبن دەربهێنرێن، بۆیە بۆخۆیان وا چاکترە لە بیر و خەیاڵی ڕێگەنەجاتێکی دیکەدا بن تا وەک شای گۆڕبەگۆڕیان بەسەر نەیەت، کە ئەم دنیا پان و بەرینە نەیدەگرتە خۆی..

ناکۆکی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعسی و جەماوەری گەلی عێراق و کوردستان لەو جۆرە ناکۆکییە لاوەکی و سانەویانە نین،کە گفتوگۆ و خڕبوونەوەی دەوری مێزی خڕی ، ئاشتبوونەوە و لێبووردن و بەلایاندا بخات .

ئەو ناکۆکییە ناکۆکییەکی سەرەکی و بنچینەیی و چارەنووسساز و ژیارییە، کە تەنیا بە لوولەی تفەنگ چارەسەر دەکرێ و بەڕمانی ڕژیمە ڕەگەزپەرستەکە و تۆو بڕکردنی بیری ڕەگەزپەرستانەی فاشزمی بەعسییانی عەفلەقی کۆتایی پێدێت. تاکە مەیدانی ئیمکان و ڕەخساو و کاریگەیشی هەردەستە و یەخەوە بوونی چەکدارانەی ئەو ڕژێمەیە. کە شۆرشی نوێی کوردستان بۆ نۆ ساڵان دەچێ ئاڵا هەڵگری ئەو ئەرکە مێژووییەیە.

ئیمڕۆ کە سەرجەم هێزە پێشکەوتوو و دیموکراتی و نەتەوەیی و ئاینییە شۆرشگێڕە دڵسۆزەکانی عێراقی و کوردستانی ـ زۆر بەداخەوە جگە لە یەک هەڵاواردن، ئاوارتە/ استثناء ! لەو مەیدان و سەرەرێیەدا بۆ ڕمانی ڕژێمەکە دەجەنگن و خەبات دەکەن .

جەماوەری گەلەکەمان  زۆر لەوە هۆشیارترن کە بە پێکەنینی زاڵم و خۆ ڕێچ کردنەوەی فاشیست و چنگ و پەلی نەرمۆڵەی دیکتاتۆر فریوو بخۆن و بەپێی خۆیان بچنە بەر ڕەحمەتی چەقۆی ڕەگەزپەرستان ... لێبووردنی/ عافوات قەڵب، وەک ماڵی قەڵب  سەر بە ساحیبی خۆیەتی و ئەم پیلانەشیان ، وەک زۆری دیکەیان ،بەتۆپیووی لەدایک بووەو دەبیت تازووە گۆری بۆ وەدۆزن .....

# ڕازێکی کوردانه

**{{ سنوورەکانی سایکس پیکۆ ، تاکەی گۆلکە پیرۆزەی سامۆرا بن}}؟..**

هەڵکەوت و پێگەی جوگرافی کوردستان وابووە کە لە کۆن و نوێدا هەر داگیرکەرە و ملهوڕێ دەستی پێیدا گەیشتبێ، وەک بەشە میراتی بابە تۆپیوی، ئەوەندەی بۆی لوا بێت چەقۆی تێناوە و بەشێکی لێدابڕیووە.. هەرچەندە ئەم دیاردەیە لە مێژووی کۆنی ناوچەکە و دنیاشدا لێرە و لەوێ بەرچاوان دەکەوێ و نمونەی هەن. بەڵام بەو ئەندازە و شێوەیەی کوردستان پان و بەرین و سەرتاسەر و بەردەوام نەبووە، یا هەرنەبێ لە دوای سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەوە بەرەبەرە شوێنەواری بەدی ئەو داگیرکردن و دابڕین و پارچەپارچەییە بەرەو نەمان چووە و خاوەن ماڵ بە زۆربێ و بەخوایشت بووبێ، بەسەر کەلاوەی خۆیدا ڕاگەیشتووە و نیشتیمانە مێژووکردەکەی خۆی دەست خستۆتەوە.

کوردستان لەساڵی ١٥١٤دا پاش جەنگی چاڵدیرانی نێوان دوو ئیمپراتۆریەتی ڕەشی عوسمانی و سەفەوی خەتی دابەشکردنی کێشراوە. دواتر لە ساڵی ١٦٣٩دا بەپێی پەیمانی "ئەرزرۆم" ی نێوانیان کوردستانیان بە فەرمی لەنێوانیان دابەشکرا و هەر بەشەی خرایە سەر یەکێ لەو دوو ئیمپراتۆرییەتە داگیرکەرانە.

ئەو سنوورانەی ئیمڕۆش بەرهەمی ئەو پەیمانە نهێنی و پیلانە گڵاوەی کۆلۆنیالیستی ئینگلیزی و فەرەنسایە کە لە ساڵی١٩١٦دا لە نێوان ئینگلیز و فەڕەساوییەکاندا بۆ دابەشکردنی میراتی پیاوە نەخۆشەکەی تورکیا ـ کە کوردستان بەشێک بوو لێی ـ ، بەستراوە و دواتر ڕووسەکانیش خۆیان تێ ڕۆکرد ، کە بە پەیمانی "سایکس پیکۆ"ی بەدناو ناوی زڕاوە.

کەواتە خەت کێش و ڕەنگڕێژ و ئەندازیار و بنیاتنەر و تەلبەندکەری ئەو سنورانەی ئیمڕۆ کۆلۆنیالیست بووە و جێبەجێکەر و پاسەوانیشی ئەو ڕژێمە ئەڵقە لەگوێ و دەسەننانەی کۆلۆنیالیستی/ استعمار بوون و پارێزەرانی ئیمڕۆکەشی لە هەر لایەک بن و بە هەر ناوێکەوە بن ، ئەو گەرا تروکاوانەی کۆلۆنیالیستن کە ناوە ناوە بەرگی کوردی و ڕەنگی پێشکەوتخوازیش لە خۆدەدەن .. !.

هەموو کوردیکی نیشتیمانپەروەری دڵسۆز و بەشەرەف دەبێ ئەوە بزانێت کە تەلبەندی نێوان نەتەوەی کورد، ئەو سنورە دەستکردە نامرۆییانە، ئەو تەوقە دیلیەتییەی ملی کورد و چەپەرانەی نێوان کوردستان، دەسکرد و دەستیاو و میراتی کۆلۆنیالیستە...، و هەرکەسێ بە هەر ناو ناونیشان و بۆ هەر مەبەستێ بەرگریان لێ بکات یا هەوڵی داچەقاندن و سەپاندن و " تکریس"یان بکات، یا پێیان قایل بێت هاوبەشی / شەریکە بەشی کۆلۆنیالست و پاسەوانی ئەو میراتە بۆگەنەیە ...

کارمان بەوەوە نییە و مەسەلەکەش ئەوە نییە، کە کورد دەتوانێت ئیمرۆ ئەو سنوورە دەسکردانە تێک بدات و ئەو تەوقە عەزازیلەی کۆلۆنییە لە گەردنی ئاڵاندووین و ئیمرۆکە داگیرکەران پارێزگاری دەکەن لەملی خۆی داملێ یان نەء !!!.. قسەشمان لەسەرئەوە نییە چۆن و بە چ ڕێگەیەک دەتوانرێ ئەو شوێنەوارانە بسڕدرێتەوە و ئەو واقیعە سەپاوە، ناڕەوا، ناسروشتییە هەڵتەکەندرێت و چی لەشوێنیدا بنیات نرێ؟!. ئەمانە بۆخۆیان قسە و بێنە و بەردە و لێکدانەوە و ئیجتیهادی جۆراو جۆر هەڵدەگرن و قبوڵ دەکەن. بە مەرجێ لە زەمینەی ڕەتکردنەوە / ڕەفزی ئەو واقیعەوە دەست پێ بکرێت...

ئەگەر نەڵێین ئیجتیهاداتی جیاجیا لەم بوارەدا مەسەلە و فیکری کوردایەتی دەوڵەمەند دەکات و رێگەی جۆراو جۆر دەنێتە بەردەم جەماوەر و لە سەرەنجام دا و لە ڕێگەی کارلێکردنی / تەفاعول ئەو ڕاو بیر و بۆچوونانە،ڕێگەی هەرە دروست و کەم خەرجی و مسۆگەر گەڵاڵە دەبێ. هەر نەبێ بەلانی کەمەوە خاڵی ناوەندی مەسەلەکەمان و ئیرتیکازی خەباتەکەمان و دەرچوونی/ انطلاق بزوتنەوەکەمان بۆ دیاری دەکات و " ئامانج و ڕوانگە/ منطلق و ڕێبازی" دروستی کوردایەتی لەتەم ومژ و ئاڵۆسکاوی و لێهەڵوەشاندنەوە / تناقضات رزگار دەکات ... هەر ئەوساشە کە دەتوانین دۆست و دوژمنی ستراتیژی و تاکتیکیی خۆمان دیاری کەین.. و ڕەنجی کوردایەتی وەک ئەو چارەکە سەدەی خەباتی ( حوکمی زاتی ) بە فیڕۆ نەچێ ...!.

بەڵام ئەوەی کە لە حوکمی بەڵگەنەویستەوە/ بەدیهی شەقڵی شەرەفی هەر مرۆڤێکی کوردە سەر بە هەر بیروباوەڕ و فەلسەفە و کۆڕ و کۆمەڵێ بێ، ئەوەیە کە ئەو واقیعە ناپەسەندە بەزۆر سەپاوە،کۆلۆنیالیە گڵاوە بە توندی و

بێ چەندوچوون و زمان گرتن بداتە دواوە. وەک پەنجاوپێنج ساڵ لەمەوبەر جەماوەری ڕاپەڕیوی شاری سلێمانی لەبەر " دەرکی سەرا " ڕەتیان کردەوە و بەرگرییان لە کوردستانییەتی خۆیان کرد. ئەو ڕوانگە / منطلق و مەیدان و ئەرکە لە هەر بوار و مەیدانێکی دیکەدا لە بەگژاچوونەوەی زوڵم و زۆر و نارەوایی و کۆلۆنیالیست دا بەرفرانتر و پر شەرافەتتر و پێویستتر و گرنگترە. ئەم مەیدانەیە کە دەستە و یەخەبوونی ئیمپریالیزم و داگیرکەری لە ڕووی کردەکی / عەمەلی و ڕاستیدا تێدا ئیمکان دەبێ و بواری بەڕاست دەرچوونی ڕاگەیاندنە زۆر ژیکەڵە و باو بریقەدارە هەردەم بەسەردەمەوە بووەکەی دژایەتی و بەگژاچوونەوەی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمە..

ئەمە مەیدانی ڕاستەقینە و ڕاست و دروستی "بە درۆ یا ڕاست دەرچوونی" شیرهەڵکێشانی دۆنکیشۆتانە یا شۆڕشگێڕانەی دژایەتی ئیمپریالیزمە .. لێرەدا ئەو ڕاگەیاندنانە تام و شام پەیدا دەکەن، مەعنا و و مەبنا بەخۆیانەوە دەگرن. ئا لەسەر مەحەکی ئەم مەسەلە هەرە گرنگ و ناوەندی و زیندوو و(مجسم ) و( مجسد)ەیە ( پیاوی دەم و بانگەشەی شەعبەدەبازی و بارەی بە درۆ ) و (مەردی مەیدان و هاواری دڵسۆزانە و نیەتی شۆرسگیرانە)تاقی دەبێتەوە... با (بت و بتخانەی) ئەو کیانە سیاسییە داگیرکەرە زۆڵەکانە لەبیر و هەست و هۆشی هەموو کوردیکدا بشکێنرێت، پەردەی بێ حورمەتی بەسەردا کشاوی ئەو سنورانە داکەوێ و عەیب و عاری داگیرکردنی کوردستان بە دەرکەوێ، هەر نەبێ با لە ڕووی مینۆکییەوە/ معنوی و ئیعتبارییەوە بانگی ئیفلاسی نرخی ئەو سنوورانە بدرێ .. با هەمووان تێبگەن کە ئەو سنوورانە گۆلکە پیرۆزەی سامۆرانین و ئەوەی بەلایاندا بچێ تەلاقی نیشتمانپەروەریتی نا نیشتمانپەروەری خۆی و بابی ناکەوێ!..

# بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە

**برایان ..... !**

قسە ئەوەندە وترا ئەوەندە کرا بێتام بوو، خۆ لە باس وخواسی(بەتلیمۆس) و تیۆری(ئەنیشتاین) و زێدەبای (مارکس) و (جەبر و ئیختبار)ی موعتەزلاندا نین سەلماندن و نەسەلماندن و بگرەوبەردە هەڵگرێ !..

گەر خۆ بە هەڵەدا نەبەین و جەماوەرەکە چەواشە نەکەین، قسە بە دوو بست و لەتێ دەبڕیتەوە و ڕاستی بەسەر هەڵێنانی بەدەر دەکەوێ. ڕژیم و حیزب و دەوڵەتی عێراق، فاشی و ڕەگەزپەرست و داگیرکەرن، هەڵکەوت و خەسڵەت و سروشتی فاشیەتیشی لەوە ئاشکراترە گفتوگۆ هەڵگرێ. بەدەرکەووتووە و تاقی بۆتەوە کە ئەوانە جگە لە دوژمنایەتی و ئاگر و ئاسن و توانەوە هیچیان بۆ کورد نەپێ بووە و نەپێیە و نەپێ دەبێت!.

ئیدی تاکە ڕێگە و فرسەت ودەرفەتی پێشمان بەرەو ڕووبونەوە و بەگژاچوونی چەکدارانەیە،نەک گرتنەبەر، هەتا بیرکردنەوەش،لە هەر ڕێگەیەکی دیکە خۆفریودان و خزمەت بەو دوژمنەیە. ڕیگەی دروست و ڕاست دەستە و یەخەبوونەوە، نیشانەی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و بەرچاو ڕوونی و هەڵوێستی شۆڕشگیرانەیە لە ڕژێم کە کەمتر لە ( ڕمانی ) هەڵناگرێ. زامنی سەرکەوتنی یەکێتی و یەکگرتنی هەموو هێزە بەرهەڵستکارەکانە و بەس.

چاوەڕوانی سەرنەرم بوون و ڕەحم تلێسانەوەی فاشست، خەونی کودەتاکاری عەسکەری و گۆڕانی سەرەوەی/ فەوقی ڕژێم و خەیاڵی گەمەی نێو دەوڵەتان و فاکوفیکی پیلانی ئەو دیوو پەردەی دەوڵەتی و چاوەچاوی دەستی ئەم و ئەو، جگە لەوەی چاوەڕوانی و خەون و خەیاڵێکی پووچە دوورە لە هەموو بەها/ قیم و گیان و هەست و باوەڕ و ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانە و لە ناکامی و ڕەنج بەخەساری و مەینەتی و نەهامەتی بەولاوە لێ شین نابێتەوە. بۆیە لەم قۆناغە ناسک و چارەنووسسازەدا( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) لە بەرامبەر بەرپرسایەتییەکی مێژوویی گەورەدایە، یان ئەوەتا وەک هێزێکی سیاسی دەستبەرداری (نهج) و (ڕێباز) و (سیاسەتی) پێشووی خۆی بێت کە بە تاقیکردنەوە و لە مەیدانی کاردا بۆ خۆی و هەموو دنیا نادروستی و

زیانباری و بێ ئاکامی دەرکەوتووە و لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕ و دڵسۆزەکانی دیکەی کوردستانی و عێراقی دەست لە نێو یەک نێن و پاشەڕۆژ و چارەنووسی گەلەکەمان لە کەندەڵان و بەدبەختی نەزانراو رزگار کەن ... یان ئەوەتا هەر لەسەر حیکایەت و ئاوازەکەی خۆی بەردەوام دەبێت بە وەش پارسەنگێکی دیکە دەنێتە سەرتای تەرازوی فاشیەت و کۆسپێکی گەورەی دیکە لە پێش بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و دیموکراسی عێراق دەنێ، کە هەتا هەتایە وەڵامگۆی بەردەمی جەماوەر و مێژوو دەبێت .

حەز دەکەین بە جورئەتی شۆڕشگێڕانە ئەوە بڵێین کە ئێمە نامانەوێ دەستە چەورەکان هەمووی بە ( یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) یدا بسڕین و بەمە خۆمان و خەڵکی دیکە بێ گوناح و بێ سووچ پیشان دەین ... ئێمە ناڵێین خەڵکی هەمووی مەڕی پێغەمبەرن و ئەوان ئاگری قورەت ، بەڵام هەموو ڕیز پەڕیەک لە ( کۆ/ اجماع و ڕای گشتی بۆ خۆی لادانە. بە تایبەتی ئەگەر ئەو کۆدەنگییە لەمەڕ مەسەلەی میللی و چارەنووسی گەل بێت....

یەکێتی و غەیری یەکێتی تەنها بە هاوکاری و برایەتی و تەبایی و گیانی دیموکراسیانە و پشوودرێژی / تحمل کردنی ڕاو بوونی غەیری خۆیان دەتوانین خزمەتی شایان و بەرچاوی کورد بکەن و شەرەفی پیرۆزی کوردایەتی و شۆڕشگێڕایەتی بە خۆیان ببڕن. هەموو چەوتە ڕێیەکی دی مل بە هەڵدێرەوە دەنێ.

کاتیش ئەوەندەی بە بەرەوە نییە بە گەمەی گفتوگۆ / مفاوضات و خۆ تۆراندن و قسە و بەیاناتی حەماسەت ئامێزی بێ ناوەرۆک بە فیڕۆ بدرێت.

فاشیەت تابێت جیڕتر دەبێتەوە، بێگانە چاوی چاوچنۆکی / تماع لە وڵاتەکەمان کراوەتر دەبێت. ئەڵقەی پیلانی نێو دەوڵەتان تەنگتر دەبێتەوە و گەمارۆی بزووتنەوەی شۆڕش و میللەتەکەمان قایمترو ئەستوورتر دەبێت.. نەگبەتی لە هەمووی خراپتر جەماوەرەکە بەرەو نائومێدی وبێ بڕوایی و هیوابڕان دەڕوات .

دەبێ ئیتر ( یەکیەتی نیشتیمانی کوردستان) چاوەڕوانی چ بکات؟!.

**پێشمەرگەیەکی پاسۆک**

# مشتەی ناو هەمانە

چەند پرسیارێکمان لە هاوبیرانەوە بۆ هاتووە کە هەر هەموویان لە دەوری یەکشت دەخولێنەوە ، لە ناویاندا پرسیارەکەی هاوبیر ئاکۆ دەکەینە  بنکەی وەڵامی ئەوانی دیکەشیان .

**هاوبیر ئاکۆ دەپرسێ:**

**+ پرسیار: بە چ دینێ ڕەوایە  کە ( بزووتنەوەی نیشتیمانیی عێراقی بە بەشێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی عەرەبی ) دانرێ و واش ڕاگەیەندرێ کە ( خەباتی بەشێکە لە خەباتی گەلانی عەرەبی و دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی).... ئایا ئەمە ئیلغاکردنی ژێربەژێری/ ضمنی بوونی نەتەوایەتی کورد و خەباتی کوردایەتی نییە؟ ... ئەگەر ئەمە وابێ ئیتر ئەم ، کورد کوردێنە  و «حوکمی زاتی» و ڕەنگی تایبەتێتییە چییە هێزە سیاسیەکانی کورد بانگاشەی دەکەن؟. ئەرێ چاترنییە  ڕاگەیاندنی کورد نەبوونی خۆمان بکەین و خۆمان و خەڵکی دیکەش بحەسێنینەوە؟؟.**

**# وەڵام:** ـ ئێمە هەق بە هەر کوردێ، بەتایبەتی بە هاوبیرێکی پاسۆک دەدەین ، کە لە ئاست شتی وادا خوێن بیگرێ و ڕادەربڕێت و بەرگری لە کوردبوونی خۆی بکات. ئەمەش ئەرک و شەرەفێکە سەرووی هەموو شتێکی دیکە دەکەوێتەوە و ئێمە کە ئەمەمان دۆڕاند، هەموو شتەکانی دیکەشی بە دوودا ئیفلاس دەکات..

جا ئێمە  لە وەڵامی پرسیارێکی وا تورەی ڕەوا زۆر بە هێمنانە وەڵامی دەدەینەوە، تا هیچ بەدنیهادێ بەدیوێکی ناڕەوادا بۆمان لێک نەداتەوە ، ئەگینا پرسیارەکە بە دوو وشە وەڵام دەدرێتەوە و هیچ درێژ دادڕی ناوێ، هەر بڵێ: نەخێر و نا واللە و نە ئەشەمبیلا نەوایە و نەوا دەبێ و نەتەڕەماش.. بەهەرحاڵ با ئێمە ورد سەرنجی خۆمان دەربڕین:

١ـ هیچ گومان لەوەدا نییە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوە و گەلانی چەوساوە و داگیرکراو زنجیرەیەکی پێکەوە بەند و نەپساوەن و کۆی خەباتی ڕزگاریخواز و دیموکراسیانەی ئەو نەتەوە و گەلانەن کە بە ڕووی زوڵم و ستەمی ناڕەوای داگیرکردن و چەوساندنەوە و ئیمپریالیزم و دار و دەستەکانیدا وەستاونەتەوە و بەرەو ئاسۆی ( دیارکردنی مافی چارەنووس) و سەرفرازی سەربەخۆیی و ئاشتی و ئاسایش و یەکسانی و هەمهەنگی نێو گەلان شەقاو هەڵدەگرن، کە هاوسەنگەر و هاوچارەنووسن لەگەڵ هێزەکانی ئاشتیپەروەر و دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی و بزووتنەوەی کرێکارانی جیهانی و بەرەی سۆسیالیستخواز و مرۆڤدۆستانی دنیا.

بزوتنەوەی(کوردایەتی)ش کە بزووتنەوەی هەقخوازی مێژووکردی جەماوەری نەتەوەی کوردە( کە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا بەشێکە لێی) بەشێکی گرنگ و بەرچاوی بزوتنەوەی گەلانی چەوساوە و داگیرکراوە. ئەگەر نەڵێین دیاریتریانە. یەک لە دیاریترین ئەو بزووتنەوانەی دنیایە بە پێی ئەم بەڵگە و واقعانە:

یەک ـ نەتەوەی کورد گەورەترین نەتەوەیەکی سەر ڕووی ئەم ئەرزەیە تا ئیمڕۆکە ئاخەلێوی سەدەی بیستەمە لە مافی سروشتی ژیان و ( دیاریکردنی چارەنووس) و مافە دیموکراسییەکانی و هەتا مافە مرۆڤایەتییەکانیشی بێبەش کراوە و لێی زەوت کراوە!..

دوو ـ کوردستان نیشتمانی مێژووی کورد، ئیمڕۆ گەورەترین سەرزەمینێکی کۆلۆنیالکراو و داگیرکراوە( پەنجا ئەوەندی لوبنان و شازدە ئەوەندەی بەلجیکا دەبێ)!.. کە تا ئیمڕۆ داگیرکەرانی ڕاستەوخۆ لەسەر کۆڵەی سنگییەتی.

سێ ـ لەسەرتاسەری کوردستان دا نەتەوەی کورد لەبەردەم سیاسەتی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و بێبەشکردنی لە کەمترین مافی مرۆڤایەتییە و تا هەوڵیلەنێوبردنی و توانەوەی نەتەوایەتیدایە کە لە کوردستانی عێراق دا لەژێر پاڵەپەستۆی ڕەگەزپەرستانەترین سیاسەتی شۆڤێنییەتی کردنە عەرەب / تعریب دایە ڕێک نیوەی کوردستانەکەی دابڕاوە و ئەوەی زایۆنیزمەکان لە بەرەی خۆرئاوای فەلەستین / الضفة الغربية بە نیازن و بەعسی عەفلەقی ڕەگەزپەرست کردوویانە و لێشیان تێ پەڕاندووە!..

چوار ـ هەمیشە نەتەوەی کورد بەدەستی ڕاستەوخۆی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم و ناڕاستەوخۆشی کە ڕژێمە داگیرکەر ر کۆنەپەرستە چەوسێنەرەکانییەتی ڕەتێنراوە و کوتراوە و چەوسێنراوەتەوە ، بۆیە ئەو خوباتەی کوردایەتی بەڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە جەوهەردا دژی ئیمپریالیزم بووە و لەمەدا کورد لە پشکی خۆشی پتر ئەرکی بەرەنگاربوونەوەی هێزی ڕەش و شەڕخواز و ئیمپریالیزمی هەڵکەوتووە لە هەموو گەلانی دنیاش – بێ پشت و پشتیوان و بێ داڵدە بووە و ئەم جەنگە پیرۆزەی بە ئەرک و زەحمەت و لەسەر ورگی خۆی کردووە و کەسی نەک هەر قەرزی هەتا تەکلیفێکی شەرعی مرۆڤایەتیشی بەسەرەوە نییە... بۆیە هەرگیز لە خەباتی کەسی دیکە کەم ڕەنجتر و کاڵەوەبووتر و بێ شەوق و تینتر و بێ بایەختر نەبووە و

نییە. تا وەک گۆشتی سەر چەپەر چەمەلغی کەین بۆ ئەوەی شەوق و شەرەفی بۆ بخوازینەوە...

پێنج ـ شێوە و جۆری چەوساندنەوە و لەنێوبردنی بوونی نەتەوایەتی کورد بە ئەندازە و شێوەیەکە، کە کەم نموونەی لەسەرتاسەری مێژوودا هەبێ ( داگیرکەرانن وەک فاشیست و نازییەکان قەڵاچۆمان دەکەن، وەک زایۆنیزمەکان لە خاکی باب و باپیرانمان بەدەرمان دەنێن وەک خاچ پەرستان غەزامان دەکەن، وەک سوور پێستەکانی ڕۆدیسیا بەها و وڵاتی پلە هەزار و سێ، سێ پلە لەژێر هاوڵاتی ئاساییەوە دادەنرێین، دەمانکەنە جەردە و ڕێگر و کافر و شعوبی و جیاخواز و ئیسرائیلی دووەم و هەموو شتێ هیچیشیان نین کورد نەبێ!.. داگیرکراوین، دابەشکراوین ، ڕەتێنراوین، دەرپەڕێندراوین... هتد.

٢ـ ئێمە پێمانوایە سەرفرازیی کۆمەڵگەی کوردەواری بەشان و باهو و خەباتی جەماوەری زەحمەتکێش و دڵسۆزانی گەلەکەمان دێتەدی. هێندەی ئەوەش باوەڕمان بەوەیە بە تایبەتی لەم قۆناغ و سەردەمەماندا کە ستەمکاران و چەوسێنەران و داگیرکەران و ئیمپریالیزم بەرەیەک پێک دێنێت و کۆڵیتەکانیان یەکە و یەکخستووە. دەبێ گەلانی ژێردەستە و داگیرکراو و چەوساوە و هێزی ئاشتی و دیموکراتی پێشکەوتووخوازی دنیا سەنگەر و بەرە و چارەنووسیان یەکخەن. یەک لە مەرجە هەرە گرنگەکانی سەرکەوتنی خەباتی هەر گەل و نەتەوەیەک ئەوەیە کە توند خەباتی خۆی لەگەڵ بەرەی گەلان داگرێ دا و توانای یەکخات. کە دیارە ئەم حوکم و بەڵگەنەویستە چەندجار لەمەڕ بزووتنەوەی کوردایەتی ڕاست دەردەچێ و پێویستییەکی ژیاریشە/ حیاتی، بەڵام ئەمە هەرگیز مانای لەدەستدانی تایبەتمەندییەکانی نەتەوایەتی و خەباتەکە ناگەیەنێ و بەوەش ئەوە نایەتە دی.. بە پێچەوانەوە دەبێ گەشەدان پێ بە تایبەتی/ الخاص لە چوارچێوەی گشتیدا/ العام.

٣ـ بناغەی پتەو و قووڵ و بەردەوام و لەبن نەهاتووی پەیوەندی نێو گەلان لەسەر بناغەی بەرابەری و یەکسانی و هاوتایی هەڵدەستێ و تەنها بە بەرچاوگرتن و پاراستنی ئەو بەرابەری و یەکسانی و هاوتاییە پەیوەندییەکی نێو نەتەوایەتی و نێو گەلانێکی پایەدار و دروست و ڕەوا پەیدا دەبێ،هەموو دالەنگین و ناخونەک و بەم دیو و بەودیودا داشکانێک جگەلەوەی دژی سەرەتا و گیان و بنچینەی ئەو پەیوەندی و لەبەر یەک کێشانەوە و لەقکردنی ئەو بناغە پتەوەیە و ئەوەیە کە ئیمپریالیزم کاری پێ مەیسەر دەبێ. بەرچاونەگرتنی ئەم ڕاستییە پەیوەندییەکە دەکاتە پەیوەندی پاشکۆ

و پاشکۆیایەتی و ئاغایەتی کە کتومت سەرەتایەکی کۆلۆنیالیستی و ئیمپریالیزمانەیە. لەم بوارەدا (بواری پەیوەندی نێوگەلان) بنچینەیی و کەم بایەخ و گچکە و گەورە و هیچ مەفهومێکی خوار و ژووری دیکە هەڵناگرێ.بەم پێیە خەباتی نەتەوایەتی کورد و گەلانی عەرەب و ئێرلەندی و باسکی و هەموو دنیایی لە یەک تای تەرازوودان و چوون یەک لە مەیدانەکەدا بەرامبەر زوڵم و زۆر و ستەم و داگیرکاری و دابەشکردن و چەوساندنەوە و ئیمپریالیزمدا وەستاونەتەوە و بەقەدەر یەکیش شەرەفی ئەو جەنگەیان هەیە.

هەموو سەرکەوتنێ کوردایەتی بەدەستی بهێنێت،سەرکەوتنە بۆ عەرەبایەتی و هەموو میللەتانی دی و هەر شکستێ بەسەر کوردا بێت، پریشکێکی به جۆرێ لە جۆرەکان بەر ئەوانیش دەکەوێ. هەرواتر جەماوەری عەرەبی لە هەر پارچەیەکی وڵاتەکەیاندا لە ئۆقیانووسەوە تا کەنداو(بە بەشە عەرەبیەکەی عێراقیشەوە) هەر سەرکەوتنێ بەدەستبێنن،سەرکەوتنە بۆ کوردایەتی و هەموو دنیاش ... کاتێک ئەمە بەڕاست دەردەچێ کە پەیوەندی نێونەتەوایەتی و نێوگەلانی ئەم گەل و نەتەوانە بەرابەر و یەکسان و هاوتابێ.لێرە کامیان و کێ لە هەڵوەستە و بارو هەلومەرجێکی چێتر و ڕەخساوتر و بە ئیمکانیەت تردان، تێکەڵاوی حسێبی ئەو بەرامبەرە نابێ.

٤. لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دابەشکردنی نەتەوەی کورد بەسەر چەند کیانێکی سیاسی دەور و بەریدا بەدژی ویستی خۆی و بە پێچەوانەی پچوکترین مافی گەل و نەتەوەکان، لە دیاریکردنی چارەنوسیان دا و بەدەستیی کۆلۆنیالیزم و کۆمەکی داردەستە و کۆنەپەرستانی ناوچەکە، شەقڵی ئیمڕۆکەی گرتووە. کە قەت نەتەوەی کورد بەم دابەشکردن و کۆلۆنیالکردنە قایل نەبووە و قایلیش نابێت. کیانی سیاسی دەوڵەتی عێراقیش بەم شێوەیەی ئیمڕۆی دەستیاوی ئەو کارە کۆلۆنیالییە چەپەڵەیە کە بە تۆپزی بەسەر گەلی کوردمان لەباشووری کوردستاندا سەپێنراوە. کوردستانی عێراق بە هەموو مانای وشە کۆلۆنیالکراوێکی/ مستعمرة داگیرکراوەو لەوەش دزێوتر بە پارچەیەک لە نیشتیمانی عەرەبی لە قەڵەم دراوە و گەلی کوردیش بە بەشیک لە گەلانی(نەتەوەی) عەرەب هەژمار دەکەن!!.

سەرجەم حکومەتە کۆنەپەرست و شۆڤێنیست و ڕەگەزپەرستە یەک لە دووی یەکەکانی عێراقی ویستویانە و هەوڵی تەواوی لەنێوبردنی بوونی نەتەوایەتیشیان داوە. ئێمە پێمان وایە ئەم ڕاستییە بەرچاو و بەڵگەنەویستانە، هی ئەوەنین کە هیچ کەندەڵانێ بیان شارێتەوە و شاردنەوەشی تەنها خزمەت بە بۆرژوا بیرۆکراسییە

سەردەستەکەی عێراق و دەمارگیرە شۆڤێنیستەکان دەکات. ئەمە هیچ لەوە کەل ناکات کە پێویستی و پێداویستیەکانی خەباتی ئەم قۆناغەی کوردایەتی و بزووتنەوەی دیموکراسی عێراقی ئەوە داوا بکا و بخوازێ کە توانای هەردوو گەلی سەرەکی عێراقی(عەرەب و کورد) و کەمە نەتەوایەتیەکانیش یەکخرێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی فاشییەت و ڕەگەزپەرستانە و دیکتاتۆرییەت. بۆ بنیاتنانی عێراقێکی دیموکراسی و جەماوەری کە ئەو پەیوندییە کۆنەی(کۆلۆنیال بە کۆلۆنیالکراوەکەیەوە) بگۆڕدرێتە سەردۆخی ئاسایی و سروشتی و ڕەوای پەیوەندییەکی خۆویستی دروست و بەرابەری نێوان گەلی عەرەب و کورد.

خەباتی گەلی عێراق(بۆ دیموکراسییە و ئۆتۆنۆمی / حوکمی زاتی ڕاستەقینە و» سەربەخۆیی خودی / ئیستیقلالی زاتی» و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی) بێ. هێندە و بە ئەندازە و بارستایی بۆ هەنگاوی فراوانتری جەماوەری بێ بۆ ( یەکێتی عەرەب و سەربەخۆیی تەواو و ڕزگاری سۆسیالیزم ). ئاواش بۆ هەنگاوی فراوانتری جەماوەری بێ بۆ( مافی دیاریکردنی چارەنووس و یەکێتی نەتەوەی کورد و سەربەخۆیی)،تەواو ئەوەی بۆ تاکێکی عەرەب ڕەوابێ بۆ کوردیش وابێ.

٥- چەکی یەکەم و هەرە برِندەی دژایەتی و میراتی گەندەڵی کۆلۆنیالیزمی کۆن و پاکتاوکردنی نفوزی ئیمپریالیزم ئەوەیە، کە پەیوەندی کۆلۆنیالیستانەی عێراق بە کوردستانەوە بکرێتە پەیوەندیەکی ئینتەرناسیونالیستانەی بەرابەر و هاوتا. پەپکەکردن و هەڵنشین لەسەر واقعی گەندەڵی سەپاو و قبوڵکردنی و لێکدانەوەی قسە و بۆچوون و طرح و نمایشەکانی کۆلۆنیالیست و دەستە شۆڤێنیست و ڕەگەزپەرستەکەی عێراقی ( بە ئاگا و نائاگا و لەژێر هەر بار و دۆخێکدا بێ) بۆ خۆی دژایەتی بزووتنەوەی هەقخوازانەی کوردایەتییە و کۆسپنانە بەردەم ڕەوتی بزووتنەوەی دیموکراسی عێراقی داو چەقاندنی شوێن پێی کۆنەپەرستی و دیکتاتۆرییەت و شۆڤێنستییە.

دەبێ ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاوان بێ، کە تا زەمینەی ماددی و فیکریی بیری بۆرژوا بیرۆکراتی سەردەستە و فاشییەتی ڕەگەزپەرستانەی عێراق دا هەڵنەتەکێندرێ و زەمینەیەکی ماددی و فیکریی پەیوەندی نێونەتەوایەتی بەرابەر و هاوتا لە شوێنیدا ساز نەکرێ ناتوانرێ و ممکن نییە( دیموکراسییەت و ئۆتۆنۆمی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سۆسیالزم ) - کەسەرخانن - قووت بکرێتەوە. حەتمەن لەسەر زەمینە و ژێرخانێکی وادا، کە(گەلی کورد بە بەشێکی نەتەوەی عەرەب و کوردستان بە پارچەیەک لە وڵاتی عەرەبی دانێ، کە بە درشتی دەکاتەوە ئەوەی خەباتی گەلی

عێراقی بە بەشێک لە خەباتی گەلانی عەرەبی بزانرێ)،دیموکراسییەتی لەوەی ئیمڕۆی بەعسی صەدام و سۆسیالیزمی عەفلەق و ئۆتۆنۆمی لەو کارتۆنییەی هەولێر و عێراقێکی لەوەی ئیمڕۆ قەت و قەت چاکتر و ڕێکخراوتر ڕاستەقینەتر و پایەدارتر دروست نابێت...

( لینین )یش زیندوو بێتەوە لەسەر ئەو زەمینە و ژێرخانە لەوەی زیاتر و چاتری پێ دروست نابێ و ناکرێ. مەگەر سەرلەبەری هەڵتەکێندرێ، ئەوسا خۆبەخۆ و بێ ئێمە مانانیش ڕێک دەبێتەوە! کەواتە دەبێ ژێرخانە مادی و فیکریەکەی زایندەی ئەو شۆڤێنییەت و دیکتاتۆرییەت و فاشیەتە هەڵتەکێندرێ کە قسەی لە بابەتی ئەوەی(کە بزوتنەوەی نیشتیمانی عێراقی بە بەشیکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی عەرەبی دادەنرێ و وای تێڕوانی کە خەباتی بەشێکە لە خەباتی گەلانی عەرەبی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرست...).

نەک هەر هیچ هیچ بەشداریەک نییە لەو ئەرکە پیرۆزە بەڵکو کوردان و ڕەوایەتی دانی کە( کە هەرگیز ڕەوایەتی نەبووە و ناشبێ). بەو زەمینە ماددی و فیکرییە داڕزیوەی ڕەگەزپەرستایەتی و فاشییەت و دیکتاتۆرییەتە، کە لە درووستبوونی عێراقەوە سەرچاوە و ماکی هەموو چەوسانەوە و نەهامەتییەکی گەلی عێراقییە به گشتی و گەلی کوردمان بەتایبەتی .

٦- ئێمە قەدر و ڕێزێکی زۆر لە خەباتی قارەمانانەی جەماوەری زەحمەتکێش و ستەمدیدەی عەرەبی بە گشتی و فەلەستینیان بە تایبەتی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی دەنێین. دەوری وڵاتانی پێشکەوتنخوازی بەرەنگاربووەوە لەم مەیدانەدا بە زۆر دەگرین و پشتگیری و هاوسەنگەری و هاوخەباتی خۆمانییان بۆ دەردەبڕین. پێشمان وایە پاکتاوکردنی نفوزی ئیمپریالیزم تووبڕکردنی کۆنەپەرستایەتی لە ناوچەکەدا و گەیشتنی گەلی فەلەستین و بە هەموو ئامانج و داوا ڕەواکانیان، بۆ خودی نەتەوەی کورد ڕێگەی دووری ڕزگاری و ئازادی و سەربەخۆیی نزیک و نزیکتر دەکاتەوە.

هەر وەک خەباتی دلێرانەی جەماوەری کورد دژی داگیرکەر و داگیرکەریی و فاشییەت و ئیمپریالیزم و بۆ خودی نەتەوەی عەرەب تەمەنی ئەو ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستانەی بۆ کورتر و کورت دەکاتەوە. هی گەلانی ناوچەکە و هەموو دنیاش هەرواتر، بەڵام نە خەباتی گەلانی عەرەب(بۆ نموونە فەلەستینیان) بەشێکە لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد و نەکوردایەتیش( بە خەباتی گەلی کورد

له كوردستانی عێراقیشەوە) بەشێكە لە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلانی عەرەب... دوو شاڕێن، دووسەنگەری هاوبەشن و هاوشان و جووتن، دووەدەمی شمشێرێكن. ئاو بەڵێ،بەڵام یەک توخم/ جنس و یەک شت نین  لە سیفات و شێوە و تایبەتی وتایبەتمەندێتی و» ناونراوەكان / سمیات» دا. دەبێ كەس هەبێ ئەم ڕاستییە درک پێنەكات و ئەم واقیعە ئیقرار نەكا؟!.. دەبێ ڕاستیی زانستی وا زیان بە كێ بگەیەنێ؟!، لە شۆڤێنییەت و بۆرژوا و بیرۆكراسی سەردەستە و ئیمپریالیزم بەولاوە؟!.

٧- ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان پێمان وایە و چەندین جاریش ڕامان گەیاندووە، لەژێر هیچ باروهەل و مەرجێكدا بەموو لێی لانادەین. كە خەباتی ناوكۆیی گەلی كورد و گەلانی عەرەبی و ئێرانی و تورک  پێویستییەكی مێژوویی و ستراتیژیی ئەم سەردەمەمانە و شاڕێی بە دیهێنان و دابینكردنی سەرجەم داوا و مافە نەتەوایەتی و دیموكراسی و جەماوەریەكانی ئەو گەلانەیە.  كە بەشێكی گرنگی خەباتی هاوبەشی گەلانی چەوساوە و ژێردەستەی دنیا پێكدێنین، هەر هەمووانیش و هەریەكەیان لە هەڵوێستە و پێگە و مەیدانی خۆیانەوە گرنگی و بایەخی تەواو بەرابەریان هەیە. هیچیان لک و پاشكۆی  ئەو یا ئەمیان نییە و، هیچیشیان ڕۆڵ و گرنگیی ئەویدیان ناسڕێتەوە.

چۆن بەرەنگاربوونەوە و دەستەویەخەی خەباتی گەلی كوبایی لە هێز و پێز و بڕشتی خەباتی گەلی نیكاراگوا و سەلفادۆر كەم ناكاتەوە و بێبایەخی ناكات یا نایسڕێتەوە/ الغای ناكا و نایكاتە بەشێكی خەباتی خۆی، ئاواش خەباتی گەلانی ( نەتەوەی) عەرەب لە هی گەلی كورد  لە كوردستانی عێراق یا هی گەلانی ئێران و جەماوەری شۆڕشگێری تورک  لە هی گەلی كورد لەو بەشە كوردستانانەیدا بڕشت نابڕی و نایسڕێتەوە. وەک ماڵە میراتی وەجاخكوێر نایخاتە سەربەشە ماڵی ئەوان و بە پێچەوانەشەوە.

ئیمڕۆ كە خەبات و قوربانیدان و دەستەویەخە بوونەوەی جەماوەری كورد بە ئەرک و خەرجی و مەیدانی خۆیەوە، كە بۆ نۆ ساڵ دەچێ، دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول بەڕووی دیكتاتۆریەت و فاشیسدا وەستاوەتەوە. هیچ لە خەباتی جەماوەری هێزە ئاینی و نەتەوەیی و دیموكراسییە عەرەبی و عێراقییەكان دانالەنگێنێ و كەم ناكاتەوە و نایكاتە پاشكۆی خۆی. با ئەوەندی كوردیش تاوسەندوو و بەكڵپەش نەبێت. لە ڕاستیدا یەكتر تەواو دەكەن و نەک یەكتر قوت دەدەن و بیسڕنەوە...

خەباتی میللەتان جۆگە و ڕووباری جیاجیا و تایبەتی و سەربەخۆن بەڵام هەمووان

بەرەو یەک ئاسۆ و یەک ئاڕاستە دەرۆن و دەڕژێنە یەک ئۆقیانووسەوە. یەک بەرە پێکدەهێنین، کە بەرەی گەلانە بە ڕووی بەرەی ئیمپریالیزم و ڕەگەزپەرستایەتی و داگیرکەری وستەمەوە.

ئێمە پێمان وایە مەرجێ لە مەرجە هەرە گرنگەکانی سەرکەوتنی خەباتی کوردایەتی و بەدیهێنانی سەرجەم مافە نەتەوایەتی و دیموکراسی و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەی کورد هەماهەنگی و هاوکاری و یەکخستنی خەباتی گەل و(نەتەوە)ی کوردە لەگەڵ خەباتی گەلانی هاووسێ و دنیاش دا. هەموو دابڕان و خۆ وێک هێنانەوە و ترازان و لاتەریکی و گۆشەگیرییەک بۆ خۆی سەکتەدانە لە کوردایەتی و هەڵەی کوشندە و گەورەترین دوژمنایەتیەکە لەگەڵ جەماوەری کورد. چونکە ئەوە ئەو شتەیە کە داگیرکەر و شۆڤینیست و بۆرژوا بیرۆکراسیە سەردەستە چەوسێنەرەکە دەیەوێ و کاری پێ مەیسەر دەبێ.

لە بازنەیەکی فراوانتردا ئەوەیە کە خزمەت بەداو و پیلانەکانی ئیمپریالیزم دەکات و بێ خەرجی/ مەسرەف و سیاسەتی پەرتکەوزاڵبە/ فرق تسد، ئابڕوو تکاوەکەی کۆلۆنیالیزمی کۆن جێبەجێ دەکات. بۆیە ئەو بیروڕەفتارانەی، لەژێر هەر باروهەل و مەرجێکدا و بۆ هەر مەبەستێ بیەوێ و مەبەستی بێ، خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد(کوردایەتی) لە خەباتی گەلانی هاوسێ و دنیا و بزووتنەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بەرەی دیموکراسی و ئاشتیپەروەر و سۆسیالیستخواز دابڕێ. لە قەپیلکێکی تەسک و تروسکدا بمانتاسێنێ. ئاواش بەو بیروبانگەشە و ڕەفتارانەی (تفریط ) بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان دەکا و بە هەر جۆر و شێوازێ دەیکاتە پاشکۆی هەرشتێ و تایبەتمەندێتی و تایبەتی و مۆرکی کوردیانەی لێدەکاتەوە و دەیکاتە پارسەنگی هەرشتێبێ، کە لەدەستی پەستی و گرێی ڕکوکینە/ عوقدەی حەقارەتەوە سەر هەڵدەدا و تۆوی باوەڕبەخۆنەبوون و لەبیر چوونەوە و نهلیستییەت وەک ژەهر دەڕێژێت ، هێندەی ئەوەی یەکەمیان دزێو و ناڕەوا و دوژمنکارانەیە و تای ئەویانە و هەمان سەرنجامی لێ دەکەوێتەوە و هەمان خزمەت و کەمەکێک زیاتریش خزمەت بە ئیمپریالیزم و داگیرکەری و شۆڤینییەت و ستەمگەری دەکات .

لەمەوەیە ئێمە باوەڕمان بە بنیاتنان و پاراستنی پەیوەندیەکی چوونیەک و هاوتای نێوگەلان هەیە و یەک لە ئەرکی هەرەبنەڕەتی و گرنگەکانی خۆمان بەوە دەزانین کە بەوەی پێمان دەکرێ و هەڵدەسوڕێ و بە هەموو ووزە و توانایەکی خاکەڕاییانە/ متواضعانەمانەوە. لەگەڵ هەموو هێزە شۆڕشگێڕ و دڵسۆز و خێرخواکاندا کار

بۆ یەکخستنی خەباتی گەلانی ناوچەکە و دنیاش بکەین و لە پێش هەمووشیانەوە یەکخستنی خەباتی گەلانی کورد و عەرەب و ئێرانی و تورکی و بەتایبەتی و لە هەنگامەی مەیدانی خەباتی گەلی عێراقدا یەکخستنی خەباتی گەلی عەرەب و کورد و کەمە نەتەوایەتی و ئاینییەکان لەسەر بناغە و بنچینەی بەرابەری و برادەری و یەکسانی و هاوتا بە بەردی بناغە و مەرجی هەرە سەرەکی ڕمانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعسی عەفلەقی و هێنانەدی حوکمێکی هاوپەیمانێتی نیشتیمانی و دیموکراسی کە (دیموکراسیەتی ڕاستەقینە بۆ هەموو گەلی عێراق و حوکمی زاتی ڕاستەقینە « ئیستیقلالی زاتی» بۆ گەلی کوردمان لەسەر هەموو خاکی مێژوویینەی خۆی لە کوردستانی عێراقدا) دابین بکات.

بە غەیری ئەوە و بەغەیری هەڵتەکاندنی بنخانی مادی و فیکریی شۆڤێنییەت و دیکتاتۆرییەت و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی بۆرژوا بیرۆکراسیە سەردەستەکە. هیچ تۆوێکی خێر شین نابێتەوە و»صەدام» بە دیکتاتۆرێکی دیکە و بەعسی عەفەلەقی بە دەستەیەکی فاشیتر و ڕەگەزپەرستانی بە ڕەگەزپەرستانێکی دی دەگۆڕیتەوە. بەس و گەلی عێراق و کوردیش دەچێتەوە دەورەیەکی دی لە بازنەی داخراوی شەست ئەوەندە ساڵەی ڕابردوو و مێژووش بۆ ئێمەی دەنووسێ ( ئەگەر زۆر خاترمان بگرێ ) کە لەوە دنیا قەرزی ئەم گەلەمان لێ وەرگرنەوە...

٨ـ لەسەرباری ئەمانەشەوە واقیعەکە وەک و خۆی و بەهەموو گرێوگۆڵە ئاڵۆسکاوەکانیەوە و دوور لە ڕەتووش و ئاریشێ خەیاڵ پلاوانە دەبینین و لە پێویستی و پێداویستییەکانی خەباتی ئیمڕۆکەمان دژی فاشیەت و دیکتاتۆرییەت دەگەین. هەموو ئاڵۆزبڵۆزی ناوچەکە تێدەخوێنینەوە و دەشزانین سیاسەت هونەری بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتانەیە کە لەئاراداں/ فن ممارسەی الممکنات من الاموره و لە تەنگژە و دووڕیانە مێژوویەکاندا(هەنگاوێ بۆ دواوە دوو هەنگاو چوونە پێش). سەرەتایەکی ڕاست و تۆز لێنیشتووە. بەڵام ئەمانە و هۆبەیەکی دیکەش بەشی ئەوە ناکەن و پاساوی ئەوە نادەن کە کەس (بزووتنەوەی نیشتیمانیی عێراقی بە بەشێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی عەرەبی) دانێ و پێی وابێت (خەباتی بەشێکە لە خەباتی گەلانی عەرەبی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی ).

چوونکە هێلکەی ڕاگەیاندنی واممکن نییە لە جوجکەی فاشیەت و دیکتاتۆریەت و ڕەگەزپەرستایەتی زیاتر یا جیاتر هەڵێنێ.. لەوانەیە گوزارشت و دڵڕاگرتنی لەم بابەتانە هەندێ پارسەنگی دەرەکی و سانەوی بە کاتی بخاتە سەر تەوژمی ڕەوتی

خەباتەکەمان. کەمێ بزووتنەوەکەمان لەو داو و تەپە و ( لغو) انەی بەدەوریدا هەڵدەسێنرێ دوور ڕاگرین، بەڵام ئەوانە زۆر لاوەکی و کەم تەمەن و کەم خایەنین و ژەهرن و بە توێژاڵی هەنگوین داپۆشراون ...بەڕاستی (بدعە) ی لەو بابەتانە مەگەر هەر لە زەمینەی تاعون لێدراوی کاولکراوی ، لە گرێژەنەبراوی بێسەروبن و بێ لۆژیکی نێو جەهەننەمی فیکری هەژار و داگیرکراو و خۆ لەبیرەوەبراوی وڵاتێکی کۆلۆنیالکراوی وەکی کوردستاندا سەرهەڵبدات، کە قەت و قەت نموونەی نەبووە و نییە.

ئێمە چەند پرسیارێک لەوانە دەکەین کە شتی وا ڕادەگەیەنن و بە بیری خۆیاندا ڕادەبورێنن یا حیلەشەرعی بۆ دەدۆزنەوە و بە فەندوفێڵ حەڵاڵی دەکەن ... یا لەوانەش کە گوێی پێنادەن و چاویان بە سەری دا دەکشێ، دەپرسین و دەڵێین:

ئایا تاکە یەک عەرەبی پێشکەوتووخواز، دواکەوتووخواز، شۆڕشگێڕ، مەسڵەحەتچی، یا کەرەواڵە هەبووە و هەیە و قەبوڵی دەکات پێی ڕاگەیەنی(خەباتی گەلی جەزائیر بەشێکە لەخەباتی گەلی فەرەنسا دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی)؟ یا ئەگەر بە کۆمۆنیستێکی ڤێتنامی بڵێی( خەباتی گەلی ڤێتنام بەشێکە لە خەباتی گەلی چینی!، یا هەتا ڕووسی دژی ئیمپریالیزم...) . دەبێ نەت کا بە کێودا! و بە شاپان لە وڵاتەکەی دەرت نەکات؟. نەک لەبەرئەوەی کە باوەڕی بە برایەتی و هاوکاری گەلان نەبێت، لەبەرئەوەی تۆ لەژێر ئەو پەردەیەدا سووکایەتی بە خەباتەکەی ئەو تایبەتمەندێتییەی ئەو دەکەیت و دەیکەیتە کەرت و بەش و پاشکۆی پشتی دیکە..

دەی بۆ دەبێ کوردێ لە ڕاگەیاندنی وابێ دەنگ بێ؟ یا بە ئیتالییەک بڵێی خەباتی تۆ بەشێکە لە خەباتی ئینگلیز دژی سندان و قوزە قورت دەشبێ قەبوڵی بکات ؟

ڕاگەیاندنی لەو جۆرە بە هەر شێوە و جۆرێ برازێندرێتەوە و هەر بەهانە و بیانوویەکی بۆ بدۆزیتەوە ، تەنها یەک مانا و (دەلالەتی ) هەیە. ئەویش ڕەنگدانەوەی فیکریی (تسلطی ) و خۆ بە گەورەگرتن و هەستی شۆڤینیستانەی نارەوای فیکری بۆرژوا بیرۆکراسی نەتەوە سەر دەستەکەیە لە شێوە و شەقڵێکی تایبەتی. کە زۆر ترسناکترە لە شێوە ناوبانگ زڕاوە ڕەپ و ڕەوانەکەی. ئەم جۆرە (مفاهم ) انە تەبەعیەت و پاشکۆیی دروست دەکات و زیان لە پێکهێنان و بەرقەرارکردنی پەیوەندی بەرامبەر و یەکسان و هاوتای نێو گەلان دەدا.

ئەوەی پێی وایە کە خەباتی نەتەوەی کورد و گەلانی عەرەبی و دەر و دراوسێ بەوە پێکدێت کە خەباتی کورد بکرێتە پاشکۆ و بەشێ لە خەباتی ئەوان زۆر بەهەڵەدا چووە

و ئەوە هەنگاوێکە بۆ خۆشکردنی ئەو خوگونجاندن و پێکەوەلکاندنە/ ئینتگرایشنە/ اندماجە نەتەوەییەی (نعیم حەداد) لە ٧ نیسانی پاردا بانگی ڕاهێلا ... ئەوەی پێشی وابێ بەمە خەباتی گەلانی ناوچەکە یەک دەخرێ ، یا لە هاوکاری و پەیوەندی نێوگەلان نەگەیشتووە، یا بە لۆژیکی بۆرژوا بیرۆکراسی نەتەوە سەردەستەکە، تێی گەیشتووە. جا با بەرگی ڕەنگاوڕەنگی لەبەر بکات و ڕستەی دژی ئیمریالیم و چی یزم و چییزمیشی بەکلکەوە بێ... خەباتی گەلانی ناوچەکە و دنیاش بەوە یەکدەخرێ و گرێدەدرێ و دەبێتە یەک و ئامانجە پاک و پیرۆز و بە فەڕەکانی بەدی دێ کە سەرەتا ئەو پەیوەندییە لەسەر بناغەی یەکسانی و هاوتایی بێت و لەجەرگەی سەلماندن و ڕیزلێنانی چوون یەکەوە سەر هەڵبدات. هیچی نەشکێتەوە بۆ هیچی و هیچیان نەبێتە پاشکۆ هیچیان و لەبنەڕەتەوە سەرەگەی/ مەبدەئی( تابع و متبوع ) بدرێتە دواوە. مەسەلەی نەتەوایەتی کورد لەوە دەرچووە کەس خێرمان پێبکا و موحتاجی چەتر و ژێرساباتی کەس بین ، ئێمە کەمە نەتەوایەتی نین خەڵکی خێر و سەدەقەمان پێ بکات.

بەڵێ بەڵی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لەهەر پارچەیەکی کوردستان دا، بەشێکە لە خەباتی نەتەوەی کورد و ئەویش بەشێکە لە خەباتی گەلانی دنیا...بەلام قەت و قەت پارسەنگ و پاشکۆ و کلکی کەس و هیچ و هیچ نیە و نابێ ...

+ **پرسیارێ لە دۆستێکی حیزبمانەوە لەگوندی** (**ئەحمەدئاوا**)**وە هاتووە دەپرسێت:** (( **بۆچی بەرەی کوردستانی پێک نەهاتووە ؟ هۆکانی چین ؟**)).

# **وەلام** ئەرێ بۆ پێک نەهاتووە ؟ عەیبمان لێنایەت ئەگەر بڵێین ئێمەش نازانین!. ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان توێخێکمان چوو ئەوەندەمان گووت و گووتەوە... هاوار و بانگەشەمان بۆ کرد و یەخەی خۆمان بۆ دادڕی !.. هـەروەک لە دۆلێکی کپدا جگە لە دەنگی دەنگدانەوەی ئەو هاوارەی خۆمان چمان نەبیستۆتەوە! ئێمە چەندی هەڵدەسەنگێنین و دەیهێنین و دەیبەین، تاکە یەک هۆ و کۆسپ و بەربەستی مەعقول و بابەتی نابینین، جگە لەیەک شت. ئەویش ئەوەیە کە(دەتوانین هەموو شتێ بین...ڕەش، سپی، سوور ... بەراز، دەڵەک، شێر، ڕێوی. پێش خزمەت، بەرخوان،دەستەونەزەر، داشی داگیرکەر و بێگانە، بەس ناتوانین کوردبین) !!.

ئێمە پێمان وایە وەلامی ئەم پرسیارە لای داگیرکەر و بێگانەیە،یا بەلانی کەمەوە لەدوو توێی دڵ و دەروون و زاتە کوێرەوە بووە ئاڵۆز و نەخشە پرش هەلاتووە کەڕواوییەکانی مێردەزمەکانی سەر کۆڵەسنگی کوردایەتیە!.

**+پرسیار.. کاک(سەرتیپ) دەپرسێ:( دەمێ هەر حیزبێک دەکەینەوە لە کوردستاندا خۆی بەڕاست ئەزانێ و ئەوانیتر بە غەڵەت، ئەبێ کامیان ڕاست بکات ؟).**

**# وەڵام...** ڕاست و ناڕاست بەکردەوە و لەمەیدانی کار و لە ئاکاردا بەدیاردەکەوێ. ئەگینا شەیتانیش هەر خۆی بەڕاست دەزانێ و بە خودا دەڵێ: ( اغویتنی) واتە لە (خشتەت بردووم)!..

ئێمە پێمان وانییە کەس پەریشە و فریشتەی ئاسمان بێ، بێگومان بەخۆشمانەوە.. لەوانەیە نیوەی ئەو تۆمەتەی دەگیرێتە نیوەیەکەی ڕاستبێ و نیوەکەی دیکەی هەڵبەست و درۆبێ. هەر نیوەی ئەوەشی دەربارەی خۆ دەووترێت دروست بێ و نیوەکەی بۆ درۆ و ئاڕایشت بێ. بە دوریشی مەبینە ئەوەی ئەو گازندەیە لەو دەکات ئەگەر خۆی لەجێی ئەو بوایە خراپتری نەکردایە. جا یا بۆی نالوێ وابکات، یا جێی نەماوە، یا پێی ناکرێ... یا ئەوەی کە خۆی دەیکا بە بەرژەوەندی تری دەزانێ!.

جارێ زۆرمان ماوە کە پوشکەمان بە چاوی خەڵکییەوە دیت کوڵەوەژ لە چاوی خۆماندا ببینین!.. بەس کێ دەڵێ: هەمووشی ڕاست ناکات؟. ئەوەی بەیەکتری دەڵێین وایە!.بەڵام ئەوەی بە خۆیاندا هەڵدەڵێن وانییە! ئێمە لە یەک شت دڵنیاین، ئەوەش ئەوەیە کە بە هەمووان هیچمان بۆ ئەم میللەتە ژێردەستە ،چەوساوە، داگیرکراوە نەکردووە. تا هەرکەس هەڵسێ و بیکاتە شاکار و دەست مزی خۆی. یا لە سەری بە شەڕ بێین.. بەڵام ناڕەوایی زۆرمان بەرامبەری کردووە و خەتای گەورەمان دەرهەقی کردووە، ئەگەر بێ و ببەشرێتەوە بەسەر هەموو حیزبەکاندا، هەریەکەی ئەوەندەی بەردەکەوێ، کە نقەی لێ ببرێت و ئەوەندەشی دەمێنێتەوە کە چەند سەرنگوێلکێ پڕ وەکات.

جا ئەگەر حەیامان بەخۆمان بایە(صەدام)، پێش دوو ساڵ بەتیزجاڕیی پێی نەدەوتین:(( ئەوان ئەگەر ڕاست دەکەن و دەیانەوێ من بڕوخێنن، با بچن یەکگرن تا بمڕوخێنین!))٠

ئەم قسەیە چەندە شەرم هێنە، ئەوەندەش دەلالاتی هەیە و ڕاستە. کابرا هەڵەوەڕە و لە هەموو ئاشی دەکا. ـ بێ ئاگایانە ـ چی لەدەم هەڵدەوەرێ، واپێ دەچێ ئەو بناوانەکەی وا هەڵبەستبێ،کە دڵنیا بێت و بوێری ئەو تانە لێدانەمان بکات و دەزانێ کەری خۆی وا بەستۆتەوە، کە نەتوانێ بکەوێتە ناو گەنمەکەوە، جا با نەقیزەشی لێدات..

# قوتابخانەی پاسۆک

(( **ئەرکێ کە چاوەروانی ئەنجامدانە** ))

شۆڕشی نوێی کوردستان و شەڕی(عێراق و ئێران) بار و زەمینەیەکی وای بۆ هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕ و کۆمەڵایەتی و مەزهەبیەکان خۆش کردووە، کە ئەگەر ژیرانە و بە پێی هەژمارێکی بابەتێتی و دڵسۆزانە بەکار بهێنرێت. ئەو هەل و فرسەتە بقۆزرێتەوە، بۆ هەتاهەتایە گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی لە زوڵم و زۆر و ستەم و چەوساندنەوە و حوکمی (ئینقیلابچی) رزگاری دەبێ، پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێی سەرفرازی (سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی و ئابووری) و بنخانی حوکم و کۆمەڵ بە جۆرێ هەڵدەتەکێ کە جارێکی دیکە داروپەردووی سەرخانی ستەم و زۆرداری، کە لە دروستبوونی کیانی عێراقەوە بەسەر کۆتەڵی ئەو میللەتەوەیە سەرپێ نەکەوێتەوە.

ئەمەش چەندە لە سوود و بەرژەوەندی جەماوەر و هەموو کۆر و کۆمەڵە سیاسی و کۆمەڵایەتی و پیشەییەکانە، هێندەش ئەرکی هەمووانە. یان هەمووان پێکەوە سەربەخۆ و ئازاد و سەرفراز دەبین، یا ئەوەتا دەورێکی دیکەی دیلییەتی و چەوساندنەوە و سەرکوتانەوە دەست پێدەکاتەوە. هەر کەس و لایە لە بارێکی وادا دەستکەوتی( امتیاز) ی،سوودێکی خۆبەخۆ و بە تەنیای دەستکەوێ، جگە لەوەی (تاکتیکی ) و کەم تەمەن و کاتی دەبێ، ڕۆژێ دێ هەر بە پەتکی ئەو دەستکەوتە هەڵدەواسرێ و قازانجی سەری مایەی دەخوات ..

ڕژێم بەعسی لە بارێکدا نییە بتوانێ ماڵەکەی کونبڕ بکا و بەرەنگاری هەموو لایەکان بێتەوە، تاکە ڕێگەیەکی لە بەریەتی ئەوەیە، شان بۆ هەندێ شل کات لەسەر هەژماری هەندێکی دیکە. چاوبازی و( مغازەلەی) لایەک بکا، لەدژی لاکانی دیکە، ڕێگە بدا بە هەندێ بۆ بەگژاچوونەوەی هەندێکی دیکە. بە کورت و پوختی سیاسەتی (یەکدی بە یەکدی خواردن) و(خلافاندن) و (یەک بە گژ یەکدتر)دا کردن، دەگرێتە بەر. سەرئەنجامیش  بە زیانی هەموو هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەرهەڵستکارەکانی بەعس و فاشییەت و تەنها سوودی بەعسی و رەگەزپەرستایەتی تەواو دەبێ. تەنها دەرفەتی پیادەکردن و سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە و دووجار زەرەرەومەندی  جەماوەر و قازانجی بەعسی بە دەست تاکەتاکە و کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و کۆمەڵایەتی و پیشەیی و مەزهەبییەکانە.

هەر نەبێ و بەلانی کەمەوە لەم قۆناغەدا و لە بەرامبەر ئەرکی (ڕمانی ڕژێمی بەعس)دا بە لاوەنانی هەموو ناکۆکی و ناتەباییە سانەویەکان و یەکخستنی هێز و توانا و ئاڕاستەکردنی بیر و گازەندە و تفەنگەکان بەڕووی ڕژێم دا، ئەرکی هەرە پڕ نامووس و مێژوویی و مەرجی بنەڕەتی سەرکەوتنی ئیرادەی جەماوەرە... بە پێچەوانەی ئەمەوە هەموو ڕەفتار و کار و کردارێکی ڕیزپەڕانەی ناوەخت خزمەتی بەلاش بە ڕژێم دەکات. زنجیرەی تاوانەکانی درێژ دەکاتەوە و ئۆباڵی لەبارچوونی ئەو باروهەل و فرسەتەی دێتە ئەستۆ و وەڵامگۆیی بەردەم خوا و گەل و مێژوو و خۆشی دەبێ..

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەدا و وەکو ئەرکێکی میللی و مرۆیی خۆمان و فرمانی ( الامر بالمعروف والنهی عن المنکر) دەرگای ئەم باسە دەخەینە سەر پشت. لای خۆمانەوە ڕووی دەممان دەکەینە پیاوانی ئایینی و زانایانی خواناس و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردی، بۆ لێکگەیشتن و پێکگەیشتنی، بۆ سوود و بەژەوەندی میللەتەکەمان. بۆ پاکتاوکردنی زوڵم و ستەم و بێدادی لە کۆمەڵگاکەمان دا، کە ئەرک و ئامانجی هەموو لایەکمانە.

١ـ کورد میللەتێکی موسڵمانە و ئیسلامەتی ڕەگوڕیشاڵی هەزار و چوار سەد ساڵەی بەناخ و قوڵایی تانوپۆی نەتەوەکەماندا داکوتاوە و سەرخانی بوون و مێژوویی چواردە سەدەی کوردە. ئەگەرچی لەژێر ناوی ئیسلام و بە سونگی و ڕمی بەناو ئیسلام و بەدەستی خەلیفە و سوڵتانانی خۆ بەئیسلام زانی داگیرکەردا جنراوین و دانراوین و داگیرکراوین و چەوساوینەتەوە، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان میللەتەکەمان ،تا ناوەندی ئەم سەدەیەش بە ڕووی ئەو زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەیە لەژێر داد و دادگەری ئیسلامەتی و داوای پێڕەوی کردنی ڕۆح و جەوهەر و حوکم و دەستوراتی ئیسلامەتی ڕاستەقینە و بەشێکی زۆریان بە ڕابەرایەتی شێخ و مەلا و پیاوانی ئاینیی خواناس و وڵاتپارێز و کوردپەروەر بووە.

ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی جووتە ڕابەری بیری نەتەوایەتی کورد، مەلای جەریزی و نالی و مەولەوی و بنیاتنەرانی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی کوردی،(شێخ عبداللەی نەهری و شێخ مەحمود و شێخ سەعیدی پیران و قازی محەمەد و مەلا مستەفای بارزانی)، لەژێر سێبەری قورئان و ئیسلام دا بیری کوردایەتی و نیشتیمانپەروەرییان پژاوە. لە داد و دادگەری ئیسلامیەتییەوە

تێهەڵکشاوون  بۆ کوردایەتی و بیری نەتەوایەتی.. نەتەوایەتی کورد نەک هەرگیز ناکۆک و دژ بەئیسلامەتی و ئاین نەبووە، بەڵکو تەواوکەری یەکدی و دوو دینگەی بەرابەر و هاوسان و هاوشانی خەباتی میللەتەکەمان  بووە، بۆ ( ئازادی و سەرفرازی و سەربەخۆیی و دادی کۆمەڵایەتی) .

ئەم ئاوێتەبوون و یەکپارچییە(خواناس و کوردایەتی) ئایین و نیشتیمانپەروەری – بڕشتی داوە بە خەباتی نەتەوایەتی کورد و ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەکەمان دا هاوسان و هاوئاهەنگ کردووە. بۆیە بە درێژایی ئەو سەدانە نەتەوەی کورد خۆی لە بەرامبەر شالاوی داگیرکەری و دەستدریژی سوڵتان و خەلیفە ڕەگەزپەرست و لادەر و بەناو ئیسلامە ساختەکاندا ڕاگرتووە و بوونی نەتەواتی خۆی پاراستوە، بێ ئەوەی ڕەفتاری چەوت و دزێوی دوور لە ئیسلامەت و مرۆڤایەتییەی ئەو بەناو (پارێزەرانی ئیسلام)انە و خەلیفە درۆزنانە دڵی میللەتەکەمان لە ئاین و بڕوا ئاسمانییەکەی هەڵکەنێ و پشتی پێ تێ بکات و نە ئەوانیش توانیویانە بەناوی ئیسلامەوە بوونی نەتەوایەتی کوردیمان لەبەین بەرن.

ئەم حاڵەتە خۆرسک و مێژووییەی بزووتنەوەی کوردایەتی و ئیسلامی، سیاسەت و مەزهەب، نەتەوایەتی و ئاینی لە ئەمڕۆ و داهاتووشماندا دەخاتە بەردەم ئەرک و پێویستی و تێگەیشتن و وەردکردنەوەیەک، کە  ڕێی بەردەمی کوردایەتی لەهەلومەرجی پێشهاتووی ئەم ڕۆژانەمان دا سازگار و هەموار بکات.

٢ ـ شوێن و جێی خواست و ئاوات و ئامانج و داوا ڕەواکانی بزووینەوەی کوردایەتی لە چوارچێوەی بیروڕا و فەلسەفە گشتگیریی/ شمولیەکەی ئیسلام دا، بکرێتەوە و لە خۆڕایی ناکۆکی و ناتەباییان لە نێواندا قووت نەکرێتەوە. یا ڕێی لەبەر چاوتەنگ و بەدرۆ موسڵمانەکان ببڕێتەوە، تا لە ژێر هیچ پەردە و بیانوویەکدا  نەتوانن ژەهری دەروونی نەخۆشی شۆڤێنیستانەیان بەسەر کورددا بڕێژن. بۆ ئەوەیشە کە هەموو بانگاشەیە بخەینە بەردەم سەنگ و مەحەک و چەکی زیادە/ اضافی دەستی ناحەزانی میللەتەکەمان، لەدەست دەربێنین  و دەرفەتی درێژەپێدانی داگیرکردن و چەوساندنەوە و  ڕووتاندنەوەی میللەتەکەمانیان لێبگیرێ. بۆ ئەوەشە دەنگە دڵسۆز و نیەتە ڕاست و پاک و خواناسی ڕاستەقینەکان، لە ئاڕاستە ئیسلامیەکەدا بەرەو تێگەیشتن و لێکگەیشتن لەگەڵ بزووتنەوەی کوردایەتی دا بۆ بەرژەوەندی و سوودی هەردوولا و سازگاری لەگەڵ بیروباوەڕ و ڕاگەیاندنەکانیان جووت ببنەوە. هەم خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد بەهرەدار

بێت لەو تەوژمە ئیسلامییە شۆڕشگێڕانەیە و هەم ئەو تەوژمە بەهرداربێ لە توانا و هێزی بزووتنەوەی هەقخوازی بیست و پێنج ملیۆن کورد لەسەر تاسەری نیشتیمانی داگیرکراوی دا.

بەشێکی گرنگی ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی زانا و پیاوانی ئاینی و ئیسلام مەشرەبەکانی کورد، کە بتوانێ لە خواست و ویستی ڕەوا و بەرهەقی میللەتە چەوساوە ژێر دەستەکەیانەوە دەرچن/ انطلاق کەن و لەبیر و خەبات و کۆششیان دا، ڕەنگ بە داوا و ئامانجەکانی گەلەکەمان بدەنەوە و بە توندی و پتەوی بەرگری لە جەماوەر و میللەت و مەسەلەی ڕەوای کورد بکەن.

هەر بەمەشە دەتوانن شووێن پێ و ئیعتباری زیاد و پێوسیت لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بۆ خۆیان و بیر و ئاڕاستەکەیان بەدەست بهێنین.

٣ ـ دەبێ ئەو ڕاستییە بەرچاو بگیرێ ، کە ئەگەر شتێکیش هەبێ پێی بووترێت ناکۆکی لە نێوان ئاڕاستەی (ڕێکخراو و ناڕێکخراو) ی ئیسلامەتی کوردی و بزووتنەوەی سیاسییەکەی کورد، کە حیزب و کۆڕو کۆمەڵە سیاسیەکانییەتی.. ناکۆکییەکی زۆر لاوەکی و سانەوییە و هەرگیز نابێ لە قەبارەی خۆی پتر بدرێتێ و بە جۆرێ گەورە کرێ و بووروژێنرێ، کە ناکۆکی و ململانێکە لەگەڵ داگیرکەر و ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکەی بەعس دا لە بیر بباتەوە و داپۆشی.. هەر لایەک ئەمە بکات خزمەتێکی گەورە و بێفێل و بەلاشی بەعسییانی فاشیست دەکات و سەکتە لە کورد و کوردایەتی و ئیسلامەتیش دەدات..

ئێمە کە پێمان وابێ ناکۆکی لەنێوان داوا و ئامانجە ڕەواکانی کورد و بزووتنەوەی کوردایەتی و ئایین و باوەڕی دادگەریانەی ئیسلامی ڕاستەقینە وانەبێ، دەبێ بە حەتمی ناکۆکی لە نێوان دەزگاکانیشیاندا نەبێ . حیزب و کۆر و کۆمەڵە سیاسیەکانی کوردی، ئەگەرچی ڕەنگوبۆی مەزهەبییان بەخۆوە نەگرتووە، ئەمەش چەند هۆیەکی لە پێش هەموویانەوە، چونکە مەسەلەی خەباتی کوردایەتی ئەسڵەن مەسەلەیەکی سیاسییە – بەڵام بە هیچ جۆرێکیش دژ بە ئایین و بیروباوەڕی ئاسمانی و بەتایبەتی ئیسلامی نین...

ئەو حیزبانەش هەر یەکە و بە ئەندازە و بارستایی و شێوەیە گوزارشت لە خواستی جەماوەری کورد و ئامانجەکانی کوردایەتی دەکەن و کەرەسەی بەدیهێنانی ئەو مافە و داوایەن.. بۆیە ناکۆکی و ناتەبایی لەگەڵ ئیسلام و ئاڕاستەی ئیسلامی دا ، ئەگەر بە زۆر و ئانقەست دروست نەکرێ و قووت نەکرێتەوە

بوونیکی نیە... لەمەوە دەبێ ئاگاداری پیلان و نەخشەکانی دوژمن و ناحەزان و داگیرکەران بین و لە پواز و گەرا چێنراوەکانی نێو خۆمان بە ئاگا بین و ئەو دەرفەتە نەدەین کە یەکمان بەوی ترمان ببڕینەوە.

ئێمرۆ عەقڵ و لۆژیک و پێویستیی ئـەوە داوا دەکـەن کە هـەموو هێزە بەرهەڵستکارەکانی ڕژێمەکەی سەدام ڕیزەکانیان یەکخەن و پێکڕا بەرەو ڕووی ئەو دوژمنە هاوبەشە فاشیستە ڕابووەستین. لەوەشیان گرنگتر و (حیاتی)تر یەکێتی و یەکخستنی هەموو هێزە سیاسی و مەزهەبییەکانی کوردە بۆ بەدیهێنانی ئامانج و داوا ڕەواکانی نەتەوەکەمان ...

هەر لەسەرەڕێی ئەو خەبات و هاوکاری و تێکۆشانەدایە کە هاوبیرێتی و هاوڕێیەتییەکی ستراتیجی و سروشتی و پایـەدار بڕسکی و بەرهەمەکەشی (ڕزگاری و سەربەخۆیی و ئازادی) گەلەکەمانی لێشێن بێتەوە.

بەو هیوایەی ئەم بانگەواز و بەرچاو خستنە دڵسۆزانەیەی ئێمە، خێرێکی بۆ نەتەوەکەمان بکەوێتەوە و سەرەتای لێکگەیشتن و پێکگەیشتنی بێ...

# پەرێزی ئازاد

ئازادی جەوهەرو کورۆک و مانای هەرە قوڵی ئینسانیەتی مرۆڤە ، لە هەر ماف و شتیکی دیکەی مرۆڤ ئەساسیترو حەیاتیترە.... هیچ شتێ هێندەی زەوت کردنو بەرتەسک کردنەوەی ئازادی مرۆڤ ،مرۆڤ لەم،رۆڤایەتی ناخات ، بۆیە جەنگی پیرۆزی مرۆڤایەتی لەبەرە بەیانی ژیانیەوە لەپێناوی ئازادیدا بووە ، هەموو (مفاهیم) ی لەژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا کۆندەبێت ، دەسوێ پەکی دەکەویت ،دەگۆرێ وبەملاولادا دەکەوێ ... تەنها ئازادی نەبێت ،زیندووە و هەمیشە نەمر و هەردەم وەک و خۆی پایەدارو کۆن نەبوو و لەبیرەوە نەچوو و نەگۆرە .

لەم دنیایەدا ،ئیدی لەهەر لایە،لە ژیر پەردەو دوگمە و دۆلاب و بە بەهانە و بیانویەک ،حوکمەتەکان ،رژێمەکان ،دەسەڵاتدارەکان ،دام ودەزگاکان ، خۆسەپین و کوێخاو ڕیش سپی و دەم راست و دەم چەوت ،بەشی زۆری ئەوانەشی کە سەرە داوێکیان کەوتبێتە دەست ! . هەر یەکەی بە جۆری تەلبەند بەدەوری ئازادی مرۆڤدا دەگێرێ و لیی قارس دەکا و دای دەشکێنێت و کلک و گوێی دەکا ... ئەمەش بەڵای هەرە گەورەی سەرەرێی کاروانی مرۆڤایەتییە ، سەرچاوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆهەستی ناپەسەند و پەست و نارەوای خۆسەپاندن و ئیستغلال کردنی مرۆڤ و بۆ ئەو گیان و دەروونە پووت و نەخۆشانەی کە پێمان وایە راستی و دروستی و رەوا هەر لای ئەوانە و ئەوەی دەنگی دەنگدانەوەی ئەوان نەبێت کافر و لادەر و ئاژاوە گێر و بەچکە ئیستیعمار و سەورە چییە !

ئەم گۆشەیەی گۆڤارەکەمان هەوڵێکی زۆر ( متواضع) انەیە لەسەرەڕێی دەرگا لێخستنە سەرپشتی هەموو ئەوبیروباوەڕ و بۆچوون و هەستانەی کە لە دائیرەی گومرگی فیکری ئەتوانن تێپەرن و لەبەر بێ پەساپۆرتی لە مێشک و گەرودا حەپس کرابن .... بەرپەرچ دانەوەی(محاكم التفتيش ) ی فیکریی سەدەی بیستەمە لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا ... بۆ ئەوەش سوکە دابێکی وا لە فیکری کوردایەتی و کوردەواریدا بێتە گۆرێ و دەق بگرێ کە مافی ئازادی رادەربڕین کە پیرۆزترین مافی ئەساسی مرۆڤە ، با لەگەل خۆشماندا هاوساز نەبێت رێزی لێبگیرێت و بەری پێنەگیرێ .

ئەم گۆشەیە بۆ پێنووسی هەموو ئەو هاوبیر و دۆست و برایانەیە کە دەیانەوێ

گوزارشت / تەعبیر لەرای خۆیان بکەن ، شتێ بڵێن ،ئیسپاتی بوونی خۆیان و حیکی ئازادی فیکری بکەن ... ئێمەش بێ مەقەست و گومرگ کردن ،هەر وەک و خۆیان جێگەیان بۆدەکەینەوە و خۆشامادیشیان لێدەکەین ، دەتوانین تاقیمان بکەنەوە ... ! شتمان بۆ بنێرن دژی خۆمان جا ئەوسا دەزانن و دەبینن چۆنی بڵاوی دەکەینەوە ، ئەمەش لەبەر هیچ نەکەین بۆئەوەی دەکەین کە هەرچی بەند و تەلبەند هەیە لەهەر شێوازی/ شکڵ و شێوەیەک دابێت ریسواو روو ڕەش کرێ و خۆمان و خەڵکی رابێنین بە بەرگریکردن/ دیفاع کردن لە ئازادی خۆ...

یەک دوو نووسین کە لێرەدا دەخوێنیتەوە لەوانەیە کە لە قۆرتێنەدا حەپس بوون و بە بیانگی عجائب و غرائب یا زمن ! سەنگەسار کرابوون ....

**ئاڵای سووری کوردایەتی**

**بەعسی مێژوویەکی ڕەش و ئایندەیەکی تاریک**

هەر لەو ڕۆژەوە کە ئەم بەعسە فاشی و شۆڤێنییە ڕەگەزپەرستانەیە هاتۆتە سەر تەختی بەغدا بە یاری و هاوکاری مامۆستا ئینگلیز و ئەمریکییەکانیان، هەمیشە هەر لە پیلان و نەخشە و کار و هەوڵ و کۆششدا بوونە، بۆ لەناوبردن و قڕکردن و نەهێڵانی شتێ کە ناوی کورد بێ یا وەکوو کوردستان. لەم ماوەی بوونەیاندا لەسەر تەخت بە شێوەیەکی هەند دڕندانە و وەحشیانە و فاشیانە و نازییانە و ڕەفتاریان لەگەڵ گەلی کوردا کردووە، کە فاشیست و دڕندایەتی ئەتاتورکەکان بەرامبەر بە نەتەوەکەمان ڕوویدابێ.

بەڵێ ئەم بەعسییانە بەڕەشترین و دڕندانەترین و فاشیترین و شۆڤینیترین شێوە ڕەفتار و کرداریان کردووە لە گەڵ گەلەکەماندا کە دەتوانین بڵێین هەمیشە نەوەت لە سەدی کار و هەوڵ و هۆش و ئەندیشە و فکر و خەیاڵیان ئەوە بووە، کە چۆن کورد قڕکەن و بفەوتێنین و تۆو بڕکەن و کوردستان بکەن بەعەرەبستان.

تەنانەت بۆ ئەو مەبەستە گڵاو و پیسەیان ئەوەبوو ئاوی ( شط العرب) یان کردوە دووبەشەوە لەگەڵ شادا و چەند هاوکاری تر کە هەمووی دەڕژێتە ئەسکۆڵکی نەهێشتن و قڕکردنی کوردەوە. ئاکار گەیشتنە ئەوەی ( شای) گۆڕبەگۆڕ گۆڕبەگۆڕ بوو نەما و ئەمان واتە بەعسییە نازییە چەپەڵەکان ، تاک باڵ مانەوە. تا کار بەوەشەوە نەوەستا و ( تجری الریاح بما لا یشتهیه الفاشون والمحتلون) شەڕی بەعس و ئێران دەستی پێکرد و بەعس گەیشتە ئەم ڕۆژە ڕەشەی کە دوا ڕۆژی هەموو داگیرکەران و فاشی و نازییان بووە و دەبێ لە مێژووی مرۆڤایەتی دا.

جا ئێمە لەو باسەی پێشەوە کە لەسەر بەعسی کردمان، دیارە شتێکی شاراوە و نهێنیمان نەدرکاندوە و ئاشکرا نەکردووە، بەڵکوو ئەو کار و ڕەفتار و کردارانە لای هەموو کوردێک و هەموو مرۆدۆستێک و هەموو هەقپەرستێ زۆر ڕوون و ئاشکران. هەروەک ڕۆژی نیوەڕۆ بە ئاسمانەوە،وەنەبێتیش کە ئێمە توانیبێتمان یا وەک و بتوانین بە چەند دێڕ و لاپەڕەیە هەقیقەت و جەوهەر و ماهیەتی بەعسی هەموو ئاشکرا کەین و پەردەی لەسەر هەڵماڵین و ڕوونی کەینەوە. چونکە ئەو کارە وا سووک و ئاسان نییە و بە چەند لاپەڕەیەک یا وەکو کتێبێ تەواو ببێ. بەڵام تەنانەت ویستمان پشکێ لەدەریا و ئۆقیانووسی فاشیەت و نازییەت و شۆڤێنییەت و دیکتاتۆریەتی و ڕەگەپەرستایەتی بەعسی چەپەڵ دەرکەین و بیدەینە بەر سەرنج و

میکرۆسکۆب. بۆ ئەوەی لەو پشکەوە بتوانین حوکم و قەرار و دادگای ڕاست و ڕەوا بدەین بەسەر ئەم تاقمە چەپەڵە بۆگەنە ڕزیوە پیسەدا کە پێیان دەوترێت بەعس.

جا ئەوجا لەسەر هەمان شێوە حوکم و قەرار و دادگای ڕاست و ڕەوا بدەین بەسەر ئەو خۆفرۆشە نۆکەرانەدا، کە هاوکاری و دۆستایەتی و جاشایەتی و نۆکەرایەتی و سیخوڕایەتی بۆ ئەم تاقمە دەکەن ، تا دەگاتە ئەوانەی، کە چاوبڕکی و سەرەتاتکێیان لە گەڵ دەکەن.

ئەی جەماوەر حوکم بدە .

**کۆرەک....**

**بۆ شکۆی یادی فیلادمێر مینۆرسکی مەزن....**

لە ٢٥ ی مانگی مارت دا نۆزدە ساڵ بەسەر کۆچی دوایی زانای ئێران ناس و کوردناسی بەنێوبانگی ڕووسی ( فیلادیمیر مینۆڕسکی) دا تێدەپەڕێ. ئەو زانا مەزنە و دۆستە هێژایەی کورد خزمەتێکی گەورەی بە مێژووی نەتەوەکەمان کردوە و تادوا ڕۆژەکانی تەمەنی و بە درێژایی پەنجا و پێنج ساڵ ئەوەندەی دەستی پێدا ڕاگەیشتبێ و هەوڵ و دەرفەتی بووبێ تیشکی بیری ورد و زانستیانەیی خستۆتە سەر لاپەڕە نادیار و بنگڵەبان کەووتوەکانی مێژووی نەتەوەکەمان. دەورێکی گەورەی بووە لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر ئەو مێژووە و دەرخستنی بە ئیسپات گەیاندنی ڕەسەنایەتی و کۆنایەتی کورد.. کارە زانستییەکانی مینۆڕسکی دەروازەیەکی گەورەی بۆ لێکۆڵەرەوان و مێژوونوسان خستۆتە سەرپشت تا ژەنگ و تەمی دوژمنان و داگیرکەران و ناحەزانی کورد بەدەوری نەتەوەکەمانیان دا هەڵساندووە بڕەوێتەوە.

((بێگومان هەموو زانستێک و ڕۆشنبیرییەک بایەخی خۆی هەیە، بەڵام بۆ میللەتێکی پارچەکراوی مافخوراوی وەک میللەتی کورد ئەو نووسینانە و زانستانە و ڕاستیانەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە کوردەوە هەیە و دەوروبەری تاریک و نەزانراوی ڕۆشن دەکەنەوە. چەکێکی لەسەر خۆکردنەوە دەدەنە دەستی یەکجار بە کەڵکتر و پێویستترن لە زانست و ڕاستیەکی سادە و دوورە پەرێز لە سوودی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری ... وەیا هەر لایەنێکی تری ژین و ژیان )).

فیلادیمیر مینۆڕسکی لە ٥ ی شوباتی ١٨٧٧ لە گوندی( کرجۆڤا) ی سەر ڕۆخی چۆمی( ڤۆڵگا) هاتۆتە دنیاوە ... خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و( زانستی ماف) یشی هەر لە مۆسکۆ تەواوکردوە. پاشان سێ ساڵان لە پەیمانگای «لازارۆڤ» بۆ

خوێندن و فێربوونی زمانەکانی سەرووی ڕۆژهەڵات خویندوویەتی.لە ساڵی ١٩٠٣دا بووەتە فەرمانبەری دەوڵەتی،لە نێوان ساڵەکانی ١٩٠٤ و١٩٠٨ لە تەوریز یاریدەدەری باڵوێزی ڕووسیای قەیسەری بووە. ساڵی ١٩١١یش بەناوی باڵوێزی ڕووسان ماوەیەک لەمەهاباد و بۆکان بووە. لەو سەردەمەوە مینۆرسکی کەوتۆتە سەر بیری سەرنجدان و لێکۆڵینەوە و دیراساتی کوردی و توێژینەوە لە هەر شتێ سەر بە کورد بێت.

مینۆرسکی (( لەزمان و وێژە ،لەچونێتی ژیان لەهەوڵ و مەرجی ئابوری ، لەبیروباوەڕیی ئاینی ، لەبارە دۆخی کۆمەڵایەتی و، لە داب و ڕێ و شوێنی ناوخۆیی و هەڵکەوتی مێژوویی « کوردی» بە وردی کۆڵیوەتەوە و بە بنج و بناوانی بنەچە و ڕەچەڵەکی کورداندا هاتۆتە خوارێ. لەئاکامدا لێکدانەوەیەکی زانستی ئەوتۆی وەدەست کەوتووە کە بووەتە بنە تۆوێکی زانستی.... )).

هەمیسە مینۆرسکی بەچاوێکی وردبین و زانستانە و دڵ و دەروونێکی هێژا و هەستی حەسانەوە و شادی لەکوردانی ڕوانیووە. زۆرجاران لەخۆی پرسیووە.. ( چلۆن دەبێ ئەو هەموو قەڵای دەستەوشان و گەواهراتە و وێژەییە و مێژووییە لەلای ئەو نەتەوە، بەڕواڵەت دواکەوتووە ،هەلکەوێ؟. ( خەنی لەخۆم کە بەسەر ئەو خەزێنەیەدا کەوتووم ).

لەساڵانی ١٩١٦ تا ١٩١٨ دیسانەوە بۆتەوە بە باڵوێزی ڕووسان لە ئێران و لە تاران بووە ، بەڵام ناو ناوە و ئەوەندەی دەرفەتی بووبێ سەری لە کوردستان داوە و لێکۆڵینەوەی بەردەوام بووە. پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ دەستی لەکار کێشاوەتەوە و چووەتە فەرەنسا. لە ساڵی ١٩٢٣ فەرەنساش بەجێ هێشتووە و چووەتە بەریتانیا. لە ساڵی ١٩٣٢ بووەتە مامۆستای زمان و وێژە و مێژووی ئێران لە( فێرگەی زمانەکانی سەرووی ڕۆژهەڵات ) لە لەندەن... پاش چەند ساڵێک بە تەواوی دەستی لە هەموو کاروبارێک کێشاوەتەوە و لەشاری( کەمبریج ) خەریکی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئێرانەوانی و کوردەوانی بووە ، بە جۆرێ کە ( ڕۆژ نەبووە، بەلانی کەمەوە دێڕێ لەمەڕ ئێران و کوردان نەنووسێ یان نەخوێنێتەوە).

مینۆڕسکی نیشتیمانی خۆی یەکجار خۆشویستووە، ئەگەرچی بە لەش لێی دووربووە، بەڵام هەمیشە دڵی ، گیانی،ڕۆحی هەر بەسەر ڕووسیا ئازیزەکەیەوە خولاوەتەوە، دڵی بۆی کورکاندووە، گەورەترین ئاواتێکی ئەوە بووە کە پێش مردنی چاوی بەدیمەنی وڵاتەکەی ڕۆشن کاتەوە. جارێکی دی پڕ سییەکانی هەوای سەر

ڤۆلگا خۆشەویستەکەی هەڵمژێ ... تا خوا و ڕاستان ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساو بۆ بەشداری لە( کۆنگرەی نێو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتناسان ) کە لە مۆسکۆ پێکهاتبوو لێی گێردرایەوە و ئەویش خیرا خۆی کۆکردەوە و بەرەو وڵاتەکەی کەوتە ڕێ.

مینورسکی یادگار و شادی و ئەو سەفەرەی وادەگێڕێتەوە کە (( کاتێک لە لایەن کار بەدەستانی کۆڕی زانیاری ڕووسییەوە لێیان گێڕامەوە بە داو و دڵ خۆم سازکرد و هەر شاییم لەدڵیدا دەگەڕا. بەخۆم دەگووت ، ئەوا پێش ئەوەی گڵەبانی چاوم کەن و بەنامرادی سەر بنێمەوە، ئاواتەکەم وەدی هات و ڕووسیای گیانم دەبینمەوە. ئەوجار دەربەستی شتی دی نیم و پەکم بە هیچ شتێکی دی ناکەوێ. بەڵێ، کاتێک لە پاش چل و چوار ساڵی ئاوارەیی چوومەوە ڕووسیا و چاوم بە دیتنی هاوولاتیەکانم ڕوون بوەوە، دیسانیش بە زمانی زگماکی ڕووسی قسەم لەگەڵ کردن، پێیان خەنی بوومەوە. دەمگوت: ئۆخەی! ئەوجا با بمرم!.....)).

هەر ئەو هەستە پاک و نەتەوەپەروەریە و نیشتیمان خۆشەویستییەی بووە کە هانی داوە ڕێزی نەتەوە و نیشتیمانی دیکە بگرێ. لە دڵ و دەروونێکی وەک ئەوەکەی مینۆڕسکی نەمردایە کە جێی میللەتی چەوساوە و غەدرلێکراو و داگیرکراوی لە بیرەوەبراوی وەکوو کورد بێتەوە.... بۆیە هەتا کوردیش کورد بێ، ناو یادگاری پیرۆزی ئەو کەڵە مرۆڤدۆستە و زانا بلیمەت و دۆستە هێژایەی کورد بەرز و بڵند رادەگرێ.

دواجار لە ٢٥ مارتی ١٩٦٦دا ،پاش ئەوەی کە چەند ساڵێ بوو ڕۆشنایی دیتنی چاوی لەسەر لێکۆڵینەوە لەڕێی زانست و ئەرکە مرۆییەکەی دانابوو. دڵی گەورە و میهرەبانیشی لە لێدان کەوت.

لە یادی نۆزدەهەمین ساڵەی کۆچی دوایی و سەد و هەشت ساڵەی لەدایک بوونی ئەو زانا مەزنەدا سەری ڕێز و قەدر و پێزانین دادەنەوێنین وسڵاو و درووودی ئەمەکداری بۆ دەنێرین .

**عەلی**

**پێشمەرگەی پاسۆک ٥٨,٢,١٩٨**

# ئەم کێوانە

تۆ بڕوانە
ئەم سروشتە
چۆن وێرانە !
چۆن ڕووخاوە
پەرش و بڵاوە
ئەم کێوانە !
بڕوانە بەرد
بە کێو و هەرد
شیو و بنار
دۆڵ و ڕووبار
بەسەر یەکا
چۆن ئاڵاوە ؟!
سەر سوڕ ئەکا
لە گشت لاوە
چەند کۆنە
چەند شێواوە
سەرنج ئەدەم،
لێکی ئەدەم
بەوردی خۆم
بە هەزاران
ئەفسانەوا
دێنە پێش بۆم
وەکو زیندوو
گیانیان تیا بێ
دەدوێن دەدوێن
ئەی بەردینە

گیان لەبەران
پێم بڵێن کێن ؟
بۆ وا کپ و حەپەساون ؟
بۆچی بێدەنگ ڕاکشاون ؟
من ئێستاکە
لەلای ئێوە
ڕاوەستاوم
بە دووی ڕاستی ئەگەڕێم و
وێڵە ناوم !
ئێوەن بنجی ئەم گەردوونە
مێژووی جیهان
لاتان ڕوونە
منیش وەکو ئێوەم لێ دێ
بەرەو لاتان ئەکەومە ڕێ ....

وێڵ
١٩٨٥/٢/٢

# ماڵاوا......

## دەبا لەتاو تاریكایی ڕابردوو ، ڕووناكییە
## بۆ داهاتوومان بڕسكێنین..

لەم رۆژانەدا» یەكێتی نیشتیمانی كوردستان» مژدەی ئەوەی دا بە جەماوەر كە پەتكی( ئەوەی پێی دەووترێ ، گفتوگۆ / مفاوضات لە نێوان ئەوان و ڕژێمدا پساوە و چیدی هیوایان بەوە نەماوە كە ئەو ڕژێمە بتوانێ ڕاست بكات و دان بە مافەكانی گەلەكەماندا بنێ ... ).

هەرچەندە ئێمە كە ناوی مژدەمان لەو ڕاگەیاندنە نا، نەك لەبەر ئەوەی حەز نەكەین گەلەكەمان ، بەڕێی هێمن و خەباتی هێدیی سپی بە مافەكانی بگات یان بڵێین:( خەڵكینە نەمان وت! ئەو ڕژێمە فاشییە ڕەگەزپەرستە هی ئەوە نییە كەس زەڕە هیوا و زیندەخەوی درۆشی لەسەر هەڵچنێ). یان پێمان خۆشبێ بەرەیەكی گەلەكەمان لووتی لەبەردی ئەلحەد بدات و ئەوسا وەگەڕێ یان بە خەسارەتێكێ زۆر ـ پتر لەساڵێ فرسەتدانە ڕژیم و دەرفەت لەبەر دەم شۆڕش تەسك كردنەوە ـ لەخۆڕا دیارە بەڵگەنەویستی فاشییەتی ئەو رژێمە و پێویستیی ڕمانی بسەلمێنرێ ... لەبەر ئەوەمانە و بەو هیوایەین كە هەمووان ئیزرەم عەقڵ لە خەسارەتی سەد هۆقە خەسارەت وەرگرین. ڕێكوپێك لەو هاوكێشەیە بگەین كە هێز و پێز و بڕشت و توانا و سەروەری بزووتنەوەی كوردایەتی لە یەكبوون و یەكێتی هێزە شۆڕشگێڕە دڵسۆزەكانیدایە. هەموو دابڕان و لێكترازانێك و ڕیز پەڕییەك، جگە لەخزمەتی گەورە و بەلاشی بە دووژمنان و داگیركەران مایەپووچی و سەرەنگرێی ئەو هێزانە و شكستی بزوتنەوەكانی تێدایە ...

دەبێ ئەو ڕاستیە جارێكی دیكە حەشار نەدرێ، كە ئێمە هەمووان پێكەوە هەڵەشكەین و بەهەڵەشدا بچین لەوە چاكتر و بەفەڕترە كە تاكەتاكە بپێكن و ڕێ دەركەن... هەر چەندە ڕاگەیاندنەكەی یەكێتی جارێ هەر لە جوغزی تۆران و خۆ تورەكردن و گرژبوونەوە و هەنگاوی نەناوەتە نێو جەرگەی مەسەلە بنچینەییەكە، كە ( ڕمانی ڕژێم ) و (یەكێتی هێزە كوردستانی و عێراقییە بەرهەڵستكارەكان)ە و پرسەك و پرسیارگەلی / تسائولات زۆر بە تۆپزی خۆی بەسەر بیروهەستی وەسواسی و

مارانگەستەی هەموو دڵسۆزاندا دەسەپێنێ و ڕەواشە..بەڵام لەوەش  خۆ لادەدەین و بەگەشبینی و فاڵی خێرەوە دەڕوانینە ئاسۆی خێری پاشەڕۆژ.


ئەوەش لەهەموو شتێ لای هەر کوردێکی بە ناموس/ شەرەف و جەماوەرەکە گرنگترو ژیـاری/ حیوی ترە ئەوەیە ... ئایا دەبێ لەو هەموو تاقیکردنەوەیە و ئەزموونە تاڵوتفت و حەیابەریەی هەشت نۆ ساڵەی ڕابردوو فێری ئەوە بووبین کە بە تەواوی دەستبەرداری هەڵدێرە ڕێی ناکۆکی و ناتەبایی و شەڕی کوردکوژی و گیانی پاوانخوازی و کوێخایەتی و ڕەفتاری تەسک و تروسکی کوێرانە بین ؟!.

ئایا دەتوانین ئەوەندەی  لەگەڵ دوژمنانی دوێنێ و ناحەزان و بێگانەدا حاتەمی و بین فراوانین،ئەوەندە لەگەڵ یەکتریدا میهرەبان و براو هاودەردبین ؟! ئایا دەتوانین بۆ خاتری خوا و کورد و هۆش بە بەر خۆماندا بێنینەوە و بەشکست و کۆستی یەکدی خۆش نەبین ؟! ئایا دەتوانین و پەردەیە بە ڕابووردووی تاڵ دا دادەینەوە و خەت و ڕەنگی داهاتوویەکی ڕوون و گەش و کوردانە بکێشین؟!.

ئەگەر توانیمان بەڕاستی و لەناخەوە بڵێین» بەڵێ«، ئەوسا شەرەفی ئەوەمان دەبێ بە خۆمان بڵێین(کورد و شۆرشگێر و دڵسۆز). ئەگینا بەر نەحلەت و نەفرینی مێژوو دەکەوین و ڕیسوای ئەمە دنیا و ئەوە دنیاش دەبین ..

بە هیوای ئەوەی ئەو نەنگییە بەسەر خۆماندا نەهێنین ...و تا هەڵاتنی ئەو ئاواتە پیرۆزەی جەماوەر ... ماڵاوا ....

++++++




# {{ ئاڵای سووری کوردایەتی}}
# Alarm Soory Kurdaity

**ژمارە ٣٠ مارتی ١٩٨٥**

**ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک**

**پێش ئەوەی هەر شتێ بین دەبێ.. کورد بین**

## بابەت و ناوەڕۆک

سەرووتار ٧ی ئازار چمان بیردێنێتەوە و فێر دەکا؟
ڕازێکی کوردانە کوردایەتی و جووتە نەخۆشی و مەترسی
(خۆلەبیرچوونەوە) و (خۆوەتاق خستنەوە)
بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە
مشتەی ناو هەمانە ( هەندێ پرسیار و وەڵام )
قوتابخانەی پاسۆک کوردایەتی و دۆست و دوژمنانی
پەرێزی ئازاد
تاکەی پەردەی ئەم شانۆیە دانادرێتەوە ./ شاهۆ
نامەی منداڵانی کورد بۆ خوا./ هاوبیر
ماڵاوا... شەڕکردن و بەرەنگاربوونەوەی سوپای داگیرکەری
عێراقی شەرەفێکە سەروو هەموو سەروەری یەکی دیکە

# ٦ی ئازار چمان بیر دێنێتەوە و فێر دەکا؟؟

ئیمڕۆ دە ساڵ بەسەر پیلانە ڕووزەردەکەی ٦ ی ئازاری ( الجزائر) دا تێ دەپەڕێ، ئەو پیلانە نامەردانەیەی کە لە ساڵۆنە داخراوەکانی چەند دەوڵەتێکی کۆنەپەرست و بەناو پێشکەوتووی وەک « میسر و ئوردون و جەزائیر و ئیدیش-" و کۆنگرەی باڵای عەرەبی لە " رەبات" تەنراو بە بەرچاوی هەموو دنیاوە( بەڵێ هەموو دنیاوە!!) گیردرا و بەدەستی جووتێ داگیرکەری فاشیست و کۆنەپەرست جێ بە جێ کرا.. کەسێ نەبوو لەم دنیا پان و بەرینە بەرژەوەندپەرستەدا دەنگێکی ناڕەزایی و لەسەر کردنەوەی لێ هەستێ! وەک ئەوەی بۆنی نەوت گێژی کردبن و مشتێ پووڵ و پارەی مفت و حەرامی بەرژەوەند/ مەصلەحەت دڵ و دەروون و ویژدانی مراندبن!..ئەمە یەکەمین و گەورەترین وانەیەکە/ دەرسێکە کە دەبێ ڕۆڵە شۆڕشگێڕ و دڵسۆزەکانی گەلەکەمان و جەماوەری زەحمەتکێش و داگیرکراوی نەتەوەکەمان لێوەی فێر بن کە:

▪ لەم دنیایەدا تەنها بوون و هێزی خۆتە کە سەنگ و ڕەنگ و نرخت بداتێ، ئەگەر خۆت نەبوویت کەس بۆت نابێ و زۆر بەداخیشەوە هەزار خەروار پرنسیپ/ مەبادئ و ڕاگەیاندن و بانگاشەی/ ئیدیعائات دەگۆڕدرێتەوە بە بەرمیلێ نەوت و چنگێ دۆلار.

▪ تەنیا دەبێ پشت بە هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەرەکەی خۆمان ببەستین و داگیرکەر هەت داگیرکەرە و دوژمن بە دۆست نابێ..

ئایا ئەم دەرسانە پەندیان لێ وەرگیراوە؟!.. ئەوە ڕابەرانی کوردیەتی و هێزە سیاسی یەکانیەتی کە دەبێ وەڵامدەر/ جەواب گۆی جەماوەر و مێژوو بن.بۆ پێنج ساڵیش دەچێ کە ڕژێمە پیلانگێڕەکەی بەغدا داوی ئەو پیلانەی لە مل ئاڵاوە کە لە (الجزائیر) ی تاوانباردا بۆ قەڵاچۆی کوردیان تەنیبوو و وا خەریکە خۆی سەر و خایە و مایەی تێ دەنێ، ئەمەش هەلێکی زێڕین بوو بۆ ئێمە کە تۆڵەی خۆمان بکەینەوە بۆ هەتا هەتایە خەونی " الجزائیر" ێکی دی لە خەیاڵی داگیرکەردا بڕەوێنینەوە و گۆڕ کەین. فرسەت بوو کە کاسە ئاردی " الجزائیر" ی بەعسیان بەسەر خۆمانەوە نەهێڵین و لە دوژمنانمان بگەیەنین کە قەرزمان کۆنیش بێ نایەڵین بفەوتێ و دەرفەتی لەباربوو بۆ ئەوەی بە پێمەڕەی « الجزائیر" گۆڕی فاشیست هەڵکەنین..

بەڵام ئایا کەمترین سوود لەو هەل و فرسەت و دەرفەتە وەرگیراوە؟!.. ئەمەشیان دەبێ ڕابەرانی کوردایەتی و هێزە سیاسی یەکانی جەواب گۆی بەردەمی نەوەکانی داهاتوو و خوا بن.

لەگەڵ ئەمانەدا ، لەم ڕۆژی کارەساتی میللی یەدا ئەوە بە یادا دێ کە «الجزائیر" نە دەقەوما و بشقەومایە لە مانۆڕێکی پوکاوە بەولاوە نەدەبوو:

ـئەگەر ڕزەکانی کوردایەتی درزی تێ نەکرایە و تێ نەبوایە.

ـئەگەر ڕابەرایەتی کوردایەتی لە تەبیعەتێک و هەڵکەوتێکی گونجاوتردا بوایە.

▪ ئەگەر پشتی لێ نەکرایایەتەوە و خەمی پاشەڕۆژ و ئیحتیاتی مفاجئات بکردایە.

▪ بەوجۆر و ئەندازەیە خۆمان بەسەر دارشەقی دەرەکی و داگیرکەردا نەدایە.

▪ خانەگۆڕکێمان( بەخۆڕایی یا ناچاری) بەخەباتەکە و بزووتنەوەکەمان نەژردایە و پتر گرنگیمان بەم لایەنە بدایە.

خۆ ئەوەی چوو چووا، دەبواتە عەقڵێێکمان لەو خەسارە گەورەیەمان وەربگرتایە، بەڵام ئایا ئیمرۆکەمان لەچاو دە ساڵ دا چ فەرقێکی کردووە و چەند پێشکەوتووە؟ ئەوەی بە بەرچاوەوەیە، دوەر لە وشکە تیۆری/ نەزەریات و خۆهەڵدانەوە و فیشاڵی جەماوەر خەڵەتێن، ئەوەیە کە:

ـڕیزەکانی کوردایەتی لەبەر یەک ترازاوتر و نا تەبا تر و پەرش و بڵاوتر بووە!.

▪ ڕابەرایەتی کوردایەتی( درۆ، ئیدیعائات و خۆ ڕەنگ کردنی لێ دەرکـەی) بە هەمووانەوە، صەد پلە- لە هەموو ڕوویەکەوە- لەوەکەی دە ساڵ لەمەوبەر دامێن ترە!.

▪ خەم ساردی ئەمجارەمان خەوی سێ صەد ساڵەی" اصحاب الکهف" انەیە!.

▪ هێزی دەرەکی و داگیرکەر هەر دارشـەق نین و بەس خالیق و بزوێنەریشن!.

▪ خانە و مانـەی چـی؟ وا تێکەڵاو بـوو حـەزرەتـی فیل سـەری لێ دەرنـاکـات!. کێ بەرپرس/ مەسئولی ئەمانەیە، ڕابەرانی کوردایەتی و هێزە سیاسی یەکانی نەبێت؟؟. خوانەخواستە "الجزائیر"ێکی دیکە هاتـە پێشەوە، دەبـێ ئەمجارەیان، چۆنی پینە کـەن؟. ئـەرێ ئـەویش هەر خـەتـای ئیستعمار و ئیمپریالیزمە؟؟!.. نەحلەتیان لێ بێ...

# ڕازێکی کوردانە:

### (کوردایەتی وجووتە نەخۆشی و مەترسی" خۆ لەبیرچوونەوە"و" خۆوەتاق خستنەوە»...).

کوردایەتی کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕەوای نەتەوەی داگیرکراو و پارچەپارچەکراو و ماف خوراو و چەوساوەی کوردە، بزووتنەوەیەکی مێژووکردی ، هەقخوازت، دیموکراسی ڕسکاوی قوڵایی دەروون و ویـژدان و خواست و داواکانی میللەتێکی ستەم لێکراوی ڕاپەڕیوە کە پێی ڕەوایە و لەسەریشیەتی لەو جەنگە پیرۆزەی مل ملانێی مان و نەمانەی دا چنگ لەهەر بن پنچکێ گیر کا و خۆی بە هەر بار و هەل و مەرجێکەوە بنووسێنێ و دەست بۆ هەموو کەرەسەیەکی لەسەر خۆکردنەوە و بەرگری لە خۆکردن و سەرکەوتن بەرێ کە کەم یا زۆر تەرازووی شانس و دەرفەتی سەرکووتنی بە لای خۆدا بشکێنێتەوە.. هەروەهاش دەبێ و پێویستە خۆی لە هەموو خوێن لەبەرچوون و ڕەنج بەخەساری و شەڕی ناوەخت و بارگرانی و هۆیەکی شکست و شەکەت و بوون و ماکێکی ماڵی وێران کردن و خەتەری بەدوور بگرێ کە فرسەتی بەلاشی دەداتە دەست دوژمنەکەی و دەرفەتی سەرکەوتنی ئالۆز و ناهەموار دەکا و ووزە و توانای لەبەر دەبڕێ و هەلی لەدەست دەدات. کورد لە هەڵوێستە و بار و هەڵکەوتێکی هێندە سەخت دایە ئەگەر هەموو دەرفەت و هەلەکانی خۆی بخاتە کار و هەموو بیر و بیرژردنەوە و حەواسی ببرێتە سەر خاڵی ڕاگریی/ نوقتەی ئیرتکازی ئەو خەباتە نەتەوایەتی یەی و هەموو توانای خۆی ئاڕاستەی حەقی ئەو مەیدانە کا و هەرچی هەیەتی و نیەتی بیرژێنێتە ئەستێلکی کوردایەتی یەوە ئەوسا ئیمکانی ئەوە دەبێت بەڕاشکاوی دڵنیای سەرئەنجامی ئەو جەنگە بێت..

هەر کـار و کـردار و بـیرکـردنـەوە و ڕەفـتـاری دوور و نیزیک ، لـەم ڕاسـتـە حسێبەی داشکێنێ یا بە لایـەکی دیکی دا ببات یا بەشتێکی دیکـەوەی بخلافێنێ یا فرسـەت و دەرفـەتـی لـێ تەسک کـاتـەوە، خـەیانـەتێکی گـەورەی میللی و ئینسانی یە. لە باروهەلومەرج کورد دا لەتەک ڕاستە شەقامی کوردایەتی دا ، دوو چەورە ڕێی زۆڵەک و گومڕا- وەک دووتەراویلکەی شەیتانی ڕێ لێ وێڵ کەر - خۆی دەخاتە بەر زیهن و هەستی ئەو خەڵکە پلیشاوە، زۆر بۆ هێنراوە، تەنگ پێ هەڵچنراوەی کە هەر بەوەندە لێ ی نەوەستاون ئەو مافی ( سەربەخۆیی و ئازادی) یەی ئەو هەموو مافە لە قوڵایی دنیا هەن و بەکاری دێنن لێ زەوت کەن، بێ مروەتی و ناڕەوایی و ناهەقی گەیشتۆتە ئەو شوێنەی

که هەر کورد بوونەکەشی یان لێ کردۆتە بار و تاوان و دەلیلی جورمێ بێ جەریمەیی!..
بۆیە لە مەرگەساتی ئەو واقیع ە و پەلەی ژیان و تاوی گیانی پەلەقاژێ و ردالفعل ی خۆ دەربازکردنیدا زۆر جار بێ ئاگایانە و بێ ئیختیار و کەم کەمەش لە " گومڕایی" یەوە دەکەوێتە تەڵە و دوای داوی یەک لەو دوور پێیە زۆڵەک و گومڕایە..کە یەکیان خۆلەبیرچوونەوە و ئەوی دیان خۆوەتاق خستنەوە یە. دیاردەی ئەوتۆیی بە حوکمی واقع و هەڵکەوت و هەل و مەرجەکە ـ لەگەڵ ئەوەشدا بۆ خۆی نەخۆشی و لادان و ترازان ـ تا ئەو شوێنەی لە سنوور و قەپیلکی تاکە تاکەی هۆشی کول و پشوو سوارتەنگەتیلەی بێ دەرەتاندا بمێنێتەوە زیانەکەی لە قەدەری لەدەست چوون و بە فیڕۆچوونی توانا و ووزە و بڕشتی ئەو تاکە تاکەی کۆمەڵ تێ ناپەڕێ کە لە ئاست و چاوحسێبی گشتیدا زۆر کەم بایەخ و بێ تەئسیر دەبێ و وە نێو حسێبی گشت ناکوێ..مەترسی گەورە و کوشندە ئەوەیە کە ئەو دیاردەیە پان بێتەوە و لەبەر یەک بکێشرێتەوە تا دەگا بەوە ببێتە باوەڕ و فەلسەفە و ڕێباز و ڕەوشی دەستەیە،بەرەیە،توێژاڵێ ،یا چینێکی گەل..لەوە مەترسی تر ئەوەیە کە لەوەوە بەچکەیەکی بێ بابی زۆڵی لێ بکەوێتەوە و ببێتە ڕێباز و "نهج" ێکی سیاسی دا حەشاردا و لە پزدانی ئەو ڕێکخراوە سیاسی یەدا گەشە بکا و پاشان بزێ، کە ئەوسا ئەو ڕێکخراوە ـ نەشییەوێ!ـ دەوری تابووری پێنجەم و پواز لە کۆمەڵ دا دەبینێ و لەوانەشە کارەساتی زۆر خەتەری میللیشی لێ بکەوێتەوە  هەردوو نەخۆشی یەکە،وە لادان و خلیسکانی بەوچان و وچان و چەند قۆناغێک پێ دەگا و دەخەملێ... لە سەرەتاوەر هەر وەک تایەک بیر و هەست و هۆشی و بیرکردنەوە دەگرێ و پاشان کەم کەمە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتدا لە چەند شێوە و شکلێکی حەشار دراو و ئاشکرا خۆی دەردەخا و دواتر  ڕەگ دادەکوتێ و سەقام گیر دەبێ. بۆیە دەبێ هەرچی بیر و ڕەفتارێکی بۆنی ئەو دوو ماکەی لێ بێ لەسەرەتاوە و هەر لەسەر لانکە خەفە کوێ و لەمیان گرنگ تر و کاریگەر تر پێویستە لە بنەڕەتەوە  ـ وەک سەرەتای خۆپاراستنی لە چارەسەرکردن چاتر ـ ڕێ و دەرفەتی پەیدا بوون و سەرهەڵدانی لێ بگیرێ.

دەستە و یەخەبوون و بە گژداچونەوە و ڕیسواکردنی ئەو دوو دەردە لە ئاستی " فرض العین" دایە و هەموو تاکێک  چ جای کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی ـ لەسەریەتی وەک ئەرکێکی میللی و شەرەفی هاولاتێتی بەوە و بەوەندە دەتوانێ و بۆی  دەلوێ بەری پێ بگرێ. نەخۆشی خۆلەبیرچوونەوە بە کورتیەکەی خۆدزینەوە و پێ دزکێ یە لە بوونی نەتەوایەتی و کوردێتی هەر لەوەی کەسێ دەستەیە،کۆمەڵێ ئینتمایەک ـ جا هەرچی یە بێ ـ سەر و ئینتمای نەتەوایەتی و کوردێتی خۆی بخاتەوە یا بیکاتە جێگر و /بدیل ی ئینتمای کوردیەکەی و خۆی بە شانازیەکی مەعنەوی و ئیعتباری و ئەدەبی غەیری شانازی کردێتی

و کورد بوونیەوە بنووسێنێ تا دەگاتە پشت تۆ هەڵکردن و هەڵگەڕانەوە لە بوونی قەومی و خۆدانە پاڵ قەومی یەتێ یا شتێکی دیکە!.

واتە بازدان بەسەر واقعی نەتەوایەتی دا جا یا خلیسکانە دامێنی واقعێکی نامۆ و زۆڵکەوە یاخۆ...... کردن و پێ لە زەمینە و واقعی نەتەوایەتی تایبەتی خۆدابڕین .. دەبێ ئەمەش لە بیر و ئەندێشە و باوەڕی مرۆی دۆستانە و گونجاندنی بەرژەوەندی میللەتان و پەیوەندی و هاوکاری بەرابەری نێو گەلان و میللەتان و هەر شێوە و جۆرێکی دیکەی واقعی نێونەتەوایەتی و ڕەسەن و فەلسەفە و ئایدیالێکی شمولی دیکە، کە لە زەمینەی نەتەوایەتی یەوە پەیدا دەبێ و دەرسکێ و انطلاق دەکات جیا بکەینەوە.. ئەو جۆرە بیر و فەلسەفە و ئایدیالانە ئەگەر لانەدرێن و استغلال نەکرێن و وەکو هەیە و دەبێ ببێ و رەگ و ریشاڵی لە جەرگەی نەتەوایەتی یەوە سەر هەڵبدات بۆ خۆیان گەشە و نمای جەوهەری نەتەوایەتی یە بەرەو دەرێ و بەرین بوون و فراوان بوون و دەوڵەمەندبوونی ناوەڕۆک و شکڵ و شێوەی نەتەوایەتی یە.. هەرچەندە ئەو نەخۆشی(خۆلەبیرچوونەوەیە)بەناو بانگاشەی / ئیدیعای ئەو شتانەوە چەوتی و سەقەتی خۆیان دا دەپۆشن و خۆی لە بندا حەشار دەدەن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە بۆ خۆی لادانە لە گیانی نێو نەتەوایەتی ڕاستەقینە و دروستەوە و تێگەیشتنی بەراوەژووی ئەو فەلسەفانەیە ڕێک وەکو دەمارگیری و شۆڤێنستی و ڕەگەزپەرستایەتی لادان و بەراوەژوو کردنەوەی گیان و بوون و هەستی نەتەوایەتی ڕاستەقینە و ڕەسەن و ڕەوایە.. سەرنجدانی ئەو دەوڵەتە سۆسیالیستی و حیزب و کۆمەڵە هەراش و پێگەیشتووانەی ئەنتەرناسیۆنالیست و شمولی یانەی دنیا بەتایبەتی دوای قۆناغی ستالینیەت بە ئاشکرا ئەوە دەردەخات کە نەتەوایەتی لەوێدا پتر ڕەنگ و ڕواڵەتی بەخۆیەوە گرتووە و ئەو شتانە هەمووی ڕەنگدانەوەی تیشکدانەوەی نەتەوایەتی و تایبەتێتی میللی سەربەخۆیانە نە ڕووس ، نە چین، نە ڤێتنام.. وەک هەموو نیشتمان پەروەر و نەتەوە پەرستەکانی دنیا.بۆ یەک سات لە بنەوبنج و بناوانی خۆیان نەترازاون و بەرژەوەندی سوودی میللی خۆیان سەروو هەموو اعتبار و شتێکەوە گرتووە.. ئەمە بۆ خۆی نیشانەی سەروەرێتی (نەتەوایەتی) و ڕەسەنایەتی و یەکەمایەتی و بنچینەیی/ ئەساسی بوونی نەتەوایەتی یە. ئەگەر لە لایەکەوە بەڵگەیە بێ بۆ ڕەسەنایەتی و ئەساسی بوونی نەتەوایەتی و بە ئیسپات گەیاندنی ئەوەی کە ئەنتەرناسیۆنالیستی بەچکە و زادەی شەڕی ناسیۆنالیستیی ڕەوا و دروستە و بێ ئەو بوونی نی یە.. لەسەرێکی دیکەوە دەرسێکی گەورەیە بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوە و ژێر دەستەت و پارچە پارچەکراو بەش خوراوەکەی کورد،کە سەروەری و شەرافەتی شۆڕش گێڕی و مرۆڤ دۆستی خۆیان لەنێو حەقی خەباتی کوردایەتی یەوە بدۆزنەوە و لەسەر ئەو شکڵ و شێوەکانیان هەڵچنن.

نەتەوایەتی یەک لە خەسڵەتە تایبەتی و بێ مانەندەکانی مرۆڤ کە بە کردەیەکی / عەمەلیەکی مێژووکردی دوورودرێژ لە بوون و پەیدابوونی (نەتەوە) وەدەڕسکێ و سەر هەڵدەدا و ڕەنگ دانەوەی ئەو بوونە مێژووییەی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤە.

نەتەوە باڵاترین گۆڕان و شێوەکانی گەشەکردووی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤە و دوا پلە ولە چڵە پۆپەی گۆڕان و گەشەی ژیانی کۆمەڵایەتی یەتی ،شکڵی مێژووکردی خۆڕسکاوی ئەو عەمەلیە دوورودرێژەی ڕسکان و گەشە و نمای نەتەوەیە، نەتەوایەتیش ڕەنگ دانەوەی ئەو بوون و واقعەیە...

(خۆوەتاق خستنەوە)دەرد و نەخۆشیەی ؟؟؟؟؟ هەست و خواستی سەقەت و لا دراوی نەتەوایەتییەکی زۆڵەک و بەرچاوتەنگی بین لێڵ و شەوکوێرەوە زەنە دەکات،، هەستی دوورەپەرێزی و خۆ دوورگرتن چونەوە قاوغی بەرتەسکی شۆڤێنستییەوەیە کە هێندەی دەردە کوشندەکەی (خۆلەبیرچوونەوە) نا پەسەندی و دزێو و زیان بەخشە.

ئەگەر چەوسێنەران و چاوچنۆک و داگیرکەر و شۆفێنستی و ڕەگەزپەرستان لێگەڕێن بەرژەوەندی و سوودی میللەتان نەک هەور دژ بە یەک و ناکۆک نی یە بەڵکو تەباو تەواو کەر و پێکهێنەری یەکیشن. هەر ڕەوتی مێژوویی و بەرەو پێش چووی مرۆڤایەتی ئەو ڕاستی یە زانستی و عملی یەی گرنگ و پێویستی و سوودی لێک گەیشتن و دۆستایەتی و هاوکاری یەی نێو گەلان و نەتەوەکان بە ئیسپات دەگەیەنێ هەر نەبێ لە دنیایەکی وەک ئیمڕۆدا ( ئازادی و سەربەخۆیی و ئاشتی و ئاسایشی) گەلان و ژیانێکی مرۆڤانە بەبێ ئەو تەبایی و هاوکاری و گونجاندن و دۆستایەتی یە ئیمکان و بەرقەرار نابێ.. ڕەوتی هاوکاری نێوگەلان بۆ خۆی گەشە و فراژبوونی نەتەوایەتی یە بەرەو دەرێ سەقام گیربوونی ژیانی مرۆڤایەتی یە.

بۆیە نەک هەر ستەوم و داگیرکەری و ڕەگەزپەرستایەتی ،بەڵکو (خۆ وەتاق خستنەوە) و گۆشگیری میللی دژی ڕۆح و جەوهەری مرۆڤایەتی / ئینسانیەت و ڕەوتی مێژوو و بەرژەوەندی و سوودی ڕەوای میللەتانە..

دیارە لەمەوە سەئەنجامێ وەردەگرین کە نەخۆشی (خۆلەبیرچوونەوە) بەدەردی (خۆوەتاق خستنەوە) چارەسەر ناکرێ بەلای (خۆوەتاق خستنەوە) و بە نەخۆشی (خۆلەبیرچوونەوە) لەبەین ناچێ.

هەردوویان دوو نەخۆشی و دوو مەترسی گەورە و دوو کوێرەوەریی و لادان و بەرەو هەڵدێر بەرن،کە دەبێ کوردایەتی خۆیان لێ بەدوور گرێ و بزووتنبەوەی ڕزگاریخوازانەکەمانی لێ بژار کەین. .. و هەر دەمیش جێکی بیروکردار و ڕەفتاری خۆمان بکەین نەبادا میکرۆب و ماکی ئەو دوو سەرەتانی دزکی بکاتە هۆش و بوونمانەوە..

# بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە

**هاوڵاتی و هاوچارەنووس و هاوسەنگەرەکەم.**
**هاوڵاتی و هاوچارەنووس و هاوسەنگەرەکەم**
**سڵاوی ئازادی و یەکسانی..**

لەم مانگەدا ، پازدە ساڵ بەسەر مێژووییەکەی ئیرادە و شۆڕشی گەلەکەمان بەسەر داگیرکەرێکدا تێ دەپەڕێ کە لە ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ دا بەعسی ناچار بوو بوونی نەتەوایەتی کوردبە ڕەسمی بناسێنێ و دان بە بەشێ لە مافەکانی دا بنێ و ئەو دان پێدانانە پیلانی لێ بکات و لە ٦ ی ئازاردا بیپوکێنێتەوە! و ئێمەش ئێستە و ئەوسا و خۆشی دەزانێ تا کەی هەنسکە بڕکێمان بێ بە دووی ئەو( حوکمەزاتی) یەدا ئەوەی لێمان زیاد کرد بێ ( ڕاستەقینە) یەکە ناومان بە بن کلکی یەوە..

خوا بکات دوای پازدە ساڵی دیکە ئەو (ڕاستەقینە)یەش نەبێتە ( درۆینە) و نسوێ، چونکە ئەوسا دەست بە کلکی چ زاراوەیەکی ترەوە بگرین؟!. ئێمە پێمان وایە مەسەلە ڕاستەقینە و نا ڕاستەقینە نی یە، تا داگیرکەر دەسەڵاتی بەسەرماندا بڕوا و تا وڵاتەکەمان هەر بە کۆلۆنیال/ مستعمرەیی و بەشێ لەو وڵاتە داگیرکەرانەدا بمێنێتەوە ، ڕاستەقینە مانایەکی نی یە و هەر چۆنێکی پینەکرێ هەر هەڵدەتەقێتەوە.. چونکە حوکمی زاتی ڕووت و قووت ڕێگە چارەسەری کێشەی کەمە نەتەواەتییەکانە جۆرێکە لە دابەشکاری بەڕێوەبردن/ تقسیماتی ئیداری پێشکەوتوو گونجاندن و سازدان و پێکەوە لکاندنی بەشە تایبەتی و جوێ جوێکانی ووڵاتێک و میللەتێکە.مافی میللەتێکی تایبەتی و سەربەخۆ نی یە ، چوارچێوەی سروشتی و خۆویستی پێکەوە ژیانی چەند میللەتێک نی یە لە کیانێکی سیاسی دا.. ئەمەیە "تناقض" ی ئەبەدی ماف و داخوازیەکانی کورد و چوارچێوەی ناگونجاوی بەزۆر سەپاوی حوکمی زاتی. حوکمی زاتی ئەوکاتە دەبێتە شێوەی هەرە دامێنی و هەرەناچاری و قۆناخی/ مەرحەلی و مافی میللەتێ کە لەسەر بنگەی مافی دیاری کردنی چارەنووس هەستابێ و قۆناغێ بێت بۆ گوێزانەوەی ئەو میللەتە بۆ شێوە و جۆرە باڵاکانی مافی چارەنووس تا دەگات بە کیانی سەربەجۆیی و فەوڵەتی میللی. ئەوساش پێی دەوترێت سەربەخۆیی خودی/ ئیستقلالی زاتی کە لە ڕووی دەستووری و یاسایی و واقعی یەوە لە حوکمی زاتی یە ڕووتەکەی جیا دەکاتەوە.

میللەتی ئێمە نەتەوەیەکی پارچەپارچەکراو و داگیرکراوە، ڕەوتی مێژوویی و سرووشتی ئەوەیە کە بەوێی بار و گەل و مەرجی ڕەخساو هەنگاو هەڵێنێ بەرەو (سەربەخۆیی و یەکگرتنەوە و ئازادی) کەمە نەتەوایەتییەکی میوان و کۆچ کردوو و شابڕاو نین، تا کێشەمان بە حوکمی زاتی چارەسەر کرێت. وڵاتی ئێمە موستەعمەرەیەکی داگیرکراوە، بەشێک نین لەو کیانە سیاسی یە زۆڵەکە بە زۆر سەپاوەی بەسەرماندا تا ئیمکان بێ لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە ئیستعماریانەدا دابین بین. ئەم ڕاستی یانە دوژمنان و داگیرکەرانمان لە خۆمانی چاتر دەزانن، هەزار پاکانەش بکەین ئەوان مافێکمان پێ بدەن/ عەتا بکەن دیسانەوە هیچ مومکین نی یە تا سەر بێ، ئێمەش خۆمان فریو دەین نە نەوەکانی داهاتوومان پێ فریو دەدرێ و نە ڕەورەوەی مێژوومان پێ دەوەستێ.. تا دانیان پێ بە ( مافی دیاریکردنی چارەنووسمان) دا نەنێن و هەر دەستکەوتێک بەدەست بێنین لەسەر بناغەی/ ئەساسی ئەو مافە، جا هەر ناو و چوارچێوەیە بێ پراکتیزە/ مومارەسە نەکەین هەر دەبێ لە بازنەی داخراوی وەک ئەم چارەکە سەدەیەی دوایمان بخولێینەوە و بخولێینەوە.. ئایا ڕۆژی ئەوە نەهاتووە ئەو لغاوە سەروبن و بەرەواژە ڕاست کەینەوە؟.. بەهیوای ئەو ڕاست کردنەوە و لەسەرەڕێ ی ئەو ئەرکەدا وتا ڕۆژی هەڵهاتنی خۆری( سەربەخۆیی و ئازادی و یەکسانی).

هەر بژین بۆ کورد — هێزی پێشمەرگەی پاسۆک

## مشتەی ناو هەمانە

**کاک ( م. ع) لە شاری کەرکوکەوە پرسیارێکی کردووە و دەڵێ: (( بۆچی میللەتی کورد لە مێژووی کۆن و تازەدەیدا نەیتوانیوە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ؟)).**

**وەڵام:**

ئەمە پرسیارێکە زۆر بەداخەوە وەکو ( توتم) یکی لێ هاتووە، جگە لە چەند کەسێ ئەویش لابەلا ، کە کەس نەوێرێ خۆی لێ بدات... هەر چەندە دەبوایە ئەم مەسەلەیە ئێستە دەیان و سەدان لێکۆڵینەوە/ دیراساتی لەسەر بوایە، یان هیچ نەبێ حیزبە سیاسییەکانی کوردی لە وەڵام دابەوری ئەم پرسیارەوە هەنگاوی یەکەمی خەباتی خۆیان دەست پێ بکردایە ، بەڵام ترسی ئەوەیە نەبادا دڵی داگیرکەر بگیرێ یا بەوە تاوانبار بکرێن کە جیاخواز و دەوڵەت تەڵەبن - وەک ئەو شتانەی کوفر بێت- ئەوەندەی توانیبێتیان خۆیان لێ بەدور گرتووە و هەتا کار گەیشتۆتە ئەوەی ئەگەر کەسێ مەسەلەیەکی وا بە بیری خۆیدا بهێنێ بە گاڵتە و قەشمەرجارەوە رویدا بخەنن!!.. دەمی ئەم برینە زۆر قوڵە و لەسەر ئەم لاپەڕە بەرتەسکانەی گۆڤارێکدا ناکرێتەوە .. زۆریش بە داخین کە ئیمکانی ئەوە نابێت کە بەوردی و گردی و قوڵی و فراوانی لە هەموو هۆ و جەمسەر و لانەکانی بکۆڵینەوە خۆ کاری ئەوتۆیی هی دەیان بەرگ/ مجلداتە و بەم چەند لاپەڕەیە دوایی نایەت، بەڵام دیسانەوە ئێمە چەند نوقتە و هێڵێکی درشتی ئەو هۆیانە بەتایبەتی هی تا جەنگی جیهانی یەکەم ، دەخەینە ڕوو بەو هیوایەی کە ئەمە ببێتە هاندەرێ بۆ پتر لێکۆڵینەوە و دیراساتی جدی و مەوزوعی - تەبیعی دوور لە وشکە تیۆری/ نەزەریاتی حازر بەدەست و قاڵبی مردوو و شەختە بەستوو!.. لەم بارەیەوە.. لە پشووسواری و پەلە و تیژڕەوی و کورتی وەڵامەکە ، پێشەکی داوای بەخشتن دەکەین..

نەتەوەی کورد بۆ کیانی سیاسی بۆ دروست نەبووە؟!.. بۆ لەپاش ڕمانی ئیمپراتۆریەتی ماددەوە کوردستان کوردستان یەک پارچە و سەرتاسەری حوکمێک و دەوڵەتێکی کوردی بەخۆیەوە نەدیتوە؟!. جارێ پێویستە ئەو ڕاستییە دەر بخەین کوردستان بەیەک پارچەیی و ئارامی بۆ هیچ داگیرکەر و بێگانەیەک نە ساغ بۆتەوە و نە ملی داوە. کەس نەیتوانیوە کورد ڕادەستی / تەسلیمی ئەمری واقیعیی داگیرکەری بکات.

جگە لەو هەموو یاخی بوون و مل نەدان و ڕاپەڕین و شۆڕسانەی سەرجەم

ڕووپەڕەکانی مێژووی نەتەوەکەمانیان نەخشاندووە.. ئەگەرچی توانیبێتیان بەشی زۆر تا کەمی کوردستان لە ڕوویسیاسی و ئیدارییەوە ژێردەست کەن بەڵام نەتوانراوە لانی کۆمەڵایەتی بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە کورد هەمیشە سەربەخۆیی کۆمەڵایەتی خۆی هەبووە داب و دەستوور و نەریت هەموو لانێکی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردانە بووە و داگیرکەرانی نەیانتوانی جۆر و شێوەی ژیانی خۆیانیان بەسەردا بسەپێنن نەیانتوانیوە کوردێتی کورد لەبیر بەرنەوە. نەیان توانی ؟؟؟ تایبەتتی ژیانی کوردەواری بگۆڕن. ئەمە خاڵێکی گرنگە کە چەند شتێ ڕوون دەکاتەوە و بە ئیسپات دەگەیەنێ:

**یەکەم**: کورد هەرگیز ئەو داگیرکەرانی و داگیرکەریی بە شەرعی یەت نەناساندووە و ملی بۆ نەداون.

**دوومیان**: قووڵێتی و ڕەسەنایەتی بوونی نەتەوەیی کورد دەردەخات .

**سێیان**: پێ گەیشتنی و گەیشتنی بە بوونی نەتەوایەتی و هەستی کوردانەیان سەدان و هەزاران ساڵە لا دروست بووە وا کە شەقڵی نەتەوەیان بەخۆوە بەستووە و چوارچێوە کۆمەڵایەتی یەکانی پێش چوارچێوەی نەتەوایەتیان بڕیوە و ماکەکانی بوون بە ( نەتەوە) یان لا گەلاڵە بووە ئەمەش لەگەڵ ئەوەدا ناکۆک نییە کە تا ئیمڕۆش چوارچێوەی دامێنی نەتەوایەتی و بەر لە نەتەوایەتی وەکو خێڵایەتی و هۆزایەتی هەر هەبووە و هەر هەیە.. بەڵام لەنێو چوارچێوەیەکی فراوانتردا خۆی دەنوێنێ کە چواچێوەی( نەتەوە) ی کوردە.

**چوارەمیان**: سەرجەم ئەو بۆچوون و تیۆرانەی دوور لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردەواری یەوە وەکو چەند دەقێکی مردووی ، نامۆی ڕاگوێزراوە لە مەیدانی بەسەرکردنەوە و پێدا چوونەوە و شی کردنەوەی مێژووی کورد و کوردستان و کۆمەڵگەی کوردەواری و خەباتی نەتەوایەتی کورد کورتیان هێناوە و بەوانە هیچ تەفسیرێکی هەزاران و سەدان پرسیاری بێ وەڵام ناکرێت. یان ئەوەتا ئەو شتانە بە زۆر بەسەر تایبەتکاری و بوونی کورددا بسەپێندرێن کە بەرگەی دەگرن و نە هەرگیز ڕاست دەردەچن.. یان ئەوەتا بە ڕێگەیەکی زانستانە و دوور لە حوکمی پێشەکی بۆچوون و تیۆری کوردانە بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری هەبێت.

بۆ کورد دەوڵەت و کیانی سیاسی خۆی نەبووە؟. ئەگەرچی هەموو کەرەسە و ئامڕازەکانی دەوکەت و کیانێکی سیاسی سەربەخۆ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەبوون وەکو:

١- پارچە زەمینێکی مێژوویی کە نیشتمانی کورد بووە و کورد لە کۆنترین

نەتەوەکانی ناوچەکەن. تورک هەزار ساڵ نابێت کە یەکەم کۆچەریەکیان پێی ناوەتە ئەم ناوچەشەوە!. عەرەب تەنها هەزار و چوارسەد ساڵە لە دورگەکەیانەوە بەم ناوانە وەریون. فارس و بلوج و ئازەری و ئەمانە لەگەڵ دووەم شەپۆلی خێڵە کوردییەکان واتە لەگەڵ ( ماد) ەکانی کورددا هاتوونەتە ئەم ناوچەیە.. تەنها مەگەر ئەرمەنی یەکان هێندەی کورد کۆن بن لەم ناوچەیەدا.

٢- هەستی نەتەوایەتی و خۆ بەکوردزانین.

٣- بوونی نەتەوەیەکی شەقڵ بەستوو.

٤- ویست و خواستی سەربەخۆبوون و ئازادی، کە شۆڕش و ڕاپەڕینە نەپساوەکانی کورد ئەم ویستە لە پلە هەرە باڵاکانیدا دەردەخات.

-٥ ئامادەگی شارستانێتی و داب و دەستووروری کۆمەڵایەتیکە هەر هەموو ئەمانە هەبوون،بەڵام هۆی پێکەوە بەستنی و قاڵب پێ گرتنی نەبووە، یان کۆسپ و تەگەرە دەرەکیەکان لەمپەربوون لەسەرەڕێی پێکەوە گرێدان و قاڵب پێ بەستنی. لێرە ئەو دەیان میرنشین و مەڵبەند نیمچە سەربەخۆیانەی سەرتاسەری کوردستان و دەیان دەوڵەتۆچکەی بچووک و گەورەی تا ناوەڕاستی ساڵەکانی سەدەی نۆزدەیەمیش دەشیا و دەکرا ببنە ناوکی ئەو دەوڵەتە سەرتاسەری یە و هەندێکیشیان بەو نەفەسە بەرەو ئەو ئامانجە هەوڵیان داوە..

پێک نەهاتنی ئاواتی نەتەوەی کورد و نەگەیشتنە سەرئەنجامی سروشتی خەباتی ڕزگاریخوازیخوازانەی نەتەوەکەمان،واتە پێک نەهاتنی کیانی سیاسی و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لەگەڵ بوونی هەموو زەمینە و کەرەسە و ئامرازی (دەوڵەت)یش.

دەگەڕێتەوە بۆ چەند کۆسپ و لەمپەرێک کە بەربەست و ڕێگربوون لەوەی ئەو کیانە سیاسی و دەوڵەتە سەربەخۆیی یە بڕسکێ،کە بەلای ئێمەوە و بە لێکۆڵینەوەی مێژوو تاوتۆکردنی زانستانەی ئەو هۆیانە و دەرفەتی زاتی و مەوزوعی یەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم چەند شا هۆیانە:

**یەکەم:** نێزیکی کوردستان لە ناوەندی مەڵبەندی عوسمانی یەوە،کە ئەم نێزیکی هەڵکەوتە / مەوقیعە جوگرافی یە هەم کاری ئەوەی کردووە کە ناوەندی /مەرکەزی حوکم و دەسەڵاتدارێتی ئاگاداری هەموو سرت و خورت و جموجوڵێکی کورد بن و بەردەوام لەبەر چاودێریدا بێت.. پێش شەقڵ بەستن و سەر پێکەوتن و خەمڵین و گەڵاڵەبوونی هەر بزووتنەوە و خشپەیەکیش فریای کەون و گۆڕەوشاری دەن.. هەم لە بەرامبەر هیچ کارێکدا،کە تۆزقاڵێ بۆنی دابڕانی کوردستانی لێ بێت و

دەسەڵاتی ئەوانی تێدا نەهێڵێ یان کەم کاتەوە،خەم ساردی تێدا نەکەن و هیچ دوو دڵی یەکیش لەسەرکوتکردن و بەرگرتن بە شیمانەی / احتمالی وادا نەکەن. بە هەموو توانایەکیانەوە،بایی و بارستی توانا بە خەرج دانی پاراستنی پلەی پایە و تەختەکەی خۆیان بەگژ هەر هەوڵێکدا بچنەوە کە بێتە هۆی ئەوەی لە بن لووتیاندا کیانێکی سەربەخۆ دروست بێت.. کە بەمە ناوەندی خەلافەتی لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئیمپراتۆریەتەکە دادەبڕێ و ئەوانیشیان یەکسەر لەدەست دەچوو...

چونکە ئەگەر کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆبا،دەبووە لەمپەر و بەینێک لە نێوان (ئەستانە) و هەموو ناوچەکانی خواروو و خۆرئاوای ئیمپراتۆریەتەکە و سوڵتانی تورک سێ لەسەر چواری ئێستای تورکیای بەدەستەوە دەما و ئەوسا هەر خۆی ناکۆکیەکانی دەربار و کۆمەڵگەی عوسمانی وا دەتەقینەوە کە هەر بوونی تورکیش دەکەوتە مەترسیەوە،وە لەدوا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەسەریان هات و کۆمەڵێ ڕێکەوت و پێشهاتی زێڕین نەبوایە (بۆ تورکان) دەبوایە حسێبی زوڵم و ستەمی پێنج سەد ساڵەیان ساف لە ساف بدەنەوە و دەچونەوە قەوارەی چەند خێڵە کۆچەریەکەی پێشوویان.

ئەگەر کوردستان لە دامێنی دوورەدەستی دەوڵەتە داگیرکەرەکە بوایە، نە ئەوەیان پێ هەڵدەستا و بۆ هەڵدەسووڕا هەمیشە و هەردەم دەریای بۆ ساز و تەیار کەن و ئەو هەموو ئەرک و مەسرەف و خەرجەی لەشکرکێشیە بەرگەبگرن/ تحمل بکەن نە بەو جۆرەش کوردستان و بزووتنەوەکە و شۆڕشەکانیش لە هەر چوار لاوە گەمارۆ دەدرا.. نە بەو زووبەزووەیش بەخۆ دەکەوتن لەسەرەتا و سەر بێشکەوە فریای تاساندنی ڕاپەڕین و شۆڕشەکان دواکەوتن و نەیان دەهێشت ڕەنگ داکوتی و پەل بهاوێژێ لەباڵیان دەدان!..

هەتا ئەم مەوقعە جوگرافی و نێزیکەیش بووە کە میر و سەردار و خان و سەرەک خێڵ و خاوەن دەسەڵاتەکانی ئەو ڕۆژەی کۆمەڵگەی کوردەواری مل بە یەکدی نەدەن و نێزیکە دەست خۆیان بگەیەننە دەریا و دەربار و دەرباریش چۆن و لە بەرژەوەندی خۆی و بەدژی سوودی کوردی ناکۆکی و ناتەبایی و پێکەوە نەلکاندنەکانیان بەکار هێناو ئاگرەکەشیان خۆشتر دەکرد..

خۆ ئەگەر کوردستان دوورتر بواتە بەشێوەیەکی ئاسایی و تەبیعی دەسەڵات و ( نفوذ) ێکی کوردی لەنێو یەک لەو میر و سەردار و خانەدانانە دەردەکەوت و ئەوانی دیکە لەدەوری خڕ دەبوونەوە.. ناحەزانی میر یان دەسەڵاتدار دەسەڵات

و( نفوز) هكە بەئاسانی دەستیان نەدەگەیشتە سوڵتان و ناچارانە ملیان بۆ هاوماڵە دەست ڕۆیشتووەکەی خۆیان دەدا...لەترسی ئەوەی میر و سوڵتان فریایان دەکەوێی یان ئەوەتا دەبێت خۆیان ئاوارە و ماڵ وێران کەن و مەسەلەکر بەخۆ بڵێن: یان بەردەستی ئەم دەکەتن و سەرت دەبردن..

بە کورتی و بۆ نموونە ئەگەر کوردستان لە شوێنی هەر کام لە وڵاتەکانی سەرووی ئەفەریقا یان سودان بووایە یان هەتا لە شوێنی فەلەستین و ئوردون یان عەرەبستانی سعوودی و یەمەن بووایە زۆر دەمێک بوو ئەو کەرەسە و ئامڕازانەی بوون بەدەوڵەتی کە بۆ ڕەخسا بوو، زۆر بە سانایی دەوڵەتە کوردیەکەی بۆ پێک دێنان. نموونەیەک کە لەم باروبوارەدا بێتەوە دۆخی / وەزعی نیمچە سەربەخۆی میسرە بەجۆرێکی وا لە زەمانی محمد عەلی گەورەدا تەماعی کورسیەکەی سوڵتانیشیان هاتە بەروتا نێزیک دەروازەکانی سولێیانیش هاتن، بەڵام تەماعی دەوڵەتە ئەوروپایەکان - بەتایبەتی ئینگلیز- و چاوتێبڕینی میراتی دەوڵەتی عوسمانی وای کرد کە وولاتانی ئەوروپا بۆی ببنە پەریو لەدەستی ( محمد عەلی گەورە) ی رزگار کەن..ئێرانیەکان یان چاتر بڵێین فارسەکان چونکە دوورە دەستی ئەو ئیمپراتۆریەتە بوون - هەرچەندە عوسمانیەکان بەرۆگری سەرتاسەری و بەزیادەوەی عەبباسیانیش بوون - نەیان توانی فارسەکان بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و شا ئیسماعیل بە چەند سۆفیلکەیەک دەوڵەتی ( سەفەوی)دامەزراند و وەک لوو لەبەر بینی عوسمانیان دەرهاتن و هەتا روخاشن هیچیان لەگەڵ ئێراندا پێ نەکرا.. لێرەدا یەک هەڵوێستە بکەین دەبینین ئەگەر کوردستانی خۆرهەڵات و کوڕەکانی ( کە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی صەفەویانەوە) سوننی بوونایە واتە لەسەر کەنداوەوە تا نێزیک سنە کە شیعەن و سوننی مەزهەب بوونایە، ماکەکانی نەتەوایەتی و بوون بە کورد یان بە تەواوی تێدا چلوورەی ببەستایە و لەو گەردەشەی روخانی عەباسیان و تا چەند ساڵێ دوای حوکمی عوسمانیانیش بگرتایەتەوە هەر هیچ نەبوایە لە شوێنە دوورە دەستەکانی کوردستانی ئێران ئەو دەوڵەتە کوردی یە کە ناوکی دەوڵەتی سەرتاسەری کوردستان دەبوو پەیدا دەبوو.. بەڵام بار و هەل و مەرج و باری زاتی و ( بەتایبەتی) مەوزوعی فارسەکان لەبارتر بوو بۆیە دەاڵەتە ( صەفەوەکە) دروست بوو بەمە کوردستانەکەی ئەو دیویش کەوتە بەر حوکمی نێزیکە دەستی و کەوتنە نێوان دوو بەرداشی دوو دەاڵەتی داگیرکەر.. بۆیە بە هەمان شێوە ئەو تەگەرەیەش لەوێدا ئیمکانی پەیدابوونی کیانێکی کوردی لەنێو برد..

**دووەم**: هۆیەکی دیکەی سەرباری ئەو هۆ وتەگەرە و لەمپەری سەر و ئەوەیە کە لەکوردستان دا مەڵبەندێکی بازرگانی و ئابووری و ناوەندێکی گۆڕینەوەی شمەک و کاڵای وا گەورە پەیدا نەبووە کە لە کۆمەڵگەی کوردەواری دا بە ئەرکی ئاڵوگۆڕ و عەمەلیاتی ئابووری و بازرگانی خۆبەخۆ هەستی و بتوانێ ئەرک و پێوتستی یە ئابووری یەکانی کۆمەڵگەکەمان دابین بکات... لە کوردستاندا مەڵبەندی یان چەند مەڵبەندێکی ئەوتۆی تێدا پەیدا نەبووە کە بتوانێ ئیکتیفای زاتی عەمەلیاتی بازرگانی و ئابووری کۆمەڵگەکە بکا و ئەوەندەی کاڵا و پارە و بەرهەم و سەرچاوەی پیشەسازی و بەروبوومی تێدا کۆنەبووتەوە کە بتوانێت لەنێو خۆیدا خۆی بژیەنێ و ئەو پێویستیانەی کۆمەڵگە دابین بکات و مشەخۆری سەر مەڵبەند و بازاڕەکانی دەرەوەی کوردستان نەبێت. ئەو مەڵبەندانە پەیدا نەبوون کە مەرکەزی کۆکردنەوە و کەڵەک کردن و خستنە سەریەکی سەروەت و سامانی کوردستان بێت..

سەروەت و سامانی کورد دەڕژایە بازاڕەکانی تەورێز و تاران و بەغدا و ئەستەمبوڵ و دیمەشقەوە!.. شارۆچکە و شار و مەڵبەندە بازرگانی و ئابووریەکانی کوردستان پتر دەوری دەلاڵ و" وسیط " یان دیتوە وەک لەوەی خۆیان بنکەیەکی سەربەخۆ و کامڵ بن!.. بەهیچ جۆرێ ئەمە مانای ئەوە نی یە کە کوردستان ئیمکانی تێدا پەیدابوونی ئەوانەی نەبووە یان لە بنەڕەتەوە کۆمەڵگەی کوردەواری وا هەڵکەوتووە کە نەشێ و دەست نەدات ئابووری یەکی کامڵ و مەڵبەندی بازرگانی و ئابووری سەروەت و سامان تێدا خڕبوونەوەی هەبێت!.. لە (مەککە و مەدینە) ێکی ڕەق و تەق و رۆمایەکی سەر تەپۆلکەیەک ئەمە پەیدا بووە ئەدی لە کوردستانی بەربەرین و پڕ سامان و دەوڵەت بۆ پەیدا نابێت؟!.. مەسەلەی دەست تیوەردان و نەهێشتنی پەیدابوونی بارێکی وایە! کوردستان ئەستێلکێک بووە لە هەر چوار پێنج لاوە جۆگەیان لەبەر هەڵگرتووە و وەکو زەروو خوێن و سەروەت و سامانیان هەڵلوشیوە. نەیان هێشتووە و بوار و دەرفەتی ئەوەیان نەداوە ئەو ئەستێلکە پڕ بێت.. ئەگینا ئەوەتا بێگانەیەکی نیوە ئینسافی وەکو **ئولیا چەلەبی** لە سیاحەت نامەکەیدا باسی سێ سەد و پەنجا ساڵێکی لەمەوبەری تاکە یەک مەڵبەندی وەکو (میرنشینی بەتلیس) ی سەرجەمی (عەبداڵ خان) ی نەوەی شەرەف خانی ڕەوان شادمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەگەر ئەندازە و پلەی پێشکەوتن و ئاوەدانی و دەست ڕەنگینی خەڵکەکەی ئەو ئاوەدانی و شارستانیەتە و ئەو هەموو دەزگا و دوکان و قەیسەری و دەوڵەمەندی پێشکەوتنەی لەگەڵ زۆربەی زۆری مەڵبەندەکانی ئیمڕۆی بەک سێ سەد و پەنجا

ساڵی پێش ئگمڕۆمان دەوڵەتانی ئاسیا و ئەفریقای بکەین.. بۆمان دەردەکەوێ کە مەڵبەندێکی کوردەواری چەند پێشکەوتووە و پێ گەیشتوو بووە کابرایەکی( ئەستانە) ی وەکو ئولیا چەلەبی چۆن بەشەوارە خستووە و ئاهوئۆفی بۆ هەڵکێشاوە.

ئەو تورکە دڕندە داگیرکەرانەش چۆن هەموویان بە تاڵان بردووە و چ وەحشی گەرەیتیەکیان کردووە و چۆنیان کاول کردووە.. دە ئیتر چۆن ڕێی پەیدابوونی مەڵبەندی وا دەبێتەوە!!..

ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی نە ئەوەندە پارەوپول و سامانێ لای چ میر و چ خەڵکەکە و چ ناوچەکە کۆبێتەوە کە ئەرکی بەڕێوەبردن و مەسرەف و خەرجی لەشکر و دەزگاکانی دەوڵەتی پێ گەڵبەستێ و نە لەو زەمینەیەشدا پیشەسازی پێویستی کەرەستەی جەنگ و شۆڕش پێویستیەکانی دەوڵەتی لێ پەیدا دەبوو ئەو چەند چەخماخساز و وەستا و دوکانانەشی کە هەبوون لەبەر جەنگ و شەڕ و شۆڕی نێو کوردستان بە حەلا حەلا پێداویستییەکانی میرنشینێکی بچوکیان دابین دەکرد و نەدەکرد.. لەچاو هێز و توانا و چەکی قورس و جبەخانەی دەوڵەتیدا حسێبێکی بۆ نەدەکرا!..

**سێیەم**: هۆیەکی دیکەی هەندێ لاوازتر لەو دوس هۆیانەی پێشەوەش هەیە ئەویش ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردەواری چەند خێڵ و هۆزێکی گەورە و بەهێزتان تێدا بوو، کە هەر یەکەی ناوچە و قەڵەمڕەوی خۆیان بووە.. زۆر جاران لەسەر ئەرز و ئاو و پاوان و سنووری دەسەڵاتدارێتی پێک هاتوون و بەیەک هەڵپرژاون و زۆر جاران ناکۆک و ناتەبا بوون - دەستی داگیرکەر بە ئاشکرا لەمەدا بووە و دنە دنەی سیرایەت و بەردەوامێتی داوە- ئەمانە زۆربەیان لە ڕووی هێز و دەسەڵات و تواناوە لە شانی یەکدابوون و بەرامبەر بوون.. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە مل بۆ یەکدی نەدەن و کەسیان و هیچیان براگەورەیی یان دەسەڵات و ڕابەرایەتی ئەوی دیان قەبوڵ نەبێت. بۆیە پێکەوە نەلکاون.. ئەگەر لەناو ئەواندا خێڵێکی گەورەی وا هەبایە کە لەچاو ئەوانی دیکەدا چەند بەرابەر یان لە چەندایەتی و چۆنایەتیدا جیاوازیان زۆر بایە و بیتوانیایە ئەوانی دیکە بپێچێتەوە و لەبن باڵی خۆی بنانایە.. هەم توانای کوردی کۆ دەکردەوە و هەم بەری لەوە دەبڕیەوە کە دەوڵەتە داگیرکەرەکە بە یەکەیان بە قڕان بدات... وەک چۆن دەبینین کە شێخایەتی و تەریقەتی نەقشبەندی بارزانیان لە سەرەتای سەدەی بیستەوە تا ناوەڕاست و دواتریش بوە هیچی ئەوەی ئەو خێڵە دەورێکی زۆر گرنگ و کاریگەر لە شەصت حەفتا ساڵی خەباتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا ببینێ و تا ئیمڕۆش تین و تاوێکی ماوە..

ئەمە لەسەردەمێکدا بووە کە شێوە و جۆر و تەبیعەت و ئامڕاز و کەرەستەی نا کوردەواری و خەبات و بزووتنەوەی کوردایەتی لە ئاخە لێوەی سەردەمی کاریگەرێتی خێڵایەتیدا بووە لەگەڵ هەموو دەوری گرنگیشیان بەتایبەتی دەوری هەرە کاریگەری سەرۆک بارزانی بەو ئاڕاستە/ اتجاهە هەنگاوی دەنا کە ئەو مەسەلەیە بکاتە بنکەی کوردایەتی فراوان و لەچوارچێوەی خێڵایەتی دەربازی کات و (بعد) ێکی پێشکەوتوو و گونجاوی سەردەمی بداتێ. ئەگەر ئەم هەڵکەوتە بۆ سالانی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە یان هەتا سەدەمی شێخ عبدالسلامی رەحمەتیش برەخسایە دەورێکی زۆر کاریگەرتر و چارەنووسسازی دەبینی بەڵام چ چارەنووس و قەدەر و بەدبەختی کورد وا هارە پێشەوە کاتێ هەل و مەرج و زەرفە زاتیەکە خەملێ و پێ گەیشتن ئیدی ئەو بار و زەمینە مەوزوعی یەی پێشوو کەڵکی شین بوونەوە و بە بەرهەم هاتنی پێوە نەمابوو.. وا تەعامیلە زاتیەکەی کە خودی بزووتنەوەکە و ڕابەرایەتی بوو درەنگ وەخت پێداگەیشت و هیچ ئیمکان نەبوو لەوە زیاتری لێ پەیدا بێ، چونکە بارێکی مەوزوعی نوێ گەڵاڵە بووە کە پێویستی بە هەڵکەوتێکی زاتی و تەبیعەتی ڕابەرایەتیەکی نوێ و گونجاو و چەسپاوی ئەو بارە مەوزوعی یە، کە بەداخەوە تا ئیمڕۆ لە ئاسۆی بزووتنەوەی سیاسی کوردیدا هیچ شوێنەواری نی یە. هەرچەندە دەشێ ئەو ژان و ژان گرتنە سەختەی ئیمڕۆی کوردایەتی ئەو ڕابەرایەتیە مێژووییەش لێ بکەوێتەوە. چونکە بەرەبەرە خەریکە سەرەتاکانی فیکری و ئایدۆلۆژی و مادی ڕابەرایەتی یەکی وا دەخەملێ..

# قوتابخانی پاسۆک:

**کوردایەتی و دۆست و دوژمنانی..**

دیاری کردنی دۆست و دوژمن قیبلەنمای هەموو بزووتنەوەیەکە کە ڕێگەی خۆی پێ دەردەکا و سەرەتای هەنگاوی سەرکەوتوو و دروستە بە ئاڕاستەی / اتجاهی ڕاست و هۆیەکی گرنگ و بنچینەیی سەرکەوتن و زامن/ ضمانێکی گەورەی لانەدان و هەڵنەگەڕانەوە و ڕۆنەچوونیشە..

بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی ئێمە و لە حاڵ و بار و هەل و مەرجی زۆر ناسک و سەخت و تێک قژقژاوی بزووتنەوەکەمان و ئاڵۆزی و بەگرێ و گۆڵی و تێکەلێکەی پەیوەندی نێو دەوڵەتان و ناکۆکی و بەیەکدا کەوتن و ڕێک کەوتن و جووت بوونەوەی بەرژەوەندی یە جوێ جوێکانی حکومەت و گەلانی ناوچەکە و دنیا و هەزار و یەک تەرحەیی و جەمسەری و حسێبی وورد و درشت و ڕەوا و ناڕەوا و ناچاری و بە ئانقەستی نیازوو خواز و طموح و سوو و دەسکەوت و موعادەلاتی سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و نێونەتەوایەتی گەلان و دەوڵەتان بەرەو دەستەکان و دەیان هۆ و/ عاملی دیار و نادیار ی مێژوویی و هی دیکەدا ، دووربینی و واقیعبینی و دڵسۆزی و ژیریەتییەکی نائاسایی پێ دەوێ خۆ ئەگەر حسێبی بێ کەسی و لارەدەستی و گەمارۆدان و هەژاری و نەداری و لاوازی کورد لەبەرابەر ئەم دنیا هەڵپەکەرە بەرژەوەندی پەرستە ،خۆویستە پشت لە پرنسیپی / مبادی هەڵکەرە هەرکەس بۆ خۆ و هەژار و بندەست کوژەدا ڕاگرین،ئەوا ئەرکەکە چەند جاران بە ئەولاتر و پڕ مەسرەفتر و سەخت تر دەکەوێتەوە. بەتەنگ خۆوە هاتنێکی زۆری پێ دەوێ تا بتوانرێ لە نێوان ئەو ئۆقیانووسە بەیەکدا چووانە و دەریا لووشانە و ئالۆز و بلۆزیە سەر دەرکەین و سوود و بەرژەوەندی ڕەوای خۆمان پێک بێنین..

دیارە کار نەک هەر بەوەندە پێک نایەت بە سووک و سانا و بێ عەزێت و بەهەستی حەسانەوە و بەخۆنازین تەفرەدەر بێن و شتێکی ژیکەڵەی هەزار و یەک جار ووتراوەی، سوواوی،مەوهوم و تجریدی زاراوەی نێوفەرهەنگی لە چەشنی (ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرست و داگیرکەر و ناحەز و ئیستعمار و ئەپارتایدت و ریڤیژیۆنیزم و ئیزم و ئیستە مەلعونەکانی دیکە) ڕیزکەین و بڵێین: " ئەوە کوتەک و ئەوە دوژمنان بڕۆن بکەونە گیانیان تا گیانیان تێدایە و تا گیانتان لەبەردەبرێ بیان کوتن و بیانکوتنەوە... لیستێکی دیکەی بە زرینگە و بە فڕینگەی دیکەش بڕازێنینەوە و بڵێین ئەوەش دۆستەکان..

خزان له شەوی تاریکدا،شێرن له مەیدانی نەبەرد دا هەتوانی سەربڕینان و بینایی چاوان و عەسای موسا و ئەنگووستیکەی سولەیمان حەتحەتۆکەی حەوت دەروانن!.. خۆتان بدەنە دەست و لێخوڕن دەشتە. کاری ئەوتۆی نەزەریەبازی و چاوبەست و خیت کردن و گومڕاکردن و ڕێ لێ ڕەوێڵ کردنی جەماوەرەکە و بەرەو هەڵدێربردنی خەباتە و سەرلەخۆ و گەل تێک دانە..

وەک هەر شتێکی سەر ئەم گۆی زەویە، لە یاسا و دەستووراتی ماددی رەق و تەقەوە تا دەگاتە یاساکانی گۆران و کۆمەڵایەتی هەل و مەرج و باروشەرایەتی زەمانی و مەکانی تایبەتی خۆی هەیە.. ئەو یاسایانە بەو جۆرە سادە و میکانیکیانە سەرەواو ساکارانەیە لە خۆڕا بەگەڕ ناکەون و ڕێچکەی تایبەتی و حەتمی بەدەر لە زروف و شرووتەکانی دیکەی نی یە... تجرید و خەیاڵی نەزەری نین، نەگۆڕ و وەستاو و هەمیشە و هەردەم ڕاست دەرچووی نین.

بۆیە تەنها کێشانە و پێوانەیان ((سوود و بەرژەوەندی میللی ڕەوای خۆتە)) بە هەر تەرازوو و کێشانەیەکی بێژووی دیکە بپێورێن و تاوتوکرێن لە ڕێک نەهاتنەوە و لەنگ بوون و بە دویدا نەهامەتی و نەگبەتی بەولاوەی لێ ناکەوێتەوە.. ئەمەش مانای ئەوە نی یە چ یاسا و دەستوور و ثوابتی ی لە گۆڕێ دا نی یە،یاسا و دەستوور و ثوابت واقع و ستاندەری مەسەلەکەی خۆتە.. نوقتەی ارتکاز کە هەموو شتەکانی دیکەی لەسەر بەندە مەسەلەی تایبەتی و سوود و بەرژەوەندی دوورونیزیکی جەماوەرە کە و داوا ڕەواکانیەتی. مەرجی دۆزینەوەی و سەرکەوتنیش (تشخیصی) ڕاست و دیاری کردنی محدد و بەدیار و (مجسد)ی دوژمنەکەیە دەست نیشان کردنی گۆڕەپان و ئەم و کەرەسە و ڕێ و شوێنەکەیە..

قوربانی ....بەراستی و ئەسڵی مەسەلە و واقعەکە بۆ خاتری ڕاگەیاندن و نەزەریاتی بێ گیان و دەقی مردوو ئەوانە کاتێک بوون و نرخیان دەبێ کە گیان بکرێت بە بەریانەوە و لە مەیدانی تاقیکردنەوە و سەر سەنگی مەحەک و واقعەکەدا بەڕاست دەرچن.. وابن کە ڕادەگەیەنن،وا دەرچن وابن کە ڕادەگەیەنن وا دەرچن کە خۆ دەنوێنن و ئەمەش گرنگ تر جووت بن لەگەڵ مەبەست و مەسەلە و داواکەی تۆدا..

دوو نموونەی بەرچاو بۆ بە ئیسپات کردنی ئەم بۆچوونانە دێنیەوە کە نەگبەتی نەبێ ئەمانە لە حوکمی (بدیهیە)تدان و لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایە قسە لەسەرکردن هەڵگرن و هەرچی ڕووداوی ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانەی سەر ئەم گۆی زەویەش هەیە ڕۆژی هەزاران جار بە ئیسپاتیان دەگەیەنێتەوە...

نموونەی یەکەم : شەڕی عێراق و ئێرانە..

هەرچی دنیا هەیە، جگە لە تەرەفێکی شەڕەکە و یەک دوو وڵاتی لێ دەرچێ دوای ڕاگرتنی ئەو شەڕە دەکەن، زۆر بە عەنتیکە و سەیر کە هەرگیز وا نەبووە لەسەر شتێ بەم جۆرە ڕێک کەون لە خۆرهەڵاتەوە بیگری تا خوارەوە لە چەپ و سۆسیالیستەوە تا ڕاست و ئیمپریالیست بۆ یەکەمین جارە لەسەر خاڵێ ڕێ دەکەون(ئەویش وەستانی ئەو شەڕەیە)١. هەر هەمووشی لە بەرژەوەندی و سوودی زۆر بەرتەسکی خۆیانەوە (انطلاق) دەکەن بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەوەیە بۆ تەنها یەکێکیان هەر بۆ دەرمان ئەو داوایەی نەبەستۆتەوە بە دابین کردنی مافە ڕەواکانی گەلی کوردەوە یا ویستی گەلی عێراقەوە؟!!.

جا ئەگەر کوردێ، سەر بە هەر بیر و ڕێکخراوێ بێ خۆی گێل و نەفام نەکا و بەڕاستی سوود و بەرژەوەندی گەلەکەی خۆی لەبەر چاوگرێ دەبێ هەڵوێستی چی بێ و چۆن بێ؟!. زیهنی کاری زۆر و ژیریەتی پێ ناوێ ، ئەوەی یەکان دەروو و بە هەر هۆشێکی کراوە و ویژدانێکی زیندووی کوردانە و گیانێکی بە پەرۆشەوە دادێت ئەوەیە:

ئێمە حەز بە جەنگ و ماڵ وێرانی و نەهامەتی نە خۆمان و نە کەسی دیکە ناکەین پڕ بەدڵیش حەز دەکەین و دەخوازین ئاشتی و ئاسایش و هێمنی و برایەتی باڵی سەوزی بەسەر هەموو دنیادا بکێشێ چونکە هەرنەبێ لەم بوار و هەل و مەرجەدایە کە پشکی گەورە بەر کورد بکەوێ و کەمێک لە مەترسی لەنێوچوون ڕزگاربین.. بەڵام کە شەڕی بۆ ئەوە کۆتایی پێ بێت و ئاشتی یە بۆ ئەوە بەرقەرار بێ کە کوردی تێدا بەورن، شاڵڵا و هەتا نەفخی سوور بڵێسەی ئەو شەڕە هەر بەرزەوە بووە و ئەو داڵەکەرخۆرەی ئاشتی یە هەر باڵی لێ نەڕوا..!.شەڕ بوەستێ بۆ ئەوەی صدام ئەو هەموو سوپا و لەشکرە دڕندە و پڕ چەکە بڕژێنێتە کوردستان و نەتەوەکەمانی پێ لە بەین بەرێ؟!.

دەی هەر نەکوژێتەوە تا دوا سەربازی کە کوردستانی پێ کاول دەکرێ لە جەهەننەم توند دەبێ!.. دڵی کێ بەمە لێمان زویر دەبێ؟ کێمان لێ دەرەنجێ؟ کام تەڵاقی شۆڕشگێڕیمان دەکەوێ؟ کامیان دەبێ بە سەقەر...ئەوانە هەموو هەموویان!! ئەوا دەساڵ بەسەر ڕێکەوتنە خیانیەکەی (الجزائر)دا تێ دەپەڕێ و لەو ماوەیەدا دوو ئەوەندە و نیوی هەموو سەرزەمینی فەلەستین کە لە ١٩٤٨ دا دراوە بە جوولەکە و چوار ئەوەندەی هەموو خاکی لوبنان لە کوردستانی عیراق دابڕاوە و خەڵکی لێ بەدەرنراوە و (تعریب و تهجیر و تبعیث) کراوە... کامیان فرمێسکێکیان بۆ ڕشتووین؟.. کامیان بەقەدەر دەڵەکێ ڕێزیان لێ گرتووین و دیفاعییان لێ کردووین؟..سبەی بشمان توێننەوە کێ هەیە قسنێ لەسەر گۆڕەکەمان هەڵچنێ؟..

ئێمه لەگەڵ ئەوەداین: ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعسی سەرنووگوم بێ،جا شەڕ بوەستێ و (صلح) ێکی عادل بکرێ و گەلی عێراق خۆی چارەنووسی خۆ هەرچەندە وەستان و نەوەستانی شەڕ بە قونەقونی ئەم و ئەو پێک نایەت ،بەڵام ئەمە بۆخۆی هەڵوێستی ئەخلاقی و مەعنەوی دڵسۆزانە و شۆڕشگێڕانەی کوردی پیشان دەدات و لەم مەسەلە و بابەتانەوەیە عیبرەت وەردەگرین و ئەندازە و ڕادەی دڵسۆزی و پەڕۆشی بۆ مەسەلە ناوەندی / مەرکەزی و بنەڕەتیەکەی کوردایەتی بەدەر دەکەوێن.

پێمان وانییە کەس لە بیری چووبێ، هەر دوێنێ بوو!..لە کاتێکدا بەعس لە گەرمەی نەخشە و پیلان و جێبەجێ کردنی لە نێو بردن و تواندنەوەی گەلی کوردا بوو. ویسامی خۆزەمارتێ دەکرا بە سنگی صدام دا! دیارە (کوبی) یەکان دژی کورد نەبوون و لەوانەشەلە دڵەوە ئەو کارەی صدام یان لا پەسەند نەبووبێ،بەڵام بەدووی بەرژەوەندی خۆیان دا دەگەڕان.جا لە دنیایەکی وادا دەبێ نە نائومێد و بەدبین و نە قسە و ڕاگەیاندنیش بەهیچ بکرین،خەڵکی چۆن دەکا ئێمەش وا دەکەین...بۆیە ئەگەر واقیع بین بین نابێ بە کوبا بڵێین: تۆ وەرە لەبەرخاتری ئێمە بەرژەوەندی خۆت تێکدە ، چونکە کاری وا نە قەت کراوە و نەدەبێ بەم زوانەش چاوەڕوانی قەومانی بین.. نە ئەوانیش هەقیان هەیە بڵێن: وەرن کۆنە چاڵی ئێمە بکوتنەوە و خۆ بکەنە بالاگەردانی بەرژەوەندیکانی ئێمە..چونکە ئێمەش بەرژەوەندی میلیمان چی خواست ئەوە دەکەین زۆریش قسەیان کرد دەڵێین: ئەمەمان... بەوەتان !

با نموونەیەکی لا پرەسەنگیش بکەینە پاشکۆی ئەم دوو نموونەیە:

ئێوە سەرنجی هەڵوێستی (ڤیتنام) یەکان بدەن چۆن لەگەرمە و جەرگەی خیلاف و تێک هەڵپرژانی سۆڤیەتی و چینیەکاندا چونکە کاری بەهەردووکیان بوو بە یەک ووشەش هەڵوێستی خۆی بە هیچ لایەکیاندا دانەشکاندەوە و هاوکارەکەی دوێنیی بکات.. هەر بەوەوە نەوەستایەوە: بڵێ: چینییەکان ماڵتان ئاوا نەبێ و تازە کارمان پێتان نەماوە.. گەیشتە ئەوەی لەشکر بکێشنە یەک و سەدان و هەزاران کەس لە یەکیش بکوژن.. چ تەفسیرێکی هەیە جگە لەوەی کە لەم دنیایەدا کەس کوڕی خۆی ناکاتە قوربانی کچی کەس ؟! ڕووگەی ئەم دنیایە سوود و بەرژەوەندی میللی یە،جا لە کوێوە بوو ئەوا ڕوو دەکرێتە ئەوێ..

ئەوەیە کە قوتابخانەی ژیان و واقیع و دەوروبەرمان فێرمان دەکات کە دۆست و دوژمن بە کێشانەی بەرژەوەندی و لەبەر ڕۆشنایی و سوودی نەتەوایەتی ماندا دیاری کەین..

# پەرێزی ئازاد

چەند جار ووتوومانە و دەیڵێینەوە کە ئەم گۆشەیە ،مەرزی بێ گومرگی بیر و باوەڕە،هەموو کەسێ دەتوانێ گرێی دڵی  خۆی تێدا بکاتەوە،چی دەوێ بیڵێ،ئێمە ئەوەندەمان لەسەرە ئەو دەرفەتی ئازادی مافی ڕا دەربڕینەی بۆ بڕەخسێنن.. هەرچی یەکیش لێرەدا دەخوێندرێتەوە، ڕای نووسەرەکەیەتی و مەرج نی یە گوزارشت / تەعبیر لە ڕا و سیاسەتی (ئاڵای سووری کوردایەتی )بکات.

****

**تا کەی پەردەی ئەم شانۆیە دانادرێتەوە؟؟..**

ماوەیەکە لێرە و لەوێ دەنگ و هەواڵ و گیزە گیز و بانگاشەی (بە درۆ و بە ڕاست!)بەرگوێ دەکەون،کە («جود» لەگەڵ «یەکێتی» دا ڕێدەکەون و (یەکێتی» لە ڕیشی ڕژێم بۆتەوە و لێ یان نائومێد بوون) و (شەڕ و ئاژاوە و ناکۆکی کۆتایی پێ دێ) و خەریکە خوا ڕەعم کات ڕابەرانی کورد و حیزبەکان لەسەدان و هەزاران خەسارەی دێزەیی عەقڵی (بەڵێ عەقڵێکی زۆر بچووک و سەرەتایی) وەردەگرن و ئیتر کۆتایی بەم گاڵتەجاڕە شەرم هێنە حەیابەرە ،ماڵ وێرانکەرەی شەڕی براکوژی و ناکۆکی و ناتەباییە دێنن.. زۆرنا! کەمێ هۆشمان بە بەردا دێتەوە حەیاگیر و خواگیر و ڕووگیری کوردستانی کاول و وێران و دابڕاو و کوردی دەربەدەر و ڕاونراو و دەم تێ ژەنراو و خوێنی چەندین و چەندان شەهید و دایک و خوشکی کۆست کەوتوو و شەرەفی چوومان دەبن.. زۆرنا! کەمێ لە گومڕایی و شەیتانی نەفسی بەد و زاتی کوێر دوور دەکەونەوە و بۆ تەنها جارێ گوێ لەدەنگی عەقڵ و لۆژیک / منطق و ویژدان و شەرافەت و داوا و هاوار داد و بێ دادی جەماوەر دەگرن و لە کەلی شەیتان دێنە خوارێ و ئەو تەقی لەحنەتییە ئەبەدییەی دەست چوونە خوێنی یەکترییە و ناپەسەندی و نارەسەنی و ناجسنییەی کورد بە کورد کوشتنە دەشکێنن کاتێ کە ئەو خۆشی و شادییەی لە زرە خەون و هەواڵێکی واوە لە نێوچەوانی ئەو جەماوەرە زەحمەت کێشە ،ستەمدیدە،خۆڕاگرە،دەست لە هیچ نەگێڕەوەی کورد دا دەدیترێ،

ئەگەر هەموو ئۆقیانووسەکان بکرێنە تف و  بدرێتە نێو چاوانی شۆرەسوارانی براکوژیدا، جا هەر کەسانێ بن و لەهەر سەردەم و شوێنێکدا بێ،کە بۆ و لە پێناوی چیدا بوونەتە مێردەزمەی سەر کۆڵەسنگی هیوای کورد و بۆ ئاواتی (برایەتی و هاوکاری و تەبایی) و ئەو شادیەی جەماوەر پێک نایەن؟؟! ـ هێشتا کەمە و زۆریش کورتە!..

چونکە بە ڕاست و بۆ شایەتیی مێژوو تاکە یەک هۆی دروست و بنجی و بە حورمەت و ڕاست و مەعقول لەم کارەساتە مىللییەی شەڕی براکوژی و پەرت پەرت بوون و سەنگەر لێک گرتن و حەیا بردنەدا نی یە، ئەوەی هەبێ تەماعی شەخسی و مەقام تەڵەبی و بێ هەست و خوستی میللی و شتی لە بابەتی سووک و ریسوا و ڕەجاڵی ئەوتۆییەی کە بەشی ئەوە ناکەن خوێنی گیسکێکی گەڕی لە پێناودا بچێ، نەک بەو جۆرە لافاوی خوێن و ڕق و کینە و تۆڵە هەرچی پیرۆزییەکان / مقدسات و شەرافەتی میللیمان هەیە ڕابدات و بەو جۆرە شەرم و شکۆمان لەبەر هەڵگرێ و بەو شێوەیە سووک و سەلیمی بەرچاوی دۆست و دوژمنمان بکات و هەر ڕۆژەی بە بەر یەکێکمانەوە بنیشێنێ و مەسەلەکەمان (کە شەرەفی هەموومانە،ئەگەر مانای شەرەف بزانین!)وا بخاتە سەر باڵی شەیتانی هەموو بازاڕێکی گەرم و ساردی سیاسەتی دەرەوەی سیاسەتی کوردایەتی یە!.. چ درۆیەک نەماوە بیدۆزنەوە / اختراع و اکتشافی درۆی ئیمپریالیزم نەبێ! کە وەک چەسپی(جۆنسۆن)بە بڕبڕەی پشتی ئازار و شەکەتی یەکدیەوەی دەنێن.. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان تا ئێستا و لەم (ئیمپریالیزم) ە مەلعونە نەگەیشتووین و نازانین بۆ بۆتە برای باوکی فلان و باوەکوشتەی ئەوی تر؟! نازانین ئەم کائنە موهوم بۆ لە دنیایەدا گەڕی هەر لە کوردستان ئالاندووە!! دەبێ ئەمە اختراعێکی ژیرانە نەبێ بۆ خەڵک خیت کردن و کردنە دۆن کیشۆت؟.

فلان پێشکەوتنخواز/ تقدمییە! و فیسارە کۆنەپەرست/ رجعیی! ئەمیان نیشتمانپەروەر/ وطنی و پێشکەوتوو و،پرۆلیتارپەرست و ئەویان جاش و کۆنەپەرست و بۆرژواویست و فیتی بۆرژوا!!! کەچی دەمی هەر کامیشیان دەکەیتەوە دوڕی وا هەڵ دەڕێژن سەد ڤۆڵتێر و مارکس و لینیم بە شاگردش ڕاناگرن! هەر چاویان دا بەیەکدا دەریایە فرمێسک هەڵدەڕێژن و هەنسکی وا دەدەن بۆ (گەلی چەوساوە و بەش خوراو) ژان دارک و گاندی و تیتۆ لە گۆڕدا

شەرمەزار دەکەن!لە خۆشیان دا چ (عەلی) و (عومەر) و (ابوذر)ێکی لە خواترسی دادگەی دنیا نەویستن..کە هاتنە سەر کاریش ڕووی (یەزید) و (حەجاج) و (پۆڵ پۆت) سپی دەکەنەوە؟..

خەڵکینە واڵلەی هەرچی یە دەووتریٚ درۆیە و درۆی پەتیش!!..ئەمیان نەتەوەیی/ قەومییە و ئەویان سۆسیالیستی یە و ئەو دیموکرات خواز و ئەم شۆڕشگێڕ و فلان پەری و فیسار مەلائیکەت)!..

کامەی زۆر (تقدمی)یە جێی لە هەمووان نەرمترە و کامەش زۆر دەمی گەرمە لە بەری لە هەمووان چەورترە و کامە زۆر شۆرشگێرە مامۆستای سازش و سەودایە و کامەیان زۆر کوردە لە هەمووان ناکوردترە!!

هەمووی جرِوجانەوەری دۆڵێک و دەرچووی قوتابخانەیەک و زادەی عەسر و دەوروبەر و باروهەل و مەرجێکن.. هەمووی یەک کەرەسە و یەک قوماش و یەک بابەت و جۆرە / نەوعە ،وەلیٚ سەرقەتار و مشتیٚ مامۆستا و ئەفەندی بەملاولایاندا دەبیٚ و دەدەن!.

ئەوەش تەنها جەماوەرە کە دەتوانیٚ کۆتاییەک بۆ ئەو شانۆگاڵتەجارە دانیٚ.. جەماوەریٚ سنگ بنیٚ بە گوللەی بەعسەوە بۆ دەبیٚ ڕا لەسەر نەبوون و ناڕازێتی لەسنووری پرتە و بۆڵە و گلەیی تیٚ نەپەڕێنیٚ و بەربین بە بازرگانانی شەڕی کوردکوژی نەگرێت؟!.

ئێمە دڵنیاین تا ئەو خەڵکە بە هەموو دەهۆڵیٚ هەڵپەڕیٚ و دووی هەموو عیویٚ بکەویٚ، کار لەمە چێتر نابیٚ.. تا دەروێش و زەرک وەشێنی سیاسی بەو جۆرە بۆ ڕاگەیاندن و بەناو بیروباوەڕ و سیاسەتی چەوت جەزبە بیانگریٚ و تا شێخی کەرە شەلی سیاسەتی کوردی،پاش هەزاران جار درۆ لیٚ دەرکەوتن،هەر بە موبارەک و خاوەن کەشف و کەرامەتی بزانریٚ بازاڕی شەعبەدەی کوردایەتی هەر گەرم و گەرم تر دەبیٚ.

ئەریٚ دەبیٚ ئەمەش هەر خەتای کۆلۆنیالیزم / ئیستعمار و ئیمپریالیزم بیٚ؟؟!!

**« شاهۆ »**

**نامەی منداڵانی کورد بۆ " خوا»!!..**

**نامەی یەکەم:**

**کوردستانووڵاتی بێ نەخشە و ئاڵاو**

**١٩٨٥/٢/١**

**خوایە گیان..!**

کاکەمیان بۆ کوێ برد؟ کەی دێنێتەوە بۆمان؟ ئەوە بۆ پێ ی ناڵێ ی بگەڕێتەوە، ئەی ئەو نازانێ چەندی بیر ئەکەین؟ خوایەپێ ی بڵێ: سروە زۆرت بیر ئەکا! دایکیشم هەر ئەگری. خۆ ئەوەتای ئەو ڕۆیشتووە بوکم بۆ ناکڕن، کەسیش ئێواران نامبا بۆ بازاڕ مۆطە و مەسژەت و پسکیتم بۆ بکڕێ.. پێڵاوەکانیشم دڕاوە، ئەرێ بە خوا پاسکیلەکەشم شکاوە! باشە من چی بکەم؟؟!!.

دایکم ئەڵێ ئەو خوا نەناسانە بردوویانە!. بەس پێم ناڵێ بۆ کوێیان بردووەئەڵێن تۆ هەموو شتێ ئەزانی! دەی دەپێم بڵێ بۆ کوێیان بردوەە؟ بەسەری کاکم بەژەس ناڵێم ئەو پێی ووتووم.. شەو کە دایکم نوست بە ئاسپایی لە جێگە دێمە دەرێ، ئا.. پێشتر خۆم ئەکەم بە نووستوو تا دایکم ئەنوێ، ئەوجا سوک سوک دەرگاکە ئەکەمەوە، پێڵاو لە پێ ناکەم با تەقەی نەیەت! بە فڕکانێ ئەچمە لای و بە خێەایی ئەگەڕێینەوە. دزە دزە خۆ ئەکەین بە ژوورا، ئەوجا لەژێر پەتوەکەی خۆما ئەیشارمەوە، دایکم لەخەو هەڵئەسێنم ئەڵێم: دایە چاوت بنوقێنە ! دەی دە تۆ بینوقێنە.. کە چاوی نوقان پەتوەکە لەسەر کاکم هەڵئەدەمەوە و ئەڵێم: دایە چاوت بکەرەوە. ئای، ئای.. چەند خۆشە! لەپڕ ئەقریشکێنێ..

نە بە خوا ئیتر نایەڵم شەو لای دایکمەوە بێ، لای خۆمەوە ئەبێ بنوێ! توند توند دەست ئەکەمە ملی ، چۆن ئەیەڵم کەس بیبات.. ئەگەر لە دەرگاشیان دا ئەیشارمەوە با ئەو سەگبابانە نەیبەن.. باشە خوایە گیان؟ ئێ دە قسە بکە!..

باشە خوایە گیان ئەوە بۆچی منداڵەکانی تەلەفزیۆنەکە کەس باەکیان نابات؟!.. خۆ خۆت ئەیانبینی ئەو هەموو بووکە شوشەیەیان هەیە ماڵەکانیشیسن چەند خۆشە!، ئەوە بۆ ئێمە شتی وامان نییە؟؟!..

ئەی تۆ خوای هەموومان نیت؟؟.

< هاوبیر>

## ماڵاوا..

### (شەڕکردن و بەرەنگاربوونەوەی سوپای داگیرکەری عێراقی، شەرەفێکە سەروو هەموو سەروەری تەکی دیکە)..


شەست و چوار ساڵە، هەموو ساڵ جارێ، لە شەشی کانوون دا یادی سوپای( سەرکوتکەر و کوردکوژ و مەغولاسای) داگیرکەری عێراقی دەکرێتەوە و ئەگەر نەڵێین هەندێ جێژنی تێدا دەگێڕن و جاروبارەش - وەک گاڵەتەجاڕی/ مەهزەلەیە، بەتایبەتی بە نیسبەت هێزە کوردستانی یەکانەوە!!- بە سوپای خۆ دەزانرێ و داوای مەشقی زیاتر و پڕ چەک کردن و تەیارکردنی زیاتریشی دەکەن!!.. یا هەر نەبێ وەک هەر ڕۆژێکی ئاسایی ڕادەبوورێ و نەمان دیت کەسێ ، لایەنێ، هێزێکی سیاسی - بە خۆشمانەوە!- هەڵوێستەیەکی مەسئولانە و کوردانە و بەشەرانە بکات و هەر نەکات تۆماری دڕندەیی و تاوانەکانی ئەو سوپا داگیرکەرە بە بیر خەڵکی بێنێتەوە و تفێ بکاتە ئەو ڕۆژەی یەکەم پۆستاڵی ڕەش کرایە پێی یەکەی سەربازی شاگیرکەرەوە.. ئا ئەمە بێ ئاگایی و دوژمن نەناسینە!. سوپای شووم و سن و کوللە و کوردکوژی عێراقی، ئەو دەزگا گڵاو و سەرەنێزەیەی لەوەتای کورد بە زۆر کراوەتە عێراقی و کوردستانەکەی کراوەتە کۆلۆنیالیکی/ موستەعمەرەیەکی عێراق بۆ یەک ساڵیش لە کورد کوشتن و کوردستان کاول کردن و هەرچی یە قاموسی دڕندایەتی و زیاتریش گرتبێتییە خۆی دەستی نەگێڕاوەتەوە و شل نەکردووە، مەگەر تەنها سوپای ئیستعماری تورکی لە دڕندایەتی و نامەردی بەرانبەر نەتەوەکەمان شای لە شان دابێتن!.

ئەو سوپاس فاشیستە ترسنۆکەی لە جەنگەکانی دەرەوەی سنووری سیاسی عێراق دا تەنها جارێ پیاوانە نەجەنگاون و هەمیشە پیشەیان هەڵاتن و خۆدان بەدەستەوە بووە و لە بەرانبەر هێزی لەشکری ڕزگاریخوازی کورد لە شۆڕشی ئەیلوول و لەبەردەم پیشمەرگەی قارەمانی ئەم شۆڕشە نوێیەشدا هەر بەزیوون و بە سەدان و هەزاران کەلاکیان لە مەیدان و گۆڕەپانی نەبەرد دا بەجێهێشتووە و کە کەوتووشنەتە بەردەست دۆخینیان پساوە و ( دخیلک) و ( بخیلک) بوون.. بەڵام لە ئاستی خەڵکی دەست و پێ سپی و بێ بەرگری/ دیفاع دا، وەک هەر سوپایەکی ترسنۆک و نامەردسیفەت، شێرەبوون و دەستیان لە هیچ دڕندایەتی و خوانەناسییەک نەگێڕاوەتەوە و دەیان ( دێریاسین) و ( گێرنیکا) یان لە کوردستان دا ژیاندۆتەوە

و هەزار پەڵیان داوە بە پشتی سوپاکانی هیتلەر و فرانکۆدا و هەزار جاریش ڕووی لەشکری زایۆنی و جەردەکانی خوارووی ئەفریقایان سپی کردۆتەوە و ئێمە ئاڵنگاری/ تحدیی هەموو نەسەلمێن و پشتوێن شل و ڕەگەزپەرست و گێلەپیاوێکی چاوبوقێن لە راستی دەکەین بەوەی کە ئەم سوپا دڕندەیە ئەوەندەی یەک ڕۆژ و بە درێژایی عومری چەپەڵی ئەم و دەوڵەتی ئیستعماریی عێراقی لە کوردستان دا کردوویانە سوپای زایۆنیزمی داگیرکەری هاوسنفیان لە فەلەستینی خوێناوی و خۆشەویستدا بەیەک ساڵیش کردبێتیان!!!.. هەربۆیە بەعس و دەوڵەتی عێراقی و سوپا داگیرکەرەکەی سەردەستە و دەستەخوشکی گەورە و دزێوی زایۆنی و دەوڵەتی ئیسرائیل و لەشکرە دڕندەکەیەتی و نەحلەت لە هەردوویان و هەموو داگیرکەر و ڕەگەزپەرست و فاشیستی... شەست و پێنج ساڵ بەسەر تەمەنی ڕەش و مرۆڤ کوژی ئەو سوپایەدا تێ دەپەڕێ و ئێمە لەم یادە نزم و سووک و ریسوایەدا شەست و پێنج هەزار تف و نەحلەت و نەفرینیان بۆ دەنێرین و حاشا لە دیاریان.

ئێمە دەبێ دوژمن و بکوژانی خۆمان چاک بناسین و نەکەوینە تەپکە و تەڵەی ڕاگەیاندنی ژیلکە و بن بۆشی گێلانەوە و دەستی خۆمان و میللەتەکەمان بە قسەی ئاڵ و واڵا و تورەهاتی فەرهەنگی داگیرکەر نەبڕین و کورت و کرمانجی کڵاوی ( تنظیرات) مان نەنێنە سەر، جەنگی ئێمە و داگیرکەرانمان جەنگی مان و نەمانە و جەنگی هەرەپیرۆز و پڕ شەرەفی ئینسانیمانە...

یەک لە بەرانبەرەکانمان لەو جەنگەدا سوپا تەتەرئاساییەکەی (عێراق) ە کە دەزگای هەرە دڕندە و (فاشیستی)ی ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکەی بەعس و حکومەتە ئیستعماریەکانی عێراقی ی دیکەش بووە، بۆیە شەرەفی هەر کوردێ بە ئەندازەی بەرەنگاربوونەوەی ئەو سوپا ئیستعماری یە دەزانین و دەبێ خۆش ئامادەیی لە هەر هەلو مەرج و بەلایەک بکرێ، کە ئەو دەزگایە تێک و پێک دات و تاق بڕی کات.. ئەوەش بە هەر بەهانە و بیانوویەک لەم ئاوات و خواشتە بەشدار نەبێت و لە ناخەوە نەیخوازێ لەو کەسە گێل ترە کە ئاگر بە ماڵی وەربێ و حەز نەکا و هەوڵ نەدات بیکوژێنێتەوە... بە هیوای ئەو ڕۆژەی خەبەرێ لە وجودی ئەو سوپایە نەمێنێ... ماڵاوا




# Alay Soory Kurdaity
# ئاڵای سووری کوردایەتی

**ژمارە ٣١ ئایاری ١٩٨٥**

**ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک**

**{{ پێش ئەوەی هەر شتێ بین دەبێ.. کورد بین}}..**

## بابەتەکان

سەرووتار تەنگژەی بزووتنەوەی کوردایەتی
ڕازێکی کوردانە چەند تێبینی و سەرنجێک لەمەڕ شێوە و جۆری
هەڵس و کەوت و ڕەفتاری سیاسی و سیاسیانە
بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە زیندە خەوی باوکێ
مشتەی ناو هەمانە پرسیار و وەڵام
پێنووسی قنج هەواناسی و . هێرش
قوتابخانەی پاسۆک باسک
پەرێزی ئازاد بەرەو شار/ کۆڕەک
الیقین/ ئاری
خونچە پشکوتوەکان چەکمان بۆ چی یە؟/ مەلا
هەر جارەی بیرێ مرۆڤ و پێشکەوتن
ماڵاوا ... ئێمە دوعایەک دەکەین، ئێوە بڵێن ئامین!

# سەرووتار

**تەنگژەی بزووتنەوەی کوردایەتی**

ئیمڕۆ بزووتنەوەی کوردایەتی بۆتە قۆچی قوربانی و بەڵا وەگەردانی ( مل ملانێ ی حیزبایەتی ناڕەوا) و ( هەوا و هەوەسی زاتی و نەفسی گومڕا) و ( ململانێی/ صیراعی حوکمی پاشەڕۆژی عێراق)...! هەر سێ لەم بەڵایەش کەم و زۆر دەخلیان بەسەر سوود و بەرژەوەندی گەلەکەمان و عەقڵ و لۆژیک/ مەنتیقەوە نی یە.

ئاشکرایە حیزب و حیزبایەتی هەتا خەبات و شۆڕش و بیروباوەڕیش بۆ خۆیان وەزیلەن بۆ بەدیهێنانی مەبەستێ ئەویش سەرفرازی و ئاسوودەیی گەل ، مل ملانێی حیزبایەتیش تەنها لە جوغزی بەدیهێنانی ئەو مەبەستەدا ڕەوایە. لەو شوێنەدا کە کەم و زۆر لەو سنوورە دەردەچێ و بەرەواژی ئەو مەبەستە بێتەوە ڕەوایەتی و شەرعیەتی خۆی لە دەست دەدات و دەبێتە بەڵایەک. هیچ گومان لەوەدا نی یە کە لەم قۆناغە و هەل و مەرجەی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەماندا، هیچ ناکۆکی و ناتەباییەکی مەوزوعی ئەوتۆ لە نێوان چین و بەرە و دەستەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دا نی یە کە بگاتە ئاستی لێک ترازان و بەیەکدا کەوتن و بەیەکدا هەڵپرژان، ئەگەر ئەو ناکۆکیە زۆر سانەویانە، لە هەر بارێکدا و بە هەر جورێ/ نەوعێ گەورە بکرێت و بتەقێتەوە- وەک ئەوەی هەشت نۆ ساڵە – هەیە! ئەوە بێ شک دەست کردە و دوور لە بەرژەوەندی کوردایەتی و هیچ پایەگەیەکی مەوزوعی نی یە. شەڕی خۆسەپاندن و کەڵەگایەتی و دەسەڵاتە، شەڕی کورسیەکە کە هێشتا و پاش چارەکە سەدەیە خەباتی خوێناەی شەبەنگیشی دیار نی یە!!.. ئەمەیە مەتەڵی شەیتان چن و هەڵنەهاتووی ئەو تراژیدیایەی ئیمڕۆ لە کوردستان دا دەگێدرێتەوە.

کە ئەو لێک کەوتن و پێکدا کەوتنەی باڵە شۆڕشگێڕەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی هیچ بوون و زەمینەیەکی بابەتی / مەوزوعی یان نەبێت و دیاردە و ڕوخساری تەبیعی و ڕسکاوی نێودەروونی کۆمەڵگەی کوردەواری نەبن، کە بە هیچ مەزهەب و بیر و فەلسەفە و ڕێچکەیە نین...

دەبێ حەتمەن سەرهەڵدانی لە هەوا و هەوەسی زاتی و نەفسی گومڕای سیاسەتمەدارانی کوردەوە زەنە بکات.. دە چ ڕەوای هەقە مەسەلەیەکی میللی و گشتی و ناوکۆیی وا لەسەر کوشتارگەی ئەو زاتە کوێر و نەفسە گومڕایانە بکرێتە قوربانی هەوا و هەوەسی مشتێ کەس!؟... ماڵی لە خۆیدا نەبووشمان میوانی ڕەزاگرانی بەڵای ناگەهان ڕووی تێ کردووە و ئەوەندەی تر زمانەی ئەو ئاگرە کەوتوەوە بۆ ئاسمان دەکێشێ...

ئەوەی کەس باسی ناکا و بەسەر زاران دا نایەت و هەموانیش دەیبینین ، ئەو ململانێ/ صیراعە توند و تاوسەندنەوەی سەر کەلاکی ڕژێمی بەعس و صەدامە، صیراعە لەسەر شێوە و جۆری حوکمی پاشەڕۆژی عێراق.. صیراعێکە کە لەبەر یەک کێشراوەتەوە و لە دەرەوەی سنووری عێراق دنە دنە دەدرێ.. هەر ئەمەشە صیراعەکەی وا تاو پێ سەندووە و نایەڵێ نە گەلی عێراق خۆی و نە هێزە بەرهەڵستکارەکانی لەسەر خاڵی گشتی و ناوکۆیی کۆببنەوە و هەر نەبێ لەسەر دیموکراسیەتی حوکم پێک بێن و پێک بگەن.صیراعی بەرژەوەندیی دەرەکی یە لە عێراق دا بە کەرەسەی عێراقی.. لەبەر مەوقعیەتی بزووتنەوەی کوردایەتی و لە ڕووی مەوزوعی و جوگرافی و ڕەسەنایەتی و بەتین و تاویی و ڕەگ و ڕیشاڵ و قورسایی لەسەر ساحەکە و ناوچەکەش هەرلایەک دەیەوێ - بە خۆڕایی!! ورک کەرەسەیەک!- بیکێشێتە لای خۆی و بیکاتە سەنگەر و وەرەقەیە بە دەستیەوە بۆ هێنانەدی خەونەکانی خۆی یا تێکدانی حسێبی لانە دژەکانی!..

باری نائاسایی و لێک ترازاوی باڵە شۆڕشگێڕەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و بینەبڕکێ و ی حیزبایەتی و تاوی دەسەڵات و کوێخایەتیش ئەو کەلێنەی خستۆتە بزووتنەوەکە و زەمینەیەی خۆش کردووە کە کوتکی ئەو صیراعەی سەر پاشەڕۆژی حوکم لە عێراق دا لەسەری بزووتنەوەکەماندا بدکێ.. ئەمە لە کاتێکدا کە دەبوایە لە حاڵ و باری ئاسایی ڕێک هاتوودا دروست پێچەوانە بوایە و بزووتنەوەی کوردایەتی سوسد بەر و بەهرەمەند بوایە لەو صیراعەدا و لەنێوان سەرپشکەکاندا/ خیار چاتریانیان و بە فەڕترینیانیان هەڵبژاردایە و خستنەکار ( توظیف) کردایە بۆ بەرەو پێش بردنی بزووتنەوەکە و بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی کوردایەتی..

دیارە تا بزووتنەوەی کورشایەتی، لە کوردستانی عێراق دا دەرفەتەکانی هەر

له چوارچێوەی سنووری سیاسی عێراق دا بێت مەسەلەکەی بەند و ئاوێتە دەبێت بە شێوە و جۆری حوکمی مەرکەزی و مەسەلەی دیموکراسیەت لە عێراق دا.. لەوەش بەولاوە سوودی گەلی کوردستان و گەلی عێراقیش لە خەباتی ناوکۆیی و هاوبەشدایە.. بەڵام ئەمە هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە بزووتنەوەی کوردایەتی ببێتە و بکرێتە پاشکۆی سیاسەت و حوکمی مەرکەزی یا پاشکۆی بزووتنەوەی دیموکراسی عێراقی.. ئێمە دەبێ لەوە دەرچین" کوڕی خۆمان بکەینە قوربانی کچی هیچ کەسێک" و سوود و بەرژەوەندی گەلەکە و نابێ مەسەلەکەی خۆمان بەر لە هەر شتێکی دیکە و ئیعتیبارێکی دیکە بەرچاوگرین، هەر لەبەرئەوەی کە بزووتنەوەی کوردایەتی و رێک بزووتنەوەیەکی ڕەوا و هەقخوازی گەلێکی چەوساوە و داگیرکراوە بۆ خۆی دەبێتە پێوانەی هەق و ڕەوایەتی شتە پەیوەندیدارەکانی دیکە و ئێمە با بڵێین هەر نەبێ کوردایەتی نەکرێتە قوربانی هیچ شتێکی دیکە و ئێمە بایی ئەوەندەی سوود و بەرژەوەندی گەلەکەمان پێک دێت و داوا ڕەواکانی بزووتنەوەکەمان بەدی دێ و مسۆگەر دەبێت خۆ لە مەسەلەی چارەنوسسی حوکم لە عێراقەوە بگلێنین، ئەویش هەر لە لانی ئیجابی یەوە و بەخۆ دور ڕاگرتن لە مل ملانێ و ناکۆکی و ناتەبایی باڵەکانی بزووتنەوەی عێراقی و ئاغا داهاتووەکانی کورسیەکەی بەغدا.

ئێمە قسەمان لە بواری ململانێ/ صراعە ئەگینا لە مەیدانی هاوکاری و کاری ناوکۆیی و یەکخستنی هێزەکان بۆ ڕمانی ڕژێم و هێنانە کایەی حوکمێکی " دیموکراسی" ی دڵخوازی گەل و دابین کردنی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان، بە مافی دیاری کردنی چارەنووسیشەوە ئەوە زۆر سروشتی/ تەبیعی و پێویستیشە کە بزووتنەوەی کوردایەتی - دیسانەوە لەبەر پێگەی / مەوقعیەتی بزووتنەوەکە و لە ڕووی مەوزوعی و جوگرافی و بە تین و تاویی و قورسایی لەسەر ساحەکە و ناوچەکەش- دەوری بەرچاو و کاریگەر بگێڕێ، هەر ئەویشە کە دەتوانێ ئەو دەورە گرنگ و چارەنووس سازە ببینێ، چونکە یەکەم لەبەرئەوەی چاوی تەماعی لە حوکمی عێراق دا نی یە و داواکانی لە بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد و دیموکراسیەت بۆ عێراق تێپەڕ ناکات و دووەمیان: لەبەرئەوەی کەس و هیچ لایەنە ئوەندەی بزووتنەوەی کوردایەتی پابەندی ( دیموکراسیەت) و حوکمی گەل نی یە و لە هەمووان پتر سوودی لەحوکمێکی دیموکراسیانەدایە..

بۆیە بە هەق هەر ئەوە بە هەموو مانای ووشە باوەڕی بە دیموکراسیەت هەبێت، باوەڕی ئیمڕۆی بۆ دیموکراسیەت بۆ چەسپاندنی دیموکراسیەتە، نەک بۆ گەیشتنە حوکم و ئجرای دیکتاتۆریەت بێت وەک ئەوەی سەرپاکی دەسەڵات تەڵەبەکان وابوون و وان.

جا ئایا لە قۆناغێکی وا ناسک دا و لە ڕۆژانێکی و چارەنووس سازدا لەسەر هەمووان پێویست نی یە بەسەر درشتە حسێبی کۆن دا بچینەوە و باری نائاسایی و لەنگی بزووتنەوەکە، لەبەرخاتری خۆمان و کورد و عێراقیش ڕاست کەنەوە؟!..

## ڕێگەی سەرکەوتن

**یەکبوونە، یەکبوون ڕێگای سەرکەوتن**
**یەکبوونەمایەی نەمان دوژمن**
**بەرەی یەکبوونە بۆ ئاواتی گەش**
**گزنگ دەردێنێ لەناو هەوری ڕەش**
**بەفر و زەخمی ڕێ ئەتوێنێتەوە**
**تەمی پێش کاروان ئەبڕێنێتەوە**
**دێنێتە کایە قۆناغی هەژار**
**ژیان ئەکاتە نەورۆز و بەهار**
(.....)

## ڕازێکی کوردانە:

**"چەند تێبینی و سەرنجێک لەمەڕ: شێوە و جۆری هەڵس و کەوت و ڕەفتاری سیاسی و سیاسیانە"..**

پیاو کە سیاسەتی کرد دەبێ هەست و نەستی زاتی و کەست/ شەخصی خۆی لەنێو پێویستی و پێداویستیەکانی حیزبدا بتوێنێتەوە و لەبەرانبەر بەرژەوەندی حیزبدا ژێر پێی بخات. گەورەترین و خەتەرترین دوژمنی حزب لەنێو ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا خۆیەتی نەک دەرەوە، ڕای چەواشە، بیری شیواو و لادەر/ منحرف، هەنگاوی کوێرانە و ماڵ وێرانکەرابە، ڕەفتاری دزێو و زیان بەخش، شەڕ و گێچەڵ کرین و لەقەدان لە خێروسوودی خۆ و هەموو هۆوهۆکارەکانی داتەپاندن و گەندەڵ کردنی هەر حیزبێ لەناو ناخ و جەرگەی ئەو حیزبەوە چەکەرە دەکا و پەیدا دەبێ...

ئەندامانی ئەو حیزبە ، بەتایبەتی کادر و لێپرسراوانی و بە شێوەیەکی تایبەتی تر سەرکردایەتی ئەو حیزبە بە پێی شێوە و تەرزی بیرکردنەوە و ڕەفتاریان حیزبەکە بەرەو هەڵدێر دەبەن. هەموو یەکێکیش لای خۆیەوە مەسئولە بەشێوەیەکی سیاسی و ئەدەبی و ئەخلاقی لە بچووکترین ڕەفتار و هەڵس و کەوتیەوە تا ڕات ڕۆژانە و بیرکردنەوە و بۆچوونی بۆ سەرجەم مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەتا شتی ئاسایی و سادەی ڕۆژانەی – شتی زۆر بچووک و هەست پێ نەکراو و کەم .

بایەخ ـ بەتایبەتی بۆ ئەندامانی هەڵکشاوی حیزب – سەرەنجامی زۆر گەورە و گرنگ لێ دەکەوێتەوە. مۆنی و وشکی لە هەڵسوکەوتدا/ تەعامولدا ( بەتایبەتی لەگەڵ جەماوەر و دەوروبەر و هێزەکانی دیدا) یان خۆ بەکەم گری و خۆشکاندنەوەی ناپێویست ، غرور و تواضحی پووچ هەر یەکەیان زیانی گەورەیان دەبێ.. خەڵکی دۆست و دوژمن ، جەماوەری بە ئاگا و ڕەشەخەڵک تا گرامێ بیروباوەڕت لێ وەردەگرێت و بۆت تێ دەخوێنێتەوە، دە کیلۆ ڕەفتار و هەڵسوکەوتی لێت دەوێ. و بەوەندە دەتپێوێ/ قیاست دەکات و لەسەر ئەمەیا حوکمی خۆی هەڵدەچنێ.. خۆ ئەگەر تەرجەمەی کردارەکی/ عملی و بیر و باوەڕەکە بەو شێوەیە نەبێ مەقبوڵ بێ و بچێتە دڵانەوە، ئەو بیروباوەڕو فەلسەفە هەرچۆنێ بێ کەس بە فلسێکی ناکڕێ و هیچ دادێ نادات ئەوکاتانە بیروباوەڕێ شوێنی خۆی دەکاتەوە و دەبێتە باوەڕی دەستەجەمعی و کۆمەڵێ خەڵکی کە تەرجەمەکەرانی– کە هەڵگران و بەر پرسیارانین– بتوانن جووتێ کەنەوە لەگەڵ پێویستیەکانی کۆمەڵایەتیدا. ئەگەر پیاو ناچار بێ لە نێوان ( فەلسەفە و باوەڕێکی پتەو و پەیت و ڕەسەنی ڕەفتار ناجۆر و دزێو) و ( بۆشاییەک و بێ بییریەکی ڕەفتار گونجاو و شایستە) یەکیان

هەڵبژێرێ، دەبێ دووەمیان هەڵبژێرێ... واتە لەسەدا هەشتا پلەی خۆشەویستیی جەماوەر و پایەداری و پێشکەوتنی لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی گونجاودایە و تەنها لەسەدا بیست بەر بیروباوەڕەکە دەکەوێت. لە باروهەلومەرجی وولاتێکی وەکو ئەوەی ئێمەدا کە بەدرێژایی دەیان ساڵ هەزاران بەڵێنی بەهەشتی درۆ بەو خەڵکە دراوە و نان و دروشم/ شیعار و قسەی قووت قووتیان دەرخوارد دراوە و خەڵکی بێزار و وەڕس بوون لەو هاش و هووش و هات و هاوارانە تەنها مەیدانی عەمەلی و کاری بەرهەستە ڕەفتاری کار و کردەوەیە کە جەماوەر متمانەی پێ بکات و ئەو ڕاگەیاندن و دروشم و قسانەی پێ بسەلمێنێ و باوەڕی پێ بێنێ.بۆیە دەبێ ئەوانەی سیاسەت دەکەن- بە مانا هەرە فراوانەکەیەوە، هەر لە ئەندامێکی شانەیەکی خوارەوە خوارەوەی ڕێکخستن تا پێشمەرگەیەک و کادیرێک و تا سەرکردایەتی حیزب- چەند شا دێڕێکی درشتی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و تەعامول هەیە بەرچاو گرن و پێڕەوی کەن:

١. لەنێو خۆدا:

فیداکاری و گوێ ڕایەڵی، ڕاستگۆیی و دڵسۆزی مەرجی هەرە بنەڕەتیمرۆڤێکی/ ئینسانێکی خاوەن باوەڕ/ عەقائیدی و شۆڕشگێڕە:

فیداکاری دەست نەگێڕانەوەیە لەهەر کار و خزمەتێ کە سوود و بەرژەوەندی جەماوەرەکە و گەشە و پێشکەوتن و پاراستنی حیزبەکەی تێدا بێت، بەهەر شێوە و جۆر و بەوەی دەستی بگاتێ، بێ گوێدانە سوودی تایبەتی چاوەڕوانیی پاداشت.. ئەرکێکی/ واجبێکی ڕەهای/ مطلق مرۆیی / ئینسانی و شەرەفی شۆڕشگێڕە. گوێڕایەڵی تێ گەیشتنی بەهۆشی هۆشدارانەی/ واعیانەی فرمان و ئەرکەکانی سەرشانە جێبەجێ کردنی بێ لام و جیمی ئەو ئەرک و فرمانانەیە، بەپێی ڕەوشتی دیموکراسی ناوەندی.

ڕاستگۆیی سەرڕاستی و ئازایەتی ئەدەبی یە، بەرانبەر خۆ و حیزب و جەماوەرەکەش. بەگژاچوونەوەی هەموو دیاردە و کارێکی چەوت و ناپەسەندە لەهەر شوێنێکەوە و بۆ هەر مەبەست و لەهەر دۆخێک دا/ زروفێک دا سەر هەڵبدات. ڕاستگۆیی بەو مانایە( صمام الامان)ی لەڕێ لادانی حیزب و پێکهاتنی سوودی جەماوەرە. دڵسۆزی و دڵ سووتان و بەتەنگەوە هاتنی چارەنووسی گەل و سوودی جەماوەر و پاراستنی کیانی ئەو حیزبەیە.

ئەمانە مەرج و سیفاتە بنچینەییەکانن/ ئەساسییەکانن ، هەرچی یەکی دیکە هەیە بەش و لقێکی ئەمانەن و ئەمان زەمینەی بە بەرهاتنی ئەو لق و چڵ و پۆپانەی دیکەی ( وەکو خاکەڕایی/ تەوازع و سووربوون و کۆڵنەدان و خۆنەویستی و پاک دامێنی و دەست پاکی ........و)ن.

٢- لەگەڵ جەماوەردا..... کە دەبێ:

أ- سادە، خاکی، خۆماڵی و ڕووخۆش بێ. لەخۆبادان و خۆ گیف کردنەوە خۆی بەدوور بگرێ. بەزمانی ئەوان بە داب و دەستووری ئەوان،- تاڕادەیەک- بە عەقڵیەتی ئەوان و ئاشنا بە هەڵکەوت و نەفسیەتی ئەوان بدوێ و هەڵسوکەوت بکات.

ب- ڕێزی داب و دەستووری کۆمەڵایەتیان بگرێ، لە حاڵەتی ڕەت کردنەوە و بەگژاچوونەوەی عادەت و دابێکی چەسپاویاندا دەبێ وورد و گرد و ژیرانە و بە عەقلیەتی ئەوان ، بەنەرمی و هێمنی و بێ ورووژاندن/ استفزاز و گاڵتە و لاقرتە بەرەنگاری بێتەوە( وەک ئەوەی ئەو خەڵکە باوەڕیان بە شێخ و مەشایەخ و هەیە، تا سنووری نا مەعقول دەچن، کە ئەمەش لە زۆر سەرەوە زیانی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەمە دەبێ بەر لە هەموو شتێ ئەو کەسە خواناس و نوێژکەر بێ، وا ناسرابێ کە موسڵمانێکی چاکە، تا قسەکەی لێ وەرگرن و بیسەلمێنن، ئەوسا دەبێ وا بۆ مەسەلەکە بچێت کە شێخ و مشایخ هەن و کەرامەتیشیان هەیە و دەبێ ڕێزیان بگیرێ، بەڵام ئەمانە نابنە قسەی خێر بۆکردن/ (واسطە), چونکە خوا واسطەی قەبوڵ نییە ( دوو سێ ئایەتیش بێنێتەوە) پێ داگرتن هاوبەش/ شەریک بۆ خوا پەیدا کردنە، ئەم شێخ و مەشایەخانە دەبێ بکەینە سەر مەشقی خۆمان کارە چاکەکانیان پێڕەو بکەین، ئەو ڕێزەی دەیگرین ڕێزی کارە چاک و خواناسەکانیانە، گرنگ/ مهم کارە، کردەوەیە..

نەک کەسەکە/ شەخصەکە خۆی بۆ نموونە/ مثلا ( بلال) کۆیلەیەکی/ عەبدێکی حەبەشبوو، ( سەلمان) فارس بووە کە پێغەمبەر بە بنەماڵەی خۆی داناون ، بەڵام ( ابو جهل) مامی بووە و خواش و خۆیشی نەحلەتیان لێ کردووە.. ئیتر لەسەر ئەم تەونە. مەبەست ئەوەیە کە بەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونەوەی پەستترین و دواکەوتووترین و دزێوترین بیروباوەڕی/ اعتقاد و باوەڕ و دابی کۆمەڵایەتی بە ڕێگەیەکی ژیرانە نەبێ سەرەنجامی پێچەوانە/ عەکسیی دەدات.

ج- دامێن پاکی. تێکەڵاوی و ڕێزگرتنی هەموو کەسێ لەهەموو شتێ گرنگتر ڕێزگرتنە. هەموو شتێلەبیردەچێتەوە برینی سووکایەتی و حەقارەتلەبیر ناچێتەوە. هەموو چاکە/ فەضل و فەضیلەیە بێ منەت دەکرێ جگە لە قەدرزانین و حورمەت گرتن. شکاندنی خەڵکی ، سووکایەتیو لاقرتێ، دەست نان بە ڕووەوە و کەم گرتن ڕق و کینەیەک دروست دەکات کە هیچ شتێ پاساوی نادات.

د- دەستدرێژی/ تەعدا نەکردنە سەر ناحەزە سیاسییەکانیش ئەوا مەسەلە( تێهەڵدان و جنێو و جەزرەبە و سوغرەی بەلاش) هەر نا و زۆر بڤەیە/ خەتەرە. خەڵکانی تر زۆری ئەمە دەکەن کە تۆ خۆت لێ هەڵبوارد جیاوازیەکی جۆری/ نەوعی

دروست دەبێ و جەماوەرەکەت لە پشت دەبێ. هەر ئەوەندەش جەماوەرەکە دەقی بە بیروباوەڕ و کەسانێکەوە گرت، زۆر بە درەنگ ئەو دەقە تێک دەچێ و دەیان و سەدان شێوە و ئسلوبی جیا و داهێنەرانە/ مبدع انە هەیە بۆ چوونە ناو دڵی خەڵکەکەوە. ئەمە ئایدیالیستی و تیۆرسازی/ مثالیات و نظریات نین، هەر هەمووی ( ئیتر هەر کامەی بە ئەندازە و شێوەیەک بە پێی گونجان/امکان) دەتوانرێ بەلانی هەرە کەمەوە/ حد الادنی کانی جێبەجێ بکرێ.

٣- لەگەڵ دەستە و هێزەکانی دیدا:-

ئەزموون/ تەجرەبە تەڵخ و شەرم هێنی ئەم چەند ساڵەی ناکۆکی و ناتەبایی و شەڕی براکوژی برینێکی وا قوڵی کردۆتە دڵ و دەروون و ویژدان زێندووەکانەوە کە کەسێکی بە حورمەت نییە، کەم تا زۆر سەری لە ئاستی ئەو شەڕە حەیابەرە ناموس شکێنەدا پێ هەڵێ!..

بۆیە سەرکردایەتی حیزبمان کادرەکان و و بنکە/ قەواعید لەسەریانە کە:

وردە ناتەبایی و ناکۆکی یە سانەوی و لاوەکی یەکان کۆنترۆڵ کات و دەست بەسەر بگرێ و نەیەڵێ لە وەختی ناوەخت دا گەورەبن و بتەقنەوە. هەماهەنگی و یەکخستنی هێزی گەل بە هەموو چین و بەرە و توێژ و بەرژەوەندی و بیرە لێک نەچوو و جیاجیاکانیەوە لەم قۆناغەدا نەک تەنها پێویستی یەکی مێژوویی و سروشتی/ تەبیعی یە بەڵکو مەرجێکی بنەڕەتی و حەیاتی یە بۆ سەرکەوتن. قووت کردنەوەی شتی ناوەخت و گەورەکردنی شتی بچووک و خواستنەوەی وەهم و خەیاڵی چەپڕۆیانە و هەرزانە و نەزەریاتبازی دۆگمایانە لەسەر حسابی واقعەکە و خۆنووساندن بەدەقی هەڵبژاردەی دەست بژێری ژێکەڵەی نێو کتێب و شرۆڤەکاری/ تحلیلاتی خەیاڵ پڵاوانەی نامۆ- کە تێ نەگەیشتن و دوورکەوتنەوەیە لە جەوهەری بە پیت و بەفەڕی خودی ئەو بیر و فەلسەفانەش- بەرەو چەوتە ڕێ و لەوێشەوە بۆ هەڵدێرمان دەبات...

کورت و کرمانجی تەقاندنەوەی ناکۆکی و ناتەبایی یە سانەوی و لاوەکیەکان لە هەر بار و هەل و مەرجێکی ئیمرۆدا و بۆ هەر مەبەست و بەهەر بیانوویەک بێت ڕیسوا و مەحکوم/ مدان و زیان بەخشە چونکە هەرچی هەیە و نییە لەنێوان هێزەکانی بەرەی گەلدا مەوزوعیەتی لاوەکی و سانەوین و ڕێگە چارەیان ڕێگەی ئاشتی و دیموکراسی و بینەبڕکێ ی فیکری و لەسەرخۆیە لەمە بترازێ با عالەم بزانێ کە ( کاسەی بێ ژێر کاسە) نی یە سەد هەزار ( تنظیرات) ی بۆ بهێندرێتەوە و براژێندرێتەوە...

# بانگێ لە سەنگەری پپاسۆکەوە

## زیندەخەوی باوکێ...

کۆرپەکەم..

لەوانەیە ڕۆژێ بێ، کە تۆ ئەمەی تێدا دەخوێنیتەوە، نرخی ئەو کاتەی نەبێ کە تێیدا بە فیرۆ دەدەی!، زۆر بەختەوەرم ئەگەر ئەو ڕۆژە ڕۆژێ بێ مەسەلەی ( معاناه) ی ئێمە عەقڵ تێ بردنەکردوو و ئەفسانە بێتە پێش چاوتان ئەو شتەی ئێمە لە هەموو تەمەنماندا لێی بێ بەش بووین و بە هیوا و ئاوات و ئاهیەوە سەرمان ناوەتەوە، لای ئێوە لەسەرتان بێ و لە پاتان برژێ ئەویش ( ئازادیی) خۆشەویستە.. چ عەزابێکە – ئەگەر خوانەخواستە ئەو ڕۆژە ئێوە دەستەمۆ کرا بن و « ئازادیی بوونی میللیتان" بە " ئازادیە ساختە" لێ کردرا بێت. لە هەموو حاڵەتێکدا خەراپ نی یە ئێوە لە ژان و ژوار و هەست و نەست و خولیا و ئارەزووە دەرونیە قوڵەکانی ئێمە ئاگاداربن تێی دەگەن یا نەء!؟، بۆتان دەچێتەوە سەر یەک یا نەء! چ لە رەوایەتی ئەو خولیایەی ئێمە ناگۆڕێ. ئێمە کوڕی سەردەم و کاتێکین کە بوون و ژیان لە چاویلکەی " ئازادیی میللیمان" ەوە دەبینین.. ژیان بەو هەموو مانا و ناوەڕۆکە فراوان و هەمە چەشنەیەوە لەسەر نوقتەی ئیرتیکازی ئەو " ئازادیی" یە وەسراوە، دەرچوون و لەگرێژنە چوونی ئەو نوقتەی ئیرتیکازە هەموو بوونمان لا ژێرەوژوور دەکا.

وەک ئێوە مرۆڤین/ ئینسانین و هەستی خۆڕسکی فیتری ئینسانیمان تێدایە، حەز لە ژیانی ئاسوودە و هێمنی دەکەین، حەز بە شەقامی پان و کۆڵانی ڕووناک و شاری جوان و پیاسەی ئێواران و گەڕانی شەوان و هەوای بەر بەیانیان دەکەین، حەز لە پێخەفی گەرم و نانی نەرم و پێخۆری بەتام دەکەین.

لەوانە و هەموو شتێکی دیکە پتر حەز دەکەم تێر تێر لە ئامێزت گرم و بۆنی قژت بکەم، ڕۆحم لەنێو نیگای چاوەکانتدا بخنکێنم ، بتاسێنم ، برووم لە تەماشاکردنت بشکێ.. بەڵام چ بکەم یا دەبێ خۆم پەست و بێ عەمەل کەم و لەبەر چاوی خۆشم بکەوم و هەموو ئینسانیەتم بدۆڕێنم تا بەو شتانە بگەم و ئەسا و هیچیان ئەو تام و بۆ و چێژەیان نامێنێ.. چونکە لە ئینسانیەتی خۆم دەکەوم... یان ئەوەتا بە هیوای ئەوەی بە "ئازادیی" بەو شتانە بگەم. لە هەموویان دوور بم!هیواش گەورەترین نیعمەتێکی خودایە هیوا خۆراکی ڕۆحی ئینسانە..

نایەڵن هەست وسۆزی باوکانەمت پیشان دەم، نایەڵن لێم تێر بیت و لێتان تێر بم، ژیانی ، بوونی ، خوادا پێی بەخشیوم ئەوان لێمی زەوت دەکەن، بە ( ئازادی) بووم دەیانەوێ بە دیلی بژیم و بە کۆیلەیەتی بمرم!...

جا ڕۆڵە گیان ئەوە بە بابت ڕەوا دەبینی؟! بۆ منت نەبێت، هەر بۆ خودی خۆشت بێ، هەتا دوور لەسۆزی باوک و فرزەندایەتی و گیانی ئینسانیش وەک شتی ڕووتی بێ گیان ئەوەی من دەیکەم بۆ ئێوەیە بۆ ئەوەیە ئاڵقەی ئەو زنجیر و بازنە داخراوەی کورد بشکێ.. کە باب و باپیەانمان و ئێمە ئاهێکی ڕەحەیتمان هەڵ نەیەناوە با ئێوە وا نەبن.. با بەرەیەکی کورد سەربەست و ئازاد بژین. ئەرێ هەر ئەمەندە پاساوی ئەو دوریەمان نادات؟..

باشە، با چاتر لێک تێ بگەین!.. دێمەوە سەر باسەکە بەڵام لە نامەیەکی تردا.....

**شاهۆ**

# مشتەی ناو هەمانەکە

**هاوبیرێک بە ڕاشکاوی / صەراحەتی پاسۆکانەوە پرسیارێکی بۆ ناردووین و دەڵێ:(هەندێ گومان دەکەن کە ئەو پرسیارانەی لەم گۆشەیەدا دەکرێ خۆتان بۆ خۆتانی دانێن و دەستکرد بن،چونکە شتی وا کراوە و ڕێ تێچووشە . ئێوە بەڵگەی پوکانەوەی ئەو گومانەتان هەیە؟)..**

**. وەڵام:**

وەک بەڵگە بۆ کەسێکی خانەگومان ئەو نامانە ماون و پارێزراون کە بۆمان دێن. هەرچەندە لەوێشدا هەر دەرفەتی نەسەلمێن هەیە پێمان بڵێ: « جا چی یە؟! بێنە منیش سەد کاغەز و وەرەقە و پرسیاری وات بۆ دروست بکەم قسەکەشی حسابی ڕێ تێچووە. بۆیە ئێمە لەم بوارەدا ئەوەندە دەڵێین: پرسیارەکان بۆ خۆیان مەسئولیەتیان لەسەر نی یە،ئەوەی ئەسڵی مەبەست و جێی مەسئولیەتە وەڵامەکانیەتی،کە گوزارشت / تەعبیر لە ڕا و ڕێباز و بۆچوونی ئێمە دەکات و بەرگەی / تحملولی وشە بە ووشەشی دەکەین و بەماڵی دەزانین لەسەر خۆمان بەشێکی زۆریش لە ناوەڕۆکی ئەو وەڵامانە لە دووتوێی بڵاوکراوە و بەیان و ووتارەکانماندا هەیە لەبەر ئەوەیە کە شیمانە/ ئیحتیمالی دروست کردنی زۆر لاوازە ئێمە ئەگەر بمانەوێ دەتوانین ئەو وەڵامانە لە شێوەی ووتار بڵاوبکەینەوە، کە دەبنە وەڵامی پرسیار و هیچ لە مەسئولیەتی ئێمە کەم ناکاتەوە...

خۆ لە حاڵی سەلماندنی ئەو گومانەشدا هیچ لە بابەت و باس ناگۆڕێ، تەنها یەک خاڵ نەبێت ئەویش ئەو لایەنەی کە گوایە ئێمە بمانەوێ شعبیەت و لایەنگیریی جەماوەریی بۆ خۆمان بخوازینەوە و وا پیشان بدەین خەڵک دەمانناسن و گوێمان بۆ دەگرن و هانای پرسیارمان دێننە بەر،لەوەڵامی ئەمەشدا ئەوەندە بەسە بە «تواضع» ەوە بڵێین نەک ئێمە کوختەیەکی سیاسی!! باروهەلومەرجی ئێمڕۆی کوردستان دا ئەوەندە شەعبیەت و لایەنگیری دەبێ کە مانگی دوو سێ پرسیاری لێ بکەن،بۆیە ئەمەش دەپوکێتەوە و بە مەیدانی خۆ هەڵدانەوە حسێب ناکرێت.

برایەک کە زەحمەتی ئەوەی نەداوەتە بەرخۆی ناوەکەی بنووسێ! بەناوی (ع. م) ەوە کۆمەڵێ پرسیاری ناردووە بۆمان..حەزمان دەکرد وەڵامی هەمووی بە تێروتەسەلی بدەینەوە بەڵام نە دەرفەتی ئەوەمان هەیە و نە ئەو پرسیارانەش وا بە ئاسانی و سەرپێ یی وەڵام دەدرێنەوە،بەس هەر ناچارانە و بە کورتی وەڵامی هەندێکیان . بەوەندەی کەمی لە ڕای ئێمە حاڵی بێت . دەدەینەوە:

**١. ئێوە بۆ لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا تێک چوون و بۆ ئاشت نەبوونەتەوە و نابنەوە؟.**

ئێمە لەگەڵ یەکێتی دا تێک نەچووین، ئەوان لەگەڵ ئێمە و هەموو کەسدا ناسووێن بەڵام ئەوەندە دەڵێین کە هەستی مەسئولیەت و کوردایەتی و نیشتمانی و شۆڕشگێڕیی ئەگەر لە ئاستی پێویستدا بووایە هیچ لەو پێکداکەوتنانە دروست نەدەبوون، کە بووشن دەبوایە بە زوویی چارەسەرکرانایە، کە نەشکران نەدەبوایە بگاتە ئەو حاڵە شەرم هێنە پڕ کارەساتەی ئەم چەند ساڵە.. تۆ لەدەستی بێگانە گەڕێ چەندە لەناوماندا درێژە، یا پشکی هەیە،مەسەلەی ئیستعمار و ئیمپریالیزم و ئەم بەند و باو و فێڵەی دۆزیومانەتەوە بۆ عەیبەپۆشی خۆمان هەر باس مەکە،چونکە ئەوانە بێ ئیرادەی خۆمان هیچ دەوریان نی یە.. لە ڕاستیشدا داهێنانێکە / اختراع بۆ ئەوەی دێزەیی و تاوان و گەمژەیی / حماقات خۆمانیان لە مل بپێچین.. ئەسڵی مەسەلە گومڕایی خۆمانە کە بەرەو دۆستایەتی بێگانە نۆکەریی داگیرکەر دەمان بات، بەڵام دەستمان پێ لەنێو دەستی یەکدی نانێ.. هەمووشی لەسەر کوێخایەتی توکاوایە!!.

ڕووی بابی ئەوە ڕەش بێ و ریسوا بێت کە شەڕی کوردکوژی دەنێتەوە و حەزی پێ دەکات و نەحلەت لەوەش لە پەیوەندی / عیلاقاتی نیشتمانی و دۆستایەتیدا ڕاست ناکات و لە خەڵکی بە فێڵە و خوا عەقڵیش بە بەر هەموانمان بێنێتەوە.

**٢. ڕاتان لەسەر ئاش بەتاڵ چی یە؟**

ئێمە ناڕەزاییمان/ اعتراضمان لەسەر ئەو ووشە ڕوو ڕەشە تاوانبارەی ( ئاش بەتاڵ) هەیە، کورد ئاشی نەبووە تا بانگی ( ئاش بەتاڵ ) بدات. ئەوەی پێی دەووترێت( ئاش بەتاڵ) خوێنی حەفتا هەزار ڕۆڵەی شەهیدی قارەمانی ئەم میللەتەیە و ڕەنج و خەبات و خۆڕاگریی نێزیکەی چواردە ساڵە و گەورەترین شۆڕشی سەردەمی کوردە.. هەرکەسێ ئازادە ڕای هەرچۆنێ بێت لەسەر ئەو کارەساتە و چۆنی هەڵدەسەنگێنێ و لێک داتەوە. یا ڕای دەربارەی ڕابەرایەتی شۆڕشەکە چۆن بێت، بەڵام ژاراو و ژەهری قین و ڕق و حقدی ڕەش کەف هەڵکات بۆ سەر شانازی و سەروەریی میللەتەکەمان ( و هەر هیچ نەڵێین خوێنی ئەو حەفتا هەزار شەهیدە) ئەمەیان گومڕایی و بەدئەمەکی و نامەردی یە بەرانبەر ڕاستی و مێژوو و کورد و جێی قێز و بێز و نەفرینە.

ئێمه هەرەس پێهێنانی شۆڕش بەڕاست نازانین، بەڵام هێشتا زووه بەتەواوی حوکمێکی مەوزوعی و ڕاستی لەسەر بدرێت و هۆ و هۆکارەکانی ببڕێنەوه سەر ئەسڵی یانو شتەکان بەناوی خۆیانەوه ناوبرێن.. ئەوەی تا ئێستا کراوه یا له ناحەز و دوژمنانی داخ لەدڵی ئەو شۆڕشه و ڕابەرانیەوه بووه به مەبەستی تۆڵه کردنەوه و پاڵنەرانی/ دەوافعی زاتیی کوێر ، یا بۆ لیفەپۆشی و خۆدەربازکردن بووه له ( تحمل) ی مەسئولیەت.. که هیچیان دەخلیان نی یه بەسەر ڕاستی و بەرژەوەندی نەتەوەکەمانەوه.

ئەوەی ئێمه دەزانین به هەموویان - بەڵێ به هەموویان- هیچ دەرس و پەند و عیبرەتێکمان لەو کارەساته میللی یه وەرنەگرتووه و زۆر بەداخەوه تا ئیمرۆ نەمان گەیاندۆته - قولەپێی ئەو شۆڕشه سەرنەکەوتوو و هەرەس پێ هێنراوە!!. ئا ئەمه کارەساته/ ماساته و دەردی گەوره و بەڵای ماڵ وێرانکەر... تەنها لەیەک شتدا نەبێ ئەویش قسەی قەڵەو قەڵەو و زەرد و سووری بێ گیان و بێ تام و بۆ که لەبازاڕی سوود و بەرژەوەندی کوردایەتی دا فلسه قەڵبێ ناکات.. ئەگەر نەڵێین وەک سەگی دووروەڕ دز دێنێته سەر ماڵ.. زۆریش حەیفه ئەو هەموو ڕەنج و قوربانییه بەو جۆره به نیوه فیڕۆ بڕوات.. ئالێرەدا نهێنی زاتی کوێر و نەفسی گومڕا بەدەردەکەوێ... حەمزەتۆف دەڵێ:( دەمانچه بەڕابردووه مەنێ ئەگینا داهاتوو تۆپت پێوه دەنێ...) بەڕاستی چڵەپۆپەی ئیفلاسی مەعنەوی و داتەپینی ئەخلاقی یه کەسێ ڕەگی خۆی وەبڕێت و بابی خۆی نەناسێ!!..

**٣- ئێوه شۆڤێنین؟!..**

- نەخێر!... نەحلەت له بابی هەرچی شۆڤێنی و ڕەگەزپەرست و داگیرکەر هەیه بێت. کورد به درۆش بیەوێ ناتوانێ شۆڤێنی بێت، ئێمه چاوەچاو و خواخوای حوکمێکی زاتی شڕەین بەدبەخت شۆڤێنی و مۆڤێنی چی؟( فلان وین و طنبور وین)؟!.

**٤- پاسۆک به حوکمێکی ئیسلامی ڕازییه بێته عێراق؟..**

- ڕازی بوون و ڕازی نەبوونی ئێمه لەسەر هەر حوکمێ بەستراوەتەوه به چەندایەتی و چۆنایەتی هەڵوێستی ئەو حوکمه بەرانبەر مافی دیاریکردنی

چارەنووسی گەلەکەمانەوە...ئەمە یەکیان و لە هەر شتێکی تر ئەساسی ترە لامان،وەک خاڵی گشتی هەر جۆرە حوکمی جەماوەر خۆی دیاری بکات و هەڵی بژێرێ ئێمە ڕێزی ئیرادەی جەماوەرەکە دەگرین،چونکە ئێمە پێمان وایە جەماوەر بە هەڵەدا ناچێ و لەهەر کەس و لایە زیاتر و چاتر بەرژەوەندی و سوودی خۆی دەزانن،بۆیە کەس هەقی ئەوەی نی یە خۆی لێ بکاتە دەم ڕاست و دەمدەم سپی و پێی بڵێ: " قل.. ولا تقل "و ئەمەت بوێ و ئەمەت نەوێ... جارێ با ئێمە ئەم بەڵایەی صدام و بەعس لەسەرمان لاچێ ئەوسا ئاخوڕی بۆ هەڵدەبەستین.

**٥. بۆ هەموو حیزبە کوردییەکان نابنە یەک حیزب؟!.**

ـ ئیتر ناخۆشت کرد و تەواو.. لێت گەڕێن بەم پرسیارە پێچ پێچۆکانە سەرمان کون دەکەیت،خۆ ئەمە دوکان نییە لێکیان دەین و بیکەینە موخازە. براله ئەوە هەموو ئەرزی کوردستان نایانگرێتە خۆ  و یەکێ پەڕیوەتە ڕۆژهەڵات/مەشریق و یەکێ مەغریب/ ڕۆژئاوا!! و هەر ناکەین لەسەر خاڵی لێدانی داگیرکەرەکە و یەکدی نەکوشتنکۆبینەوە.ئێستا تۆ ئەو مەنجەڵە ئەفساناویەمان بۆ دێنی ئەو هەموو سەلکە لێک نەچووانەی تێدا دەکوڵێنی  پرسیارەکەش لەمە سادەترە پتری لەسەر بڕۆین. ببوورە و هیوادارین پرسیاری (جدی)تر و قوڵترمان بۆ بنێری. تو زاتی خوا کەمتریش!..

برایەک بەناوی (م.م.شەمیرانی)یەوە نامەیەکی ئاڕاستەی دەستەی نووسەرانی (ئـالای سووری کوردایەتی)کردووە، هەندێکی پرسیارە و هەندێکی ڕەخنە و بەشێکی پێشنیاز و ڕێنوویی..کە هەموویمان قەبوڵە و مەمنونین.. سوپاسی ئەو هەستە ناسکەشی دەکەین کە بە پارچە هەڵبەستێ بەرامبەرمان دەری بڕیووە. ئێمە بە کورتی وەلامی دەدەینەوە ،چونکە خۆی لە ئەهلی (نەخت و پوختە)و گلەیی لە درێژدادڕیی ووتار و باسەکانی (ئالا) هەیە:

١ـ سەرجەمی پێشنیارەکان پەسەندن و هەوڵ دەدەین بە پێی توانا لەم ژمارەیەوە بەشێکی جێبەجێ بکەین،ئەو هەمەڕەنگکردنە/ تنویع ەی پێشنیارت کەد بوو خوا یار بێ کاری بۆ دەکەین.

٢ـ زۆرجار ناچار دەبین درێژە بە باس و بابەتەکان بدەین و بەڵگەنەویستێ وا بکوتینەوە کە نەسەلماندنی قەبوڵ ناکەن،بەڵام ئێمە چ بڵێین خوم شێواوە و

فکر و سیاسەتی عەنتیکەی کوردی بە جۆرێ لە گرێژنە براوە و جرِوجانەوەری تێ وررووکاوە کە ناچارین چاوێ بکەینە چوار چاو بۆ ئەوەی کەمێ لۆژیک/منتیق سەرپێ بکەوێ... جا ئەگەر مشتێ نموونەی خەرواری بێ زۆر بەداخ و ناسۆر و شەرمیشەوە(لەباتی ئەوانەی شەرم ناکەن) ئەوە دەڵێین کە ئێمە لە ژمارە ٢٩ ی ئاڵای سووری کوردایەتی دا لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە لێمان کرابوو کە{{ ئایا ڕاستە و ڕەوایە( بزووتنەوەی نیشتمانی عێراقی بە بەشێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی) دانرێ واش ڕاگەیێندرێ کە ((خەباتی بەشێکە لە خەباتی گەلانی عەرەبیی دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی)) }}؟؟.

ئێمە زۆر لەسەرەخۆ و بە هێمنی و مەوزوعی و عیلمی(بطلان)و پووچی ئەو ڕاگەیاندراوەمان بە ١٣ لاپەڕەی ئاڵا کە ٣٨٠ دێڕ و پتر لە سێ هەزار و پێنج ووشە دەکات بەدەرخستووە!!..

کە کورد (فڵان هەزار و یەک یەک وشەی / کەلیمەی لەگەڵدا ووت) ئێمە سێ هەزار و پێنج سەد کەلیمەمان زیاتر ڕست کەچی دیسانەوە سێ دەستی توند بە دەممان دا دراوەتەوە!!. ئەمە لە کاتێکدا کە ڕاگەیاندنی وا بەراوەژوو و لنگەوقووچ و نا عیلمی و هەتا توخمی/ءونسووری لەهەر وڵات و سەرزەمینێکی ئەم دنیایەدا بە دەرکەوێ خۆی و خاوەنەکەی شاربەدەر دەکەن و ئاو و نان و سێبەری ئەو وڵاتەی لێ حەرام دەکەن...

کەچی لای ئێمە بە ووشەی ناز و فیز و زۆر لە خۆبایی بوونەیشەوە کوردی و کوردەها ئەمە ڕادەگەیەنن و کەلێشی بە جواب دێن وەک خاوەن ماڵ و دز... تا ئێمە ئێمە ئەوان دەگرین ئەوان ئێمە دەپێچنەوە!..ئەی هاوار کەسیش نییە بڵێ(بۆ ......؟) و نقەیەکی لێوە بێت!..

جا برا خۆت حوکم بدە و بزانە درێژدادڕیی ئێمە لەوە نییە دانمان دێشێ و ئیستۆپی چەناگەمان پساوە،بەڵکو لەوەوەیە کە خوم شێواوە خوم....!.

٣- چاوەڕوانی (وێڵ)ەکانی تریش بەرهەممان بۆ بنێرن تا ئەمیان (وێڵ) کەین...

# پێنووسی قنج

**«هەوا ناسی»...**

**یەکێ بوو.. یەکێ نەبوو ، کەس لە گەورەتر نەبوو..**

لەزەمانی کۆن دا پاشایەک هەبوو، وەک هاوچەشنەکانی ستەمکار و ملهوڕ و بەد ڕەفتار بوو.. لە دەرباری ئەو پاشایەدا وەک دابی گشت خونکاران کۆمەڵێکی زۆر بیجم و شایەر و ماستاوکەر و لۆتی هەبوون شا هەموو کارێکی ئەکرد جگە لە کاری تایبەتی فەرمانڕەوایی، زیاد لەوەی بە سەرۆکاری وڵاتەکەوە بێت خەریکی گۆبەند و ڕاو و ڕابواردن بوو. زۆرترین کاتی خۆی لە دەشت و دەر دەبردە سەر و هەر کە لە گەشت دەگەڕاتەوە فرمانی ڕێکخستن و سازدانی کەرەسە و پێویستی ڕاوی دەدا و دەبوایە باروبنەی تایبەتی ئامادەکرێ ئەوانیش دەیانگووت:

-ئاسۆی ئاسمانی بەخت و جەختی شامان پرشنگدار و ڕۆشنە ! خوا سێبەری ئێوە لەسەری نۆکەران کەم نەکات. لەو کاتەوەسایەی هەمیشە و هەردەمی ئێوە لەسەر تەختی فرمانڕەوایی نیشتوە هەوا هەمیشە خۆشە س خۆر ج حەددی هەیە لە خزمەتدا ڕووی خۆی بپۆشێ و با و باران و تۆز ڕێیان ناکەوێ بێ ئیجازەجخۆ وەدەرخەن-.

شا بەم پێداگوتن و بە بارهەڵدانە بای دسچوە بن باڵی و لەگەڵ ئەوەشدا کە دەیزانی سەرپاکی ئەو قسانە درۆ و هەڵبەست و ماستاوکردننبەڵام بە جۆرێکی وا دەکەوتە ژێر باریانەوە کە لەوێش دەگۆرا و بە هێزی پەنامەکی خۆی بڕوای دەهێنا!..

هەرچەندە ئەو ڕۆژە هەندێ هەور و هەڵاش بوو، شا فرمانی دا کە کەرەسەی ڕاو ئامادەکەن و کاراانی پاشایانە بۆ ڕاو بەڕێخەن.. هەندێ پێش خزمەت لە پێش کاروانەوە دەرۆیشتن و دەستەیەکیش لە یاران و پاسەوانانی تایبەتی لەدەوری ڕکێڤی شاوە بەڕێوەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا کە پیاوەکانی شا لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژەوە ئەو ڕێگەیەیان بە خەڵکی چۆڵ کرد بوو و نەیان دەهێشت کەسێکی پێدا hاموشۆ بکات، بەڵام نەدەزانرا چۆن ئەو پیاوانە چاویان کابرایەکی دێهاتی نەدیبوو کە بە خۆی و گوێ درێژەکەیەوە لەژێر سێبەری دارێکدا پاڵیان دابۆوە.

لە کاتێکدا کە کاروانی شایانە بەو هەموو هەرا و هوریا و قرمە و گرمەیەوە گەیشتنە ئەو شوێنەی کابرای دێهاتی پاڵی لێدابۆوە، کابرای دێهاتی بەدبە ت لەجێ ی خۆی ڕاپەڕی و بۆ تەماشا چووە قەراغ ڕێگەکە. گوێدرێژەکەش لەو دەنگە دەنگ و هەرایە هەڵی تیزان و کەوتە سەر ڕێگەکە چونکە شا بەدرێژایی تەمەنی دێهاتیەکی

نەدیبوو و نەیدەزانی خەڵکانی زەحمەتکێشیش لەو وڵاتەدا هەن. کاتێ کابرای دێهاتی بەو جلە دڕاوە و پێڵاوە هەڵتەقیوو و قژە بژەوەی دیت کە لە هیچ مەخلوقێکی خوا نەدەچوو زۆری پێ تێکچوو لێی پرسی:

+تۆ چیت؟ دێوی درنجی یا پەری؟.. کابرای دێهاتی لەسەر خۆ و بەکاوەخۆ وەڵامی دایەوە:

+ نە دێو و نە درنج.. و نە پەری.. منیش وەکو تۆ بەشەرێکم. شا لە بێ پەروایی ئەو دێهاتیە ڕووتەڵەیە کە جورئەتی ئەوەی کردووە وا بێ ترس وەڵامی بداتەوە زۆر توورە بوو و هاواری کرد:

+ کڕبە بێ عەقڵ، تۆ کەی لە بەشەر ئەچی؟ کە خحت بە من بگری! جەللاد ئادەی زمانی ببڕە. جەللاد کە هەمیشە دەست لەسەر کەور بوو بۆ فرمانی شا شمشێری تیژ و بە بریسکەی لەکێلاندەرکێشا و پەلاماری دایە کابرای دێهاتی..

+ کابرای دێهاتی لە ترسان دا ڕەنگێکی سەیری لێ نیشت بوو. شا کە ڕەنگ و ڕووی دێهاتیەکەهێنابوویە پێکەنین ووتی:

+ سەبرکە.. من پرسیارێکم هەیە.. ئەگەر وەڵاممان بدەیەوە ناتکوژم..دەی پێم بڵێ ئیمڕۆ هەوا چۆنە؟

+ کابرای دێهاتی بێ وەستان ووتی:

+ کەمێکی تر ڕەشەبایەکی توند هەڵ دەکا.

تۆفی دێت و گێژەڵووکە هەڵدەکا و بارانێکی زۆر بەخوڕ دەبارێ ولافاوێکی گەورەش هەڵدەستێ.شا لەو قسانەی کابرای دێهاتی ئەوەندەی تر تورە ببوو،نەڕاندی بەسەریا: کەر پیاو نازانی تا من نەخوازم نابێ هەوا خەراپ بێ!.چۆن دەبێ کاتێ شا بیەوێ بچێتە ڕاو باران بباری؟زووکەن ئەم گەماڵ باوکە بەو هێسترەوەی بەستن تا لە ڕاوگەکە حسێبی خۆی لە مست نێم.

پیاوەکانی دەربار ڕەشمەی گوێدرێژەکەیان بە هێسترەکەوە بەست و کابرای دێهاتی چارە ڕەشیشیان بە پاشووی ئەوەوە بەستەوە و کاروانەکە کەوتە ڕێ. هیچی وای نەبرد کە هەوا لە پڕا گۆڕا..هەور و برووسکە کەوتنە گاڵەگاڵ و بریسکە و دای دایە تاوە بارانێکی بەخوڕ..بووە تۆف و لافاوی هەموو جێ یەکی داپۆشی و کاروانەکە ئاو بردی.. شا کە بەزحمەت دەرباز ببوو،کە گەیشتە دەربار ڕەماڵ باشی سەرەک وەزیران و وەزیرەکان کە درۆیان لەگەڵ دا کرد بوو لەکارخستن و فرمانی دا زیندانیان کەن..دوایذ بڕیاری دا کە کابرای دێهاتی کە پێشبینی باران و تۆفەکەی کرد بوو بکاتە سەرۆک وەزیران.

چەند ڕۆژێ ڕابوورد..شا هەوای ڕاوی کەوتەوە سەر و سەرەک وەزیرانی بانگ کرد و ووتی:
- هەوا چۆنە؟
- کابرای کۆنە دێهاتی و تازە سەرەک وەزیران دەستەپاچەیی خۆی نیشان دا.
- نازانم ..من خۆ غەیب زان نیم!. شا بە سەرسوورمانەوە پرسی:
- دەی ئەو ڕۆژە چۆن پێشبینی دۆخی / وەزعی هەوات کرد؟. سەرەک وەزیرانی تازە هاتە وەڵام و ووتی:
- قیبلەی عالەم سەلامەت بێ،من ئەو ڕۆژە لە گوێ و کلکی گوێدرێژەکەم نۆڕی و وەڵامم دایەوە.
شا کە لە مانای قسەکانی سەرەک وەزیرانی تازە نەگەیشتبوو ووتێ: مانای چی؟ کلک و گوێی ولاغ چ دەخلێکیان بەسەر وەزعی هەواو هەیە؟.
- قوربان ئاژەڵ /حەیوان زۆر لە مرۆڤ / ئینسان بە ئیدراک ترن. زۆر شت پێشبینی دەکەن کە ئینسان پەیان پێ نابات. هەر ئەو خەراپی هەوایە گوێ درێژ لە ئینسان چاتری هەست پێ دەکا گوێیان ڕەپ دەکەن و کلکیان لەناو لنگیان لوول دەدەن.
شا کە تازە تێ دەگەیشت،سەری لەقاند و ووتی:
ـئای دڵی بێ خەبەر چ هەڵەیەکی گەورەم کرد.. کەواتە وایە هەواناسی ئەسڵی ی گوێدرێژەکە بووە؟سەرەک وەزیران و وەزیرەکان بە هەمووان هێندەی یەک گوێدرێژ هۆشیان نەبووە.
هەق وایە پایەی سەرەک وەزیران بدەم بە گوێدرێژەکە! هەقی گوێدرێژی بێ چارە تێ چووە.. شا خێرا کابرای دێهاتی لە سەرەک وەزیران خست و گوێدرێژەکەی بەو پایە گەیاند.
لەوە بە دواوە شا بە خەیاڵی ڕاحەت دەچووە ڕاو و دڵنیا بوو لەوەی کە پێش بینییەکانی گوێدرێژەکە ڕاست و دروست دەردەچن.
هەرکاتێ هەوا چاک بوایە دەکەوتە زەڕە زەڕ و هەر کاتێ هەوای باران بوایە گوێدرێژ گوێکانی ڕەپ دەکرد و ئەگەر تۆف بوایە کلکی ڕادەوەشاند. ش هەرکاتێ بیویستایە بانگی شەڕی هەڵدایە یا بچوایەتە ڕاو دەیڕوانییە ئەو نیشانانە و ئەوسا کارەکەی ئەنجام دەدا.

**عەزیز نەسین/ هێرش لە فارسی یەوە کردوویەتیە کوردی**

# قوتابخانەی پاسۆک

**باسک**

چ کوردێکی بەشەرەف هەیە کە میلی رادیوکەی دەگێڕێ ، بەو نیازو ئاواتە جوانەمەرگەی هەواڵی خەبەری دیواری گوێ بە مس ئاخنراوی ئەم دنیایەی بریبێ و بەنووزەش بێ لە گەرووی نەوت گرتووی هەواڵ نێرەکانەو ە ناوی کوردو کوردستانە دابەشکراو داگیرکراوەکەی و خەبات و شۆڕشە قارەمانەکەی ببیستێ کە ناوی باسک هەواڵی شۆڕشگێڕانیئۆسکادی خەبەری پەلاماری دلێرانەی ((ئیتا)) دەبیستێ .. هەروەک ناوی کوردستانەکەی و هەواڵی پێشمەرگە قارەمانەکانی و خەبەری شۆڕشە پیرۆزەکەی تەزوی ڕەحەتی ئارامی پێدا نەهێنێ و شاگەشکەی نەکات ؟ ؟ چۆنیش لە دووری هەزاران میلەوە هاوبیریی و هاودەردی هاوعەدالەتی هەردوو مەسەلەکەو مەسەلەی هەموو میللەتانی ژێر دەستەو چەوساوە دەرسکێ و لە بەرابەر چەو گوپ و هاژەوهوژەی بەدروی (دیفاع لە مافی مرۆڤ و گەلان) و کەرەنای گڕی (دیمۆکراسی بەشەر دوستیی و ئازادی) دا سەندەرێکی گەرم و گوڕی ڕاستەقینەی بەرەی گەلانی چەوساوەو لەبیرەوە براو لەهەست و هۆش و ویژدانی پۆلە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕو دڵسۆزەکانی ئەو گەلانەدا ڕاست دەبێتەوە و ئەو سەرەتایە بە ئیسپات دەگەیەنێتەوە کە چۆن سەنگەری (داگیر کەران و چەوسێنەران و ئیمپریالیستە ) دڕندەکان یەکن ئاواش بەرەو سەنگەری زەحمەتکێشان و چەوساوەو گەلانی ژێردەستە) یەکە .

باسک چین وکێن ؟

باسک ئەو میللەتە ئازاو ڕاپەڕیوەیە کەسەر تاسەری مێژوویان خوێن و خەبات و ڕاپەڕینە ، باسک دڵی زیندووی خەبات و مقاوەمەت و بەگژاچوونەوەی زوڵمی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و شریخەی گوللەو دەنگی بۆمبایە کە هەمیشە دڵی شۆڤێنست و داگیرکەرانی دادەخورپێنێ و خەونی سەوزی سەر تارای سوری خوێن و ئارەقی ڕەنج و زەحمەتی هەزاران چەوساوەو زەحمەتکێش لەو داگیرکەرو چەوسێنەرانە دەرەتێنێ و وولاتی جوانی داگیرکراوی ((ئۆسکادی)) یان لێ دەکاتە ئاگرو دۆزەخ لەژێر پێ یاندا وولاتی باسک کە بەزمانی خۆیان (ئۆسکادی)) (EUSKADI ) بێ دەڵێن کەوتوتە نێوان فەرەنساو ئیسپانیا ئۆسکادی حەوت هەرێمە ، سێ هەرێمیان (کە ئۆسکادی سەرووی سنووری سیاسی فەرەنسا و چوار هەریمیان (ئالافا ، بیسکاری ، گسوزکواونافار )-کە ئۆسکادی خوارووی پێ دەوترێت – دەکەوێتە خوارووی

سنووری سیاسی فەرەنسا) نەتەوەی باسک کە بەخۆیان دەلین (ئوسکارا- euskara ) واتە میللەتی ئوسکادی یا باسک نزیکەی سێ تا چوار ملیۆن دەبن کە میللەتێکی سەربەخۆ پێک دێنن زمان و نەژاد و مێژوو نیشتیمان و داب ودەستوور و هەستی هاوبەشی تایبەتی و سەربەخو و جیاوازیان هەیە ، لە هەموو رویەکەوە لە میللەتانی داگیرکەریان (فەرەنسی وئیسپانی ) جیاوازن و بۆ خۆیان یەک وەحدەی نەتەوەی پێک دێنن هەرچەندە هەوڵێکی بەدنیەتانەی وا هەیە بۆ گومان خستنە سەر ئەسڵ و فەسڵی گەلی باسک هەروەک کوردەکەی خۆمان کە کە چۆن هەریەکە و بەلایەکدا دەیبردین و رۆژێ دەکراینە بەچکە جنۆکە و نەوەی دێودرنجی حەزرەتی سولەیمان و یەکێ بۆ سەر(کردبە هوزان –نازانینبن چی وچی) خێڵە عەرەب و هەندێکی تر بەهۆزێکی فارسیان لەقەڵەم دەداین و ئێستەش لای تورکە شۆڤێنستە داگیرکەرەکان هەر تورکی شاخاوین و وولاتەکەیان (دوغۆ) یە!

میللەتی باسکیش لەو شێواندن و گەمە رەزاگرانە ئیستعماریە رەگەزپەرستانەیە بە دوور نەبوون هەن پێیان وایە کە باسکەکان کاتی خۆی یولیوس قەیسەر لە ئیسکۆتلانداوە هێناونیە ناوچەی چیاکانی ((پیرینیە)) ی نێوان ئیسپانیا و فەرەنسا ، هەشن دەیانگرنەوە سەر ئەسڵی سامی نەژاد ئەوجا یا دەیانبەنەوە سەر فیرعەونەکان یان فینیقیەکان یا عیبرانیەکان ! هەندێکی تر دەڵێن لە وولاتی قەفقاسیاوە هاتوون ، بەلام هەرچی یەک وهەرچۆنێ بێ ئیمرۆ ((باسک ))میلەتێکی تایبەتی جیاوازن کە هەموو مەرج وبنەماکانی پێک هێنانی ((نەتەوە)) یان تێدایە کە ((نیشتمان ، زمان ،مێژوو وداب ودەستوورو هەستی هاوبەش )) ی تایبەتی و سەربەخۆیانە هەر خەباتی نەتەوایەتی قارەمانانەی میللەتی باسک و سوور بوونی ئەو گەلە لەسەر ((ئازادی و سەربەخۆیی)) میللی یان وهەستی گەشتی وبەکۆمەڵی خۆ بەباسک زانینیان بۆ خۆی سەر تۆپی شایەتی مافی ((سەربەخۆیی و ئازادی)) و بوونی نەتەوەییانە یەک لە زانا باسک ناسە بەنێوبانگەکان پروفیسۆر (ئوجین گویهنیش ) ە لەبارەی ئەسلی باسکەوە دەڵێ : باسکەکان خەڵکی ئەسڵی و پێشینەی ناوچەی چیاکانی (ئەلپیرینیە) ن وکاتی خۆی سەرتاسەری خواروی فەرەنسا و هەموو ئیسپانیا- تا پێش سەردەمی نیو لیتی (واتە دواچاخی بەردی نوێ ) نیشتمانی ئەم باسکانە بوو زمانی باسک زمانێکی سەربەخۆو زۆر تایبەتی یە کە لەسەردەمێکی کۆنەوە- هەر لە چاخەکانی بەردییەوە – ئەو میللەتە بەو زمانە دواون و تائێستەش پاراستوویانە هەروەها (مەندز بیدال) بەرێوەبەری ئاکادیمی ئیسپانیش پێ ی وایە کە زمانی باسک زمانێکی ئێجگار کۆنە کەواتە باسکەکان کۆنترین خەڵکی ئەوروپان وهەتا پێش پەیدابوونی فەرەنسەوی و ئیسپانی ولەداگیرکەرەکانیشیان ئەمان

هەر لەو وولاتەدا بون و ئەوان خەلکی پێشینەو ئەسلی ئەو وولاتەن.

مێژووی باسک بریتیە لە مێژووی مل نەدان و بەگژاچوونەوەی هەولی لە نێوبردنی نەتەوایەتی وتواندنەوەی میللی  کە رومانەکان و فیزگوت (پادشای ئیسپانیەکان ) و نۆرماندیەکان و فەرەنگەکان یەک لەدوی یەک بەهەموو شێوە ورێ یە لە هەولی چۆک پێ دادان و لەنێوبردن و توانەوەیاندا بوون بەلام هەرگیز نەیان توانیوە مەقاوەمەتی ئەو میللەتە ئازایە بشکێنن وعیشقی ئازادی و خواستی سەربەخۆییان لەدل و دەروون و ویژداندا بمرێنن  لە شانامەی فەرەنگەکاندا – لەسەردەمی جەنگی یەکەمی ئەلیبیەکان – باسی قارەمانیتی و ئازایەتی باسک هاتووە  لە داستانی (رۆلان ) دا باسی ((شارلمان )) ی پادشای فەرەنسا دەکات کە چۆن پەلاکاری (بامبۆلین ) پایتەختی باسکەکانی داوە وبرانی کردوە  ئەمە بەلگەیەکە بۆ ئەوەی کە لەو سەردەمانەدا (کەدەکاتە ٧٧٥ تا ٧٨٠ ی زاینی ) باسکەکان کیانی سیاسی خۆیان بوە  هەر ئەم درندایەتیەی شارلمان وای لە باسکەکان کردوە کە لە دەوری سەرکردەی لاویان بەناوی ((ئەنیکو نەرتیزا)) کۆبنەوە و چەندین سال بەشاخ و تەلانەکانی ئوسکادی یەوە بە رووی داگیرکەرانیانەوە بوەستن و دیفاع لە خۆیان و وولاتەکەیان بکەن ، تا لە ١٥ئابی ٧٧٨ دا پاشەرۆکی لەشکرەکەی (رولان) لە (رونس فو) داین خستە کەمینی خۆیانەوە و تاق بریان کردن ئەمە شکستێکی گەورەی داگیرکەرەکە بوو کە ئیتر خۆی پێ نەگیرایەوەو سەرەنجام گەلی باسک پاش نزیکەی نیو سەدە گیانبازی بەردەوام توانیان وولاتەکەیان لە بێگانە پاک بکەنەوە ولە ٢٩ی کانونی دووەمی ٨٢٤ دا ئەنجومەنەکانی باسک کۆدەبنەوە و ((ئەنیکو ئەرتیزا)) بەیەکەم پادشای خۆیان هەلدەبژێرن و ((بامبولین)) ئاوەدان دەکەونەوە و دەیکەنە پایتەختی خۆیان  سەرچاوەمێژووییەکان دەری دەخەن کە لە دێر زەمانەوە باسکەکان کیانی سەربەخۆی سیاسی خۆیان بووە لەمانە دوانیان بەرچاوە :

یەکەمیان – لە باکوری چیاکانی (ئەلپیرینیە)) لە فاسکونیا بووە کەتا ((تولوز وبوردو)) – لە خواروی فەرەنسا دەسەلاتی کشاوە ، ئەم دەولەتە نیزیکەی چوارسەدە ماوەتەوە. دووەمیان – کە جێ ی یەکەمی گرتوتەوە لە یاشوری چیاکانی ئەلپیرینیە بووە ودەولتی ((نافار)) یان پی گوتووە ئەم دەولەتە بۆ ماوەی حەوت سەدە بەسەربەخۆیی ماوەتەوەو لە سنووری ئەمرۆی وولاتی باسک بەرین تر بووە کە بێجگە لەو حەوت هەرێمەی ئیمرۆی وولاتی باسک ناوچەی ((کاتالۆنیا))و((کاستیلیا)) – ئیسپانیا – یشی گرتەوە .

گەلی باسک دەولەنیان بووبێ ونەبووبێ بەشێوەیەکی دیمۆکراسیانە و بەکۆمەل کاروباری کۆمەلایەتی و سیاسی خۆیان بەرێوە بردووە  وەکو تەقلیدێکی هەرە کۆن باسکەکان لە هەر گوند وناوچە و هەرێمێکدا ئەنجومەنی هەلبژاردەیان بووە

کە بەدەنگدانی ڕاستەوخۆ وگشتی هەڵبژێردراون وساڵە و ساڵ ئەم کۆبوونەوەیە و هەڵبژاردنە کراوە هەموو ساڵی لە ژێر داری ((سووره چناریَ ))- کەدارێکی پیرۆز و ڕەمزی گەلی باسکە – کۆبونەتەوە هەتا پادشاکانیشیان بەو جۆرە هەڵبژاردووە چاودێریان کردوون چۆن باسک سەربەخۆیی سیاسی یان لە دەست چوو :- لەگەڵ پەیدابوونی حکومەتە مەرکەزیەکانی ئەوروپا (فەرەنسا و ئیسپانیا ) وڵاتی باسک کەوتە بەرچاوی تەماعی ئەو وڵاتانەوە بەوەی دۆقی (ئالپ) لە ساڵی ١٥١٣ ی زاینیدا ناوچەی نافاری لە خواروو داگیرکرد و پاشان کە (هێنری دونافار) ی فەرەنسی کە بە هێنری چوارەم ناسراوە هاتە سەر حوکم و سەروی ووڵاتی باسکی داگیرکرد ئیتر کیانی سیاسی و سەربەخۆیی باسک نەما بەڵام بەڕواڵەت ئازادی ناوخۆی خۆیان هەر پاراستبوو لەگەڵ ئەمەشدا گەلی باسک تا نزیکەی سی سەدەی تریش هەر ئەنجومەن و ڕێکخراوە تایبەتیەکانی خۆیان و یاسا ودەستووراتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی خۆیان هەر پاراستبوو تا لەسەروەختی شۆڕشی فەرەنسا لە ١٧٨٩ دا ئیتر بەتەواوی خرانە سەر فەرەنسا و ئیسپانیا و بەتەواوی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان لەدەست چوو لە ٤ی ئابی ١٧٨٩ دا دەسەڵاتی ئیستعماری فەرەنسی بڕیاری دا کە ناوچەی ئۆسکادی سەروو (هەرێمی نافاری خواروو ولابورد وسول) ببەستێتەوە بە فەرەنسا و بیانخاتە ژێررکیفی یاسا و دەستووری فەرەنسیەوە و بەزۆر بیکەنە بەشێک لە فەرەنسا و بیان توێننەوە هەروەها لە خواروویش لەسەرەنجامی جەنگی ١٨٧٢- ١٨٧٩ ی ناوخۆی ئیسپانیا بەشەکەی دیکەی ووڵاتەکەیان خرایە سەر ئیسپانیا ولەو ڕۆژەوە لە هەردوو بەر (بەتایبەتی لەبەری ئیسپانیا – ئوسکادی خواروو )- لە هەوڵ بێ ووچانی تواندنەوەی گەلی باسکی و نەهێشتنی شوێنەواری ووڵاتی ئوسکادین

پارتی گەلی باسک :-

گەلی باسک وەک باسمان کرد لەزۆر کۆنەوە ئاڵای مقاوەمەت وديفاع لە خۆکردنی بەرزکردۆتەوەو مللی بۆهیچ داگیرکەرێک نەداوە تاق بڕکردنی پاشەرۆکەی لەشکرە داگیرکەرەکەی شارلمان داستانێکی میللی نەمر و سەرەتای خەباتێکی نە پساوەی رەوای میللی ئەو گەلە قارەمانەیە بەڕووی داگیرکەر و دەست درێژکەرانی دا بە جوریکی وا کە مێژووی ئەو میللەتە بچوکە بە خۆنازیەوە سەرتاسەری نەبەردی و قارەمانی و کۆڵ نەدان و بەرەنگاربوونەوەیە هێنری چوارەم ئۆسکادی سەرووی خستە سەر فەرەنسا ، گەلی باسک لێ ی بێدەنگ نەبوون ودواتریش لەساڵی ١٦٣٢ دا نافاری یەکان بەڕووی لویسی سێزدەدا ڕاپەرین ساڵی ١٦٥٧ خەڵکی کسوریو ولابورد و ساڵی ١٦٦٠ خەڵکی سول شۆڕشیان بەرپاکردووە لە ئۆسکادی خوارووش لە ساڵی

١٨٣٠ وه خەڵکی باسک دەستیان دایە خەباتێکی خوێناوی ودەیان ڕاپەرین و شۆڕشیان دژی ئیسپانیە داگیرکەرەکان بەرپاکردووە لەساڵی ١٨٣٠ دا دایانە پاڵ دون کارلوکس لە دژی دەسەڵاتدارە ئیسپانیەکان شۆڕشی ساڵانی ١٨٣٠ –١٨٣٩ و١٨٧٢– ١٨٧٩ گەلی باسک لە پێناوی سەربەخۆیی و ئازادی میللیان و ڕەتاندنی داگیرکەران بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و لە شەڕێکی نا بەرانبەر دا لە لایەن ئیسپانیەکانەوە کپ کراوەتەوە بەڵام گەلی باسک هەرگیز وری‌یان بەرنەداوەو ملیان بۆ ئەمری واقیع نەداوە سەرەتای بزووتنەوەی نوێ باسک دەگەڕێتەوەبۆ ساڵی ١٨٩٥ کەقۆناغێکی نوێ ی لە خەباتی ئەو گەلە قارەمانە کە (سابیتو دی ئارانا کویری ) باوکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی باسک بینای فەلسەفەی نەتەوایەتی باسکی کرد و مەفهومی نەتەوایەتی باسک ولاتی یەکپارچەی باسک و ئارم نیشانە و ئالای ئوسکادیی یەکگرتووی دانا ، ئەمە بووە هۆی بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری و بەئاگاهاتنەوەیەکی میللی لەسەرتاسەری ئۆسکادی دا و بەتایبەتی لە باشوری ئوسکادی دا کە بە پێکهێنانی پارتی نەتەوایەتی باسک ((p.n.v) خەباتی گەلی باسک بووە خەباتێکی سیاسی کۆمەلایەتی شەهید بوونی رابەر و پێشەوای بزووتنەوەکە لە تەمەنی ٣٧ ساڵاندا بەدەستی ئیسپانیە داگیرکەرەکان و لە یەکێ لە بەندیانەکانیدا ئەوەندەی دیکە تاوی بە کڵپەو گڕی ئەو خەباتە رزگاریخوازانە ستاند ئەم پارتە نەتەوەیی یە دیموکراتخوازەی باسک دەستێکی باڵای بوو ، لە ١٩٣١ دا لە روخاندنی رژێمی پاشایی ئیسپانیا ودروست کردنی جەمهوریەتی دیموکراتیکی ئیسپانی بەو هیوایەی کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان دەستخەن هەر لەو ساڵەدا لە گشت پرسێکی جەماوەری دا کە لە هەرێمەکانی ئۆسکادی کرا ٨٥٪ی خەڵکەکە دەنگیان بۆ جیابونەوەو سەربەخۆیی میللی خۆیان دا.

لەساڵی ١٩٣٢ دا دەیان هەزار باسکی لە بیلباو دا کۆبونەوە وجێژنی (ڕۆژی نیشتمان ) یان گێرابەڵام هێندەی نەبرد کە جەنگی نێوخۆکەوتە ئیسپانیاوە وهێزە کۆنەپەرست و فاشیستە کان هەم دژی بزووتنەوەی کرێکاران وديموکراسی ئیسانی وهەم دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ئۆسکادی سەنگەریان گرت لەم جەنگە دا قورسایی هەرە گەورە کەوتبوە سەر گەلی باسک وگەلی سک قارەمانانە دیفاعیان لە جەمهوریەت ومافی سەربەخۆیی خۆیان دەکرد تا لە١٨ تەموزی ١٩٣٦ داژەنڕاڵ فرانکۆ (کە فەرماندەی هێزەکانی ئیسپانیا بوو لە مەغریب ) لەدەسەڵاتی حکومەتی جەمهوری یاخی بوو وژەنرال (مولا) ش کە لە ئۆسکادی بوو دایە پاڵ یاخی بووەکان و بە پشتیوانی دەرەبەکە قەبە وچین ودەستە کۆنەپەرست و فاشیەکان و کۆمەک و پشتگیری ڕاستەوخۆی کەنیسەو موسۆلونی و ئەڵمانیای نازی کەوتنە پەلاماری

جەمهوریەتە دیموكراتیكە ساواكە (پارتی نەتەوەیی باسك ) یش (p.n.v ) لە شكرێكی سێ هەزار كەسی لەهەرێمە كانی باسكدا كۆكردەوەو لەگەڵ هێزە دیمۆكراتیك و پێشكەوتوو خوازەكاندا كەوتنە دیفاع لە جەمهوریەت و دیمۆكراتیەت فرانكۆ پەلاماری وولاتی باسكی دا لە ئەیلولی ئەو ساڵەدا شارەكانی (ئەبرون ) و(سان سبیستیان) ی گرت بەڵام باسكەكان لە نێزیك (ئەلگیتە) دا بەریان پێگرت ودایانە دواوە باسكە كان لەم ململانێ یەدا قورسایی هەرە گەورەیان كەوتبو سەر تا لە ٧ی ئوكتوبەری ١٩٣٦ دا (جوزی ئەنتونیو دی ئەگیر ) كە سەرۆكی حكومەتی ئۆسكادی بوو حكومەتێكی یەكێتی نیشتمانی لە (نەتەوە یی وجەمهوریەكان وشیوعی و سۆسیالیستەكان ) بۆ بەرلێگرتنی فاشیستەكان دروست كرد بەمە كۆماری باسكی سەربەخۆ دروست بوو جوزی سوێندی وەفاداری لە ژێر داری (سندیان ) یكدا لە گیرنیگای شاری پیرۆزیاندا خوارد و ووتی :-

(( مل كەچ لە بەرانبەر خوا ، لەسەر ئەرزی باسك ، بەیادی وەفا بۆ گیانی باوباپیرانمان و لەژێر داری گیرنیكادا سوێند دەخۆم كە بە ئەمانەت و شەرەفەوە ئەركەكانم جێ بەجێ بكەم ، لەژێر بەیداخی ئەم جەمهوریەتە پیرۆزەدا گەلی باسك بەرانبەر فرانكۆ وگەلە كۆمەكەی فاشیست جەنگان لە كاتێكدا كە بەرەكانی دیكە لە بەرانبەر فرانكۆ هەرەسیان دێنا ، ئەمان بەپێوە خۆیان ڕاگرتبوو و لە نۆڤەمبەری ئەو ساڵەدا هێرشێكی سەركەوتوو یان بردە سەر هێزەكانی فاشیست وشكاندیان بەڵام پاش ئەوەی بۆ ساڵی دوایی توانیان هەموو هێزەكانی خۆیان و ئیتالیا و كۆمەكی ئەڵمانیا خركەنەوە و بڕژێننە سەر ئەو كۆمارە ساوایە بەرە بەرە تەنگیان پێهەلچنین لە ٢٦ی نیسانی ١٩٣٧ دا شاری پیرۆزی گێرنیكایان بۆردومان كرد و بەیەكجار كاولیان كرد ، كە دوو هەزار باسكی تێدا كوژران (پێكاسۆچاكترین و جوان ترین وبەناوبانگترین تابلۆی بۆ یادی ئەو شارە پیرۆزەی باسك دروست كردوە كە هەر بەناوی گێرنیكاوەیە بۆتە ڕەمزێكی مقاوەمەت و ئازادی خوازی و نیشانەیەكی دڕندەیی و چەپەڵی فاشیست ) لە ١٩ ی حوزەیرانیشدا هێزەكانی فرانكۆ و ئیتالیا ئەڵمانیا توانیان شاری بیلیا و بگرن ودوا قەڵای شۆڕش و جەمهوری خوازان شكستی هێناو كۆتایش بە جەمهوریەتی باسك هات دوای گرتنی بیلبا و پەنجا هەزار باسكیان لە سێدارە دا ونزیكەی دووسەد هەزار كەس لەتاو گیانی خۆیان هەڵاتنەدیوی ئەو دیوی ئۆسكادی (ئۆسكادی سەرووی بەزۆر بەستراو بە فەرەنساوە ) جەمهوریەت بۆ شكستی هێنا ؟

شكستی خەباتی رزگاریخوازانەی باسك و هەرەسی جەمهوریەتی دیمۆكراتیكی ئیسپانی و حكومەتی جەمهوریەتی میللی باسك و سەقام گیربوونی ڕژێمی فاشیستی

فرانکەوی و ڕووداوەکانی دواترو خەباتی خوێناوی قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەمـی باسک بۆ لێکتێگەیشتن و هەڵسەنگاندن و بـەدەر خستنی ڕووداەیکـان گەرەکە بگەڕێنەوە بۆ گۆڕان و پێشهاتەکانی ئیسپانیا هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەوە تائەو ڕوژانە کاتێ ناپلیون ئیسپانیای گرت و برایەکی خۆی کردە پادشای ئەوێ مستعمراتی ئەسپانی لە جنوبی ئەمریکا لێ ی ڕاپەرین ئەم ناقایل بوونە بە شایەکی بێگانە و سەپێندراو ووەفاداریە بە بنەماڵەی پاشایەکی کۆنی ئیسپانیا بووە هۆی سەربەخۆیی ئەو کستعمرانە ، هەرچەندە ئەم ڕوداوە بەهانەیەک بوو چونکە چ شۆڕشی ئەمریکای ساڵی ١٧٧٦ وچ شۆڕشی گەورەی فەرەنسا ی ١٧٨٩ گیانی سەربەخۆیی ئازادیخوازی تێدا ڕەگ داکوتابوون ٠ قارەمانی مەزن و بەناوبانگی ئەمریکای خـواروو (سیمون بولیفر) ەکەنازناوی (ئارلیبرتادور) واتە ئازادی بەخش بووە ، بۆیە کە ناپلیۆن شکستی برد موستعمەرە کانی ئیسپانیا لە خوارووی ئەمریکا جیابوونەوەو بەردەوام بوون لە خەبات دا بۆ سەقام گیربوونی ئەو سەربەخۆیی یەکە چەند ساڵێکیش دژی حکومەتە تازەکەی ئیسپانیای دوای براکەی ناپلیونیش هەر بەردەوام بوو ، دەسەڵاتی تازەی ئیسپانیا داوای لە وولاتە ئەورووپیەکان کرد کە وەک برا کۆمەکی پێبکەن تا موستەعمەراتەکان یەخسیرکەنەوە خەریک بوو گەلەکومەیەکی وا پێش بێت بەڵام وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ئەو ڕوژە کە وەکو ئیمرۆ نەبوون بەڵکو قیبلەو سەرچاوەی ئازادی و ئازادی خوا یان بوون لە سەردەمی (مانرو ) ی سەرکۆماریان دا هەڕەشەیان لە وولاتە ئەورووپیەکان کرد کە هەرکەسێ و بەهەر جۆرێ بێتە نێو مەسەلەی ئەمریکای سەروو یان خوارووئەمان بـەری پێ دەگـرن و شەڕەکە بە شـەڕی خۆیان دەزانـن  ئەم هەرەشەیەی ئەمریکا دەوڵەتە ئەوروپیەکانی لەدەست تێوەردان ودەست درێژی کردنە سەر خەڵکی ڕاپەریوی ئەمریکای خواروو گێڕایەوە ئەم هەڕەشەیە لە مێژوودا بە ناوی (سەرەتا مۆنرۆ) بەنێو بانگە  دەبێ ئەوش بڵێین کە ئەم سەرەتایە ڕاستە دەستی ئەوروپیەکانی لەدەست درێـژی کورت کرد وگێرانیەوە لـەوەی کە پەلاماری وولاتانی ئەمریکای خواروو بدەن و فرسەتیشی نایە بەرزۆریان کە سەربەخۆیی میللی تەواوی خۆیان سەقامگیر کەن وگەشەو نەشونما بکەن بەڵام دواتر کەچارەی ئیمپریالیستی ئەمەریکا بەدەرکەوت چ کەسێک نەبوو کە ئەوجا بەربە تەماع ودەست درێژی پارێزەر ودۆستە تازەکەیان (کە ئەمریکابوو) بگرێ خۆی جێگەی ئەوانی گرتەوە وکوردواتەنی ئێمرو گەلانی ئەمریکای خواروو هەزار ڕەحمەت لە کفن دزی پێشویان دەکەن هەرچەندە بزووتنەوەی جەماوەری نەتەوەیەیی و سۆسیالیستی کرێکاران و دیمۆکراتخوازانی

گەلانی ئەمریکای خواروو لەگەشە و خەباتدان  ئیسپانیا کە جاران دەوڵەتێکی گەورەی خاوەن (مستعمرات ) وخێروبێری ئەو وولاتانە بوو لێکەوت و لەمل ملاَنیَ دەوڵەتە ئیستعماریەکاندا (کە ئیسپانیا خۆی یەکێکی بەهێز و بەرچاویان بوو ) لێکەوت و ئەوەندەی نەما سەریشی تێنیَ  ئەم لێکەوتنە دەیان ناکۆکی لەناو خودی ئیسپانیادا تەقاندەوە کە تائەوسا لەژێر ساباتی ئیستعماریانەو مالاَتی ئەو مستعمرانە دا داپۆشرابوو لەساڵی ١٨٩٨ یش ئەمریکا لە جەنگی فیلبین دا ئیسپانیای شکاندو ناچاری کرد کە دەست لە فیلیپین هەڵگریَ ، شکستی ئیسپانیا لە ساڵی ١٨٩٨ دا لە بەرانبەر ئەمریکادائەو خەیاڵ و بەخۆنازینەی لاکردنەنەخشی سەرئاو ، نەک هەر ئەو مستعمراتە پانو بەرین و پرخیرەیان لە دەست دەرهات کە لەسەر حسابی روتاندنەوە وبەدبەختی ئەوان خۆیان پۆشتەو پەرداخ کردبوو ودەمی خەڵکی نارەزاشیان ئاخنی بوو بەڵکو لەوەش کەوتن وەک دەوڵەتێکی گەورە حسابیان بۆ بکریَ ولارە دەست ومایە پوچ وشکست هێنا و وەک قەلاَیەکی کۆن بناغەکەی هەرەس بێنیَ لە هەموو لاوسەروبەرێکەوەدەرد و نەخۆشیەکانی کۆمەڵگای ئیسپانیش کەوتە سەرهەڵدان ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەو مشتە خانەدان ودەوڵەمەندانەی لە ژێر پەردەی حکومەتی پادشایی دەستوریدا خۆیان حوکمیان دەکرد لە تەنتەنە و سەنسەنە و کەشوفش بکەون و عەیبیان بکە وێتە ئەو گورە و بەرە بەرە نارەزایی وبێزاری لە نێونەتەوە وکومە نەتەوایەتی یەکانی باسک و کاتالۆنی و زەحمەتکێشانی چەوساوە و پلیشاوەی سەری هەڵداو سێ بزووتنەوەی جەماوەری و شۆرشگێر لە دەرونـی کۆمەڵگەی ئیسپانیەوە کەوتنە جۆشـدان : یەکەمیان :- بزووتنەوەی رزگاریخوازی میللی ودیمۆکراتیکی باسک و کاتالۆنی کەزمان و سوننەت و داب وفەرهەنگی تایبەتی سەربەخۆ وجیاجیایان هەبوو لە کاستیل (ئیسپانیەکان داوای سەربەخۆیی ویەکسانی و ئازادی میللیان دەکرد وبە حوکمی راستەوخۆی ئیسپانیەکان قایل نەبوون

دووەمیان : بزووتنەوەی کرێکاران ، پیشەسازی ئیسپانی لە چاو وولاَتانی دراوسیَ ی –بەتایبەتی فەرەنسا – دواکەوتووتر بوو وژیانی کرێکاران سەختتر ومافەکانیان کەمتر ، بۆیە بزووتنەوەی کرێکاری بەهێزیان لەنێودا پەیدا بوو کە هەمە رەنگەی تێدا بوو (سۆسیالیستی ، کۆمەنیستی ، سەندیکالی و ئەنارشیستەکان ورادیکالی ) .

سیَ یەمیان : بزووتنەوەی گشتی سەرتاسەری دژی کلێسە کەلە سەردەمێکی زووەوە کلێسە دەسەلاَتێکی فراوانی نارەوای پەیدا کردبوو و بەشێکی زوری زەویە بە پیت وبەرەکەتەکانی ئیسپانیا و سامانێکی قەبەو بیَ حسێبلی لەبن دەستدا بوو تا دەوترا کە سیَ یەکی هەموو پارەو پول و سامانی ئیسپانیا هی کلێسە بووە جگە

لەوەی بەشێوەیەکی گشتی کڵێسە پشتگیری لە چەوسێنەران و سەرمایەداران و پشتیوانی لە مولکدارە گەورەکان دەکرد وببوە شەریکە حوکمی چەوسێنەران وکوتەکی دەستی خانەدان و سەرمایەداران و پادشاش .. کە بەمە کڵێسە ئیعتباری جەماوەری خۆی لەدەست دابوو، لەبەر چاوی کۆمەلانی خەڵکی رەش ببوو شاری بەرشەلۆنە کە ناوەندی هەرێمی کاتالونیایە لە سەرەتای سەدەی بیستەم بە حوکمی ئەوەی کە شارێکی پیشە سازی ونویٚ وچالاک و ناوەندی گەلی کاتالۆنی بوو ببووە مەڵبەندی هەر سیٚ بزووتنەوەکە بۆیە لە ساڵی ١٩٠٩ دا هەڵڵای تێدا تەقیوە و بووە هۆی کوشت وکوشتارێکی فراوان وهەزاران کەس لە هەموو لایەک کیانیان لەدەست داو کڵێسە و تەلاری خانەدان وزۆر جێگەی دیکە ئاگری تیٚ بەردران و خاپووربوون و خەڵکێکی زۆریش لە جەماوەرە ڕاپەڕیوەکە کوژران بۆیە بەرشەلۆنە لە نیو سەدەی دواییدا بووە یەک لە مەڵبەندە راپەڕیوەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و دیمۆکراتیک و کرێکاری دژی رژێم و کڵێسە و سەرمایەداران. ئیسپانیا خۆی لە جەنگی جیهانی یەکەم دور ڕاگرت ، بەلام هەر پڕیشکی کارەسات و قات وقری جەنگەکەی بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرکەوت ، دوا جاریش کە ڕاپەڕینی جووتیاری گوندنشینی ی مەراکیش پێنج ساڵان بەرەنگاری لەشکری ئیستعماری ئیسپانی بوو وەو لە ساڵی ١٩٢١ دا لەشەری (ئەفوال) دا لەشکری ئیسپانیایان زۆر خراپ رەتاند و شکاند کە ئەگەر خۆتیروکردن وکۆمەکی لەشکری فەرەنسا نەبۆایە لە ساڵی ١٩٢٦ دا کە پەلاماری شۆڕشی گوندنشینەکانی مەڕاکیشیان داو شکستیان پێهینا بوو هەتا هەتایە دەستی دەسەلاتی ئیسپانیان لە سەرووی ئەفەریقا بری بوو.. ئەم شکستە لەشکری ئیسپانیا کە هەمیشە گورنەتەڵەیەک بوون بۆخۆیان و نازوبازویان بەسەر خەڵکەوە دەکرد بە تەواوی لەبەر چاوی خەلک سوک وبی ئیعتباری کردبون سوپای ئیستعماری کە سالە هلی سال بەخۆیادان ورمبەرمب راهاتبوون خۆیان لەسەروو جەماوەرەوە دەبینی ، بەم سوکێتیە زۆر قاڵس ببوون بۆیە بۆ تێهێنانەوەو گێڕانەوەی ئابڕوو ودەسەلاتی خۆیان کۆدەتایەکیان لە حکومەتی دەستوری و پارلەمانە نیوە دیمۆکلراس و بەدەسەلاتەکەی ئیسپانیا بە سەرکردایەتی (ژەنرال پریمودی رقیرا) لە ئەیلولی ١٩٢٢ دا کرد شا ئەلفونسی سیزدە کە تازە هاتبوە سەر تەخت بەو نیازەی کەلەریی ئەم کودێتا یەوە لەدەست پەرلەمان رزگاری بی ودەسەلاتی بگرە وبکوژی بیٚ پرسینەوە و (مگلق) بگرێتەوە دەست خۆی پشتگیری لە کودێتا چی یەکان و (ژەنرال پریمودی ریقیرا) کرد – چونکە حکومەتی پادشایی ئیسپانی دەستووری بوو واتە پادشا وەک نێزیک ە پادشای ئیمرۆی ئینگلیز و ئەوەکانی ئەسکەندەنافی رەمزی بون وخۆیان حوکمیان نەدەکرد حوکم لەدەست

پەرلەماندا بوو هەرچەندە پەرلەمانی ئەو ڕۆژە پتر بەدەستی بورژوا و سەرمایە داران وکڵێسە بوو بەڵام شا دەیویست خۆی ببێتە هەمەکارە – بەڵام ژەنەڕاڵ بریمودی ریڤیرا ئامادە نەبوو ببێتە مقاشی دەستی شا وبای حوکم لە کەللەی دابوو و دەیوست خۆی هەمە کارە بێت بەڵام خۆشی نەیدەزانی چ دەکا وچی دەویٚ هەروا ماشەرلاییدابویە بەری وتا دەهات باری سیاسی و ئابووری کۆمەڵایەتی ئاڵۆزتر دەبوو.. تا گەیشتنە شوێنیٚ چیتر بە بەریەوە مەما ریڤیرا حوکم بکات بۆیە لە کانونی دووەمی ١٩٣٠ دا پادشا ریڤیرای لادا کە دوو مانگ پاش بەرکەنارکردنی‌ریڤیرا لە ئوتێلێکی دەرەجە دووی پاریس سەری نایەوە. شا ویستی کە ژەنەرالێکی دیکە بێنێتە سەرکار بەڵام لەبەر ئەوەی گەلی ئیسپانی بەگشتی بەمە ناڕەزای بوون و زانی کە بۆی نا چێتە سەر ناچار ساڵیٚ دوای ئەوە ولە شوباتی ١٩٣١ دا رای گەیاند کە حکومەتی پەرلەمانی دەژێنێتەوە و جارێکی تر دەسەڵات دەداتە دەست نوێنەرانی گەل هەر بۆ ڕاستی قسە کانی نیوەی نیسانی دیاری کرد بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەن و نوێنەرانی شارەکان ئەمە فرسەتیٚ بوو بۆ هەموو هێزە نەتەوە یی ودیمۆکراتیک و سۆسیالیستە پێشکەوتووخوازەکان کە سەر جەمیان دەستەی (جەمهوری خواز) یان پێک هێنا بۆ ئەوەی ئەو هەڵبژاردنە بکەنە گشت پریسێک وبیخەنە قاڵبی رادان بەرانبەر چارەنوسی خودی ڕژێمی پادشایی وریٚ خۆش کردن بۆ پێکهێنانی جەمهوریەت. رۆژی هەڵبژاردن تاوسەندو خۆش و خرۆش بوو ، حیزبە جەمهوری خوازەکان دەنگ و توانایان یەکخستبوو توانیان لە شارەکاندا زۆربەی هەرە زۆری دەنگەکان بەدەست بهێنن هەرچەندە لە لادیٚ کاندا پۆلیس ومەئمورەکانی حکومەت زۆریان لە خەڵکی دەکرد ودەستیان لە دەنگدانەکەوە دەدا دیسانەوە لە سەرەنجام دا جەمهوریخوازەکان زوربەیان بەدەست هێناو لە شارەگەورە کانی وەکو مەدرید و بەرشەلۆنە و بیلباو دا خۆپیشاندان و تاوسەندنی جەماوەری حیزبە جەمهوریخوازەکان شا ئەلفونسی سێزدەیان شپرزە کردو لە داخا بیٚ ئەوەی ئیستیقالە بکات وولاتەکەی بەجیٚ هێشت جەمهوریخوازەکان بەسەر فرسەتدا رانەبوردن ولە ١٤ی نیسانی ١٩٣١ دا بانگی جەمهوریەتیان هەڵدا هیچ کەسیٚ بیری لەوە نەدەکردەوە کە جەمهوریەت بەو سانا و ئاسانی یە پێکبێت ، بەهەر حاڵ ئیسپانیا بووە جەمهوریەت (ئازانا گیل روبلس )بووە سەر کۆمار هەرچەندە لە پەرلەمانی هەڵبژیردراوی تازەدا (کەبەکورتیس ناوی دەبریٚ ) چوار باڵی ناکۆک و جیاهەبوون کە هەموویان جەمهوریخواز بوون بەڵام هەریەکەیان لە ئاشێکیان دەکرد (کە ئەمە بۆ خۆی پاشان بووە هۆی شکستی جەمهوریەت و سەرکەوتنی فاشیەت )

باڵی چەپ لایەنگرانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بوون باڵی ناوەڕاست ڕەوی چەپ(چەپی

هێمن)پارتی جەمهوری خواز باڵی لیبراڵە ئازادیخوازەکانی سەربە رۆمانو ئیل ئازانا (کەتاکە سیاسەتمەداری شۆڕشگێری بەوەفاو بەهۆش بوو)لەگەڵ حیزبی رادیکالی دە سیسە بازو بێمەجازو باڵی راست کەنوێنەری سەر بەکڵێسەیە کەئەمانە بەدەم جەمهوریخوازو لەدڵدا شادۆست بوون لەگەڵ ئەمەشدا ئازانا توانی بەرنامەیەکی هاوبەشی گشتی دانێ کەپێی ڕازی بن و لەخۆشیدا بەرنامەیەکی پێشکەوتووبوو لەدوو ساڵی حوکمیدا توانی ئۆتۆنۆمیەکی کەمێ چاک بۆ ناوچەی کەتالۆنیاو هەرێمەکانی باسک مسۆگەر بکات خوێندنی میللی فراوانی بەرەو پێش بەرێ ئازادیەکانی سیاسیو نەقابی بڕەخسێنێ جڵەوی سوپا بگرێو بیخاتە ژێر ڕ کێفی حکومەتەوە هەندێ ئیسلاحاتی زەراعی بکات هەرچەندە لەبەر زۆر هۆ- یەک لەوانە هەندێ لەوەزیرەکانی ئازانا خۆی هاوکاری تەواویان نەدەکرد دڵ گەرم نەبوون بۆی-نەتوانرا کەئیسلاحاتی زەراعی تەواو جێبەجێ بکات بەتایبەتیلەناوچەکانی خواروو خوارووی خۆرئاوای ئیسپانیا ئەم کارانەش لەو ڕۆژانەدا ئاسان نەبوون و بۆخۆیان نیشانەیەکی پێشکەوتن و سەرکەوتنی شۆرشی جەماوەری بوون،چونکە لەزۆر لاوە کێشەو گرفت و کۆسپ دەخرایە بەر حکومەتەکەی لەهەموویان گرنگتر یاخی بوونی ئەفسەرە گەورەکانی سوپابوو کەبەوە ڕازی نەبوون جڵەویان بگیرێ بەڵام بەئاسانی لەئابی ١٩٣٢ دا دەستی بەسەردا گیرا لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٣ دا کە مەجلیسی (موئەسیسان)هەڵوەشێن درایەوە تا مەجلیسێکی نوێنەران هەڵبژێردرێ لەو هەڵبژاردنەدا موحافیز کارەکان زۆربەیان بەدەست هێنا کەدوو ساڵی ڕەشی حوکمی کڵێسەی بەدواهات،هەرچەندە لەوساتەوە ئەم قۆناغی دووەمەی حکومەت سەرپۆشی لەسەر لانەچوو تابەرە بەرە دەست کەوت و کارو ئیسڵاحاتەکانی حکومەتی (ئازانا)ی پێشووی یەک لەدوای یەک هەڵوەشاندەوە ئەوکاتە دەرکەوت کەدەسەڵات بەدەست(ئەلیکس ئەلکاندرو لورو)یڕابەر حیزبی ڕادیکالی بێ مەجازەوە نەبووەو ئەو تەنها بتێ بووەو(گیل روبلس)ی سەرداری کڵێسە لەپشت پەردەوە ئاڵتم و ساڵتم و دیزە بەدەر خونەکانی دەکرد لە بەرانبەر دەرچوونی جەمهوریەت و پاشەکشێ و ئەو خەتەرەدا حیزبە چەپ و ناوەڕاست رەو و چەپ مەشرەبەکان لەهەڵبژاردنی شوباتی ١٩٣٦ دا یەکیان گرت هەروەکولە فەرەنسا لە هەمان ساڵدا هاوبیران وهاوکارانیان بەرەیەکی یەکگرتوی جەماوەری یان پێکهێنا ئەمانیش بەرەیەکی وایان دروست کرد کە لایەنگرانی (ئازانا) وە تا سۆسیالیستە شۆڕشگێڕ وئەنارشیستەکانی گرتبوە وئەوەبوو ئەو بەرەیە سەرکەوتنیان بەدەست هێنا و جارێکی تر دەسەڵاتیان کەوتەوەدەست ، ئازانا وهاوپەیمانانی و پەردە بەسەر دوو ساڵی ڕەشی جوکمی کڵێسە کۆنەپەرستاندا

دادرایەوە ،بەڵام سەربزێوی و سەرچڵی‌و زیادەرەوی توند و هەرزەکاری وهەرزەگویی چەپ رەوەهەرزەکانی باڵی هەرە چەپی یەکانی نێو حکومەت و هێزە سیاسیەکان (کە کاتی خۆی لینین مەترسی کەللەشەقی زیدەرەوی ئەو جۆرە چەپە هەرزانەی لە خەتەری ڕاست رەوی بە زیاتر گرتووە و بەتوندی بەگژیدا چوە ) کەوتنە ئاژاوە و فەرتەنە و مناڵ بازاری کە کاروحسیێبیان لە حکومەتەکەی( ئازانا)تێکدا و بەهیچ ئامۆژگاری و بانگەواز وتکاوداواکاریەکی دڵسۆزانەی ئازانا و سیاسەتمەدارو شۆرشگێرە کامڵەکان نەگەڕانەوەو کەوتنە ئاژاوەو ئاشوب نانەوە تا لە بەهاری ١٩٣٦ دا پەتیان پسان وکاریان لە دەست حکومەتیش دەرهێنا وکەوتنە داگیرکردنی زەویەکان و دەست بەسەراگرتنی کارخانەکان وهەتا کاری زۆرتوند ونابەجێ ی خوێن ڕشتنی رۆژانەش کەوتنە کڵێسە سوتاندن و سوکایەتی کردن بە کەشیش وپیاوە ئاینیەکان ئازاردانی خەڵکی وبێ بەندوباوی تا گەیشتە ئەوەی لە مانگی تەموزدا نوێنەر ێکی کۆنەپەرستیان کوشت ئەمەش فرسەتێکی بەلاشی مناڵانە و بەهانەیەک بوو درایە دەست دوژمنانی جەمهوریەت و هەموو بەرەی چەپ و سۆسیالیست . بیانویەک بوو بۆ سەردارانی سوپا وکۆنەپەرست و موحافەزەکەرەکان کە ئاڵای یاخی بوون بە رووی جەمهوریەت بەرزکەنەوە شەڕی نێو خۆ:-شەڕی نێوخۆی ئیسپانیا دەتوانرێ لەسێ سوچەوە سەرەنج درێ وسێ بوعدی بۆ دانرێ :-لە سەرێکەوە وەک هەر جەنگێکی ئەهلی نێوخۆی سێ ساڵ ئەو خەڵکە کەوتنە گیانی یەکتری و هەرچی ناهەمواری و مەینەتی و شەڕێکی نێوخۆ هەیە بەسەر ئەو گەلەدا هات لەسەرێکی دیکەوە ئەو شەرە بوعدێکی نێودەوڵەتی هەبوو کە سێ ساڵ دوای ئەو شەڕە و هەرپاش تەواو بوونی شانۆی ئەو شەرە بەفراوانتر لە ئەوروپادا رووی دا کە جەنگی جیهانی دووەمە لەو شەڕەدا بەرەی فاشیست وکۆنەپەرست لە لایەک و بەرەی گەل و دیموکراتیک و سۆسیالیست لە لایەکی دیکە بووە بوعدی سێ یەمی وەک شەڕێکی ئایدۆلۆژی و باوەریی کە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی شکستی پێ هێنرا نەهەر بەتەنها هێزە رەشەکانی کۆنەپەرست و شادۆست و کڵێشە ئەو شکستەیان پێ هێنا بەڵکو بەشێ لە شۆڕشگێرەکان خۆیان (کەم و زۆر) – هەر لە کۆمۆنیستەکانەوە تا ئەنارشیست و چەپ ڕەوە هەرزەکان – رێ یان بۆ ئەو شکستە خۆشکردو فرسەتی بەلاشیان دایە دەست دوژمنەکانیان و بەدەستی خۆیان ماڵی خۆیان وێران کرد .... کە پاشان هەموویان تێکڕا هەقی ئەو گێلیەتی و نەزانی و هەرزەییان دا .شەڕی نێو خۆی ئیسپانیا هەر یەک لەو سێ شتە بوو لە هەمان کاتیش دا هەر سیانیان بوو .

## شۆڕشی چەواشە یا یاخیبونی فاشیست

یاخیبونی فاشیست بە کوشتنی ئەو نوێنەرە کۆنە پەرستە گەشتە قۆناغی تەقینەوە لە ٧ی تەموزی ١٩٣٦ دا سەربازگەیەکی ئیسپانی لە مەڕاکیش ئالأی یاخی بوونی بەڕوی حکومەتدا بەرز کردەوە و ژەنەرال (فرانکۆ) لە (کاناری) یەوە خۆی گەیاندە یاخی بووەکان و فەرماندەیی یاخی بووەکانی گرتە دەست چەند ڕۆژێ دواتر هەندێ لە ژەنڕاڵەکانی پایەتەخت چەکیان گرتە دەست و لە ماوەیەکی کەمدا یاخی بووەکان ناوچەکانی خوراو و خوراوای ئیسپانیا یان گرت – کە دوو دواکەوتووترین ناوچەی ئیسپانیا بوون – لە کۆتایی مانگی تەموزدا لە شاری بورگوس لە سەروی ئیسپانیا کۆمیتەی یاخی بووەکان کۆبونەوە وەژەنڕاڵ فرانکویان بەرابەر و فەرماندەی هێزەکانیان هەڵبژارد فرانکۆ چ کارە بوو وەک دەڵێن قەدەر فلرانکۆی بۆ ئەو کارە هەڵخلاند چونکە ژەنەراڵێکی بە نیوبانگ تر بەرچاو گیرابوو کە ببێتە رابەری یاخی بوونە رەشەکە بەڵام پێش کۆبونەوەی کۆمیتەی یاخی یەکان ئەو ژەنەراڵە فرۆکەکەی دەکەوێتە خوارێ ودەسوتێ ئەوسا ژەنەراڵ فرانکۆ لەبەر ئەوەی فەرماندەی یاخیبوەکانی مەراکش بوو و ژەنەرالێکی بەزیبک و زیرەک و چالاک بوو بۆ رابەری یاخی بوەکان بەرچاو گیرا ، فرانکۆ گردە پیاوێکی لاوازی بزوربوو هیچ بیروباوەرو ئایدۆلۆژیەتێکی نەبوو ئەسڵەن لە ئایدۆلۆژ یەت و مایدۆلۆژیەت نەدەگەیشت عەسکەرێکی مەسلەکی و ووشک و کاپو لیکێکی دەمارگیر بوو هەرچەندە گروپە فاشیستەکانی ئیسپانیا کە بەناوی (فەلانش تیپ )ەکانەوە لایەنگر وسەر بەو بوون بەڵام لایەنگیریان لە نێو جەماوەردا نەبوو و دەسە ڵاتیشیان ئەوەندە نەبوو هەر ئەوەندە بوو زمان درێژ وبێ عارو توندرەو بوون هێزی بنەڕەتی کاریگەر بەدەستی موڵکدارە گەورە و سەرمایە دارەکان ولایەنگرانی دەمرگیری کڵێشەوە بوو کە ئەمانە پاڵپشت و یاری بوون لەشەڕەکەشدا هیتلەر ومۆسۆلینی بوون کە بە زەلام و چەک وکۆمەک و هێزی کراس قاوەیی یەکانی هیتلەر وکراس رەشەکانی مۆسۆلینی و هێزی هەوایی وچەکی قورسیان فرانکۆیان راگرتبوو وسەرکەوتنیان بۆ بەدەست هێنا ، لە راستیدا هیتلەر ومۆسۆلینی لە شەڕەکەدا سەرکەوتن نەک شادۆست وفرانکۆ سوپاکەیان .

## شەڕەکە :-

لە مانگی تشرینی دووەمدا بەشێکی زۆری سوپای ئیسپانیا دایانە پاڵ فرانکۆو شەڕەکە گەرم بوو وگەماروی مەدریدیان دا ئەو کاتە حکومەت مەڵبەندی حوکمیان لە مەدریدەوە بردە شاری (ڤالانس) لە کەناری خۆرهەڵاتی ئیسپانیا بەڵام هێزی جەمهوری خوایان لە

مەدریدا بەرگریەکی ئازایانەیان لە خۆکرد وهێزە گەمارودەرەکەی فرانکۆیان شکست پێهێنا شاری بەرشەلۆنە یەک لە قەڵاکانی مقاوەمەتی جەمهوری بوو هەروەها هەرێمەکانی ئۆسکادیش هەرچەندە لە ناوچەکانی جەمهوری خواکانیش دابرا بوو، دایانە پاڵ هێزەکانی جەمهوری و جەمهوریەتی میللی ئۆسکادیان لە ٧ ی ئوکتۆبەری ١٩٣٦ دا پێکهێنا و شان بە شانی حکومەتەکەی ڤالانس دژی فرانکۆ هێزەکانی فاشیست وەستا نەوە هێزەکانی جەمهوریەت بەگشتی لە حاڵەتی دیفاعیدا بوون و ناوچەیەکی سێ گۆشەی مەدرید ڤالانس بەرشەلۆنەیان بەدەست بوو ، بام ئەم ناوچانە لە ناوچەی فاشیستەکان بەر تەسک تر بووبێ بەڵام ناوچەی پشەسازی وگرنگی ئیسپانیا بوون. هێزەکانی جەمهوریەت لە چەندین دەستە پێکهاتبوون کە ئەو هەماهەنگی یە یەک پارچەیی ویەک رابەرییەی هێزەکانی فرانکۆیان نەبوو پاشانیش کە شەڕ گەرم بوو وحکومەت بریاری چەکدارکردنی کرێکارانی دا کۆنترولی حکومەت لە دەستی هێمن کارو ناوەراست رەوەکان دەرچوو و لە سەرەتای ئەیلولدا (لارگوکابالرو ) بووە سەرەک وەزیران بەمەش دەسەت کەوتە دەست ئەو باڵەی کە لە هەموو باڵی چەپرەوانی شۆرشگێر وزۆر لەبەریەک ترازاو پەرت بەرت بوون ودانویان پێکەوە نەدەکولا ئەوان پێکهاتبوون لە (شۆسیالیستەکان ، کۆمونیستەتروتسکیەکان ، حیزبلی کرێکارانی یەکێتی مارکسیستەکان ، ئەنارشیستە سانديكاليەكان ) کە ئەم ئەنارشیستە سانديكاليانە لە هەمويان بەهێز ترو بەجۆش تر بوون وجڵەویان هەر نەدەگیرا ئەمانە بەتایبەتی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیداری کاتالۆنی بە هیز بوون و گیانی کاتا لۆنیەتیان چتر تاوپێ ئەسەندو شاری بەرشەلۆنەیان کردبوو کوانوی ئاگری شۆڕشگێری بگرن وهەر نەبێ لە بەشێ لە ئیسپانیا دا جەمهوریەت بپارێزن ئەو کاتە شەڕەکە کەمێ نیشتەوە و پێنەدەچوو بتوانن جەمهوریەت زیندە بە چاڵ بکەن بگرە وابەدیار بوو کە شانسی جەمهوریەتیش لە هەڵسانەوە بێت... تا دەستی دەرەکی تێکەوت و هێزەکانی مۆسۆلینی وهیتلەر هاتنە مەیدانەوەئەوسا هەموو شتێ گۆڕرا وشەر سیمایەکی تری بەخۆیەوە گرت تیوەربوونی دەرەکی : هەر لە سەرەتای شەڕەکەوە هەردوو دەوڵەتە فاشیستەکەی ئەڵەمانیا و ئیتالیا رەپ وراست پشتگیری و پشتیوانیان لە یاخی بووەکان دەکرد و کۆمەکیشیان پێدەکردن ، حکومەتی (لیون بلوم ) ی سۆسیالیستی تازەی فەرەنساش لایەنگیری لە حکومەتی جەمهوریو بەرەی یەکگرتوو دەکرد بەڵام پشتگیری و پشتیوانیەکەی هیتلەر و مۆسۆلینی فراوان و کاریگەر و بەربلاو بوو و ئەوەکەی فەرەنسا هەر بەدەم بوو کەم کەمە یەنەبێ کە هەندێ کۆمەک وکەرەسەی شەڕی بۆ دەناردن.

ئیتالیا و ئەڵمانیا پشتیوانی و هەتا بەشداری راستەوخۆ شیان بەباری فرانکۆ ودژی بەرەی یەکگرتوو نەدەشاردەوە مۆسۆلینی لە ژێر ناوی (متگوع – داوا تەلەب ) دا سەربازە نیزامیەکانی خۆی دەناردە کۆمەکی یاخی بووەکان وهیتلەر تەیارە و تانک وزرێ پۆش وهەمووکەرەسەیەکی شەڕی پێدەدان و شەرکەروکارشناس وپسپۆری عەسکەری بۆ دەناردن بەرانبەر هەموو ئەو کۆمەکە بەربلاوی فاشیست بەرەی دەوڵەتانی بەناو دیمۆکراتی خۆرئاوا و بەرەی سۆسیالیست (تەنها یەکێتی سۆڤیەت) مەمرە و مەژیشیان نەدەدا بەبەرەی یەکگرتوو ، ئینگلیز حکومەتەکەی موحافەزەکار بوو وزۆر چارەی چەپەکانی ئیسپانیا یان نەدەویست ورارابوون لەوەی کە کۆمەکی جدی یان پێبکەن هەر بەدەم هات وهاواری بوو و زیاتریش بۆ رێگری لە کەشتی یە بازرگانیەکان دەگریا کە کاروانی کەشتی یەکانی خۆی خستبووە مەترسی یەوە وزیانی لە پارەدارەکانی خۆی دەدا بۆیە کەلە ئەیلولی ١٩٣٧ دا وولاتانی هاوبەرژەوەند بەهەولی ئینگلستان لە شاری (لیۆن) ی سویسری کۆبونەوە و بریاری یەکخستنی گەشتی یەکانیان لە دەریای سپی نێوەراست دا دەم ودەست چەتەیی دەریا وەستابەلام گفتوگۆی لەمەر وەستانی دەست تێوەردان و راگرتنی ناردنی (متطوع) بۆ ئیسپانیا بە هیچ سەرەنجامێ نەگەیشت و مۆسۆلینی نەهاتە ژێر بار چونکە دەیزانی ئینگلستان و دەوڵەتانی تریش ئەوەندەی لەسەر بەرژەوەندی خۆیان بەدەنگ دێن ئەوەندە گوێ بە جەمهوریەت و بەرەی یەلگرتوو وشەرعیەت نادەن لە ئیسپانیا دا ، فەرەنسیەکانیش بە بەهانەی دەستە پاچەیی وناجدی یەتی ئینگلستان خۆیان لە کۆمەک پێکردنی جەمهوریەت دەدزی یەوە جگە لەمەش هەزارو هەلایەکی زور لە فەرەنسا دا لەسەر پێویستی و ناپێویستی ی کۆمەک بە جەمهوریەت هەڵسابوو و موحافەزەکار ودەستە ڕاست وکۆنەپەرست و سەرمایە دارەکانی فەرەنسا لە ترسی سەرکەوتنی جەمهوریەت و تەنینەوەی تاوی شۆرشگێری و بەهێز بوونی بەرەی پێشکەوتوو لە فەرەنسا دا کەوتبوونە خۆیان ودەست و پێ ی حکومەتی (بلوم ) یان بەستبوو و(بلوم) خۆشی ئەو جورئەتەی نەبوو کە پشتیوانی کاریگەر وجدی لە بەرەی یەکگرتووی هاوبیر وهاومەسلەکی لە ئیسپانیا دا بکات بەمە زیانێکی گەورەی لە (بەرەی یەکگرتوو) ی فەرەنسا خۆشی داو پاشان لە حوزەیرانی ١٩٣٧ کە سەرەک وەزیری خراحکومەتەچێنشینەکەی تەواو بشتی لە جەمهوریەتی ئیسپانیا کرد. دوا بن بنچکێ کە بەدەستی ئیسپانیا مابوبێتەوە ((یەکێتی سۆڤیەت)) بوو هەرچەندە ئەو کۆمەکە بێ سەریەشەو مەلامەتیش نەبوو دووریی ((یەکێتی سۆڤیەت )) لە مەیدانی

شەڕەکە و بێ بەندو باوی وهەڕەج ومەڕەجی ((بەرەی یەکگرتوو)) کە هەمە چیزە وهەمە تیرەی تێدا بوو و سۆڤیەت حەزی بەزۆریان نەدەکرد (بەتایبەتی کۆمۆنیستە تروتسکیەکان )) بۆ خۆیان کۆسپ بوون لە پێش جەمهوریەت و سۆڤێتیشدا لەگەڵ ئەمانەشدا سۆڤیەت تەنها سەربازی رەسمی خۆی بۆ نەناردن ئەگینا هەموو کەرەسەیەکی شەڕ هەر لە چەک و تفاق وزرێ پۆشەوەتا راویژی (مشاور) ی نیزامی و مامۆستا وتەعلیمدادەری فرۆکە و شۆفێری زرێ پۆش وکۆمیسەری سیاسی بۆ ناردن کە ئەم کۆمیسەرە سیاسیانە ئەرکی مەشق پێدادان و ڕێکخستن و ئاراستەی دەستە (بریگاد)ە نێو نەتەوایەتیەکانیان لە ئەستۆ گرتبوو ئەمانە لە تەشرینی دووەمی ١٩٣٦ ەوە کاتێ یاخی بووەکان پەلاماری مەدریدیان دا هاتنە کایەوە. دەستە نێو نەتەوایەتیەکان بریتیبون لەو پێشکەوتووخوازو دیمۆکراتی و سۆسیالیستی و ئایدیالیستانەی فەڕەنسا و ئینگلتەرا وئەمەریکا وهەتا ئەڵمانیا و ئیتالیا وزۆر لە وڵاتە ئەوروپییەکان کەبەشی هەرە زۆریان رۆشنبیر وهونەر مەند وشاعیر و پرۆفیسور و ئەهلی فیکری ودیموکراتیک وچەپ وچەپ مەشرەب بوون ئەمانە سەرەتاکانیان کۆمۆنیستی ملتزم بوون بەڵام پاشان بە تەئسیری ئەو کۆمیسیرە سیاسیانە زۆریان هۆگری ئەو بیرە بوون ... هەر بەڕاستیش ئەو (متگوع- داواتەلەب )انە خۆنەویست و بەگیانی ئینسانی و مرۆڤ دۆستی ئینتەر ناسیۆنالیستانەی پاکو خاوێنە وە هاتبوون بە هانای جەمهوریەت و دیموکراتیکەوە لە ئیسپانیا و چەندین شانۆی قارەمانێتی و گیانبازیان تۆمار کردووە وئەو برادەری و هاوسەنگەریەی ئەو رۆشنبیرانە دەورێکیگەورەی هەبووە لە پەیدابوونی بەرەیەکی بەرفراوانی فیکری و ڕۆشنبیری پێشکەوتووخواز و دیمۆکراتیک ئەمانە لە هەموو روویەکەوە لەو سەربازانەی ئیتالی فاشیستی کەلەژێر ناوی (متطوع - داوا تەلەب ) ەوە هاتبوون بۆ هاوکاری فرانکۆ جیاواز بوون.

بەم جۆرە تا دەهات شەڕەکە سیمای جەنگێکی نێو نەتەوایەتی بەخۆوە دەگرت کە بەرەیەکیان (مۆسۆلینی و هێزەکۆنەپەرسنە کانی ئیسپانیا و ئیتالیای فاشی وئەلمانیای نازی ) و بەرەیەکی دیان (جەمهوری خواز وبەرەی یەکگرتووی ئیسپانیا ودەسنەداواتەڵەبە نێونەتەوایەتیەکان و سۆڤیەتیەکان ) بوون. هەرچەندە ستالین نەیدەویست کار بگەیەنێتە شوێنێکی زۆر باریک وهەتا توانی والە حکومەتی ئازانا بکات کە بەری توندرەوە چەپەکان بگرێ وکەمێ لە تەوژمی سۆسیالیزم کردنی سەرتاسەری بگرێ (بەتایبەتی لە کاتالۆنیا دا) کە بە تەئسیری سانديکالە

ئەنارشیستەکان هەموو شتێکی گرتبووە تالەناوەخت دالەو کاتە ناسکەدا بۆرژوازیەتی ئیسپانیا نەوروژێنن ونەدەنە پاڵ فرانکۆ.. هەر لەم بوارەدا پێش لێشاوی کۆمەکی سۆڤیەت وتێرژانی کۆمیسیەرەکانی سۆڤیەت ، حیزبی شیوعی ئیسپانی زۆر لاواز بوون بەڵام دوای ئەو گۆڕانە تا دەهات دەسەڵات و نفوزیان زیادی دەکرد ولەو (مد) ەدا خەڵکانێکی زۆر هەلپەرست و وردە بورژوای خۆپەسەند وهەتا هەندێ لە بۆرژواگەورە و بەدەسەڵاتەکانیان تێکەوت . تا دەهات وەزعەکە ئاڵۆزتر دەبوو کار گەیشتە شوێنی کاتێک کەوتنە ئەوەی کە هێزە پەڕاگەندە وبێ ئینزباتەکانی هێزە شۆڕشگێڕ وسەندیکالیستەکان کە هەموو کرێکارانی بێ تەجرەبە بوون بخەنە ژێر بارو چەکیان کەن. تێکهەڵچوون لە نێوان سوپای جەمهوری (کە زۆربەیان سەر بە کۆمۆنیستەکان بوون وبەدەستی سۆڤیتیەکان مەشق دادرابوون ) وئەو هێزانەدا تاوی سەند تالە سەرەتای مانگی مایسی ١٩٣٧ داسی رۆژان لە کوچەوکۆلانەکانی شاری بارشەلۆنەدا کەوتنە گیانی یەکتری و پاش هەفتەیەک هاوسەنگەرانی دوێنێ سەرەک وەزیران (لارگوکابالرو) یان لادا و (خوان نگرو) بووە سەرەک وەزیران وحیزبی کارگەری یەکگرتوی مارکسیستی هەڵوەشاندەوە ورابەرانی زیندان کران و نوێنەرانی ئەنارشیستە سەندیکالیستەکانیش لە حکومەت بەدەرنران بەم لێک ترازانە (بەرەی یەکگرتوو) بەتەواوی کەلێنی تێ کەوت وخەڵکە دڵ گەرم وهیواکانی بەرگەی هەموو شتێکیان گرتبوو نائومێد وبێ بڕوابوونو ریزەکانی ریزە پێشکەوتووە کان بەتەواوی کەوتە داتەپین کە ئیتر هیوایەکی وا نەمابوو بۆ خۆڕاگرتن و بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی فاشیست کە سۆڤێت بینی فەرەنسا ودەوڵەتە بەناو دیموکراتیەکانی خۆرئاواهیچ نابزوون (هەتا لە دڵیشەوە حەز بەشکستی جەمهوریەت دەکەن ) وئەو سیاسەتە نەرم وهێمنەی ستالین سەرەنجامێکی نەبوو وکاری نەکردە سەر دەوڵەتانی ئەوروپا.. لەو سەریشەوە تادەهات خەتەری نازیەت گەورەتر وقەبەتر دەبوو دەوڵەتانی ئەورووپی (بەتایبەتی ئینگلتەرای چەمپەرلین و فەرەنسا ) ئامادە نەبوون لە ئەوروپا پەیمان وکاری جدی بکەن بۆ بەر گرتن بە خەتەری هیتلەر وترسی ئەوەیان لێ نیشت کە نەبادا ئەم مەسەلەیە بگاتە شوێنێ هێزەکانی ئەڵمانیا بچێ بەگژ سوڤیەتدا و ئەوسا ئەوروپا بەبەردی دوونیشان بپێکن. لە مانگی مایسی ١٩٣٨ دا سۆڤیەت عەزمی جەزم کرد کە ئەویش دەست لە جەمهوریەتی ئیسپانیا بەرداو و هەموو کۆمەکێکی لێ ببرێ وبیداتە دەست قەدەری چارەنووسی خۆی. ئەوسا دیار بوو کە کاری جەمهوریەت یەکسەرە بووە فرانکۆ بەسەر هەڵدا بازی نەدا ولە کانونی یەکەمی

١٩٣٨ دا هێرشە گەورەکەی خۆی بردە سەر کاتالونی لە کانونی دووەمدا بارشلونە کەوتە دەست هێزە فاشیست ومەدرید و ڤالانس تا کۆتایی مارت خۆی راگرتبوو ئویش شکستی هێناو هەزاران سەرباز و پەنابەری جەمهوری پەنایان بردە بەر فەرەنسا وبەو جۆرە فرانکۆ سەرکەوت ودەوڵەتە ئەوروپییەکان بە رەسمی دانیان نا بە حکومەتەکەیدا. گەڕانەوە سەر باسک شکستی جەمهوریەتی ئیسپانی کە شکستی جەمهوری سەربەخۆی (باسک) یشی بە دوادا هات وهەر لە بیلباودا پەنجا هەزار باسکیان کوشت ودووسەد هەزاری تر هەڵاتن بۆ ئوسکادی سەروو (ئوسکادیی بەشی فەرەنسا ) ئەمە بووە هۆی هاژاندن و راپەرینی ویژدانی باسکەکانی سەروو ، بزووتنەوەیەکی بە تەوژمی نەتەوەیی پەیدا بوو لە ساڵی ١٩٥٦ دا رێکخراوی (ئیتا E.T.A ) لە پارتی نەتەوەیی ئۆسکادی جیابوونەوە ودواجاریش خۆیان بوونە دوو باڵ (ETA–V–) و (ETA–VI–) کە ئەوەی دوایی یان مارکسیستی تینینی یە ئەم رێکخلراوە رێکخراوێکی عەسکەری یەو ناوی (ئازادیی ئۆسکادی )یە. رێکخراوی ئیتا دەورێکی گەورە وکاریگەری لە بەرەنگاربوونەوەی رژێمی فرانکۆدا بینیوە و دەتوانین بڵێین کە ئەمانە بەرچاو ترین و کاریگەرترین بەرهەڵستکاری دژ بە فرانکۆ بوون و هەر ئەمانەبوون بە دریژایی ئەوچل ساڵ حوکمەی فرانکۆ بە جدی و عملی بەرەنگاری ئەو رژێمە ببونەوە ئەم رێکخراوە سەدان (عملیاتی )عەسکەری گەورە ودەیان (اغتیالات) یان کردوە کە گەورەترینیان کوشتنی یارو یاوەری نێزیکی فرانکۆ (بلانکۆی ) سەرەک وەزیران بوو چالاکیەکانی ئیتا گیانی مقاوەمەت و بەگژاچوونەوەی لە نێودڵی میللەتی نەبەردی باسک دا تا دەهات تاوپێ دەسەند لە فەرەنسا دا بەتایبەتیلە دوای ساڵی ١٩٦٠ ەوە دەیان رێکخراو وکۆر وکۆمەڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری لە نێو باسکەکانی فەرەنسادا سەری هەڵداوە و چالاکی سیاسی ورۆشنبیری وفیکری گەورە و بەربلاویان هەبووە ودەوری گەورەیان گێراوە لە تین پێ سەندنی گیانی سەربەخۆخوازی ونەتەوەپەروەری گەلی باسک ونەکوژانەوەی کوانووی نەتەوایەتیان لە دەریای بێ رەحم و بەرژەوەند پەرست ودژ بە گەلی ئەوروپا دا. قۆناغی سەردەم :–فرانکۆ لەساڵی ١٩٧٥ دا گۆڕ بەگۆڕ بوو ( لە بیرمان بێت کە ێدام ئەو رۆژە بە پەرۆش ونیگەرانیەوە باسی لە فرانکۆ کرد وسەرەخۆشی لە خۆی و هاوفکرەکانی کرد و بەهۆی ئەو خەسارەتە گەورەیەو بە (فارس من الفرسان العالم ناوی برد ) بەمردنی فرانکۆ گەلی ئیسپانیا بەگشتی وباسکی قارەمان بە تایبەتی بەردێ لەسەرسنگیان لاچوو وبەرە بەرە تا دەهات (جو) ێکی نیوە دیموکراتی دەهاتە

پێش... تا لەساڵی ١٩٨٢ دا سۆسیال دیمۆکراتی ئیسپانی حوکمیان گرتە دەست بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی کە باسکەکان بە ئاواتەدێرین ورەواکەی سەر بەخۆیی خۆیان بگەن... چەند هەوڵ و پڕۆژەیەکی شەپرێوی حوکمی زاتی ترۆلە خراوەتە بەردەستیان بەڵام دیارە کە حوکمی زاتی دەرمانی دەردی هیچ میللەتێ ناکات و ئەوە حوکمی زاتی نەبووە و نی یە کە گەلی ئۆسکادی خەباتیان بۆ کردووە هەر چەندە چەندین حیزب و ڕێکخراوی سیاسی جیا جیا لە ئۆسکادی دا هەن ولەسەر شێوە وجۆری خەبات کۆک و ڕێکەوتوو نین بەڵام هەر هەموویان لە یەک خاڵدا یەک دەگرنەوە و لەسەری (متفقن) ئەویش ئازادی و سەربەخۆیی تەواو و یەکجاریی ئۆسکادی یە. پارتی نەتەوەیی ئۆسکادی (کە گەورەترین حیزب و ڕێک و پێک ترینیانە ) لە هەڵبژاردنی ٢٦ ی شوباتی ١٩٨٤ دا ٤٢٪ ی دەنگی هێنا بوو ئەم حیزبە داوای (جێ بەجێ کردنی چارەنووس ) ویەکگرتنەوەیووڵاتی باسک و سەربەخۆیی دەکات بەڵام ئیتا ڕێکخراوەیەکی عەسکەریی یەو باوەرشی بە زەبرو زەنگە ، باڵە سیاسیەکەی کە بەناوی (هیزی باتاسونا) ١٤،٦٤٪ ی دەنگەکانی بەدەست هێنا ، وئۆسکادیکو ئەسکیرا (ڕێکخراوێکی نەتەوەیی چەپە) ٧،٩٧ ٪ ی هێنابوو شیوعیەکان وچەپەکانی تر بەهەموویان ٢٪ دەنگەکانیان بەدەست هێنابوو ، حیزبی سۆسیالیستی باسکی (کە هاوبیری سۆسیالیست دیموکراتی ئیسپانیەکانی سەر حوکمن ) ٢٣٪ دەنگەکانیان هێنا بوو هەرچەندە ئەم حیزبە دۆست وهاوبیری حیزبی دەسەڵاتداران بەڵام قەواعیدیان هەموو سەربەخۆ خوازن.

مەخلەس جەماوەری باسک و هەموو ڕێکخراوەکانیشیان سەربەخۆخوازن وباوەڕیان بە یەکگرتنەوەو سەربەخۆیی تەواوی باسک هەیە ، هەرچەندەئیمڕۆ سۆسیال دیموکراتەکانی ئیسپانیا و فەرەنسی (کە هەردوویان لە حوکومدان ) کلکیان تێک ئاڵانەوە و پیلانی دژایەتی خەباتی رەواو سەربەخۆیی باسک دەگێرن ولە ژێر پەردەی دژایەتی زەبروزەنگ و(ترور) ەوە چەند دەستێک یان لە خەباتگێڕانی باسکی وەشاندووە بە تایبەتی لە ڕێکخراوی ئیتا... بەڵام بیانەوێ ونەیانەوێ گەلی باسک هەر دەبێ بە ئاوات و ئامانجی رەوای خۆی بگا و ئۆسکادیی داگیرکراو ودابەشکراو یەک بگرێتەوە و سەربەحۆبێت . ئێمەی کورد ئەو پەڕی هاودەردی هاودڵی خۆمان بۆ ئەو گەلە قارەمانەدەردەبڕین... دڵنیاشین دەبێت رۆژێک بێت ئۆسکادیی وکوردستانی سەربەخۆ و ئازاد وەک چقڵ بچەقێتە چاوی داگیرکەران و دوژمنانی.

# پەڕێزی ئازاد

**بەرەو شار**

ئیمڕۆ زۆر ساز و بەزەوقە ئێوارە بە مەفرەزە دەچێتە ناو شارەوە، ئای چەند خۆشە ، خوا حەزکا انشاءالله دەست کەوتی باشیان دەبێ ، ئەوا عەسرە کاتی ئەوە هاتووە هێدی هێدی بچنە کۆڵێ گۆیژە، بەڕێ کەوتن هەر حەوتیان بانگی کرد مەودا/ مەسافە وەرگرن.ئاخ گۆیژە چەند سەختەی ئارەقی شین و مۆری کردەوە، خۆزگە تەختانی دەبوو لە جیاتی ئەم شاخە سەختە. نە نا بەخوا ئەوجا نەمان دەتوانی پێیدا بڕۆین، لەگەڵ دوا گزنگدا گەیشتنە سەر گۆیژە.. دانشتن بە دووربینەکەی سەیری ڕێگا و شارەکەی کرد. ئۆخەی ئەم جارەش بە دیدەنتساد بوومەوە، بەڕاستی دیمەنێکی دڵ فڕێن بوو ئەم گلۆپە زەرد و سسورە، ئاە چەند خۆشە لە بەرزایەوە تەماشای شار بکەی بەتایبەتی بەەەو چەند دیمەنێکی سەیر و ئەفسانلاویە.

شۆڕ بوونەوە.. ئەوا گەیشتنە شەست مەتری یەکە لە پێشەوە ڕۆیشت هیچی لێ نی یە.. تێ پەرین ئەوا گەیشتنە سی مەترییەکە ئەمیش هیچی لێ نی یە. لە چاونوقانێکا خڕبوونەوە، ووتی: دەبێ زۆر ووریا بین چونکە بۆسە/کەمین هەیە. یەکسەر مەسافە وەرگیرایەوە دەچن بۆ ئەو سیخوڕە زۆر پیسەی کە ببووە سەگی هار و کەوتبۆ گیانی ئەو خەڵکەوە زۆر ماندوو و برسی بوو. کچۆڵەیەکی قشتیلەی جوانی چاو کرد..

+ دادیلە قومێ ئاومان نادەنێ؟!.

+ بەپەلە خۆی کرد بە ژووریَ دا، زۆری پێ نەچوو.. خەریک بوو ڕوو بکاتە دەرگاتەکی تر، دەنگێکی ناسک گێڕایەوە.

+ کاکەگیان فەرموون ... بن دەستێ بابۆڵەی لەسەر سینیەک بۆ درێژکردن..

+ ئەو زەحمەتەی نەدەویست باوکەکەم.

بەڕاستیشی نەبوو، لەخوای دەویست خەریک بوو لە برسانا دڵی زەعفی دەکرد. دەستی بۆ بابۆڵەکە درێژ کرد و ڤانگی کرد لە هاوبیرەکانی:

+ کوڕینە وەرن بخۆن ماڵی کوردە. پەرداخێکی نا بەسەریەوە و پارووەکەی هەر بەدەمەوە بوو خۆی گەیابدە سوچی کۆلانەکە.

+ هاتن.. باشە ووریا بن وا نیزیک بوینەتەوە. دیاری و ڕزگار بچنە ئەو سەر کۆلانە، ویا و فەرهاد بجنە ئەو سەر کۆلانەی تر، دڵساد و دارا سەرکەون لەسەر ڤابەکەوە بچنە خوارەوە دەرگا بکەنەوە منیش دێمە ژوورەوە، بە هەردوکیان دڵشادیان بەرزکردەوە ئینجا ئەویش دەستی ( دارا) ی گرت گەیشتنە سەر بانەکە یەکسەر دەست ڕێژێ کرا..

دیاری و ووریا بە ڕاکردن هاتن تۆ تەقە کە ئێمە ئەوان دەرباز دەکەین. دایانیان بە کۆڵا بەرەو گۆیژە، دوژمن بۆسەی بۆ دانان، بەهەرحاڵ بوو بە نەبەردی و پاڵەوانێتی لە بۆسە نەجاتیان بوو بریندارەکانیان هەر بە کۆڵەوەیە گەیشتنە خانووی غاباتەکە دانیشتن با هەر نەبێ برینەکانیان هەر بە جەمانە بپێچین خوێنیان زۆر ڕۆیشتووە ڕەنگیان زەرد بووە. دڵشاد ووتی: من ئەمرم..بەڵام هاوبیرەکانم ڕێگا و وێنەکەم بیر نەکەن توخوا ئەم وێنەیەشم بەنە خۆشەویستەکەم.

+ دارا لە زمان کەوتبوو کە تەماشات دەژرد، وەت ئەزانی پێ دەکەنێ چونکە ڕۆحی بە بەهەشت شاد بوو بوو.

کۆڕەک

## اليقين

خطواته اشبه بطائر يلتقط حباته على الارض. يتفحص الماره بحده عينيه البراققتين المائلتين الى الصفار. هكذا يبدو ( هيوا) الذى لم يبلغ الاربعه عشر ربيعا وهو يتقرب من المقهى المتتضه بالرواد.

قتلوا عائلتى، هدموا مبزلنا، حرمونى من المدرسه، ملأوا الينابيعجاسفلت ، قطعوا كل الاشجار.. هل بقى شيئا؟ ماذا ينووب عمله هؤلاه السفله هذه المره؟ سأجعل منهم أ أضحوكه..

السيارات العسكريه الملئيه بالأعداء والمرتزقه تذهب و تجيء و هى تشق الشارع العام الذى يتوسط القبضه.. الغبار المتصاعد على جانبى الشارع مع الدخان المنبعث من السيارات وهى ترتفعتؤلف اشكالا تشبه لعب الاطفال..

سأفاجئهم بما اجل فى قبضتى و حتى الرفاق سأفاجئهم. يظنون حمل السلاح لا يليق بى؟ سأنتقم لقريتى و وطنى و كرامتى.

بينما هو يتمتم مخاطبا نفسه على ما سيفعله بعد لحظات جائت سياره ( زيل) ثقيله الحركه. اتفت ( هيوا) بلهفه واخرج رمانته اليدويه من سرواله المرقع واندفع نجوها، ها قد اصبح فى المدى المؤثر . صاح وهو ىهم برمىها علىها بعد ان اسحب صمام أمانها..

هاصطدم صياحه بصرخه السائق الذى ترك المقود واخرج نصف جسده من الشباك( نا..... نەکەی منیش کوردم)..

صعقته كلمه ( منيش كوردم...) فتراخت اصابعه.

لحظات و اذا بدوى هائل يملأ لقصبه وأشلأء ( هيوا) يناثرت بين الشارع و المقهى....

**ئاری کاکەیی**

# خونچە پشکووتووەکان

ئەم گۆشەیە بۆ ئەو خونچانەیە کە لە سەنگەرەوە پشکووروون، بۆ هەست و نەستی پاک وگەرد لێ نەنیشتووی ئەو پێشمەرگانەیە هەر گیانیان هەیە و لەسەر دەستیان داناوە.. لە پێنووسی ئەوانەوە- با بە قەدەر ئەوەکەی حەساوە بوو و چقە دەرژردوەکانیش پان نەبن!- لە ئاواتی گەلەکەمان دەگەین. چمان بۆ بێ لە سرنگەرەوە لەگەر سەنگەرێکەوە وەکو خۆی بڵاوی دەکەینەوە. کێشمان لێ زیز / عاجز دەبێت با دەم بە دیجلەوە نێ...

**ئالا**

**چەکمان بۆ چی یە؟**

بێشک هەر نەتەوەیەکی ژێر دەستە کە زامی برینی ژێردەستەیی یان تەشەنەی کرد و کولایەوە بە دەستی داگیرکەر و ناحەزانی بەتەوەکەیان هەستی نەتەوایەتیان دەتەقێتەوە و هەست بە لێپرسراویان دەکەن بەرانبەر بە میللەتەکەیان ، کار دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە دەست بدەنە چەکی لەسەرخۆ کردبەوە و بەرگری کردن لە مافی ڕەوای گەلەکەیان و وەستاندنەوە دژی ناحەزان و دوژمنانی مرۆڤاتەتی، خەبات دەکەن بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوە و وەدەستهێنانی ئاشتی و یەکسانی نێوگەلان و گەیشتنیان بە ئەو بەتەوانەی کە ئازادیخواز و ئاشتیخواز و دژ بە هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکن لە دنیادا بۆ ڕزگارکردنی خۆیان دەنگ بگەیەنن بە هەموو سووچ و قوژبنێکیچسەر ئەم زەمینە، تا بتوانن سەربەخۆیی بەدەست بهێنن. بەهیوای رزگاربوونی جمیللەتان لە چەوساندنەوە و یەکگرتنی هێزە شۆڕشگێڕەکان و گۆڕانی ئەو پەیوەندی یە ئیستعماری یەی نەتەوەکەمانی لەو کیانە سیاسی یانەدا شەتەک داوە بۆ پەیوەندی یەکیچنێونەتەوایەتی دروست ڕەوا و یەکسان... بۆ دوا ڕۆژێکی بەفەڕ و گەش بۆ هەموو گەلانی ناوچەکە ودنیاش، ئێمەی پێشمەرگەی پاسۆک کەگەڵ هەموو هێزە شۆڕشگێڕ و دڵسۆزەکانی کوردستان چەک بە شان و گیان لەسەردەستین.

**مەلا یادگار**

# هەر جارەی بیریَ: مرۆڤ و پێشکەوتن

پێشکەوتن و پێشکەوتنخوازی یەکێکن لەو مەفهومانەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا و لەسەر دەست و بەردەمی خوێندەوری شلک دا، لە هەر شوێنێکی دنیا زیاتر! لەگرێژنە براوە و لنگەوقووچ بەکار براوە. دیارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نابەڵەدی ئەوانەی دێنن و تووتیەتی ئەوانەی دەیلێنەوە و بێ ئاگایی ئەوانەی سەری بۆ دەلەقێنن، ڕیشاڵی ئەمەش دەچێتەوە سەر هۆی دواکەوتوویی کۆمەڵ و هەژاریی فیکر و هەستی خۆبەکەمزانین و هەوڵی پڕکردنەوەی بە جۆرێکی وا لنگ ڕووت کردن بۆتە جۆرێ لە پێشکەوتوویی و خوانەناسین مەرجێکی پێشکەوتنخوازی!!.

نامۆبوون لە کۆمەڵگە و خۆپسان و دابڕان لە بوون و واقع و کەلەپووری/ توراثی میللی و لاسایی کوێرانە و ناشیانەی ئەم و ئەو بە نیشانە و خەسڵەتەکانی پێشکەوتوویی بێتە نێو حسێبەوە، قوڕ بەسەر ئەوەش لەگەڵ یەو ڕەوتە ناکەوێت و دەمی نارەزایی و قەبوڵ نەکردن هەڵێنێ.. توومەت و توانج و تانەی نابەجێ وەک بارانی پەڵە بەسەریدا دەبارێ!..

هەرچەندە ئەمە خەسارەتی گەورەیە و لەوانەشە دەرفەتی پێشکەوتنی راستەقینە لەبەر گەلەکەمان شا تەسک کاتەوە، ڤەلام بابهە و گەردەلوولی کەم تەمەن!.. با بزانین پێشکەوتنخوازی چی یە؟.

پێشکەوتنخوازی مەفهومێکی زانستانە و دیاریی خۆی هەیە، ئەویش - بە گشتی- هەڵوێستە لە واقعی کۆمەڵگەیەکی دیاری لەسەردەم و کاتێکی دیاری دا..

قەبوڵ نەکردن و ڕەتکردنەوەی بارێکی سەپاو و وەستاو و ناجۆری نا ئینسانی یە.. بڕوا و هەوڵە بۆ گەشەپێدانی واقعی کۆمەڵایەتی لە ڕێی چارەسەکردنی کێشە و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لە باروهەل و مەرجێکی دیاری دا.

کۆمەڵگە لە بزووتنەوەدایە، لە گەشە و فراژبوونی بەرەو پێش چوو و گەشەکردندایە، هەماهەنگی و تاودانی ئەو گەشەیە پێشکەوتنخوازی و ئەرکی پێشژەوتنخوازانەیە..

دەبێت سەرەتاش گۆڕان| تحول لە گەشەکردن/ تطور جیا بکەینەوە. گۆڕان کارێکی میکانیکی خۆبەخۆیە کە لە جیهانی/ عالەمی مادەدا ڕوو دەشات، بێ خستنە سەر و دابڕینە . واتە گۆڕان بریتی یە لە کردارێکی/ عەمەلیەتی گۆڕانی شێوە و

شێواز بێ ئەوەی لە جەوهەر و ناوەڕۆکدا هیچی بێتە سەر، ورک ئەوەی میقداری ئاو ببێتە هەڵم و پاشان ببێتەوە ئاو و ببێتە سەهۆڵ و و ببێتەوە ئاو و بچێتەوە دۆخی هەڵم ، هەتا هەزارجار و ملیۆن و هەتا هەتاشە ئەمە بێت و بچێت هیچی نایرتە سەر.

گەشەکردن( تطور) تەنها لە عالەمی مرۆڤدا ( کۆمەڵ و کۆمەڵگەدا) دەبێت. ئەوەش لە خۆڕا و بێ دەستکاری و دەست تێوەردانی مرۆڤ نابێت. گەشەکردن گۆڕانێکە کە شتێ دەچێتە سەر بووەکە و زیاد درکات، ئەو مقدارە زیادەش بەرهەمی دەست تێوەردانەکەی مرۆڤە( بەو شتانەشەوە کە خودی هەر مرۆڤەکە، دروستیان دەکات و پاشان وەک کەسەرە دەور دەبینن لەو گەشەیەدا)...

بۆیە( مرۆڤ تاکە هۆکاری ئەرێنی / عاملی ئیجابی یە لە گۆڕان و گەشەی کۆمەڵ و کۆمەڵگەدا)..

*****

## بۆچی؟!

**ووتیان :**
**بۆچی ی ئەبێ ئێوە ساڵ بە دوای ساڵ**
**هاوار بکەن: خۆزگەم بە پار!.**
**ووتم:**
**چونکە، هەتا ئێستا،**
**بلێسەکەی دێوە ڕەشە وەک خۆیەتی و**
**گەورەکانیش**
**پێیان ناخۆشە ئەم گوندە لێ قەوماوە**
**گەورە بێت و ببێتە شار..**

## ماڵاوا...
## ئێمە دۆعایەک دەکەین ئێوە بڵێن ئامین

ئێمە ئیدیعای ئەوە ناکەین هەنگمان لە کلۆرە داردا دۆزیوەتەوە خۆ بەوەوە بادەین ئەمە دۆزینەوەیەکی/ اکتشاف و داهێنانێکی/ اختراع سیاسی یە، زۆر بە سادە و ڕەوانی ئەو ڕاستیانەی بەچاوی کوێریشدا دەچەقن، خستۆتە پاڵ یەک و جورئەتی ئەوەمان خستۆتە بەر خۆمان کە ئەو تەلیسمی زمان گرتن( سەرکردن بەژێر لمەوە نەعامەسایی) یە بشکێنین.. بە جەماوەر و میللەتەکەی خۆمان بڵێین : عەشرەت، هۆ براگەل، ئەمە هاستی یەکانە، بەیان و بڵاوژراوە و ڕادیۆ/ ئیزاعە و کتیوکە و متیوکە حسیێبتان لێ تێک نەدات، ئەوە هەموو حەقیقەتە ڕووت و پاکراوەکانە.

هیچ مەبەستیشمان نەبووە ، خوسنەخواستە ، لە قەدر و حورمەت و شوێن و پایە و ڕێزی کەس کەم کەینەوە ، یا خوا نەکردە بە لاوازی و کۆست و حەمەرەی کەس خۆش بین، یا دڵمان بەهێز و بەخت و جەختی کەسیش خۆش بی.

حەزمان دەکرد ئەم وڵاتە شەریف بواتە و گورگ و مەڕ پێکەوە ئاوی بخواردایەتەوە، تا بەرخی ئێمەی کوردیش دوور لەچاوی بزی شەیتان و کەڵبەی دڕندەی گورگە هارە شوقینی و تەماع کارەکانی سەر خۆمان و وڵاتمان قومێ ئاوی ئەو دیجلە و فوراتەی بخواردایەتەوە کە خێر و بێری ئێمەیە و لە موڵک و مەفتەنی ئێمەوە هەڵدەقوڵێ وا ئەم عالەمەی لەسەر بەشەڕە کەچی نایەڵن بەرەحەتی فریکی لێ بدەین.. حەزیشمان دەکرد ئەم بابەتە/ مەوزوعە لەمە شل تری کەینەوە هەرچەندە خۆمان لە ئیزم و ئیستە گوێ قوتەکانی نێو کتێبان و پەند و وەعزی قەرار دراو لاداوە و ویستومانە بەو زمانە سادە پاراوە بدوێین کە مام هۆمەری ئالیاوە تێمان بگات. چونکە بیست و سێ ساڵە نانمان دەداتێ و ئێمەش هەر بەتەمای حوکمی زاتیمان کردووە کەچی هیچیشمان بۆ نەژردووە ویسرومانە پێی بڵێین مام هۆمەد ئێمە:

+ ئەگەر شەڕی خسڵکی تر نەیرنینە سەر وورگ سماڵی خۆمان.

+ ئەفەر ( نانی کونەماسی دەخوێن و پاسی جرتاوا) نەکەین.

+ ئەگەر کوڕی خۆمان نەکەینە قوربانی کچی خەڵکی.


+ ئەگەر– بەڵێ شەرممان نایەبڵێین– ئەگەر باران بوو جووتمان بگەڕێ و ئەگەر با بوو شەن بکەین.

+ ئەگەر لەسەر کوێخایەتی ئالیاوا وێران کراوەکە بەشەڕ نەیەین و وەک برا و کەس و کاری یەکترپێک بێین و بەس بێ و شووورەیمان بە خۆمان بێ.

+ ئەگەر عاقڵ بین مامەمان ئەوە بێ چۆلەکەمان بۆ بگرێ نەک قسەمان پێ بفرۆشێ!..

ئەگەر بۆ یەک سات بە ویژدانەوە بیر لە مەرگەساتی ئەم میللەتە بکەینەوە و دەست لە فومڕایی و زات کوێری و زاتیەتی خۆمان بێنین.. بەسەری مام هۆمەر و بە نمەکی هەر پیرەژنە کوردی کە هەمووانمان بەوەوە پیاوین، دەتوانین ئەم میللەتە لەو ئاشە بەتەنوورەیە ڕزگار کەین. ئای چ فرسەت و هەل و دەرفەتێکە ، خوایە ئەوە ڕیسوای ئەم دنیا و ئەوە دنیا کەیت کە بیری لێ ناکاتەوە و بە دڵسۆزیەوە بە پیریەوە ناچێ و لەدەستی دەدات...

امین یا أرحم الراحمین




# پێش ئەوەی هەر شتێ بین دەبێ کورد بین
# کوردستانێکی ئازاد... گەلێکی یەکسان

**ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی پاسۆک**

**چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە....**

**ژمارە ٣٢ تەمووزی ١٩٨٥**

## بابەت سەرەباس

سەروتار لەیادی ١٤ ی گەلاوێژدا ٣
ڕازێکی کوردانە ولاتچێتی داگیرکەران بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە زیندە خەوی باوکێ
مشتەی ناوهەمانە... پرسیار و وەڵام
قوتابخانەی پاسۆک فاشیزم
پەریزی ئازاد شۆڕشگێڕ « پشکۆ» ٢- بۆ حیزبە کوردستانییەکان
«کۆڕەک »- لە هەر خەسارێ عەقڵێ « کۆڕەک»
پێنووسی قنجماینی دوو گیان « هێرش»
خونچە پشکووتووەکان گۆپتەپە و گەرەوان « زەردەشت»
هەر جارەی بێرێ دەبێ
ماڵاوا ... دەردەکورد دەرمانی کوردیی گەرەکە

# سەرووتار

**لە یادی چواردەی گەلاوێژدا**

لەم مانگەدا یادی ٢٧ ساڵەی شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ ی عێراق دەکرێتەوە. کودەتایەکی عەسکەرییکە لە یەکەم ڕۆژییەوە سیمای شۆڕشێکی دیموکراتیکی بەخۆیەوە گرت... تا یەک دوو ساڵی یەکەمی پاش شۆڕشەکەش باش هات. لەسەر ئاستی ناوچەکە عێراق لە پەیمانی سەنتۆی نێوبانگ زڕاوی کۆلۆنیالیستی هاتە دەرێ و سیاسەتێکی عەرەبی و نێودەوڵەتی پێشکەوتووانەی گرتە بەر.

ئازادییە دیموکراتییەکانی ( بەیان) و ( ڕێکخراو) و( یەکێتی سەندیکایی و پیشەیی سینفییەکان و حیزب و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان بە جۆرێکی پێشکەوتوو بۆ هەموو گەلی عێراق ڕەخسێندران و هەنگاوی سەرەتایی چاک لە بواری چاکسازی کشتوکاڵ) و (نەوت) و کانەکان و پیشەسازی مافی چینە زەحمەتکێشەکانی جەماوەردا نرا و لە ئاستی گەلی کورد و کوردستان دا بڕیارێکی باش لە مافی ڕۆشنبیریی و ئازادیی بڵاوکراوە و ڕێکخراوە کوردستانی و خوێندن و بیروڕا دەربڕین و خۆڕێکخستن و مۆڵەتی پارتی و گێڕانەوەی بارزانی و ئاوارەکان و داڵدەی پەنابەرە کوردەکانی پارچەکانی دیکە و زۆر شتی دیکەی دابین کران کە لە هەمووان گرنگتریان داننان بوو بە هاوبەشێتی/ شراکة کورد و عەرەب لە عێراق دا.

ئەوەی چاوەڕوان دەکرا و ئەرکی سەر ئەستۆ و بەردەمی هەموو هێزە دیموکراتی و پێشکەوتووەکانی عێراقی و کوردستان بوو کە لە دەوری شۆڕشەکە خڕبنەوە و پارێزگاری ئەو دەستکەوتانە بکەن گەشەیان پێ بدەن و فراوان و بەرینیان کەنەوە، کون و کەلەبەر لەدەستی تێکدەری ناوخۆ و دەست درێژکارانی دەرەوە بگرن. ڕەزەکانی خۆیان یەکخەن و سوود و بەرژەوەندی جەماوەرە زەحمەتکێش و ستەمدیدەکە بەرچاوگرن و سەروو دەستکەوت و گەزافی کەسی و حیزبایەتی تەسک کەنەوە. کەچی هەر هەمووی بە پێچەوانەوە بوو و هێشتە کەف و کوڵی شادی جەماوەرەکە نەنیشتبۆوە کە پەتای مندال بازاڕیی و هەرزەیی کەوتەوە و لیس خرایە ئاوەوە بۆ گیانی یەکتری... ڕیزەکانی بەرەی نیشتمانی لەبەریەک هەڵوەشا و دوو حیزب نەبوون دانوویان پێکەوە بکوڵێ.

هاواری ئازادیی و دیموکراتی هەر لایەک بۆ ئازادی کوتانی لاکانی دیکەوە و خۆسەپاندن بوو بەسەر لاکانی دیکەدا بای چەپڵە و هەڵهەلە و دروشم و ( بژی

و بڕوخێ) چووە بن هەنگڵانەوە و کەس چاوی بە کەسی دیکەدا هەڵنـەدەهات... دوژمنایەتیکردنی بزووتنەوەی کوردایەتی و کوردستانییەتی کورد باڵای گرت و ئاڵای ناحەزایەتیکردنی مافە نەتەوەیەتی و دیموکراتی و کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کورد کەوتە شەکانەوە... ئەوەندەی نەبرد سەرلەبەری ئەوەی هاتبۆ پێشێ شێوێندرا و تێکدرا و ( قاسم) ەکەشیان سەر شێت کرد. ئەوسا کۆنەپەرستان و ناحەزان و دوژمنانی گەلی عێراق بە خۆکەوتن، کاتێ هۆش بە بەراندا هاتەوە کار لە کار ترازا بوو.

( قاسم) کەوتبۆ گیانی کەلی کورد و سەدان و هەزاران خەڵکی لە گرتووخانەکان توند کرابوون و مافی چالاکی سیاسی و ( بەیان) و خۆنواندنی حیزبەکان زەوت کرابوو و سەرەتای سووتانی تەڕوو و وشک بوو. ئەوەش کە ئیمڕۆ پاش بیست و حەوت ساڵان بەسەر کەلاوەی نێزیکەی بیست و پێنج ساڵێکی لەمەوپێشەوە دەبینین و مەترسی گەورەتر و گەورەتریشی لە پێشە هەر داری ئەو ڕۆژەیە بە گیانی گەلی عێراقەوە.

هەرزەکاریی و گێلێتی/ حەماقەتی هێزە نەتەوەیی و دیموکراتیک و پێشکەوتووەکانی عێراق خۆیەتی کە چارەنووسی ئەوان و وڵاتەکە و گەلەکەی گەیاندۆتە سەر باڵی ڕەشی دێوی وێرانکەر.

تاکە ڕێگە و چارەسـەری پێشیشمان تەنیا یەکێتی و یەکگرتنی هەمـوو هێزە شۆڕشگێڕ و دڵسۆزەکانی بەرەی گەلە. پێکهێنانی ( بەرەیەکی فراوانی) عێراقییە، کە هەموو هێزە نەتەوەیی و دیموکراتیک و ئاینییەکانی عێراقی و کوردستانی بگرێتە خۆی... بۆ ڕمانی ڕژێمە فاشیستییە ڕەگەزپەرستانەکەی بەعسی بەغدا و بەدیهێنانی حوکمێکی هاوپەیمانی/ ئیتیلافی دیموکراتی کە دیموکراتییەت بۆ عێراق و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد دابین بکات.

بـا یـادی بیست و حـەوت سـاڵـەی ١٤ تـەمـمـووزی١٩٥٨ بکەینە هانـدەرێ بۆ بەدیهێنانی ئەو ئەرکە مێژووییەی پێشمان. ئەگینا مێژوو ڕوحم بە کەسمان ناکات..

# ڕازێکی کوردانە

**وڵاتچێتی داگیرکەران..**

عێراق بەو سنوور و قەوارەیەی ئیمڕۆ هەیە و وەکو زاراوەیەکی سیاسی و جوگرافی پاش ڕووداو و بەسەرهاتەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و سەرئەنجامی ئەو ڕەدەڵ و بەدەڵەی لە نێوان کۆلۆنیالیستی/ ئیستعماری ئینگلیزی و فەڕەنسی دا، لە میرات بەشی دەوڵەتی عوسمانی دا هاتۆتە نێو ناوانەوە! تا چەند ساڵێکیش دوای جەنگ مەسەلە و کێشەی ویلایەتی موسڵ ( کە بەشی هەرە زۆری ئەو کوردستابە بووە کە خرایە سەر دوو ویلایەتی بەغداد و بەسرە،، کە عێراقی عەرەبییان پێ دەگووترێت). لە نێوان دەوڵەتی نوێی کەمالی تورکیای بەرۆگری عوسمانیان و ئینگلیز و دەوڵەتە دەستکردەکەی بەغداد هەر مابۆوە، تا دواتر لیژنەیەکی نێودەوڵەتی کۆمەڵەی گەلان/ عصبة الامم، دایە ئینگلیزەکان و حکومەتی بەغدا . ئەوسا لەگەڵ دوو ویلایەتەکەی دیکە لێکیان دوورین و ناوی ( عێراق) یان لێ نا!.

گەلی کورد هەر لەسەرەتاوە بەم کەینوبەینە ڕازی نەبوو. سەرەتا دژی ئینگلیزەکان وەستاوەتەوە و ناوکی حکومەتۆکەیەکیان لە مەڵبەندی سولەیمانیدا بە ڕابەرایەتی ( شێخ مەحموودی حەفید) دروست کردووە. بەدرێژایی چەند ساڵێک بەگژ و حکومەتەکەی بەغدادا چوونەتەوە، هەروەها ئەم بەشینەوە و خستنە سەر و ڕەدەڵ و بەدەڵەی ڕەت کردۆتەوە. کە ویستراش عێراق بچێتە کۆمەڵەی گەلانەوە و بەناو سەربەخۆییەکی بدرێتێ و لەژێر چاوەدێری و بەڕێوەبردن و ڕاسپاردەی/ وصایەی ڕاستەوخۆی ئینگلیزەکان دەری خەن، نوێنەرانی گەلی کورد لە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکانی خوارووی کوردستان دا دژی ئەو قاڵب پێبەستنەی عێراق وەستاونەتەوە و چارەنووسێ کە ئینگلیز و حکومەتە دەستکردەکەی بەغدا بۆیان دیاری کرد بوو دایانە دواوە. لە ٦ ئەیلوولی ١٩٣٠ دا جەماوەری کورد ڕژانە بەردەکەی سەرای حکومەتی عێراقی لە شاری سلێمانی و ناڕەزایی خۆیان دەربڕی بەرانبەر ئەوەی بخرێتە سەر عێراق و کوردستان بە بەغدای پایتەختی دەستکردەوە وەبەستن. ئەمان گوزاشتیان/ تعبیریان لە ویست و ویژدان و ئامانجە نەگرت و توانیان بارە گەیوەکەی جەماوەری لەبار بەرن و خۆڵ بکەنە چاوی جەماوەرەکەوە. بەمە ڕێ خۆش بوو کە ئەو واقعە سەپاوە و ئەو داگیرکردن و کوردستان خستنە سەر عێراق و سەلماندنی کیانی کۆلۆنیالیستانەی/ ئیستعماریانەی عێراقی ئاسایی کەن.

ولاء و (نیشتمان) ێکی دیکەیان بۆ خەڵکی هێنایە گۆڕێ کە (ولاء) ە بۆ عێراق و خۆ بە نیشتمانیی عێراقی زانینە. بەرە بەرە کوردستانییەتی کوردیان کرد بەژێر گلّەبانی عێراقییەتەوە خەباتی تایبەتی و سەربەخۆ و دژ بە داگیرکەری کوردیان لێ گۆڕی بە خەباتی هاوبەشی عێراقی و گشتی دژ بە کۆلۆنیالیزمی!!. بەمە داگیرکەرانی عێراقیان لە خانەی کۆلۆنیالیستێتی/ ئیستعمارێتی دەرهاویشت، کە ئەوکاتە کۆلۆنیالیستی ڕاستەوخۆی گەکی کورد لە خوارووی کوردستان عێراق و دەسەڵاتدارانی عێراقی بوون و ئینگلیز دایکە دزانە بووا..

لێرەدا بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بزووتنەوەی کوردایەتی تێ شکاو دامانە دوا. پێگەیەکی/ مەوقعێکی ستراتیژی گرنگیان لێ گرتین. لەو ڕۆژەدا بوو دەستیان بە کورد هەڵبڕی و بە زۆر ڕادەستی/ تسلیم واقعیان کرد. وایان کرد کە کورد ڕاو و هەڵوێست و ویستی داگیرکەرەکەی بسەلمێنێ و بچێتە ژێر باری. تەنیا ئەمەش مانای تێشکانە. دۆڕاندنی شەڕێ، لەدەست دانی ناوچەیەک، کشانەوە لەبەردەم لێشاو و شالاّوی دوژمندا و سەنگەر/ موقع گۆڕین و هەتا لەبەر هەلاّتنیش تێشکان نییە.

خۆکێشانەوەیە، خۆدەرباز کردنە بۆ خۆ ئامادەکردن و خۆ کۆکردنەوە بۆ گەڕێکی/ جەولەیەکی تر و دوان و سیانی دی.

گەڕانە بە دوای هەلودەرفەت و بارێکی لەبار تر و دووبارە تێهەڵچوونەوە. هێتلەر لە جەنگی دووەمی جیهانیدا هەموو ئەوروپای گرت، چی هاتە پێش ڕایدا، کەس خۆی لەبەردا نەگرت، گەیشتە سەر ڕۆخی مانش و بەر دەروازەکانی ستالینگراد... چەند دەوڵەت و تەخت و بەختی بەسەر یەکدا تەپاند. فەڕەنسای ڕادا ، بەلاّم!! چونکە هەبوو بلّێ( نەء!) و نەچێتە ژێر بار و پەیمانی خۆدان بە دەستەوەی بۆ مۆر نەکات. سەرنەکەوی!! دیگۆڵ لە دەرەوەی ولاّتەکەی خۆی وتی: نەء!.. چەرچڵ وتی: نەء! ستالین وتی: نەء.

میللەتانی داگیرکراو و داغان کراو و وتیان نەء!. ئەو ( نەء)انە بوون پاش ٤ سالاّن گەیشتە بەر دیوارەکانی ڕاوێژکاریەی/ مستشاریەی هیتلەر و بەسەریا تەپاندیان ! کورد ٢٥٠٠ ساڵە بە دوژمنان و داگیرکەرانی بە ( کۆرش) و ( ئیمپراتۆریەتی) فارسی، بە ئاشووریان و بابلیان ، بە یۆنانیان و ڕۆمیان، بە ئەمەویان و عەباسیان، بە عوسمانیان و سەفەویان، بە ئینگلیز و فەڕەنساوی و دەوڵەتە دەوڵەتە داگیرکەرەکانیان وتبوو نەء! بۆیەمابووینەوە. شکابووین ، داگیرکرابووین، ڕاونرابووین، کاول کرابوویب، ... بەلاّم دەستی خۆ بەدسستەوەدان و ڕادەستبوونمان پێ هەڵنەبڕابووا ملمان بۆ ویست و

خواستی داگیرکەرانمان نەدابوو. هەر کورد و کوردستانی بووین، نەبووینە ( ئێرانی) و( بابلی) و ( ئاشووری) و (ڕۆمی) و (یۆنانی )و (ئەمەوی) و (عەباسی )و (سەفەوی )و (عوسمانی).. هەر کورد بووین و وڵاتەکەمان هەر کوردستان بوو..

بەڵام دواتر بەهۆی ئەو حیزبە نا کوردی و نا دڵسۆز و ناڕەسەن و ناوەڕاست ڕەوە سەودا گەڕانەوە بووینە (عێراق) و نیشتمانەکەمان بووە (عێراق) !! بووینە (ئێران )و کراینە (تورکیا)یی و (سوریا) یی!!. پارتی فلانی فلانی خەت ، داش/ شاریحە عێراقی، خت، داش ئێرانی، خەت داش فلانی و فیساریان بەسەردا سەپاندین. پەیوەندیان لەگەڵ (سولەیمانی)و (سنە)و دا پساندین [سولەیمانی بە بەسرە و سنە بە قەزوین]ەوەیان گرێ دا!. دهۆک و دیاربەکریان لێک پساند ئەمیان بە رمادی و ئەویان بە ئەستەنبوڵەوە. دەستیان پێ لەناو دەستی داگیرکەرانمان نا!! ئەمە لە کاتێکدا نێزیکەی ١٠٠ ساڵ پێش پەیدابوونی ئەم ئەفەندیانە، ئەم حیزبە هەڵتۆقیوانە، ئەم خەباتە بە درۆ و بۆ چاوبەستەی هاوبەش و دژ بە کۆلۆنیالیانی ئەم نەناو کورد و بە ناوەڕۆک ناکوردانە..

(شێخ عبیدللە) یەکی خەڵکی کوردستانی باکوور (کوردستانی بەستراوە بە تورکیاوە) کە باری کوردستانی ئێرانی بە لەبارتر دیتووە بۆ زەمینەی شۆڕشێکی سەرتاسەری، بیری لەوە کردۆتەوە لەوەوە دەستی پێکردووە، لە کوردستانی ئێرانەوە شۆڕشی کردووە و ئەوەی داناوە کە ( موسڵ)ی کوردستانی خواروو بکاتە پایتەختی دەوڵەتە کوردییەکە.. سمکۆ لە ( شنۆ) ەوە هاتۆتە لای ( شێخ مەحمود) لە سلێمانی کە توانایان یەکخەن.. هەموو خێڵی بارزان و بارزانیان بە ماڵ و منداڵ و گەورە و گچکەیانەوە دایانە پاڵ کۆمارە ساواکەی( مەهاباد) و شوار و پاسەوانی هەرە پێشەوەی کۆمارەکە بوون. دەیان ئەفسەر و شۆڕشگێڕی خوارووی کوردستان لە خزمەت ئەو کۆمارەدا بوون... هەتا لە شۆڕشی ئەیلولیشدا لەگەڵ سەپاندنی ئەو واقعی ( عێراقی و ئێرانی و تورکیا)ییەشدا لەگەڵ بوونی پارت و حیزبی ناوچەگەریی لەبەر گیان س هەستی کوردانە و یەک پارچانەی ڕابەری شۆڕشەکە و لەبەر سەرهەڵدانەوەی خۆڕسکێتی / فیترەتی کوردانەی جەماوەری کوردی و لەبەر زۆڵەکی و نەزۆکی ئەو قەوارە نا نەتەوەییانە/ قەومیانە .. شۆڕشی هەموو کوردان بوو، هەر نەبێت لانەی هەموو شۆڕشگێڕانی کورد بووە لە سەرتاسەری کوردستان دا..

هەموو جارێکیش کە باروهەلومەرجێک دێتە پێش جەماوەری کورد، ئەس قەباڵەی

ئەوحیزبانە بەتاڵ دەکەنەوە و سنووری ئەوبەندتخانە وڵاتچێتییە سەپاو و ساختەت ئەمان بەسەر خۆیاندا سەپاندووە دەبەزێنن.

بەڵام پەیدابوونی دەستەیەکی بارزگان و سوودمەند لەم پارچە پارچەییە و نەفەسی بۆرژوایانەی ڕاڕا و ترسنۆکی چاوچنۆکانە و پێ دزکێی هەندێ بیروباوەڕی کۆسمۆپۆلیتانە بەرە بەرە چەسپاندنی ( وڵاتچێتی داگیرکەران) و لەبیربردنەوەی کوردستانییەتی کورد، وەک دیاردەیەک مەترسی گەورەی لێ چاوەڕوان دەکرێ... ترسی ئەوەی لێ هەڵدەستێ ئەم دیوو و ئەو دیوو بکرێتە دوژمن، خەباتی پارچەیەک لەسەر حسێبی پارچەیەکی دیکە تەواو بێت....

ئەدی ئەوە نییە، سەراتاکەی بەدیار داوە؟!!...

++++++++++++++

## " قەرەج"

**ئەم ڕۆژانە**
**قەرەجێکم دی**
**لانەواز و ڕووت و ڕەجاڵ**
**بە زەوقەوە پێئەکەنی..**
**کە لێم پرسی:ۆ خەڵژی کوێی؟**
**لە کوێ هاتی و بۆ کوێ دەچی؟**
**پاش حەپەسان**
**ڕووی کردە زەوی و ئاسمان**
**وتی: نەتەوە یەکگرتووەکان**
**دانیان بە مافی منا نا و**
**منیان خستە ناو لیژنەیەک**
**ـئەرێ ؟ ئەی تۆ... منیش تاسام**
**ـ خەجاڵەت بووم..**
**ـزمان لاڵ و بوو نەهاتە گۆ**
**هەرچەندم کرد**
**ـ نەهاتە گۆ.. نەهاتە گۆ..**

(.......)

# بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە

**زیندەخەوی باوکێ**

کۆرپەکەم..

خەبات و تێکۆشانی ئێمە تەنیا ئەرک و فرمانێکی کۆمەڵایەتی نییە، جۆرێک نییە لە تێگەیشتن و پێڕەوکردنی یاسا و دەستوور و دابە قوراردراوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی.. جەنگێکی پیرۆزە، شەڕی مان و نەمانە ، بەرگرییە/ دیفاعە لە بوون بوون و مەوجودیەتی نەتەوایەتی خۆمان ، پەیامێکە سەدان ساڵە پشتاوپشت هاتۆتە خوارێ و لە باب و باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە. ئیمڕۆ تەواوکردنی ئەو قۆناغە و پارێزگاریی ئەو پەیامە و گەیاندنی بە شوێنی مەبەست کەرامەت و شەرەفی شەخصی و کۆمەڵایەتی و میللیانە. ئێمە لە جەنگێکداین لەگەڵ خۆمان و دەوروبەردا ، جەنگەکەی خۆمان لە نێوان ورە و بێ ورەییدا لە نێوان باوەڕ و ئیمان و هیوا لە سەرێکەوە و بێ باوەڕی و بێ بەندوباوی و نائومێدییە لە سەرێکی دیکەوە.. دەستەویەخەبوونەوەی گیانی بەزین و داتەپین و خۆڕادەستکردنە/ تسلیم بوونە لەگەڵ یاخی بوون و ئاڵەنگاری/ تحدی و ملنەدان. گیانی کۆڵدان و خۆڕادەستکردن لەژێر چارشێوەی هۆش و هەست و گیانی تەزیوو و نەمەییوو و نانەتەوەیدا لێمان لە بۆسەدایە/ کمینە، بۆیە دەبێ تاسەر بیکوتین، لاکردنەوە، دڵەڕاوکێ تۆزقاڵێ گومان و چاوترووکاندنێ لە هۆش خۆچوون بە شکاوی و شکستی و سەرشۆڕیی هەتاهەتایی لە مەیدانەکەدا بەدەرمان دەنێ... لەوە دەکەوین ناوی مرۆڤمان لەسەر بێت.. کێ پێی وایە بۆ ئەوە هاتۆتە دنیاوە وەک گای عەلی بلەوەڕێ و بگەوزێ چەند ساڵێ لە تەمەنی بێ ئەمسەروسەری گەردوون دا بخوا و بخواتەوە و بخەوێ و جووت بێ..، پاشان مشتێ چڵ و چێو و خۆراکی مارومێروو، با بزانێ ئەم دنیایە چ عەبەس و بێ هودەییەکە! چ جەهەننەم و عەزابێکە.. با کەمێ ڕامێنێ ئەوسا دەزانێ کە مرۆڤایەتی مرۆڤ، جەوهەری بوون و ژیان مانای قوڵی مرۆڤایەتی/ انسانیە لە خەبات و تێکۆشان دایە و بەتایبەت/بالذات لە خەبات و تێکۆشانی میللی یدا...

ئەوسا تێدەگات کە خەباتگێڕە کەم تەمەنەکان چەند هەزار بەرابەر ئاسوودەترن لەو مرۆڤ/ ئینسان چۆن دەبێتە ، جێگری خوا لەسەر زەوی/ خلیفة الله علی الارض، چۆن

شایان و شیاو و شایستەی ئەو جێگرییە پیرۆز و بڵند و شەرەفە مەزنەیە ئەگەر زاتی مرۆیی/ ئینسانی و گەوهەری خوایەتی خۆی لە زاتی میللەتەکەی دا نەبینێتەوە؟!.
ڕۆڵە گیان.. ئەوەیە چارەنووسی مرۆڤانەی بابت، ئەگەر ئەو بابە نەبم چۆن لە ڕووم بێت خۆ بە باوکت بزانم؟. هەر ڕۆژێ وانەبووم، نەکەی بڵێی بابم هەیە. بڵێ بابمکم بوو و نرد.!. ئەگەر تا سەریش خوا ئەو شەرەفەی لێ نەسەندمەوە کە لە خزمەتی میللەتەکەم دا بم، ئەگەر بە گیانیش نەمام، نەڵێی: هەتیووم.. بڵێ: بابم زیندووە، بابم لە مندا زیندووە، من درێژەی بابم.
ئاگات لێیە دووری من چەند نێزیکییە؟!.. و تا نامەیەکی تر ماچت دەکەم.
<< شاهۆ>>

## مشتەی ناو هەمانە

ئەوە نامەی پێشمەرگەیەکی ( پاسۆک) ە، هەرچەندە بەدەمی ڕووبەڕوو ئەم باسەی لەگەڵدا شیکراوەتەوە و دوورییەکانی/ أبعاد و کێشە و گرفتەکانی بۆ خراوەتە ڕوو.. دەتسەلماند بەڵام قایل نەدەبوو!. خۆی واتەنی بۆی هەرس/ هەزم نەدەکرا و سووریش بوو لەسەر ئەوەی بۆی بڵاو بکرێتەوە. بەوەش ڕێی لێ بڕینەوە کە دەیووت : باشە من لە بڕوڕای حیزب / ڕەئی حیزب ئاگادارم و تێگەیشتم، بەس لاکانی تر چی؟. پێمان وت: بابە بۆ تۆ پێت وایە ئێستا خەڵکی دەکەونە خۆ و وەڵامت دەدەنەوە!. دڵنیابە خاوەن بڕیارەکان/ اصحاب القرارات هەر ناشی خوێننەوە. بەمەش قەناعەتی نەکرد، ئەیووت با ئەمە گەواهییەکی/ شەهادەتێکی مێژوو/ تەئریخ بێت کە ڕۆژێ پێشمەرگەیەکی پاسۆک ، کورد وای بیر کردۆتەوە و دڵنیاشم هەموو پێشمەرگەیەک لە هەموو لایەکەوە هەروا بیر دەکاتەوە.

جا خوانەخواستە ئەگەر ئەم چەوتە ڕێی براکوژییە ڕۆژێکی ڕەشی بەسەر کورد دا هێنا با دنیا بزانێ کە سەرانی ئەو حیزبانە و کورد بەرپرسن/ مەسئولن لێی . قسەکەشی حیسابییە و ئێمەش لای خۆمانەوە پێمان وت: ئەی بۆ دنیا نەزانێ کە ئەوەی ڕوو ئەدات کێشەی ئەو سەرانەیە نەک کێشەی ڕاستەقینە و بابەتی/ مەوزوعیی مەسەلەی کورد و کوردایەتی. پرسیار و ( طرح) و( تساؤلات)ە کەسی ساکار بن، بەس ڕەسەن و زیندوو و پاکن.. بۆیە وەکو خۆی بۆمان بڵاوکردەوە. جگە لە یەک دێڕی چونکە ئیستۆپی ئیحساساتی دەرچوو بوو، داوای بەخشین دەکەین.

**ئاڵا**

بەڕێزان هاوبیرانی ئاڵای سووری کوردایەتی

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە..

ئاڵای ژمارە٢٩,٣٠م خوێندەوە وەک هەمیشە لەو ڕۆژەوە بیرم پژاوە( ئاڵا) خۆراکی بیرم بوە. پیرۆزبایی و دەست خۆشانەتان لێ دەکەم، لە خۆشم و هەموو کوردێکی نەتەوەپەروەریش دەکەم.

بەڕاستی ئاڵای سوور یاڵای حەقیقەتە، من بۆ خۆم ساوام لە سیاسەت دا.. ئەوەش بۆیە ئەڵێم حیزبایەتی سیاسەتە ئەگینا کوردێکی پەتیم و ڕێ ئەکەم، هەستێکی

خۆڕسکییه/ فیترییه پاڵم پێوه ئەنێ ئەوه بم که هەم. خۆشەویستی میللەتەکەم و وڵاتەکەم ژیانمە، بوونمە، هەموو شتێکمە.

سۆفییەک لە خودا ئەتوێتەوه و من بەدەست خۆم نییه لە میللەتەکەمدا ئەتوێمەوه، بەخودای/ واللەی ڕقیشم لە هیچ میللەتێکی تر نییه. بەس زۆرم ڕق لە داگیرکەرانمە. لەوان زیاتر ڕقم لە کوردی ناپەسەندە، لەوانەیه کە بەچاوی کراوه خراپە و گوناح و تاوان بەرامبەر میللەتەکەیان دەکەن...

من تێناگەم چۆن دەشێ کەسێ هەبێ خەراپە بەرانبەر میللەتی خۆی بکات؟!.. زۆر شتم بۆ ناچێتەوه سەر یەک. پرسیار ئەکەم ، بۆ کورد کورد بکوژێ، لەبەرچی خەڵژی هەبن ڕاست و ڕێک نەڕۆن؟. جا لە ئاڵای سووری کوردایەتی دا، زۆرجار پەردە لەسەر ئەو نهێنییانە هەڵدەگیرێ، بەڵام هێشتە زمان گرتنی تێدایە، شت هەیه شاراوەیه. ئەو شتانە زۆرن یەکێکیان بۆتە گرێ لەسەر دڵم: هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان داوای یەکێتی و یەکگرتن دەکەن.. ئەوەی لەسەر گۆڕەپابەکەیه/ ساحەکە و بەچاوی خۆمان دەیبینین، ٤ چوار هێز یەکیان گرتووه و بەرەی ( جود) یان پێک هێناوه.. یەکیان ( یەکێتی) یه و پەڕ بووه. من باسی پێرێ و دوێنێ ناکەم. ئیمڕۆ ( یەکێتی) هاتۆتە مەیدانی خەباتی چەکداری، ئەویش لە ( جود) دەمی گەرمترە بۆ ( یەکێتی و یەکگرتن و برایەتی)!.. کەچی ئەو (یەکێتی و یەکگرتن و برایەتی)یه هەر پێک نایەت. باشە ئایا ئەرکی/ واجبی ( بەرە) نییە بەڕاستی دەستی دۆستایەتی( یەکێتی) نەداتە دواوه؟ ئایا ئەرکی ( یەکێتی) نییە بەڕاستی بەپیر بانگەوازی ( جود) ەوه بێت؟.

ئایا ئەگەر سوار و پیادە ڕاست بکەن نافەنە یەک؟!.. ئەی بۆچی و تاکەی کورد لەم گێژاوەدا دەخولێینەوه. دەبا « تا مل کەچی یەکی نەخستووین با بۆ ئازادی یەکگرین».. هەر بژین بۆ کورد

**هاوبیرتان مەلا یادگار ١٢/٣/١٩٨٥**

# قوتابخانەی پاسۆک

**فاشیزم**

هەندێ سرتە و خورتەی ( فاشیستی) لە دواسالانی سەدەی ١٩ هەم دا لەملاولا و کەلەبەر و قوژبنی ئەوروپا بەرگوێ هەست دەکەوت، بەڵام شتێکی ئەوتۆ نەبوو کە سەرنجی کەس ڕاکێشێ و کەسیش پێشبینی سەرپێکەوتن و سەرهەڵدانی نەدەکرد. تا ساڵی ١٩٢٢ کە مۆسۆلینی گەیشتە بەر دەروازەکانی ڕۆما، ئەوروپییەکان هەستیان بە مەترسی/ خەتەری ( جدی) فاشیست نەدەکرد. هەڵبەتە هەتا هەتا پێش جەنگی یەکەمی جیهانیش دیاردە و نیشانەی پەیدابوونی فاشیزم لێرە و لەوێ بەرچاو دەکەوت. لەوانە جموجوڵ و زبرێتی کۆلۆنیالیستانەی/ ئیستعماریانەی ئیمپریالیزمی و بزووتنەوە تاوسەندووەکانی یان ( هەموو شتوێنییەکان) و هەستی شەڕخوازی و عەسکەریەتی کۆمەڵانی خەڵکی بێزار و پەتای زەبروزەنگی جەماوەری و خۆکۆکردنەوە بۆ جەنگ و تیروشیر سووین!. بەڵام وا دیاردەکەوێ کە پێویست بوو جەنگی هەرێمگیری/ ئیقلیمگیری یەکەمی جیهانی بقەومێ تا ئەو بنە تۆوە شین بێت، چونکە فاشیزم بۆ خۆی لە زەمینەی مەینەتی و نەهامەتی و هەژاری و بێکاری و کوشتار و خوێن و لاوازبوونی هەست بەهای / قیمی ڕەوشتی/ ئەخلاقی و ئاینی و کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدات و ئەوانەش هەمووی لەو جەنگەوە کەوتبوونەوە. بۆیە دەرفەتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی بۆ ڕەخسا.

فاشیزم لە وشەی فاشیسمۆFascismoەوە هاتووە کە لە بنەڕەتەوە لە فاشیس Fasces ی لاتینییەوە وەرگیراوە کە بە تەورێ وتراوە چەند چڵەدارێکی وەک چەپک بەدەورەوە بێت. ئەمەش سیمبۆلی/ ڕەمزی هێز و دەسەڵات بووە و لە سەردەمی کۆنی ڕۆمانەکان دا وەک ئاڵا و نیشانەیەک لە بەرایی سوپا و پێش فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارەکاندا هەڵدەگیرا.

لەبەر ئەم سیمبۆلە مێژووییە/ ڕەمزە تەئریخی و لەبەر ئەوەی ناوی فاشیست – تا ئەو کاتە– لای خەڵکی بە تایبەتی هەژاران و نەداران ، خۆشەویست و بەحورمەت بووە و ڕێک بەرامبەر( داڵدە) و ( پەنا) و ( باوکە هەژاران) بووە چونکە هەندێ دەستەی چەتە لە دەوروبەری دورگەی ( صقلیة) پەیدابوو بوون کە ڕێگریان دەکرد و کەشتی یەکانیان ڕووت دەکردەوە و پارەکانیان بەسەر هەژاران و نەداراندا دەبەشیەوە، وەک کۆن لەسەردەمی جاهلی عەرەبدا لە نیوە دورگەی عەرەبیدا " صعالیک"ەکان

دەیان کرد. لەبەر ئەو دوو هۆیە بزووتنەوە توندڕەوە دەستە ڕاستەکەی مۆسۆلۆنی کردیە ناوی خۆی و دواتر بووە نازناوی ئەو بزووتنەوە ڕادیکالە ڕاست ڕەوە پیاو کوژانەیەی کە بە دڕندەترین و خوێنڕێژترین بزووتنەوە و ڕژێمی ئەم سەردەمە دەناسرێن. بزووتنەوەی فاشیزم لە ساڵی ١٩١٩ دا لەسەر دەستی بنیتۆ مۆسۆلینی هاتۆتە نێو ناوانەوە، پاش سێ ساڵ لە ١٩٢٢ دا دەسەڵاتی حوکمی لە ئیتالیا گرتە دەست. مۆسۆلۆنی ساڵی ١٨٧٣ لە نێو خێزانێکی هەژار هاتۆتە دنیاوە، باوکی ئاسنگەر بووە و خۆیشی کرێکاری کردووە. لە تەمەنێکی کەمەوە تێکەڵی سیاسەت بووە. گەنجێکی بەزیپک و بزۆز و بە جۆش بووە، تەمەنی نەگەیووە سی ساڵان کە بەیەک لە چالاکترین و بزێوترین خەباتگێڕی سۆسیالیستخوازی ئیتالیا دەردەکەوت و لە ڕیزی هەرە پێشەوەی سۆسیالیستەکانی ئەو سەردەمە بوو. لە ساڵی ١٩١١دا جوڵانەوەی دیموکراتیکی ( دژی جەنگی لیبی) دامەزراند و ساڵێ دواتر بووە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ( ئەوانتی) ئۆرگانی حیزبی سۆسیالیستی ئیتالیا هەر لەو ساڵەدا ڕیزەکانی ئەو حیزبەی لە ناوەڕاست ڕەو و سەوداکەر و مەسڵەتکەران هەلپەرستان( اصلاح، ڕیڤیژیۆنیزم) پاک کردەوە. تا ساڵی ١٩١٤ لەسەر باڵی چەپی سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ هەژمار/ حسێب دەکرا و یەک لە لایەنگرانی خەتی لینین بوو. لەشۆسیالیزمی شۆڕشگێڕی نوێونەتەوایەتی..

تا ساڵی ١٩١٤ پاش چەند مانگێ لە هەڵگیرسانی ئاگری جەنگی یەکەمی جیهانی، لە پڕ وەرچەرخانەوە و بە تەواوی ڕووی خۆی وەرگێڕا و دەستە لایەنگیرەکانی (ئۆنزیۆ)ی شاعری ئیتالیای لەخۆ کۆکردنەوە و کرد بە هەرا و هوریاو گوشار / زەغت کردنە سەر حکومەت کە بداتە پاڵ ئینگلیز و فەڕەنسییەکان و بەشداری جەنگەکە بکەن - بەو هیوایەی لە ئەنجامی ئەو (نەمسا و هەنگاری) سەروەریی ئیمپراتۆریەتی ڕوما و شکۆ/ مەجدی میللەتی ڕومانی وەگێڕنەوە. - خۆشی لە حیزبی سۆسیالیست هاتە دەرێ و چووە سەربازی و لە شەڕیشدا بریندار بوو.

پاش جەنگ و لە هەڕەج و مەڕەجی ئاژاوە و برسێتی و بێکاری و شەڕە تێلای حیزبە دیموکراتی و سۆسیالیستی و مەسیحی و مارکسیستەکان و کەوتنە گیانی یەکدی و و لاوازی حکومەت و چەندین هەڵە و پەڵەی کوشندەی هێزە پێشکەوتووخوازەکان و هەستی غەدر لێکراوی میللەتی ئیتالیا بەوەی کە ئینگلیز و فەڕەنسیەکان لە تالانی شەڕ بەشی ئەمانیان خواردووە و پولیان پێوە نراوە و لە هەل و مەرجی بێزاری و وەڕسی جەماوەر لە دروشم و ڕاگەیاندن و بەڵێنە هەرگیز نەهاتووە دییەکانی

حیزبەکانی تر، بزووتنەوەی ڕادیکاڵی ڕاسترەوی فاشیست بە بەهرە وەرگرتن لەو باروهەل و مەرجانە و دروشمە بریق و باقە بەتاڵ و بەڵێن و و وادەی ساختە و بە زبریی و توندڕەویان ـ و زۆر هۆ و هۆکاری دیکە کە دواتر لە باسی سیفەت و خەسڵەتە گشتییەکانی فاشیست دا ڕوونی دەکەینەوە ـ توانیان دەسەڵات بگرنە دەست.

سیمای دیاری فاشیزم (بێ ئامانجی و بێ خواستی و بێ ئایدۆلۆژیەتێکی ڕوون و ڕەوانە). لایەنگری فاشیزم لەهەر چین و دەستە و توێژاڵێک تێکەڵن،بە سەرزارەکی دەم لە سۆسیالیزمەوە دەدەن و خۆشی پێوە هەڵدەڵێن بەڵام لە مەیدانی کاردا ،بەتایبەتی پاش دەسەڵات گرتنە دەست و شوێن پێ قایم بوونیان پشتگیری لە سەرمایەداری گەورە و پیشەسازی قورس دەکەن. خۆیان بە شۆڕش و شۆڕشگێڕایەتی هەڵدەدەنەوە کەچی دۆستایەتی ـ و هەتا نۆکەرایەتی ـ موڵکدارە گەورەکان و سەرمایەدار و موحافەزەکار و داب پەرستەکان دەکەن!.

پرسیارێ دێتە پێش کە ئایا فاشیزم ڕاست ڕەویی یە یا چەپڕەوی؟... ڕێک دەتوانرێ بە (ڕادیکالی دەستە ڕاست) دانرێن.

فاشیست و فاشیزم ئیدی بۆتە ناو نازناوی ئەو حیزب و جوڵانەوانەی ، لەگەڵ هەندێ جیاوازی و تایبەتکاری و خێوێیەتی/خصوصیەتی شوێن و کات و هەلومەرجی جیاوازیشیان دا ، هەر لە نازیەکانی ئەڵمانیا و فەلانژی ئیسپانیا و ڕژێمەکەی سەلازاری پۆرتوگالەوە تا دەگا بە ڕژێمی بیرۆن لە ئارژەنتین و مستەفا کەمال و بەرۆگرانی لە تورکیا و بەعسی لە عێراقدا و هی تریشەوە ، ئەم خەسڵەت و سیفاتە گشتیانەیان تێدا بەدەردەکەوێ. بانگاشەی / ئیدیعای (میللەت پەرستی و هەژار دۆستی و لایەنگیری چینە زەحمەتکێش و چەوساوەکان )، ( توندڕەوی ڕادیکاڵێتی دەستە ڕاست ) ، (خەفەکردن و سەرکوتکردنی ناحەزان و نەیارانی سیاسیان ) ،( حکومەتی پۆلیسی بە زەبروزەنگ و بەخوێن تینوو ) ،( ڕەگەزپەرستی و جیاوازی نەژاد خوازی ) ،( قارەمان پەرستی و رابەر کردنە بت و دیکتاتۆریەتی تاکەکەسی ڕابەر ) ،( ئینکارکردنی جیاوازی چینایەتی و دژایەتی خەباتی ژینایەتی ) ،( ئەهلی جەنجاڵ و شەڕ وجەنگخوازی ).

خوازیاری شەڕو ئاژاوە و زبری شەڕەنگیزی.. تێکڕاشیان دژی دیموکراسیەت و برایەتی و یەکسانی و گیانی مرۆڤایەتی و ئازادیەکانی مرۆڤ و تاکی و سۆسیالیزم و مافی گەلان و نەتەوە چەوساوەکانن.

تواندنەوەی چینەکان لەگەڵ دا و گەل و حکومەتدا و حکومەت لە پێشەوەدا .

پشتگیری و هاندانی بۆرژوای سینعەتی گەورە و موڵکدارێتی زەمین و داپۆشینی ئەو پشتگیرییەیان بە هەندێ هەنگاوی شەل و شەپرێو وسرینەوە(مسخ)ی بەناو سۆسیالسیستانە ئیستغلالی ئاین و هەستی دینداری کۆمەڵانی خەڵک و لەپاڵیدا زیندووکردنەوەی رەوێت و ئاینە " وەتەنی" یە پوکاوە میللیە کۆنەکان.. لە سیفاتە هەرە بەرچاوەکانی فاشیزمن. بۆ خۆی فاشیزم فەلسەفەیەکی دیار و ڕوون یەکپارچەی نیە ئەوەی هەیە پارچە و پینە و پەڕۆی شێواو و تێکەڵ و پێکەڵی لێک نە چووی چەندین فەلسەفە و باوەڕێکی زۆر دور لە یەکدی و متناقضە کە پتر بۆ چاوبەستەکی و عەوام هەڵخەڵەتاندنە و پڕە لە پروپاڵانتە و وڕێنە و شتی پڕوپوچ و عەقڵ تێ بڕ نەکرد و فاشیزم هەر لە (نەژادی پاک) و ڕەگەزدۆستی تا خۆهەڵنان بە سۆسیالیزم و مەردم دۆستی و هەژار پەروەری‌یەوە تا دژایەتی دیموکراسیەت و ئازادی تاک و مافەکانی مرۆڤەوە بۆ تەقدیسی دەوڵەت و دەوڵەت پەرستی و دەوڵەت کردنە بنونەوەرێکی "کائن"ێکی خەرافی سەر و تاک و کۆمەڵ و میللەتیش و تا تیۆرەکانی سەندیکاڵی و لا عەقڵانیەتی شوپنهاوەر و برگسون بە شێواوی نیوە و نیوە چڵی تێدا دیارە.

فاشیستەکان لە ڕۆژێکدا ئەو دیو چەپی هەرە چەپ دەکەنەوە و بۆ سبەی دەبنە خزمەتکاری دەستە راستی هەرە کۆنەپەرستەکان . بەقەدەر خوانەناسان دژی دین و باوەڕی ئاینین و ناوە ناوەش بەرماڵ ڕادەخەن و سەر لەبەر تاعەتی خوا دەنێن !...

هاوار بۆ بێ کاران و کرێکاران دەکەن و دەست لەنێو دەستی بۆرژوا و چەوسێنەرانیش دەنێن، دەهۆڵی نەتەوەپەرستی دەکوتن و لەیەک چرکەشدا هەزاران ڕۆڵەی ئەو نەتەوەیە لە نێو دەبەن!. بانگی نیشتمانپەروەری دەدەن هەر ئەوانیش سەربەخۆیی و مەوجودیەتی نیشتمانەکانیان ، بە هەڵگیرسانی شەڕ و ئاژاوە پەلاماری خەڵکی دیکە ، دەخەنە مەترسیەوە. هەر لەبەر ئەوەیە کە بەحەق دەتوانرێ فاشیزم بە فەلسەفەی" چەواشەکەر" لەقەڵەم بدرێ . فاشیزم نەک دەتوانێ لە باروهەلومەرجی تایبەتیدا کۆمەڵانی خەڵکی توڕە و برسی و نائومێد و بێزار فریو داو بە بەڵێن و دروشمە بریقەدارەکان چەواشەیان کات بەڵکو دەتوانێ تا چەپ و دیموکراتخواز و نیشتمان پەروەرەکان و هەتا دەوڵەت و هەندێ جار حیزبە پێشکەوتووخوازەکانیشی پێ لە خشتە دەبرێ ! ..

دیارە کە فاشیزم قاڵب و قەوارەیەکی هاوچەشن و قاڵبەبەستوی مردووی حازر و بزری نەگۆڕی نی یە ، جگە لەوەی لەگەڵ گۆڕان و گەشەی کۆمەڵ و هەڵکشانی کات و هاتنە پێشەوەی بارو بابە تی نوێ ئەمیش رەنگی نوێ و تایبەتی وتازە و

شێوەی و شێوازی جیا بەخۆیەوە دەگرێ و درندەتر و هارتر و ئاڵۆزتر دەبێت. هەر وولات و رژێمەی بۆ خۆی سیفات و خصوصیەتی تایبەتی هەیە بەلام لە خەسلەت و سیفات و یاسا گشتی یەکاندا یەکن ، دیاردەی فاشیەت ریشاڵ و بنە تۆوەکەی ، رێباز و مەسیرەکەی هۆوهۆکارەکانی سەرهەلدانی زەمینەی شین بوونی ، رەوت و رەفتاری تاکتیک و (نهج) ی ، گەشە و گۆران و گۆرانی قۆناغەکانی هەلومەرجە مادی و نامادیەکانی ، هەلکەوت و ماهیەتی رابەرانی و دەیان و دەیان لانی دیکەی پێکەوە پێکەل پێک و تێک ئالۆسکاون و هەر بەو قسە سافیلکەیە تەواو نابێ وتێی ناگەین کە قالبی تیورێکی یەک لایەنە و یەک تەرەفەی لە قەدگرین وبیکەینە بەچکەی ئەم چین و یا ئەو شتە. دەبێ لە هەر چوار قورنەیەوە سەرەنج بدرێ و زانستیانە هەموو هۆ و هۆکار و مفرداتی دروست بوونی لە شوێنی خۆیدا دانێین. یا خۆ بکەینە ئەسیری هەندێ دەستەواژەی / مقولات کە لە وانەیە لە شوێنێکدا راست بێ و هۆیەک یا بنەما و ژێرخانێکی ئەو فەلسەفە و دیاردەیە پێک بێنێ. بەلام ئەو شتە لە شوێن و کات و هەولێکی تردا نەبێ یا ئەوەندە بنچینەیی / ئەساسی نەبێ.

هەر بۆ نموونە ئەوە راگەیەندراوە کە فاشیەت لە قۆناغێ سەرهەلدەدات، کە سەرمایەداری گەیشتبێتە قۆناغی (مۆنۆپۆل) ی... کە ئەمە هیچ مەرج نیە.

**لە نیشانەکانی فاشیزم :-**

-----------------

١- بنەمای فەلسەفەی فاشیزم ئەوەیە کە میللەت یەکەیەکی / وەحدەیەکی یەکتا و دەولەت سیمای ویستی رەها(مطلق) ی ئەو وەحدەیەیە کە لێک جیاناکرێنەوە و لێیان کەم ناکرێت.

٢- فاشیزم دژی خەباتی چینایەتیە و نکۆلی/ ئینکاری چینایەتی دەکا لەبری ئەوە دژایەتی میللەتان و رەگەز و نەژادەکانی لە جێ دادەنێن.

٣- فاشیزم رووی هەرە دزێو و نۆکەر و مەسلەحەت پارێزی هەرە دواکەوتووی بۆرژوا سنعەتی و گەورەکانە ، بەتایبەتی لە وولاتە نیوەپیشەسازی/ صەناعی و دواکەوتووەکان.

٤- فاشیزم دیاردەیەکە پتر لە وولاتە تێشکاو و دواکەوتووەکان سەر هەلدەدات.

٥- فاشیزم هەست و بیروباوەری رەگەزپەرستانە و جیاخوازی گەلانە ، کە داکۆکی / دیفاع کردن لە بەرژەوەندی گەل و بەرپەرکردنی ترشی هەرەشەداریی

/ خەتەری تەهدیدی میللی و پاراستنی کیانی نەتەوایەتی دادەپوشرێ و هەستی کۆمەڵانی خەڵکی پێ لەهەسان دەدرێ و دەوروژێنرێ .

٦- رژێمێکی دواکەوتووی دیکتاتۆری لە سنوور بەدەر دڕندە و خوینڕێژی تاکە حیزبی و یەک رابەری یە ، کە گوێ بە هیچ دەستور و شەرعیەتێکی ئەرزی و ئاسمانی نادات و ئیرادەی رابەری تاک و تەنیا دەستوور و یاسایەتی.

هەرچەندە ئێمە ناتوانین بە نیگایەکی سەرپێی وا سەرتاسەری دیاردەیەکی ئەوەندە ئاڵۆز و فرەلایەن و تێکچڕاوی وەک فاشیزم بخەینە ڕوو و بۆ خۆی پێڕەوکردن/ تەتبیق و دیاردەی فاشیزم لە هەر وولات و سەردەم و هەلومەرجێکدا و لە هەر حاڵەتێکدا پێویستی بە لێکۆڵینەوە/ دیراسە و شیکردنەوە و دەرخستن هەیە ، بەڵام وەک چەند هێڵێکی درشت بەم خاڵانەی خوارێ ، هەوڵ دەدەین ، تیشکێ بخەینە سەر زەقترین سیفات و نیشانەکانی ، بەو هیوایەی کە فاشیستیەتی ڕژێمە رەگەزپەرستەکەی بەغدا و حیزبی بەعسی عەفلەقی پتر ئاشکرا و رۆشن بێتەوە و جەماوەری ستەمدیدە و کۆڵنەدەری گەلەکەمان و هێزە شۆڕشگێڕەکانی پتر مشتی خۆیانی لێ قایم بکەن و دنیا بزانێ کە خەباتی رزگاریخوازانە و دیموکراتیکی رەوامان چ ئەرکێکی میللی و شۆڕشگێڕی و پێشکەوتووخوازی و ئینسانی بەجێ دێنێ لە پاکتاوکردنی پیسترین دومەڵی فاشیزم لە ناوچەکەدا.

١- فاشیزم فەلسەفە و باوەڕی وردە بۆرژوا و بێکارە و نائومێد و سەرنەکەوتوەکانی کۆمەڵە کە لە بارودۆخی قەیرانی/ ئەزمەی ئابووری و ئاژاوەی کۆمەلایەتی و نائیستقراری حکومەتدا زەمینەی سەرهەڵدان و گەشە و سەرپێکەوتنی بۆ خۆش دەبێ.. وردە بۆرژوا لە ترسی ئەوەی دانەخلیسکێتە دامێنی چینی کرێکاران و بێ کارییوە و بێ کاران – پاش نائومێدیان لە بەرنامە و ڕێگەچارەی دەوڵەت و حیزبە سیاسیەکان ، بە تایبەتی چەپ – بە هیوا و ئومێدی پاروی نان و بژێوی خۆیان و خێزانەکانیان و نائومێد و سەرنەکەوتووەکان بە ئاواتی شانس و بەختێ ، هەر لە چەقۆکێش و سەرسەری و پیاو کوژ و ڕەوشت نزم و پەستەکانی کۆمەڵ ، لەو بارودۆخانەدا لە دەوری (المسیح الموعود ) ێ ، رزگارکەرێکی دەرکەوتووی بەعادەت گەنج و سەرچڵێکی توندرەوی پیاوکوژی و دڵ رەق ، تورە و ناڕازی ، هەڵمەت بەر و چاونەترس لەسەر بەرنامەیەکی بە زرینگەی بێ ناوەرۆک و ناڕوون/ غامض کۆدەبنەوە و دواتریش بۆرژوا سینعەتی و موڵکدارە گەورەکانیش لە هەمان باروهەلومەرج دا لە ترسی نابووت /ئیفلاس و سەرومالّ تێنانیان و بۆ ڕەونەق

گێڕانەوەی بازار و دەوریان بۆ بەرگرتن بە تەوژمی/ تەیاری پێشکەوتووخوازی و دیموکراتی گەلی و لە ترس و دڵە خورپەی داتەپینی رژێمی ئیمتیازاتی و مەترسی شۆڕشی زەحمەتکێشان پشتگیری لەو جوڵانەوە توندرەوە دەستە راستەی فاشیزم دەکەن. کە حوکمەتیش هاتە دەستیان بەرە بەرە دەزگا ئەساسییە شەرعیەکانی دەوڵەت ( بەتایبەتی دەزگای سەرکوتکەر ئەمن ، مخابرات ، پۆلیس ، یا سوپا ، و دەزگای ڕاگەیاندن/ ئیعلامی ، روزنامە، ڕادیۆ ، تەلەفزیۆن و هەموو بەشی راگەیاندن و دەزگای قەزائی ، یاسا دانان و دادگا و بەندینخانە) دەخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە و بەرە بەرە رەنگ و رەواڵەتی فاشیانەیان پێوەدەگرن و دەیخەنە خزمەت ئەو بیر و فەلسەفەیەوە و دواتر دەزگاکان ، هەرچەند وەکو خۆیان بێ گیان و کارتۆنی دەبن لە یەک سەرچاوەوە ئاو هەڵ دەگرن و پۆلیسی سیاسی (لە عێراقدا پێی دەوترێت هەواڵگیریی/ مخابرات و لەسەردەمی نازیەکاندا گەستابۆ بوو) دەبێتە هەمە کارە.

٢- فاشیەت دیاردەیەکە کە لە کۆمەڵگەی نیمچە سنعەتی بە پلە/ دەرەجە دووەکان – یا لەو وولاتانەدا کە خەریکن هەنگاوی یەکەم لەو سەرەرێیەدا دەنێن ، کە کەرەسەی خاو و ئیمکانیاتی داراییان هەیە وەک نەوت – پاش گەلاڵ بوون و بەندی هاتنی چەند مەرج و هەلێکی تایبەتی دیکە و خۆش بوونی زەمینە و دەرفەتی لەبار سەرهەڵدەدات . لەو ولاتانە بۆرژوا و رژێمی سەرمایەداریە شەپلە لێدراوەکەی بە ئەندازەی پێویست تەقالید و دابی دیموکراتی بۆرژوایانەیان بەرقەرار و رەنگ داکوتراو نییە دەسەلاتیشیان نی یە ( لە عێراقدا پۆلیسێ ڕۆژی سەد فشە بۆرژوا بەشەق ئەپێچێتەوە، بەڵام میزاجی چەند بۆرژوایە لە وڵاتە سەرمایەدارەکان حکومەت سەرەو بن دەکات ) کە بتوانێ ئەو تناقضاتانە هەڵمژێ ، یا دەوڵەتێکی کشتوکاڵی/ زەراعی وا نییە کە دابی جووتیارانە – کە کەمتر زەبری و هەڵچوون و رادیکالیەت هەڵدەگرێ- رێی پەیدابوونی نەدات .

٣- بەعادەت فاشیەت لە نێو ئەو گەل و دەوڵەتانە دەرفەتی پەیدا بوون و سەرهەڵدانی دەبێ کە یادگارێکی کۆنی پێشکەوتن یا شارستانێتی/ حەزارەتی یا دەست رۆشتووییەکی کۆن ومێژوو/ تەئریخی لەدەست چوویان هەبێ و کۆمەلانی خەڵکی چاویان لە دووی ئەو سەروەری کۆنەیان بێت ، واتە لەزەمینەی لارە دەستی و بارکەوتنەوە قابلیەتی خەونی گێڕانەوەی سەروەری رابردویان تێدا بێت تا بتوانرێ ئاپۆرەی خەڵکی بەو خەونە ئەفیوناویانە هێڕ کرێ و بەرەو لاعەقڵانیەتی بە کۆمەڵ وەک ڕانە مەڕ رادێن (وەک گێرانەوەی سەروەری ئیمپراتۆریەتی رۆما ، سەردەمی

فریدریک و رایخی یەکەم و شکۆی بازرگانی و ئیمپریالیزم/ ئیستعماری و ئیمپراتوریە تی ئیسپانی و پۆرتگالی و داستانی شارستانێتی میزۆپۆتامیا/ حضارە وادی الرافدین و ئیمپراتۆریەتی بابلی و نەبوخوز نەسر و شەوانی ، هارون الرشیدی بەغدا لە عەقڵی پووچی بەعسیەکان دا).

٤- هۆیەکی دیکەی سایکۆلۆجی ڕێ خۆشکەر و زەمینەسازی سەرهەڵدانی فاشیزم شکستی میللی و هەستی غەدر لێکراوی مەغدووریەتی میللی ....لەو کاتانەدا کە میللەتێ بەسەختی ڕوبەرووی چارەنووسێکی پرمەترسی و سوکایەتی و غەدرلێکردن دەبێتە وە – چەندیش ئەو بارە ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی خۆشیان دابێ – هەستێکی بە کۆمەڵی جەمعی پرتاو بۆ سرینەوەی عار و هەستی مەغدوریەت کۆمەڵانی خەڵکی بێ ووردبوونەوەو بێ لاکردنەوە بەلای بەرژەوەندی تایبەتی و مادییانەی خۆیان و مل بە هەموو سەرەڕۆیی و سەرچڵیەکەوە دەنێن و دوای پێغەمبەرێکی ساختە دەکەون و تا لوتیشیان نەدا لەبەردی ئەلحەدی دوا پلە خوێناوییەکانی ئەو ڕژێمە بەهۆشی خۆیاندا نایەنەوە.

کاتێکیش گەیشتنە ئەوپەڕەکەی ،مەودای گەڕانەوە و پاشگەزبوونەوەیان نابێ و بەشی زۆریان تەسلیمی چارەنووسی(لەنێو چاوان نوسراویان) دەبن. (وەک بەندو کۆتە زۆر بێ ویژدانەکانی پەیمانی ڤێرسای لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم کە بەسەر ئەڵمانیای تێکشکاویاندا سەپان و کۆمەڵانی خەڵکی بۆشکاندنی ئەو کۆت و پێوەندە خۆیان دایەدەست شێتێکی شەیتانی وەک هیتلەر و ئەو هەستەی کە لای ئیتاڵیەکان دروست بوو گوایە ئینگلیز و فەڕەنسیەکان فێڵیان لێکردون لە تالانی جەنگەکە هیچیان بەش نەداون خۆیان بەدەست براو و غەدرلێکراو دەزانی کۆمەی دوڵەتانی ئیستیعماری و تهدیدی هەتا بوونی نەتەوایەتی تورکیش خۆی – پاش لەدەست چوونی ئەو ئیمپراتۆریە پان و بەرینەیان خەڵکەکەی بەدووی مستەفا کەمال خست و شکستی جەنگی حەوت ڕۆژەی عەرەب لە ١٩٦٧ا ڕەونەقی دا بە دروشمە درۆینەکانی حیزبی بەعس و لە ئیسپانیاش هەستێکی وا خولقا بوو کە دنیای کۆمەنیست گەلە کۆمەیان لە ئیسپانیا کردەوە..) ماو و شۆرشە جوتیاریەکەی نەبوایە زۆر ئەگەر / ئیحتمال هەبوو کومینتاک لەسەر دەستی شان کای شیک مل بە فاشیەتەوە بنێ.

بێگومان ئەمانە لە حاڵێتێکدا بوون کە هۆکانی دیکەش گەیون و زەمینەی یەکانگیری هەموو هۆکانی دیکەش لەیەک کاتدا یەکانگیر بوون. چونکە نەئەمە و نە هیچ هۆیەکی دیکەیان تەنێ دیاردە پێک نایەنێ و هەر ئەو هۆیانە خۆیان تین و تاوی بە خۆیان

و دەوری هەریەکەیان لە وولاتێکەوە و لەزەمینەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆرڕێ .
٥- بوونی سابیقە و دابێکی کۆنینەی حکومەت و نیزامی دیکتاتۆری و ئولیگاریشی بۆ خۆی هۆیەکی یاریدەدەری یەکسەرە و گەشەی حوکمێکی پۆلیسی فاشیانەیە ، واتە هۆکارێکە (هەر نەبێ لە سەرەتاوە ) بۆ قایل بوون و مل نەدانی گشتی و قایل بوونی بە کۆمەل بە حوکمێکی ئاسنینی توند و زبری بێسنور ئیمکانی هەبێ ، کە ئەمە لە نێو ئەو کۆمەڵگایانەدا کە تەقالیدی دیمۆکراتی بەرقەرارە و ئازادیەکان و مافەکانی تاک تێیدا پارێزراوە و سەقامگیر بووە ئیمکانی سەرهەڵدانلی تا لێواری مەحاڵ "مستحیل" ئیمکان نابێ.
٦- نا ئومێد بوون و هیوا بڕان لە حیزب و کۆروکۆمەڵە نیشتمانی و نەتەوەیی یە پێشکەوتووخوازەکان و دیموکرات و سۆسیالیستی و مارکسیستەکان بەهۆی نەهاتنە دی بەڵێن و وادەیە بە جەماوەری دەدەن و بەهۆی بۆگەن بوون و شێوانی بەها(قیم ) ی شۆرشگێڕایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەر دەستی ئەو حیزبانە و پەرت پەرت بونیان و بەیەکەوە خەریک بوون و شەڕ و ئاژاوەی ناوخۆ کۆمەلانی خەڵکی بەجۆرێ بێزار دەکەن و دەرەنجێنن کە هیچ هیوایەکیان پێیان نەمێنێ و لێیان هیوا براو بن... بۆیە لەو کاتانەدا جوڵانەوەیەکی توندڕەوی رادیکالی دەستە راستی کە بانگی گەندەڵ و بۆگەن بوون (تفسخ) ی ئەو حیزبانە هەڵ دەدا و خوازیاری گسک دان و پاک کردنەوەی کۆمەڵە لێیان گوێ بیست و گوێگر و لایەنگیرانی زۆر دەبن و هەتا بەشێکیش لە لایەنگران و ئەندامانی هەرە دڵسۆز و بەکۆڵ و دڵ و راستگۆ و نیازپاکی ئەو حیزبانەشیان رەدوو دەکەون بەو هیوایەی کە لەو مەیدان و بوارەدا بتوانن خەونە پەمەییەکانی خۆیان بێننە دی و ڕەنجی بەخەسارچووی چەند ساڵەیان بێننە بەرهەم ، هەرچەندە دواتر تێدەگەن ئەو رێگەی ئەوان (دفع الخبیپ بالاخبیپ) بووە و لەباتی چاکی کەن خەراپتریان کردەوە (عەرەب واتەنی: راد یکحلها و عماها ) بەڵام کات زۆر درەنگ دەبێ... یا تەواو دەخلیسکێن و خۆیان دەدەنە دەست چارەنووس یا سەر بزێوی دەکەن ئەوسا پاکسازی / تصفیە دەکرێن. وەک لە سەرتاسەری بزووتنەوە فاشیستەکاندا بەدەرکەوتووە.
(وەک قەتل و عامی رێکخراوی ((العاصفە)) و (ئەیرنیست رۆهم) ی فەرماندەیان بەدەستی هیتلەر و لەعێراقدا کوشتن و تصفیەکردنی بەشی هەرە زۆری سەرانی بەعس بەدەستی صەدام )...

٧- فەلسەفەی ئاڵۆزی فاشیەت ، بەگشتی ، فەلسەفەیەکی گشتگیریی/ شمولیە.. هەرچەندە لە زۆر لایەنەوە موحافەزەکارانە خۆی پیشان دەدا و دیفاع لە ((قیم )) ی کۆمەلایەتی و داب نەریتی کۆمەلایەتی دەکات ، بەلام ئەو خونواندن و دیفاعەی جگە لەوەی وەکو چەکێکی دیفاعی بۆ راکێشانی دەستە موحافەزەکارەکان و سونەت پەرستەکانە ، هەرئەو لایەنانەش دەپارێزێ کە خزمەت بە خۆی دەکا. یەک لە سیمای فاشیەت جەنگی نێو خێزانە هەڵوەشاندنەوەی هەموو پەیوەندی و ((ولاء)) ێکی خێزانی یە و دانانی ((ولاء)) بۆ حیزب و رابەر لە جێی واتە دروست کردنی خێزانێکی وەهمی حیزبیە ، بۆیە زۆر گرنگی دەدەن بە لاوان و تازەگەیشتوان و لە خێزانەکانیان دادەبرن وهەتا دەشیانکەن بەگژ کەسوکاریاندا.

هەمووی دەکاتە شیرازە پیسانی خێزان و ئەوان تەنها دەورێکیان بۆ خێزان بەرچاو گرتبێ ئەوەیە نەوە بۆ (حیزب)و (دەوڵەت ) بخەنەوە و بەس . بە واتایەکی تر خێزان بە مەکینەیەکی جوجکی ئینسان هەڵهێنان دادەنێن (فتوە )و(شباب) و ئەو دەزگایانەی دیکە کە لە عێراقدا بەرچاو دەکەوێت تەرجەمەی ئەو باوەرانەی فاشیەتە بۆ ڕاو و رامکردنی گەنجان مەعەسکەراتی کار و سەیرانگا و تەسقیفی و میهرەجاناتی تێکەڵی گەورە کچان و کوران و شان بۆشل کردنیان لە پەیوەندی حەرام و نابەجێی کۆمەلایەتی و بڵاوکردنەوەی (فساد) و داوێن پیسی و لەپەت بەربوون رێگە و وەسیلەی دروستکردنی بەرەیەکی خاڵی و بەتاڵ لە هەموو شت و (قیم) ێک و بەستراو بە فیکر و سەرخان و بنخانی فاشیەتەوە بە هەموو دەکاتە شکاندنی شەخسیەت و سەربەخۆیی ئینسان و جێگیرکردنی شەخسیەتێکی دەستەجەمعی و بەکۆمەڵی هێڕکراو*..((* لە دەستنووسێکی هاوبیر عەلی یەوە وەرگیراوەببەناوی فاشیزم و بەعسایەتی)).. ئەمە زۆر بەکورتی و چڕی چەند هێڵێکی درشت و بنەما فیکر و فەلسەفە و ئاکار و سیمای فاشیەت ئەگەر وورد سەرنج درێن بە ئاشکرا لە ساڵی ١٩٧٠ وە لە ڕژێمی عێراق و بەعسی بەغادا بەدەرکەوتوە و دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول – کە گەورەترین بەربەستی بەردەمی ئەو فاشیستە بووە – ڕەنگی تەواوی بە خۆیەوە گرتوە و ئیمرۆکە زۆر بەزەقی بە هەمووکون و کەلەبەرێکی ئەو ڕژێم و حیزب و دەوڵەتەوە بە دیارە ، تەنها پەردەیەکی ڕووی ئەو فاشیەتەش (نەوتە ) کە بۆنەکەی هەموو وڵاتانی دنیای گێژ و هێرکردوە و توانای بیناییانی کوێر کردوتەوە!..

# پەرێزی ئازاد

**شۆڕشگێڕ**

شۆڕشگێر بەو کەسە دەوترێت کە زیاد لە هەموو کەسێکی دیکە هەست بە زوڵم و زۆر و چەوساندنەوەی چین و توێژ و کۆمەڵ و نەتەوەکەی دەکات و هەست و هۆش و گۆشێکی تایبەتی هەیە بەرانبەر خەبات و تێکۆشان بۆ تووبڕکردن و نەهێشتنی ئەو زوڵم و دادۆشینە تێکۆشەرێکی بێ نیاز و دڵسۆزە کە هەموو بوون و ژیانی تەرخان کردووە بۆ خزمەتی ئەو بیر و ڕێبازەی ژە بڕوای پێیەتی و پیرۆزە لای و خۆی کردۆتە قەبەڵی و پێی وایە ئاسوودەیی و بەختیاری کۆمەڵی تێدایە و خۆی لەبیر چۆتەوە و لە نێویدا تواوەتەوە، هەنوو شتێکی زاتی و هەوا و هەوەست نەفسی وەلاخستووە و مەسەلەکاب لە چاوی بیر و ڕێبازەکەوە دەبینێ: بێ گوێدانە سەختی و دژواری و هەڵەمووتی ڕێی ئەو ئامانجە پیرۆزەی کە بۆی تێدەکۆشێ و گیانی بۆ بەخت دەکات و چاوەڕوانی هیچ جۆرە دەستکەوتێکی تایبەتی خودی جۆی نییە. شۆڕشگێڕ بەو کەسە دەوترێت، کە دژی واقعی زوڵم و زۆرو ڕووتاندنەوە دەوەستێتەوە و بەرپەرچی هەموو نادادپەروەرییەک/ ناعەدالەتییەک دەداتـەوە، لە پێناوی گۆڕین و گۆڕکردن و سەرەونگوم کردنی ئەو واقعە تاڵ و نالەبارە و هێنانە سەرکاری واقعێکی گونجاو و لەبار و خزمەتگوزار بۆ بەختەوەری و ئاسوودەیی ئەو کۆمەڵەی کە کۆت و زنجیری ئەو واقعەیان لەدەست و پێدایە و تیدا دەژین و بنەبڕ و تووبڕکردنی گشت جۆرە کەڵەگایی و دادۆشین و زۆردارییەکی کۆمەڵایەتی لەهەر هەل و مەرج و بارێکدا بێ تێدەکۆشێ و خۆی دەکاتە بەردەبازی بەرژەوەندی بەرز و پیرۆزی کۆمەڵ و جەماوەر. شۆڕشگێڕ ئەو کەسە لەخۆبووردە گیانبازەیە کە لە مەرگدا ژینی ئازادی و سەرفرازی دەڕسکێنێ و دیاری دەستی خزمەتگوزارییەتی بۆ گەل و نیشتمان و خۆری ڕزگاری و یەکسانی لەنێو تەم و مژی خۆسەپاندن و چەوساندنەوەدا بەدەست دێنێ.

شۆڕشگێڕ زادە و قاڵبووی ژان و ئازار و تەنگوچەڵەمە و ئاوات و ئامانجەکانی کۆمەڵە و پێویستە لە دیدگای ئەو ژان و ئامانجەوە هەنگاو هەڵێنێ و بەرەو ئاسۆی خزمەت و ئەو ئەرکە مێژووییەی سەرشانی بچێت و بڕیاری گردەبڕ بدات و هەڵوێست وەرگرێ، هەروەها هەڵوێستی دیاری هەبێت لە مەسەلە و بابەتێکی دیاری کراودا و نابێت بە هیچ شێوەیەک ڕاڕا و دوودڵ بێت لە بڕیاردان و هەڵوێست وەرگرتن دا.

شۆرشگێڕ پێویستە خۆڕاگر و ورە بەرز و خاوەن ئیرادەی بەهێز بێت لە بەرانبەر لەمپەر و ڕێگر و کاتی نوچدان و تێکشکاندا، هەروەها لەهەمان کاتدا پێویستە هێمن و لەسەرخۆو

له خۆبایی و خۆپەسەند نەبێت لە کاتی سەرکەوتن دا و بزانێت لە حاڵەتی یەکەمدا چۆن هەڵسوکەوت و مانەکە/ تعامل دەکات و هەڵوێست وەردەگرێ و بڕیار دەدات و لە حاڵەتی دووەمدا بە چ شێوەیەک.خاکەڕایی / تواضع و نەفسدرێژی و دووربینی و دوورخوێندنەوە و توانای خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەر و واقعی کۆمەڵگە و ڕەوشت بەرزی و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی بەجێ و دەست و داوێن پاکی و ڕێزی داب و دەستووره کۆمەڵایەتییە بەپێز و پێشکەوتووەکان و هەوڵی بژارکردن و گەشە و دەوڵەمەندکردنی لایەنە چاکەکانی و بنەبڕکردنی دیاردە خەراپ و دزێو و نالەبارەکانی بە ژیرێتی و لەسەرەخۆ، بایی ئەوەندەی نە ڕای دا لەگەڵ خۆیدا و نە داشی بڕێ لە کۆمەڵ مەرجێکی دیاری شۆڕشگێڕە بۆ هۆڕینی واقع پێویستە لەنێو واقعەکەدا بژی و لە نێزیکەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکات و هەڵسەنگێنێ و لێیەوە فێر بێت و هەنگاو هەنگاو بەرەو چارەسەری گونجاو و بەجێیان بچێت. چونکە دابڕان لە واقع خۆکوژییە و بەرەو کەندو هەڵدێری مل شکێن شۆڕشگێڕ بەکێش دەکات و ناتوانێ لە ئاستی پێویستدا بێت و بە ڕۆڵە/ دورە سروشتییەکەی خۆی هەڵسێ، لەبەرئەوەی واقع سەنگی مەحەکە. پێویستە شۆرشگێڕ شتە تیۆرییەکان لەگەڵ مەیدانی کاردا بگونجێنێت و خۆی بە دەق و دەربڕینی/ تەعبیری قەڵەو قەڵەو و وشەی سەوز و سووری نێو کتێب شەتەک نەدات و نەبێتە دەروێشی حاڵ لێهاتووی چونکە زۆر جاران و لە زۆر لایەندا کورت دێنێ و یەکانگیر نابێتەوە لەگەڵ واقعدا کەواتە واقعبینی ڕۆڵی سەرەکی و بنجی هەیە لە سەرکەوتن و سەرئەنجامی ئەرێنی/ئیجابی کارەکانی شۆڕشگێڕ...

## پشکۆ

**بۆ حیزبە کوردستانییەکان:..**

ئایا لەو ڕۆژەوە کە کۆڕ و کۆمەڵ دروست بووە و دانـراوەو تا دەگاتە ئیمڕۆ کە گەیشتۆتە پلەیەکی بەرز لە ڕێکخستن و داب و دەستوور و یاسا هەر حیزبە بە جۆرێ پەیڕەووپرۆگرامی خۆی بۆچی دروست بووە یا دانراوە،یا وەکو بپرسین مەبەست چییە لە دانانی حیزب ؟ بێ ئەوەی گوێ بدەینە ئەوەی کە ئەم حیزبە مارکسییە، نەتەوەییە/ قەومییە، سۆشیالیستە/ ئیشتراکییە، چییە. بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە لە پرسیارەکە ئاتا خودی حیزب بۆچییە و مەبەست لە دانانی حیزب چییە؟. بێگومان هەموو حیزبێ هەڵقوڵاوی ڕەوشی/ زروفی تایبەتی ئەو کۆمەڵەیە کە تێیدا دروست بووە و چالاکی تێدا دەکات . ئەمە بەشێوەیەکی گشتی جا ئەم حیزب یا ئەو حیزب چەند

نزیکە لەو واقعەوە یان دوورە ئێمە لێرە ئەو مەبەستەمان نییە چونکە نامانەوێ حیزب بە حیزب بیگرین و بکەوینە شیکردنەوەی یەکەم لەبەرئەوەی ئەمە دەشێ بە پەرتووکێ بکرێ نەک بەم پەلەیە.

دووەم ئەمە دەردە سەرییەکی زۆری لە دووە. گەر لەبەر ڕۆشبایی پێڕەو و پڕۆگرامی حیزبەکان وەرامی پرسیارەکەی خۆمان بدەینەوە ئەوە هەر هەموو حیزبەکان ماشاﷲیان لێ بێ بۆ خزمەتی گەل و جوتیار و کرێکار و چینی هەژار هاتوون جا هەر حیزبەی چەند ئەمیانی وتووە یان ئەویان ئەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو فەلسەفەیە کە پەیڕەوی لێ دەکات. بەڵام دڵنیایین کە هیچ کامیان نییە بڵێ من هاتووم بۆ خزمەتی ئەم حیزبە یان وەکو فڵان حیزب یا فڵان کەس نەخێر نەخێر مەعازەاﷲ هەر هەمووی بۆ خزنەتی گەل و هەهار و جوتیار هاتووە و چی دی. واتە لەبەر ڕۆشنیایی ئەو هەموو پەیڕەو و پرۆگرانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە حیزب هۆیە/ وسیلە یە نەک ئامانج/ غایە جا پڕ بە دڵ ئاواتەخوازین کە هەموو حیزبە کوردستانییەکان و بەڵکو هی هەموو جیهانیش بەتایبەتی جیهانی سێتەن و چوارەما پێنجەم کە ئەم یاساتە بزانب کە ئیزب هۆیەیە/ وسیلە نەک ئامانج / غایە. بەڵکو خوا بکات کەمێکیش پەیڕەوی لێ بکەن...

**کۆڕەک**

**لە هەر خەسارەی عەقڵێ**

گەر سەیری مێژووی مرۆڤایەتی بکەین بە گشتی هەر لە دێر زەمانەوە تاوەکو ئێستا گەلێ وانە/ دەرسی بە سوود و بە کەڵکی لێ وەردەگرین، دەروانین بڵێین هەر مرۆڤێ خاوەن هەر بیروباوەڕێ بێ وخبۆ هەر مەبەستێ تێبکۆشێ گەر ئاگادارییەژی باشی لە مێژووی مرۆڤایەتی نەبێ هەنگاوەکانی کوێرانە دەنێ ئەمە مێژووی مرۆڤایەتی بە گشتی ئینجا بیینە سەر هەر کۆڕ و کۆمەڵ و گەلێ کە هەر یەکە خاوەن مێژوویی تایبەتی خۆیەتی وخاسێیەتی و جیاکارییەکانی/ مومەیزاتی تایبەتی خۆی هەیە. واتە پێویستە لەسەر سیاسەتمەداران کە ئاگاییەکی باشیان هەبێ لە مێژووی مرۆڤایەتی بەگشتی و مێژووی خودی ئەو گەلەی خۆیان بەتایبەتی بۆئەوەی سوود لەو هەموو تاقیکردنەوە و پەند و بەسەرهاتانە وەرگرن و چی دی بەو هەڵانەدا نەچنەوە کە ڕووی داوە و پێشینانی ئەوان تێی کەوتوون. گەرسەیری مێژووی گەلی کورد بکەین دەتوانین بڵێین کە کورد خاوەنی مێژوویەکی زۆرزۆر دەوڵەمەندە ئەگەر دەوڵەمەندترین مێژوو نەبێ لە بەرهات و کارەسات دا، کورد میللەتێکی زۆر کۆنە لەسەر ئەم خاکەی ئێسراکە پێی دەووترێت کوردستان(حتما هەر خۆمان پێی دەڵێین کوردستان ێەگینا هیچ لە دراوسێکان کە بەسەریەوەن ددان بەوەشا نانێن بەڵام داننەنانی داگیرکەران بە ماف و موڵکی داگیرکراواندا هیچ لە ڕاستییەکان

ناگۆڕێ چونکە شتێکی زۆر زۆر سروشتییە/تەبیعی هەروابووە و قەت و قەت داگیرکەر ددانی بەوەدا نەناوە کە یەکێ هەیە داگیری کردووە). هەروەکو وتمان کورد میللەتێکی زۆر زۆر کۆنە لەسەر ئەم خاکەی ئێستای وە زۆر لە پێش هەموو ئەو گەلانەوە هاتووە وەک گەلی تورک و عەرەب و ... هتد ئەمە ڕاستییەکی مێژووییە جا هەقت نەبێ بەسەر یەوەوە کە ئێستا ئەو گەلانەجخاوەن دەسەڵات و قودرەتن و مێژوو بۆ خحیان دەنووسن و چۆنیان پێ باش بێ و هەندێکیان خۆیان دەکەنە میراتگری/ وەرەسەی ئادەم و یەکسەر ئادەمیشن دێننە ئەم خاکەی کە ئێستا لەسەرین ئێمە مەبەستمان لەم باسە ئەوە نییە کە بچینە قوڵایی مێژووەوە و دەست بکەین بە مێژوو نووسین. مەبەستمان ئەوەیە کە سەرنجی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان و ئەوانەی خۆیان بە ڕۆشنبیر دەزانن و ئەوانەش کە خۆیان بە شاهی کورد دەزانن لە تەخت و تاجی نەبوو ڕاکێشن بۆ ئەو پەندە کوردییە کە« لە هەر خەسارەیە عەقڵێ» . گەر ئێمە بایی یەک ڕستە سوود لە مێژووی گەلی خۆمان وەرگرین ئەو ڕستەیە ئەوەیە ( کورد بۆیە سەرنەکەوتوو یەکێتی نەبوو).. ئەمە جەوهەر و کرۆکی/ لوبیی مەسەلەکەیە ئیدی هەر کەسێ منگەمنگ بکا و سەر بلەقێنێ و شان هەڵتەکێنێ درۆ دەکات و خۆی گێل دەکا و لە مەسەلەکە لا دەدا..

جا با هەموو ئەو مێگەلە ڕۆشنبیرانە بزانن و تێ بگەن کەهەندێ جار مرۆ وای لێ دێ لەدەست ئەم مێگەلە ڕۆشنبیرانە کە بڵێ سەد خۆزگا قەت و قەت هیچ کوردێ فێری ئەلفوبێ نابوو. نازانم بۆ کورد بەرامبەر بە یەکدی ئەوەندە پۆڵاتە و قەت و قەت یەکێکی بۆ ئەوی دی یەک تۆز شان نەرم ناکا ئەی بۆ ئەو فیرعەونانە کە دەچنە دیوانی بێگانان هەزارجار دەست بە سنگەوە دەنێن و هەزار ماسراو دەکەن بۆ هەزار دۆلاریێ!. ئێمە بە دڵنیاییەوە دەڵێین لە جیاتی ئەوەی بچن لە دیوان و دیوەخانی بێگانان خۆتان و گەلەکەتان ڕیسوا بکەن و مەسەلەکە پووچ بکەن هەزاریەکی بێگانەکان بۆ یەکدی نەرم بن و تنازول بکەن ئەوجا ئەو بێگانانە خۆیان پێویستیان بە دۆلاری کەس نابێت و گەلەکەی خۆتان بەبێ ئەوەی هیچ دەست بەسنگ نانەوەی بۆی گیانی خۆیتان دەداتێ و دە ئەوەندەی بێگانەش دۆلارتان دەداتێ. داوا لەو مێگەلە ڕۆشنبیرانەش دەکەین کەوا دەزانن تێکڕای فەلسەفە و مێژوو و زانست و مەریخ و بلۆتۆیان خەتم کردووە کەمێ هۆش بێننەوە بە خۆیان و چی دی لە خەیاڵ و خەیاڵاتدا نەژین و بێنەوە سەر واقعی میللەتەکەی خۆیان لەگەڵ واقیعدا هەنگاویان یەک خەن بۆ ئەوەی بروانرێ ئەو واقعە تاڵە سەختە بگوڕدرێ...جا با لە هەزار خەسارە عەقڵێ وەرگرین کورگەل....

**کۆڕەک**

## پێنووسی قنج

**ماینی دوو گیان**

خۆی لە تەل دابوو ، خحەفتەیەک بوو ماڵەوەیان هاتبوونە سەردانی، دەستێ جلی تازە و جووتێ کڵاشی ئەبوبەکرییان بۆ هێنا بوو. تازەش چەکەکەیان بۆ کردبوو( مظلی) ئەو ڕۆژە بەسەر حەوت پشقلدا بازی دەدا!..دڵ پڕ لە هیوا، بە هەرەکەت توند توند پێی دەدا بە عەرزەکەدا و خۆی بەرەو ناودێ دەکووتا:

ـدەبێ ئیمڕۆ کارێ بکەم بە داستانی ڕۆسرەم نەگێڕدرێتەوە، هەرچی عەیب و عاریان هەیە بەو ناوەی ڕۆکەم.. گرنگ جەماوەرەکەیە، هەر ئەوان بە ئاگا بێنەوە ئیتر کەشکمان فەریکە، ئەگەر نائاگایی جەماوەر نەبێت( سەدام) چۆن پازدە ساڵ حوکم دەکا و ئەمانیش بەو جۆرە تەراتێن دەکەن. تێیان دەگەیەنم کە ئەسڵی مەسەلەکە چییە و ئێمە چی دەڵێین و ئەوان چی دەڵێن؟ دەمانەوێ چییان بۆ بکەین. سەرسمێکی دا خەریک بوو بکەوێتە گۆلە ئاوێکەوە!..

ـنەحلەت لە شەیتان و بابی سەدام، خوا ڕەحمی کرد ئەگینا کڵاشەکانم عەدم دەبوو! ئاخ کڵاشی ئەبووبەکری ئەوەندە گران نەبوویتایە و هەڵنەگەڕایتایەوە قیمەتت تەواو نەدەبوو!.. ئەرێ واڵڵە کۆیان دەکەمەوە و باسی ئۆتۆنۆمی/ حوکمی زاتی ڕاستەقینە و درۆیینە، نا.. کارتۆنی یان بۆ دەکەم. ئاسانە پیاو دەبێ بە زمانی جەماوەر بدوێت، نموونەی وایان بۆ بێنێتەوە بەر هەستیان بکەوێت.. نەیان وتووە هەر ئەقڵە لە خەسارێ؟ منیش بۆیان باس دەکەم ئۆتحنۆمی وەکو کڵاشی دۆمییە!. بە تازەیی و تا تەڕ نەبێ« ڕاستەقینەیە» کە چووە ئاو هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتە« کارتۆنی»!.. نا!.. دوایی لێم دەکەن بە قسە، خۆ ئەم خەڵکە لە خوایان دەوێ کەسێ زەللەیە بکات.. دەڵێم.. دەڵێم ئا دەڵێم وەک هێلکەیە، هێلکەی پیس و هێلکەی پاک هەیە، هێلکەی پیس کارتۆنییە و پاکەکەش« ڕاستەقینەیە». بەخوا ئەمیشیان باش نییە ناوم ئەنێن « مەلا هێلکە».. خەڵکی ئەم شارە کەسیان دەست نەکەوێ پێی ڕابوێرن ئاوێنەیە دادەنێ و بەخۆیان ڕادەبوێرن!.. گەیشتبووە بەرایی ماڵەکان، هێشتا لەسەر شتێ نەوەستابووە.. تازە دڕەنگە دەبوایە زووتر بیری لەمە بکردایەتەوە، هەڵوێستەیەکی کرد تا برادەرەکانی نێزیک بنەوە.. دەگەنە مزگەوتی دێ:

ـبەخوا وەختێکی چاک بوو، نوێژکەر بڵاوەی نەکردووە و هی تریشیان بەدەمەوە دێ با تا زووە دەنگیان دەم کە کۆبوونەوەیە.ئەوەندەی پێناچێت مزگەوت جمەی

دێت.. کاکیشم ڕۆژیەتی شریتەی باس و بابەتی بۆ بەردەدات، ئەوەی دەیڵێ نایڵێتەوە، هەر حکومەت بڕوخێ ئەمەتان بۆ دەکەین و ئەوەتان بۆ دەبەین و وا دەکەین و وا دەچین و وای دەهێنین و وای دەبەین. خەڵکەکە وەنەوز دەدەن و خەریکە کێچ دەکەوتە کەوڵیانەوە.. دەزانێ لە کورتی بیبڕێتەوە چاترە، ئەوەتا لەولاشەوە هاوەڵێکی ئاماژە/ ئیشارەتی بۆ دەکات کە تەواوی کات...ڕوو دەکاتە حەشاماتەکە و دەڵێ:
▪ - کێ شتێکی هەیە؟ کێ پرستاری هەیە؟.. مامە حسە ، زەلامێکی گردە پیاوی گەنم ڕەنگ.. لە هەمووان زیاتر گوێ قوڵاغ ببوو و جاربەجارەیەکیش زەردەیەکی دەهاتێ، خۆش خۆش جگەرەی زەلیشی بەدەمەوە دەکێشا.. کابرایەکی قسە لە ڕوو ا کەللەڕەق ، ناویان نابوو( حسە بەردە) ، چونکە هەمووان دەیان وت: ئەم کابرایە بۆ ئەوەندە قسە ڕەقە دەڵێی بەرد دەدا بە بەردا!.. لەگەڵ ئەوەشدا کەس ناحەزی نەبوو، کابرا هەقی دەووت! یەکێ بە تەنگ دەهات دە پێی خۆش بوو، بەس کەس نەبوو بەردێکی مانە حسەی بەرنەژەوتبێ. هەر کە دەمی هەڵێنایەوە، کابرای تەنیشتی وتی:
▪ - یا حافیزاللە!، ئەها حسە شکاندی!. لەسەرخۆ جگەرە پێ نەبووەکەی هەڵبڕی: ئەرێ براله قسەیە بکەم؟!.
ـفەرموو خاڵۆ!. تورە نابیت؟
ـنەخێر،استغفرالله،فەتموو!.کاکەئەوەلەماینی‌نەبووئاخوڕی‌چیمان‌بۆهەڵشەبەستی؟.
▪ مەعنای چی؟. مەعنات ئەوەیە تۆ بە قسە بەهارت بۆ هێناین، ڕەحمەت لە ئەژدادت ئەوەتای ئەو جادە قیرەی ئەو بەرمانەوە کێشراوە، هەر ڕۆژە و تاومێ بەهەشتمان بە خۆڕایی پێ دەفرۆشن! هیچیشی دیار نییە!.
ـکابرا تۆ تێ ناگەیت بۆ لەخۆتەوە قسەی قۆڕ دەکەیت! ئەبێ ورەتان بەرز و باوەڕتان قایم بێت، خۆ لە گیرفانی خۆم قسە ناکەم!. نەوەڵلە من لەوەی ئێوە ناگەم؛ من کوڕەکەم بە لە خۆی گەورەتر بڵێ « قسەی قۆڕ» لێی تەڤەڕڕا دەبم.. کاکیلە بۆ باوەڕمان قایم نییە، عومرێکە دوای دەهۆڵێ کەوتووین و ئێستەش چاوەڕوانی بووکین!.. ئیتر بۆ ورەمان نییە؟!.
ـتۆ هەبێ نەبێ سیخوڕ/ جاسوسی حکومەتی ، ئەگینا چۆن قسەی وا ئەکەیت؟ ڕۆڵەگیان کاتێ من ئەو چەکەی تۆم بەشانەوە بوو.. ئەزانی تۆ لە کوێ بوویت؟. کار گەیشتبووە شوێنێکی باریک، ناو مزگەوت نەبوایە ئامبازی سەری دشبوو.
▪ ئەها وا دەمت درێژە دیارە (.......) یت؟!!. نەواڵله بە ژیانم/ حەیاتم(....) نەبووم.. هیچ نیم!. کوردم ئەوەم تۆ پێی دەڵێی (جەماوەر)!.

ـئێستە بۆ کەس قسە ناکات، تۆ بوویتە پارێزەر/ محامی؟!. قسەی چی بکەن؟!.. ئەوەندەتان لە حەوزی هاویشتوون کێ دەوێرێ قسە بکات؟!.
ـ دیارە تۆ لە حەوز هەڵنەکێشراوی بۆیە وا دەمت گەرمە. بەرێ والله بەسایی خوا و سەری ئێوەوە پیرێ وسکیان لەو حەوزە دەرکردن.. ئا برادەرێکی وەکو تۆ ئەیووت تۆ ڕەجعیت و پیاوی ئەو دیووی!..
ـ دەک دەستیان خۆش بێ، قەرەچشناخی وەک تۆ هەر بۆ ناو حەوز چاکە. باشە ئێستە تۆ چیت ئەوێت؟. بۆ خۆم؟..
ـئا .. ئا بۆ خۆت ، بۆ شەیتان؟ والله هیچ!..
ـ ئەی ئەم دەم درێژییەت لە چییە؟ کوڕم بۆ تۆ دەگریم.. تۆ جوانکەیت هێشتە وەک مامی خۆت تاڵ و سوێری ژیانت نەچەشتووە، من سەیری ئەو قەد و باڵایەی تۆ دەکەم!. تو خوا حەیف نییە بەدەستی براکەی خۆت بچیت؟ یا تۆ یەکێکی وەک خۆت بکوژی و دوژمنیش پێتان خۆش بێت؟. هەندێ بە خۆیا ڕوانی، قسەکانی مامە حسە دایکی بیر هێنایەوە کە هەموو جارێ دەیووت:« تۆزێ بوەستە با تێر سەیری ئەو بەژن و باڵایەت بکەم... ئاهـ مەرگم پێش مەرگت کەوێ».. بۆیە خاوی کردەوە.
ـئاخر خاڵە گیان کەی خەتای ئێمەیە؟.. کوا ئێمە چیمان کردووە؟ ئەوە ئەوانن شەڕ بە دنیا ئەفرۆشن!!... باوکەکەم ئەوانیش هەروا دەڵێن، ئەوان دەڵێن: «ئەوانە گەلەکۆمەیان لێ کردووین و دێنە سەرمان»!!..
ـباشە کاممان ڕاست ئەکەین؟!.. هیچ لایەکتان!..
ـچۆن هیچمان ؟! دوان بەشەڕ بێن خۆ ئەبێت خەتای لایەکیان بێت. ئا ئەفەر لەسەر گیسکێ بەشەڕ بێن، ئەبێت خەتای لایەکتان بێت.. بەڵام کە لەسەر مایینی نەبوو بەشەڕ هاتن ئەوا خەتای هەردوو لاتانە.. نەگبەتی سواری شانیان بووە و شەیتان هانیان دەدات!. نەیدەزانی خۆی لەم بەڵایە چۆن ڕزگار کات، خراپ تووشی گون ڕەشی خۆی بووە، ویستی لە کورتی ببڕێتەوە:
ـ کورە کەی ئەوە اسەیە، تاکەی واز لەم پڕوپوچێتییە/ خەرافاتی جنۆکە و شەیرانە نایەنن؟.. بۆیە حاڵمان خۆشە. ئەی خۆ ئێوە دەمێکە وازتان لەو شەیتان و مەیتانانە هێناوە، بۆ حاڵتان لەوەی ئێمە چاکتر نییە؟!.. ئەم دێیە ١٠٠ ماڵ دەبێت، ساڵی دوو شەڕی تێدا ناقەومێ!، کە قەسماش دوو ڕیش سپی، مامۆستای مزگەوت، پیاوێکی ماقوڵ کەوتە بەینەوە دەکوژێتەوە.. دەی ئەوەتا ئێوە ئەو هەموو دۆڵ و دەشتەی کوردستان ناتان گرێتە خۆ و لە زەمانی عەولکەریمەوە شەڕە لیس و شەڕە شەقتانە!

▪ ئاخر ئەوە دەستی دوژمنە، هی کۆلۆنیالیستانە!. ئیستعمارە!.. ئەوەشیان شەیتان و جنۆکەی ئێوەیە!. کاکە ئێوە خۆتان دەرگا بۆ دوژمن و کۆلۆنیالیست نەکەنەوە بە کولانباچکەدا نایەتە خواریٚ..من ئەوە ڕیشم سپی بوو کۆلۆنیالیستێکم نەدیت... هەر کوڕی جوان خاسی وەکو تۆ بووە و کەوتۆتە گیانی براکەی.. ئیتر بۆ لە ملی کۆلۆنیاکیستی دەپێچن؟!.. خۆ ئەوانەی تریش هەر باسی کۆلۆنیالیست دەکەن!.. با مامی خۆت نەزیلەیەکت بۆ وەگێڕیٚ:« دەڵێن کابرایەک دەچیٚ بۆ حەج، لە شەرعا شەرمی نییە، لە ڕێیە هەوەسی دەچێتە حوشترەکەی.. هەرچەند دەکات نایگاتیٚ! خوا و ڕاستان بیرێکی بە مێشکدا دێت، عەگالەکەی سەری لە ڕەفیسکی حوشتر دەپێچیٚ و کاری خۆی دەکات.. کە لێدەبێتەوە بەلای چەپدا وەردەچەرخیٚ و تفیٚ ڕۆ دەکات و دەڵیٚ: تف بە نەحلەت بیت شەیتان کاری چەند خەراپ بە پیاو دەکەیت!.. لەو کاتەدا شەیتانی لیٚ پەیدا دەبێت و دەڵی: تف! لە خۆت و بابت.. بەو خوایەی منی کردووە بە شەیتان ئەوەتای من هەم فێڵی وام بەخەیاڵدا نەهاتووە.. جا کاکە گیان ئەوەی خۆمان بە خۆمانی دەکەین بابی کۆلۆنیالیستیش ڕێی نەکەوتووە و ناکەوێت پێمان بکات...

▪ باشە با من بۆت شی بکرمەوە/ شەرح کەم. مامە حسە وەک کێچ ڕادەپەڕیٚ و دەڵیٚ: نا.. نا.. ن.. بە قوربانە لەوانەیان زۆر بۆ وتووم، ڕێگەم بدە/ ئیجازەم بدە با نوێژەکەم نەچێت، وەک لەمە دنیا بووم با لەوە دنیاش نەبم!.

**هێرش**

# خونچە پشکووتووەکان

**(( گۆپتەپە و گەرەوان هاودەردی سەبرا و شاتیلالان))..**

لە ئایارا بوو، بۆ سەری چەندەمین جار، گورگی بەعسی داگیرکەر کەوینەوە مێگەلی کورد. کەوتنەوە پەلاماری پیر و پەککەوتە و دەست و پێ سپی و ماڵو منداڵی پێشمەرگە بە گەورە و گچکە و ئەوەی دەستیان پێدا ڕانەگەیشت ڕایان دەدان بۆ گرتووخانە هیتلەراساییەکانیان.. دراوسێیان لەباتی هاوماڵ دەگرت و میوانیان بەخاوەن ماڵەوە دەپێچایەوە، کەسیان دەست نەکەوتایە دەکەوتنە ناو ماڵ و کەلوپەل و ڕق و کینە/ حقدی شۆڤێنیانە و کۆلۆنیالیستانەی خۆیان بەسەروبن کردنی ماڵەکە دەڕشت!!..

گۆڕ هەڵتەکێنە« مناخم بێگن» بەعسیانی قوتابیت سەد پەڵیان بە پشتی تۆدا داوە و ڕووی ڕەشی زایۆنیزمیتیان بە پۆدر و ئارایشی بەعسیانە سپی کردەوە، تازە تۆ نیت خوای شەڕ و کاولکاری و کوشتن و بڕین/ قەتلوعام، گەرا بەعسییەکانت ترووکاون و دەبێت تۆ خۆت حەشار دەی!!... هەر لەم مانگەدا بۆ سەری چەندەمین جارە، چولەکە نا!، زایۆنی نا! بەڵێ عەرەب! ئەمما عەرەبی خۆفرۆشی نامەردی بێ ویژدان کەوتنە گیانی فەلەستینییە بێ چارە و بەدبەختە ئاوارەکانی بێرووت، برینی (تل الزعتر) یان جارێکی دی لە (سەبرا) و ( شاتیلالا) و ( بورج البراجنة) دا کولاندەوە. نەیانهێشت برینەکەی پێراری سەبرا و شاتیلالا خۆش بێتەوە هێنایانەوە سوێ... بە هەستی فیز و بەخۆنازینیشەوە ئەم تاوانە دەکەن لە حاڵەتێکدا کە پێراری ئەو زایۆنیزمە ناوبانگ زڕاوانە لەسەر تاوانێکی وا دەیان کەسی خۆیان - بە ڕواڵەت و بۆ خۆڵ کردنە چاویش بێت - خۆکێشایە دادگاوە و ( شاروون) یان ناچار کرد دەست بکێشێتەوە/ استقالە بکات!؟.. کەچی برازاکانی «شاروون» ئیمڕۆ لە ( بێروت) دا بە بەرچاوی هەموو عەرەبەوە بەدەستی عەرەب و مبارەکەی ضمنی هەندێ عەرەب فەلەستینی یان سەردەبڕنەوە!!.. بۆیە خەڵکی کورد و فەلەستینی یەک ڕێیان لەبەرە کە تا ئیمڕۆ نەیان گرتۆتە بەر، ئەویش (( یەکێتی و یەکێتی و یەکێتی)) ڕیزەکانیانە!!..

پشت هەڵکردنە لە کوردی خۆفرۆش و عەرەبی بازرگان، بەخۆداچوونەوەیەکی قووڵە بۆئەوەی کۆتایی بەم مەرگەساتەی ئەم دوو گەلە قارەمانە غەدر لێکراوەی مێژوو بێنین.. ئێمە لەگەڵ ژان و ژواری خۆماندا، کە کەس دەنگ و ڕەنگیشی نابیستێ، هاودەردی خۆمان بۆ ئەو گەلە قاڕەمانەی فەلەستینی دەردەبڕین. خوێنێ لە ( سەبرا) و ( شاتیلا) و ( بورج البراجنە) دەڕوات بە خوێنی گەرمیان و گۆپتەپە و گەڕەوان و سەرتاسەری کوردستانی خوێناوی دەزانین..

ڕوو ڕەش بێت ئەوەی پێش ئەوەی هەر شتێ بێ، لەخزمەتی میللەتی خۆیدا نابێت!!...

**زەردەشت**

# هەر جارەی بیرێ

**دەبێ!!**

من دەزانم بە ( دەبێ و نابێ) شت پێک نایەت، کەرەسە و زەمینە و پێداویستییەکان/ مستلزماتی گەرەکە، بەس چ زیان / زەرەرریش نییە مرۆ لە مەسەلەکان بگات.. نەک هەر زیانی نییە بەڵکو پێویستیشە تێیان بگەین و بزانین تا بتوانین چکە چکەش بێت، ئەو کەرەسە و زەمینە و پێداویستییانەی بۆ بخەین. لەمەوە ڕێم بە خۆدا کە سەرنجێکی ( کادر) و ڕۆڵی /دەوری بدەم.. ئەم چەند خاڵانە زادەی ژانێکی سەختن، خودا بەخێری بگێڕێ و وەجاخی ڕوونی لێ بکەوێتەوە.. بەمجۆرە بە باسەکەدا دێم: وتراوە کادر دینەمۆی حیزب و پردی نێوان سەرکردایەتی و جەماوەرە ئەگەر وابێت:

١- دەبێ ئەو کادرانە کەسایەتی مینۆکی / شەخصیەتی مەعنەوی خۆیان هەبێ، ئەو کەسایەتییە مینۆکییەیان بە دەستوور و پێڕەوی حیزبی دیاری کرێ و بپارێزرێ و زامن/ ضمان بێ بۆیان.

٢- دەبێ بەشدارکرێن لە دروستکردنی بڕیاری حیزبیدا، پرسیان پێ بکرێ ، گوێیان لێ بگیرێ شتی چاک و دروستیان تبنی کرێ سنوور بۆ دەسەڵات و مافەکانیان دانرێ، وەک سنوور بۆ کار و ئەرکەکانیان دەنرێ. هاوسەنگی/ توازنی هەبێ لە نێوان کار و ئەرک و ماف و دەسەڵاتیان دا نابێ کۆمەڵێ تووتی یادیکۆر بن.

٣- خۆمان و ئەوانیش و هەموو بنکەی/ قواعدی حیزبیش بە گیانی ناوەندی/ مەرکەزیەتی هوشیار/ واعی ڕابهێنین.سەری هەستەوەرایەتی/ احساساتی کەسی و تاکی/ فەردی ناحیزبی بۆ ناوەندێتی هوشیار نەرم کەین. نە ئەوان وا لە ناوەندێتی بگەن کە نەرێنی/ سەلبی کەسایەتییانە/ شەخصییەتیانە و کردنە ئامڕاز/ ئالەتە.. نە ئێمەش وای تێ بگەین کە ئاغا و نۆکەرایەتییە. ڕێزی بەرانبەر و هێز و پێزی یاسا و ناوەندێتی حیزبی ئەو چوارچێوەیە دروست کات. مەفهومی ناوەندێتی حیزبی وایە و دەبێ وای تێبگەین کە تەرجەمەکردنی بڕیاری حیزبە ( بە هەموو هێز و پێز و ڕەوایەتی/ شەرعیەت و شەرەفێکەوە) لەسەر دەستییەکێکدا کە لەو کات و سات و شوێنە و لەو هەنگامەیەدا نوێنەرایەتی/ تەمثیلی حیزب دەکات. جێبەجێکردنیشی سەلماندن و قەبوڵکردنی ئەو هێز و ڕەوایەتیەیە لە لایەن تاکێکی حیزبییەوە کە بە ئەرکی خۆی هەڵدەستێ و بڕیار و ویستی/ ئیرادەی حیزب جێبەجێ دەکات. بڕیاری حیزبی هەرچۆنێ بێ، پێش جێبەجێکردنی، ئاخر و ئۆخری گەنگەشە/ موناقەشە

هەڵناگرێ.. لەتەک ئەوەدا کە جێبەجێ کەرەکەی مافی دوایی ڕادەربڕین و ڕەخنە و گفتوگۆ لەسەرکردنی هەیە و مافی داواژردنی پێداچوونەوە/ اعاده النظر و اعاده الاعتبار ی هەیە.

بڕیاری حیزب دربێ بە ڕێوشوێنی ئسولّی و مەعقول دەربب‌ڕدرێت بە جۆرێ کە دالەنگینی کەسی بۆ بەرانبەرەکە و خۆهەڵدانەوەی بۆ بڕیاردەرەکە تێدا نەبێ. بەرانبەر ئەوە تاکی حیزبی هەرچۆنێ بێ نابێ هەڵسوکەوت و مامەڵەی/ تەعامول و ڕەفتارو لێپێچینەوە/ اجرائاتی بەرانبەری دەکرێ قەت و قەت لە ئسولّی حیزبی و چوارچێوەی پێڕەووپرۆگرامی حیزب بچێتە دەر.

سوکایەتی و سووکردنی ئەندامی حیزب ، سوکایەتی و سوکردنی ئابڕووی/ شەرەفی حیزبەکەیە ئەوەشی لێی بێدەنگ بێ بەشداری ئەو تاوانەیە سووک ڕوانینە هاوبیرانی حیزب و شکاندنی نەزمی حیزبی و ئسووڵی و جێبەجێ نەکردنی بڕیاری حیزبی و سەرپێچی کردن و پرکێشیش لادانە لە بنەڕەتەکان/ ئەساس و بنەماکانی حیزبایەتی و دەبێ لەهەر کەسێکەوە دەرچێ سنووری بۆ دانرێ و سزای قانوونی بدرێ.

٤- دەبێ هەمووومان لە پرنسیپی/ مەبدەئی دووەم و تەواوکەری ناوەندی بگەین کە دیموکراسییە. چونکە ناوەندی بێ دیموکراسییەت دەبێتە کۆیلایەتی/ عەبدایەتی و هەموو برشت و هێزێکی بەپێز و داهێنەری/ خلاقی حیزب دەکوژێ و دەیکاتە دەزگایەکی عەسکەری چەتەگەریانە و پاشان دەیشی پوکێنێتەوە. هەرواش دیموکراسیەتی بێ ناوەندێتی بەڕەڵایی و کەس بە کەسییە و سەرئەنجامی شیرازە پسان و نەزم تێکچوون و خۆکوژییە. دیموکاراسیەت مافی چوون یەک و هاوسانی ئەندامانی حیزبە لە بەرانبەر چارەنووسی حیزبدا. ڕێ خۆشکردنە بۆ بەشداری هەمووان لە دروستکردنی بینای فیکر و ئایدۆلۆجیەت و بیروباوەڕ و دانانی سیاسەت و ڕێباز/ نهج و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی حیزب، کە ئەمە هەماهەنگی و هاوکاری و زەخمی بنچینەیی/ ئەساسی دەدات بە کاری حیزبی کە پنتی ڕاگرتنی هێزی/ نوقتەی ارتکازی قوەتی حیزبێکە، توانای حیزب کۆی توانای هەموو ئەندامانیەتی لەگەڵ جیاوازیی چەندایەتی و چۆنایەتی ئەو تواناییانە، هیچ ممکن نییە توانای کەسێ یا چەند کەسانێ بتوانێ ئەڵتەرناتیڤ/ بدیل ی توانای هەمووان بێ یا ڕابەری بێتەوە. هەر کار و لێپێچینەوە/ ئیجرائی دەکەین و هەر هەنگاوێ دەنێن پێویستە زۆر بە ڕژدی/ جدی بگیرێ و بیری لێ بکرێتەوە هەمیشە چاومان لە دووی بەرنامە و نەخشە و هەنگاوەکانمان بێ ئاگاداری بین و تاو نا تاوێ چێکی بکەین و بەسەریدا بچینەوە.

خاڵی بەهێز و لایەنی پتەو و تۆکمەی تبنی بکەین و بیچەسپێنین و خاڵە لاواز و لایەنە چرووکەکانی تەتەڵە کەین و جیاکەینەوە و لێبکۆڵینەوەە/ دیراسەی باروهەل و مەرج و هۆی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ڕێک دەرچوون و تێ نەهێنانەوەی بکەین و هۆکانی بگێڕینەوە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکانی/ ئەسڵییەکانی...دەبێ ڕێگە و جێگە و ئسوڵی زانستی/ عیلمی و بابەتی/ مەوزوعی لە بۆ نەخشە و بەرنامە و بۆچوون و لێپێچینەوە/ ئیجرائات و بڕیارەکانمان بگرینەبەر.

تا ئەوپەڕی مومکن لە حەز و خوایشت و زاتیەتی خۆمانیان بە دوور بگرین، سەرنجی یەک لایەنە و گردەبڕ/ قطعی پێشەکی لەسەر هیچ هەڵنەچنراو و بەدبینی ڕووت و خالیس و خۆش بینی و خۆش باوەڕی ڕووت هەمیشە بەهەڵەدا بەرە و دەبێ هەموو باس و بابەتی سەرنجی هەموو لایەنێکی بدرێ و لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵسەنگێندرێ و وەکو خۆی هەیە وەربگیرێ و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ.

ڕەفتار و مامەڵەی/ تەعامولی بەغەیری ئەمە بێت لە شکست و هەڵە و پەشێمانی زیاتری لێ ناکەوێتەوە و هەرگیز کاوڕمان بە گیای بەهاردا ناڕوانێ.

دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە کەس نییە، ( عیلم المحیط) ی هەبێ و خەتمی هەموو شتێکی کردبێ. زۆرچاک دەشێ و دەبێ بە هەڵەدا بچین، ئەمە سوننەتی ژیانە.. بەڵام پێ داگرتن لەسەر هەڵە و سووربوون لەسەر گومڕایی ئەویان بەڵای بەڵاکانە....

# ماڵاوا

**{{ دەردەکورد دەرەمانی کوردیی گەرەکە}}**


دەردەکورد هەر کۆمەڵگەیەی، لەکات و سات و بار و هەڵکەوت و هەل و مەرجێکی تایبەتیدا کێشە و گرفت داخوازی و پێویستیی خۆی هەیە کە بە پێی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئەو کێشانەی بەرەنگاری بوونەتەوە و ئەو هەنگاوانەی لە پێشین و ئەو یاسا و دەستورانەی حوکم و فەرمان لەنێویدا و بە کورتی بە پێ ی واقعی تایبەتی دەگۆڕێ و جیاوازە.

ئەمەش هیچ ناکۆکی نییە لەگەڵ ئەو ڕاستیە سەلماوەدا کە مرۆڤ بەگشتی و سەردەم و قۆناغە مێژووییەکان و کۆمەڵگە لێک نزیک و هاوژان و هاوئاواتەکان بەتایبەتی لە یاسای گشتی بوون و بزووتنەوە و گۆڕان و گەشە و خەبات و جولانەوەی کۆمەڵایەتیدا هاوبەشن. لە مەیدانی ماددەی ڕەق و تەق و بێ گیان و بێ خواست و ویستدا یاسا و دەستوراتە عیلمی و گردەبڕەکان بەندن بە باوەڕ و هەلومەرجی دیارەوە و بەپێی گۆڕانی ئەو باروهەل و مەرج و هەڵکەوتانە یاساکان وەجهە و ڕێچکە و تایبەتیەکی تەواو بەخۆیانەوە دەگرن.

کە دەڵێین ئاو لەسەد پلەی گەرمدا دەکولێ بەندە بە مەرجی ئەوەیئاوەکە بێ گەرد بێ و لەسەر دۆخی دەریا بێ و لە دەفرێکی کراوە و لەژێر پاڵەپەستۆی ٧٦٠ ملم جیوەدا بێت. ئاوی کانیاوێکی قەندیل لەو پلەیەدا ناکولێ، یا ئاوی دەریا لە کانێکی خەڵوزی ئینگلتەرەدا هەر لەهەمان پلەدا ناکولێ بۆیە لەتەک زانینی پلەی ستاندەری کولانی ئاودا پێویستمان بە زانینی بار و هەل و مەرج و هەڵکەوتی ئەو کولانەیە و دواتر زانینی یاساکانی گۆڕانی ئەو باروهەل و مەرج و هەڵکەوتانە و هۆ و هۆکارەکانی و سەرەنجامەکەشی دەبێتە تەواوکەری زانینەکەمان لەمەڕ زانستی کولانی ئاو، بۆ کولانی ئاو هێندەی پێویستی ی زانینی ئەوانەی پێشوو و پێویستمان بە زانینی ئەو ئاوەیە کە دەمانەوێ بیکولێنین.

لەمەوەیە کە باوەڕمان بەوەیە:( دەردەکورد، دەرمانی کوردیی گەرەکە). دەبێ دکتۆرە دێمەکانی کورد بزانن، یا کاری پێ بکەن؟!...

تا یەکێکمان لێ ڕاست دەبێتەوە و بە دەممان دا دەکوتێ... ماڵاوا<<>



# پێش ئەوەی هەر شتێ بین، دەبێ کورد بین
# کوردستانێکی ئازاد...... گەلێکی یەکسان
# ئاڵای سووری کوردایەتی

**ئۆرگانی ناوەندی هێزی پێشمەرگەی – پاسۆک**

**چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە**

**ژمارە ٣٣ ئابی ١٩٨٥**

# <u>بابەت و ناوەڕۆک</u>

+ سەروتار لەسەراسوێی شەشەمین ساڵی..
+ ڕازێکی کوردانە : دوژمنان و داگیرکەرانمان چێتر بناسین
+ بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە....... زیندەخەوی باوکێ شاهۆ
+ مشتەی ناو هەمانە ،،،، پرسیار و وەڵام
+ قوتابخانەی پاسۆک: بەخۆداچوونەوە
+ پەرێزی ئازاد: بانگەوازێک (هاوبیر)
وەڵامتان چییە بۆ مێژوو( کۆڕەک)
ڕۆڵەیەکی دی (کۆڕەک)
پێنووسی قنج ئازادی
+ خونچەی پشکووتووەکان... شوڕ ش و پێویستییەکانی سەرکەوتنی( کۆڕەک)
+ هەرجارەی بیرێ....... چ بکەین!! ( عەلی)
+ ماڵاوا...................... ئەوەی خزمەتی میللەتی خۆی پێنەکرێ
کەڵکی کەسێکی دیکە ناگرێت

# سەرووتار

**" لە سەراسوێی شەشەمین ساڵی شەڕی عێراق و ئێران دا"....**

شەڕی عێراق و ئێران خەریکە پێبنێتە ساڵی شەشەمییەوە، شەڕێکە کە خواستی کەس و هەڵەی تەکنیکی و هەژماردرشتی نەبووە. ڕێکەوت و لەدەستدەرچوونی سەرشێت و سەرچڵانەی دیکتاتۆرێکی بەخۆنازیووی فووتێکراویی نەبووە. هەڵدێرێکی زۆر سروشتی و بابەتیی چارەنووس و قەدەری فیکر و ئایدۆلۆژیەت و ڕژێمەی کە ناتوانێ لەگەڵ کەسی دیکەدا هەڵ بکات و کەسی پێ (تحمل) ناکرێت. سەرچەشمە و ڕەگی ژیانی خوێن و فرمێسک و ئاژاوە و پیاوکوژییە. بێ ئەوانە ناتوانێ ببێ و بمێنێتەوە. هەر لەسەرەتای حوکمیانەوە ئەوانە کاسەی ژەهر و قینی سەرهەڵکردوویان بە سەر گەلەکەی ئێمەدا ڕستووە، کە ناچارکران و چۆکیان پێ دادان. دەرکەوت کە ئەو ماوەیەی داکەوتی خۆمەڵاسدانەیان کە بەرگێکی پەمەیی و ئاڵی شۆڕشگێڕانەشیان پۆشیبوو بۆ ئەوە بووە خۆیان بۆ گەڕێکی دیکە و خولێکی دیکە قایم کەن و ساز دەن. زۆر بەداخەوە کە لە هەموو لایەکیشەوە بۆیان چووە سەر. شۆڕشی کوردیان بە چوار ساڵان بە ڕواڵەت ئاستی سڕکرد خەڵکیان کێشایە سەنگەرەکانی خۆیانەوە بەشێکی زۆری دەوڵەتانی دنیایان بەدەم چەورکردن و فریوودان کردە دۆست و هاوکار و هاوپەیمانی خۆیان. کەرەسەی مەرگیان خستوو و بەرنامەی لەنێوبردنی شۆڕشەکەمان و خۆمانیان کێشا. ئەوەی ویستیان و تا ئەو شوێنەی ئیمکان بوو کردیان شۆڕشی کوردیان گەمارۆدا هەرەسیان پێ‌هێنا و جا کەوتنە بەرنامە دێرینەی بەعسایەتی بۆ لەناوبردنت گەلەکەمان تا ئەو ڕۆژەی کار؟؟؟؟ ئەو سەرەوە نیوەی کوردستانەکەمانیان بە عەرەب کرد و خەڵکەکەیان بەعسیاند و ڕاگوێزرایەوە و دەرپەڕاند.

نیوەکەی دیکەی مابۆوە کە بە بەرنامەیەکی هاوکاری کۆنەپەرستی عەرەبی( تضامن ی رجعی عەرەبی) بە هاوکاری و کۆمەکی (میسر و سعودییە و ئوردون و سودان و سۆماڵ) دەیانویست لەسەر نەخشە بوونی خۆمان و نیشتمانمان بسڕنەوە... خۆ ئەگەر لەسەر هۆی بنجیی و بنەڕەتیشەڕەکەی سەلماندن و نەسەلماندن هەڵسێ گومان لەوەدا نەماوەتەوە کە بەهانەی ئەوەڵ و ئاخری شەڕەکە پاشخانی ڕێکەوتنە

شوومەکەی الجزائیر بووە. ئەمانە ڕاستی و وانە و پەند و عیبرەتانێکن هەر کوردێ هۆش و ویژدان و ئابڕووی هەبێت ناتوانێ نەیسەلمێنێ و تێی نەگات و دوورییەکانی نەزانێ. کە سەلماندنی و تێگەیی و زانینی ئەگەر بە پێی داخوازی و هەڵکەوت و دوارۆژ و پێویستی و پێداویستییەکانی ئەرکی ئەم قۆناغەمان کاری نەکرد و بیری لە دەربازکردن و لە خەم ڕەخساندنی کورد و کوردایەتی نەکردەوە ئەوا یا پیاوی بێگانەیە یا بازرگانێکی سیاسی سووک و سەلیم!..

یا بەلانی کەمەوە ( دێزەیەکی سیاسی) یە تۆپینی خۆی و زیانی خاوەنەکەی گەرەکە. ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا کەوەک میللەتێکی هەمیشە چەوساوەی هەردەم داپلۆسراوی هەرگیز نەحەساوەی سەرلێواری مەترسیی لەنێوبردنی بوونی نەتەوایەتیمان لە هەر کەسێکی دیکە لەم دنیایە لە ژان و ژواری کۆستی وەرین و کارەساتی نا مرۆڤانە دەگەین و پێی دەهاژێین. لە هەموو کەسێ پتر حەز بە ئاشتی و ئاسایش و هێمنی و برایەتی و دیموکراسییەت و ئاسوودەیی دەکەین و بەرژەوەندی و سوودیشمان هەر لەو بوارانەدایە. پڕیشکی زۆری ئاگری ئەو شەڕانەی لەم دیو و ئەو دیوی کوردستان ئێمەی گرتۆتەوە ئەسڵەن شەڕەکە لە دیدگە و مەبەست و ڕوانگە/ منطلقی بەعسی یانەوە لەسەر پێستی ئێمە بووە ئێستەش کورد لەبەردەم مەترسی سەرئەنجامی ئەو شەڕەدایە... لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا و کە حەز دەکەین و ئاواتمانە ئەو ڕۆژە بێتە پێش کە بە سەرنگوومبوونی ڕژێمەکە ئاشتی و هێمنی باڵی بەسەر کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا بکێشێ... بەڵام ئەگەر بەوە تەواو بێ و بۆ ئەوە بێت بادانەوە سەر کورد و قادسییەکی سێیەم بۆ کورد بسازێنن، حەز دەکەین و ئاواتەخوازین چۆلەکە بەکوژێکی داگیرکەر نەمێنێ توانای دەست بڵندکردنەوەی بەرانبەر بە نەتەوەکەمان هەبێت.. بەڵام ئەو حەزە بەس نییە و بەتەمابوونی ماڵەدراوسێیە کە لەوانەیە بێ شێو سەر بنێینەوە.

حاڵەتێکی نەرێنی و خۆبەدەم ئاوەوەدانە.. بزووتنەوەی کوردایەتی دەبێت خۆی بە بەهرەوەرگرتن؟؟؟؟؟ محطیات و هەن و مەن و دەرفەتێکی ڕەخساو - کە ئەم شەڕە گەورەترین دەرفەتی مێژوویی بووە بۆ کورد - بۆ خۆی بسازێ و بڕەخسێنێ..

تا لەسەر ئەرزی ڕەقی خۆمان – بەپێی خۆمان خۆ بەپێوە بگرین و بە بازووی خۆمان کاری خۆمان سازکەین و چارەنووسی خۆمان بەدەستی خۆمان وبەو

جۆرەی دەمانەوێ و لە سوود و بەرژەوەندیمانە دیاری بکەین.. ئەمە نەک دەکرا و دەشیا و زۆر دەست هەڵێنی و بێ ئەرک و مسۆگەریش بوو. ئەگەر هێزە سیاسییەکانی کوردستان و ڕابەرانی کوردایەتی لە ئاستی بەرپەسیاریێتی مێژوویدا بوونایە و بیرێکی جددی و دڵسۆزانە و ڕاستییان لە چارەنووسی شەرەفمەندانەی خۆیان و بە پەرۆشانەی میللەتەکەمان بکردایەتەوە... ئەم ڕاستی و پێویستییانە مەتەڵ و معما و تەلیسم نین کە بۆیان هەڵ نەیەت ئەوانە ئەوەندە بەرچاو و بەرهەستن کە پیرێژنە نەخوێندەوارێکی ڕەوەند درکیان پێ دەکات و داواشیان دەکات. لە حاڵەتێکدا ڕابەرانی کوردایەتی نامەخوا وانەی حەوت شەیتان دادەدەن و لە حەفتا ئاو دەدەن – بەس بۆ خۆیان – قوولە پێیان تەڕ نابێت!!...

ئێوە سەیرکەن لەو ڕۆژەوە یەکەم تۆپی شەڕەکە تەقی چ گۆبەند و ئاژاوەیەک لە کوردستان دا دەگێڕدرێ!.. چ جرت و فرت و (تحرکات) ی چەند سەرەو گومناویەکە لە نێو بزووتنەوەکەدا چۆن ڕیزەکانی کوردایەتی لەبەر یەک کێشراوەتەوە و هەر یەکەی کەوتۆتە بەرەیەکەوە. شانۆ و کارەساتێکی ماڵ وێرانکەر و حەیابەر لە کوردستاندا دەگێڕدرێ؟!... خەتای کێیە؟!.. تەبیعی هەرهەمووی و لە بابەوە تا میحرابە!.. ئەمتان زۆر وئەویان کەم مەسەلەی چەندایەتییە، ئەگین لە چۆنایەتی خەراپەدا یەک جەوهەرە بەچەند شێوە و مانایەک. جا ئەوەی چووە چووە تازە ناگەڕێتەوە بەڵام دەتواندرێ زیان لە نیوە بگێردرێتەوە هێشتا ماویەتی و دەتوانرێپینەی ڕابردوو بکرێ و خەمی داهاتوو بخورێ... با لە ساڵی شەشەمی ئەم شەڕەدا یا با بڵێین لەو دەرفەتەدا بەخۆدا بچینەوە و بە ئازایەتی ئەدەبی و شۆڕشگێڕانەوە وەکو خەڵکانێکی دڵسۆز و بەئابڕوو بۆ چارەنووسی میللەتێکی بەر مەترسی لەبەینچوون دەست بەرداریی گومڕایی بین و خۆ کۆوەکەین و یەکگرین تا بەر مەترسی هەر پێشهاتێکی ناهەمواری ڕۆژگار بگرین و بەشدارییەکی بەرچاو بکەین لە ڕمانی ڕژێمەکە و کۆتایی هێنان بەم کارەساتی شەڕ و تەمەنی ئەو ڕژێمە ڕەگەزپەرستە فاشییە و دیاریکردنی چارەنووسی گەلەکەی خۆمان و چارەنووسی گەلی عێراقیش.

#######

## ڕازێکی کوردانە:

**با دوژمنان و داگیرکەرانمان چێتر بناسین**

پێکگرتن یا(قیاس) لە کۆنەوە یەک لە سەرچاوە گرنگەکانی یاسا و دەستووری شەریعەت بووە، پێکگرتن دۆزینەوە و دەرهێنانی حوکمێکی دەستوورییە لەسەر بناغە و بەر ڕۆشنایی حوکمێکی پێشووی بەرچاو و دیاریی چەسپاو.. بەرابەرکردنەوەی دیاردە و مەسەلەیەکی نوێ و تایبەتییە بە مەسەلەیەکی حوکم لەسەردۆخی چەسپاو. ئێمە لێرەدا دەمانەوێ بەپێی ئەو سەرچاوە و بە بەکارهێنانی ئەو کەرەسەی حوکم هەڵهێنجانە مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بخەینە بەر ڕۆشناییەکی ڕوونترەوە مەغدووری کورد لە بەرانبەر مەغدوورییەتی چەسپاو و سەلمێندراوی چەوساوە و غەدرلێکراوی هاودەردەکانمان دا ڕاگرین. دوژمنان و داگیرکەرانیشمان ڕەفتار و کار و کردەیان بخەینە تای ئەوبەری تەرازووەکەی چەوسێنەرە هەرە دڕندە و شێوەکانی کۆن و نوێ.. بۆئەوەی ڕێگا لە هەندێ دەوەن بە ئاشی فکری و حانەحەپەشێی سۆفسەتائیانەی کە ئیمکانە لە زەمینەی هەستی بەکەم گری و گرێی ڕک لێبوونەوە و کۆسمۆپۆلیتانەی هەندێ سەقەت بووی هەستی گەلەکەی خۆمان و .... شۆڤێنیستی و ڕەگەزپەرستایەتی ئاشکرا و داپۆشراو و هەستی خۆ بەزلزانی و بیری بۆرژوا بیرۆکراسی نەتەوە سەردەستەی خەڵکانی بەرانبەری..... سەرهەڵ دەن ببڕینەوە. زۆربەی.... دەڵێین کە ئەوانەی ئێمە دێینە سەر باسیان بەچاوی کوێردا دەچەقن ... لە بەڵگەنەویست بەڵگەنەویسترن. بەڵام بە جۆرێکی وا شێوێندراون تەمومژی زۆر بەدەوردا هەڵسێندراوە کە دەرفەتی ئەوە دەدات بە کەسانی سووک و هیچ ڕیشەی گەلە چەوساوەکە و بەرچاوتەنگ و شۆڤێنیستی گەلە سەردەستەکانی بتوانن تەپوتۆز و لغو بەدەوری مەسەلەکەماندا هەڵسێنێ و پایە و پێگەیەتی و ڕەوایەتی بەجۆرێ لاواز و کەم بایەخ بکەن تا دەگەیەننە ئاستی پاشکۆیایەتی و پلە دوو و سێ و هەشتەمیشەوە. کە بەمە ڕێ خۆش دەکەن ....

ترسی هەموو جۆرە ڕۆچوون و دانە دواوە و ( خۆکردنە قوربانی غەیر) و ... هەتا باوەڕ بەخۆ نەبوون و خۆ لەبیرچوونەوە و خۆدۆڕاندین! تا حاڵ گەیشتە ئەو شوێنەی زۆرجار خەڵکی سادە و ساویلکە ی نانەتەوەیی تێدەکەون. وێران تر ئەوەیە کە ئەم پەتایە مەترسیی سەرتاپاگیریی لێ دەکرێت و هەنگاوی یەکەمە بۆ لەدەستدانی ناسنامەی نەتەوەیی و تایبەتیی مەسەلەکەمان....

ئێمە بۆ سەلماندنی ئەو قسانەی سەرێ تەنها ئەوە دەخەینە ڕوو کە زۆربەی هەرە هەرە زۆری کەسەکان و هێزە نەتەوایەتی و دیموکراسی و پێشکەوتووخوازە بەرهەڵستکارەکانی عێراق (کە لە چاو پارچە پێوەبەستراوەکانی دیکەی کوردستان پێشکەوتوتر و بەرچاو ڕوون تریشە!!) دوو ئاتەشە و تەرەفە سوور سنگی خۆیان بۆ هەر گەلێکی چەوساوەی داگیرکراوی سەر ئەم گۆی زەوییە دەکوتن وا بێ زمانگرتن و بە پەڕگیریشەوە/ تطرف پشتگیریی لە خەباتی ئەو گەلانە دەکەن.. بەڵام کە دێتە سەر گەلی کورد و مەسەلەی نەتەوایەتی کورد بە گشتی بە سەد ناری عەلی ئۆتۆنۆمی/ حوکمی زاتی بۆ دەسەلمێنن و ناسەلمێنن و سەد ( بەڵام و ئیمما و ئحم و ئەمسەرەوسەری) تێ ڕۆدەکەن..

مافی دیاریکردنی چارەنووسی بێ مەرجی بۆ ناسەلمێنێ وڵاتەکەی بە ئاشکرا و بێ تێهێشتنەوە و ..... بەهی ئەو نازانێ!..سەربەخۆیی و کیانی سیاسی سەربەخۆ ئەوا هەر باسی ناکەن!. داگیرکەرەکانی بە داگیرکەر و کۆلۆنیال و وڵاتەکەی بە کۆلۆنیالکراو نازانێ!.. خۆ کوردی شۆڕشگێڕ زۆر هەن لە باسی یەکپارچەیی کوردستان شاخ دەردەکەن و یەن هەر دووپارچەی کوردستان هەر قووت دەدەن!.. بیبیت و بڵێی ئەوەی ئەو داگیرکەرانە کردوویانە و دەیکەن کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی لە هیچ شوێنێکی کۆلۆنیالکراوەکانیدا/ موستەعمەرەکانی پەی پێ نەبردووە. یا ئەوەی ڕژێمی بەعس و تورکیا دەیکەن ئیمپریالیستی ئەمریکی بۆ خۆی نەکردووە. یابەعس لە زایۆنیزنەکان نامەدانەتر هاتۆتە گیانی کورد ......!!!! کێ دەڵێ : وانییە! با لەسەر ئەم لاپەڕەنەدا سەبەتە لەسەر جوجەڵەکانی هەڵ بدەینەوە...

هیواداریین ئەم بەراوردکردنە ئەم پێکگرتنە هەم ببێتە دەمبەستی ئەو دەمە ڕەشانەی هەتا چاویان بە کارەسات و مەرگەسات و گەلەکەشمان هەڵنایەت و لیمان بە زیاد دەزانن هاوار و ناڵەی ژێر قامچیمان لێ ...... و هەم بەشدارییەکی چکۆلانە بێتو بۆ خۆدۆزینەوە و خۆناسینەوە و هەم هەنگاوێ بێت بۆدەست نیشانکردنی وردتر و قوڵتری داگیرکەرە کۆلۆنیالییە فاشیستەکانمان و ڕێگەچارەسەری کێشەکەمان بەرەو( ئازادی و سەربەخۆیی سەرتاسەریی نەتەوەکەمان کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی ئازادانە بەردی بناغەی بێت...

١- ساڵی ١٩١٧ بەڵێنی بلفۆڕ خەنجەرێ بوو لە کۆڵەسنگی فەلەستینی درا.
٢- ساڵێ پیش ئەو لە ١٩١٦ دا پەیمانی سایکس پیکۆی نێوان ( ئینگلستان و فەرەنسا و رووسیای قەیسەری) کێردێ بوو کوردستانی پێ بەشبەش کرا.
٣- بەڵێنی بلفۆڕ، وادەیەک بوو ئینگلیز دای جولەکەکان کە ( نیشتمان) یکیان بۆ لەفەلەستینی خاکی عەرەب دا دروست بکەن.
٤- پەیمانی سایکس پیکۆ ، هەنگاویکی کرداریی بوو بۆ دابەشکردنی کوردستان بەسەر چەند کیانیکی سیاسی زۆڵکە و کۆلۆنیالیستانەدا... پاش کەمێ جێگۆڕکێ و ئاڵتم و ساڵتمە لە نێوان ئینگلیز و فەرەنسییەکان دا ( ویلایەتی موسڵ) کە بەشی هەرە زۆری باشووری کوردستانی دەکرد - خرایە سەر عێراقی عەرەبی و کیانی سیاسی عێراقییان لێ دروست کرد. چۆن شا فەیسەڵێکی دەستکردی خۆیان لە حیجازەوە هێنا- پاش ئەوەی فەرەنسییەکان لە سووریا دەریان پەڕاند- تاجی خزمەتکارییان خستە سەری ە بە زۆر و بێ ویستی کورد کردیان و پادشایناموبارەکی عێراق( بە بەشە کوردستانەکەیشەوە)..
٥- جوولەکە فشە بەهانەیەکی وایان بەدەستەوەیە کە گوایە کاتی خۆی سەرزەمینی فەلەستین هی ئەوان بووە و دەرکراون، ئێستا دەگەڕێنەوە.
٦- بەڵام لە کوردستاندا ئەو فشە بەهانەیەش نەبووە، چونکە کوردستان جگە لە نەتەوەی کورد موڵکییەتی هیچ گەلێکی دیکەی بەخۆیەوە نەدیتووە.دەیان هەزار ساڵە نەتەوەی کورد لەسەر کوردستانی نیشتمانی بووە و کۆنترین گەلێکی ئەم ناوچەیەشە. یەکەم ڕەوی عەرەب لەسەردەمی خەلیفەی دووەمی لەگەڵ لەشکری ئیسلامدا هاتە عێراقەوە ئەوسا سەدان و هەزاران ساڵ بوو کە کورد لەو ناوچەیەدا بوو. یەکەم کۆچەری تورک هەزار ساڵ نابێت پێیان ناوەتە ئەم ناوچەیەوە و نەتەوەی ژورد پێش خێڵە فارسەکانیش لەم ناوچەیەدا بوون و یەکەم ئیمپراتۆرییەتیان بەناوی ( ماد) ەوە دروست کردووە.
٧- ئینگلیزەکان پاش سێ ساڵ لە بەڵێنەکەی بلفۆڕ نیوەی سەرزەمینی فەلسستینیان دا بە جوولەکەکان و نیوەکەی تریان بۆ عەرەب هێشتەوە.
٨- کۆلۆنیالیزم هەر لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی جیهانی یەکەم ا پاش سێ ساڵ کەمتریش لە پەیمانە ڕوو ڕەشەکەی ( سایکس پیکۆ) هەموو کوردستانی باشووریان خستە سەر عێراق و لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیان دابڕن!...لەو ڕۆژەوە کۆلۆنیالیزمی ئینگلیزی و حکومەتە دەستکردەکانی عێراقی و پاس کۆلۆنیالیزمی

عێراقی خۆی نکۆڵی لە بوون و نیشتمانەکەمان دەکەن و بە بەشێ لە نیشتمانی عەرەبی دادسنێن- لە بیرمان نەچێت هەندێ نیشتمانپەروەر جاربەجار لە دەمیان دەردەچێ و شتی وا ڕادەگەیەنێ!...

٩-ئەو پانتاییەی دراوە بە جولەکە (بێگومان بەڕەزامەندی هەموو دەوڵەتەکانی دنیا لەم سەرەوە بۆ ئەو سەریان جگە لە چیکۆسلۆڤاکیا).نێزیکەی ٢٤,٠٠٠km کم چوارگۆشەیە.

١٠-تەنها ڕووبەری کوردستانی کۆلۆنیالکراوی عێراق پتر لە ٨٠,٠٠٠ کم کە دەکاتە چوار ئەوەندەی هەموو سەرزەمینی ئیسرائیل لەساڵی ١٩٤٨ دا...

١١- ئیمڕۆ ئەو بەشەی لە کوردستان دابڕاوە و خراوەتە سەر ناوچە عەرەبییەکان و بە کوردستانیان نازانن نیوەی هەموو کەردستانی خواروەوە کە دوو ئەوەنشەی هەموو ئەو سەرزەمینە دەبێت کە لە فەلەستین دراوەتە جولەکە.

١٢- هەر ئەو بەشە کوردستانەی لە ساڵی ١٩٧٥ەوە تا ئیمڕۆ بەعسییە فاشستەکانی عێراق لە ناوچەکانی ( کەرکووک و خانەقین و هەولێر و موسڵ کردوویانەتە عەرەب و خەڵکی کوردیان بەدەر ناوە و عەرەبی خێڵەکیان تێدا نیشتەجێ کردووە. ڕێک بەقەدەر ئەو ڕووبەرە دەبێت کە لەساڵی ١٩٤٨ نەتەوەیەکگرتووەکان دایان بە زایۆنیزمەکان.

١٣- هەر ئەو بەشەی کە لە دوای جێبەجێکردنی حولمی زاتییە کارتۆنییەکەی بەعسی لە ناوچەکانی ( خانەقین و مەندەلی و ژەنگار و شێخان) لە کوردستان دابڕاون و خراونەتە سەر عەرەبستانەکەی عێراق ئەویش ڕێک هێندەی ئەو بەشەی فەلەستین دەبێت کە دەوڵەتی ئیسرائیلیان لەسەر دروست کرد.

١٤- لە دروستبوونی ئیسرائیلەوە نزیکەی ملیۆنێ فەلەستینی ئاوارەبوون.

١٥- بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥ وە ملیۆنێک و حەوت سەد و پەنجا هەزار کورد ئاوارە بوون و بەر سیاسەتی کۆچپێکردن و ڕاگوێزان و بەبەعسی و بەعەرەب بوون کەوتوون.

١٦- زایۆنیزمەکان لە کەناری خۆرئاوای ڕووباری ئوردون و جەلیل و ناوچەکانی دیکە( یەکەی نیشتەجێکردن/ مستوطنات زایۆیۆنیزمیان دروست کردووە و بەرە بەرە تەنگ بە خەڵکە ڕەسەنە عەرەبەکەی فەلەستین هەڵدەچنێ.

١٧- لەکوردستان زۆر خەراپتر و دڕندانەتر ئەوان هەر نەهاتوون خێڵە عەرەب بێننە کوردستان و یەکەی نیشتەجێکردنیان بۆ دروست بکەن، بەڵکو بە کۆمەڵ هەزاران گوندی کوردیان خاپوور کردووە و خەڵکەکەیان ئاوارە کردووە و ئینجا هاتوون یەکەی نیشتەجێی عەرەبییان لە شوێنیدا چاندووە. تەواو وەکو یەکەنیشتەجێکانی

زایۆنیزمەکانیش چەکدار و پیاوی هار و شۆڤێنیستی نیزامەکەن زۆر جاریش بەریان دەدەنە گیانی کوردەکان.

١٨- دێریاسین ئەو شانۆ دڵ تەزێنە بوو کە ویژدانی هەموو مرۆڤایەتی ئازادیخوازی هەژاند و هەتا لەنێو خودی ئیسرائیلیش دا هەڵلایەکی بەرپا کرد و ئێستا و ئەوساش گەلی فەلەستینی لە یادنامە و هەموو ساڵێ یادی دەکەنەوە.

١٩-لە کوردستان دا دەیان دێریاسین گێردراوە و هەر لەم ٦ مانگەی ئیمساڵ دا ١٤ گوند و شارۆچکەی وەکو «دێریاسین» یان لە کوردستان دا خاپوور کردووە. گۆپتەتە لە دێریاسین برینی قوڵترە!.. ئەگەر تاوانی دێریاسین بخەینە ئەستۆی ڕێکراوە توندڕەوەکانی « ئێرگۆن زفای لومی» حیزبی ...... بێگن دەوڵەتی ئیسرائیل ( بۆ شەرم و شکۆی نێو دەوڵەتانیش بێت) خۆی لێ بێبەری کردبێ... ئەوا ئەو ١٤ گوندە و گۆپتەپە بەدەستی ( حراس البواب الشرقیة)و (فرسان العروبة) و سوپا فاشستە داگیرکەرە فەرمییەکەی عێراق بووە.. بە تۆپ و تانک و فرۆکە بووە... دواین چەتە( .....ماڵەکانیان تالان کردوون و لە شاری کەرکوک دا هەڕاجیان کردووە.

کەچی ئەم تاوانە مووی سەری یەک تاقە دەوڵەتو دەزگا و ڕێکخراو و مێگەلی دۆستانەی) دنیای نەبزواندووە و تا ئیمڕۆ ڕژێمی عێراق لەسەر چەندین ...... چەک و کەرەسەی مەرگچێنی دەوڵەتانی دنیا دەلەوەڕێ یەک دانە _ ..... لە بیرمان بێ تەنیا یەک دانەیان – نییە مەرجی ئەوەی لەسەر دانێ( گوندەکانی) کوردستانی پێ خاپوور نەکات!..

٢٠- ...... گەلی عەرەبی فەلەستینی لەنێو خودی ئیسرائیل دا لەچاو گەلی کوردی داگیرکراودا فرسەت و دەرفەتی بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمەکەی گەلێ زیاترە. ڕاستییەکمان گوتووە کە بەداخەوە بەعسی ڕووی زایۆنیزمی پێ سپی کردۆتەوە!... کوردێنا و سەد نا و هەزارانیش تەنها لەسەردەمی ئەم بەعسییانەدا لەسەر قەوانە فیشەکێ ، لەسەر بەیانێ، لەسەر یارمەتیدانی پێشمەرگە، زۆرجار لەسەر ئەوە و تەنها لەبەرئەوەی خۆی بە کورد زانیوە و دوژمنی گەلی خۆی نەبووە لەژێر ئەشکەنجەدا بە پەتی سێدارە و بە گوللەی فاشیست لەناوبراون...

هەتا تەرمەکانیشیان بە کەسوکاریان نادەنەوە هەتا لەکەسوکارەکانیشیان قەدەغەیە پرسەیان بۆ دانێن... چەند حاڵەتی وا هەبووە کە دەستکاری ناسنامەی ئەوانەتان کردووە تەمەنتان منداڵ بووە و حوکمی لەسێدارەدان نەیگرتوونەتەوە... کەسێ لەباتی کەسێکی تر(لەبەر لێکچوونی ناوەکانیان) لە سێدارە دراوە. جێی باوەڕ

نییە لەم کوردستانەدا نەبێت کە پارە و ... دەستی کوشتنی ڕۆڵەکانی کوردیان لە کەسوکاریانیان سەندۆتەوە.

٢١- جاروبارێ ( ڕێکخراوەی لێبووردنی نێودەوڵەتان)، ( ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ) هەندێ دامودەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەونە خۆ و زۆر بۆ زایۆنیزمەکان دێنن کە سەری بەندیخانەکان بدەن و لە هەواڵی بەندە فەلەستینییەکان بپرسنەوە و زۆر جاریش مەحکومی ئیسرائیل بکەن. بۆ خۆشی ئیسرائیل هەندێ جار بۆ چاوبەست و خۆڵ کردنە چاو شانۆی دادگاییکردنی ئەوانە دەگێڕێ کە لە سنووری بۆدانراو لە ئەشکەنجە و ئازاری فەلەستینییەکان تێدەپەڕێنن.. بەڵام لە کوردستان ئەسڵەن خەبەرێ، ئەسەرێ لەم شتانە نییە. هەتا کەسوکاری خەڵکە سەرەونگوم کراوەکانیش ئاگاداری ڕۆڵەکانیان ناکرێنەوە...

هەر بۆ نموونە ( دەستەی تایبەتی کەرکووک/ هیئە خاصە کرکوک) لە ساڵی ١٩٧٦ وە تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٧ ٩٣ دانیشتنی دادگای گێڕاوە، کە تێکڕای ئەوانەی لە هەر دانیشتنێکدا بەر دادگایی کەوتوون لە نێوان ٦٠-٩٠ کورد بوون. لەوانە هەر دانیشتنێک ٨-١٠ کەسیان لەژێر ئەشکەنجە دەرنەچوون . ١٠-١٢ کەسیان بە لەسێدارەدان حوکم دراون.٤٠-٧٠ کەسیشیان بە حوکمی زیندانی بەدرێژایی ژیان دراون تا ٥ ساڵ حوکم دراون... تەنها ٧-١٢ کەسیان گیانتان بەدەر بردووە. هیچ دانیشتنێکی و دادگاییکردنێکیش لە ٣ کاتژمێر تێنەپەڕیوە کە ئەمە دەکاتە ئەوەی هەر بەندەی بە ٢ خولەک فایلەکەی/ پەروەندەکەی دیتراوە.. لێکۆڵراوەتەوە. حوکم دراوە و پێی ڕاگەیەندراوە!!... ئەمە لە کاتێکدا کە دادیاییکردنی ( ساکۆ و ڤانزیتی) لە ئەمەریکا ٤ ساڵانی بڕیوە و ئینجا بە گاڵتەجاری دادپەروەری ئەمەریکا چۆتە هەژماردنەوە و دەیان شانۆ و فیلم و کتێب و نمایشتی لەسەر نووسراوە...

دەباشە کێتان دیت، لەم دنیایەدا - بەڵێ جارێکی دیکە لەم دنیا بەرینەدا!!- نقەیەکی لێوە بێت؟؟ ئەمانە مشتێکی زۆر کەمن لە عەمبار و خەرواری فاشییەت و دڕندایەتی و ڕشگەزپەرستایەتیسەدجار بەدتر لە زایۆنیزمیی داگیرکەرەکەمان...

**********

((هەواڵ))

منداڵێکی پەرتەوازەی بێ پەلوپۆ
گشت کوردستان
لە ژەنگارەوە تا بەمۆ
گەڕا لە دووی
باکی هەژاری بزربووی
دۆزییەوە
لەگەڵ کاروان دوار سەربڕین
قەل خواردبووی
داهاتەوە
ئێسکی وردبووی کۆکاتەوە
وەک دیارییەک بۆ (جمجمع) ی بێنێتەوە
لە پڕ کۆمەڵێک دەست بە چەک
لەشی ئەویشیان بە فیشەک سارکردەوە
جا بەدەم پێکەنینەوە
وتیان تۆش بڵێ لەو دنیا
یەکتر ئەبینینەوە

====

# بانگێ لەسەنگەری پاسۆکەوە:

**زیندەخەوی باوکێ**

شانۆی تراژیدیای مەسەلەی نەتەوەکەمان هەر بە تەنیا پەردەیەکی ڕەشی داگیرکردن و داگیرکەرانمانەوە هەر ئەوەنییە داگیریان کردبین و نکۆڵی بوون و هەوڵی لە نێوبردنی نەتەوایەتیمان بدەن. پەردەیەکی دیکەی ئەو شانۆ گاڵتەجاڕە ئەوەیە لەسەدەی بیستەمی ئەتۆم و ئاسمانگەریدا لە سەدەی مافی مرۆڤ وجدیموکراسی و سۆسیالیزمدا، بە بەرچاوی ئەم دنیایەوە وەک کارە کۆرپە سەر دەبڕدرێین و کەسێ نییە نقەیە جقەیەکی لێوە بێت ! هەر هەمووان بە لێ هەمووان! لە ئاستی کارەساتی میللەتی کورددا نەک هەر بێدەنگن، بەڵکو هەر یەکە و بە جۆرێک و شێوە و شێوازێکی دەستی لە قڕانی کورددا هەیە!. بۆئەوەی چەک و ئاگر و ئاسن و بەرهەمی بێشەرەفترین تەکنەلۆجیایی سەردەم دەداتە داگیرکەرەکەمان هاوبەشەتاوان و بەشدار نییە لەگەڵیدا؟!. بۆئەوەی چەتری دۆستایەتی و هاوکاری و لایەنگیری بەسەر داگیرکەرەکەمان دا دەکێشێ. پەیوەندی بە گومڕا و بەرژەوەندی ...... لێفەپۆشی عەیب و عاری دەکات بیەوێ و نەیەوێت کورد کوژ و بەشداری و هاوبەشی ئەو تاوانە نییە؟! بۆئەوەی شیری .... هەڵکێشاوە و بانگی ..... پەردەی هەرە تەڵخ و هەرە دزێو و شەرماوی و عەیبداریش لەنێو خۆماندایە. لە پەڵەی شەڕی براکوژی دەستچوونە یەکتری و ئەو مەرگەساتە هەرگیزاو هەرگیز/ئەبەدی و ئەزەلی یەن بەیەکەوە نەنووسان و لێکترازان و پێکداچوون و پێکداکەوتنەی خۆمانە... هەر ئەمەشیان داینەمۆی بەردەوامیێتی ئەوانەی دیکەیە.!.. ئە ئەمەیان نەبێت و نەبوایە چەندین ساڵ بوو پەردەی شانۆی ژێردەستەیی و داگیرکەریمان دادا بووە هەر ئەم ڕۆژانە ئەو هەل و دەرفەتە زێڕنە لەپێش کوردە لە هەر چوار قولینچکی دنیاوە چۆن ماستا و و کلکەسووتێ بۆ چەند شێخە ڕشکنەیەکی دواکەوتوویی لە ئۆمەت نەچووی نەوتداری پوڵدار دەکەن، ئاوا و زیاتریش کلکەلەقێ بۆ ئێمە دەکەن و لەسەر کوردێکی (وان الوان) دێنە جۆشوخرۆش.

ئەمەیە کە خودا فەرمووویەتی « لا یغیرو الله ما بقوم حتی یغێروا ما بأنفسهم» .. ئەدی لەسەر چی وەستاوین ؟.. بڕوام پێ بکە نازانم!.. هەرئەوەندە دەزانم نامەیەکی تر بە ڕووی زەردی ئەم شەڕی کوردکوژییەوە بە خوات دەسپێرم.

**شاهۆ**

**بــمــدەرێ ئــیــقــرارە نــابــێ کــورد وەها داوا بکا**
**بابڵێ دەرچــن لــە خاکم ئیدیعای خــۆی وا بکا**
**خاکی کوردستان ئەساسا موڵکی بابی کەس نییە**
**ماڵی کوردە نابێ کورد ماڵی خۆی لە خەڵک داوا بکا**

**مەلا حسنی قازی**

**********

# مشتەی ناو هەمانە

پرسیارێکمان بێ ناوونیشان بۆ هاتووە، لەبەرئەوە بڵاوی دەکەینەوە لەوانەیە سازی بێ ئاواز و گڕی لەم جۆرانە لە هەندێ دەروونی نەخۆشدا ڕابووڕێت، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەوانەش بێ بەسەریدا ڕانابوورین. شارۆ دەڵێ:

**+ ئەرێ ئێوە گاڵەگاڵی چیتانە بە چوار کەس و لەتێکەوە قسە بە هەموو جیهان دەڵێن؟.**

**# وەڵام..** لە کەم لوتفی و شەرەنگێزەیی پرسیارەکەت بەهەڵەدا چوون و خۆ بەهەڵەدا بردن دەخوێنینەوە. ئەگەر نەڵێین ناحەزایەتیی لێ دەتکێ!.. مەسەلەی ژمارەی بەرچاو و چەند کەس و مەس و کێشە و خەمی خەڵکان ڕاست و دڵسۆز نییە و پێوانەی دروستی و نادروستی نییە. ئەو شتانە لە عوررف و حسێبی (گەلە) ویست و (مێگەل) بازەکاندا تا و پایەی هەیە. ڕاستی ڕاستییە ئەگەر کەسێک و دووان و چوار و لەتێکیش بیڵێن و بیگرنە بەر، چەوتی و چەواشەش هەر چەوت و چەواشەیە ئەگەر هەموو دنیاشی تێ بورکێ. حەزمان دەکرد بتان فەرمووایە، کە ئیرادەتان لەسەرکام عالەمەیە و دڵتان بۆ کامەیان دەسووتێ کە ئێمە قسەمان پێ وتبێ؟ ئێمە دروست ڕەوتی ئایەتە پیرۆزەکەی قورئان( اشداءعلی الکفار رحماء بینهم) پێڕەو دەکەین، ئەوەی چەمبۆڵەیەکیش لە میللەتەکەمان بنێ دەستمان بێ و دەستمان بیگاتێ مستێکی لێ دەدەین. ئەوەی دەرزییەک بە گەلەکەماندا بکات لامان ئابڕووە/ شەرەفە سوژنێ لەچاوی ڕۆکەین. ئەو کوردەش کە بەلا ڕێدا ڕۆیشت تکای لێ دەکەین و دامێنیگیری دەبین لەبەر ئابڕووی کوردێتی خۆی و سوودی نەتەوەکەی ڕاست بێتەوە... پیاو نەبوو لێی دەکەینە هەڵلا. کڵاومان بەرز و قنج لە تەپڵی سەرەوە دڕاوە. جا ئەوجیهانەی ئێوەدەڵێن( داگیرکەران و دوژمنان و چەوسێنەران) ی میللەتەکەمانن هەر شایان و شایستەی پێ لەقە و ڕیسواکردنی ، ئەوەش لەم ئەرکە دواکەوێ کۆڵەکەی بناخەیی کوردێتی و مرۆڤایەتی لەدەست دەدات. هەرنەبێ و نەمێنێ چاکەی ئەوانەی لە ئاستی دوژمن ناجۆشن و بۆ سوودی گەلەکەیان ناکۆشن. ئەوانەی کێشانە و پێوانە و تەرازووی هەڵسەنگاندنی هەموو کەس و شتێکیان سوود و بەرژەوەندی ڕەوای میللەتەکەی خحیان نییە، نەمەک بە حەرام و زۆڵن بەم میللەتە و هەتا کەڵکی خزمەتکاریی بێگانەشیان پێوە نییە. ئەوانە سیپاڵە شڕن و چڵکی سەر تەنی میللەتن.

له بیرتان نەچێت کە گومڕایانی مەککە بە پێغەمبەریان دەووت: شێت بووە!! و کەشیشەکانی جولەکە عیسا یان دا لە دەمەوە و بەداریاندا داکوتا! بەڵام هەق و ڕاستی هەر سەرکەوتوو و هەر سەرکەوتووشە. ئەوان و خەڵکانی هەقخواز هەمیشە بەر تیروگاڵتەی هەرزان دەکەون. ئێمەش شاییمان پێی دێت، کە ئەو شەرەفەمان هەبێت، لە بواری خزمەتی میللەتەکەمان دا بەر لاقرتێی هەرزانە کەوین.

**+ کاک ( هەڵمەت) لەنامەکەی دا دەڵێ:**

**. ئایا سۆشیالیستەکەی ئێوە ( سۆشیالیستی نەتەوەیی) یانەیە، یان زانستی؟...**

**# وەڵام:** برا ئێمە باوەڕمان بە سۆشیالیست وەکو بنەمایەک هەیە لەوەوە کە هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤ رەت دەکەینەوە. جا ئەو چەوساندنەوەیە چ ( چەوساندنەوەی نەتەوەیی و کۆمەلایەتی و چینایەتی) بێ و چ چەوساندنەوەی( ئاینی و ئاینزایی و فیکریی و ڕەوانی) ... ئێمە مرۆڤمان لا ( جێنشینی خودایە لەسەر زەوی) دا و ( تاکە هۆکاری ئەرێنی/ عامیلی ئیجابی بوون و گۆڕان) ە. سۆشیالیستی نەتەوەیی ئەگەر بەو مانایە بێت کە سۆشیالیزمی شیاو و گونجاوی هەڵکەوت و واقیع و باروهەلومەرجێکی تایبەتی بێت و بۆ ئەو گەلە دەست بدات و جووت بێت لەگەڵ بەرژەوەندی و باری ( ماددی و فیکری و مینۆکی ) ئەو گەلە ئەوە ئەو شتەیە کە دەبێت هەموو کۆمەڵ و ڕێکخراوێکی سۆشیالیست خواز بۆ گەلەکەی خۆی بووێت، بەڵام بەو مانایەی کە سۆشیالیزم وەک زمان و تایبەتمەندی نەتەوەیی هی کەس لە کەس نەکات وە شتی وا بوونی نییە و ئەمە ڕووپۆشی فکری ڕەگەزپەرستانە و دژ بە مرۆڤایەتی و واقیعە.

چونکە سۆشیالیزم وەک پرنسیپ و گیان و خواستی گشتییە و لە یەک دێڕدا کۆدەبێتەوە کە (نەهێشتنی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە).. جا پێڕەوکردن و جێبەجێکردن و سازاندنی ئەوەیان هەر کۆمەڵگەیە و میللەتەی بەپێی تایبەتمەندێتی خۆی و باری ماددی و فیکری و مینۆکی و ڕۆحی خۆی ڕەنگی دەڕێژێ. بەلای ئێمەوە زانستێتی سۆشیالیزم سیفەت و ناوێک نییە بۆ یەک جۆرە بۆچوون و فەلسەفە و ڕێبازێکی دیاری کە ئەوانەی ناوی نازانستی هەڵگرن. ئەو زاراوە پتر ئایدۆلۆژییە و ڕۆیشتووە ئەگینا گوزارشت لە حەقیقەت ناکات... زانستێتی سۆشیالیزم بە مەفهومی بابەتی و زانستی زاراوەکە ئەو سۆشیالیزمەیە یا ئەو ڕێگەچارەیەی نەهێشتنی چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوەیە... هەر

ئەو هەموو لێک چوون و جیاوازی هەڵلا و بگرە و بەردەیەی لە نێوان پێڕەوانی یەک جۆری هەرە بەرچاوی باوی سۆشیالیزم بۆخۆی نیشانەی ئەوەیە کە زانستی یەتەکە ناوێ نییە لێی بنرێ و ئیتر تەواو .... ئەگین هەر نەبوایە دەبوایە هەماهەنگی و لێک چوونیان لە نێواندا بوایە. وەک ئەوەکەی کە زانستی فیزیک لە ئەمەریکا و چین و ژاپۆن سۆڤیەت هەر یەکە و ناکرێ هەڵلا و لێ نەچوونی لێ پەیدا بێت. ئەمەمان وا ئەگەر بەڕاستی خەڵکی سۆسیالیستخوازبن هەر دەتوانن لەم قۆناغەدا لە ڕووی پرنسیپەوە سۆشیالیست بن جارێ نەهاتوینەتە سەر پێڕەوکردن تا کوتەک بۆ یەک بکەینە ئاو.. هەندێ شت هەن ناوەختن و زۆر قووڵ بوونەوە و وردکردنەوە و شەڕە لیس لەسەری لە ئەرکە بنچینەیی و هەنووکەییەکە و گرنگەکانی بەردەممان دەخات و بەشێکی دیکەمانەوە دەخلافێنێ کە تا لادەکەینەوە سەروبەریشی تێچووە... جارێکیان هەندێ قوتابی بەرز فڕ و سۆشیالیستی نێو کتێب لە ( لینین) دەپرسن: سیما و قۆناغی کۆمۆنیستی چۆن دەبێت؟ چۆن بینا دەکرێت؟ شێوازی چۆنە؟.. (لینین) پێیان دەڵێ: کوڕینە ئێمەجارێ کارێکی ترمان لە پێشە، ئەرکی ئێمە پارێزگاری ئەم تاقیکردنەوە و سەرخستنییەتی... ئەوەی ئێوە خۆتان پێوە خەریک کردووە کاری خەڵکانی ترە کە دوای ئێمە دێن و لە ئێمە هەژماری خۆیان دەوێ. ناوێ و لە ئێمەش زیرەک تر دەبن، ئێمە چی لێستاوە ڕەنگیان بۆ بڕێژین.

جا برالە ئێمە ئەرکی گەورە و گران و تایبەتی ئەم قۆناغەمان لە پێشە کە بە زنجیرە( پاراستنی بوونی نەتەوایەتیمان، بەدیهێنانی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتیمان، جا گەشە و فراژووکردنی تادەگاتە یەکێتی نەتەوەکەمان و یەککگرتنەوەی کوردستانە دابەشکراوەکەمان و جێبەجێکردن و مومارەسەکردنی ئازادانەی مافی چارەنووسی نەتەوەکەمان)... بۆ خۆت تێفکرە ئەمە لەچاو خەباتی ٢٤ ساڵمان لە پارچەیەکدا بۆ حوکمی زاتییەکی شرۆڵە دەکاتە چەند و بایی چەندە و کەی لە هەمووی دەبینەوە. خۆ دیاریشە تا کوردستان نەکەوێتەوە دەست کورد ئیمکانی بەڕێوەبردنی هیچ سۆشیالیزم و مۆسیالیزم و هیچ ( ئیزم) ێکی تر نابێت...

بێگومان ئەمە ناکۆک نییە لەوەی تێرامانمان هەبێت بۆ دوا ڕۆژی کۆمەڵگەکەمان و کاریشی بۆ بکەین و بنەی بخەین و بناغەی دانێیین و لەڕووی پرنسیپەوە سۆشیالیزم بەرچاوگرین، بەڵام خۆفریودانە جارێ لە ئەسپی نەبوو ئاخوڕ هەڵبەستین و لەسەریشی بەشەڕ بێیین.

# قوتابخانەی پاسۆک

**«بەخۆداچوونەوە»**

کەس وەک ئێمە بیرەوەریی کۆمەڵایەتی و مێژووی سیاسی و جوڵانەوە و خەباتی نەتەواویەتی کوڵ و لێڵ و شێواو و لێ نەئاڵۆسکاوە. بە جۆرێکی وا ڕۆژی هەزار تەقلە بەڕاستی و واقع و هەتا بەرژەوەندیی و سوودی زۆر بەرچاوی نەتەوەکەمان دەدرێ. بێ ئەوەی ئاوەژووکەرەوە و پاڵەوانانی ئەو مەیدانە لە هیچ بارێکی ئەو تەقلە و هەڵگێڕانەوەیە پڕوشەی بەخۆدا شکانەوە و حەیا بەخۆبوون بیانگرێ. یا دەنگی ویژدان و ترسی خوا لەهیچ قەباعەتێکتان بگێڕێتەوە.

ئەوەی کە زەمینەی ئەم حیلەبازی و بازرگانییە سیاسییەی بەو جۆرە بۆ هەموار کردوون ئەو کردارەی هێرکردنەی بە جەماوەر و دەروێشە سیاسییە زەرگ وەشێنە جەزبە گرتووانەیە کە لەپێشەوە ڕەنگی ڕێژراوە و کاری تەواو کراوە. بەردی بناغەی ئەو هێرکردنە بە کۆمەڵەش شاردنەوەی ڕاستی و هەڵگێڕانەوەی واقع و بەراوەژووکردنی حەقیقەت و ئەسڵی مەسەلە و مەبەستەکانە. بۆیە هەرچی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردی ڕووئەدا و دەگێڕدرێ لە قەپیلکی «معما» یەکی داخراو و مەتەڵێکی پێچ پێچوکاوی وادایە کە بەر حوکمی هیچ تیۆر و پێداویستی عەقڵ و لۆژیک و شیکردنەوە و بۆچوونێک ناکەوێ و هەر لە خەونێکی ترسناک و و ئالۆز و سریالیی بێ هودە و بێ سەروپا دەچێ!.. هەر لە مێژووی ئەم چارەکە سەدەیەی خەباتی نەتەوەکەماندا تا ئیستە جەماوەر تێ نەگەیشت..

- بۆ جیابوونەوەی/ انشقاق مەلعونی ١٩٦٤ لەنێوان مەکتەبی سیاسی و پارتی و ڕابەرسیەتی شۆڕش ڕووی دا؟ کە دەستی شکاو و پاش زیان و کەلێنێکی گەورە گیرایەوە بۆجارێکی دیکە ملی کارەساتی ڕووداوەکانی ١٩٦٦-١٩٧٠ وە تا ؟!..
- ڕێکەوتنی١١ی ئازاری ١٩٧٠ بۆ گەیشتە ئەو ئاکامەی ئازاری ١٩٧٥ ؟
- سەد و ئەوەندە هەزار پێشمەرگەی کورد، بۆ و لەبەرچی بە بڕیارێ، بە فوویەکی جادوویی، وەک بەفری هاوین توایەوە؟.

- شۆڕشی نوێی کوردستان، براکوژی، کورداندنی شەڕ، لێک دابڕان و لێک ترازان و ئەم حاڵەی ئیمڕۆی کورد....بۆ؟!.

هەزاران پرسیار و « بۆ» ی تری وا بە حەپەساوی و بێ وەڵام ماونەتەوە و هەمووان متەقیان لەخۆبڕیوە. ئەگەر جاروبارێکیش بێتە سەرباس و ئەو شتانە بە منگەمنگ و نیوە و نیوە چڵی بدرکێندرێن سەرتاپاکی دەشێوێندرێ و هەڵدەگێڕدرێتەوە. نیوەی ڕاستی و شتەکان دەوترێت بۆ داپۆشینی نیوەکەی دیکە. یا بە مەبەستی( قول الحق

ارید به الباطل) قسەیەکی ڕاست بۆ مەبەستێکی چەوت دەووترێن.( لا تقربوا الصلاة) ەکە دەڵێن و دەوەستن!! ماناکەی تەواو ناکە . ئەمە سەرچاوەی گومڕاکردنی جەماوەر و ئاشە بەتەندوورە و خوم شێواویی بزووتنەوەکەمانە هەتا واش بێت حالمان لەمە چێتر نابێت....

مەسەلەکە و تاکە چارەش ئەوەیە وەک برایەک بەو مەسەلەیەدا هاتووە و بۆ یەکەمین جار دەستی خستۆتە سەر ئەسڵیی برینەکەمان کە:

نەتەوەی کورد نەیتوانی لە هەلومەرجی شەڕی جیهانی یەکەم دا بە ئامانجی نەتەوایەتی سروشتی خۆی بگات کە هۆیەکی گرنگی ئەمە لە سروشتی ڕابەریی کلاسیکی/ تقلید کورد و« بەراوردکردنی بەرابەریی سیاسی دوژمنانی» دا پەیدا دەبێ نەخشەی سیاسیی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای ئەو شەڕە پێکهاتووە واقیعێکی نوێ هاتە پێش کە لەسەر هەژماری کورد تەواو بوو. ڕێگای سروشتیی نەتەوایەتی کەرد ئەوە بوو ئەو واقعە قبوڵ نەکات و سوور بێت لەسەر خەباتی تا دەگاتە ئامانجەکانی. بۆ جێبەجێهێنانی ئەمەش پێویستی بە ڕابەرییەکی دڵسۆزی تر هەبوو کە لە سروشتێکی/ تەبیعەتێکی پێشکەوتوو تر بێ. جەماوەرێکی کورد ڕۆژی ٦،٩،١٩٣٠ لەبەر دەرکی سەرا حکومەتی عێراقی دەستکردی ئینگلیز لە شاری سلێمانیی کوردستانی باشوور کۆبوونەوە. مژدەی نزیک بوونەوەی پێکهاتنی پێداویستیەکانی کوردیان هێنا؛ ئەو واقیعە یان قەبوڵ نەکرد و سووربوون لەسەر خەبات تا گەیشتن بە ئامانج و بۆ بەجیهێنانی ئەمەش دوای ڕابەریی کلاسیکی عەشایەریی نەکەوتبوون. بەڵام هەر مژدە بوو..

پێداویستەکانی پێک نەهاتن و کورد ئێستاش هەر چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەیە: ڕابەرییەکی دڵسۆزی تر لە سروشتێکی پێشکەوتوو تر بێ واقیع لەسەر هەژماری /حسابی کورد قبوڵ نەکا و سووربێ لەسەر خەبات تا گەیشتن بە ئامانج...

لە ١٩٣٠ ەوە تا ئەمڕۆ پێک نەهاتنی ئەو مژدەیە ساڵ بە ساڵ کارەساتی کوردی سامناکتر کردووە ئەگەر بەم شێوەیە بڕوا ساڵی داهاتوو لەم ساک خراپتر ئەبێ و ساڵی دوای ئەو لەو خراپتر و... تا وای لێ دێ کە ئیتر لەوە خراپتر مومکین نابێ( دەگا بە لەناوچوونی تەواویی نەتەوایەتی کورد)..

بۆئەوەی ئەم کارەساتە ببڕێتەوە لە پێش هەموو کارێکی تردا پێویستمان بە تێگەیشتنی مێژووی - بەتایبەتی - نێوان ١٩٣٠ و ئیمڕۆ هەیە. بۆئەوەی لەپێشدا پێویستمان بە خوێندنەوەی تۆماری ڕووداوەکانی ئەو ماوەیەیە ئینجا لێکدانەوەیان و بەراوردکردنی ئەو دۆخەی کە هەبووە لەگەڵ ئەوەدا کە دەبوو بۆ خەباتی نرتەوایەتی کورد هەبوایە تا وای لێنەهاتایە بەمە یەکەم هەنگاوی دەستپێکردنی گۆڕینی واقعی گەندەڵی ئێستا و ژیانەوەی کورد دەست پێ دەکەین. تا ئەوەمان بەدی نەهێنابێ هەنگاوی یەکەممان نرناوە و خەڵکی وڵاتەکەمان هەر حەپەساوی سەردەمی مارتی ١٩٧٥ دەبن و وڕ و کاسیی ئەو

کارەساتە بەریان نادا( یا هەر ساویلکە و نەزانابە دوو سێ قسەی هیچ وپووچی چەند سیاسەتچییەک وەک تووتی دەڵێنەوە) تا بتوانی چارەیەک بدۆزنەوە.

هەر کاتێک پیاو هەر کارێک بکا و تێیدا سەرنەکەوێ پێویستی بەوە دەبێ لە پێشدا ئاوڕێک لە کارەکەی بداتەوە بزانێ چۆن بوو، دەبوایە چۆن بوایە و جیاوازیی ئەم دوو ڕێیە ببینێ تا بیری بۆ چارەیەکی ئێستە و داهاتوو بچێ.

دەبێ شۆڕشی ١٩٦١-١٩٧٥ سەرنەکەوتووی کوردستانی باشوور لە ڕەگوڕیشەوە تێ بگەین تا بەتەمای شۆڕشێکی سەرکەوتووبین. بۆ... پێویستە ئەوەندەی بۆمان دەکرێ بە وردی هەرچی لە ١٩٣٠ ەوە تا ئەمڕۆ ڕووی داوە وەک ڕۆژمێر/ تقویم و بیرەوەریی ڕۆژانە تۆمارکەین، ئەگەر دۆخی ئێستاش نەگۆڕین بێ گومان بەرەو نابوودی تەواو دەچین...بەڵام تێگەیشتنی مێژووی شۆڕشی ١٩٦١-١٩٧٥ ئەوەندەی گرنگ و بناخەییە ئەوەندەش سەخت و دژوارە لە وڵاتانێ کە لە مێژەوە خاوەن کیان و دامودەزگای ڕێکوپێک بوون دەتوانی باسی ڕووداوەکانی زۆری بەر لە ١٩٣٠ یش لە ڕۆژنامە و کتێبرکانی ئەو سەردەمە و دوای ئەوەی کتێبخانەکان دا پەیدا کەیت. بەڵام لە کوردستان دا ئاگاداربوونی ڕووداوی چەند ساڵ لەمەوبەریش هاسان نییە.

گرنگترین سەرچاوەی تۆمارکردنی ڕووداوەکانی کوردەواریی ماوەی شۆڕشی١٩٦١-١٩٧٥ و پێشەکییەکانی « ١٩٣٠. و بەتایبەتی ١٩٣٧, تا ١٩٦١ »گێڕانەوەی دەمی ئەو کەسانەیە کە لەو ڕووداوانەدا بەشداربوون..

کۆسپی سەرەڕێی سوودبینین لەم سەرچاوەیە ئەوەیە کە ئەو کەسانە ڕابردوومان بۆ ناگێڕنەوە، یا بێدەنگ دەبن یا - بەداخەوە - لەوەش خراپتر ئەوەیە کە ڕاستی بەناڕاستی دەشارنەوە. لەهەردووحاڵ دا خەتای ئەوەیە ئەو کەسانە یا ئەو ڕووداوانە دەخەنە ریزی ئەو نهێنییانەی کە نابێ بدرکێندرێن« کە کارێکی زۆر نەزانانە و زیانبەخشە». یا ناوێرن باسی بکەن. « لەترسا نەک بە مەبەستی خراپی..» یان چێتر ورە و حەوسەڵەی ئەو کارانەیان نەماوە یان کەسانێکی خراپی دوژمن بە نەتەوەی خۆیانن و نایانەوێ نەتەوەکەیان ڕاستی بزانێ..

تاکە کەرەستە و سەرچاوەیەکی کوردی بۆ تێگەیشتنی ئەو ماوەیە دەکرێ لە ژینامەی سیاسیی چەند کەسانێک دا کۆکەینەوە کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن. ئەگەر ئەو کەسانە ژینامەی سیاسییانمان بۆ بخەنە سەر کاغەز بەشێکی زۆر گەورەی کاری دەست پێکردنی تازەمان بۆ ڕادەپەڕێنن و پێش بە کارەساتێکی یەکجار زۆر گەورە دەگرن.

بە نووسینەوەی یان نەنووسینەوەی ژینامەیان« بەڕاستی وا ددانپێدانەکانی ڕۆسۆ ئاسایی» بەشی هەرە گەورەی بڕیاری ئەوە دەدەن کە کورد بژێتەوە یان بەرەو کارەساتی لەهی ئێستەش گەورەتر بچێ..

# پەرێزی ئازاد

**بانگەوازێک**

من دوزانم ئەمە بابەتی ئۆرگانێکی سیاسی وەکو ( ئاڵای سووری کوردایەتی) نییە، بەڵام خوای سەدانی وەکو من و ئێوە و هەردەنگێکی کپکراو و داگیرکەر و کۆلۆنیالیستەکەمان بگرێ، کە هەموو ڕێگەیەکی ئازادی ڕادەربڕینی لێ گرتووین و دەرفەتی پشوو هەڵنان و دەم کردنەوەی لێ بڕیووین...

تاک و تەرا و لەژێر سەد دوگمە و دۆڵاب و بە هەزار فەند و خۆشاردنەوە نەبێت وشەیە، بیرێ چرپەیەکی کوردی فرسەتی چاوهەڵهێنان و خۆدەربڕینی نییە... ئێمە زۆرمان دەربارەی دزێوی کۆلۆنیالیزمی کۆن و ئیمپریالیزمی نوێ و دەسەڵاتی ڕەشی ڕەگەزپەرستانی خوارووی ئەفریقا و ئیسرائیل و ئەمانە بیستووە و دەبیستین..( زۆر بە عەنتیکەش لەسەر دەموزمانی ئەوان داگیرکەرانەشمانەوە)!! نەحلەتی ئەرزوئاسمانیان لێ بێت بەڵام ئەگەر هەریەک تۆز وردی کەینەوە و لەگەڵ ڕەفتاری داگیرکەرانی کوردستان دا بەراوردیان کەین و پێکیان بگرین دەبینین سەد جاران ڕووی ئەوانیان سپی کردۆتەوە س هەزار ڕەحمەت لە کفن دزی پێدەوێ... "جەواهیر لال نەهرۆ" لە زیندانی دەوڵەتە کۆلۆنیاکیستەکەی ئینگلیزیی پێش نیو سەدەوە ١٩٥ نامەی سیاسی بۆ خاتوو ئەندێرای کچی بە بەرچاو و بەدەستی پاسەوانانی زیندانەکەیدا ناردووە کە هەمووی پڕە لە وانەی شۆڕشگێڕیی و بەرگریی لە خەباتی ڕەوای جەماوەری کۆلۆنیالکراوی هیندوستان و هابدان و بڵێسە پێسەندنی گڕی ئەو خەبات و شۆڕشە ڕزگاریخوازانەیان و نەحلەت و نەفرین و ڕیسواکردنی ئینگلیز و کۆلۆنیالیست و هەموو چەوسێنەرێ!...

کە تاکە یەک نامەی زۆرن زیادە بۆ ئەوەی دەیان ڕۆڵەی ئیمڕۆی کوردی داگیرکراو لە سەرتاسەری کوردستانە کۆلۆنیالیستەکەیدا پێ لەسێدارە بدرێ.!! ئەمەش لە سایەی دیموکراسیترین چارەی ئەو داگیرکەرانەدا ئەوا باسی ئەم ڕۆژانە هەر ناکرێت کە تەنها بیرکردنەوە لە شتی وا بەشی چەندجار لەژێر داروئەشکەنجە داڕزاندنی هەر کوردێ دەکات!...

لە ئیسرائیل بەو هەموو دڕندایەتی و ڕەگەزپەرستایەتییەوە دەبستین لە قودس و جەلیل سەربازە زایۆنیزمەکان دەدەنە بەر تەماتەشکاو و هێلکەی پیس و چۆن جەماوەری فەلەستینی بە ئاشکراو لەسەر شەقام و بەر دەستوپێی داگیرکەرەکەیاندا

پشتگیریی لە ڕێکخراوی ئازادیخوای فەلەستینی دەکەن و هەیانە بە ئاشکرا ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە... کە یەک لە هەزاری ئەمە بەسە بۆ هەر داگیرکەرێکمان کە چەقۆ لە ملمان نێ!... لە کوێدا هەبووە و کەی بیستراوە و بەپێی کام شەریعەت و دەستووری بووە دایک و باوک و ژن و منداڵی خەباتکەرێ هەمووی بە بارمتە و لەبەر خەباتی کەسێکیان لە زیندان بپەستێورێن ؟ ! بێ گوناح بە تاوانی گوناحدار – ئەگەر وامان دانا گوناحیشی هەبێ – سزا بدرێت؟!.. لای ئەم داگیرکەرە دڕندانەی ئێمە نەبێت..

کام کۆلۆنیالیستی چەپەڵە و ناسنامە و جلک و زمانی خۆماڵی قەدەغە کردووە؟!.. بەڕاستی زنجیرەی چەوسانەوە و مەرگەساتی ئەم نەتەوەیەی ئێمە ئەوەندە درێژ بۆتەوە کە بە هیچ هۆش و زاتێکی کوێر و کەڕ و گومڕای هیچ داگیرکەر و چەوسێنەرێکدا ڕانەبووردووە و لە تێڕامان دا/ تصور دا نەبووە.

بۆیە هەموو دەرگایەکی دەم هەڵێنانەوەمان لێ بڕاوەتە و ئەوەی ماوەتەوە – بە کەم و کەسێکەوە – هەندێ بڵاوکراوەی دوورە وڵات و لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە قاچاخەکانی هێز و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکانە. ڕێ بەخۆم دەدەم لاموجومی ئەوەش بکەم و بڵێم زۆر بەداخەوە لەوێشدا ئەگەر بە ساز و ئاوازی ئەوان نەبێت _ هەزار بەهانە و بیانوو، ئەگەر نەڵێم تۆمەت – هەر ڕێی تێپەڕبوون و خۆدەرخستنی نابێت. دیارە قسان لەخۆوە ناکەم و من بۆخۆم گەواهی/شایەتی چەندین نموونەی تفتوتاڵی یاساغکردن و سانسۆر و کلک و گوێ کردن و خەفەکردنی دەنگ و بیری ئازادم یا چاتر بڵێم تاساندنی هەر بیر و بۆچوونێک کە هاوئاواز نەبێت لەتەک بیر و بۆچوونی ئەرثەدۆکسی و کەهەنووتیی قەراردراودا!!...

ئەم تروسکاییە گچکەیەی( پەرێزی ئازاد) لە – ئاڵای سووری کوردایەتی- دا هەیە. جا نازانم تا سەر دەبێ و وەک راقیکردنەوەیەک دەژی و دەتوانێ پێڕۆکە بێت و دەق بە جیقڵدانەی حەواس و ئارامگرتن/ تحمل مان بگرێ؟. یا «عاصفە فی فنخان»ە!.. ئایا بەڕێوەبەران و سەرپەرشتیکەرانی گۆڤارەکە لە ناخ و ویژدانیانەوە باوەڕیان بەو ئازادی بیروڕا دەربڕینە هەیە و ئەو ڕاگەیاندنانەیان تا چەند بڕ دەکات؟.. یا لەبەر ئەوەیە تا ئێستە پاسۆک- بە پێوەری بەرتەسکی گەورە و گچکەیی – ساوایە و هێشتا بەرژەوندی و سوودی تەسکی حیزبایەتی وا قەبە و بەربەرین نەبووە کە لێی بترسێ و دڵانی بۆ داگیر کات؟... ئەگەر ئەویش قەرەبوو و بۆرسەی بەرژەوەندی حیزبایەتییەوە پاشگەز نابێتەوە؟...

بەهانە و بیانووی ( ئای ئەوە لە بەرژەوەندی نییە... و جارێ ئەمە ناووترێ... و ئێستە وەختی نییە... و بابە بەلآمان لێ لادە ... و ڕاستە بەلآم ئەگەر و ئەمنا!!...) نایەنێتە پێشەوە؟!...

داهاتــوو هەرچییە بێت، کەمن هیــوادارم ئـەم ترووسکاییە ببێتە مەشخەڵ و ڕێچکەشکێن و ئەم بنەتۆوە ئەوەندەی لێ شین ببێتەوە کە باڵ بگرێ بەسەر کەوشەنی فیکری کوردەواری دا و گیانی ئازادیخوایی ڕاستەقینە تانوپۆی فیکری نەتەوەکەمان بگرێتەوە و دابێکی دیموکراسی وا بچەسپێ کە بە هیچ جۆرێک و لەژێر هیچ ناونیشان و بۆ هیچ مەبەستێ دەست نەنرێتە بینی مافی ڕادەربڕینی ئازادانەی کەس و مافی هەرە سەرەتایی و بناغەیی و مرۆیی و گرنگی ( ئازادی بێ چەندوچوون) بۆ هەموو کەسێ بڕەخسێ.

ئەمەش نەک هەر قەدەر و چارەنووسی مرۆڤایەتی و بزوێنەری بنەڕەتیی خەبات و تێکۆشان و هەوڵ و قوربانیی بەسەریەتە لەسەرتاسەری مێژوودا بەڵکو ئابڕووی مرۆڤایەتی مرۆڤە... مرۆڤ بە هیچ شتێ لە مرۆڤایەتی ناکەوێ وەک ئەوەندەی بەدەست بەرداربوونی ئازادێتی لێی دەکـەوێ... مرۆڤ بێ ئازادیی زۆر لە ئاژەڵ کەمتر و لە تۆڵەکەی بەهار بێ نرختر و لە میوانی ڕەزاگران و بێ قەدرترو لە ناپاک بێ حورمەترە...

بۆیە بەرگریکردن/دیفاع کردن لە ئـازادی هەتا ئازادیی نەیار و ناحەزەکەشت گـەورەتـرین ئـەرک و ناموسی بەخۆ بڕیـووە. لـەگـەڵ هەمـوو ئەمانەشدا بایی تێخوێندنەوەی باروهەکومەرجی ئۆزی سیاسیی کوردی و ساوایی ئەم ئەزموونە و بەرتەسکیی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە و هێشتا تەواو نەگرتنی ڕانەهاتنی چاو و هۆشی زۆر بە بیروڕای جیاواز و شتی لەخۆی نەچوو دەست دەپارێزم و زمان دەگرم... هەروەها بە خشپە بەسەر زۆر بابەتدا تێدەپەڕم.

برای بەڕێز کاک « بـورهان قانع» - کە ناوی بابی خەسار نەکردووە - لەم سالآنەت دواییدا بەپێی هەلودەرفەتێ کە خوا دەزانێ چەند بە زەحمەت و ناڕەحەت و بەرتەسک بۆی ڕەخساوە، دەستی داوەتە کارێ کە بەڕاست شایانی دەستی ڕێز و قەدرلێنانە و نیشانەی هەست بە بەرپرسارێتی/مەسئولیەت و شان دانە بەر ئەرکێکی میللی - تا ئیمڕۆ فەرامۆش کراو و بیر لێ نەکراوەیە- کە بۆ ژیانەوە و ڕاپەڕین و بنیاتنانی کۆمەڵگەی کوردەواری هەنگاوی یەکەم لە سەرەڕێی کاروانی شارستانێتی مرۆڤایەتی لە مڕۆمان دا لە هەموو شتێ گرنگتر و پێویستترە و هیچ شتێکی دیکەی

پێش ناکەوێتەوە... ئەویش وەرگێڕانی بابەت و بەرهەمی ڕۆشنبیریی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسییە لە زمانی بێگانەوە بۆ سەر کوردی...

وەرگێڕان جگەلەوەی لەسەردەمی ئیمڕۆماندا بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و تیژڕۆیی کاروانی شارستانێتی مرۆڤ و زێدەبوونی تێکەڵاویی و پێکگەیشتن و بەیەکدا چوونی ئەمسەرە وسەری ئەم دنیایە بۆتە پێویستییەکی ژیانی/ حەیاتی و هیچ کەس و کۆمەڵ و نەتەوەیەک - ئەگەر بیەوێ نەپوکێتەوە دوانەکەوێ و دانەبڕێت- ناتوانێ خۆی کەنارگیر بکات و لەو کاروانە دابڕێت... سەردەمی ڕۆپسن کرۆزۆ بەسەرچوو و ئەوەی پەلە نەکات بەژێر دەستوپێوە دەبێ...

یا بەجێ دەمێنێ و وەک دیناسۆر بۆ سەیر لە مۆزەی مێژوودا ئێسکوپرووسکی لە جامخانەی سارد و تۆز لێ نیشتوودا دەبێتە جێی تەماشاکەران!...

یا ناسنامە و پێناسی میللی خۆی ون دەکات و وەک قەوزەی بێ ڕەگووڕیشاڵ بزانە بەسەر کام زەلکاوەوە دەنیشێتەوە. جگە لەمە وەرگێڕان هەمیشە هەنگاوی یەکەم و ئاسۆی مژدەهێن و تیشکی یەکەمی بەربەیانیی هەموو ژیانەوە و بەخۆداهاتن و شارستانێتی و ژیاریێک و پێشکەوتنێکی کۆمەڵایەتی بووە... ڕۆمانەکان تا بەرهەمی یۆنانییەکابیان وەرنەگێڕا بۆ سەر زمانی لاتینی خۆیان دەسەڵاتی فیکری و شارستانیان لە حەوت تەپۆڵکەکەی ڕۆمۆلۆس تێنەپەڕی....

ئیسلامەکان تا بەرهەم و کتێبەکانی یۆنانی و لاتینی و فارسییان وەرنەگێڕا بۆ سەر زمانی شارستانێتی ئیسلام ( ئەوسا عەرەبی بوو) هەر لە دنیای شمشێروڕمبازیدا بوون. کە ئەمەیان کردخۆری سپیدەی ئەو شارستانێتە گەشەی ئیسلامی هەڵات کە دواتر لە سەرەتای ڕێنیسانس دا ئەوروپاییەکان بە وەرگێڕانی بەشی هەرە زۆری بەرهەمی زاناو فەیلەسووف و بیردۆزەکانی ئیسلامی تیشکێکیان بۆ خۆیان خواستەوە کە ئیمڕۆ بەرهەمەکەی لە شارستانەتی ( هەرنەبێ لانی ماددی) خۆرئاوادا دەبینین کە چۆن ئەوان گەیشتنە سەر مانگ و ئەستێرەکان پێی کەچی ئەم جیهانە پان و بەرینەی خاوەن تیشکەکە چوونە خەوی غەفڵەتی( ضرب زید عمر) و تووڕەهاتی خەرافاتی هەتا دژ بە جەوهەری دینەکەشەوە) و بەمە لەمە دنیا و لەوە دنیاش بوون. فارسییە پاراستنی فەرهەنگی کۆنیان و موتوربەکردنی بەرهەمی بیری مرۆیی و خەڵکی دوورونێزیکیان بە وەرگێڕانی ئەو بەرهەمانە بۆسەر زمانەکەی خۆیان نەک تەنها توانییان و توانیویانە سەربەخۆیی سیاسی خۆیان و وڵاتەکەیان بپارێزن بەڵکو خەڵکی ترشیان کەمەندکێش کردووە و فەرهەنگی فارسی کاریگەریی بەسەر میللەتانی

دەوروپشیەوە بووە و زمانی فارسی پەلی کوتاوە بۆ هەندێ شوێنی هیندستان و پاکستان و هەندێ میللەتی موسوڵمانی سۆڤیەت و هەموو ئەفغانستان و ئیمڕۆ بەیەک لە زمانە زیندووە و فەرهەنگە بەبرشت و ڕێز لێگیراوەکانی دنیاش دەژمێردرێت. کە لە زۆر لایەنەوە پێشی زمان و فەرهەنگی عەرەبیش کەوتۆتەوە، کە چ لە ڕووی ژمارەوە و پانتاییەوە لەچاو عەرەبدا یەک بە دە و بە پازدەش نابن...

چالاکیی وەرگێڕان لە هەموو قوژبنێکی پێشکەوتووی دنیا و لەنێو میللەتانی پێشکەوتوو و خواپێداو و دڵسۆز و بەهۆش و گۆش بۆ ڕەخساو لە هەر چالاکییەک و بەرهەمێکی فیکریی دیکە بە برشتتر و دەوڵەمەندتر و گوێ پێدراوترە...

کەم ڕێک دەکەوێ بۆ نموونە کابرایەکی سویدی زمانێ دوانی هەرە زیندووی دنیا نەزانێ... بەڵام دیسانەوە زۆر بە دەگمەن بەرهەمێکی ( کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووی و سەرجەم فیکریی ) هەبێت کە لەو زمانانەوە وەرنەگێردرابێتە سەر زمانی سویدی کە هەروا حەوت هەشت ملیۆنێکی خۆیان قسەی پێ دەکەن... هەروا هەموو دنیای پێشکەوتوو و خواپێداو...ڕۆڵی وەرگێڕان لە هەر پێویستی و پێداویستی و ئەرکێکی دیکەی ڕۆشنبیریی و فیکریی کۆمەڵێک گرنگتر و حەیاتی ترە... بۆ میللەتی ئێمە ئەم پێویستییە چەند بەرابەر دەبێتەوە...

ئێمە ئەگەر هەر کوردستانی باشوور( کوردستانەکەی کۆلۆنیکراوی عێراق) بگرین کە هەرنەبێ لە بەشێکی زۆریدا نیو سەدە پتر دەبێ خوێندن و نووسینی بە کوردی بۆ ڕەخساوە و لە ١٩٥٨ ەوە کەم تا کورتێ دەرفەتی گەشەپدانی زمانەکەی بۆ ڕەخساوەو کوردی نووسین و کوردی خوێن لە کوردی نەنووس و لە کوردی نەخوێن - بەتایبەتی لە ١٠-١٥ ساڵی دواییدا - زیاتربوون کەچی بەقەدەر دیوانی شیعر و یالەیلی و هەلەقە و مەلەقی بێ سەروپا بەرهەمی وەرگێڕاومان نییە... بەشێکی زۆریشی کە هەیە بەدەردی ڕۆشنبیریی کوردی ناخوات!...

سیاسەتمەدارانی کورد دەزگا و دەسەڵاتدارییە کوردییەکان حیزب و شۆڕش و ڕێکخراوە سیاسییەکانی یەک لە داواکارییە پڕ جۆش و خرۆش و زۆر ڕێز لێ گیراوەکانیشیان) و پێشی پێشەوەیان خوێندن و نووسینە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بە کوردی ...کەچی نەبوو و نەبیسترا کەس هەنگاوێ بۆ پرۆژەیەکی ڕێکوپێکی ڕێکخراوی بەرنامە بۆ دانراوی وەرگێڕان بنێ... یا هەتا بیری لێ بکرێتەوە. کە ئەمە لە هەندێ دەرفەتدا زۆر ئیمکانی هەبووو زەمینە و هەلومەرجی لە باریشی بۆ ڕەخسابوو لە ساڵانی ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ ئەو هەلە زۆر چاک ڕەخسابوو، کە من پێم

وایە یەک دەسەڵاتداریتی سیاسی کورد لەو ڕۆژەدا بیری لەوە نەکردبۆوە بۆ هەتا ڕۆشنبیرەکانیشمان ئەوەندەی بابەتگەلی بنبۆشی ( سیمبۆل/ ڕەمز و عەبەثیەت و وجودیەت و بەندوباوی کاڵ و کرچ و نامۆی ڕۆشنبیریی« دەتوانم بڵێم» زیادە لە سکیان وەهێنایە گۆڕێ و دەیانکردە گەردەس و هەڵلا و هوریا بە دەوریدا لە هەزارە یەکی ئەوە لایان بەو لایەدا نەدەکردەوە... کە ئەو ڕۆژە ئیمکانی ئەوە هەبوو بەو چوار ساڵە پڕۆژەی وەرگێڕانی چەند سەد کتێبێک و سەرچاوەیەکی زیندوو و بەبڕشتی بێگانە وەرگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی... ئەگەر نەڵێین چالاکی وەرگێڕان بەپێی بەرنامە و نەخشەیەک دەبێ پێش داواکاری بە کوردی خوێندن و نووسین بکەوێتەوە بەلانی کەمەوە دەبێت شان بە شانی یەکتر بڕۆن.. ئەگینا تۆ منداڵێکی کورد لە زمانە بێگانەکە دەکەیت کە هەرچۆنێ بێت بەو زمانە سەرچاوە و بەرهەمی - تا ڕادەیەک- فراوان هەیە تەقە تەقێکی پێ بکات و خۆی پێ بناسێنێ و خۆی تێدا ببینێتەوە و بە کوردییەکەی لە ماڵی تاڵانی لێدراو پەرپووتترە لە قەلان و و لەو کۆترانیشی دەکەیت... خوێندەوارێکی هێڕ و وێڕ و لە دنیا بێ خەبەر و دابڕاو دروست دەکەیت، کە ئەوسا ژەهری فیکریی داگیرکەرەکە تاسەر مۆخ و ئێسکی دەچێ و دەیسڕێتەوە/ مسخ ی دەکات...ئەمە چەند تێبینییەکی پشووسوار و بە پەلە و درشتن ئەگینا ئەم باسە زۆری بە بەرەوەیە... فرسەتە ڕووی دەمی گلەیی و لۆمەش بکەینە ئەو چەند سەد هەزار کوردەی (جا لەبەر هەر شتێ بووبێت) ئاوارەی ئەووڵاتانە و هەندەران بوون کە لە نێویاندا دەیان و سەدان خاوەن بڕوانامە و پسپۆڕ و کوردیزان و زمانێ یا پتری بێگانە زانیان تێدایە و لە دنیایەکدا دەژین کە لە ئێمە مانانی بیستوو و لە کتێب خوێندووەوە چاتر و پتر دەبێ !!... بزانن و هەست بەم لایەن و ئەرکە بکەن بۆچی غیرەتی کوردایەتی و هاوڵاتێتی و نیشتمانپەروەرییان پاڵیان پێوە نانێ هەریەکەیان ساڵی سەرچاوەیە، کتێبێ، بەرهەمێ وەرگێڕێتە سەر ئەو زمانەی دایکی لایلایەی پێ کردووە و فرچکی پێ هەڵدراوەتەوە و زمانی پێ پژاوە!!

نەکەن بڵێن: ئاخر دەرفەت ئیمکانی بڵاوکردنەوەیان نییە!!... بۆ هیچمان کردووە تا تەنیا پەکیان لەسەر ئەو هەلودەرفەتە کەوتبێ؟! یا ئەوەتا خۆیان بۆیان ڕەخساوە بەو زمانەی بیانەوێ ئاگاداری بن و ئیتر تێر ئاگای لە برسی نییە و ئەوەندە لە ڕووی ڕۆحی و ڕەوشتییەوە لەم نەتەوەیە دابڕاون کە بیری وا بە هۆشی دەرماندووی حەساوەی خۆیاندا ڕانابەڕێنن؟!.. گلەییەکە _ ئەگەر نەڵێم تاوانێکە! مێژوو لەسەریان تۆمار دەکات...

بەتەمای خواو هیممەتی بە هیمەتان و دڵسۆزان و بۆ ئەوەی ئەو هەوڵەی کە دەدرێت و توانایەی خەرج دەکرێت شوێنی تەواو بگرن، پێم وایە کە ئەم دوو خاڵەنە بەرچاو بگیرێ:
١- پێویستتر لە پێش پێویستەوەیە، واتە کە ڕەنجەکە هەر دەدرێ و ئەرکەکەی دەکێشرێ دەبێ پێویستتییە هەرە گرنگ و پێویستییەکان پێش سانەوەیەکان بخرێتەوە... لەم بوارەدا شاکار و سەرچاوە تۆکمە و بناغەییەکانی بەرهەمی بیری مرۆڤایەتی پێش هەمووان دەکەوێتەوە...
٢- بۆ ئیمڕۆی ئێمە سەرچاوە و بەرهەمە ئەکادیمی و بێلایەن و زانستی و بابەتییە بێ لایەنگرەکان لە نووسین و سەرچاوە ئایدۆلۆژی و تاک و ڕەهەندەکانیان/ بعدکان ( هەرچییە بێو چەندین دروست بن) چاتر و گرنگ ترو پێویست ترن ... ئەگینا خوێنەری کوردی لە داهێنان و خۆ دروستکردن و ئەفراندن دەخرێ و دەخەسێ و توتیئاسایی فێر دەبێ و دەبێتە ئەشکەوت و هەر دەنگ دەداتەوە و سەقەت و مسخ دەبێت وەک ئەسپی عەرەبانە لاوانەی بەرچاوی بۆ دروست دەبێت کە لە پانتایی ١٥ سم و ١٠ پلە لە ١٨٠ پلەوە بەولاوە توانای بینایی نابێ... ئەمە مەترسی ئەوەی هەیە لەباتی ئینسانی کوردیی بیر ئازاد و داهێنەرو بیردۆز و بیرکەرەوە و واقیعبین و بابەتی و خۆناس و جیهانبین دروست بێ کاهینێکی شێوێندراوی/ مشەوەهی سەقەتبووی قورمیشکراو و دێتە بەرهەم کە ناوی کۆکراوە و دەروێشی فیکریی نیگاتەسکی چیقڵدانە تەنگی بیر تەنگاوی سەراوی هیپۆتۆنیست هەڵدەگرێ...
( دزێوترین و گاڵتەجارترین و تراژیدیاترین نموونەی لەم ڕۆژانەدا لە مەیدانێکی سیاسی کوردیدا دەنگی داوەتەوە کە لەلایەن و بەرەیەکی شۆڕشگێڕی کوردستانی لایەن و بەرەیەکی دیکەی شۆڕشگێڕ و بەرچاوە بەشێ لە ئیمپریالیزم دادەنێ کە ئەرکی( زۆر شۆڕشگێڕانەی!!) ئەمان بۆ پاکتاوکردنی ئیمپریالیزم بۆ کردنە!! لە ڕاگەیاندن و ئەدەبیاتی ئەوتۆیی لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایە سەر هەڵبدات هەتا لەنێو دارستانەکانی ئەفەریقاش!... بە تەنەکە شار بەدەر دەکرێ کەچی لە وڵاتەکەی ئێمەدا لەسەر داروبەردی ڕەقی هەژاریی فیکری کوردەواریدا نەک گوێگریی هەن حاڵ لێهاتووشی بە دەورەوەن... ئا ئەمە کارەساتی یەک ڕەهەندی و یەک گۆت کردن و هیپوتۆنیزم کرد...

*****

## وەڵامتان چییە بۆ مێژوو؟....

مەسەلەی کورد خۆی زۆر ئاڵۆزە دەتوانین بڵێین کە ئاڵۆزترین مەسەلەیە لە هەموو مێژووی نەتەوە و گەلان دا، کە هەگیز او و هەرگیز مەسەلە و کێشەی نەتەوەیە نەبووە و بەو ئاڵۆزییە بەڵێ ئەم مەسەلەیە بە خودی خۆیی ئاڵۆزەکە قەت نەبووە نەتەوەیە بکرێتە چەندەها بەشەوە و ئینجا تووشی ئەو جۆرە زۆڵە داگیرکەرانە بێ کە قەت لە چەشن و شێوەیان نەبووە و نابێ لە داگیرکەرانشا. ئەم مەسەلە ئاڵۆزە ئیمڕۆکە بە هۆی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە و بە هۆی ڕابەرانی کوردەوە چەندەها جارتر ئاڵۆزکراوە و کراوە بە قفڵی جادووی/ سیحری لەم گەلە هەژارە چەوساوەیە. ئاخۆ سیاسەتمەدارانی کورد کە دەستێکی باڵایان هەیە نەک هەر لە ئاڵۆزکردنی مەسەلەکە بەڵکو لەدواخستنی مەسەلەکە و لە هەل و و دەرفەتی سەرکەوتن لەدەستدانین چ بڵێین و چۆن بیربکەینەوە لەبەر چ کورسی و تاجێ وا بکەن یا وەکو وایان پێ بکەن. ڕووداوەکان وای دەرخستووە کە کارلەوە ترازاوە پێویست بە حەکیم و دانا و فەیلەسووف بکات بەڵکو ئیمڕۆ لەهەر پیرێژنێکی لادێی بپرسی چ بکەین باشە چۆن سەردەکەون. یەکسەر دەڵێ کوڕم یەکتری مەکوژن و یەکێتی و تەباییتان هەبێ سەردەکەون.

ئاخۆ بڵێی ئەو هەموو سیاسەتمەدارانەی کورد بەقەد ئەو پیرێژنە لادێییەی لێ نەزانن. ئەگەر وایە بۆ سیاسەت دەکەن!؟. لە خودا بەزیاد بێت/ ماشاءالله ڕابەرین ئەگەر وانییە بۆ وادەکەن. ئاخۆ دەبێ مێژوو چ لەسەر ئەمانە بنووسێ و نەوە داهاتووەکان چ تف و لەعنەتێ بکەن !. تۆ بڵێی هەر یەکە پەیکەرێکیان بۆ نەکەن و وەک حەجی ئیسلام فەرزی نەکەن هەموو ساڵ هەر کوردستانییە بتوانێ بچێ حەوت بەرد و حەوت تف بکا لەو پەیکەرانە.

ئێمە بەوپەڕی دڵسۆزی و بەتەنگهاتنمانەوە بۆ کێشەی ڕەوای گەلەکەمان داوا دەکەین و هیوا دەکەین کە هەر هەمووان هۆش وەبەرخۆ بێننەوە و چیدی نەبینە کلکی تەور بۆ بڕینەوەی خۆمان و نەعلەتی مێژوو نەهێنینە سەرخۆمان . ئێمە دڵنیاین کە کێشەکەمان بەو شێوەیە سەرناکەوێ و هەر هەمووان نوشوست دێنین با هەر نەبێ لەتاقیکردنەوەی خۆمان کەڵک وەربگرین چونکە مێژووی گەلەکەمان دەوڵەمەندترین مێژووە لەو بارەوە. ئەگەر وا نەکەین ئاخۆ وەڵامەمان چییە بۆ مێژوو؟...

**کۆڕەک**

**ڕۆڵەیەکی دی**

چ ڕۆڵەیەکە هەمیشە لە جووڵە و کاردایە ، دوژمنی دانیشتنە بە و بێ هەمیشە هەر بجولێ و ئاو بوەستێ ئەو نەوەستێ چاوە گەشەکانی هەمیشە دەڕواننە دوارۆژێکی ڕونتر بۆ گەلی چەوساوەی قسەخۆش و دەم بەپێکەنین و هەمیشە هەموو هاوبیرەکانی خۆشتان دەوێ دەیانەوێ هەر لەگەڵی بن لەبەرقسە خۆشەکانی زۆرجار بانگی دەکرد وەرە چالاکی بکات. ئیمڕۆ ڕایان سپارد کە بچێتەوە و هەڵسێ بە چەند چالاکییەک ئای لە چ کەیف و خۆشییەکدا یە وەختە باڵ باڵ بگرێ لە خۆشیدا دەبێ کارێ بکات جیڤارا نەیکردبێ دەبێ بیسەلمێنێ کاکە ڕۆڵەی گەل و نیشتمانە کە عەشقی ئازادی و یەکسانییە زۆر زوو خۆی گەیاندەوە شار زۆر بە گورجی دەستی کرد بە جێبەجێکردن ئەو ئەرکانەی پێیان سپارد بوو لە کارەکانی زۆر سەرکەوتوو بوو. چونکە چاونەترس بوو لێ شێری هەبوو چاپکی پڵنگ هەمیشە بە دڵێکی پۆڵایینەوە بەپیر ئەرکە قورسەکانەوە دەچوو. دوایین جار لە کۆڵانێ لە کۆڵانەکانی سابونکەران لووتی تەقی بە لووتی سێ سیخوڕی دوژمن. دەستەوتەخە کەوتە شەڕ لەگەڵیان بە ئازایی و نەبەردی خۆی توانی یەکێکیان لێ بتۆپێنێ بەڵام سیخوڕەکەی دی لێی هاتە دەست و گوللەی قینی فاشیانەی نایە سەری ( کاکە سەردار) ەوە. نەیزانی ئەو لە مێژوو غافڵە کە سەری ملیۆنەها ملیۆنەها سەری لە دووە.

**کۆڕەک**

»«««

# پێنووسی قنج

**ئازادی**

ئازادی ئەوە نییە ڕێ بدەن خەڵکی بەسازی تۆ لێدا و بە دەهۆڵت هەڵپەڕێ . ئازادی ئەوە نییە خەڵکی لە تابووتی فیکری تۆدا ڕاکشێ. ئازادی ئەوە نییە هەناسە هەڵێنان هەر لەژێر کەپر و ڕەشماڵی دیوەخانی خۆتدا بەڕەوا ببینی.

ئـازادی لـەوە بڵندتر و بەرین تر و پیرۆزترە لە زیندانی فیکری ا سیاسی و دەسـەڵات و یەک فەلسەفە و تەک باوەڕ و یەک حیزب دا شەتەک بدرێ...ئازادی ڕەها بوونە لە هەموو « دەسەڵات و چوارچێوە و سنووورداکردن و گەمارۆدان و خواستێکی» نارەوا و سەپاو... مومارەسەکردنی مافە خودادەکانی مرۆڤە لە سنووری دەست نەکێشانە هەمان مافی بەرانبەر و دەوروبەر..

مرۆڤ لای خوا و خەڵکیش لەوە بەنرخترە بکرێتە مەیموون و هەڵپەڕێندرێ!... لەوە گەورەترە بکرێتە ئەشکەوت و دەنگی تێدا بدرێتەوە.. لەوە پیرۆزترە بکرێتە کۆیلە و پاشکۆ و کەمەری خزمەتکاریی پێ ببەسترێ..

مرۆڤ لەتێڕوانینی خوادا جێنشینیەتی و بە «جێنشینی خودا لەسەر ئەرزا» باسی دەکات. لە هەموو بەندوباوێکی عەبدایەتی و پاشکۆیایەتی ڕەهای کردووە و تەنها لەبەرانبەر خۆیدا بەپرسیارە و بەس لەوێشدا «تۆبە و گەڕانەوە» و «بەزەیی و بەخشین و لێبووردنی » هەتا لەسەر پێچی و لادانیش لە ویستی خۆی بۆ چاوبەستیش بێ! سەروو هەموو نرخێک خراوەتەوە لەمەشدا بە ڕاست هیچ لایەنگیری و دڵدانەوەیەکی مرۆڤ لە گۆڕێدا نییە.

مرۆڤ بە حەقیقەت وایە و شایان و شایستەی ئەو نرخ و ڕێز و قەدر و حورمەت ڕاگرتنەیە. ئەمە با – تا ئیمڕۆ!- لەچوارچێوەی تیۆریشدا بێت بەڵام حەقیقەتی ڕەهایە و ئەوەی ئەو شەرەفە بە خۆی ڕەوا دەبینێ دەبێ هەم بیسەلمێنێ و هەم کاریشی پێ بکات و لە خۆشییەوە دەست پێ بکات.

کەموکەسەری لـەم بـوارەدا هەبـێ، جگەلەوەی دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆ یەک سەرئەنجام و دەلالەتی لێ دەکەوێتەوە ئەویش ئەوەیە کە چ کۆمەڵگە و کۆمەڵایەتی و دامودەزگاکانی و چ تاکەتاکەی مرۆڤیش خۆی نەگەیشتۆتە ئاستی باڵای مرۆڤایەتی و کامڵبوونی مرۆڤێتی ناکرێ و نابێ ئەم کەموکەسەرەی تێدا پەیدا بێت.

بۆیە ئازادیخوازی ، خواناسی، مرۆڤدۆستی، شۆڕشگێڕی و مرۆڤێکی ئاسایی کە بە پێچەوانەی حوکمی قودسیەتی مرۆڤەوە( کە ئازادی مرۆڤ و ڕێز و حورمەتنان لە مرۆڤایەتی مرۆڤ یەکەم هەنگاو و ئەلفوبێی ئەو پیرۆزییەتەیە).. ڕەفتاری کرد و لەژێر هەر باروهەلومەرجێکدا و بۆ هەر مەبەست و لەبەر هەر هۆیەک قەیدوبەندوباوی بەدەوری ئەو پیرۆزییەدا کێشا لەوە دەکەوێ بەڕاستی ئازادیخوا و خواناس و مرۆڤدۆست و شۆڕشگێڕ و هەتا مرۆڤیش بێت...

جا یا ئەوەتا لەو ناو و ناونراوە/ مسمیات پیرۆز و بەفەڕانە بێ ئاگایە و وەک مت و مورو کردنی بەخۆیەوە کە بەمە لە نرخەکانی خۆیان دەکەوێ و دەبنە ناوێ بێ ناوەڕۆک یا ئەوەتا ئەو شتانە بەناوەکانی خۆیان ناونراون و چەند زاراوەیەکی بێ گیانی هەڵاساون ئەوساش چ جیاوازییەکیان نابێت لەگەڵ هیچ زاراوەیەکی تری وەکو سۆزانی و جەردە و پیاوکوژ و ساختەچی و ئەم بابەتانە یا ئەوەتا ئەو شتانە دەمامکن و بۆ خەڵکی بە تەپکەوەکردن کراونەتە دێوجامە...

بەناو خواناسێ هات و بەدرۆ لێکدانەوە و خۆپەسەندی فەتوای کەڵەگایەتی فیکری و مادی و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی دا بەسەر خەڵقوڵڵای دیکەدا و خۆی کردە شەریعەت و دەستوور و جێبەجێکەری فرمانەکانی خۆیی ئەوەی ئەو هەقەی هەبێت وەک کەس نییەتی – ئەوا هەموو شتێکە خواناس نییە چونکە لە بنەڕەتەوە ملهوڕیی بەسەر «جینسەکانی دیکەی» خوادا دەکات!...

بەناو ئازادیخوای هات و لەژێر باڵی ئازادی و ئاڵای ئازادیدا ئازادیی خەڵکی دیکەی زەوت کرد.. هەموو شتێکە ئازادیخواز نەبێت، چونکە بەو کردارەی دەبێتە بکوژی ئازادی!.. بەناو مرۆڤدۆستی کە هات و لە ئاستی مەترسی لەنێوچوونی جۆرە باڵندەیەک و چارەنووسی دەڵەک دا هاتە وەڵام/جەواب و لەبەرانبەر خەفەکردنی هەزاران کەسدا بێ پەروا گوێی بێخەمی لێ تەپاند و لە ئاستی چارەنووس و مافی میللەتێکدا پشتی نابەرپرسیارێتی/ مەسئولیەتی مرۆیی/ ئینسانی وەرگەڕاند.... هەموو شتێکە تەنگا مرۆڤ دۆست نەبێت!... چونکە جگە لە هەموو ماناکانی درۆ و ساختە و پووچێتی بەو کارەی دەیسەلمێنێ کە دەڵەک دۆستە نەک مرۆڤ دۆست!.

بەناو شۆڕشگێڕێ کە هات و بێ پەروا کەوتە گیانی خەڵکانی بیر جیاواز لە خۆی و بە تۆپزی ویستی ئەو خەڵکە بکاتە دەستە جووتەی خۆی هەموو شتێکە تەنیا شۆڕشگێڕ نەبێت، چونکە شۆڕش بۆ خۆی بریتییە لە ڕەهاکردنی مرۆڤ لە پێوەند و زنجیری دەست و پێی نەک ڕەشمەکردنی بۆ گوریس پێدانی !...

هەر مرۆڤێکی ئاساییش ئەگەر هات و ئەوەی بۆ خۆی خۆش لیٚهات بۆ خەڵکانی تر نەدیت ئەوەی خۆی پێی سەخڵەت دەبێت لە خەڵکی تری بە دوور نەگرت هەموو شتێکە تـەنها مـرۆڤ نەبێت. چونکە حوکمی هاوڕەگـەزی ئـەوەی داوا لیٚ دەکات کە یاسا و دەستووراتی بەسەر خۆیدا حاکم دەکات بۆ خەڵکیشی بەرچاو گریٚ. ئازادیخوازی مرۆڤ ، شۆڕشگێڕایەتی، خواناس، مرۆڤدۆستی و هەتا ئابڕووی مرۆڤ لەوەدایە کە هەل بدات بە بەرانبەرەکەی ڕاوبۆچوون و بیر و دیدی تایبەتی خۆی هەبێت باوەڕ و بۆچوونی جیا لە خۆی پیٚ تەحەمول بکریٚ و مافی دەربرین و خۆنواندنی بداتیٚ... ئەریٚ هەموو بەڵا و نەهامەتییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەمیاساغو دەست بەسەرا گرتن و ئیلغای ئازادییەوە زەنەی نەکردووە؟!..

«...........»

*********

# خونچە پشکووتووەکان

**شۆڕش و پێویستییەکانی سەرکەوتن...**

گەر سەیری باری ئیمڕۆی جەماوەری چەوساوەی کوردستان بکەین و سەرنجی وردی بدەین وە بە قوڵی لە ئێش و ئازارەکانی بکۆڵینەوە تێدەگەین ئەم جەماوەرە لەژێر چ سیستەمێک و لە چ رۆژێکی ڕەشدایە و لە ژێر کەڵبە و چونجڕکی چ داگیرکەرێکی فاشی نازیدایە. ئاخۆی ڕوودواوە لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا میللەتێ کەوتبێتە ژێر بار و دەستی دوژمنێکی وا دڵ پڕ لە قین و کین و بوغزەوە. ئەم داگیرکەرە فاشییە کە تەنها دڵی قین و پەستی و کێمی تێدایە بۆ ئەم گەلە داگیرکراوە وەک تەنها نیاز و مەبەستێکی هەبێ بۆ ئەم گەلە قڕکردن و تۆوبڕینی ئەم گەلەیە و هیچی دی.گەلێ لەبارو هەلومەرجێکی وادا بێ و بەرامبەر داگیرکەرێکی وا دڕندە ڕاوەستابێتەوە ئاخۆ دەبێ شێوە و جۆری شۆڕش چۆن بێ و وەیا پێویستییە سەرەتاییەکانی شۆڕش چ بێ و چ پێویست بکات؟...

تاقیکردنەوەی گەلانی ژێردەستەی ڤێتنام و جەزائیر و کوێ و کوێ یەکەم شت یا وەکو یەکێ لەو پێویستە بناغەییانەی کە پێمان دەڵێ، پێکهێنانی بەرەیەکی راوانە کە پێکهاتبێ لە هەموو ئەو حیزب و خەڵک و کەسانەی کە باوەڕیان بەوە هەیە کە دەبێ بەرامبەر ئەو داگیرکەرە بووەستنەوە جا هەر لەو کەسانەوە کە بە دڵ ئەو شتەیان دەوێ کە لە لاوازترین ئیمان دا/ اضعف الایمان ن تا دەگاتە ئەو کەسانە و ئەو کوڕ و کۆمەڵ و حیزبانەی کە بەرەنگاری دوژمن دەبنەوە و گیان و ڕۆحیان دەبەخشن لەو بەرەنگاربوونەوەیەدا.. دەتوانین زۆر بە دڵنیاییەوە بڵێین لە بار و هەلومەرجێکی وادا بەرەی گەل نەک هەر پێویستی بە تاکێکی ئەو گەلەیە بەڵکو پێویستی بە «مێروولە و دەرزی»یە لەگەڵ زیندەوەر و بنچکێکی ئەو کوردستانە.

کەوابوو پێویستە لەسەر هەموو ئەندامێکی ئەو گەلە کە دڵسۆزە بۆ گەل و نیشتمانەکەی ئەم ڕاستییە بزانێ و وە ئەوپەڕی توانا و هەوڵ و کۆششی خۆی بۆ بەخەرج بدات جا نەخوازە ئەوانەی خۆیان بە شۆڕشگێڕ و سەرکردەی گەل دەزانن. ئیمڕۆ جەماوەری کوردستان تێکڕا ئەم ڕاستییە دەزانن وە لەو باوەڕەشدان کە هەموو ئەوانەی خۆیان بە سیاسی دەزانن باش لەو ڕاستییە گەیشتبن جا ئەرکی ئەو کەسانەی دوورەپەرێزی دەکەن لە یەکێتی و یەکبوونی شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن بیانناسن و دەستنیشانیان کاو چیدی نەهێڵێ لەهەر هەوڵێ ئەو ئەم گاڵتەجاری و گەل هەڕاجییە بەربدات.بەرەو یەکێتی ڕیزەکانی شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی دوژمنی داگیرکەری فاشی ڕووەو سەرکەوتن ئەی گەلی ژێرستەمی کوردستان.

**کۆڕەک**

## هەرجارەی بیرێ

**چ بکەین .....؟!..**

سنووری هەرەدامێنی/ حد الأدنی و کردەیی و شیاوی دادپــەروەری و لۆژیک لە بڕیارە هەمە جۆرەکانمان دا بە چ بپێورێ و چۆن دیاری کرێ؟. سەرچاوەی بنەڕەتی دادپەروەری لە کێوە هەڵێنجین ! داب و دەزتووری کۆمەڵایەتی بێ!. ئایا هەموو چاکە یا خراپیشی تێدایە؟ چاکیان کامەیە و خەراپیان کامەیە؟ پێوانەی چاکە و خەراپەی چییە؟ دەستوورێکی دیاری و قەرارداد هەیە یان دەکەوێتە سەر بۆچوون و ڕا و میزاجی خۆمان؟!.. یا پراکماتیزمانە واتە سوودپەرستانە، کە دەکاتە بەرچاوگرتنی سوود و زیان و بەش و گوێ نەدانە هیچ ئیعتبارێکی دیکە. ئایا لە هەمـوو شتێکدا هەروا یا بۆ هەنـدێ واو بۆ هەندێکی دیکە نـا. کـام هەنـدەیـان واو کامیان وانـا؟!.. یـان خۆمان و بـەرژەوەنـدی حیزبەکە بکەینە پێوانە؟ جا ئێمە خۆمان و حیزبەکەمان ئەوە هەڵدەگرین کە پێوانەبین یا تاسەر ڕاستی و داد و ڕەوا لە ئێمە و حیزبدا بەرقەرار دەبێ تا بیکەینە بنکەیەک؟.. بۆ خۆی لە هەموو بیروباوەڕ و فەلسەفە و مەزهەب و ڕێچکەیەکدا لە مەیدانی تەرجەمەکردنیا بۆ واقع و هێنانیە مەیدانی سیاسەتەوە تا ڕادەیەکی زۆر سەرەکی/ مبدەئی الغایە تبرر الوسیلە لە کاردێنرێ... هەرچەندە ئەم پرنسیپە زۆر گفتوگۆ و بگرە و بەردە هەڵدەگرێ و مەگەر زۆرکەمجار ڕاست تێبێتەوە. بەتایبەتی بۆ مەودای دوور. بێگومان لەوەدا نییە بۆ مەودای نێزیک هەمیشە سوودبەخشە. بەڵام بەنزیکەیی هەمیشەش بۆ مەودای دوور سەرچاوەی بەڵا و لادان و هەموو مەینەتی و خەراپیەکە تا وای لێهاتووە ئەوە بەڕاست دەرچێ کە ئامانج و مەبەستی چاک و پاک و ئامڕازی و ڕێگەی چاک و پاک نەبێت قەت چاکەی تاسەر لێشین نابێتەوە. ئەگەر لەمەش خۆمان هەڵبدێرین و هەتا پرنسیپەکە/ مەبدەئەکە بەڕاست بگرین - کە پێموایە لەم قۆناغەی ئێمەدا و بۆ ئێمە لەمە چاترمان لەبەردەستدا نەبێت و جێگرەوەیەکی دیکەمان نییە و ئێمە توانای ڕسکان و پیادەکردن و چەسپاندنی جێگرەوەیەکی/بدیل دیکەمان نییە. بەڵام دەمێنێتەوە ئەوەی کە ئەو الغایە و مەبەستە غایەو مەبەستی گشتی و واقعیە دوور لە هەموو حەز و ناحەز و هەوایەکی نەفسی بەشەرییەوە یا غایە و مەبەستێکە لای من و تۆ ئێمە گشتی یە و ئێمە ئەو کارت بەلاش و ڤیزەی ڕەوایەتییەی دەدەینێ...واتە ئێمە خالقی ئەو مەبەستەین نەک خۆی هەبێ یا ئێمەین کە دوورییەکانی/ ابعاد و قورسایی و ڕەنگ و بۆ و مانای دەدەینێ، کە ئەگەر بناغە/ ئەساس و دەستوورر و دیسپلینەکانی/ ضوابط تایبەتی نەبێ بە کورتییەکەی دەکاتە

ئەوەی کە ئێمە خۆمان یاسا و دەستوور و ئامانج/ غایە و دنیا و قیامەتیشین. هیچ جیاوازی نی یە لەو قسە بەناوبانگەی/ مەشهورەی لویسی پازدە کە وتوویەتی( من دەوڵەتم و دەوڵەتیش منم).

ڕەنگە کەمێ خەراپتریش بێ چونکە هەرنەبێ ئەو مەبەست و نیازەکەی خۆی: شاردۆتەوە، نەخوێن نەخەڵکی دیکەشی فریونەداوە. ئەوەی سەرێ کەمن زۆر بە شەپڕێویو سادە و سەرەواویش باسم کردووە و تەنها دێڕێکە لە داستانی گەورەترین کێشەی مرۆڤایەتی . بانگاشەی/ ئیدیعای ئەوە ناکەم کە ئێمە بتوانین تریاتێکی کافی و سافی بۆ وەدۆزین بەس ئێمە ئەگەر حورمەتی بەشێکی کەم لەو ڕاگەیاندنانەی خۆمان بگرین و پێمان ڕاست بێ و بەڕاستی لەو قەناعەت و بڕوایەدابین و باوەڕمان بەوەبێ کە حیزبی ئێمە دەتوانێ خزمەتێ بە کۆمەڵگەکەمان بکات و ئەوەی ئێمە دەسمان داوەتێ پیشەیە نی یە خۆی پێ بژیەنین و ڕۆژگاری پێ ببەینە سەر و سەر و هەندێ بکەوینە، ڕێگەیەکین بۆ خزمەتی کۆمەڵگە.. و دواتر ئێمەش لە جنس و قوماشی ئەو حیزبانەی تر نین، دەبێ ئەم شتانە بە توندی سەرنجمان ڕاکێشێ و گرنگی بایەخی/ اهتمامی تەواوی بدەینێ و ئەوەندەی تاقەتمان بەسەریدا دەشکێ و لە عۆدەی دێین و بە پێی توانا و وەسیعەتی فیکری و عەقڵی خۆمان و ڕێگەدانی باروهەل ومەرجەکانی خۆی لەگەڵدا خەریک کەین و زۆر بە دڵسۆزی و خۆنەویستی و بابەتێتییەوە/ مەوزوعیەتەوە و دوور لە هەموو ( قیروسیا) و ( هیلاک بوون) و( بێ تاقەتی) و ( نائومێدی) و ( لەخۆبایی بوون/ غرور)یکەوە بیخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە. پێش ئێمە خەڵک هەبوون وهەر کەسەی بەشدارییەکی خۆی کردووە ئەو بەشداریانەی بابەتی/ مەوزووعی زانستی/ عیلمی و دڵسۆزانە و ڕاست بووبن ماونەتەوە و بوونەتە میراتییەکی مرۆڤایەتی و ئەوانەشیان کە زەنەی هەوا و نەفس کوێری و گومڕابوون ڕیسوابوون و پووکانەوە ئێمە ئەگەر لەم مەسیرەیەدا و لەم بوارەدا یەک بەردمان بۆ بنێرێتە سەر بناغەی خەرمانی تاقی ژردنەوەی جیهانی و میللی و خۆشمان نەک هەر خزمەتێکی شایان و بەرچاو بە میلکەتی خۆمان دەکەین ، بەڵکو هۆ و پاڵنەرێکی/ دافعێکیش دەبین بۆ دوای خۆمان کە بە ئاڕاستەی/ اتجاهەدا گوزەر بکەن و ڕۆژ دوای ڕۆژ لە کردنەوەی ئەو گرێ کوێرەیە نێزیک بنەوە... ئەوەی پێم بڵێ:( ئەم درەنگە بەم زووەدا ڕاناگات) و کورد واتەنی:( ماڵم بەسەر حوسشترەوەیە و منداڵم دەنێرمە مەکتەب).... هەتا ماوە هەر درەنگێ دەبێ و قەت هیچ بە زوویدا ڕاناگات..و هەتا ماویشە دەبێ هەرماڵێ خۆی نەوە و نەوەکانیشی هەر بەسەر حوشترەوە بن. چونکە سیاسەت و حیزبایەتی بە دوکان کردنەوە تێ ناگەم.. یا ئەگەر هەر ئەو ڕێچکە کۆن و تەقلیدی و پۆرتکارەی چەندین ساڵە هیچی لێ شین نابێتەوە کوتانەوە بێ - پێم وایە پیاو نابێ کارێ بکات پێشەکی بزانێ نابێتەوە کوتانەوە بێ- پێم وایە نابێ

کاریٚ بکات پیٚشەکی بزانیٚ سەرئەنجامەکەی سفرە و هەولّی لەدەستچووە/ جهد الضایع.. خۆ ئەگەر هەر بیکات و سەرئەنجامی هەر ئەوەبیٚ کە هەیە، جا چ پیٚویست/ لزوم دەکا پیاو خۆی هیلاک بکا... ئەوا حیزب و ڕیٚکخراوی دیکە هەیە و حازر و بزر و بیٚ سەریەشەش، ئەم دەکات و بازاڕ قووت کردنەوە بۆ؟!.. ئەوەی وەلاّمی لۆژیک/ جەوابی منطقی نەبیٚ وای بۆ لیٚکدەداتەوە/ تەفسیر دەکاکە لەوانەیە لە شویٚنی دیکە گزیر و وەزیر پڕ بووبیٚتەوە و شویٚنی ئەم نەمابیٚتەوە.. ئەمیش لەخواریٚ دانانیشیٚ و سەریش گیراوە جا ئایا دەبیٚ لەسەری سەریٚ لیٚی داکوتیٚ، جا لەو حالّەتەدا هەموو شتیٚکە تەنها خزمەت و کوردایەتی و سیاسەتی خزمەتگوزارانە نەبیٚ.

با ئەوەش بلّیٚم ئەمە بۆ خۆی لەگەلّ ئەوپەڕی گرنگیٚتی و پیٚویستیدا هەموو شتیٚ نی یە و هەموو شتیٚکی پیٚ پیٚک نایەت. بەلاّم بیٚ ئەمەش خولانەوە بە دەوری خۆدا خزمەتکردنی داری زڕ و بیٚ بەرس. ئەمە لەتەک زۆر مەرج و پیٚویستی و پیٚداویستی دیکەدا کۆببنەوە و هەماهەنگ و جووت و هاوشان لەگەلّ یەکدا بڕۆن و بەکار بیٚنریٚن.. بە تەرتیب و ڕیٚکخستنی گونجاو ئەوسا و تەنها ئەوسایە شتیٚکی لیٚ شین بیٚتەوە.. خۆ ئەگەر هەموو هۆکار/ عەوامل و پیٚویستی و مەرجەکانیشی بیٚتە پیٚش ئەگەر دروست و وەستایانە بەگەڕ نەخریٚن و ڕیٚک نەخریٚن و بەکارنەیەن، دروست وەکو هەر ئامیٚریٚکی ئالۆزە/ جیهازیٚکی معقدە کە ئەگەر برغویەک لە شویٚنی برغویەکدا ببەستریٚ کار ناکا.. و کاریش بکا زۆر کەم تەمەن دەبیٚ و پاشان لەکار/ عەمەل دەکەویٚ... سەرنەکەوتنی سەرجەم حیزبە سیاسیەکان بۆگەن بوون و لادان و خلیسکان و سەقەت بوونیان.. و هەموس نەهامەتی ورەنجەڕۆیف خەباتی کوردایەتی و خەلّکی تریش دەگەڕیٚتەوە بۆ ئەوەی کە هۆ و کەرەسە و مەرجە پیٚویستەکان یا نەبوون یا کە بوون چاک و ڕاست و دروست بەکارنەهیٚنراون/ لەعەمەل نەهیٚنراون.. جاری وا هەیە نەبوونی شتیٚ زۆر قازانج تر و سوودترە لە بوونی بەلاّم بە چەوتی یا پیٚچەوانەیەی یا هەلّگەڕاوەیی.( معاویە) بۆ ئەسحابە نەبوو فتوحاتی نەکرد دەوری نەبوس؟... بەلاّم ئایا ئیسلام بیٚ معاویە بوایە و قیروسیا با سووریا و هەموو شامیش نەبوایە چاتر و بەپیٚزتر و بەخیٚرتر نەدەبوو؟..

ئایا ( فلاّنی خۆمان) شوانیٚکی نەزان بوایە، چاتر نەبوو لەوەی کە سیاسەتمەداریٚکی بیٚ کەلّک و زیان بەخش بیٚ.

ئەمانە و هەزاران شتی دیکە، زەرەریٚکی زۆری نی یە و ئەو زیانەی نادات ئەفەر خەلّکی سادە و ساکار چاویان بەسەریدا بکشیٚ و نەیبینیٚ.. بەلاّم بەلاّ و نەهامەتییە سیاسەتمەدارانی میللەتیٚ پەی پیٚ نەبەن ، یا گرنگی نەدەنیٚ....

**عەلی**

# مالاوا

**ئەوەی خزمەتی میللەتی خۆی پێنەکرێت، کەڵکی کەسێکی دیکە ناگرێت!!!!...**
تێنەگەیشتنی مەسەلەی کورد ، وەک مەسەلەی میللەتێک - نەک کەمە نەتەوایەتییەک- لەلایەن جەماوەری بەربەرینی عێراقییەوە هەلی گەورە لەدەست کورد دەدات و فرسەتی گەورەش دەنێتە بەر پیلانەکانی کۆنەپەرستان و شۆڤێنیست و ئیمپریالیزم لە وڵاتەکەدا. ئەمانە و زۆرشتی تریش کە چەندین جار دووبارەبوونەتەوە و کۆسپی هەرە گەورەی سەرەڕێی ئەو کاروانەبوون بەتایبەتی لەدوای شۆڕشی ١٩٥٨ ەوە مێژووی ئەم وڵاتە بریتی بووە لە پارچەیە لەو تراژیدییە!. هەرچەندە هەمیشە و هەردەم بزووتنەوەی کوردایەتی بەئاگابووە لەم خاڵ و زیاد لە پێویستیش کاری بۆکردووە، بەڵام چەپڵە بەدەستێ لێنادرێ و ئەگەر لەسەردەمێکدا ئەو دابڕانە ڕووی دابێ هەرگیز ئۆباڵەکەی ناگەڕێتەوە بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی.

ئێمە ئەمە لە زەمینەی کوردبوونی خۆمان و دەمارگیرییەوە ناڵێین. ڕاستییەکان و ڕووداوەکان بارەیان دێ و لەم بارە و بوارەدا بزووتنەوەی دیموکراسی عەرەبی و عێراقی بەگشتی کەمتەرخەمن/ مقصر ن و ئەوان دەبێ وەڵامگۆی ئەم مەسەلەیەبن. نامانەوێ برینە قەتماغە بەستووەکان بکولێنینەوە. بۆیە تەنها بەم ئاماژە بەڵگەنەویستە دادەکەوین. بەهەرحاڵ ئەو ڕاستییە کورت دەکەینەوە کە خۆتەریکردن و خۆ وێکهێنانەوەی بزووتنەوەی کوردایەتی هەمیشە و هەردەم بەزیانی کوردایەتی و بزووتنەوەی دیموکراتی عێراقیش تەواو دەبێ. ئەم بەڵگەنەویستە بگرەوبەردە نییە و ئێمەی کورد لەهەرکەسێکی تر زیاتر تێیدەگەین و بۆی بە پەرۆشین و مەبەستمانە بەڵام لە بەرابەر ئەوەدا کە ئەم ڕاستییە بکرێتە نووکە ڕم و بەهەق و ناهەق ، بۆنە و نابۆنە لە لاقەپرغەی بزووتنەوەی کوردایەتی و هێزە سیاسییەکان هەڵچەقێندرێ و هێزە عێراقی و عەرەبییەکان بیکەنە کراسی عوسمان و بە ڕوومااندا بەرزی کەنەوە و بیکەنە بەهانە و بیانوو بۆ کورتهێنان و ناتەواوی خۆیان و پاساوی هەڵە و هەڵەکانی خۆیانی پێ بدەنەوە. بە توندی دەدرێتە دواوە و زۆر ئازایانە و بێ زمانگرتن دەبێ بردێتەوە بەسەروچاوی خۆیاندا.. ئەمە نەک لەبەرئەوەی تەنیا تۆمەتێکی بەتاڵ و نادروست و هەڵبەستراو نەک لەبەرئەوەی هەقی کورد بن لێوخستنی و عەیبی خۆداپۆشینە، نەک لەبەرئەوەی کە ڕەتکردنەوەی ئەمە بەشێکە لە ئەرکی داکۆکیکردن لە کوردایەتی و تۆمەتی پووچ لێ تەکاندنەوە و بەس، بەڵکو زیاتر لەبەرئەوەیە:

١-لەدووی بنەڕەتی دەرد و عیلەتەکە بگەڕێین تا چارەسەری دروست و تەواوی بۆ وەدۆزریێ بۆ بەسەرداچوونەوەی خۆیە تا لە بۆ ڕاستەقینەکانی شکست و نوچدان و بەردەوامیی کارەساتی کورد و عەرەب و عێراقی بگەین.

٢- بۆ ئەوەیە کە نەیەڵین ئەم نووکە ڕمە و تۆمەتە درۆیە بمانخاتە سەر بارێکی دەروونی هەست بە تاوانباریکردن و شکستکردن کە لە ترسی تۆمەتی وا نادروست و سووک و پووچ ناسنامەی تایبەتی خۆمان بدۆڕێنین و کوڕی خۆمان پیێ بکەینە قوربانی کچی خەڵکی تا بدەن بە پشتمان شا ها... بەخوا پیاوی چاک و پێشکەوتوون!!... بۆ ئەوەیە لە ڕەسەنایەتی میللی خۆمان نەخەن و سەقەت و سقوتمان نەکەن بۆ ئەوەشە زیاتر بەشتێکی ترەوە نەمان خلافێنن و ئەسڵی مسەلەکە و مەبەست داوا و کاروانە مێژووییەکەی خۆمان لیێ ڕەوێڵ کەن و لەبیر بەرنەوە. چونکە خزمەتی مرۆڤایەتی لە گویێ ئاگردانی خۆوە دەست پیێ دەکات..... و ماڵاوا.